دکتۆر عەلی ئەلوەردی

# چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لەمێژووی نوێی عیراق

وەرگێڕانی
غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا

-بەرگی سێیەم-
لەساڵی ١٨٧٦وە تاساڵی ١٩١٤

# پێشەکی

ئەم بەرگە ماوەی سی و هەشت ساڵ لەخۆدەگرێ لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦وە دەستپێدەکات ئەودەمەی سوڵتان عەبدولحەمید چووە سەر تەختی ئالی عوسمان کاتێ کەیەکەمین لەساڵی ١٩١٤ کۆتایی دێت، کاتێ کەیەکەمین جەنگی جیهانی راگەیەندرا، لەڕووی کۆمەلایەتییەوە ئەو ماوە زۆر گرنگەیە کەتیایدا عیراق دووچاری تەوژمی بیروباوەڕو داهێنان و نوێکانی ئەوروپا بووەوە، کەبووەتە هۆی گۆڕانکاریی بەرچاو دانیشتووان دا لەڕووی مەعنەوی و مادیەوە، ئەوساڵە کەمانەی پێش ئەو ماوەیە سەرەتای هاتنی هەندێ داهێنان بوو بۆ عیراق وەکو پاپۆری رووبارو وێستگەی تەلگراف و سەنتەری پۆستە، ئەمەیش وەکو هەڵگرتنی ئەو جۆرە بەربەستانە بوو کەکۆمەڵی عیراقی لەتەوژمی شارستانی نوێ جیادەکردەوەو دەرهێنانی لەو گۆشەگیرییە کۆمەڵایەتییە کەتیا دەژیا، لەساڵی ١٨٦٩دا دوو مەسەلە هاتنە گۆڕێ و کاریگەری تەواویان لەم ئاستەدا هەبوو.

یەکەمیان هاتنی مەدحەت پاشاو بوونی بەوالیی عیراق، ئەم والیەش بەوە ناسرابوو کەزۆر رواڵەتی شارستانیی نوێی هێنا بۆ عیراق، وەکو خوێندنگەو نەخۆشخانە، چاپخانە، رۆژنامە، کارگەو هێڵی شەمەنەفەر، باغی گشتی، جادەی قیرتاوو شتی تریش، دووەمیشیان کردنەوەی کەناڵی سویس، لەڕاستیدا ئەم کەناڵە لەڕووی ئابووری و فیکرییەوە کاریگەری مەزنی هەبوو لەسەر عیراق، یوسف غەنیحە لەکتێبەکەیدا (بازرگانیی عیراق سەبارەت بەکاریگەری کەناڵی سویس لەسەر عیراق دەڵێ: (ئەم پرۆژەیە بەتاقی تەنیا بازرگانیی ئێمەی بووژانەوەو نەك بەستیەوە بەئەوروپاوە بگرە



بەسەرجەم شارستانی جیهانی بەستەوە، یان بەشێوەیەکی دیکەو وەك لەزمانی بسمارکەوە دەڵێ کەکەناڵی سویس شادەماری وڵاتی بەریتانیایە منیش دەتوانم بڵێم کەشادەماری بازرگانیی عیراقیشە))[1]

باوە ئەنستانس ماری ئەلکەرمەلی سەبارەت بەسرە دەڵێ: (بازرگانییەکەی ئەوەندە کەم بوو کەشایانی باسکردن نییە، هەر کەساڵی ١٨٦٩ کەناڵی سویس کرایەوەو هاتووچۆی پێدەکرا بارودۆخ زۆر گۆڕاو بازرگانییەکەی بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەرزبووەو، چونکی ساڵێك تێپەڕنەبوو رێژەکان لەچاو ساڵی پێشوودا چەندان جار زیادیانکرد، ئینگلیز پێش هەموو نەتەوەکان کاڵایان بۆ دەهێناو لێیانەوە دەگواستەوە، هەر ئەوانیش بوون خەڵکی بەسەرەیان پتر هاندا بۆ رەواجی بازرگانی و ناشتنی دارخورما بۆ بەرهەمهێنانی خورما بەڵێ دارخورما لەبەسرەو ناوچەکانیدا هەبوو، بەڵام وەکو دەبینن هێندەی ژمارەی ئەمڕۆ بەهەزاران هەزار نەبوون، شارەزایان ئاگاداریان کردم کە دە ساڵ دوای کردنەوەی کەناڵی سویس سەدقات زیادیکردووە)[2] گرنگترین دەرەنجامەکانی کردنەوەی کەناڵی سویس سەرباری دامەزراندنی هێڵی پاپۆڕو تەلگراف و پۆستە، هەناردەی عیراق لەدانەوێڵە، خورما، خوری، ریخۆڵە، پێستە، مازو، ورەگی بەلەك و گوژاڵك، کەتیرەو ئەفیون زیادیکرد، لەوڵاتانی دیکەشدا ئەم کاڵانە برەوی زۆریان هەبوو، لەئەوروپاو هیندستان و بەرەبەرە ئەو برە کاڵایانە کەپاپۆڕ دەیگواستنەوە زۆر لەزیادبووندا بوون، بۆ روونکردنەوەی ئەوەندە بەسە بڵێین نرخی هەناردەکانی عیراق بەر لەکردنەوەی کەناڵەکە دەگەیشتە سەدوپەنجا هەزار دینار، پاشان بەرە بەرە لەزیادبووندا بوو تاساڵی ١٩١٣ گەیشتە نزیکەی سێ ملیۆن دینار، واتا لەوماوەیەدا بیست جار ئەوەندە زیادی کرد، لەراستیدا ئەم بەرهەمە ئابوورییە گۆڕانکارییەکی

هێنایە کایەوە کە لەبواری سروشتی بەرهەمی کشتوکاڵیدا نرخ و بەهای خۆی هەبوو، بەرلەوە کشتوکاڵی عیراق لەسەر بنەمایەکی ئابووری خێڵەکی بوو، واتا هەر هێڵەی هەرچی پێداویستی خۆی هەبووایە بەرهەمیدەهێنا، وەلێ دواتر لەپێناوی فرۆشتن و قازانجدا بەرهەمیدەهێنا، لێرەدا هەندێ لەجوتیارەکان بەتایبەتی لەناوچەکانی باشووردا، دەستیان کرد بەگۆڕین و دەستکاریی زەویەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی بەرووبوومی کشتوکاڵیی گەورە بۆ فرۆشتنی لەبازاڕەکانی دەرەوە تاقازانجێکی گەورەیان دەسکەوێ، دەتوانین بڵێین کەزیادبوونی هەناردەکان بووە هۆی زیادبوونی هاوردەکانیش، یاقووب سەرکیس دەڵێ: عیراقیەکان بەپارەی هەناردەکانیان لەئەوروپاوە کالایەکی زۆریان لەبەرهەمی پیشەسازی هێنا کە لەمەوبەر توانای کڕینیان نەبوو، چونکی پارەیەکی کەمیان بەدەستەوە بوو[٤]، دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ کەزۆرینەی ئەو کالاّیانەی لەئەوروپاوە دەهێنران بۆ بەکارهێنان بوون، کەمیان بۆ وەبەرهێنان بوون.

ئەو کەرەسە بەرهەمهێنەرە گرنگانەی کەلەو ڕۆژانەدا بۆ عیراق دەهێنران پەمپ بوو بۆ هەڵکێشانی ئاوی ڕووبارەکان بوو بۆ ئاودێری، لەهەندێ ناوچەدا خەڵکی بۆ یەکەمجار لەخامۆشی شەودا گوێیان لەدەنگی پەمپەکان دەبوو، ژمارەی ئەو پەمپانەی لەسەرەتای سەدەی بیستەم هێنرابوون دوازدە پەمپ بوو، دواجار ساڵ بەساڵ ژمارەیان لەزیادبووندا بوو..[٥].

هەروەها کارگەی دروستکردنی سەهۆڵ و دانەوێڵە هارین و چەڵتووک کوتان هێنران، لەئەنجامی ئەمەدا دوو پیشەی میللی هاتنە گۆڕی، ئەوەی ماشینەکانی دەخستەگەڕ پێیان دەووت (مەکینەچی) ئەوەیشی ماشینەکانی چاك دەکردنەوە پێیان دەووت (فیتەرچی).

ئەم گەشەکردنە ئابووریە یەکێك بوو لەفاکتەرە کاریگەرەکان، بۆ پەیابوونی



پەرەسەندنێکی کۆمەڵایەتی شانبەشانی، ئەوەبوو لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا ژمارەی دانیشتووانی عیراق گەیشتە ملیۆنێك و چارەکە ملیۆنێك، لەساڵی (١٩١٤)دا گەیشتە دووقاتی ئەو ژمارەیە، زۆر لەکۆچەرییە شوانکارەکان بوون بەوەرزێرو لەسەر زەوی نیشتەجێ بوون، ئامارەکان وانیشان دەدەن کە لەساڵی ١٨٦٧ کۆچەرەکان ڕێژەی (٣٥٪)ی دانیشتوانی عیراق بوون، بەڵام لەکاتێکدا ڕێژەی خەڵکی شارەکان ١٧٪ بوو[٦].

لەوماوەیەدا هەندێ گوند پەیابوون کە لەمەوبەر نەبوون، گوندی بچووك بوون و پەرەیان سەندبوو، ئەمیش ناوی ئەو گوندو شارانەیە بەپێی ساڵ و دروستبوونیان، یان سەرەتای پەیابوونیان:

عیمارە ١٨٦١، عەلی ئەلغەربی ١٨٦٤، ئەلعەزیزیە ١٨٦٥، قەلعەت ساڵح ١٨٦٨، ئەلمحەموودیە ١٨٦٨، ئەلکووت ١٨٦٨، ئەلهندیە ١٨٧٠، ئەلرەمادی ١٨٧٠، ئەلناسریە ١٨٧٠، شێخ سەعد ١٨٧١، ئەلسوێرە ١٨٧٢، قەلعەت سوکەر ١٨٧٣، ئەلشەترە ١٨٧٣، ئەبوو سەخیر ١٨٧٥، ئەلمجەر ئەلکەبیر ١٨٧٦، ئەلکوومەیت ١٨٧٨، ئەلبغێلە ١٨٨٢، ئەلرفاعی ١٨٩٣، ئەلشامییە ١٨٩٧...لەراستیدا پەیابوونی ئەم ژمارە زۆرەی شارەکان لەوماوە دیاریکراوەدا دەلالەتی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، لەلایەکەوە ئاماژە بەزیادبوونی دەسەڵاتی حکومەت دەدات، لەلایەکی دیکەوە ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی شارستانیەت، جێگای سەرنجە زۆربەی ئەو شارانە دەکەونە سەر دۆخی دیجلە لەنێوان بەغدادو ئەلگوڕنە، ئەمەیش لەئەنجامی دروستکردنی هێڵی پاپۆڕی ڕووباردا بوو، لەوناوچەیەدا چونکی زۆربەی ئەو شارانە وەکو وێستگەی پێدانی سووتەمەنی و خواردن بۆ سەرنشینەکانی پاپۆرەکان، پاش ئەوەش لەئەنجامی فاکتەرە ئابووری و شارستانیەکانی دیکەدا کەوتنە گەشەکردن...

## چینی ئەفەندی:

ئەودەمە لەعیراقدا چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ پەیابوو کەپێی دەووترا (ئەفەندی) ئەمانەیش بێگومان لەدەرچووانی قوتابخانە نوێیەکان بوون و، بەرە بەرە جێگای فەرمانبەرە کۆنەکانیان گرتەوە لەدەزگا حکومیەکاندا، کاریگەریەکی باشیان هەبوو لەهێنانە گۆڕێی بنەمای شارستانیی نوێ بۆ کۆمەڵگای عیراقی، (لۆنگریك) ئاوها وەسفی چینی ئەفەندی کردووە: ئەوانە خوێندنەوەو نووسین دەزانن بێ ئەوەی هیچ زانستێکی دیکەیان لەسەرووی ئەوەوە هەبێ، دەیانویست بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی لەجل و بەرگدا لاسایی ئەوروپاییەکان بکەنەوە، سووربوون لەسەر ئەوەی لەنێوان عەرەبەکاندا بەزمانی تورکی قسەبکەن، بەچاوێکی سووکەوە سەیری عەشایەرو جووتیارەکانیان دەکرد، زاراوەی زانستی و هونەریان زۆر بەکاردەهێنا، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرتیل خۆریش بوون، دەیانتوانی هەر مامەڵەیەك بۆ کاتێکی دیارینەکراو دوابخەن..[٧].

پێدەچێ ئەم وەسفەی لۆنگریك سەبارەت بەو هەموو ئەفەندییانە راستبێ، بەڵام دەشبێ دان بەوەشدا بنێین کەئەوانە لەهەمان کاتدا دەرەنجامی بارودۆخی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بوون، ئەوان کەدیتیان هەندێ بیروباوەڕو زاراوەی زانستی نوێ فێربوون، کەچی لەکۆمەڵگایەکدا دەژیان کەنەخوێندەواری و خورافەت بەسەریدا زاڵ بوو، هەر کەقسەیان بکردبایە خەڵکی سەریان سووڕدەماو دەمیان دادەبچڕی، وایاندەزانی ئەوانە خەڵکێکی دیکەن و جیاوازن لەو خەڵکەی دەوروبەریان، بۆیە خۆیان لەخەڵکی بەبەرزتر دەزانی و یانەی تایبەتییان بۆ خۆیان



کردەوەو بەلووت بەرزییەوە لەگەڵ خەڵکی قسەیان دەکرد، وەلێ سەرەڕای ئەوەش بیانەوێ یان نەیانەوێ لەعیراقدا فاکتەری نوێکردنەوە بوون، لەکاتی گفتوگۆکردنیشدا زاراوەی نوێیان بەکاردەهێنان، وەکو (ئۆکسجین، میکرۆب، هێزی راکێشان، خڕیی زەوی) لەمێشك و هزری خەڵکدا خواستی ئاسۆی نوێیان دەوروژاندو هانی دەدان بۆ دەمەتەقێ دەربارەی چەند کێشەیەك کە لەوەوبەر پێی ئاشنانەبوون، سەرباری ئەوەش ئەو ئەفەندییانە بچوونایە بۆهەر شارێك هاودەمی خۆیان هەبووە لەپیاوماقووڵانی ئەوشارە، ئەمانەش خەڵکی ناوی لێ نابوون (جبە لەبەرەکان)، ئەو پیاوماقووڵانەش شانازییان بەوەوە دەکرد کە لەگەڵ ئەو ئەفەندیانە دادەنیشتن و قسەیان لەگەڵ دەکردن، زۆرجار لاسایی هەندێ لەو قسەخۆشە زانستیانەیان دەکردەوەو بۆ خەڵکیان دەگێڕایەوە.

زۆرکەس بەو قسەخۆشانەیان سەرسامدەبوون و هەوڵیان دەدا لاساییان بکەنەوە، زۆرجار ئەمە دەبووە هۆی دروستبوونی ململانێ لەنێو خەڵکی رەشۆکیدا، کە لەهەندێ رووەوە لەململانێی نێوان تازەگەرەکان و موحافیزکارەکان دەچوو، نوسەری ئەم چەند دێڕە لەهەرزەکاریدا دیبووی هەندێ لەخەڵکی رەشۆکی عەیبیان لەیەکێك دەدۆزیەوەو گاڵتەیان پێی دەکرد، لەبەرئەوەی لەجامی قاوەخانەکە ئاوی نەدەخواردەوە بەبیانووی ئەوەی گوایە (میکرۆب)ی تیایە، گاڵتەپێکردنەکەیان بەلایەوە قورس بوو، پاش رۆژانێك هەندێ لەوانەی کەگاڵتەیان پێی کرد ئەوانیش قێزیان لە (میکرۆب) دەبووەوە، وەکو ئەوەی کە لەمەوبەر بەقێزهاتنەوەکەی گاڵتەیان دەکرد، ئاساییە خەڵکی لەسەرەتاوە رقیان لەشتی نوێ دەبێتەوە، پاشان خۆیشیان ئاشنای دەبن، ئەوەبوو ئەفەندیەکان کاریگەریەکی دیکەی کۆمەڵایەتیان هەبوو، ئەویش حەزکردنیان بەنوێ بوونە لەجل و بەرگ و

شوێنی نیشتەجێ بوون و لەوبابەتە، ئەوان یەکەم کەس بوون کەجل و بەرگی ئەفرەنجی و تەڕبووشیان بەکارهێناوە، هەروەها یەکەم کەس بوون کەکەلوپەلی نوێیان بەکارهێنا وەکو کورسی و مێزو بەکارهێنانی کەوچك و چەقۆو چەتاڵ لەنان خواردنداو ڕۆژنامەو گۆڤاریان دەخوێندەوەو ردێنیان دەتاشی، ئەم هەموو شتانە سەرچاوەی شانازی و خۆشبەختانە بوو، بەوپێیەی نیشانەی شارستانین و لەخەڵکی ڕەشۆکی جیایان دەکاتەوە، هەندێ لەپیاوماقووڵان لە (خەڵکی (جبەلەبەر) چاویان لێدەکردن، بەڵام خەڵکی عەوام و زۆربەی پیاوانی ئایین بەچاوی بێزخاتنەوەو حەرام کردن تەماشای ئەم مەسەلانەیان دەکرد، چونکی وادەکات بەکافر بشوبهێنرێ کەئەمە لەنیگای ئەوانەوە حەرامە بەپێی ئەو مەبدەئەی کەدەڵێ: (هەرکەسێ لاسایی هەر دەستەو تاقمێك بکاتەوە لەوان دادەنرێت) لاوێکی خەڵکی بەغدا کە لەکۆتایی سەدەی ڕابردوو ژیاوە کەوازی لەپێڵاوی کۆن بەناو (یەمەنب)و بە (قۆندەرە)ی گۆڕیوەتەوە وەکو چاوکردنێك لەئەفەندیەکان، ئەوەبوو لەبەرئەوە کەسوکاری و خەڵکی گەڕەکەکەی لێی ورووژان، براکەی چووبوو بۆلای پوورەکەی و گازندەی لێ کردبوو، وتبووی کەبۆتە مایەی ڕوو ڕەشی خێزانەکەی لەلای خەڵکی و داوای لەپوورەکەی کردبوو تەمێی بکات و پاشگەزی کاتەوە، پوورەکەش هەوڵی دابوو برازاکەی تەمێ بکات، بەڵام بێ سوود بوو، چونکی ئەو سوور بوو لەسەرئەوەی (قۆندەرە) لەپێ بکات و ڕەتی (یەمەنی) بکاتەوە...)



## کارتێکردنی چاپەمەنیە میسریەکان

میسر هەر لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە ڕاپەڕینێکی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەریی گەشەکردووی بەخۆیەوە بینی، ئەمەیش بەبەشداری ئەو مەسیحیانەی کە لەوڵاتی شامەوە کۆچیان بۆ میسر کردو لەدەستی زەبرو زەنگی حەمیدی هەڵاتبوون، وەکو یاقووب سروف و فارس تەمرو شبلی شمێل و جورجی زێدان و فەرەح ئەنتوان و کەسانی دیکە، بەرهەمی ئەم ڕێنسانسەش دەگەیشتە عیراق بەزۆری و کارتێکردنێکی فیکری شیاوی هێنایە گۆڕێ، وەك بڵێی میسر بووە ئامڕازێکی فیکری و خانەیەکی بەعەرەبکردن لەنێوان ئەوروپاو وڵاتانی عەرەبدا، بیروباوەڕی نوێ شارستانی بۆ دەهات لەئەوروپاوەو نوسەرو دانەرە میسریەکان وەریاندەگێڕا دوای چێژو تامێکی عەرەبیان پێ دەدا، پاشان بەشێوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب ڕەوانەی عیراق و وڵاتە عەرەبەکانی دیکە دەکران، لەڕێگەی پاپۆڕەکانەوە، لەورۆژانەشدا هامشۆی پاپۆڕەکان ڕێك و پێك بوو، کۆمەڵی چاپەمەنیە هاتووەکانی لەمیسرو بەرهەمە پیشەسازییە هاتووەکانیان لەئەوروپاوە هەڵدەگرت بۆئەوێ.

گرنگترین ئەو گۆڤارانەی کەدەگەیشتنە عیراق لەوسەردەمەدا (المقتطف)و (الهلال) بوو، شێوازی زاڵبووی ئەو دوو گۆڤارە بانگێشت کردن بوو بۆ گرتنەبەری شارستانیەتی و زانستە نوێیەکان و بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگا لەسەر ئەو بنەمایە، بەڵام گۆڤاری (المقتطف) بایەخی بەفەلسەفەو زانستە سروشتیەکان دەدا، بەڵام گۆڤاری (الهلال) بایەخی بەزانستە کۆمەڵایەتیەکان و زمان و مێژوو دەدا، مامۆستا ئەلبێرت حۆرانی دەڵێ:

(کاتێ ژمارەکانی یەکەمی (ئەلموقتەتەف) لەساڵی ١٨٧٦ گەیشتە بەغدا، تەنها چەند لاوێك نەبێ چوون بەپیریەوە، ئیدی سەرجەم موحافیزکارەکان بەمەزەبە جیاجیاکانەوە لەسوونەو شیعەو مەسیحی و جوولەکە کەوتنە بەربەرەکانی کردنی، چونکی پێیان وابوو بیروباوەڕی نۆی و خەتەرناك بڵاودەکاتەوە، تەنانەت (نعمان ئالووسی) کەسەرکردەی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئیسلامی بوو چ جیاوازیەکی نەبوو لەگەڵ بزووتنەوەکەی محەمەد عەبدەدا ئەویش کەوتە بەربەرەکانی کردنی ئەو گۆڤارە، ماوەیەکی پێ چوو تابیروباوەڕەکانی گۆڤارەکە بڵاوبوونەوە[٨].

گۆڤاری (ئەلموقتەتەف) بەزنجیرە نووسینی بڵاودەکردەوە لەسەر راڤەکردنی تیووری (داروین) لەنووسینی شبلی شمێل، کاتێ گۆڤارەکە گەیشتە بەغدا، هەندێ زانایانی ئایین لەنەجەف لێی راپەڕین وەڵامیان دەدایەوەو بەرپەرچیان دەدایەوە، چالاکترینیان شێخ ئاغا رەزای ئەسفەهانی و شێخ جەواد بەلاغی بوون، کتێبی گەورە گەورەیان سەبارەت بەشێوازی جەدەلی خۆیان دانا.

یەکێکیان کتێبەکەی خۆی سەبارەت رەخنەکانی لەتیوریەکە بۆ شبلی شمێل نارد پێی وابوو ئەگەر ئەو کابرایە کتێبەکە بخوێنێتەوە تیوریەکەی لەبەرچاو دەکەوێ و وازهێنانی خۆی لێی رادەگەیەنێ، وەلێ شبلی شمێل وەڵامێکی کورتی بۆی رەوانە کردو ئەمەیە: (نەزانینی خۆت لێبووردنتەو سڵاو)



## دوو پێشەنگی فیکری

یەکەم کەسانێ پەرۆشی چاپەمەنیەکانی میسر بوون و کاریان تێکرد دووکەس بوون، یەکەمیان لەبەغدا بوو، دووەمیان لەنەجەف بوو جەمیل سدقی زەهاوی و هەبەدین شارستانی، زەهاوی یەکێك بوو لەخوێنەرانی ئەلموقتەتەف و یەکەم کەسیش بوو لەعیراقدا بڕوای بەتیوری داروین هێناو گەورەترین داواکاری شارستانی نوێش بوو لەعیراقدا، لەنیگای عەمامە بەسەرەکانەوە زەندیق بوو، لەنیگای ئەفەندیەکانیشەوە فەیلەسووف بوو، تەنها بەبانگێشت بۆ بیروباوەڕی نوێ وازی نەهێنا بگرە رەخنەی لەهەندێ لەو بیروباوەڕانەش دەگرت تاوانیشان بدات کە بەراستی بووە بەفەیلەسووف، زەهاوی رەخنەی لەتیوری نیوتن گرت لەجازبیەتدا کە لەبنەڕەتدا جیاوازبوو لەشێوازی ئاغا رەزای ئەسفەهانی لەرەخنەگرتنی لەتیوری داروین، بەڵام ئەفەندیەکان بەبلیمەتیان لەقەڵەم دەدا، چونکی توانی رەخنە لەگەورەترین تیورەکانی زانستی نوێ بگرێ، بێ ئەوەی هیچ ئاگایەکی ئەوتۆی لێی هەبێ جگەلەوەی کە لەگۆڤاری ئەلموقتەتەف و هاوشێوەکانیدا سەبارەتی خوێندبوویەوە، ئەم مەسەلەیەش لەم رۆژانەی ئێمەدا کارێکی ناپەسەندە، بەڵام لەورۆژانەدا بەنیشانەی زیرەکی رادەبەدەرو بلیمەتی لەقەڵەم دەدا.

بەڵام شەهرستانی لەهەندێ رووەوە بەزەهاوی دەچوو، لەهەندێ روویی دیکەوە لەگەڵی جیاواز بوو، شەهرستانی لەسەرەتای سەدەی بیستەوەو زۆر لەخەڵکانی دیکە پەرۆشی چاپەمەنیە میسریەکان بوون، بەشێوەیەك بوونە سەرچاوەی ئەو چاپەمەنیانە لەلای ئارەزوومەندەکانیان، لەمەلا

لاوەکان و نوێخوازەکان، ئەوەبوو لەمزگەوتی (ئەلتووسی) بازنەیەکی خوێندنی بۆخۆی دروستکرد، لەوێ هەندێ لەبیروباوەڕەکانی زانستە نوێیەکانی دەووتەوە کە لەگۆڤارو کتێبە میسریەکان وەریگرتبوون، ئەمەیش هەندێ ژاوەژاوەی نایەوەو کۆنەخوازەکان بەزەندیق و بەئەفرەنجی بوونیان لەقەڵەم دەدا.

زەهاوی و شەهرستانی پەروەردەیەکی ئایینی پەروەردە بوون، چونکی خانەوادەکانیان لەخانەوادە ئایینیە ناسراوەکان بوون، کەچی شەهرستانی تا دواساتەکانی ژیانی دەستبەرداری مێزەرەکەی و جلوبەرگە ئایینیەکەی خۆی نەبوو، بەڵام زەهاوی لەپیریدا مێزەرەکەی خۆی داکەندو چووە ریزی (ئەفەندیەکانەوە)، ئەمەش جیاوازیەکی دیارە کەئاماژە بۆ ئەو جیاوازیە قووڵە زەینیەی نێوان هەردووکیان دەکات.

دەتوانین بڵێین جیاوازی لەنێوان ئەو دوو پیاوە وەکو جیاوازی نێوان نەجەف و بەغدا وایە لەڕووی کۆمەلایەتیەوە، نەجەف ژینگەیەکی کۆمەلایەتی داخراوە بەراوورد بەبەغدا، چونکی کۆنەخوازی و تەقلیدیەت تێدا باوەو هیچ شتێکی نامۆی بۆ نایەت تاکاری تێبکات و تێدا بتوێتەوە، بەڵام بەغدا بەپێچەوانەی ئەوەوەیە، شارێکی کراوەیەو خەڵکی غەریب و بیانی تیا یەکدەگرن لەهەموو لایەکەوەو کاری تێدەکەن پتر لەوەی کاریان تێبکات.

زەهاوی و شەهرستانی هەردووکیان بەرەو نوێکردنەوەی فیکری ملیان دەنا کە لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیاندا بگونجێ، زەهاوی زۆر موعجیب بوو بەزانستە نوێیەکان و دەیەویست ئایین بگاتە هاوشانی و لەگەڵیدا تەبا بێت، کەچی شەهرستانی ناکۆکی ئەوەبوو زۆر پابەندی ئایین بوو، دەیویست زانستە نوێیەکان بگاتە ئایین و هاوشانی بێت و لەگەڵیدا



تەبابێت، بۆیە لەهەموو کتێبەکانیداو لەنووسینەکانیدا هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێ کەئایینی ئیسلامی بەتیورەکانیەوە پێش زانستە نوێیەکان کەوتووە، ئەو زانستانە شتێکی ئەوتۆیان نەهێنا کەهەرگیز لەگەڵ ئیسلام ناکۆك بێت، ئەگەریش ناکۆکیەك لەنێوانیاندا هەبێ دەگەڕێتەوە بۆ بەدحاڵی بوون و کەم ئاگایی.

لەساڵی ١٩١٠ زەهاوی داوای ئازادی بۆ ژنان کردو هەروەها لابردنی رووپۆش، ئەوەبوو ئەمە بووە هۆی نانەوەی ژاوەژاوێك خەریك بوو ژیانی تیابچێ، بۆ ساڵی دوایی شەهرستانی داوای کرد بەحەرام کردنی گواستنەوەی تەرمەکان ئەوە لەنەجەف هەمان ژاوە ژاو بەرپابوو دژی، هەر یەکێك لەم دووە لەچوارچێوەی بیری تایبەتی خۆیەوە دەیڕوانیە دنیا.

زەهاوی دەیویست بازبدات بەکۆمەڵگای عیراقی بۆ ژیانێکی نوێ بەبێ گوێدان بەئایین و داب و نەریت، کەچی شەهرستانی دەیویست کۆمەڵگا بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی ئایین پاش پاکژکردنەوەی لەهەموو خراپەیەك کە لەسەردەمە دواکەوتووەکان تووشی هاتبوو، سەرەنجام بانگەشەکانی زەهاوی سەریانگرت و ئەوانەی شەهرستانیش شکستیان هێنا.

چونکی تەوژمی شارستانی زۆر هێنەرو داڕزێنەر نیمچە چارەسەرەکانی پێ قبووڵ نییە، ئەمەش ئەوەیە کە بەروونی سەرنجی دەدەین لەرۆڵانی نەوەی نوێ، چونکی ئایینیان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشت و لەشارستانی نوێدا نووقم بوون و بەبێ سنوور لێوەی هەڵدەگۆزن، ناشزانین ئەنجام قۆناغی خەڵکی لەکوێ کۆتایی دێت!

# سەرچاوەكان


١-يوسف رزق اللة غنيمة (تجارة العراق قديما وحديثا)، بغداد ١٩٢٢- ص ٨٩.

٢-انستانس ماري الكرملي (خلاصة تأريخ العراق)، البصرة ١٩١٩ ص ١٨٦-١٨٧.

٣-محمد سلمان حسن (التطور الاقتصادي في العراق)، بيروت ١٩٦٥ ج ١ ص ٩٤٤.

٤-عبدالله الفياض (الثورة العراقية الكبري)، بغداد ١٩٦٣ ص ٢٩.

٥-يعقوب سركيس (مباحث عراقية)، بغداد ١٩٥٥ ج ٢ ص ٢٧٥-٢٧٦.

٦- (Iraq 1909 To 1950)o× ford 1956-p.64
stephen Heme1ey 1ongrigg

٧-محمد سلمان حسن (المصدر السابق) ج ١ ص ٥٣.

٨- (four centurles of modern iraq) -O× ford
1975.p.201-283 stephenongeley 1ongrigg

٩-البرت حوراني (الفكر الفدبي في عصر النهضة) ترجمة كريم عزقول بيرت ١٩٦٨ ص ٢٩٥-٢٩٦.

# بەشی یەکەم
# سوڵتان عەبدول حەمید

بۆئەوەی ئەو رووداوانە تێ بگەین کە لەسەردەمی سوڵتان عەبدول حەمید روویان داوە–ئەو سەردەمەی سی و دوو ساڵ درێژەی هەبوو–دەبێ لەکەسایەتی ئەم کابرایەو هەندێ سەربردەی ژیانی بەدوورو درێژی بکۆڵینەوە..

عەبدول حەمید لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٨٤٢ لەکەنیزێکی چەرکەسی کەناوی (حاجی) بوو دەیانووت ئەرمەنی بووە ئیسلام بووە، لەدایك بووە، ئەو منداڵە هەر لەرۆژانی یەکەمەوە چەندین بەیت و باڵۆرەی خراپی لێ کۆبووەوە، دەڵێن گوایە باوکی سوڵتان عەبدول مەحید دانی بەباوکایەتی خۆیدا نەدەنا تادوای تێپەڕبوونی حەفتەیەك بەسەر لەدایك بوونیدا، ئەوەبوو ژنانی حەریم دەستیان کرد بەچپە چپ–هەروەکو عادەتیانە لەم جۆرە مەسەلانەدا–گوایە باوکی منداڵەکە کابرایەکی ئەرمەنی بووەو ناوی (بدرۆس) بووە لەکۆشکدا ئاپەز بووە دواجار دیار نەماوەو هیچ ئاسەوارێکی لێ بەجێ نامێنێ، بۆیە هەندێ لەمێژوونووسان وادەبینن هەر کەبوو بەسوڵتان ئەم قسەو وتە وتانە کەئالا بوو بە لەدایك بوونی عەبدول حەمیدەوە کارتێکردنێکی کەمی نەبووە لەسەر رەوشت و بیرکردنەوەی.

یەکەمجار عەبدول حەمید چاوەڕوانی ئەو نەبووە کەببێ بەسوڵتان، چونکی برایەکی لەخۆی گەورەتری هەبوو ناوی (موراد) بوو.

هەر کەعەبدول حەمید لەتاف لاویدا بوو ململانێی توندوتیژ هەبوو لەنێوان بانگەشەچیەکانی دەستوورو بانگەشەچیەکانی دەسەڵاتی



تاکڕەویدا لەسەردەمی مامەکەی سوڵتان عەبدول عەزیز، بانگەشەچیەکانی دەستوور لەژێر سەرکردایەتی مەدحەت پاشا بوون ئەنجام توانیان سوڵتان عەبدول عەزیز لەسەر کار لاببەن و لەشوێنەکەی (موراد)ی برای دابنێن، وایان هەست دەکرد موراد مێشکی ئامادەیی شێت بوونی تیاهەبووە، هەر کەکاتی نیشتەجێ بوون لەسەر تەخت هات وەکو بڵێی ئەمە بۆی شتێکی کوتوپڕو مێشکی هێنا هەژان و ماکی شێتی تیا ورووژان، کورتەی چیرۆکەکەش ئەوەیە، لەنیوەشەودا وەزیری جەنگ هاتووەتە لای تاپێی رابگەیەنێ کەمامەکەیان لەسەر تەخت لابردووەو ئەمیان لەشوێنی داناوە، ئەودەمە موراد نوستبوو، هەر کە لەخەو هەڵدەسێ لەپڕ خۆی لەبەردەم وەزیری جەنگدا دەبینێتەوە کەجل و بەرگی سەربازی خۆی پۆشیوە، واهەست دەکا گوایە سوڵتانی مامی ئەم وەزیرەی ناردووە تابیکوژێ، هەر کەوەزیرەکە قسەی بۆکردو مەبەستی هاتنی خۆی لێ تێگەیاند، مورادیش هیچ لەقسەکەی حاڵی نەبوو، بگرە بەدەم لەرزەوە تەماشای دەکرد، پاشان لەبەرئەوەی هێندە ترسی لێ نیشتبوو، بۆیە لەوەزیرەکە دەپاڕایەوە کەژیانی بپارێزێ، بۆیە وەزیرەکە ناچار بوو دەمانچەکەی دەربێنێ و بیخاتە نێو دەستی مورادەوەو پێی بڵێ: (خاوەن شکۆ، ئەگەر هەر گومانێکت لەخۆت هەیە دەتوانی دەسبەجێ بمدەیتە بەر گولله...).

پاشان وەزیرەکەی بەرەو ئەو گەمیە برد کەچاوەڕوانی بوو هێشتا هەڵدەلەرزی)[1].

هەر کەموراد لەسەر تەخت دانیشت تانیشانەی شێت بوونی بەروونی لێ بەدیارکەوت، شەش رۆژ بەسەر دانیشتنی لەسەر تەخت بەسەرچوو تا سوڵتانی لەسەر کار لابراو خۆی کوشت لەرێگەی بڕینی شادەمارێکەوە بەمەقەس، ئەم رووداوە بووە هۆی ئەوەی زیاتر شێت بێ، حکومەت ناردی

لەئەوروپا پزیشكی شارەزای بۆبێت، بەڵام بێ سوود بوو، ئەو رۆژ بەرۆژ شێتتر دەبوو، دوو مانگی پێ چوو بێ ئەوەی بتوانێ چاوی بەباڵیۆزەكانی بیانی بكەوێت و وەرەقەی ئیعتیمادیان لێ وەربگرێت، یان شمشێری ئالی عوسمان لەخۆی بدات بەپێی داب و نەریت.

كاتێ شێت بوون زیاتر بڕستی لەسوڵتان موراد دەبڕی، مەدحەت پاشا بەنهێنی پەیوەندی كرد بەعەبدول حەمیدەوە تا لەجێگای براكەی بیكات بەسوڵتان، مەدحەت پاشا لەكاتی دانوستاندا دەیەویست رای عەبدول حەمید بزانێ سەبارەت بەدەستوور ئایا سەر بەئەوە یان دژیەتی، دەڵێن عەبدول حەمید حەماسەتێكی تەواوی دەربڕیوە سەبارەت بەدەستوور لەبەرامبەر مەدحەت پاشاداو، رایگەیاندووە ئەگەر دەسەڵات وەرگرێ ئازادیەكی بەربڵاو دەداتە گەل، ئەنجومەنی نەتەوە بانگ دەكات و، بەشێوەیەكی گونجاو لەگەڵ رۆحی چەرخدا یاساكان دادەنێ، پاشان چەكێكی بەمە مۆركردو سوێندی خوارد[٢]، دوای ئەوەی مەدحەت پاشاو دەست و پێوەنەكانی بڕوایان بەخولیا دەستووریەكانی عەبدول حەمید هات، ئەوەبوو شێخ لئیسلام فەتوایەكی دەركرد رێگایدا بەلابردنی سوڵتان موراد لەسەركارو ئەمەیش دەقەكەیەتی: (ئەگەر هاتوو ئیمامی موسڵمانان بەتەواوی شێت بوو، بەكەڵكی ئیمامی كردن نەهات، ئایا راستە ئیمامەتی لێ وەربگیرێتەوە؟ راستەو خوایش دەیزانێ)[٣].



## عەبدول حەمید بوو بەسوڵتان

لە ٣٠ی ئابی ١٨٧٦ ئاهەنگی بەسوڵتان بوونی عەبدول حەمید بەڕێوەچوو، لە ١٩ی تشرینی یەكەمیش سەدارەتی ئەعزەم واتا سەرۆكایەتی وەزیران سپێردرایە عەبدول حەمید، لە ٢٣ی كانوونی یەكەمیش یەكەم دەستوور راگەیەندراو بەو بۆنەیەوەش تۆپ تەقێنراو ئاڵای رازاندنەوە لەسەر تەلارە حكومەتیەكان بەرزكرایەوە.

مەدحەت پاشاو دەست و پێوەنەكانی زۆر كەیف خۆش بوون بەوەی ئەنجامدرا، وایان زەن كرد كەهەموو دنیا خۆی فڕێداوەتەوە ئامێزیانەوە، ئەو بانگەشە دەستووریەی كە بەدوورو درێژی لەپێناویدا تێكۆشابوون خەریك بوو دەهاتە بەرهەم، سوڵتان عەبدول حەمیدیش دەبێتە داردەستێكی چاك بۆیان و بەئارەزووی خۆیان دەیجووڵێننەوە، وەلێ زۆری پێ نەچوو تووشی بێ ئومێدی بوون و هەستیان كرد بەدامەزراندنی عەبدول حەمید وەكو ئەوە وابوو گۆڕی خۆیان بەدەستی خۆیان هەڵكەنن، مەدحەت پاشا هەر لەسەرەتاوە كەپێشەنگی وەرگرتبوو بایەخی دەدا بەپشتیوانی كردنی پەیوەندی برایەتی نێوان ئیسلامەكان و مەسیحیەكان، ئەوەبوو سەردانی بەتریریكی رۆم و بەتریریكی ئەرمنی كردو سەبارەت بەو ئازادیە لەگەڵیان قسەی كرد كەدەستوور دەیبەخشێتە سەرجەم هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی لەنێوانیان، ئەمەش مەسەلەیەكی دەگمەن بوو، چونكی دەوڵەتی عوسمانی لەمێژووی خۆیدا شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، كە (سەدرلئەعزەم) سەردانی سەرۆكایەتی تایەفە مەسیحیەكان بكات، مەسیحیەكانیش ئەم دەسپێشخەریەیان بەحەماس و خۆشیەوە وەرگرت، مەدحەت پاشا

بەمەشەوە نەوەستا بگرە نوسراوێکی بۆ سوڵتان بەرزکردەوەو پێشنیاز دەکا بەقبووڵکردنی خوێندکارە مەسیحیەکان لەخوێندنگا سەربازیەکان، پاشان نووسراوێکی دیکەی بەدوادا هات، ئەویش پێشنیاز دەکات بەدامەزراندنی والیە مەسیحیەکان لەهەندێ ویلایەتەکانی عوسمانی، بەڵام سوڵتان وەڵامی ئەو دوو نوسراوەی پشتگوێ خست، وای لەمەدحەت پاشا کرد کەناڕازییەکی توندوتیژ پێشکەش بکات و تاوانباری دەکات بەوەی کاردەکات بۆ رووخانی قەوارەی دەوڵەت.

مەدحەت پاشا سەرباری ئەوە ئازادی رۆژنامەگەری راگەیاند، رۆژنامەکان چیان بوویستایە دەیاننووسی و بەبێ کۆت و پێوەند رەخنەیان لەهەموو شتێ دەگرت.

هەندێ رۆژنامە جورئەتی ئەوەیان کرد رەخنە لەسوڵتانیش بگرن، هەروەها خانەوادەی شاهانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەوەبوو سوڵتان زۆر ئەمەی پێ ناخۆش بوو، ئەوەبوو یاداشتێکی بۆ مەدحەت پاشا رەوانەکرد، سەبارەت بەوەی رۆژنامەکان بڵاویان کردۆتەوە لێیان ناڕازیەو دەبێ سزابدرێن، وەلێ مەدحەت پاشا لایەنی رۆژنامەکانی گرت و بەرگری لێ دەکرن و وەڵامی سوڵتانی دایەوە کەدەستوور رۆژنامەی سەرپشک کردووە لەمافی نووسین بەئازادیەکی تەواوەوە سەبارەت بەکاروباری دەوڵەت، ئەوەبوو ئەنجام سوڵتان سەبری نەما، خۆی و هەندێ لەدەست و پێوەنەکانی و لایەنگرانی پیلانێکیان نایەوە بۆ لابردنی مەدحەت پاشاو دوورخستنەوەی، لەشەوی ٢٤ی کانوونی دووەم ساڵی ١٨٧٧ سوڵتان زۆر بەلێهاتوویی پیلانەکەی جێبەجێکرد، مەدحەت پاشا بەرەو پاپۆڕێك برا کەلەوێ لەبەندەرەکە لەنگەری گرتبوو بەرەو ئیتاڵیا بەرێکەوت، بۆ رۆژی دواتر رۆژنامەکانی ئەستانبوڵ دەرچوون و مەدحەت پاشایان



بەخیانەت تاوانبار کرد، گوایە پیلانێکی ناوەتەوە بۆ لەناوبردنی بنەماڵەی فەرمانڕەواو گۆڕینی دەوڵەت بۆ رژێمی کۆماری و خۆی بکاتە سەرەك کۆمار.

سوڵتان ئەودەمە نەیویست نکوڵی لەدەستوور بکات، بەڵکو فەرمانیدا بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، لە ٤ی ئاداری ساڵی ١٨٧٧دا ئەنجومەنی (نوێنەرەکان) واتا ئەنجومەنی نایبەکان کرایەوە، لەرۆژی دواتر جەماوەرێکی زۆری خوێندکارو خوێنەوارەکان خۆپیشاندانێکیان سازکرد بەرەو کۆشکی سوڵتان و هوتافیان بەرووخانی حکومەت لێ دەداو داوایان کرد مەدحەت پاشا لەتاراوگە بگەڕێتەوە.

## جەنگی روسیاو عوسمانیەکان

لەمانگی ئایاری ساڵی ١٨٧٧، دوای تێپەڕبوونی دە مانگ بەسەر وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن عەبدول حەمیدەوە، شەڕێکی دژوار لەنێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانی بەرپابوو، هۆی جیاجیا هەبوو بۆ بەرپابوونی ئەو جەنگە، لەوانە بشێوی و کوشتار کەلەو رۆژانەدا وڵاتی بولقانی گرتبووەوە، هەروەهاش ترسی رووسیا لەراگەیاندنی دەستوور لەدەوڵەتی عوسمانیدا، لەوانەیە ئەمەش پاڵپشتی کردن بۆ دەسەڵاتی بەریتانیاو فەرەنسا بەدوای خۆیدا بهێنێ... ئەوەبوو جیهانی ئیسلامی و ئەوروپی بەوجەنگە هاتە شەڵەقان، شێخ ئەلئیسلام لە ٢١ی مارس دوو فەتوای دەرکرد، یەکەمیان دەبێ هەموو موسڵمانێك بجەنگێ، دووەمیشان و زسادکردنی نازناوی (غازی) بۆسەر ناوی سوڵتان لەفەرمانەکان و مینبەرەکان هەروەکو لەحەدیسی پێغەمبەریدا هاتووە: (من جهز غازیا فی

سبيل الله فقد غزا)[٤]، ئەم جەنگە چەند مانگێکی خایاندو سوپای عوسمانی تووشی شکستی توند بوو لەهەردوو بەرەی بولکان و قەفقاسیا، بەهەزاران لاو لەوجەنگە کەنێردرابوون بۆ بەرەکانی جەنگ لەهەموو لایەتەکانی عوسمانی تیاچوون.

سوڵتان عەبدول حەمید لەکاتی جەنگەکەدا هیمەت و چالاکیەکی ئەوتۆی نواند گاڵتەیان پێ نەدەکرا، ئامێری تەلگراف لەدیوانی تایبەتی دانرابوو تا لەرێگەیەوە پەیوەندی بەردەوامی هەبێ بەفەرماندەکانی هەردوو بەرەکەیەوەو هەواڵەکانی جەنگ سەعات بەسەعات بزانێ...

هاندانی تایبەتی بۆ فەرماندەکان لەلایەن خۆیەوە هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ خۆڕاگری ئەو فەرماندانە، نەیارەکانی یوڵتان ئەوەیان کردە بیانوویەك، چونکی بەدەست تێوەردانیان زانی لەکاروباری سەربازی و کردیان بەهۆیەك بەو ئەو شکستیانەی سوپاکانی عوسمانی، لەوجەنگەدا یەکێك لەفەرماندەکانی بەرەی بەلقان ناویانگی دەرکرد ئەویش عوسمانی پاشا بوو ئەم پیاوە توانی هێزەکانی خۆی خۆراگر بکات لەشاری (بلافنا) بۆماوەی پێنج مانگ بەرامبەر بەهێزە زەبەلاحەکانی رووسیا، خۆی نەدا بەدەستەوە تادوای ئەوەی زیانێکی گەورەی گەیاندە رووسەکان و خۆڕاگری عوسمان پاشا لە (بلافنا) بووە نموونەیەك لەمێژووی نوێی سەربازیدا.

دوای کەوتنی (بلافنا) هێزەکانی رووس بەرەو ئەستانبوڵ شۆڕبوونەوە بەزۆری، لە ٢٨ی کانوونی دوو ساڵی ١٨٧٨ شاری (ئەدەنە)یان داگیرکرد، تائەو هێوانە گەیشتنە رۆخەکانی مەرمەرە، بەشێوەیەك بینەر دەیتوانی لەوێوە منارەکانی ئەستانبوڵ ببینێ لەئاسۆدا، ئەوە نزیکترین شوێن بوو کەسوپای رووسیا پێی گەیشت لەهەموو جەنگەکانی پێشوویدا کەدژ بەدەوڵەتی عوسمانی ئەنجامی دابوو[٥].



گەیشتنی هێزەکانی روسیا بۆ نزیك ئەستانبوڵ، لەلەندەن ترسی بڵاوکردەوە، ئەوەبوو فەرماندرا بەئستۆڵی بەریتانیا تاروبکاتە دەردەنیل، خەریك بوو دزرائیلی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا وڵاتەکەی بەرەو شەڕکردنی رووسیا بەکێش بکات بەوشێوەیەی کەبەرلەوە لەجەنگی قرمدا بەرێوەچوو[٦].

بەشێوەیەکی پەلە دانوستان لەنێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا هاتە کایەوە، پاشان لە ٣ی مارس رێکەوتننامەیەکی کاتی گرێدرا لەنێوان هەردوولا بەناوی (رێکەوتننامەی سان شیڤانۆ).

لەم پەیماننامەیەدا رووسیا قەڵای فارس و بەندەری باتوومی بەرکەوت، دەوڵەتی عوسمانیش رازی بوو بەسەربەخۆی بولگاریا، لەکۆنگرەی بەرلین کە لەمانگی حوزەیران گرێدرا بەریتانیا رازی نەبوو لەسەر رێکەوتنی سان شیڤانۆ جگە دوای ئەوەی دوورگەی قبرسی پێدرا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، وەك بڵێی ویستی بەوە قەرەبووی یارمەتیدانی بۆ دەوڵەتی عوسمانی وەربگرێ لەکاتی تەنگانەدا[٧].

## گۆڕانی عەبدول حەمید

جەنگی رووسیاو عوسمانی کاریگەریەکی توندی لەسەر باری دەروونی و بیرکردنەوەی سوڵتان عەبدول حەمید هەبوو، بەمەش بەشێکی گەورەی لەپاشانشینەکەی لەدەستدا لەم جەنگەدا.

هەستی کرد لەم جەنگەدا هەرخۆی تەنیا بوو دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بەهانایەوە نەهاتن کە بەدۆستی خۆیان نیشان دەدا، ئەگەر پەلەی نەکردبایە لەئاشتبوونەوە لەگەڵ رووسەکاندا ئەستانبوڵ دەکەوتە ژێردەستیان وەکو

دەسکەوتێکی سارد، لەوانەش بوو هەموو دەوڵەتی عوسمانی بەتاڵان بچێ بەدەستی ئەوانەی چاویان تێ بڕی بوو، عەبدول حەمید هەستی بەبێ ئەمێدی کرد بەرامبەر بریتانیا بەتایبەتی دوای ئەوەی کەدەستی گرت بەسەر دوورگەی قبرسدا ویستی لەساڵی ١٨٨٢ میسر داگیربکات، ئەوجا عەبدول حەمید لێی روون بوو کەبەریتانیا هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ رووسیا بۆ دابەشکردنی (پیاوە نەخۆشەکە) سەرەڕای ئەوەی پێچەوانەی ئەوەی دەردەخست، پاشان بۆی دەرکەوت کەدەبێ وریای خۆی بێ لەسەرجەم دەوڵەتە ئەوروپییەکان هەموویان وەکو یەك بەپێی مەبدئێکی ئیسلامی دەڵێ: (کوفر یەك میللەتە)، ئەمەیش ئەو بیروباوەڕە بوو کەتا دوارۆژەکانی ژیانی ئەقڵی داگیرکردبوو.

دەتوانرێ بووترێ کەئەم گۆڕانە زهنیەی سوڵتان عەبدول حەمید وایلێکرد رقی لەزیادبووندا بێ بەرامبەر بەبزووتنەوەی دەستووری و ئەوانەیش بانگێشتی بۆ دەکەن، وەك بڵێی هەستی بەوەکرد کەئەم بزووتنەوەیە جگە لەپیلانێکی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان هیچی تر نییەو دەیانەوێ لەڕێگەیەوە دەوڵەتی عوسمانی بڕوخێنن و تالانی بکەن و لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیەش دەستکردی ئەو دەوڵەتانەن یان ئەوەتا بەکرێگیراوین، ئەوەی شایانی بیرهێنانەوەیە عەبدول حەمید سەرقاڵی خەڵکی بەجەنگەوە بەهەل زانی و لە ١٣ی شوباتی ١٨٧٨ فەرمانێکی دەرکرد بەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکەو لابردنی دەستوور، لەرۆژی دواتر فەرمانیدا بەدەرکردنی نوێنەرە دیارەکان لەئەستانبووڵ و گەڕاندنەوەیان بۆ ولایەتەکان.

ئیتر لەوکاتەوە عەبدول حەمید فەرمانڕەوایی دەوڵەت بوو بەشێوەیەکی دکتاتۆری کەپێی ناوبانگی دەرکرد.



## چارەنووسی مەدحەت پاشا

مەدحەت پاشا دوای دوورخستنەوەی لەئەستەمووڵ لەسەرەتای ١٨٧٧ لەئەوروپا دەستی کرد بەگەڕان و پەیوەندی دەکرد بەسیاسەتمەدارەکانیەوەو لەرۆژنامەکانیدا دەینووسی، زۆر رێزی دەگیراو ستایش دەکرا لەو وڵاتە ئەوروپیانەی سەردانی دەکرد–بەتایبەتی بەریتانیا–دیاربوو سوڵتان عەبدول حەمید دیتی شیاوی ئەوەیە مەدحەت پاشا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو رازی بکات ئەوەبوو فەرمانیدا بەلێ خۆشبوون لێی و کردیە والی وڵاتی شام، مەدحەت پاشا بۆماوەی ساڵ و نیوێك والی شام بوو، فەرمانیدا بەگواستنەوە بۆ ئەزمیر، لە ٤ی ئایاری ساڵی ١٨٨٨ کاتێك مەدحەت پاشا لەماڵەکەی خۆی بوو لەئەزمیر ژمارەیەکی زۆری سەرباز دەوری ماڵەکەیاندا، لەتاریکی شەودا خێرا ماڵی بەجێهێشت و لەچاوە گالیسکێکی راگرت و پێی چوو بۆ گەڕەکی فەرەنسیەکان و لەوێشەوە چوو بۆ کوونسڵیەتی فەرەنسا تابەیانی لەوێ مایەوە پاشان خۆیدا بەدەستەوە، مەدحەت پاشا بەرەو ئەستەمووڵ برا، خۆی و هەندێ لەلایەنگرانی دران بەدادگا لەکۆشکی یولدز بەتۆمەتی بەشداری کردن بۆ کوشتنی سوڵتان عەبدول عەزیز رۆژنامەکانی ئەوروپا بایەخێکی زۆریاندا بەهەواڵەکانی دادگایی کردنەکە، هەر کەحوکمی لەسێدارەدانی دەرچوو رای گشتی ئەوروپا وروژا، پەرلەمانی بەریتانی ناڕەزایی زۆر توندی دا بەسوڵتان لەبەر ئەم کردەوەیەی کە (پێچەوانەی بیروباوەڕەکانی مرۆڤایەتیە، باڵیۆزی بەریتانیا لەئەستەمووڵ چاوی بەسوڵتان کەوت و ئامۆژگاری کرد بەگۆڕانی حوکمەکە یان هەڵوەشاندنەوەی، باڵیۆزە بیانیەکان لەئەستەمووڵ

کۆبوونەوەو نامەیەکیان نووسی بۆ سوڵتان، ئاماژەیان بەوەکرد کەهیچ بەڵگەیەك نییە بۆ تاوانبارکردنی مەدحەت پاشاو هاوڕێکانی، داوایان لەسوڵتان کرد لێیان خۆشبێ، ئەوەی مایەی خۆشیە دەڵێن باڵیۆزی ئێران موحسین خان کەراگری باڵیۆزەکان لەئەستەموول خۆی خۆی نامەکەس داوە بەسوڵتان وەڵامی سوڵتانیش ئەوە بووە، کەلێخۆشبوون و نەبوونی مافی خۆیەتی، سەیر لەوەشدایە کەئەم نامەیە لەلایەن باڵیۆزی دەوڵەتی ئێرانەوە دەدرێتە دەستی ئەو ئێرانەی کەبەبێ دادگایی کردن خەڵکی لەسێدارە دەدات، باڵیۆزی ئێرانیش وەڵامی سوڵتان دەداتەوەو دەڵێ: ئەو دادگایی کردنەی کۆشکی یولدز لەجیهاندا بێ وێنەیە ئەگەر خاوەن شکۆ بەریزی سوڵتان نموونەیەکم پیشانبدا کە لەوڵاتی عەجەم روویدابێ و سوپاسی دەکەین (٨)، ئەنجام سوڵتان ناچار بوو کەحکومەکە بەدوورخستنەوەی هەتا هەتایی بگۆڕێ، مەدحەت پاشا خۆی و هاوڕێکانی ڕەوانەی شاری (تائیف) کران لەحیجازو لەوێ زیندانی کران، لەنیسانی ساڵی ١٨٨٣ مەدحەت پاشا بەفەرمانی سوڵتان خنکێنرا هەروەکو بڵاوبوەوە، وەکو دەڵێن سوڵتان سەر رەحەت نەبوو تا لەحیجازەوە پاکەتێکی بۆهات لەسەری نووسرابوو: (چارەسەری ژاپۆنی-پارچەیەکی هونەریی دەگمەن بۆ خاوەن شکۆییان)، پاکەتەکەیش سەری مەدحەت پاشای تیابوو.



## کەسایەتی عەبدول حەمید

ڕایەکان جیاوازبوون لەبارەی هەڵسەنگاندنی ئەم پیاوەوە، نەیارەکانی بەزاڵمترین سوڵتان و ناڕەسەن و خوێن ڕێژیان دادەنا، ئەوانەشی خۆشیان دەویست بەقدیسیان دادەنا، تائێستا ناکۆکی لەنێوان نەیارەکانی و دۆستەکانیدا هەیە، راستر وایە بڵێین کەوەکو پیاوە مەزنەکانی دیکەی مێژووی چاکەو خراپەی خۆی هەبووە، نەیارەکانی تەماشای خراپەکانی دەکەن و هۆشەی بۆدەکەن، کەچی ئەوانەی خۆشیان دەویست تەماشای چاکەکانی دەکەن، لەهەموو سەردەمێکیشدا زۆربەی خەڵکی وایانکردووە، بەمەش زۆربەی نهێنییەکی مێژوو ون بوو، کەسایەتی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی وانییە کەخەڵکی سۆزدار بۆی دەچن، ئەو کەسایەتیە ناتوانێ یەك لایەن بێت-هەمووی چاکەیە یان هەمووی خراپەیە-لەراستیدا کەسایەتی تێکەڵەیەکی سەیرە، دەروشانەوەی بلیمەتی تێدایە لەگەڵ واهیمەی شێتی: لەوانەیە هۆکاری خێرو شەڕ تێدا ململانێ بکات، بەتەئکید ئەمەیش کەسایەتی عەبدول حەمید بووە.

عەبدول حەمید لەزۆربەی سوڵتانەکانی پێشینانی حەزی لەئیش کردن و وردەکاری بووە لەکاروباری دەوڵەت تەنانەت بچووکترین شت، زوو لەخەو هەڵدەسا هەموو رۆژێ، دەستی دەکرد بەخوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە راپۆرتانەی لەهەموو لایەکی پاشانشینەکەیەوە پێی دەگەیشت، تائێوارە ئیشی لەسەریان دەکرد، فێری ئەوەبوو لەسەر مێزێك لەگەڵ ئەفسەرو گەورە فەرمانبەرەکان دانیشێ لەگەڵیان گفتوگۆ لەسەر کاروباری دەوڵەت بکات، ئەمەش هیچ سوڵتانێکی عوسمانی وای نەکردبوو، زۆرجار نان خواردنی

ئێواره لەگەڵ فەرمانبەرەکانی لەئیشکردنێکی ماندووییدا دادەنیشت، عەبدول حەمید سەرباری ئەوە زیرەك بوو، دووربین بوو، هەندێ جار بەزۆرزانی خۆی دژایەتی دەخستە نێوان دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە، بەتایبەتی بەریتانیاو رووسیا، تاوەکو بیانخلافێنێ بۆئەوەی چاونەبڕنە هەڵلووشینی دەوڵەتەکەی[٩].

بەڵام ئەم پیاوە سەرەڕای ئەم خاسیەتانەی کەنکووڵی لێناکرێ تووشی هەندێ گرێی دەروونی کوشندە هاتبوو، هەراسانی کردبوو وای لێکردبوو ئارامی و ئاسوودەیی دەروونی بەخۆیەوە نەبینێ بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کەفەرمانڕەوای موتڵەق بوو، سوپایەکی گەورەی سیخوڕی دروستکردبوو، تەنانەت دەوترا کەژمارەیان بەتەنها لەپایتەخت گەیشتبووە بیست هەزار، لەکەس دڵنیا نەبوو تەنانەت لەسیخوڕەکانیشی، بۆیە ئەمە پاڵی پێوەنا کە لەسەر یەکتری بیانکات بەچاودێر، تاجارێکیان خۆی ئاوهای باس کردووە: (سیخوڕ لەسەر سیخوڕ لەسەر سیخوڕ).

لەدوو مەسەلە زۆر دەترسا: تیرۆرکردن و بزووتنەوەی دەستووری، سیخوڕەکانی دەچوونە ناو خەڵکەوە لەکۆشك و قاوەخانەوەو سەماخانەو بازاڕەکاندا، بەدوای ئەوەوە گەڕان بزانن کێ پیلان دادەنێ بۆ کوشتنی سوڵتان، یان داوای دەستوور دەکات، هەش بەسەر ئەوکەسەی بەیەکێك لەم دوو تۆمەتە دەهێنرا یان بەهەردوو تۆمەتەکە.

سوڵتان ئەو چاپەمەنیانەی قەدەغە کرد کەرەخنە لەفەرمانڕەوایەکەی دەگرێ بەهەر شێوەیەك بێت، بۆیە سانسۆرچیەکان لەسەر رۆژنامەو چاپەمەنی لەکارەکانی خۆیاندا زۆر وردبوون بەرادەی وەسواس، چونکی دەترسان خۆیان تاوانباربکرێن، ئەوەبوو هەندێ لەخەڵکی ئەستەموول ناچاربوون سەردانی سەماخانە نەکەن یاپۆستە بەکارنەهێنن نەبا ببنە



جێگای گومان لەچاوی سیخوڕەکانەوە، ئەگەر خانەوادەیەك ماڵی بگواستایەتەوە بۆ خانوویەکی دیکە یەکسەر سەربازەکان کەلوپەلە راگوێزراوەکەیان دەپشکنی بەدوای تەقەمەنی و بڵاوکراوەدا دەگەڕان، ئەگەر سێ کەس لەچاپخانەیەکدا یەکیانبگرتایە هەریەکەو گومانی پەیدادەکرد لەوەی یەکێك لەدوو هاوڕێکەی سیخوڕ بێت[١٠].

دکتۆر رامزور، چیرۆکێك دەگێڕێتەوە نیشانەی رادەی ئەو ئێش و ئازارەیە کەخەڵکی دەیانچەشت بەدەست توندووتیژی سانسۆرەوە، کورتەی چیرۆکەکە ئەوەیە کەپەیامنێرێکی فەڕەنسایی لەئەستەموول دیتی زۆربەی نووسینەکانی لەلایەن سانسۆرەوە دەدرێت، چوو بۆلای رەفعەت بەگ بەڕێوەبەری سانسۆر لێی پرسی بوو تاچەندێ رێ دەدرێ بنووسێ بۆئەوەی نووسینەکانی نەدڕێندرێن، رەفعەت بەگیش وەڵامی دابووەوەو وتبووی: (دەتوانی دەربارەی هەموو شتێ قسە بکەیت) هەر کەپەیامنێرەکە سەرسووڕمانی خۆی نیشاندابوو لەوەڵامەکە رەفعەت بەگ بۆی روونکردبووەوە کەمەبەست چییە لەو قسەیە (هەموو شتێ)و پێی وت: (بێگومان هەموو شتێ) جگەلەوە نەبێ بێگومان خۆت تێدەگەی، جگە خاوەن تاج و حکومەتە بیانیەکان و فەوزەویەت و سۆشیالیزم و شۆڕش و بشێوی و ئاژاوەو سەربەستی و مافەکانی گەل و سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەو ئایین و کڵێسەو مزگەوت و محەمەدو مەسیح و مووساو پێغەمبەرەکان و خوانەناسی و بیرکردنەوەی ئازادو دەسەڵات و مێینەو ژن و نیشتمان و نەتەوەو میللەت و جیهانیەت و کۆماری و نوێنەرەکان و پیران و دەستوورو پیلانەکان و نارنجۆك و مەدحەت پاشاو کەمال بەگ و سوڵتان موراد و مانگ و خاچ و مەکدۆنیاو ئەرمینیاو ریفۆرم و کوللەو مانگی ئاب و (ئۆگستس)و هەندێ بابەتی تریش تاڕادەیەك بەم بابەتانەوە).. لێرەوە

پەیامنێرە فەرەنسایەکە رادەپەڕی و دەپرسێ: (سوبحانە اللە ئیتر چی ماوە؟)، رەفعەت بەگیش وەڵامی دەداتەوە: (چی ماوە؟ هەموو شتێ: باران و کەش و هەوای چاك بەس نابێ باسی باران بکەی لەمانگی ئابدا یان تریفەی مانگەشەو، دەتوانی باسی سەگ بکەیت لەشەقامەکاندا، نابێ داوای قەلاچۆکردنیان بکەی، دەتوانی باسی دەسەلات بکەی مادامێکی مەسەلەی گەندەڵی ناورووژێنیو دەتوانی باسی خاوەن شکۆو ئەمبراتۆریەت بکەیتو پێیدا هەڵدەیت).

بەکورتی ئازادیەکی تەواوت هەیە لەقسەکردن بەئارەزووی خۆت[11].

بەکورتی دەتوانرێ بووترێ کەعەبدول حەمید پیاوی دەوڵەتی لەتەرزی یەکەم بوو، ئەگەر ئەو گرێ و واهیمانەی کەبەسەریدا زاڵبوون نەبووایە، دەیتوانی بەسەر هەموو سیاسەتمەدارانی دنیادا سەرکەوتووبێ بەزۆرزانی و دووربینی!

## کوشتاری ئەرمەن

سەردەمی سوڵتان عەبدول حەمید بەوە ناسرا بەوەی ئەرمەنەکان بەسەریان هات ئەو کۆکوژیانەی دژیان ئەنجام درا.

لەراستیدا ئەو کوشتارانە زۆر درندانە بوو سەرجەم رای گشتی لەئەوروپا هێنایە هەژان، هەروەها زۆر لەعوسمانیەکان پێیان ناخۆش بوو، ئەوەبوو ئەوروپاییەکان لەبەر ئەو کوشتارانە ناویان لەعەبدول حەمید نا (سوڵتانی سوور)و (خوێنرێژی گەورە)، ئەو کوشتارانە لەئەرمینیا روویدا کەدەوێتە ناوچەی خۆرهەلاتی ئەنادۆڵەوە نزیك بەسنووری رووسیا، یەکەم کوشتار لەمانگی تشرینی یەکەم ساڵی ١٨٩٤ دەستیپێکردو سێ ساڵ



بەردەوام بوو، لەوکوشتارەدا سەدهەزار ئەرمەنی تیاچوون، هەندێ لەمێژوونووسەکان زیادەڕۆیی دەکەن و دەڵێن نیو ملیۆن بوو.

لە ٢٦ی ئابی ساڵی ١٨٩٦دا کۆمەڵێ چەتەی تیرۆریستی ئەرمەنی دەستیان گرت بەسەر بانکی عوسمانیدا لەئەستەموول ئەمەش بووە هۆی وورووژاندنی کوشتارێکی نوێ لەگەڕەکی ئەرمەنیەکان، ئەم کوشتارەش کۆمەڵێ ئاژاوەچی کوتەك بەدەست ئەنجامیاندا هەچ ئەرمەنیەکیان تووش هاتبایە بەکوتەکانیان دەیانهەنجان، ئەم کوشتارە سێ رۆژی خایاندو نزیکەی پێنج یان شەش هەزار ئەرمەنی گیانیان لەدەستدا ئەوروپاییەکان عەبدول حەمیدیان بەوە تاوانبارکرد کەخۆی هاندەرو رێکخەری ئەو کوشتارانە بوو، هەندێکیش هۆیەکەیان بۆ پاڵنەرێکی ناهەستی دەگەڕاندەوە سەبارەت بەو کەین و بەینەی سەبارەت بەدایکی و لەدایك بوونی خۆی دەیانگێڕایەوە عەبدول حەمید بەپێی وتەی ئەوانە رقی لەئەرمەن بوو، دەیویست لەبەرئەوە تۆڵەیان لێبکات، ژنە مێژوونووسی ئەڵمانی دکتۆر (وتڵن) لەم بارەیەوە دەڵێ: (عەبدول حەمید بەشێوەیەکی ئاسایی سیاسەتی بەرەبەرەو رازی بوونی پێ باشتر بوو، سەبارەت ئەرمینیا بەپێچەوانەی ئەوەوە تائەوپەڕی رۆیشت، رقی رادەبەری سەبارەت بەو وڵاتە زاڵ بوو بەسەر حیکمەتی سیاسەتیدا، هەر کە لەبەردەمی ناویان بهێنایە، سەرجەم ژیانی سێبەری گومان بوو کەئەو لەپشتی باوکێکی ئەرمەنی بێت، ئەو گومانە دوابەدوای لەدایك بوونی یەکسەر خەریك بوو تەفروتووناى بکات، هەروەکو پەلەی کرد لەمەرگی باوکی، مەبەستی پشتەوەی هەر کردەوەیەك لەکردەوە توندوتیژەکانی دژ بەئەرمەنیەکان ئەوەبوو بسەلمێنێ کەئەو یەکێك نییە لەوان، ئەمەیش تاکە بەڵگە بوو دەیویست پێشکەشی بکات، ئەگەر راست بێ، یان رقی لەئەرمەن زادەی دەمارگیریەکی ئاینی و

شۆڤیەنیەت بوو، کەس نەیدەتوانی ئەمە یەکلابکاتەوە)[١٢].

بەهەرحاڵ رەوای هەق نییە کەهەموو گلەییەکان سەبارەت بەکوشتاری ئەرمەن بخەینە ئەستۆی سوڵتان عەبدول حەمید، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کەئەرمینیا وڵاتێکە مەسیحی و موسڵمان لەگوندی دراوسێدا دەژیان، دوژمنایەتی لەنێوان هەردوولادا هەر لەمێژا توندوتۆڵ بوو، ئەوەی لەسەردەمی حەمیدی دا روویدا قوڕەکەی خەستترکردەوە، ئەوەبوو هەندێ لەلاوانی ئەرمەن چوون بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن لەوێ بیروباوەڕی نەتەوەیی نوێ و داواکردنی سەربەخۆییان وەرگرت، هەر کەئەوانە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان دەستیان کرد بەورووژاندنی گەلەکەیان بەگوتاری حەماسەت کەبووە هۆی تووڕەکردنی دراوسێ موسڵمانەکەیان، پڕوپاگندەی بووغزێنەر لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا بلابووەوەو ئاگری رق و کینەی لەنێوانیاندا خۆش دەکرد، دەڵێن وەعزی هاندان و ورووژێنەر لەمینبەرو کڵێسەکاندا بڵاودەکرانەوە، لەنێوان موسڵمانەکاندا بڵاوکراوە بەدوو زمانی عەرەبی و تورکی بڵاودەکرایەوە بەناونیشانی: (خەونی شێخ خزمەتی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ دەکات لەمەدینە) کەتێدا هاتووە: (پێغەمبەر هاتە خەونی ئەم شێخەو پێی راگەیاند رۆژی قیامەت نزیك بووەتەوەو خودا زۆر لەئومەتی ئیسلام تووڕەیە، چونکی نوێژیان لەبیرکردووەو جلوبەرگی کافرەکان لەبەردەکەن و داهێنانەکانیان بەکاردێنن، ئەم جۆرە بڵاوکراوانە سۆزی خەڵکی دەوروژاندو دوژمنایەتیان بەرامبەر (کافرەکان) زیادی دەکردو هانی دەدان کەپەلاماریان بدەن و بیانکوژن، هەر کەکوشتارەکە دەستی پێکرد، هەندێ دەروێش لەنێوان غەوغاکان دەسووڕانەوەو بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد: (بدزن، بکوژن و، بسووتێنن تادڵتان تێردەبێ، خودا بەخوێنی کافران دڵخۆش دەبێ و بۆنی خانووی سووتاوی پێخۆشە وەکو



پێتان خۆشە، هەروەها پێی خۆشە دووکەڵ لەمیحرابەوە بەرزبێتەوە، نەکەن پیرەمێردێك بهێڵن، چونکی باوەڕی وەکو ئیسقانەکان رەق و پتەوە).[١٣]

ئەم جۆرە کردەوانە لەڕەوشتی مرۆڤایەتی نامۆ نییە، لەراستیدا لەهاوشانی هەموو کۆمەڵێکی غەوغائی دەمارگیردایە، نموونەشمان لەوڵاتە جۆربەجۆرەکانی دنیا بەرچاوکەوت، بەڵام ئەوەی گلەیی لەعەبدول حەمید دەکرا ئەوەیە چاودێری توندوتیژی نەخستە سەر ئەو کوشتارەو ئەوەی دەبوو بیکات نەیکردو رێبازی پاراستنی نەگرتەبەر، لەوانەیە ئەوانە نەیارەکانی دەیانووت راست بوو کەئەو لەودیوی پەردەوە بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان هانی دەدا)...

## یەکگرتنی ئیسلامی

گرنگترین بیرۆکەیەك کە بەسەر زەینی سوڵتان عەبدول حەمیدا زاڵ بوو، بیرۆکەی یەکگرتنەوەی ئیسلامی بوو لەژێر دروشمی: (ئەی موسڵمانانی جیهان یەکگرن)، دەیبینی ملیۆنەها ئیسلام (کافرەکان) حوکمیان دەکەن لەئەفریقاو هندستان و جاوەو شوێنی دیکەوە، ئەمەیش تووڕەی دەکردو دەیورووژاند، چونکی خۆی بەخەلیفەی خودا دەزانی لەسەر ئەو موسڵمانانەو لێیان بەرپرسارە، خەونی بەوە دەبینی رۆژێك بێت و ئیسلامەکان (جیهاد) راگەیەنن دژ بەئاغا (کافرەکانیان) عەبدول حەمید زۆر بایەخی دەدا بەزانایانی ئایین و شێخانی تەریقەتی سۆفیزم، نزیکی دەکردنەوەو پارەو پوولی دەدانێ، بەرێز ئیسماعیل واعیز کە لە عیراق هاوچەرخی ئەوبوو لەیاداشتەکانی خۆیدا دەڵێ: (رێزی ئەهلی زانست و تەریقەتی دەگرت و پایەداری دەکردن، لەپێناوی ئەوەدا ئەنجومەنی

شێخانی داناو مووچەی بۆ ئەندامەکانی بڕیەوە، نیازی باش بوو رابەرەکانیان، بەلآم ئەو رابەرانە فێڵیان لێی دەکرد تاداهاتیان لێی دەسکەویٚ، خودانی زانست پلەو پایەی بەرزیان هەبوو، ئەم هەمووەش لەپێناوی بەرزراگرتنی زانست و ئەهلی زانست، لێرەدا نموونەیەك دەهێنمەوە بۆ پابەندبوونی عەبدول حەمید بەئایینەوە، ئەگەر بەگوێی کەوتبایە کە لەشارێك لەشارەکانی عوسمانی، یان گوندێك، یان ناوچەیەك مزگەوتی لیٚ نییە تانوێژی هەینی لێبکریٚ فەرمانی دەدا مزگەوتی بۆ دروستبکەن، لەوە فەرمانیدا بەدروستکردنی مزگەوتێك بۆ شارۆچکەی دیوانیە، ئەمەش لەبەرئەوەی بەرگوێی سوڵتان کەوتبوو خەڵکی دیوانیە تووشی زۆر دەردەسەری دەبن بۆ نوێژی هەینی لەبەرنەبوونی مزگەوت، فەرمانیدا بەدروستکردنی مزگەوت، بەلآم کارگێریی خانووەکەی دروستنەکرد، تەنانەت لەبیرمە حکومەتی (قروکی) نەخشەی دانا بۆ دروستکردنی مزگەوتەکە بەرامبەر بەخانووبەرەی حکوومەت و سەربازگا تایبەتییەکە بۆ پیادە، دواجار پشتگویٚ خرا)[١٤].

سوڵتان عەبدول حەمید هەزاران دانەی قورئانی کەریمی بەچاپ گەیاندو فەرمانیدا بەسەرجەم ولآتی عوسمانیدا دابەشبکرێت، زۆر قوتابخانەی ئایینی دامەزراند، ئاژمارەیان تەنها لەشاری ئەستەمووڵ گەیشتە چل هەزار قوتابخانە.

سەرەڕای ئەوەش زانایانی ئایین و شاگردەکانی نەکردە سەرباز، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵك دابباریٚتە سەر زانستی ئایین تا لەسەربازی رزگاریان بێت، شاعیرێکی عیراقی حەسەن بەزازی مووسڵی ئەم چامەیەی بۆ سوڵتان نووسی کەئەمە واتایەتی: ئەهلی زانست گەرچی ناتوانن بجەنگن، وەلی لەمیحرابەکاندا ئازان.[١٥]



لەساڵی ١٨٨٦ سوڵتان چەند تاڵە موویەکی پێغەمبەری بەدیاریدا بەژمارەیەك مزگەوت بەناوبانگ لەجیهانی ئیسلامی، هەر مزگەوتێك و تاڵە موویەکی بەرکەوت، رۆژی گەیشتنی تاڵە مووەکان بۆ هەر جێگایەك رۆژی مەزن بوو خەڵکی بەهەڵهەڵەو ئەلآهوئەکبەرو دوعاکردن بۆ سوڵتان پێشوازیان لیٚ دەکرد، بەشی عیراق لەو تاڵە مووانە پێنج بوو تەرخان بوون بۆ مزگەوتەکانی ئەبوحەنیفەو گەیلانی و کازمیەو کەربەلاو نەجەف، دەگێڕنەوە هەر کەتاڵە موویەك گەیشتە ئەلئەعزەمیەو لەشووشەیەکی گرانبەهادا بوو خرابووە نێو سەنووقێکی بچووکی ئاڵتوونیەوە.

ئاهەنگێکی رەسمی گەورەی بۆ سازدرا، کەژاوەیەکی رازاوە بەئاوریشمی هەمەجۆرو لەسەر پشتی حوشترێك بوو کەئەویش رازابووەوە، سەربازەکان لەبابل موعەزەمەوە لەبەغدا تادەرگای مزگەوتی ئەلئەعزەمیە، والی بەپیٚ هات و رەشمەی حوشترەکەی بەدەستەوە بوو، پیاوماقووڵ و گەورە فەرمانبەرانی لەگەڵ بوو خەڵکی بەغدا بەرێپێوان و هەڵمدانیان بەدەستەوە بوو گولآویان دەپرژاندە سەر عەشاماتەکەوە، رۆژێکی مەزن بوو لەبەغدا.

بۆ تاڵە مووەکە رۆژێکی تایبەتی بۆ دیاریکرابوو، ئەویش دواهەینی لەهەر رەمەزانێکدا، کاتیٚ نوێژکەران بەئاهەنگێکی مەزنەوە دێنەدەریٚ، بەهەڵهەڵەو ئەلآهوئەکبەر پێشوازی لێدەکەن، والی حاجی حەسەن پاشا بەخۆی دەریدەهێنا بۆ تەبەرووك کردن پێی (١٦)، ناوبانگی عەبدول حەمید گەیشتە لووتکە هەر کەدەستی کرد بەدروستکردنی هێڵی شەمەنەفەر لەنێوان دیمەشق و مەدینەدا، درێژایی هێڵەکە گەیشتە نۆسەد میل و کۆی پارەکەی گەیشتە سیٚ ملیۆن لیرە.. پتر لەدوو لەسەر سێی ئەو پارەیە بەپیتاك لەموسڵمانەکان لەهەموو ولآتان کۆکرابۆوە.

پیتاکەکان بۆ سەنووقی پرۆژەکە لەموسڵمانە دەوڵەمەندو هەژارەکانەوە

دەهـاتن، تەنانـەت دەڵـێن هەنـدێ لەهـەژارەكانی (جـاوە) ئـەو پارانـەی كەناردوویانە لەپارەی خواردنی رۆژانەی خۆیان بووە.

دوای حەوت ساڵ لەكاری بێ وچان هێڵی شەمەنەفەرەكە ساڵی ١٩٠٨ تەواو بوو، رۆژی كردنەوەی لەهەموو ولایەتەكانی عوسمانیی رۆژێكی بێ وێنەبوو، هەزاران نامەو بەڵگەنامە بۆ سوڵتان دەهات بەناوی ملیۆنەهاوە لایەنگریی خۆیان بۆ سوڵتان و پابەندبوونیان بەو یەكبوونە ئیسلامیە دەردەبڕی كەدوا كاریەتی.

باڵیۆزی بەریتانیا لەئەستەمووڵ لەراپۆرتی ساڵانەیدا بۆ حكومەتەكەی دەنووسێ: (مەسەلەكە هەرچۆنێ بێ، لێرەدا تەنها دوو فاكتەر هەیە كە بەئاشكرا دەردەكەون لەنێوان فاكتەرەكانی باری سیاسی لەم دوا دە ساڵەی دواییەدا، یەكەمیان ئەو سیاسەتە لێوەشاوەیەیە كەوای لەسوڵتان كرد لەبەردەم سێ سەد ملیۆن موسڵمان وەكو خەلیفەو سەركردەی رۆحی ئیسلام خۆی پیشان بدات، حەماسەت و هەستی ئایینی دەخاتە دڵی رەعیەتەكانیەوە، كاتێ هێڵی شەمەنەفەری حیجازی دامەزراند ئەمەش لەدوارۆژێكی نزیك مەسەلەی حەج بۆ شوێنە پیرۆزەكان لەمەكەو مەدینە بۆ هەموو موسڵمانێك ئاسان دەكات، هەلیان لەبەردەمدا دەرەخسێنێ چێژ لەودنیاو بەهەشت و خۆشیەكانی وەردەگرن، ئەنجامی ئەمەش رەعیەتەكانی كوێرانە ملكەچی بوون بەشێوەیەكی بێ وێنە، بەرەزامەندییەوە دكتاتۆریەتەكەیان پێ قبوولە كەوێنەی نەبوو لەمێژوودا، ئیرادەی پادشایش بووە تاكە شەریعەتی پراكتیكی لەسەر زەوی، ئەگەر چارەڕەشی موسڵمانێك وایكرد هەست بكات بەتیرۆری توندوتیژی حكومەت و زوڵم و زۆری، دەیگەڕێنێتەوە بۆ خراپەكاری فەرمانبەرەكان و كارێك ناخاتە ئەستۆی خەلیفە كەخراپ بێت[١٧].



## پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیا

عەبدول حەمید زۆر رقی لەشارستانیەتی ئەوروپا بوو بە (ژەهراوی) ناوزەدی دەكرد، (١٨) بەشێوەیەكی تایبەتی ئەو رقەی ئاڕاستەی بەریتانیا كردبووەوەو هەموو موسڵمانێكی لێ ئاگاداردەكردنەوەو دەیووت: دەبێ زیاتر لەهەر دەوڵەتێكی دیكە لێی بترسن، زۆر باوەڕی وابوو ئەوروپای مەسیحیەت دەیەوێ ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی هەڵدەوەشێ و موسڵمانەكان لەسەریانە یەكبگرن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیە وێرانكارە، موسڵمانەكانی لەوە ئاگاداردەكردەوە كەنابێ بەرەواڵەتی ماددی دڵڕفێنی شارستانیەتی ئەوروپا هەڵبخەڵەتێن، لەدیدی ئەوەوە شارستانیەكی دنیای زەیفەو دەبێ موسڵمانەكان بایەخ بدەن بەودنیا نەك بایەخ بدەن بەدنیای فەوتاو هیچ نرخێكی نییە كەزۆرجار بەرەو ئاگری دۆزەخ دەڕوات.

دكتۆر خاتوو وتڵن دەڵێ: عەبدول حەمید ناوبانگێكی وای دەركردبوو هیچ یەكێك لەسوڵتانە پێشینەكانی نەیگەیشتبوونێ، بوو بەرەمزێكی ئیسلام و رۆژهەلات، بەڵێنی دابوو بەموسڵمانەكان سەركردایەتیان بكات بەرەو ئایندەیەكی باشتر، یەكەم كەس بوو دوای دووسەد ساڵ لەشكست و پاشەكشێ لەبەرامبەر رۆژئاوادا جورئەتی ئەوە بكات كەرووبەڕووی ببێتەوەو دەڵێ: (نابێ بهێڵین رۆژئاوا فریومان بدات، قووتاربوون بەتەنیا لەمەدەنیەتی رۆژئاوا نییە)، ئەوەندە گیرۆدەی ئەم راوو بۆچوونانە بوو بەبەردەوامی دەیووتنەوە تاوایلێهات خەڵكیش بڕوایان پێیان و پێی هات..[١٩] دیاربوو عەبدول حەمید ئەڵمانیای لەنێو دەوڵەتە ئەوروپییەكان

وەلا دەنا، باوەڕی بەئەفسەرە ئەڵمانەکان هەبوو، تاشاندێکی راسپارد سوپاکەی لەسەر سیستمی نوێی سەربازی مەشق بدەن، ساڵی ١٨٨٩ هەر کەقەیسەر گلیۆمی دووەم هاتە سەرتەخت پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە تووندوتۆڵ بوو.

ئەوەبوو گلیۆم رایگەیاند کەئەو دۆستی دەوڵەتی عوسمانیەو جگە یارمەتی دانی چی دیکەی ناوێ بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی پڕشنگدار، تائەویش لەلای خۆیەوە ببێتە رزگارکەری جیهان.

لەساڵی ١٨٩٨ گلیۆم لەگەڵ ژنەکەی قەیسەر ئۆگەستا لەئەستەمووڵ سەردانی عەبدول حەمیدی کردو گۆنای ماچ کرد، ئەمە یەکەم ماچ بوو کە شایەکی مەسیحی لەسەر روومەتی سوڵتانێکی عوسمانی بیکا، پاشان قەیسەر لەگەڵ ژنەکەیدا چوون بۆ سەردانی فەڵەستین و شوێنە پیرۆزەکانی، هەر کەگەیشتە قوودس عەگالێکی عەرەبی لەسەر کردبوو، جلوبەرگی سوارەیەکی خاچپەرست، دیاربوو مەبەستی ئەوەبوو کە لەخۆیدا کەسایەتی سوارەیەکی مەسیحی و کەسایەتی دۆستی ئیسلام بنوێنێ، پاشان چوو بۆ دیمەشق و لەوێ وتارێکی خوێندەوەو تێدا وتی: (باخاوەن شکۆ سوڵتان دڵنیابێت، بالەگەڵ ئەویشدا سێ سەد ملیۆن موسڵمان دڵنیابێت کەرێزی دەگرن، چونکی خەلیفەیە، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا هەمیشە دۆستی ئەوانە)، پاشان چووە سەرگۆڕی سەلاحەدین ئەیوبی، تاجی گوڵینەیەکی خستەسەر گۆڕەکەی، فەرمانیدا چرایەك لەزیو بەدیاری ببەخشێتە گۆڕەکە بەوپێیەی یەکێکە لەموعجیبەکان بەپاڵەوانی ئیسلام لەکاتی جەنگی خاچپەرستان[٢٠]، لەوتارەکەیدا رەحمەتی نارد بۆ رۆحی هاروون رەشید کەدۆستی شارلمان بوو[٢١] ئەوە بۆ رۆژنامەکانی جیهانی ئیسلام هەواڵی سەردانەکەیان بڵاودەکردەوە لەگەڵ پیاهەڵدان و بەرزراگرتنی قەیسەر،



خەڵکی عەوامیش چیرۆکەکەیان بەشێوەی تایبەتی خۆیان باسکرد، هۆشەیان لێ دەکردو دەیانڕازاندەوە، تاحاڵ گەیشتە ئەوەی هێندێك لاف ئەوەی لێدەدا گوایە قەیسەر ئیسلام بووەو ناویان لێنا (حاجی عەبدوڵا گلیۆم)، سەردانەکەی قەیسەر ترسی وورووژاند لەلای رووسیاو بەریتانیاو فەرەنسا، ئەم دەوڵەتانە دوای دووری و دژ بەیەك بوون لەپێناوی دەوڵەتی عوسمانی لەیەکتر نزیك بوونەوە، بەریتانیا زیاتر بێزاربوو لەوسەردانە.

رۆژنامەیەکی بەریتانیا بەدەم و دوویەکی هەرەشەوە ئاماری بەو سەردانەداو نووسیبووی: (ئەگەر نەتەوەکان ساڵانێك بجەنگێ لەپێناوی شارێکدا، پتر ئامادە دەبێ بۆ جەنگ لەپێناوی بازرگانییەك کەبایی دووسەدو پەنجا ملیۆن بێ، وتارەکانی لۆرد سالزبری لە (٩)ی تشرینی دووەم ساڵی ١٨٩٨ دەڵێ: (لەحاڵەتی ئێستا نەتەوە ناتوانێ دەسبەرداری خۆ چەکدارکردنی بێت، تارمایی جەنگ لەئاسۆوە دەرکەوتووە، بێگومان لەکاتێکدا کەوەختی هاتووە بچێتە نێو کەلەپووری نەتەوە هەڵوەشێنراوەکانەوە، ئینگلترا دەبێ خۆی پڕ چەك بکات بەناوی ئاشتیەوە، تاوەکو بەتەواوەتی بۆهەر کارەساتێکی لەناکاو ئامادە بێت[٢٢].

تاوایلێهات بەریتانیا پشتگیری هەموو بزووتنەوەیەکی دەکرد کە لەوڵاتی عوسمانی رووبدات و ببێتە هۆی سەغڵەت کردنی سوڵتان عەبدول حەمیدو دژایەتی کردنی، بۆیە هانی بزووتنەوەی دەستووریی دەدا لەتورکیا، هەروەها بزووتنەوەی جیهانگیری لەمیسرو بزووتنەوەی نەتەوەیی لەشام و عیراق، هەروەکو لەبەشەکانی دیکە دێینەسەر باسکردنیان.

## پروپاگەندەی حەمیدی لەعیراق

سوڵتان عەبدول حەمید لەچاو زۆربەی عیراقیەکان ببووە رەمزی ئیسلام و ناونیشانی سەروەریی، ئەو پارێزەری موسڵمانەکانەو سنووریان رووبەڕووی کافرەکان دەپارێزێ، ئەوەبوو خەڵکی لەهەموو بۆنەکاندا دوعایان بۆدەکرد، تاوایلێهات پیرێژنەکان مەتەڵەکانیان بۆ منداڵان بەو دەستپێدەکرد، تاپیرێژنێك مەتەڵەکەی دەست پێنەدەکرد ئەگەر نەیووتبایە: (هەبوو نەبوو، خودا سوڵتان بپارێزێ)، تەنانەت خەڵکی سادەش جار ناجارێك دوعایەکی باوی دەکرد: (خودایە ئایین و دەوڵەت سەرکەوتووکەیت) واتا ئایین و دەوڵەت لەچاویاندا جمك بوون لەیەك جیانەدەکرانەوەو دوودیوی شتێك بوون.

عەبدول عەزیز قەساب لەیاداشتەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە کە لەسەردەمی حەمیدیدا ئەوەی شاگردی حوجرەکان بوو فێری دوعاکردن دەبوون بۆ دەوڵەت و سوڵتان، وەسفی (ئاهەنگی خەتم) دەکات کەشاگردەکان لەکۆڵانەکانی گەڕەك ئاهەنگیان دەگێڕا بەبۆنەی یەکێکیانەوە قورئانی خەتم دەکرد، کەژاوەکە سێ کەس دەکەوتنە پێشی و دوعایان دەکرد، ئەوانی تریش وەڵامیان دەدایەوە بە (ئامین) ئەمەیش دەقی دوعاکەیە: (خودایە سوولتان سەرکەوتووبێ، سەرداری هەموو گەردوونەکان، ئەی خودای ئایین و ئیمان دەوڵەتی ئال عوسمان بەردەوام کە: خودایە بەپێغەمبەر جەرجیس بمانپارێزە لە لەشکری ئیبلیس، بەئەهلی زیکرو تەقدیس دەوڵەتی ئال عوسمان بەردەوام کە، خودایە ئەفەندیمان سەرکەوتووکە، کە بەعەدالەت دادوەرمانە، بەردەوامی کەئەی مەزنی خاوەن دەسەڵات)[٢٣].



لەسەرەتای ساڵی ١٨٩٣ فەرمانی سوڵتان هات بۆ والی بەغدا حاجی حەسەن پاشا، فەرمانی پێ دەکا بڕێك لەزانایانی بەغدا هەڵبژێرێ تاببنە مامۆستای گەڕۆك و بەهەموو عیراقدا بکەونە گەڕان لەپێناوی وەعزدان بەجەماوەری عیراق و رۆشنبیری ئاینیان دا بدەن، بۆ ئەم ئەرکەش ئەم پێنج کەسە هەڵبژێردران، شێخ تەها ئەلشەواف بۆ قەزای دلێم، مەلا قاسم مەلا ئەحمەد بۆ قەزای جەزیرە، مەلا عومەری ئەلجبوری بۆ قەزای کوت و، شێخ ئەحمەد شێخ داود بۆ قەزای باقووبە، مەولەوی غوولام رەسووڵ هندی بۆ قەزای مەندەلی، مستەفا واعیز لەیاداشتی خۆیدا نووسیویەتی لەم بارەیە یازدە بڕگەی تیایە تاببێتە پرۆگرامێك تائەو زانایانە لەوەعزو رێنماییەکاندا پەیڕەوی بکەن، گرنگترین شتێ لەو یاداشتەدا هاتووە دەبێ دوعا بۆ سوڵتان عەبدول حەمید بکرێت و خەڵکی ئاگاداربکرێتەوە بۆئەوەی گوێڕایەڵ و ئیتاعەی بکەن (ئەمە گرنگترین ئەو ئەرکانەیە، فەرزە بەپێی حوکمی ئەم ئایەتە: (واطیعوا الله والرسول و أولی الامر منکم)[٢٤].

شاعیرەکانی عیراقیش لەگەڵ پیاوانی ئایین بۆ بەرزراگرتنی سوڵتان عەبدول حەمید هاوکارییانکرد، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کەشاعیران هەر لەدێر زەمانەوە راهاتبوون سوڵتان و فەرمانڕەواکان مەدح بکەن، بەڵام سوڵتان عەبدول حەمید بەشێکی زۆری لەشیعرەکانیانی بەرکەوت، ئیبراهیم ئەلوائیلی لەم بارەیەوە دەڵێ: (بەشی سوڵتان عەبدول حەمید لەشیعری عیراقیدا لەوانی دیکە زۆرتر بوو).

گەرچی ئەو سەردەمەی فەرمانڕەوا بوو مێژوونووسەکان ناویان لێنا سەردەمی دکتاتۆری، شاعیرانی عیراق دکتاتۆریەتیان نەناسیبوو وەکو ئەوەی شاعیرە تورکەکان ناسیبوویان، یان ئەو چەمکەیان نەخوێندبوو کەئاگادارانی تەوژمە سیاسیەکان پێیان زانیبوو، ئەو یەکبوونی ئیسلامیەکە

ئەم سوڵتانە لەئامێزی گرتبوو بۆ سەقامگیرکردنی پایەکەی خۆی، کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەلای پیاوانی ئایینی و شاعیرەکان لەعیراقدا، چونکی داواکارانی ئەم یەکبوونەو لایەنگرانی تەقەلای خۆیان خستبووە کار بۆ چەسپاندنی لەدڵ و دەروونی عیراقیەکاندا)[٢٥]، زۆر لەشاعیران بۆ بەرزراگرتنی سوڵتان عەبدول حەمید بەشداریان کرد لەوانە: جەمیل سدقی زەهاوی، ئەحمەد عیزەت ئەلفاروقی، جەعفەر ئەلحلی، تایەر ئەلدوجیلی و، محەمەد ئەلقزوێنی و، شێخ یاقووب شێخ جەعفەرو عەبدول نەبی ئەلخوزەری، وایان پێناسە دەکرد گوایە (میری ئیماندارانە)و (ئیمامی سەردەمە)و (خەلیفەی موسڵمانانە)و (پارێزەری سەربەرزیی ئیسلامە) چەندینی تر لەو نازناوانە، کاتێ جەنگی نێوان گریگستان و دەوڵەتی عوسمانی بەرپابوو، لەنیسانی ١٨٩٧، سوپای عوسمانی سەرکەوتنی مەزنی بەدەستهێنا، ئەمەیش هاندەرێك بوو بۆ شاعیرانی عیراق، شیعری مەرایی دانێن لەبەرز راگرتنی سوڵتان و ستایشی سەرکەوتنەکانی سوپاکەی کە بەدیدی ئەوان سوپای ئیسلامە بەسەر سوپاکانی کافرەکاندا.

یەکێك لەوشاعیرانە بەرێز جەعفەر ئەلحلی بوو، شیعرێکی مەراییکردنی نووسی ئەمەیش چەند بڕگەیەکێتی:

| | |
|---|---|
| لك طأطأت دول الضلال رقابها | قدها فسيفك قد أذل صعابها |
| فاليوم صار الدين فيك مؤيدا | ولدولة الاسلام كل هابها |
| فمن المطاول دولة نبوية | وقفت ملائكة السما حجابها |
| أرسى قواعدها النبي محمد | ورفعت أنت الي السماء قبابها |
| لم يستطع المخلوق ذلة دولة | الحق خالقها أعز جنابها..[٢٦] |



## ئەبولهودا ئەلصیادی

چاکتروایە لەکۆتایی ئەم بەشەدا باسی کابرایەك بکەین، لەسەردەمی حەمیدیدا ناوبانگێکی زۆر گەورەو دەسەڵاتی پەیداکردووە.

بەدرێژایی ئەو سەردەمە پایەیەکی بڵندی هەبووە، بێ ئەوەی کەس بتوانێ جێی لەق بکات، ئەویش ئەبولهودا ئەلصیادیە.

ئەلصیادی لەگوندێك لەگوندەکانی حەڵەب کەناوی (خان شێخوون) ساڵی ١٨٤٩ لەدایکبووە، رفاعی رەچەڵەك بووە، هەر کەگەورە بوو، بوو بەشاگردی تەریقەتی رفاعی، پاشان لەکۆتایی سەردەمی سوڵتان عەبدول عەزیز بەرەو ئەستەمووڵ کۆچی کرد، محەمەد کورد عەلی لەیاداشتەکانی خۆیدا لەزمانی باوکیەوە دەگێڕێتەوە: (هەندێ لەبازرگانەکانی شام بووین لەئەستەمووڵ لەیەکێك لەخانەکانی، ئەو سەردەمە هێشتا ئوتێل باو نەبوو، هەموو لەخەرجی و شەوچەرە بەشداریمان دەکرد، لاوێکی دەروێشی رەشتاڵەی دەنگ زوڵاڵ سەردانی دەکردین، نیشانەی زیرەکی پێوە دیاربوو، پشکی هەبوو بەسەر شان و ملیدا شۆڕیکردبووەوە، مێزەرێکی دەبەست و عەباو قەفتانی دەپۆشی و دەفی لێدەداو شیعری بەشێوەی قەوم دەووتەوە، ئەو بەشداری خەرجی نەدەکرد، ئەرکی ئەو ئەوەبوو هەموو شەوێك بەسروودەکانی رابوێرین، ئەم لاوە ناوی محەمەد کوڕی حەسەن واری ناسراو بە (ئەبولهودا ئەلصیادی) بوو[٢٧].

نووسەری میسری ئیبراهیم سەبارەت پەیوەندی کردنی ئەلصیادی بەسوڵتان عەبدول حەمیدەوە دەڵێ بۆئەوەی لەلای پلەو پایەی هەبێ بەکورتی دەڵێ: (رۆژێکیان ئەلصیادی چوو بۆ کۆشکی سوڵتان و داوای کرد چاوی پێ بکەوێ بەبیانووی ئەوەی پێغەمبەر هاتووەتە خەونی و

فەرمانی پێی کردووە کەقسەیەك هەیە بیگەیەنێتە سوڵتان، قسەکەش دەماودەم بێ و بەبێ هیچ نێوانێك، هەر کەپێیان وت سوڵتان عەرەبی نازانێ ڕۆیشت و دوای دوو ڕۆژ هاتەوەو وتی: پێغەمبەر هاتە خەونم و تفی کردە دەممەوەو بەزمانی تورکی قسەم کرد، ئەوەبوو چووە ژوورەوە بۆلای سوڵتان پەیامەکەی پێغەمبەری پێی ڕاگەیاند، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی لەلای سوڵتان ڕێز حورمەت وەربگرێت)[٢٨].

دیارە ئەم چیرۆکە خاڵی نییە لەزیادەڕۆیی، دەشبێ لەدروستکردنی نەیارەکان بێ، محەمەد کورد عەلی چیرۆکێکی دیکە دەگێڕێتەوە لەم بارەیەوە وابزانم نزیکترە لەواقیع، ئەمەیش پووختەکەیەتی: ژنی بەڕێوەبەری زەفتیە لەئەستەموول تووشی نەخۆشیەك بوو پزیشکەکان لەچارەکردنی دەستەوسان بوون، مێردەکەی زۆر خۆشی دەویست، بانگی ئەلصیادیان بۆ هەڵداو هێنایان، چەند دوعاو نوشتەیەکی سۆفیانەی بەسەردا خوێندو ژنەکە دوای چەند ڕۆژێك چاك بووەوە، قەدەر وایکرد یەکێك لەکەنیزەکانی سوڵتان تووشی هەمان نەخۆشی بوو، ئەلصیادیان هێنا چی لەژنی پێشوو کرد بۆ ئەویش وایکردو ژنەکە چاك بوەوە، (ئەلصیادی) ئەودەمە تەمەنی بیست و هەشت ساڵ بوو چاوی کەوت بەسوڵتان و پایەیەکی بەرزی لەلا پەیداکرد..[٢٩].

لەم بارەیە ڕوایەتێکی سێیەم هەیە، سلێمان فەیزی دەیگێڕێتەوە، ئەمەیش پوختەکەیەتی: ئەلصیادی کاتێ دەچێ بۆ ئەستەموول لەوێ کۆڕی زیکری لەسەر تەریقەتی ڕفاعی بەناوبانگ سازکرد، خەڵکی بەو کردەوە لەرادەبەدەرانەی تووشی سەرسووڕمان دەکرد، وەکو شمشێرو خەنجەر کردن بەلەشی موریدەکانی و ئاگر خواردن، هەر کەسوڵتان عەبدول حەمید ئەمەی بیست ناردی هێنایان بۆ کۆشك، هەر کەچاوی بەوکردەوە سەیرانە کەوت باوەڕی وابوو دەبێ ئەوە لەکەراماتی پیاوچاکان بێ، دەبێ



(ئەلصیادی)یش لەپیاوچاکانی خودا بێ، فەرمانیدا تەلارێکی قەشەنگی بدەنێ و بۆ موریدەکانیشی مووچەی زۆری بۆ بڕینەوە، ئەوەبوو لەکاروبارو کێشەکانیدا ڕاوێژی پێی دەکرد، هیچ داخوازییەکی ئەوی ڕەت نەدەکردەوە..[٣٠].

بەهەرحاڵ ئەبوولهودا ئەلصیادی بووە گەورەترین کەسایەتی لەسەردەمی سوڵتان عەبدول حەمید، وەزیرەکان و گەورە پیاوان دەستیان ماچ دەکردو لەو بڕوایەدا بوون (مەهدی چاوەڕوانکراوە)– المهدي المنتظر، نیشانەش بەوە زاراوەی (ئەبوولهودا) لەحیسابی پیتەکاندا بەرامبەر بەزاراوەی (ئەلمەهدی)یە، لەبەردەم سوڵتاندا شانازی بەوەوە دەکرد کەموریدە ڕفاعیەکانی ژمارەیان گەیشتووەتە دە ملیۆن.

وڵاتی عەرەبیش لەمشتی ئەودایەو پیاوچاکانیش لەخزمەتی ئەون و پێغەمبەریش یارمەتی دەریەتی..[٣١]، ڕۆژنامەکانی ئەوروپایش ئاماژەیان بە (ئەلصیادی) دەدا هەندێ جار گوایە (ئەستێرەناسی سوڵتانە)و فاڵی بۆ دەگرێتەوە، ئەلصیادی خۆی کردە نێوانێك لەبەینی عەرەب و سوڵتاندا،ماڵەکەی خۆی کردە میوانخانەو عەرەب و قوتابی و ڕێبواران دەهاتنە لای، بەخواردەیی خۆی بۆ سەرفکردن و لەلای سوڵتان پاساوی بۆ دەدانەوەو دابینکردنی پێویستیەکانیان، زۆر لەلایەنگرانی لەوڵاتە جۆراوجۆرەکانی عەرەبدا سوودیان لێ وەرگرت، لەوانەی سوودیان لە (ئەلصیادی) بینی سەی ڕەجەب نەقیب بوو لەسەردارانی بەسرەو سەید تالیبی کوڕی، سەید ڕەجەب سەر بەسەیدەکانی ڕفاعی بوو، خاوەن سەروەت و سامان بوو، ڕۆژێکیان ویستی خۆی لەسوڵتان عەبدول حەمید نزیك کاتەوە بەیارمەتی ئەلصیادی، شەش ئەسپی ڕەسەن لەگەڵ پارچە پەڕۆیەکی سەوز کە لەپەردەی ڕفاعی وەرگیرابوو بۆی ڕەوانەکرد، دیاریەکە لەلایەن حاجی عیسا ڕەوحی ئەفندیەوە گەیشتە ئەستەموول، هەر کەسوڵتان بەمەی زانی

فەرمانیدا لەرێ و رەسمێکدا ئەو (پارچە پەڕۆیەی) پێشکەشبکرێت، حاجی عیسا لەپێشەوە دەڕۆیشت و پارچە پەڕۆکەی هەڵگرتبوو تیپێکی مۆسیقا کەوتبووە پێشی لەدوایەوە پیاوانی دەرەك و سەربازان دەڕۆیشتن، هەر کەکەژاوەکە گەیشتە کۆشك پیاوانی کۆشك بەجلوبەرگی رەسمیەوە پێشوازیان لێی کرد، پاشان سوڵتان (پارچە پەڕۆکەی) وەرگرت ماچی کردو خستیە سەر سەری و چاوی و سنگی، پاش ئەویش ئامادەبووان لەوەزیرەکان و سەرکردەکان و گەورە پیاوان ماچیان کرد، پاشان بەرەو حەرەمی سوڵتان بردیان، سوڵتان فەرمانیدا کەروتبەو پلەی شیاو بدرێ بەسەید رەجەبی نەقیب و براکەی و کوڕەکانی و شێخ ئیبراهیم راوی و کوڕەکانی و حاجی عیساو کوڕەکەی، هەروەها فەرمان درا سەندیکای ئەلکازمیە بدرێت بەئیسماعیل کوڕی شێخ ئیبراهیم ئەلداوی، بەڕێوەبەریەتی مەعاریفی بەغداش بدرێتە حاجی عیسا..[٣٢].

چۆن ئەلصیادی لایەنگری زۆری هەبوو، هەروەها نەیاری زۆریشی هەبوو، خدێوی عەباسی دووەم یەکێك بوو لەو نەیارانەی، ساڵی ١٩٠١ منداڵێك لەلای ئەلصیادی رایکرد ناوی (شەکیب) بوو پەنای بردە بەر میسر، خدێوی ئەمەی بەهەل زانی بۆ سوکایەتی کردن بە (ئەلصیادی)، حافز ئیبراهیم شیعری لەسەر زمانی ئەلصیادی هۆنیەوە کەسکاڵا لەدەست ناڵەی جودایی ئەو منداڵە دەکات ئەمەیش هەندێ لەبەیتەکانیەتی:

احرق الدف لو رأيت شكيبا    وأفض الأذكار حتى يغيبا
هو ذكري وقبلتي وإمامي    وطبيبي اذا دعوت الطبيبا
لا تعين يا شكيب دبيبي    انما الشيخ من يدب دبيبا
فسلوا سبحتي فهل كان    تسبيحى فيها الا شكيبا[٣٣]



## سەرچاوەکان


١-ألما وتلن (عبدالحميد ظل تالله فى الارض ترجمة راسم رشدى القاهرة ١٩٥٠-ص٦١-٦٢).

٢-صديق الدملوجي (مدحت پاشا) بغداد ١٩٥٣-ص١٠٥.

٣-قدری قلعجی (مدحت پاشا) بیروت ١٩٥١-ص٥٠.

٤-محمد فريد (تأريخ الدوله العليه العثمانية) القاهرة ١٩١٢-ص٣٥٤.

٥-(The History of The Balkan Paninsula New york 1922-p. 400.. Fer dinand sehevili).

٦-G.J.S eversley.. London 1922-p.329 (The Turkish Empire).

٧-.Tranated By carl Brock elmann. (Histoy of Islamic peoples). Carmlch and perlmann-Newyork 1941,p.373.

٨-قدری ملعجی (سەرچاوەی پێشوو) ص. ١٢٠

٩-الما وتلن (المصدر السابق) ص. ١٠٥

١٠-المصدر السابق ص. ١٦٥

١١-أرنست دامزور (تركيا الفتاة) ترجمه صالح أحمد العلي-بيروت ١٩٦٠-ص ١٢٤-١٢٥.

١٢-الما وتكن (المصدر السابق) ص. ١٣٥.

١٣-المصدر السابق ص. ١٣.

١٤-مستەفا الواعظ (الروض الازهر) الموصل ١٩٤٨-ص ٢٨٠-٢٨١.

١٥-ابراهيم الوائلى (الشعر السياسى العراقى) بغداد ١٩٦١ ص ٢١٣-٢١٤.

١٦-هاشم الاعظمي (تأريخ جامع الامام الاعظم)-بغداد ١٩٦٤- ج١ ص ٧٢-٧٥..

١٧-جورج انطونيوس (يقظة العرب) ترجمة ناصرالدين الأسد واحسان عباس، بيروت ١٩٦٢، ص ١٤٣-١٤٤.

١٨-willian yale (The near Eest) Ann Arbor 1958.p. 100

١٩-الما وتلن (المصدر السابق) ١٧٦.

٢٠- جورج انطونيوس (المصدر السابق) ص ١٤٧.

٢١-الما وتلن (المصدر السابق) ص ١٥٧.

٢٢-المصدر السابق، ص ١٥٦-١٥٧.

٢٣-عبدالعزيز القصاب (من ذكرياتي) بيروت ١٩٦٢ ص ١٣-١٤

٢٤-مستهفا الواعظ (المصدر السابق) ص ٢٠٩-٢١١.

٢٥-ابراهيم الوائلى (المصدر السابق) ص ٢١٢-٢١٣.

٢٦-جعفر الحلى (سحر بابل وسجع البلابل) صيدا ١٣٣١ هـ. ص ٥٢-٥٣.

٢٧-محمد كرد علي (المذكرات) دمشق ١٩٤٨- ج١ ص ٢٤٢.

٢٨-محمود ابوريه (جمال الدين الافغاني) القاهرة ١٩٥٨، ص ١٣٢-١٣٣.

٢٩-محمد كرد علي (المصدر السابق) ج١ ص ١٤١.

٣٠-سليمان فيضي (في غمرة النضال) بغداد ١٩٥٩، ص ٤٧.

٣١-محمد ابوريه (المصدر السابق)، ص ١٣٣-١٣٤.

٣٢-مستهفا الواعظ (المصدر السابق) ص ٣٧٦-٣٧٧.



٣٣-عبدالمتعال الصعيدى (المجددون فى الاسلام)-القاهرة- ص ٥١٨-٥١٩.

## بەشی دووەم
## ڕووداوەکانی عێراق لەسەردەمی (حەمیدی)دا..

کاتێ عەبدول حەمید چووە سەرتەخت والی بەغدا ناوی عبدالرحمن پاشا بوو، یەکەم ئیش کردبێتی ئەم پاشایە لەسەردەمی عەبدول حەمید هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو، ئەو ڕۆژانە عێراقیەکان واتای هەڵبژاردنیان نەدەزانی چیە، بۆیە زۆر بەهێمنی هەڵبژاردنەکان بەڕێوەچوو، ئەوانەش دەرچوون کەحکومەت ویستی دەرچن، ئەو سێ نوێنەرەی بەغدا ئەمانە بوو: مەناحیم دانیال، عەبدول ڕەزاق شێخ قادر، ڕەفعەت بەگ کوڕی حاجی ئەحمەد ئاغا، ئەمانە چوون بۆ ئەستەموول بۆ ئامادەبوونی کردنەوەی ئەنجوومەن کەئاداری ساڵی ١٨٧٧ ئەنجام درا.

بەڵام لەمانگێ زیاتر لەوێ نەمانەوەو گەڕانەوە بۆ بەغدا دوای ئەوەی سوڵتان دەستووری پەکخست و ئەنجوومەنەکەی داخست، والی عەبدول ڕەحمان گوێزرایەوە بۆ ولایەتی دیاربەکر، عاکف پاشا لەولایەتی بەغدا جێگای گرتەوەو ١٣ی ئایاری ١٨٧٧ گەیشتە بەغداو تەنها یازدە مانگ لەوێ مایەوە، لەسەردەمی ئەودا جەنگی ڕوسیاو عوسمانی بەرپابوو لەعێراق بەناوی (لێدانی ڕۆژئاوا) ناسرابوو ، لەعێراقەوە دەهەزار سەرباز ڕەوانەکرا بۆ مەیدانی جەنگ لەقەفقاسیا تەنها بڕێکی کەمیان لێ گەڕایەوە، زۆربەیان لەبەر سەختی سەرماو برسیەتی لەناوچوون، لێرەدا شیوەنێکی بەناوبانگ هاتە گۆڕێ لەعێراق کەدەڵێ: (ئاخ و داخ ئەی لێدانی ڕۆژئاوا)[1].

لەنیسانی ١٨٧٨ قەدری پاشا والی نوێ گەیشتە بەغدا، دوای هەشت مانگ گەیشتنی بۆ بەغدا بەوەزیری ناوخۆ دامەزراو بەغدای بەجێهێشت و



لەرێگای بەسراوە گەڕایەوە بۆ ئەستەموول، عەبدول ڕەحمان پاشا کە لەوەوپێش والی بەغدا بوو هاتە جێگاکەی، ئەمجارەیان عەبدول ڕەحمان پاشا لەوالی بەغدا ساڵێك و نۆ مانگ بەردەوام بوو، لەوماوەیەدا لەباکووری عێراق گرانیەکی ترسناك ڕوویدا کەدەمێك بوو لەوڵات ڕووینەدابوو.

## کارەساتی گرانیەکە

لەمانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٨٧٩ بارانێکی زۆر باری لەباکووری عێراق، بۆیە خەڵکی دڵخۆش بوون بەهاتنی وەرزێکی باش نرخی خۆراك تێدا دادەبەزی، بەڵام ئەم گەشبینیەی خەڵکی زۆری نەخایاند، چونکی لەناکاو باوەزێکی ژەهراوی و سوتێنەر هەڵیکردو کشتوکاڵی فەوتان و گوڵە گەنمەکانی پووك کردەوە.

پاشان سەرمایێکی سەخت هات و ڕووبارەکانی بەست..[2] ئەمەیش سەرەتای گرانیەکەو برسیەتی بوو، کونسڵی فەرەنسا لەمووسڵ مسێو (سیوق) بۆ حکومەتەکەی نامەیەك دەنووسێ لە ٢٣ی شوبات ساڵی ١٨٨٠و باسی ئەو گرانیە دەکات و دەڵێ: (گرانیەکە بووەتە برسیەتی ڕاستەقینە، ڕۆژ بەڕۆژ تادێت سەختتر دەبێ)، هەموو ڕۆژێ خەڵکی گوندەکان ئاوایەکانیان بەجێدەهێڵن و ڕوودەکەنە شارەکەمان بۆ نان پەیداکردن دوای ئەوەی برسیەتی پەرێشانی کردن و ئاواییەکانیان تەنگیان پێ هەڵچنرا، سەدان خەڵکی ئەو ناوچانە کەزۆرینەی چینی چەوساوەیە کەوتنە سواڵ و لە ژێر باری کلۆڵیدا دەنقێنن و لاکەیان دێت لەبەر برسیەتی و بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن، هێرشی ئەم لەشکرە بێ شومارەی خەڵکی گوندەکان و کارگەرانی دەستکورت و هەمووشیان برسین کاری کردووەتە سەر

زیادکردنی برسیەکان کە لەبن نایەن، چونکی لەماوەی مانگێکدا ژمارەی هەژارەکان سێ جار زیادی کرد، هەندێکیان لەبەر برسیەتی ناچاربوون پەنا بەرنە بەر خواردنی گۆشتی ئاژەڵ، ئەمەش یەکێك لەئەفسەرەکان و بەئامادەبوونی والی ئەمەی دووپات کردەوە کەهەموو رۆژێ پێنج کەس لەبەر برسیەتی دەمردن، گرانیەکە لەکەرکوك توندتر بوو لەوەی مووسڵ، مەترانی کلدانی ئەم شارە بۆ پەتریارکی خۆی نووسیوەو دەڵێ هەموو رۆژێ سێ کەس لەکەرکوك دەمرن، چەتەو دزو رێگرەکان لەگوندەکان بڵاوبوونەتەوە، پەلاماری گوندەکان دەدەن هەرچیەکیان بەرچنگ کەوێ دەستی بەسەردا دەگرن، بەبێ ئەوەی دەسەڵات دەنگ بکات و بەهانای قوربانیە بەسەزمانەکانەوە بێت، هەندێ کەس ئەوەیان بۆ دووپات کردمەوە کەنزیکەی چل گوند خەڵکەکەی چۆڵیان کردووە..) ئەوەبوو مۆنۆپۆڵەکان ئەمەیان بەهەل زانی، چونکی هەر لەسەرەتای ساڵەوە بڕێکی زۆر گەنم و جۆیان هەڵگرتبوو، پاشان رێگای جەهەنەمیان بەکاردەهێنا بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکان، گوایە دەیانووت گەنمیان لەلا نەماوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دانەویڵەیان بەنهێنی بیست قات یان بیست و پێنج قات لەنرخی خۆی دەیانفرۆشت، سەرۆکی شارەوانی یەکێك بوو لەجوملەی ئەو مۆنۆپۆڵانە، لەکاتی گرانیەکە توانی چوار قات سەروەت و سامانەکەی خۆی پتر بکات[٣].

حکومەتی ناوخۆ هەوڵیدا مەسەلەکە چارەسەربکات ئەوەبوو دەسەڵاتەکانی شارەوانی سەرپشك کرد کەمافی ئەوەیان هەبوو بچنە نێو ماڵانەوەو دەست بەسەر هەموو خۆراکێکدا بگرن و بەسەر بێ دەرەتاناندا دابەشی بکەن.

بەڵام ئەو پشکێنەرانەی بەو ئەرکە راسپێردرابوون شیاوی نەبوون



ئەوانیش هەروەکو فەرمانبەرەکانی ئەو سەردەمە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پەیوەندی کەسایەتی یان بەرتیل خواردنەوە، ئەگەر بیانویستبایە بچن ماڵێك لەماڵە دەوڵەمەندەکان بپشکنن لەنیەتی خۆیان خاوەن ماڵەکەیان ئاگاداردەکردەوە، بەمەش دەوڵەمەندەکان وەکو خۆیان مانەوەو هیچ زیانێکیان نەکردو هەژارەکان تووشی زیان بوون..[٤].

چارەنووس وای ویست کەدەوڵەتی عوسمانی فەرمانێك دەربکات بۆ کەمکردنەوەیەکی زۆری نرخی دراو، ئەوەبوو مەجیدی بوو بە هەشت قرش لەکاتێکدا بەرامبەر بەبیست قرش بوو، بێشلغ بەرامبەر بوو بە دووقرش کاتێك لەوەوبەر بەرامبەر بەپێنج قرش بوو، ئەم کەمکردنەوەیەش خەڵکی تووشی بەڵایەکی نوێتر کرد، بەم هۆیەوە سەدان ماڵ کاول بوون..[٥]، دەگێڕنەوە کەژنێکی هەژار لەمووسڵ خشڵی خۆی فرۆشت بەسەد قرش، لەوە زیاتریش هیچی نەبوو، وارێکەوت ئەو رۆژە نرخی پارە دابەزی و بڕە پارەکەی ژنەکەش بوو بەشەست قرش، پاشان ژنەکە بەڵایەکی دیکەی تووش بوو هەر کەچوو بۆ بازاڕ تا شت بکڕێت بۆخۆی و کیژەکەی منداڵەکەی، لەوێ دز پارەکەی لێدەدزێت، ئەنجام ژنەکە گەڕایەوە ماڵەکەی و بۆ بەختی خۆی دەگریا..[٦].

ئەوەی شایانی وتنە لەم بارەیەوە کەکونسڵ و نێردراوە بیانیەکان رۆڵێکی بەرچاویان بینی بۆ ئاسانکردنی کاریگەری گرانیەکە لەسەر خەڵکی، ناردیان بۆ وڵاتەکانی خۆیان تا بەزووترین کات یارمەتیان بدەن کونسڵی بەریتانیا یەکەم کەس بوو برووسکەیەکی بۆ لەندەن رەوانەکردو تیا دەڵێ: (یارمەتی.. یارمەتی.. بەپەلە، مردوو زۆرن، منداڵان دەفرۆشن و دەکڕدرێن، یان دەیانخەنە ژێر رەحمەتی چارەنووسەوە، برسیەکان وەکو لێشاو لەگوندەکانی دەوروبەر دەڕژێنە شارەکەوە)[٧] پارەیەکی زۆر لە

ئەوروپاوە گەیشتە مووسڵ، مەنجەڵی گەورە گەورەیان داناو شۆربایان لێدەناو بەسەر برسیەکاندا دەیانبەخشانەوە، ژمارەیەکی زۆریان رزگارکرد، جەماوەری برسیەکان دەنگیان بەرزدەکردەوەو دەوڵەتی عوسمانیان بەنەعلەت دەکرد بێ ئەوەی بترسن، برسێتی وای لێکردبوون، لەسزادان نەدەترسان، تاوایلێهات ئاواتی حوکمی مەسیحیان دەخواست، کاتێ کونسڵی فەرەنسا بەبەردەم ئەو عەشاماتەدا رەت بوو لەدەرگای سەرابوون، ژنێك لەنێوانیاندا بەدەنگی بەرز بەکونسڵەکەی وت: (خودا بەرخوردارت کات تۆ چاکتری لەموسڵمانەکان مادامێکی بەزەییت بەهەژاراندا دێتەوە)[٨].

ئەو گرانیەی مووسڵ ناونرا (ساڵی لیرە)، چونکی ئەو ساڵە ربەیەك گەنم بەلیرەیەك بوو[٩]، لەورۆژانەشدا لێرە بەهایەکی مەزنی هەبوو، بەڵام لەبەغدا ئەو گرانیە ناوی لێنرا (ساڵی برسیمە) هۆی ئەم ناولێنانە، چونکی کوردێکی زۆر روویان کردە بەغداو لەدەستی گرانیەکە رایانکردبوو هاواریان دەکرد (برسیمە... برسیمە، ئەم وشەیە هەر بەکوردییە نەك بەعەرەبی... و. ك) ناوەکەش لەوەوە هات، ئاسەواری گرانیەکە گەیشتە بەسرا، چونکی هەندێ لەوبرسیانە گەیشتنە ئەوێ و لەچۆڵەوانی نیشتەجێ بوون، کیژەکانیان لەماڵان بوونە کارەکەو هەندێکیان شوویان بەخەڵکی بەسرا کرد[١٠].



## شۆڕشێکی خێڵەکی گەورە

هێشتا قورسایی گرانیەکە لەباکوور سووك نەبووبوو، تاباشوور ژانگرتووی شۆڕشێکی خێڵەکی مەزن بوو بەسەرکردایەتی مەنسوور پاشای ئەلسەعدون، مەنسوور پێش ئەوەی دەست بەشۆڕش بکات لەبەغدا دەژیاو لەلایەن حکومەتەوە دەست بەسەر بوو کردبووی بەئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، سێ ساڵ لەبەغدا مایەوە، پاشان هەلی بۆ هەڵکەوت و لەبەغدا دەرچوو بەرەو (ئەلغەراف) لەوێ ناردی بەشوێن برازاکەی فالح پاشا کەمتەسەریفی لیوای ناسریە بوو، هەروەها ناردی بەدوای سەرجەم خێڵەکان منتفیکەوەو سەربەخۆیی راگەیاندو ناوی خۆی نا (سوڵتانی سەرزەمین)، بیرورا لەبەغدا لەسەر ئەم مەسەلەیە دابەش بوو، والی عەبدول رەحمان پاشا هاوسۆزی بنەماڵەی سەعدون بوو دەیویست کێشەکەیان بەئاشتی چارەسەربکات، بەڵام سوپا سالار عیزەت پاشا سووربوو لەسەر شەڕکردنیان و لەناوبردنی میرنشینەکەیان، دەینووسی بۆ بەرپرسان لەئەستەمووڵ هانی دەدان بۆ شەڕکردنی بنەماڵەی ئەلسەعدون، ئەوە وەڵامی راستی لێیانەوە پێ نەدەگەیشت، هەندێ لەو باوەڕە بوون کەناسر پاشا ئەلسەعدون (کەبرا بچووکی مەنسوور پاشا بوو لەو رۆژانە لەئەستەمووڵ بوو)، توانیبووی بەزمان تەڕی و دیاریەکانی کاربکاتە سەر بەرپرسەکان و قەناعەتیان پێ بێنێ کەبراکەی یاخی نییەو مایە فیتنەکەش قاسم پاشا ئەلزوهێرە، بەرپرسەکان بڕوایان بەقسەکەی هات و فەرمانیاندا بەدەستگیرکردنی قاسم پاشاو بەباڵبەستی لەبەسراوە بردیان بۆ بەغدا، هەندێ لەپیاوماقووڵی بەسرا مەزبەتەیەکی دوورو درێژیان بۆ سوڵتان

نووسی و باسی ئەو زوڵم و زۆرەیان دەکرد کە لەدەستی خانەوادەی سەعدون دیبویان و تکایان لەسوڵتان کرد فەرمان بدا بە بەرەڵاکردنی قاسم پاشا ئەلزوهێرو بگەڕێنرێتەوە بۆ بەسرا (ئازیزو سەربەرز کەلایەقی هاوبابی ئەوە)[١١]. تووڕەیی عیزەت پاشا زیادی کرد ئەنجام بەرامبەر رکەبەرایەتیەکانی مەنسوور پاشا کەئاڕاستەی حکومەتی دەکرد لەباشوور، ئەوەبوو برووسکەیەکی بۆ سوڵتان رەوانەکردو بەڕاشکاوی تێدا وتبووی: (مادامێکی لیرەکانی ئەلسەعدون و چاوچنۆکی بەرپرسەکان بوونیان هەیە، بۆیە ناتوانرێ چاکسازی لەعێراق بکرێت). دیارە ئەم برووسکەیە کاری لەحکومەتی ئەستەموولێ کردبوو، بۆیە عیزەت پاشا لێوەی وەلامی پێگەیشت و فەرمانی پێ دەکات کەبەرپرسیاریەتی بخاتە ئەستۆی خۆی بەو هێزانەی هەیەتی، پاشان فەرمان هات بەلابردنی عەبدول رەحمان پاشا لەویلایەتی بەغدا، والیەکی ناسراو بەتووندوتیژی جێگەی گرتەوە کەئەویش کەقێ دین پاشا بوو، ئەم والیە زانیاری لەمەوبەری هەبوو لەبارەی عێراقەوە، چونکی پێشووتر والی بوو لەوێ، ئەوەبوو جەنگ بەرپا بوو لەنێوان عەشیرەتەکانی ئەلسەعدون و هێزەکانی حکومەت لەکۆتایی هاوینی ١٨٨١ لەناوچەی (ئوم ئەلشعێر) نزیک (ئەلحەی)، ژمارەی چەکداری عەشیرەتەکان دە هەزار کەس بوو، ژمارەی سەربازانی حکومەتیش لەدوو هەزار تێ نەدەپەڕی، عەشیرەتەکان پلانێکی چاکیان دانا بۆ جەنگەکە، مێگەلێك زۆری حوشتریان خستە پێش خۆیان ژمارەیان لەنێوان دوو هەزارو سێ هەزار حوشتر دەبوو، کیسە قومیان خستە سەر پشتیان و گوێیانیان پڕ لەقیرکرد بۆئەوەی لەدەنگی تۆپەکان نەترسێن، بەسەر پشتی هەر حوشترێکیشەوە دوو پیاو هەبوو، یەکەم قومی دەکردە سەروچاوی دوژمنانەوە، دووەمیش بەداردەستێکی ئاسن لەحوشترەکەی دەدا تاوەکو



حوشترەکە بەتووندی بۆ پێشەوە هەڵمەت بەرێت، خەریك بوو ئەم پلانە سەربگرێت ئەگەر بێت و عیزەت پاشا هەڵوێستی خۆڕاگری بەرامبەری نەنوواندبایە، ئەم کابرایە لەپێشەوەی سەربازەکانی بوو هانی دەدان بۆ شەڕکردن، مەترەلۆزەکانیش دەوریان هەبوو لەشکاندنی هێزی عەشیرەتەکان و ترساندنیان و بڵاوەپێکردنی حوشترەکان.

سەرباری ئەوەش لەدواساتەکاندا عەشیرەتی (ئەلمیاح) لەریزەکانی ئال سەعدون هاتەدەرو دابارینە سەرماڵ و حاڵیان و تاڵانیان کردن.

ئەمەش لێدانێکی کاریگەر بوو بۆ ئال سەعدون، بەدۆڕاوی هەڵاتن، لەو شەڕە سوپا تالانێکی زۆری چنگ کەوت و هێنایان بۆ بەغداو لەوێ فرۆشتیان و داهاتی فرۆشتنەکەش چووە خەزێنەوە[١٢]. ئەمەیش کۆتایی میرنشینی سەعدونی بوو لەعێراق، ئەو میرنشینەی کەفەرمانڕەوایی ناوچەیەکی بەربڵاوی کرد لەباشووری عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر، رووخاندنی بووە مایەی قسەوباسی خەڵکی و لەوبارەیەوە هەندێ گۆرانی پەیابوو، یەکێك لەو گۆرانیانە لەسەر زاری ژنێك لەخانەوادەی ئەلسەعدون هاتبوو بەفالح پاشای ئەلسەعدون دەڵێ: (فالح یا غرنوق، طاسەو خذوها اروام، بیش احلب النوق) واتا تورکەکان سەتڵەکەیان تالان کرد کەحوشتری تیا دەدۆشی ئیتر بەچ سەتڵێ تیا بدۆشێ). سەعدون پاشا کوڕی مەنسور پاشا ویستی هەندێ لەسەروەری دێرینی بنەماڵەکەی بگەڕێنێتەوە، پالی بەکەسەکانی بنەماڵەکەیەوە دەنا بگەڕێنەوە بۆ کۆچەری و تووندوتیژی و واز لەشارستانی بهێنن، سەرکەوتوو نەبوو، چونکی دوو کۆسپ لەرێی بوون: یەکەمیان دووبەرەکی ئال سەعدون و رق و کینەی نێوان ئال ناسرو ئال مەنسوور، هەریەکێك لەو دوولایەنە ئەوەی ئەمیان بنیاتی دەکرد ئەویتریان دەیڕووخاند، دووەم بێزاری عەشیرەتەکانی منتەفك لەئال

سەعدون ئەنجام ناکۆکی نێوانیان لەسەر موڵکاداریەتی زەوی و زار.

چارەنووسی سەعدون پاشاش ئەوەبوو حکومەت دەستگیری کردو ڕەوانەی حەڵەبی کردو هەر لەوێش مرد[١٣].

## مامەڵەی گەشتیارەکان

ولایەتەکەی تەقیٚ دین پاشا پتر لەشەش ساڵی خایاند، ئەمەش ماوەیەکی درێژ بوو بۆ والیەکی عوسمانی لەعێراق، دیاربوو دەوڵەت بەوە پاداشتی دایەوە بەبەشداری کردنی بۆ لەناوبردنی میرنشینی سەعدونی لەکاتی ولایەتەکەی ئەودا شتیکی ئەوتۆ ڕووینەدا کەشایانی باسکردن بیٚ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە جگە ئەوە نەبیٚ کەرۆژنامەی (ئەلزەورا) ئاماژەی پێدابوو سەبارەت بەمامەڵەی گەشتیارە ئێرانییەکان لەبەغداو دۆزینەوەی ڕێگاچارە لەلایەن والیەوە بۆ پاراستنی ئەو گەشتیارانە لەئازاردان، رۆژنامەی ئەلزەورا لەرۆژی ٢١ی سەفەری ١٣٠٢ کۆچی بەرامبەر ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٨٤ی عیسایی هەواڵێکی بڵاوکردەوە کەدەڵیٚ ئەو زیارەتچیانە لەزاری حکوومەتەکەیانە گازندەیان هەیە سەبارەت ئەو گوێپێدانە لەپەڕینەوەی سنوورو دابەزینیان لەخانەکان، حکومەت زەمانەتێکی لەخاوەن خانەکان وەرگرت بۆ بژاردنی دزراوەکان هەرکەسیٚ ئەم جۆرە زەمانەتە نەدات خانەکەی دادەخرێت[١٤].

ئەوەی جێگای سەرنجە کەژنە گەشتیاری فەرەنسی (مەدام دیولافرا لەگەڵ مێردەکەیدا هاتبوو بۆ عێراق لەساڵی ١٨٨١، لەیاداشتەکانی ئاماژە بەو مامەڵە خراپە دەکات سەبارەت بەگەشتیارە ئێرانیەکان لەبەغداو دەڵیٚ: (هەر کەکاروانی گەشتیارەکان لەدەرگای شوورەکە لەئاقاری رۆژهەڵاتەوە



لەبەغدا بەدیاردەکەوێت و منداڵان چاویان پێدەکەوێت بەجنێوی ناشیرین دەکەونە وێزەیان، پەلاماریان دەدەن بۆ تاڵان کردنی رایەخی گەشتیارەکان یان نەرگیلەو ئەو دەفرو ئامانەی بەوڵاخەکانیانەوە هەڵیانواسی بوو، پاشان وەکو باتێیانده تەقاندو لەپێچی کۆڵانەکان وون دەبوون.

ئەگەر منداڵەکان توانای دزینی شتیان نەبووایە بەردەبارانیان دەکردن و بەردەکان دەکەوتنە نێو پێی وڵاخەکانەوە دەترسان و بارەکانیان لیٚ دەکەوتە خوارەوە، هەر کەگەشتیارەکان خەریکی هەڵگرتنەوەی بارەکانیان دەبوون منداڵەکان گاڵتەیان پێیان دەکردو قاقای پێکەنینیان کەشکەلانی ئاسمانی شەق دەکرد. خاتوو دیولافرا دەڵیٚ: (گەشتیارەکان ئەو تەنگ پیٚ هەڵچنینانەیان وەردەگرت و بەسەبربوون بەرامبەریان).

رۆژێك لەرۆژان بیریان نەکردەوە سکاڵا پێشکەش بەبەرپرسە تورکەکان بکەن، لەراستیدا بەرپرسەکان هانی ئەم جۆرە رەفتارانەیان دەدا، یان بەفەرمانی ئەوان رووی دەدا، هەر سکاڵایەك پێشکەشیان بکرایە ئەوان بەگاڵتە پێکردنەوە وەڵامیان دەدایەوە[١٥]. دیاربوو گەشتیارەکان سەبریان نەما لەساڵی ١٨٨٤ سکاڵایەکیان پێشکەش بەکونسڵی ئێران کرد لەبەغدا، کونسڵیش سکاڵاکەی بەرزکردەوە بۆ والی تەقیٚ دین پاشا، ئەویش ڕێگاچارەی گرتەبەر بۆ پاراستنی گەشتیارەکان، نازانین ئایا ئەم کارە بەردەوام بوو یان ئەوەتا پشت گویٚ خرا دوای ماوەیەك هەروەکو کارەکانی دیکەی حکومەت لەورۆژانەدا...

## لەنێوان نەقیب و والیدا:

تـەقیّ دیـن پاشا خانەنـشین کـرا لـە ٢٩ی مـارس سـاڵی ١٨٨٧ بەغـدای بەجێهێشت و مستەفا عاسم پاشا لەجێی ئەو بووە والی بەغدا، والی نویّ لەخانوویـەك لەگـەڕەکی (میـدان) بەرامبـەر بـەئامادەیی مەرکـەزی ئێـستا نیشتەجیّ بوو، بەڵام والی پێش خۆی تـەقیّ دین پاشا لەتەلاری نەجیبیە لەبابولمعـەزم نیشتەجیّ بـوو، ئـەو تـەلارە بـوو کەمەدحـەت پاشـا دروسـتی کردبوو بۆ میوانداری ناسرەدین شا لەساڵی ١٨٨٠، والـی نـوێیش کـردی بەنەخۆشخانە شارەوانی[١٦].

ولایەتی مستەفا عاسم پاشا نزیکەی سیّ ساڵ بـەردەوام بوو، گرنگترین شت کەخـەڵکی سـەرقاڵ کردبوو لـەو رۆژانـەدا باسـی ململانێـی نێـوان ئـەوو نـەقیبی ئەشراف بەغدا بـەڕێز سـەلمان گـەیلانی بوو، ئـەوەی شایانی ووتنـە کەبـەڕێز سـەلمان خـاوەنی سـەروەریەکی دەوڵەمەنـد بـوو کەسـایەتیەکی بـەهێزی هـەبوو، لەئەسـتەموولّ چاوی بەسـوڵتان عەبـدول حەمیـد کـەوتبوو لەلای پلەو پایەکی گەورەی وەرگرت، بەڵام ناخۆشیەك کەوتـە نێـوان خـۆی و (ئەبوولهودا ئەلصیادی)یەوە وایلێکرد پیلانی لێبکات و هـەوڵی دەدا نـاوی بزرێنیّ، هەندیّ باوەڕیان وایە کە (ئەلصیادی) فەرمانی داوە بەوالی مستەفا عاسم پاشا دژایەتی سەلمان بکات، هـەر کـەوالی گەیشتە بەغدا دەیویست تووشــی گرفتێکــی بکــات و زیــان بــدات لــەوەقفی قــادری کــە لــەژێر سەرپەرشتیاری ئەو بوو دەتوانین بڵێین سەلمان گەیلانی لەسـەردەمی والـی مـستەفا عاسـم پاشـا تووشـی زۆر دەردی سـەری هـاتبوو، تاخـەڵکی لێـی رەوینەوە ئەوانەی خۆشیان دەویست و دەچوون بۆ دیوەخانەکەی، خـەڵکی



گوندەکان دابارینە سەری ئەوانەی پەیوەندی کشتوکاڵیان لەگەڵیدا هـەبوو، والی لەلایەکەوە دەیویست سووکایەتی بەتەریقەتی قادری بکات و لەلایـەکی دیکـە پـشتگیری تەریقـەتی رفـاعی بکـات، لەسـەردەمی ئـەودا مزگـەوت و مقامێکی نایـاب لـەدەوری گۆڕەکـەی سـەید ئەحمـەد رفاعی دروسـتکرا لـەو شارۆچـکەیەی کـە بـەناوی خۆیەوەیـە ئێـستا دەکەوێتـە سـەر رووبـاری ئەلغـەراف، لەبەغـداش دەسـتکرا بەدروسـتکردنی مزگـەوتی سـەید سـوڵتان عەلی کەباپیرە گەورەی ئەلرفاعیەو بەرامبـەر مزگـەوتی شێخ عەبدول قادری گەیلانی بوو لەهاوشانی ئەو بوو.

(ئەلـصیادی) فـەرمانێکی لەسـوڵتان عەبـدول حەمیـدەوە دەسـتکەوت بـە دامەزرانـدنی سـەید ئیـبراهیم ئـەلراوی بەنـەقیبی سـەیدەکانی رفاعی لەگـەڵ بەخشینی پایەیەکی بـەرز پێـی بۆئەوەی سـەروەری سـەید سـەلمان گـەیلانی ئاوابێت، دەڵێن سەید ئیبراهیم ئەلراوی توانی پەیوەندییە توونـدو تۆڵەکـەی نێوان خۆی و ئەلـصیادی بـەکاربێنیّ بـۆ سـوودی خـەڵکی راوەو عانـەو بـووە پەنایان لەبەغداو نێوەندێك تاشەفاعەتیان بخوازیّ لـەلای حکومـەت (دەبیـنین دەست بەڕووی کەسـەوە نـانێن داواکاریـەکی لـیّ بخـوازیّ، هـەر کەسـەردانی بکەیت دەبینی نامەی تکاو شەفاعەت دەنووسیّ بۆ هەرکەسـیّ داوای رەچـاو شەفاعەت بکات، تکاو شەفاعەتیشی لەهەموو کاتێکدا قبوولّ کراوە)[١٧].

سـەید سـەلمان نـە ئاسـوودە بـوو نـە دەسەڵاتیـشی گـەڕایـەوە تـا مـستەفا عاسـم پاشـا لەبەغـدا نەگوێزرایـەوە ئـەنجامی کێـشەی بەخاکـسپاردنی حاخامەکە هەروەکو لەمەدا دێینـە سـەر باسـی، سـەیر لـەوەبوو هـەر کەسـەید سەلمان هەواڵی مردنی مستەفا عاسم پاشای دوای دووساڵ پێگەیشت زۆر بـە کـولّ دەسـتی بـەگریان کـرد، هـەر کەعەبـدول رەحمـانی بـرای هـۆی گریانەکەی لیّ پرسی وەڵامی دایـەوە: ناگریم بۆئەوەی بۆی بەداخم، بەڵکو بەداخم بۆئەوەی کەمردو بیّ ئەوەی حەقی خۆمی لیّ وەرگرم[١٨].

## مەسەلەی ناشتنی حاخامەکە:

لەهاوینی ١٨٨٩ کۆلیرا لەعێراق پەیابوو، زۆر توندبوو بەڵاکەی هەموو ناوچە جیاجیاکانی گرتەوە، ژمارەی مردووان لەشاری بەغدا گەیشتە سەدو سی کەس رۆژانە، خواپێداوان و دادوەرو بیانیەکان-هەروەکو لەهەموو پەتایەك وایان دەکرد-لەبەغدا رایانکرد، لەدەشتەکان رەشماڵیان هەڵدا، پەتاکە لەبەغدا سی رۆژی خایاند، پاشان بەرەبەرە کەم بووەوە، ئەوەی لەنێوان ئەوانەدا مرد، عەبدوڵڵا ئیبراهیم سومیخ بوو سەرۆکی حاخامەکان بوو لەلای جووەکان پایەیەکی بەرزی هەبوو، جووەکان نەیانویست لەگۆڕستانی خۆیان بیشارنەوە کەدەکەوێتە رۆژهەڵاتی بەغدا، روخسەتیان لەمستەفا عاسم پاشا وەرگرت تا لەلای مەرقەدی یوشع پێغەمبەر بینێژن کەدەکەوێتە بەری کەرخ نزیك بەمەرقەدی شێخ جونێد، بەڵام هەر کەگەیشتنە مەرقەدەکە ویستیان دەرگاکەی بکەنەوە مجێورەکە بەری لێگرتن و خەڵکی کۆبوونەوە، پاشان سەرۆکی شارەوانی کەرخ عەبدوڵڵا زەیبەق هات لەگەڵ هەندێ فەرمانبەردا تا لەگەڵ مجێورەکە بوەستن، جوولەکەکان هێرشیان بردو دەرگاکەیان شکاندو پاشان تەرمەکەیان لەنێو شوورەی مەرقەدەکەدا ناشت، دەڵێن لەوکاتەدا لەعەبدوڵڵا زەیبەقیشیان داوەو بەپاڵپشتی میری لیواکە سەعید ئاغا جنێویان پێی داوە، ئەم ئەفسەرە ئاگای لێیان بووەو پەیوەندی بەیەکێك لەسەرۆکەکانیانەوە هەبووە ئەویش مامۆستا نەسیم بووە، هەر کەوالی بەمەسەلەکەی زانی رێگاچارەی توندو تۆڵی گرتەبەر دژ بەجوولەکەکان و فەرمانیدا بەدەستگیرکردنی سەرۆکی حاخامەکان ئەلیشاع و هاوڕێکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی جسمانی وەکو



یوسف شەنتوب و ساڵح کاشی و لەکڵێسە بەندکران[١٩].

هەواڵەکە گەیشتە ئەوروپا جوولەکەکان لەوێ راپەڕین و هەرایان نایەوە لەرۆژنامەو ناوەندە سیاسیەکان، یەکێك لەجووەکان لەبەریتانیا ناڕەزایی بەرزکردەوە بۆ لۆرد سالزبۆری و ئەم سکاڵایەی پێشکەش بەئەستەموڵ کرد[٢٠]، وابڵاوبوەوە کەجووەکان خۆیان گەیاندوەتە دایکی سوڵتان و وایان لێکردووە خۆی لەمەسەلەکە بپێچێتەوە[٢١]، والی لەسوڵتان داوای روخسەتی کرد بەدەرهێنانی تەرمەکەو گواستنەوەی بۆ گۆڕستانێکی گشتی جوولەکەکان، سوڵتانیش لەم بارەیە لەباقەتی سیاسی نوواند، هەروەکو لەم جۆرە مەسەلانە عادەتی بوو، چونکی خۆی برووسکەی کرد بۆ والی و رێگای پێبدات بۆ گواستنەوەی تەرمەکە، هەروەها برووسکەشی بۆ کرد کەئەو گوێزراوەتەوە بۆ ولایەتی ئەدەنەو دەبێ هەرئێستا بەغدا بەجێ بهێڵێ، لەشەوی ١١ی کانوونی یەکەمی ١٨٨٩ تەرمەکە گوێزرایەوەو بۆ رۆژی دواتر والی مستەفا عاسم پاشا بەغدای بەجێهیچشت بەرەو ئەدەنە، بەڵام گوێزرابوەوە بۆ ولایەتی شام بەرلەوەی بگاتە ئەو شارە[٢٢].

والی سرِی پاشا:

سرِی پاشا دامەزرا بەوالی بەغدا لەجێی مستەفا عاسم پاشا، لە ١٢ی کانوونی دووەم ١٨٩٠ گەیشتە بەغدا، زۆر لەوێ نەمایەوە، چونکی ماوەی ولایەتەکەی ساڵێك و حەوت مانگ بوو، ئەوەی راستی بێ سرِی پاشا لەوالیەکانی دیکەی عوسمانی جودابوو بەهەندێ خاسیەت ناسرابوو، ئەدیب بوو چەند کتێبێکی هەبوو لەراڤەکردن و زانستی ئاخاوتن و راڤەکردنی بیروباوەڕەکانی ئیسلام و رەخنەگرتن لەوەی پێچەوانەیەتی، سەردەمی ئەو زۆرترین سەردەم بۆ هاندانی ئەدەب و رێزگرتن لەپیاوانی ئایین، هەر کەفەرمانەکەی لەقشڵە خوێنرایەوەو دوای گەیشتنی بۆ بەغدا

وتارێکی ئەدەبی بەجۆشی دا تێدا داوای ئیتاعەتی خواو پێغەمبەرو سەرانی خۆیانی کردو داوای لەرەعیەت کرد ئاگاداربن ئەگەر لەراپەڕاندنی ئەرکەکەی تووشی غەفڵەت بوو.

وتی: (شوورەیی نییە کەمرۆڤ هەڵەی لێ دەرکەوێت، بەڵام شوورەیی لەوەدایە سووربێ لەسەر هەڵە، حەق رەواترە شوێنی کەویت)[٢٣].

بەهجەت ئەلئەسەری لەوەسفی (سرِی پاشا) دەڵێ: ئەو برای زانست و ئەدەب بوو، شەوو رۆژی بەخوێندنەوەی کتێب بەسەر دەبردو دیالۆگ لەگەڵ زانایان و باسی ئەدەب، کەس نەبوو لەم بوارەدا خۆی لەقەرەی بدات جگە مەحمود شوکری ئالووسی نەبێ، ئەمیان حەزی لەتێکەڵبوون لەگەڵ میرەکان نەبوو، حەزی بەدووره پەرێزی خەڵکی دەکرد، بەڵام سرِی پاشا خۆی لەلای خۆشەویست کردو زۆر سەردانی دەکرد تائاشنای بوو، زۆربەی کاتی لەگەڵدا بەسەردەبرد بەدانیشتن و قسەکردنەوە، هەروەها لەنووسین و پۆلین کردندا هانای بۆ دەبرد، پاشان دروستکردنی بەشی عەرەبی لەرۆژنامەی ئەلزەورادا پێ سپارد، هەرچیەکی ویستبایە لەنووسینی زانستی و ئەدەبی تێدا بلاوی دەکردەوە، لەو کەش و هەوا مەنگەدا بزووتنەوەیەکی خولقاندو پرسیاری زۆرو جۆراوجۆری ئاراستەی زاناکانی بەغدا دەکرد[٢٤]، شێخ ئاغا بزورگ تارانی لەکتێبەکەی خۆیدا (چینی پیاوە ناودارەکانی شیعە) باس دەکاو دەڵێ: والی سرِی پاشا ئەدیب بوو پەیوەندی لەگەڵ پیاوانی زانیت و ئەدەبدا هەبوو لەوانە شێخ عەلی کاشف غیتائی نەجەفی، شێخ عەلی کتێبێك یدانا بەناونیشانی (بۆن و بەرامەی عەنبەریانە لەجێ دەستەکانی سری دا) (النوافح العنبرية في المأثر السرية) هەرچییەك لەمەدح و زەم دەربارەی دۆستەکەی سرِی پاشا تیا کۆی کردبوەوە، ئەوەیشی کەخۆی سەبارەتی وتبووی[٢٥].



سرِی پاشا بەوەوە نەوەستا کەپەیوەندی توندو تۆڵی هەبوو لەگەڵ پیاوانی ئاییندا، بگرە سەرباری ئەوە دیمان لەگەڵ بابییەکان زۆر دڵڕەق بوو، دەیچەوساندنەوە بەتایبەتی سەرۆکەکەیان لەبەغدا حاجی محەمەد حسێن ئەسفەهانی خاوەنی خانوویەکی ناسراو بوو لەگەڕەکی شێخ بەشاره لەبەری کەرخ، سرِی پاشا دووری خستەوە بۆ مووسڵ، هەر کەرۆژی ٢٨/ مارس ساڵی ١٨٩١ رۆژنامەی ئەلوەزرا دەرچوو هۆی دوورخستنەوەکەی تیا باس کردبوو هەر کەوتبووی: (ئەو هەمیشە هەوڵی دەدا بۆ چەواشەکردنی ئەقڵی خەڵك و بەلای خۆیدا رایانبکێشێ) دەوڵەت دەیپاراست، یان لێی بێ ئاگابوو، ئەویش لەبانگەشەکەی خۆی بەردەوام بوو بەئاشکرا تالەنێوان خەڵکیدا واتە وات زۆر بوو، زۆربەیان مەزبەتەیان نووسی تا لەگەڵ دەست و پێوەنەکانی دووری خەنەوە، بۆیە بڕیاری دوورخستنەوەی دەرچوو بۆ مووسڵ و هەواڵیش بەگەیشتنی بۆئەوێ گەیشت[٢٦].

ئەوەی سەیرە لەمەسەلەی سرِی پاشادا، لەکاتێکدا لەبارەی سەرپەرشتی بۆ زانست و ئەدەب بەوشێوەیە بوو کەچی سەردەمەکەی ناشیرین ترین سەردەم بوو لەلایەن بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەرتیل و چەتەیی، مسیۆ بونیۆن کونسڵی فەرەنسا لەبەرواری ٢٣ مارس ١٨٩١ لەنامەیەکیدا بۆ حکومەتەکەی دەنووسێ و ئەمەیش دەقەکەیەتی: (بەرەڵایی لەبەغدا گەیشتووەتە ئەوپەڕی، دزینی بەردەوام و وابزانم بەلانی کەمەوە دووسەد رووداوی دزین لەشارەکەدا لەماوەی هەشت مانگدا روویداوە، هیچ حوکمێکی جدی نەدراوە بۆ هیچ یەکێك لەو تاوانانە، دادوەرەکان حوکمی رزگارکردنی تاوانباران دەفرۆشن بەتاوانبارەکان، خەڵکی لێرەدا ناوی ئەو تاوانبارانە دەڵێن کە بەرۆژی رووناك خەڵکیان کوشتووە، بەڵام بەبیانووی نەبوونی شایەت بەرەڵا کراون، ناتوانم وێنەیەك بۆ مەعالیتان بەرزکەمەوە

سەبارەت بەو دۆخەی ئەم هەرێمە تووشی هاتووە لەوەتەی لەلایەن والی ئێستاوە بەڕێوەدەچێ، ئەم کابرایە بەرتیل خۆرە هەموو شتێ بەپارە دەفرۆشێ بەرادەیەك تەسەور ناکرێ، خەڵکی لێرە هەر لەوالیەوە تا دواکەس لەکەسانی ژاندرمە دەدزن و تالان و بڕۆ دەکەن و ئاژاوە باشترە لەو سیستمەی ئێستا لەسایەییدا دەژین[٢٧]، دەتوانین بڵێین سڕی پاشا چاوی لەسەربوردی هەندێ لەفەرمانڕەواکانی پێشوو دەکرد ئەوانەی لەلایەکەوە نەرەعیەتەکانی خۆیان دەدزی و لەلایەکی دیکەوە بوون بەرامبەر ئەدیبان و زانایان بەسەخاوەت، ئەم ڕێبازەش بۆ فەرمانڕەواکانی مێژینە باش بوو، چونکی ئەدیبان و زانایان تەنها ئەوان قەڵەمیان هەبوو بۆ تۆمارکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان و نەمرکردنی یادیان، بەڵام خەڵکی رەشۆکی رەعیەت کەس سکاڵاکانیانی تۆمار نەدەکردن، خەریك بوو ئەم ڕێبازە بەکەڵکی سڕی پاشا بهاتبایە ئەگەر کونسڵی فەرەنسا ریسوای نەکردبایە.

## یەکەم بەنداوی هندیە:

لەکۆتایی سەدەی هەژدەم دەوڵەمەندێکی هندی ناوی (ئاسف دەولە) بوو ویستی ئاو بۆ نەجەف راکێشێ، فەرمانیدا بەهەڵکەندنی جۆگایەك ئاو لەفوراتەوە ببات لەباشووری (مسەیەب)، هەر کەجۆگاکە لێدرا لەگەڵ رۆژگاردا ئاوەڕۆکەی پان بوەوە تاوای لێهات زۆربەی ئاوی فوراتی تیاچوو، بەرە بەرەش ئاوی رووباری حلە کەم دەبوەوە، هەر لەسەردەمی عەلی رەزا پاشاوە حکومەت هەوڵیدا بۆ گەڕانەوەی ئاو بۆ رووباری حلە، بەڵام بێسوود بوو، ساڵی ١٨٨٥ بەتەواوی رووباری حلەوشك بوو، تەنها لەوەرزی لافاودا ئاوی تیا دەچوو، دانیشتوانی شاری حلە کەم بوەوەو گەیشتە نیوە،



خێڵەکان گواستیانەوە بۆ ناوچەکانی دیکە.

محەمەد عەلی قەزوینی بروسکەیەکی بۆ ئەستەمووڵ لەشێوەی بەیتە شیعرێك رەوانەکرد ئەمەیش دەقەکەیەتی:

الی أن یعود الماء في النهر جاریا ویخضر جنباه تموت ضفادعه[٢٨]

واتا:

(تا ئاو دەگەڕێتەوە بۆ رووبارەکەو رێ دەکاو رۆخەکانی شین دەبن بۆقەکان دەمرن).

ئەوەبوو ئەستەمووڵ بایەخی بەمەسەلەکەداو ناردی لەفەرەنسا ئەندازیارێکی ناسراو هات و ناوی مسیۆ شۆندیرفر بوو، ئەمە لەگەڵ یاریدەدەرێکی لەپاییزی ١٨٨٩ گەیشتنە بەغدا، دەستی کرد بەگەڕان و توێژینەوە لەئاوەڕۆی فورات تاگەیشتە خانووەکەی خۆی پاشان گەڕایەوە ئەنجام دەستی کرد بەدروستکردنی بەنداوێك لەشێوەی دوو باڵی لارەوە بوو لەگەڵ دەلاقەیەك لەناوەڕاستەوە کەدرێژیەکەی حەڤدە مەتر بوو[٢٩].

بۆ دروستکردنی ئەم بەنداوە خەڵکێکی زۆر لەرۆڵەی عەشیرەتەکان و کەسانی دیکە هێنران و هەندێ لەوپێناوەدا بێگاریان پێ دەکرا، بۆ نەمر کردنی یادی دروستکردنی بەنداوەکە منارەیەکی بەرز لەنزیك باڵی لای چەپیەوە دروست کراو مێژووی کۆتایی بیناکەی لەسەر نووسراو لەگەڵ نەمر راگرتنی سوڵتان عەبدول حەمید، تائێستاش ئەو منارەیە ماوە، گەرچی دەمێکە بەنداوەکە نەماوە، لە ٢٥ی تشرینی یەکەم ١٨٩٠ ئاهەنگیان دەگێڕا بەبۆنەی کردنەوەی بەنداوەکە، والی سڕی پاشاو لەگەڵ سەید عەبدول ڕەحمان گەیلانی و رەفعەت ئەفەندی چادرچی و کەسانی دیکە لەپیاوماقووڵانی بەغدا، هەروەها پیاو ماقووڵانی حلەو کەربەلایش ئامادەی بوون، موفتی حلەش سەید مستەفا واعیز وتارێکی داو مەدحی سوڵتانی

كرد بەم منەتە مەزنەی كەرايپەرموو بەرەعیەتەكەی خۆی، پاشان مەدحی هیمەتی والی كرد، دوای تەواوبوونی ئاهەنگەكە روویانكردە باغەكەی رەفعەت چادرچی نزیك حلەو ناوی (ئەلجمجمە) بوو، لەوێ مانەوە. بۆ رۆژی دواتر چوون بۆ حلە، حلە خۆی رازانەوە بۆ پێشوازی كردنیان، خەڵكەكەی بەچەك و تەپڵەكانیانەوە هاتنە دەرەوە، شێخ عەباس ئەلعزاری شیعرێكی لەمەدحی والی خوێندەوەو والیش كاتژمێرێ ئاڵتوونی بەزنجیری ئاڵتوونی پێ بەخشی[٣٠].

نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ لەم بۆنەیەدا ئەو خشتەی كەبەنداوەكەی پێ دروستكرا هەمووی لەكەلاوەكانی بابل دەرهێنران، بۆ ئەم مەبەستەش دنیامێت بەكارهێنرا، چونكی دەخرایە دیواری كۆشكەكانی بەختە نەسرەوەو دەتەقێنرانەوەو خشتیان لێ دەردەهێنا[٣١]، ئەم مەسەلەیەش جێگای داخە، چونكی ئەگەر كۆشكەكانی بەختە نەسر وەكو خۆی بمایەتەوە ئێستا گەنجینەیەكی شوێنەواری و گەشت و گوزاری نرخیان لەمەزنە نەبوو.

## هەراكەی مووسڵ

سوڵتان عەبدول حەمید وا راهاتبوو هەر بەین نا بەینێ پشكێنەری پلە بەرزو خاوەن دەسەڵاتی بەربڵاوی رەوانەی ولایەتەكانی عوسمانی دەكرد، بۆئەوەی چاو بەو گەندەڵیەدا بگێرێ كەدەستی بەسەر ولاتدا گرتبوو، ساڵی ١٨٩٢ سوڵتان پشكێنەرێكی لەم بابەتەی رەوانەی عێراق كرد ناوی عومەر لوتفی پاشا بوو دەسەڵاتێكی دا پێی لەسەروی دەسەڵاتی هەموو والیەكان بوو، ئەم كابرایە لە (٥)ی تەمموز گەیشتە موسڵ، ویستی لەوێ دەست



بەهەوڵە چاكسازیەكانی بكات، ئەو سەردەمانە ویلایەتی موسڵ گەندەڵی و زوڵم و زۆری تیابوو[٣٢].

عومەر لوتفی پاشا وای هەست كرد دەتوانێ لەرێگای تووندوتیژی و تۆقاندنەوە هەموو شتێ چارەسەربكات، رای وابوو لەپێشا گەورەكان بترسێنێ دوای ئەوەش خەڵكی عەوام لێی دەترسن، یەكەم ئیش كە لەموسڵ كردی هەموو ئەو خەڵكە رەشەی لەبەندیخانە بەرەڵا كرد، لەجێی ئەوان ئەندامانی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی و هەندێ لەپیاوماقووڵانی خستە بەندیخانەوە.

بەبیانووی ئەوەی ئەمانە دزو رێگرن[٣٣]، ئەمانە لەو گەرما تووند شەش رۆژ لەبەندیخانە مانەوە، پاشان بەرەڵای كردن و لەسەر كارەكانیان لایبردن[٣٤]، ئەنجا قازیەكی هێنا ناسراو بوو بەبەرتیلی خۆری، ئینجا بەرودوا سواری كەرێكی كردو بەشەقامەكانی مووسڵیدا سووڕانیەوە.

بانگەواز چی لەپێشیەوە دەرۆیشت بۆ خەڵكی تاوانەكەی دەگەیاند، خەڵكی واقیان وڕما بۆ یەكەمجار ئەم حوكمە سەختە دادپەروەرییە دەبینن[٣٥]، عومەر لوتفی پاشا كۆمیسیۆنێكی تایبەتی پێكەوەنا بۆ وەرگرتنی ئەو باج و خەراجەو قەرزە میریانەی هەشت ساڵی پێشوو لەلای خەڵكی مابوو، خەڵكی بەپەلە ئەوەی بەسەریاندا فەرزكرابوو دەیاندا، دەترسان چارەنووسی ئەوانیش وەكو چارەنووسی قازی و ئەندامانی ئەنجومەنی بەرێوەبردن بێت، كۆمیسیۆنەكە توانی لەماوەیەكی كورتدا پتر لە ٥٢ هەزار لیرە كۆكاتەوە، عومەر لوتفی پاشا بەم پارەیە خانوویەكی حكومەتی دروستكرد لەسەر تەرزی نوێ، هەروەها مووچەی سەربازەكانی زیادكرد[٣٦]، ئەم سەركەوتنەی عومەر لوتفی پاشا بەدەستی هێنا وای لێكرد بەردەوام بێت لەتووندوتیژی و گوێی بەهیچ نەدەدا، بڕوا بەخۆبوون وای

لێکرد تارادەیەك فەرمانێکی دەرکرد بۆ سەرژمێری دانیشتوانی مووسڵ تەنانەت ژنانیش، لێرەدا پاشا رووبەڕووی شتێك بووەوە کەرەچاوی نەدەکرد، نەیارەکانی ئەمەیان بەهەل زانی تاریسوای بکەن، چونکە ئەو دەیەوێ حرمەتی ژنانیش ببەزێنێ بەتۆمارکردنی ناویان، خەڵکی مووسڵ قیامەتیان نایەوە، بازاڕەکان داخران، خۆپیشاندان دەرچوو جنێویان پێی دەدا، یەکێك لەو هۆسانە دەیانووت:

(سەگی رەش باشترە لەوالی)، خۆپیشاندانەکان کابرایەك سەرکردایەتی دەکردن ناوی (محەمەد ئەبو جاسم) بوو هەر کەحکومەت دەستگیری کردو خستیە بەندیخانەوە، خوشکەزاکەی پەیابوو سەرکردایەتی جەماوەری کرد لەجیاتی ئەوو بەشانازیەوە ئەمەی دەووت: (ئەو خاڵە منیش خوشکەزای، لەمەرگا خاڵۆم ناسی)[٣٧].

ئەوەبوو برووسکە دەنێردرا بۆ ئەستەمووڵ ناڕەزاییان دەردەبڕی لەکردەوەی پاشا، وەڵام لەئەستەمووڵەوە هاتەوەو دەیووت (سوڵتان نایەوێ بێتە حەرەمی ئیمپراتۆریەتی ئەوەوە پێش ئەوەی زۆر دڵنیا نەبێ لەراستی بارودۆخەکە، ئەنجام پاشا ناچاربوو دەست لەمەسەلەی ئامارەکە هەڵبگرێت[٣٨]، ئەمە یەکەم شکستی ئەو بوو، پاشان شکستێکی دیکەی بەدوادا هات بەرامبەر ئێزدیەکان، ئەم شکستەش ئەوەبوو کە لەسەر کاری لابردو بەدۆڕاوی گەڕایەوە بۆ ئەستەمووڵ...



## کێشەی ئێزدیەکان

کێشەی ئێزدیەکان کۆنە رەگی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك لەمەوبەر، ئاگر شەڕی نێوانی خۆیان و دراوسێ موسڵمانەکانیان نەدەکوژایەوەو چەوساندنەوەیان بەردەوام بوو، بەڵام کێشەکە شێوەیەکی نوێی وەرگرت هەر لەسەرەتای پراکتیزەکردنی سیستمی راژەی سەربازی زۆرەملێ لەعێراق، ئەوەبوو سەبارەتیان بیروڕای پیاوانی دەوڵەت دابەش بوو، ئایا ئەوان موسڵمانن تاراژەی سەربازیان بەسەردا بسەپێ، یان ناموسڵمانن تاوەکو جوولەکەو مەسیحیەکان لەجیاتی پارەیان لێ وەربگرێ.

وادیار بوو دواجار را لەسەر ئەوە جێگیر بوو پابەندی سیستمی سەربازیی بن، ئەوەبووساڵی ١٨٧٢ بینیمان سەرۆکانی ئێزدی مەزبەتەیەك پێشکەش بەحکومەت دەکەن و تیا داوادەکەن ئێزدی لەراژەی سەربازی وەلابنێن بەبیانووی ئەوەی فەرزەکانی ئایینەکەیان رێگە نادات ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن وەکو لەساڵێکدا سێ جاران سەردانی مەلیك تاووس بکەن کە بەگووتەی ئەوان ئەهریمەنەو هەروەها ساڵی جارێك سەردانی ئارامگای (شێخ ئادی) هەریەك لەوان هەندێ لەخاك و خۆڵی شێخ ئادی لەگیرفانی هەڵدەگرێت و هەموو رۆژێکیش تۆزێکی لێ دەخۆن، هەروەها لەمەزبەتەکەیان باسی ئەوەیان کردبوو کەئایینەکەیان چوونە ئاودەس و حەمام و بەکارهێنانی جلوبەرگی رەش و خواردنی ماسی و کولەکەو بامیەو فاسوولیاو کەلەرم و کاهوی لێ حەرام کردوون، هەروەها نیشتەجێ بوون لەو شوێنانەی کاهووی لێ شین دەکرێ و بیستنی بەنەعلەت کردنی شەیتان لەدەمی هەچ کەسێکەوە بێت ئێزدی دەبێ ئەوکەسە بکوژێت کەنەعلەت

لەشەیتان دەکات یان دەبێ خۆی بکوژێ ئەگینا کافر دەبێت، ئەم ئەرکانەو هی دیکەیش ڕێگا لەئێزدی دەگرێت ببێتە سەرباز، بۆیە داوا لەحکومەت دەکەن لەم ڕووەوە لێیان خۆش بێت[٣٩]، ئەو مەزبەتەیە کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر بەرپرسەکان، لەوانەیە دیاری بەنرخیشی لەگەڵدا بووبێ کەکاریگەری زیاتر کرد بەپێی ڕێبازی ئەو ڕۆژگارە، حکومەت ڕازی بوو بەدوورخستنەوەی ئێزدیەکان لەڕاژەی سەربازی وایکرد وەکو جوولەکەو نەسرانیەکان قەرەبووی پارەبدەن، ئەم حاڵە دە ساڵی خایاند، تا ئەو ڕۆژە هات پیاوانی ئایینی بانگی ئەوەیاندا کەنابێ ئێزدیەکان وەکو ئەهلی کیتاب مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، چونکی ئەوان تیپێکی ئیسلامین و لەڕێگا لایان داوە دەبێ بەهەر شێوەیەکی گونجاو بێت بیانگێڕنەوەو ڕاژەی سەربازی بیانگرێتەوە وەکو هەموو موسڵمانێك.

حکومەت نێردراوی ئایینی نارد بۆلایان بۆ ڕێپیشاندانیان و هیدایەت دانیان، بەڵام لەوە سەرکەوتوو نەبوون[٤٠]، پاشان پەنای بردە بەر توندوتیژی و هێزی تەمێکی کردنی ناردە سەریان ئەنجامی ئەوە شتی زۆر ناهەموار ڕوویداو دەستدرێژی کرایە سەر نامووس و خوێن ڕشتن و ماڵ و موڵکیان تالان کرا، گەشتیارێکی بەریتانی دەگێڕێتەوە کەناوی ئەسیر ولیس برج بوو، کاتێ بەگوندەکانی ژەنگاردا تێدەپەڕی لەزستانی ١٨٩٠–١٨٩١ گوێی لەو سەربردانە بوو کەموچڕکیان دەخستە لەشەوە[٤١]، ساڵی ١٨٩٢ ئەرکی ڕێ پیشاندانی ئێزدیەکان خرایە ئەستۆی عومەر لوتفی پاشا، ئەمیش هەمان ڕێبازی گرتەبەر کە لەمووسڵ بەکاری هێنابوو، هاتنەوە سەر ڕێی خستەوە بەردەم ئێزدیەکان هەرکەسێك بەخۆشی ئەمە ڕەت کاتەوە بەشمشێر ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێ، پاشا دەستی بەرێ پیشاندانی خۆی کرد لەناو ئێزدیەکان کەنیشتەجێی گوندەکانی شێخانن لەرۆژهەڵاتی



مووسڵ، بەگوێرەی ئەوەی ئەوانە کەمتر کەللە ڕەق و توندو تیژن لەئێزدیەکانی ژەنگار، ناردی بەشوێنیانە تابێنە لای، خەڵکێکی زۆر هاتنە لای هەر کەهەیبەتی لەلایان جێگای خۆی کردەوە، لەپێشی هەموویانەوە میری شێخان میرزا بەگ بوو، هەر کە لەشاری مووسڵ نزیك بوونەوە پاشا بەرەو پیریان چوو زانایانی مووسڵی لەتەك بوو، هەروەها پیاو ماقووڵانیش دوو بەتالیۆنی سەربازی و تیپی مۆسیقایان لەگەڵ بوو، ئێزدیەکان سەرسووڕمابوون لەم ڕێزلێنانە سەیرە، ڕێیان دەکردو لەپێشەوەیان مۆسیقا لێدەدرا تاگەیشتنە خانووی حکومەت و چوونە ژوورەوەو گۆڕەپانەکەی پڕبوو لێیان، پاشاو زانایان و پیاوماقووڵان سەرکەوتنە سەر پەیژەکە، بەو بۆنەیەوە وتارێکی بۆیان دا، پاشان داوای لێکردن نەعلەت لەشەیتان بکەن، هەموو کپ بوون، سێ جار مەسەلەکەی لێ دووبارە کردنەوە، هیچ کەسێ زاری هەڵنەهێنا بۆ نەعلەت کردن شەیتان جگە میر میرزا بەگ و برا بچووکەکەی و دووکەس لەعەوام[٤٢]، پاشا فەرمانیدا بەسەربازەکان لێیان بدەن تا سێ کەس لەژێر لێدان گیانیان لەدەستداو زۆریش بریندار بوون و بران بۆ نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردن، بەڵام ئەوانەی لەلێدان قوتاریان بوو پاشا لەخۆی نزیك کردنەوە، بەڵکو دێنە سەر ڕێگا[٤٣].

دیارە میرزا بەگ و هەندێ لەوانەی لەگەڵی هاتبوون ویستیان خۆیان بپارێزن و لەبەردەم پاشا وایان نیشاندا کەوازیان لەپیرۆز ڕاگرتنی شەیتان هێناوە، ئەگەر گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان براکانیان قەناعەت پێ دەهێنن کەوەکو ئەوان بکەن، پاشا برووسکەی لێدا بۆ ئەستەمووڵ و دەڵێ بیست هەزار ئێزدی بەهیمەتی ئەو هاتوونەتە سەر ڕێ و داوای مەدالیای کردبوو بۆ میر میرزا بەگ و براکانی، ئەوەبوو مەدالیاکان گەیشتنە مووسڵ و دران بەخاوەنەکانیان و ئێزدیەکانیش گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان... پاشا

مامۆستای نارد بۆ گوندەکانی شێخان تائێزدیەکان فێری خوێندەواری و ڕێورەسمی ئایین بکەن، مامۆستاکان هەر کەگەیشتنە گوندەکان ڕووبەڕووی دەرکردن بوون و خەڵکەکەیان هەڕەشەیان لێکردن بەکوشتن ئەگەر بێت و بێنەوە، پاشا هەر کەئەمەی بیست زۆر تووڕەبوو کوڕەکەی لەگەڵ بەتالیۆنێك سەرباز نارد بۆ ئەو گوندانە تالآنیان کردن و مەڕو ماڵاتیان بردن و ژن و منداڵەکانیان دەستیان بەسەردا گیراو پیاوانێکی زۆریان سەربڕی چوار گوندی دنادیەیان لەگەڵ خەڵکەکەی و مەڕو ماڵات سووتاند[٤٤]، هەروەها کۆشکی میرنشینەکەیان تالآن کردو گومەزی ئارامگاکانیان سووتاند، ئەو بەدکاریەی کە بەسەر ئارامگای شێخ ئادیان هێنا باس ناکرێت، پاشان کردیان بەخوێندنگایەکی ئایینی و دەستیان گرت بەسەر سەنجەقان و شتە پیرۆزەکانداو ڕەوانەی بەغدایان کردو لەوێ لەخەزێنەی سوپا هەڵگیران، بۆ ئێزدیەکانیان نەگەڕانەوە تەنها دوای ڕاگەیاندنی دەستوور نەبێ"[٤٥].

هەر کەئێزدیەکانی ژەنگار بەمەیان زانی کەبراکانیان لەگوندەکانی شێخان چیان لێ قەوماوە یاخی بوونیان ڕاگەیاند، شوێنەکانیان شاخاوی بوو یارمەتی دەدان بۆ بەرگریکردنی هێزەکانی حکومەت و زیانێکی زۆریان پێیان دەگەیاند، عومەر لوتفی پاشا سووربوو لەسەرئەوەی کەخۆی بڕوات بۆ شەڕکردنیان، تۆپخانەو هێزی عەشایەرو سەربازی زۆری ئامادەکرد، لە ١٥ی نیسانی ١٨٩٣ جەنگێکی توند لەنێوان هەردوولا ڕوویداو سێ ڕۆژ درێژەی هەبوو لەشوێنێك پێی دەڵێن (زوقایە) هێزەکانی حکومەت لەوشەڕەدا تووشی زیانێکی گەورە بوون، کەچی زیانی ئێزدیەکان تارادەیەك کەم بوو، ئێزدیەکان لەجەنگدا زۆر سەرسەخت بوون و زیاتر شەوانە هێرشیان دەکردە سەر سوپاو پاشان دەگەڕانەوە سەنگەرەکانی



خۆیان، ئەو عەشیرەتانەش کەکەوتبوونە تەك سوپا ئەوانیش لەکاتی محنەتدا شوێنەکانی خۆیان بەجێهێشت هەروەکو کوشتێکی ئاساییە لایان.

پاشان ئەنجامی ئەم شکستە پەنای بردە بەر دانوستان لەگەڵ ئێزدیەکان، کاتێك پاشا سەرقاڵی دانوستان بوو لەگەڵ ئێزدیەکان لێژنەیەك گەیشتە مووسڵ بابولعالی ناردبووی بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، لیژنەکە لەمووسڵ بانگی کردو پێیان ڕاگەیاند کەدەبێ بچێت بۆ ئەستەموول، لە ٢٥ی نیسان چوو بۆ ئەستەموول و لەوێ فەرمانی لابردنی دەرچوو، ئێزدیەکان هەر کەئەمەیان بیست دەستیان کرد بەشایی و خۆشی و هوتافیان بۆ سوڵتان عەبدول حەمید لێدەداو بەیەکێك لەخۆیان دانا، دەیانووت ئەو ڕازی نەبوو بەدەست درێژی کردنە سەریان[٤٦].

لەساڵی ١٩٠٣ والی مووسڵ نووری پاشا بۆ بابولعالی دەنووسێ و بەرگری لەئێزدیەکان دەکات و پێشنیازدەکات کە لەبیروباوەڕی خۆیان سەربەست بن و قەرەبووی پارەیان لێ وەربگیرێ لەجیاتی ڕاژەی سەربازی، بابولعالیش بەدەنگی ئەم پێشنیازەوە هات و ئارامگای شێخ ئادیان بۆ ئێزدیەکان گەڕانەوەو ئەو خوێندنگە ئایینیە (حوجرەیە)یان لابرد کەعومەر لوتفی پاشا دایمەزراندبوو[٤٧].

ئەو کارەساتانەی تووشی ئێزدیەکان هاتبوو تائێستا لەیادیان ماون و لەکەلەپووری میللی خۆیاندا پاراستوویانە لەشێوەی سروودی شیوەن و حیکایەتخوازی پێی دەڵێن (ستران)[٤٨]، پێویستە توێژینەرەوەکانی کەلەپووری میللی بایەخ بەتۆمارکردنی ئەو سروودانە بدەن، چونکی گرنگی کۆمەڵایەتی و مێژوویان تێدایە هەیە...

## حاجی حەسەن پاشا:

لەساڵی ١٨٩١ سرِی پاشا والی بەغدا لەگەڵ حاجی حەسەن پاشا والی دیاربەکر ڕێکەوت کەجێگای یەکتری بگرنەوە بەشێوەی (بەجایش)–گۆڕینەوە–ئەستەمووڵ ئەمەی پەسەندکرد، لە ٢٤ی ئاب والی نوێ گەیشتە (تارمیە) بەرەو بەغدا، پاپۆڕێکی رووبار دەرچوو بۆ پێشوازی کردنی و جێگری والی موشیر نەسرەت پاشاو پیاوماقووڵان و گەورە ئەفسەران و فەرمانبەرانی لەسەر پشت بوو، ئەو شەوە والی نوێ لەکۆشکی کازم پاشا مایەوە، پاشان بۆ بەیانی رۆژی دواتر بەپاپۆڕ بەرەو ئەلئەعزەمیە رۆیشت سەردانی ئارامگای ئەلجوادەینی کرد، پاشان پاپۆڕەکە بەرەو بەغدا هەڵیگرت، خەڵکی دەرچوونە سەر هەردوو رۆخەکە تارۆیشتنی پاپۆڕەکە ببینن، ئەو رۆژە لەبەغدا رۆژێکی دیاربوو، نۆزدە تۆپ تەقێنران، پاپۆڕەکە سەعات نۆی ئێوارە گەیشتە رۆخی قشڵە، واتا بەر لەخۆرئاوابوون بەسێ سەعات و لەسەعات دوو دوای خۆرئاوا، خوێنەری نامە فەرمانی سوڵتانی خوێندەوە، پاشان وتاری والی کە بەوتەیەك زۆر مەدحی سوڵتانی کرد تەنانەت وای لێکرد وەك بڵێی قەدیسەو وەحی بۆدێت و وتەکەیشی بەمە تەواوکرد: (باسوڵتان زۆر بژی)، پاشا موفتی محەمەد سەعید ئەفەندی زەهاوی بەو بۆنەیەوە دوعایەکی خوێند، پاشان شاعیر جەمیل سدقی زەهاوی برای هات و شیعرێکی بەتورکی خوێندەوەو بەخێرهاتنی والی کردو پیرۆزبایی لەهاتنی کرد[٤٩]، حاجی حەسەن پاشا پێنج ساڵ لەویلایەتی بەغدا مایەوە، دوو خاسیەتی هەبوو لەرێگایانەوە ناوبانگێکی باشی پێیان دەرکرد: پیاوێکی دیندار بوو هەموو فەرزەکانی بەجێ دەهێنا



بەشێوەیەك هەموو خەڵکی بەهەموو تیرەکانیانەوە رازی دەکرد، دیتمان بەرلەوەی بێتە بەغدا زیارەتی ئارامگای ئەبوو حەنیفەو ئارامگای جەوادەینی کرد، ئەوەبوو لەبەشی پێشوو باسی ئەوەمان کرد کە بەدەستی خۆی تاڵە مووەکانی پێغەمبەری دەردێناو لەجەژنەکان تەبەرووکی پێ دەکرد، بەڵام خاسیەتی دووەمی کابرایەکی رووخۆش بوو لەگەڵ خەڵکی قسەی دەکرد، بەمەش رەزامەندی کونسڵەکانی بەدەستهێنا لەبەغدا، کونسڵی فەرەنسایی مسیۆ بونیون ئاوهای وەسف کردووە: (والیە نوێیەکەمان نەخوێندەوارەو زیرەك نییە، ئیدارەیەکی سەرنەکەوتووە شایانی پلەی زیرۆیش نییە، بەڵام رووخۆش و بەشوشە بەرووی بیانیەکانەوە، هەرچیەکی لەدەستبێ دەیکا بۆ رەزامەندی خەڵکی).

هەرگیز قونسڵەکان مەدح و سەنایەکی زۆریان دەکرد، پاکانەی ئەوانیش پاکانەی منە سەبارەت بەوشێوە خەمبارەی کەپێشینە خراپەکانی کاروباریان پێ بەرێوە دەبرد، وای لێمان کرد بڕوا بهێنین کەوالیە نەخوێندەوارەکان هەندێ جار باشترین والیەکانن[٥٠].

## هێر رێچارد

لەسەردەمی حاجی حەسەن پاشا دوو مەسەلە روویاندا شایانی باسکردنە:

یەکەمیان ئەوەی لەسامەڕا روویدا کۆمەڵگای عیراقی بەتووندی هەژان و خەریك بوو ببێتە هۆی نانەوەی فیتنەیەکی تایەفەگەریی قێزەون هەروەکو لەبەشی داهاتوو لێی دەکۆڵینەوە، بەڵام مەسەلەی دووەم مەسەلەی لاوێکی ئەڵمانی بوو لەم دواییەدا نیشتەجێی بەغدا بوو، ناوی رێچارد بوو، رێچارد

سەروەت و سامانێکی زۆری هەبوو لەخانەوادەیەکی ئەڵمانی میرخاش بوو، لەبەر هۆیەکی نەزانراو نیشتەجێی بەغدا بوو، بێ ئیش بوو حەزی لەئامادەبوونی ئەو ئاهەنگی پێشوازیانە بوو کەجالیەی ئەورووپی ماوە تاماوەیەك سازی دەدا، لەو ئاهەنگانە جێگای سەرنج بوون، چونکی دەوڵەمەندو نەجەوان بوو، دەیانووت گوایە منداڵیان بوو هاتبوو بۆ بەغدا تا ئارەزووە شازەکەی خۆی تێربکات، ساڵی ١٨٩٤ خێزانێکی مەسیحی سکاڵایەکی بەرزکردەوە بۆ دادگا دژ بەریچارد تاوانباری کردبوو بەوەی منداڵێکی ئەو خێزانەی بۆ کاری سێکسی بەکارهێنابوو، کوڕەکە قوتابی قوتابخانەی باوکانی کەرمەلی بوو، ئەم کێشەیە هەرایەکی گەورەی نایەوە لەبەغدا، خەڵکی بوونە دوو بەشەوە، بەشێکیان لای ریچاردی گرت، بەڵام ئەوانی تر دژی وەستان، ریچارد وتی: باوکانی کەرمەلی ئەم توومەتەیان خستووەتە پاڵی و پیلانیان دژی کرد تا تووشی کەن، چونکی رۆژی هەینی گۆشت و خواردنی چەوری دەخوارد، ئاهەنگی سەمای سازدەدا کاتی رۆژووی گەورە کەپشکنینی پزیشکی بۆ منداڵەکە ئەنجامدرا دەرکەوت کەزۆر کاری سێکسی لەگەڵ کراوە، بۆیە نەدەتوانرا ئەم کارە سێکسیەی لەگەڵی کرابوو بسەلمێنرێ، یاخود رەت بکرێتەوە، لێکۆڵینەوەکە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك، حکومەتی ئەڵمانی سەبارەت ئەم ناو زڕاندنە رای خۆی دەربڕی و ویستی بەکردەوە بیسەلمێنێ کەقەناعەتی هەیە بەبێ تاوانی یەکێك لەهاوولاتیەکانی خۆی، بۆیە ریچارد کرا بەکونسڵی ئەڵمانیا لەبەغدا[٥١]، بەمەش یەکەم کونسڵی ئەڵمانیا بوو لەعیراق[٥٢]، لەراستیدا ئەم کێشەیە پرسیار دەوروژێنێ، هۆی چی بوو ئەو لاوە دەوڵەمەندە ئەورووپا بەجێ بێڵێ کەپڕیەتی لەبواری بەربڵاو بۆ تێرکردنی شەهوەتەکانی، پاشان لەنێو هەموو دەوڵەتەکانی جیهاندا بەغدا هەڵدەبژێرێ، کونسڵی فەرەنسا بۆ



ولاتەکەی خۆی دەنووسێ.

(چ هۆیەك پاڵ بەلاوێکی دەوڵەمەندو رێك پۆش و نەوەی خانەوادەیەکی خانەدانەوە دەنێ تابێت بۆ بەغدا، ئەگەر لەوانە بێ کەسوود لەو هەلە وەربگرێ لەشاری عامورای نوێدا بۆی دەڕەخسێت؟)[٥٣].

تەماشا دەکەین کونسڵی فەرەنسایی بەغدا بە (عامورای نوێ) وەسفدەکات دەیچوێنێ بەشارە دێرینەکەی (لووت) ئەم مەسەلەیەش سەرنجڕاکێشە.

دەزانین کە لەرێلادانی سێکسی (هەتیوبازی) لەبەغدا ئەو سەردەمە بەربڵاو بوو، بەڵام بەو رادەیەش نەبوو کەکونسڵەکە باسی دەکا، لێرەدا بەرامبەر لوغزێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز دەوەستین.

## نامیق پاشای بچکوڵ

حاجی حەسەن پاشا گوێزرایەوە بۆ ویلایەتی شام، لە ٢٦ی تەمموزی ١٨٩٦، والی نوێ عطاالله پاشا کەواکبی گەیشتە بەغدا، ئەم والی چوو بوو بەسالا ردێنێکی سپی چڕی هەبوو وەکو ردێنی پیاوانی ئایین، شاعیر (شێخ رەزای تاڵەبانی) بەدوو بەیت شعرو بەزمانی تورکی هەجووی کردبوو، کەئەمە واتاکەیەتی:

(دامەزراندنی والیەك کەتەمەنی سەد ساڵی تێپەڕکردووە دەبێتە هۆی شڵەژانی بارودۆخی ولات بێگومان، چونکی ماقووڵ نییە ژیانەوەی ولات بەیەکێك لەمردووان، سوپاس بۆ خۆت و هێزی ئیدارکت هەی بابولعالی)[٥٤].

ولایەتی عطاالله پاشا لەبەغدا سێ ساڵ بەردەوام بوو، پاشان گوێزرایەوە، نامیق پاشا والی تەرابلوسی رۆژئاوا جێگای گرتەوە ئەم والیە

١٩ی ئایاری ١٨٩٩ گەیشتە بەغدا، نازناوی نامیق پاشای (بچووك) بوو تا لەگەڵ نامیق پاشای (گەورە) جیابکرێتەوە، کەبەر لەسەردەمی حەمیدی دووجار والی عیراق بووە، لەراستیدا نامیق پاشای بچووك بایەخێکی تایبەتی هەیەو جیایە لەوالیەکانی دیکەی سەردەمی حەمیدی، گرنگیشی لەدوولاوەیە: یەکەمیان بوو بە زاوای ئال ئالووسی عاتیکە خاتوون کچی سەید نوعمان خێردین ئالووسی خواست، دووەمیان ویستی خۆی بەمەدحەت پاشا بچوێنێ لەڕووی دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەوە پێم وابێ هەر کەنامیق پاشا گەیشتووەتە بەغدا خەڵکی باسی ئەوەیان کردووە کەمەدحەت پاشا چ کارێکی بیناسازی کردووە لەعیراق، ویستی لاسایی ئەو بکاتەوە یان ویستبووی ئەویش ڕەت بکات، تا ناوبانگێکی لەو مەزنتری بەرکەوێت، هەندێ لەوکارانەی نامیق پاشا باس دەکەین کە لەئاستیەوە ویستی لاسایی مەدحەت پاشا بکاتەوە.

یەکەم: مەدحەت پاشا یەکەم خوێندنگەی نوێی لەعیراق دامەزراندبوو بێگومان بۆ کوڕان بوو، نامیق پاشا هات یەکەم قوتابخانەی بۆ کچان دروستکرد، سەرباری ئەوە خوێندنگای نوێی لەبەغدا دروستکرد، هەروەها خوێندنگای دیکەی لەحلەو دیوانیەو خانەقین و مەندەلی دروستکرد، هەر کەدیتی زەحمەتە مامۆستایان لەئەستەمووڵەوە بهێنێ خانەی مامۆستایانی لەبەغدا دامەزراندو کردی بەپەیمانگایەکی ناوخۆی تاخوێندکاران لەهەموو شارەکانی عیراق لێی نیشتەجێ بن.

دووەم: مەدحەت پاشا خوێندنگای پیشەسازی بۆ منداڵە هەتیووەکان دروستکردبوو، دوای ڕۆیشتنی مەدحەت پاشا ئەم خوێندنگایە پشتگوێخراو خەریك بوو بەرەو لەناوچوون دەچوو، تاکاتی هاتنی نامیق پاشا تەنها چل خوێندکاری تیا مابوو، ئەم والیە دەستی کرد بەبووژانەوەی



سەرلەنوێ بەچاکردنەوەی خانووەکەی و بەشێکی تایبەتی خرایە سەر ئەم دارتاشی بوو، هەروەها خوێندنی مۆسیقاشی خستەسەر لەئەوروپاوە تیپێکی تەواوی بۆهێنا، بەمەش ژمارەی خوێندکارەکانی گەیشتە سەدو سی[٥٥].

سێیەم: مەدحەت پاشا نەخۆشخانەیەکی بۆ غەریبەکان لەبەری کەرخ دروستکرد، ئەم نەخۆشخانەیەش وەکو خوێندگای پیشەسازی پشتگوێ خرا، ساڵی ١٨٩٦ خانووی نەخۆشخانەکە بووە خوێندنگای ئامادەیی هەر کە نامیق پاشا هات بەپەلە دەستی کرد بەدروستکردنی نەخۆشخانەیەك لە (بابول معەزەم) لەوشوێنەی دواجار کرا بەبەندیخانە، دەرمان و ئامێرەکانی نەشتەرگەری لەئەوروپاوە بۆ هێنراو زۆر بایەخی پێیدا[٥٦].

چوارەم: مەدحەت پاشا ترامۆی ئەلکازمیەی دامەزراند، نامیق پاشا کۆمپانیایەکی گالیسکەی دامەزراند کەئەسپ رایدەکێشێ و بەرێك و پێکی هاتووچۆی دەکرد لەنێوان بەغداو هەندێ شارە نزیکەکان وەکو حیلەو کەربەلاو سامەراو باقووبە ئەوەش خەڵکی پێیان دەوت (کۆمپانیا) لەهەندێ لەخواپێداوەکانی بەغداو گەورە بازرگانەکانی وەکو عارف ئاغاو کەسانی دیکە بەشدارییان لەدامەزراندنی کرد.

پێنجەم: مەدحەت پاشا زۆر خانووبەرەی گشتی دروستکردبوو تائێستا هەندێکیان ماون، نامیق پاشا ویستی لەمەدا شوێن پێی ئەو هەڵگرێ، لەئاسەوارەکانی سەرای کازمیە بوو تاساڵی ١٩٥١یش مابوو، سەرایەکی زۆر قەشەنگ بوو کاتی خۆی ئاهەنگی دانانی بەردی بناغەی لە ٢٠ی تشرینی دووەم ١٩٠٠ سازدرا.

شەشەم: مەدحەت پاشا پردێکی نوێی بۆ بەغدا دروستکردو رازاندیەوە بۆ تێپەڕبوونی شا هەر کەساڵی ١٨٧٠ سەردانی عیراقی کرد، ئەم پردەکاتی

نامیق پاشا شل و شاو هەڵوەشاو بوو، زۆرجار کاتی لافاو دەپچڕاو تەوژمی ئاوەکە رایدەماڵی، ئەگەر بیانهێنایەتەوە شوێنەکەی خەڵکی بەدەهۆڵ و زورناوە بەبۆنەی گەڕاندنەوەی شاییان دەگێڕا، نامیق پاشا زۆر بایەخی بەمەسەلەکەداو فەرمانیدا بەخوێندنگای پیشەسازی بەدروستکردنی پردێکی نویٚ لەجیاتی ئەو.

لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٠٢ ئاهەنگیان گێڕا بەدانانی پردەکەو خەڵکی لەهەردوو لای رووبارەکە کۆبوونەوە بۆ بینینی ئاهەنگەکە، لەراستیدا پردێك بوو کەبەغدایەکان لەمەوبەر وێنەیان نەدیبوو، پردێکی تووندوتۆڵ و پان بوو، پەرژینێکی جوانی هەبوو، لەلایەکیەوە بانیژەی سەرگیراو هەبوو کورسی لەسەر دانرابوو دەتووت چایخانەیە لەشێوەی ئەو پردانەی لەئەستەمووڵ هەبوو، ئەم پردە تاتورکەکان لە ١٩١٧ لەبەغدا کشانەوە مایەوە، لەکاتی کشانەوەیان ئاگریان لەپردەکە بەردا، شەوو رۆژێك ئاگرەکەی دەسووتا[٥٧]، سەیر لەوەدایە نامیق پاشا کاتی کردنەوەی پردەکە فەرمانی لابردنی دەرچوو، خەڵکێکی زۆر لەشاری بەغدا ئەم لابردنەیان پیٚ خۆش بوو، هەروەها وابلاوبوەوە کە لەکاتی پەڕینەوەی لەپردەکەو کردنەوەیدا وەکو سووکایەتی کردنێك فەرمانەکەی پیٚ راگەیەنرا، حاجی محەمەد رەفعەت بەیتە شیعرێکی بەتورکی دانا تێیدا گاڵتە بەوالیە لابراوەکە دەکات واتاکەی ئەمەیە: نامیق پاشا بەدڵشکاوی لەبەغدا دەرچوو، سواری قایخ بوو لەپردەکە نەپەڕیەوە، هەروەها شاعیرێکی عەرەب چەند بەیتێکی هۆنیەوە ئەمەیش سەرەتاکەیەتی:

(قوموا بنا یابنی الزوراء نبتهل        فمن قریب جمیع الخزي یرتحل).

شایانی گوتنە نامیق پاشا لەدروستکردنی پردەکە لەخزێنەی دەوڵەت دارو کەرەسەی پێویستی نەکڕی، بەڵکو زۆربەی کەوتە سەر موڵکدارو



خاوەن باخەکان و بەزۆرەملیٚ لێیانی کۆی کردەوە، ئەمەیش لەلایەن خەڵکی بەغداوە مایەی بێزاربوون لێی، دەڵێن هۆی لابردنی ئەوە بووە هەر کەرۆژی هەینی لەمزگەوتی میدان نوێژی کردبوو، خەتیبەکەی کاتی دوعا خوێندن ناوی لەگەڵ ناوی سوڵتاندا هێناوە.

ئەوەبوو بێزاربووان ئەمەیان بەهەل زانیوەو برووسکەیان بۆ ئەستەمووڵ لێداوە، وەڵامی برووسکەش بەلابردنی هاتووەتەوە[٥٨].

## ئاژاوە لەبەسرا

بەسرا لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەحاڵەتێکی ئاژاوەو بەرەڵاییەکی تەحەموول نەکراوبوو، سلێمان فەیزی لەیاداشتەکانیدا لەوەسفی بارودۆخی عیراق بەشێوەیەکی گشتی و بارودۆخی بەسرا بەشێوەیەکی تایبەتی ئاماژە بەوەدەکا ئەمەش دەقەکەیەتی: (ئەنجامی بەد بەڕێوەبردن لەدەستدانی ئاسایش بوو لەولاتدا، دزو چەتەکان لەسزادان ئاسوودە بوون، بەرۆژی رووناك بەبیٚ ترس و سڵەمینەوە تاوانەکانی خۆیان ئەنجام دەدا، حاڵەتەکە لەشارە گەورەکانی وەکو بەغداو مووسڵ لەچاو شوێنە دوورەکان ئەهوەنتر بوو، چونکی کاری دزی لەژێر پەردەی تاریکی دزییە تاکە کەسییەکاندا بوو، بەڵام لەبەسرەدا گەیشتە رادەیەکی ترسناك، تا یاسای جەنگەڵ تیا بەرقەرار بوو، خەڵکی بەخۆییان پاسەوانی ماڵ و موڵکی خۆیانیان دەکردو بەچەك بەرگری لەژیانی خۆیان بکەن، وەك بڵێی حکومەت نەبوو، یاسا نەبوو، هێشتا بەچاکی لەبیرمە ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی کەناوە ناوە خەڵکی بیٚ دیفاعی بەغدایان دەتۆقاند لەبیرمە هەندێ زەلامی چەکدار بەرۆژی رووناك خۆیان دەکرد بەبازاڕە سەرەکییەکانداو پارەو پوولی پارە

گۆڕەرەوەكانیان دەدزی و ریسوایان دەكردن، پاشان بەسەلامەتی بۆی دەردەچوون، هەروەها باسی ئەو ئێوارە تاریكانە دەكەم هەر كەكۆمەڵە چەتەیەك لەچل یان پەنجا زەلام پێكهاتبوون پەلاماری كۆگایەكی گەورە ماڵە دەوڵەمەندێكیان دەدا، دەرگاو پەنجەرەكانیان هەڵدەتەكاندو بەزۆر دەچوونە ماڵەكەوە، خەڵكی ماڵەكەیان پەرێشان دەكرد، گەورەو بچووكیان لەلا نەبوو، هەرچییەكیان بۆ هەڵگیرابایە لەماڵ و كەلوپەل هەڵیاندەگرت، لەكاتێكدا هەندێ لەهاوەڵەكانیان پاسەوانی سەرە رێگاكانیان دەكرد كە بۆ ماڵەكە دەچوو، هەر كە پەلامارەكە تەواو بووایە، ئەوەی دزیبوو یان هەڵیاندەگرت بۆ دارستانەكانی دەوروبەری شار بۆ دابەشكردنی تالآنیەكە، هەر لەخۆڕا هۆسەیان دەكردو دەسڕێژیان دەكرد، لەگەڵ ئەم هەمووەشدا هێشتا وادادەنرا حكومەت ئێشكگری ئاسایشەو خوا سوڵتان راوەستاوكات!!)[٥٩].

دیارە یەكێك لەو هۆیە گرنگانەی بووە هۆی ئاژاوە لەبەسرا ئەوەبوو كەئەم شارە بەچەند ناوچەیەك دەورە درابوو دزو چەتەكان دەیانتوانی پەنایان بەرنە بەر، لەلای خۆرهەلآتیەوە بیابانە، لەلای رۆژهەلآتیەوە سنووری ئێران و پەڕینەوەی رووبارە، دەریاش دەكەوێتەوە باشووریەوەو زۆنكاوەكانیش لەلای باكووریەوە.

سەرباری ئەوەش ناوچەی بەسەرە خۆی لەخۆیدا جەنگەلێكی مەزنە لەدارخورما... دزەكان دەتوانن بێ ئەوەی دەستی كەسیان بگاتێ خۆیان تیایا بشارنەوە، دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ شێخ خەزعەل میری خوڕەم شار كە چ كاریگەریەكی لەسەر ئەو ئاژاوەیە هەبوو، ئەم میرە لەبەسرا دارستان و موڵكێكی زۆری هەبوو بڕە خەڵكێكی ئەشقیا كەپیشەیان كوشتن و رووتەوە كردن بوو بۆ پاراستنی ئەو دارستان و موڵكانە بەكاردەهێنا، ئەمانە چییان بویستایە لەبەسرا دەیانكرد، پاشان هەر كەتووشی مەترسی بهاتبان



پەنایان دەبردە بەر خوڕەم شار (محمرة)، یەكێك لەو تاوانانەی ئەم ئەشقیایانە لەبەسرا ئەنجامیانداو پێی ناسران، قوربانیەكەی یەكێك لەپیاوماقووڵانی بەسرا بوو، ئەویش حاجی مەنسوور چەلەبی سەلمان سەرداری خانەوادەی سەلمانی ناسرابوو، دەگێڕنەوە گوایە ئەم پیاوە رۆژێكیان قسەیەكی خراپی دەربارەی فاتیمەی كچی پێغەمبەر لەدەم هاتووەتە دەرێ، كاتێ هەواڵەكە گەیشتە شێخ خەزعەل بەشێوەیەكی شاراوە فەرمانی بەهەندێ لەبراكانیدا بەكوشتنی ئەو پیاوە، دووكەس هاتن بۆلای ئەم پیاوە، بینیان لەو چایخانەیە دانیشتووە كەهەموو جارێ لێی دادەنیشت و قەرەباڵغ بوو، دەسڕێژیان لێی كرد، پاشان لەسەرخۆ بۆی دەرچوون وەك بڵێی هیچیان نەكردووەو لەچاو ون بوون، بەلای زۆربەی خەڵكییەوە ئەم تاوانە چاكەیەكی شێخ خەزعەل بوو، سوپاسیان كرد بۆخۆی و غیرەتی لەسەر كچی پێغەمبەرو لەبیریان چووەوە كەئەو بكوژەكەیە، ئەمەیش ئەقڵیەتی خەڵكی ئەو رۆژانە بوو.

## سەید تالیبی نەقیب

لەنێو ئەو ئاژاوەیەی كە بەسرای گرتبۆوە لاوێكی لێهاتوو خاوەن خواست و كەسایەتییەكی بەهێز دەركەوت، ئەویش سەید تالیبی كوڕی سەید رەجەبی نەقیب بوو لەئەشراف بەسرا بوو، شایستەی ئەو رەوشە كۆمەڵایەتییە بوو، سەید تالیب ئەو چەتە ئەشقیایانەی لەخۆی كۆكردەوە بۆ پەلاماردانی هەركەسێك لەرێگای خواستەكانی بوەستێ بەكاری دەهێنان، پاشان پەیوەندی بە (ئەبولهودا ئەلسەیادی) كرد، گوایە ئەویش وەكو خۆی رفاعیەو ئەویشی خستە ژێر سەرپەرشتی خۆیەوە، ئیدی سەید تالیب

لەبەسرا بۆخۆی تەراتێنی دەکرد بێ ئەوەی دەست بخاتە رێگای، رەچاوی ئەوەی دەوکرد کەوالی بەسرا بەدەنگ داخوازییەکانیەوە بێت و لەهیچ شتێکدا بەرپەرچی نەداتەوە، هەر کەوالی بەسرا بۆ جارێك بەدەنگی داواکەیەوە نەهاتایە یەکسەر سەید تالیب بەپیاوەکانی دەزگای تەلگراف داگیر دەکردو پەیتا پەیتا بروسکەی دەناردو سکالای دەکردو داوای گواستنەوەی والی دەکرد، زۆرجار هەوڵەکانی بەیارمەتی لایەنگیری ئەبولهودا ئەلسەیادی سەردەکەوتن[٦٠]، ئەوەی لەبارەی سەید تالیبەوە زانرا بوو هێندەی بەزەیی بەهەژاراندا دەهاتەوە، هێندەیش بەرامبەر دەوڵەمەندەکان توند بوو، بەم هۆیەوە (ئایرلەند) بە (رۆبن هود)ی شوبهاند، زۆر بەسەخاوەت بوو، خواردنی دەدایە دەستکورتەکان کەچی پارەیەکی زۆری لەموڵکدارو گەورە بازرگانەکان وەردەگرت و زۆر رێزی ئەو خاسیەتەیان دەگرت و بەیەکێك لەخاسیەتەکانی کەڵەمێردی تەواویان لەقەڵەم دەدا، لەبەرئەوە سەید تالیب ناوبانگی دەرکردو خەڵکی باسیان دەکردو هۆشەو داستانیان لەمەڕی دروستدەکرد، ئەگەر کەسێك رکەبەری بکردبایە، سەید تالیب لەخوێن رشتنی دوودڵ نەدەبوو، دەگێرنەوە یەکێك لەپارێزەرەکان لەبەسرا ناوی عەبدوڵڵا رەواندزی بوو، یەکێك لەو دەعوایانەی وەرگرتبوو کەدژی بنەماڵەی نەقیب بوو، سەید تالیب زۆر لێی تووڕە بوو فەرمانی بەیەکێك لەپیاوەکانیدا لەپێناوی تۆقاندنیدا دەستدرێژی بکاتە سەری پارێزەرەکە بریندار بوو، بەڵام باکی پێ نەبوو، ئەنجاسەید تالیب لەبەرچاوی خەڵکی لەگەڕەکی (سوق الدجاج) بەکوشتن سزایدا بەم رووداوە کۆمەڵگای بەسرەی هاتە هەژان و ناوی سەید تالیب بەهۆیە زڕا، بەڵام (ئەلسەیادی) فریای کەوت و بۆ ئەستەموول داوای کردو بەموتەسەریفی (الاحساء) دایمەزراند، دەڵێن سەید تالیب کاتێ



موتەسەریفی (ئەلئەحساء) بووە لەچالاکی جارانی خۆی ناکەوێت و پەلاماری ماڵی مەنسوور پاشا دەدات کەیەکێك بووە لەدەوڵەمەندەکانی (ئەلقەتیف) بەبیانووی ئەوەی چەك و ئاڵای بەریتانی تێدایە، مەنسوور پاشایش بەوە تاوانباری کرد لەکاتی پشکنینی ماڵەکەتدا سەد هەزار جونێهی لێ دزیوە، مەنسوور پاشا بەهات و هاوار دنیای لێ پڕکرد، داوای کرد سەید تالیب بدرێتە دادگای سزادان، بۆیە سەید تالیب ناچاربوو دەست لەکار بکێشێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ئەستەموول و لەوێ بەئەندامی دیوانی شورای دەوڵەت دامەزرا[٦٢].

## فەخری پاشا ئەبوو گوانی:

حکومەتی عوسمانی ساڵی ١٩٠٤ کابرایەکی سەربازی سەرسەختی رەوانەی بەسرا کرد بەناوی فەخری پاشا تا بەوەکالەت ببێ بەوالی، هەست دەکرا کەحکومەت ئەو پیاوەی ناردووە تا بەسرا لەو حاڵەتی ئاژاوەیەی کەتیا بەرقەرار بوو رزگاربکات، سلێمان فەیزی لەم بارەیەوە دەڵێ ئەمەیش دەقەکەیەتی:

(ئاسایش لەبەسرا ماوەیەکی دوورودرێژ شڵەقا بوو، تاهاتنی فەخری پاشا والی نوێ، ئەو دەمە سەرکردەی گشتی سوپاکانی عوسمانی بوو لەعیراق، هەر کەئەرکی پلەکەی خۆی وەرگرت بارودۆخی ئاسایشی بەخراپ بینی، بۆیە هەوڵیدا شەوکەتی ئەشقیاکان بشکێنێ و رێگایان لێ بڕێ، دوو شەو بەسەر نەچوو بەسەر گەیشتنی تا بەیاوەری بڕێك سەرباز هێرشی کردە سەر موڵگەی دزەکان و تەقەیان لێ کردن ئەوەبوو شەشیان لێ کوژراو پێنجیان بریندار بوون و ئەوانی دی رایانکرد، لەبەیانی رۆژی دواتر خەڵکی

لەهاواری جارچی بەئاگا هاتنەوە کەداوایان لێ دەکا تابێنە سەیری ئەو تەرمە کەڵەکەبووانە کە لەیەکێك لەگۆڕەپانەکاندان، دڵیانخۆش بوو هەندێ ترسیان رەویەوە، پاشان بانگی موختارەکانی شارەکەو گوندەکانی کرد، بەبەندکردن هەڕەشەی لێکردن ئەگەر ناوی ئەو تاوانبارانەی پێ نەڵێن، رۆژەکە تەواو نەبوو تا لیستێکی درێژ ئامادەبوو، کاتێ سەربازەکانی هەوڵی دەستگیرکردنیاندا زۆربەیان خۆیان بەدەستەوەداو خرانە بەندیخانەوە، هەرکەسێ هەوڵی راکردنی بدایە دەکوژرا، هەر کەپێیان راگەیاند، هەندێ لەڕاکردووەکان پەنایان بردووەتە خورەم شار، بۆ مێرەکەی (شێخ خەزعەل) دەنووسێ و داوای لێدەکات بیانگەڕێنێتەوە، ئەوەبوو بەکۆت و زنجیرەوە گەڕێنرانەوە بۆ بەسرا، ئەنجامی ئەم هەڵمەتە ژمارەی دزە کوژراوەکان گەیشتە بیست و یەك، تەرمەکانیان خرانە گونیەوەو فڕێدرانە رووبارەوە، کەوتنە سەر ئاوەکە لەگەڵ هەڵکشانی ئاوەکە بەرزدەبنەوەو لەگەڵ داکشان نزم دەبوونەوە، دیمەنەکەیان پەندو عیبرەت بوو، لەو رۆژەوە ئیدی خەڵکی بەسرا لەدوای نەخەوتن و دڵەڕاوکێ خەوی خۆش دەیبردنەوەو دوعایان بۆ والی نوێ (خاوەن گونیەکان)–ئەبوو گوانی– دەکرد)[٦٣]، ئەم رێبازەی فەخری پاشا گرتبوویە بەر لەهەندێ رووەوە ئەو شێوەیە بوو.

–زیاد کوڕی ئەبی–بەکاری دەهێنا کاتێ ساڵی ٤٥ی ك فەرمانڕەوایی بەسرای گرتە دەست، ئەو دەمەیش بەسرا لەئاژاوەدا دەژیا هەروەکو بەم دواییە تیا دەژیا، زیاد کەهات وتاری بۆ خەڵکی بەسراداو تێدا وتی: (ئەلبەترا) پاشا دەستی بەکوشتار کرد، تا کار گەیشتە ئەوەی کابرایەکی عەرەبی کوشت گەرچی دەیزانی بێ تاوانە، ئەو دەمەش وتە بەناوبانگەکەی وت کەدواتر بووە پەندێکی باو: (دەزانم تۆ بێ تاوانی، بەڵام کوشتنت چارەسەری نەتەوەیە).



ئەم شێوەیەش پیاوانی یاساو شەرع پێی رازی نین، بەڵام لەراستیدا رێبازێکی سەرکەوتووە لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئاژاوەو جەردەیی لەنێو کۆمەڵگادا، بنیادەم لەم حاڵەتەدا دادپەروەریی نموونەیی و پیشەیی یاسا لەگەڵیدا هیچ سوودێکی نییە، بەڵکو دەبێ فەرمانڕەوایەکیان هەبێ خوێنرێژ بێ گوێ نەدات بەوەی کەسی بێ تاوان دەکوژێ تا تاوانبارەکان لەدەستی دەرباز نەبن، ئەم فەرمانڕەوایە لەوانەیە دەستی بچێتە خوێنی کەسێك بێ تاوان بێ، بەڵام لەکاتێکدا هەزاران خەڵك رزگار دەکات لەترس و لەبەزەیی پیاهاتنەوە، ناشبێ ئەوەمان لەبیربچێ کەمرۆڤ لەسروشتیدا ئاژەڵە...

## گوڵمەزی کوڕی ڕەشید

لەکاتێکدا فەخری پاشا دزەکانی راوەدوودەنا لەبەسرا، بیابانەکانی نەجد پڕبوو لەرووداوی گەورە ئەنجامی پەیابوونی میرێکی سعوودی زیرەك و بەجورئەت ناوی عەبدول عەزیز ئالی سعوود بوو، عەبدول عەزیز لەسەرەتای لاوی لەگەڵ باوکی میر عەبدول رەحمان لەکوێت پەناهەندە بوو، باوکی دەست کورت بوو تادەڵێن شمشێرەکەی خۆی لەلای دوکاندارێکی کوێتی بەبارمتە دانا بۆ پێویستی بەقاوە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٠١ عەبدول عەزیز بەخۆی و چل سوارە لەدەست و پێوەنەکانی بەرەو (ریاز) رۆیشت بۆ رزگارکردنی لەفەرمانڕەوایی ئالی رەشید، دیارە عەبدول عەزیز کاتێ ئەو هێرشەی برد وەکو بێ ئومێدێکی پرزەبراو دەیەوێ یان ژیانێکی بەرخودار بژیت یان بمرێ و ئاسوودەبێ، لە ١٥ی کانوونی دووەم ١٩٠٢ عەبدول عەزیز بەگورزێکی ئەم لاوە بوو، لەدوو ساڵی دواتر جەنگ هەبوو لەنێوان خۆی و نەیارەکەی عەبدول عەزیز ئالی ڕەشید میری حائیل، لەو ماوەیەدا

توانی شیرازەی دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات لەباشوورو باکوورەوە تاگەیشتە ناوچەی (ئەلقەسیم) ئەو ناوچەیە کەدەکەوێتە ناوەندی ڕێگا لەنێوان ریازو حائیل دەوڵەمەنترین ناوچەی نەجدەو ئاوەدانەو بەپیتەو پەنجا گوندی لێیە گرنگتریان (بریدەو محنیزە)، کوڕی ڕەشید پەیوەندیەکی تووندو تۆڵی هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و هانای بۆی برد تا یارمەتی بدات بەسەر کوڕی سعودا، دەوڵەتی عوسمانیش درێغی نەکرد لەجێبەجێکردنی داواکەی، چونکی دەوڵەتی عوسمانی دەیزانی لەودیوی سەرکەوتنی کوڕی سعودەوە چی ترسناکیەك هەیە، دەترسا وەهابیەکان ئەوە دووبارە بکەنەوە کاتێ حیجازیان داگیرکردو پەلاماری عیراقیانداو کوشتاری زۆر دڕندانەیان ئەنجامدا.

لەسەرەتای مانگی مارسی ساڵی ١٩٠٤ لەئەستەموولەوە فەرمان گەیشتە بەغدا بۆ ئامادەکردنی لەشکرکێشیەکی بەهێز بۆ یارمەتی دانی کوڕی ڕەشید لەجەنگیدا دژی کوڕی سعود، موشیر ئەحمەد فەیزی پاشا فەرماندەی سوپا بوو لەبەغداو بەوەکالەت ئیشی والی ڕادەپەڕاند، واتا جڵەوی کاروباری سەربازی و ئیداری گرتبووە دەست، ئەم کابرایە بە بەرتیل خۆرێکی بەدرەوشت ناسرابوو، ئەوەندە گوێی نەدەدا بەسەرکەوتنی لەشکر بەقەد ئەوەی لەهەوڵی گیرفان پڕکردن بوو، ئەمەیش هۆی ئەو کارەساتە بوو تووشی سەربازە عیراقیەکان هات لەبیابان، ئەو کارەساتە بوو لەعیراق بەناوی (گوڵمەزی کوڕی ڕەشید) ناسرابوو، دووەمین کارەسات دوای (گوڵمەزی غەربیە) ئەو لەشکر کێشیە بوو کە لەچوار بەتالیۆن و بەتەریەکی تۆبخانەی بیابان پێکهاتبوو، ژمارەی سەربازەکانی هەر بەتالیۆنێك لەهەشت سەد تاهەزار سەرباز بوو، زۆربەشیان عیراقی بوون، ئەو هەڵمەتە بەفەرماندەیی حاجی شوکری بەگ بوو، لەرێگەی -سەماوە-وە



رووی کردە بیابان کوڕی ڕەشید لەوێ بەگەرمی پێشوازی لێکردو حوشتری بۆ ئامادەکرد بۆ گواستنەوەی هێزەکە بۆ -ئەلقەسیم-[٦٤].

ئەم لەشکرە لەمانگەکانی هاوین لەئەلقەسیم لەجەنگا بوو، لەیەکێك لەشەڕەکانی حاجی شوکری بەگ لەگەڵ دە فەرماندەی بەتالیۆن کوژرا، پاشان بەشکستێکی خراپ کۆتایی هات، -فیلبی- سەبارەت هۆی ئەو شکستە دەڵێ: (دەبێ ئەوەمان لەیادبێ کەتورکەکان لەژینگەیەکی نەشیاو بەخۆیان و بارودۆخێکی نەشیاودا دەجەنگان، لەبیابانێکی کاکی بەکاکی و گڕەو گەرما دەجەنگان لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسێکی بەئەمەك دەتوانێ بڵێ: ئەوان بەشێوەیەکی زۆرباش نەدەجەنگان بەدەستی دوژمنێکی ئازاو لێهاتوو شکست خواردوو بوون، داهاتیان زۆر لەداهاتی ئەوان کەمتربوو[٦٥]، سەربازانی کۆچەرەکان کەوتن و ئەوانەشی خۆیان دایە دەستی کوڕی سعودەوە داڵدەی دان و بەچاکی مامەڵەی لەتەك دەکردن[٦٦]، بەڵام ئەوانی دیکە برسیەتی و تینویەتی بڕستی لێبڕین و ناچاربوون بەرە گوژاڵك و گۆشتی وڵاخی تۆپیوو بخۆن و مەرگ بەجارێ پەرێشانی کردن).

هەندێ لەرزگاربووەکان توانیان بگەنە بەسرا، سلێمان فەیزی دەڵێ: (ئەگەر لەبیرم بچێ ئەو رۆژەم لەبیرناچێ کاتێ ئەو پاشماوەیە گەیشتە بەسرا، لەبەر برسیەتی و رووت و قووتی و نەخۆشی لەحاڵەتێکی زۆر پەرێشان بوون، ئەو رۆژە خەم بەسرای داگرت و خەڵکەکەی بۆ داڵدانەوەی ئەوانە لەگەڵیان زۆر بەسەخاوەت بوون)[٦٧]، هەندێ تووشی کەمئەندامی وەها بووبوون بەدرێژایی ژیانیان پێوەیانەوە بوو[٦٨]، حکومەتی عوسمانی لەوەی روویدا تەمێ خوارد نەبوو، بگرە بڕیاریدا دو لەشکرکێشی تربکات بۆ یارمەتی دانی کوڕی ڕەشید یەکێکیان لەحیجازەوە ئەویتریان لەعێراقەوە، تا لەئەلقەسیم یەکبگرنەوە، فەرماندەیی گشتی سپێردرا

بەموشیر ئەحمەد فەیزی پاشا، ئەم کابرایە ئەم هەلە زێڕینەی بەدەرفەت زانی کە سەرلەنوێ بۆی هەڵکەوتبوو، لەگەڵ خەڵکی زۆر توونـدبوو بۆ دۆشینیان، خەڵکی هەموو شتێکیان دەدا لەترسی مردن لەبیابان، دەڵێن مۆڵەتی دەدایە ئەو گەورە ئەفسەرانەی دەیانەویست لەوهێرشە دوابکەون لەبری سێ سەد لیرە،[٦٩]، بازرگانە دەوڵەمەندەکانی بەبیانوو پەڵپی لاوازەوە بۆ هێرش دەنارد، ئەوانیش لەپێناوی خۆیاندا قوربانیان بەپارەیەکی زۆر دەدا[٧٠]، تەنانەت پیاوانی ئایینیش لێی رزگارنەبوون، ئەوەی بەسەردا سەپاندبوون کە لەگەڵ هێرشەکە بڕۆن لەپێناوی هاندانی سەربازەکان بۆ جەنگ، بەم شێوەیە هەرچیان هەبوو رووتی کردنەوە[٧١].

ئەمجارەیان هەڵمەتە عێراقیەکە لەهەشت بەتالیۆن و دوو بەتەریەی تۆبخانە لەگەڵ تیپێکی مۆسیقای گەورە پێکهاتبوو، هەڵمەتەکە لەبەغداوە بەرێکەوت لەگەڵ فەرماندەکەی موشیر ئەحمەد فەیزی پاشا لە ٢١ی تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٠٤، هەڵمەتەکە لەرێگەی نەجەفەوە بەرێکەوت، چەند رۆژێك لەوشارە مایەوە بۆ تەواوکردنی پێویستیەکان لەئازووقە، موشیر بووە میوانی سەید جەواد کلیدارو پێنج هەزار لیرەی لێ وەرگرت گوایە بەقەرزە، پاشان حاجی عەتیە ئەبو کوللی راسپارد پێنج هەزار تەغار خوێی قاچاخ بکرێ و لەدەفتەرەکانی حکومەتدا بەنرخی رەسمی تۆماری کرد[٧٢].

بەهەرحاڵ چارەنووسی ئەم هێرشە جیاواز بوو لەچارەنووسی هێرشی پێشوو، ئەمجارە وەرز زستان بوو، دیاربوو کوڕی سعود نەیویست بەرەنگاری ببێتەوەو لێ گەڕا بەبێ بەرگری ئەلقەسیم داگیربکات، ئاڵای عوسمانی لەسەر قەڵای (برێدە) بەرزبوەوەو خەتیبەکان لەمزگەوتەکان دوعایان بۆ سوڵتان دەکرد، ئەحمەد فەیزی پاشا دەنووسێ بۆ ئەستەموول کەهێزەکانی عوسمانی بگەڕێتەوە بۆ عێراق دوای ئەوەی ئەرکەکانی



لەئەلقەسیم جێبەجێدەکا، لەئەستەموڵەوە وەڵامی بۆهات و فەرمانی پێدەکات بڕوات بۆ یەمەن و سەرکردایەتی هێرشەکە لەئەلقەسیم بداتە فەرماندەیەکی دیکە، موشیر چوو بۆ یەمەن و سەید جەواد کلیداریش پێنج هەزار لیرەی لەکیس چوو، لە ١٤ی نیسانی ١٩٠٦ جەنگێکی سەخت لەنێوان کوڕی رەشیدو کوڕی سعود قەوما، بێ ئەوەی هێزەکانی عوسمانی بەشداریی بکەن، ئەوەبوو کوڕی رەشید لەوجەنگە کوژرا، کوڕی سعودیش سەرکەوتنێکی باش سەرکەوت، لەکۆتایی تشرینی دووەم رێکەوتن لەگەڵ کوڕی سعود کرا بەکشانەوەی هێزەکانی عوسمانی لەئەلقەسیم، سەربازە عێراقیەکان رەوانەی عێراق کرانەوەو سەربازەکانی حیجازیش بۆ مەدینە بەسواری حوشتر کەکوڕی سعود بۆی ئامادەکردبوون، بەم جۆرە کوڕی سعود بەبێ هیچ نەیارێك دەسەڵاتی بەسەر ئەلقەسیمدا گرت[٧٣].

## دوورخستنەوەی ئەلئالووسی:

لە ١٦ی کانوونی یەکەم ١٩٠٤ والی نوێ گەیشتە بەغدا کەعەبدول وەهاب پاشا ئەلبانی بوو، ولایەتەکەی یەك ساڵ بەردەوام بوو، ئەوەی لەو ماوەیەدا روویدا دوورخستنەوەی زانای ئایینی بەناوبانگ مەحمود شوکری ئەلئالووسی بوو بۆ ئەنادۆڵ، ئەو کە لەپێناویدا دوورخرایەوە ئەوەبوو خولیای مەزەبی کۆنەویستی (سەلەفی) هەبووە، ئەو رۆژانەش ئەو تۆمەتە توونـدبوو، چونکی واتای وایە خاوەنەکەی وەهابییەیان لەگە ڵ بزووتنەوەی وەهابیزمدا هاوسۆزە، سوڵتان عەبدول حەمیدیش لایەنگری سۆفیزم بوو بۆ پاڵپشتی دەسەڵاتەکەی پشتی پێیان دەبەست سەلەفیەتیش وەکو بزووتنەوەی وەهابیزمی بەدوژمنی خۆی دادەنا.

بەهجەت ئەلئەسەری، کەسەلەفی بوو لەقوتابیانی سەید مەحمود شکری ئەلئالوسی بوو دەڵێ و ئەمەیش دەقەکەیەتی: (هێشتا فەرشی ئەو سەدەیە نەپێچرابووەوە-مەبەستی سەدەی سیازدەهەمی کۆچییە- تامەسەلەکە بەلای هەندێ سوڵتان شکایەوە ئەوانەی کەسیاسەتیان رازی کردنی هەندێ خەڵکی چاچۆڵبازی ئایینی بوو، لەخۆیانیان نزیك دەکردنەوە تاجەماوەری خەڵکی عەوام بەلای خۆیاندا رابکێشن و لاوازیی خۆیانی پێ بەهێزبکەن و دەستیان بگرن و دەسەلاتی خۆیان بەرقەراربکەن تاچێژ لەشەهوەتی خۆیان وەرگرن و زەوق و سوود لە بێ ئاگایی ئەوان وەرگرن، جەنگی زانستی دەکردو یارمەتی نەخوێندەواری دەدا).

ئەوەبوو دەجالەکانی تەریقەت و رووکەشکارە ئایینییەکان گیانی گەندەڵییان بڵاودەکردەوەو خەڵکی رەشۆکیان دەخەڵەتاندو لەپشتیانەوەش دەسەلات لایەنگری دەکردن و بانگەشەیانی دەچەسپاند، تائەوەی سوڵتان مەبەستی بوو بۆیان مەیسەر کرد، تەکێ دروستکرا، گومەز لەسەر گۆڕی شێخەکان و دەجالەکان لەرفاعیەکان و نەقشبەندیەکان و قادریەکان و عیدروسیەکان دروستکرا، سوڵتان کوفرو ریای گەورەکردو بۆ گۆڕەکان نەزری کردو قوربانی بۆ سەربڕین و دوعای پێوەکردن و چرای بۆ داگیرساندن، تا وایلێهات کەپیاوی ئیماندار لای خەڵکی ئەوانە بوون لەکۆڕی زیکردا دەفڕەن و سەماکەری حاڵ لەخۆهێنەر بوون، زانایش ئەو کەسەیە ردێن درێژدەکات و چاو دەرپێڕێ و قۆڵی گەورە دەکا، زانای سەربەخۆو یەکتاپەرستی دێرین ئەگەر هەندێ لەفریودانەکانیان نکووڵی بکات بە (وەهابی) ناوزەد دەکرێ بگرە رقی لێدەبێتەوەو تۆڵەی لێدەسێندرێتەوەو ناڕەزایی بەرامبەری دەردەبڕێ تاچەندێ لەتوانای هەبێ و سوڵتانی زۆرداریش یارمەتی دەدا...).



پاشان (ئەلئەسەری) لەوەسفی مامۆستاکەی مەحمود شوکری ئەلئالووسی دەڵێ: (لەسەرەتا ناچاربوو کەموجامەلە بکات و بەپەردەی لەخواترسی خۆی بشارێتەوەو کتێبێکی دانا بەناوی (نهێنییەکانی خوایی بۆ راڤەکردنی چامەی رفاعی) تێدا ئەو هەڵبەستەی شیعری-ئەبول هودا ئەلسەیادی- راڤەکردووە کە بۆ مەدحی سەید ئەحمەدی رفاعی نووسیویەتی و کتێبەکەی پێشکەش بەسوڵتان کرد، سوڵتانیش رێگای پێدا وانە لەخوێندنگای سەید سوڵتان عەلی بڵێتەوە، بەڵام هەر کە ئەلئالووسی بەم دواییە ناوبانگی دەرکردو موریدو قوتابی زۆربوون جلوبەرگی لەخواترسی لەخۆی داماڵی و دەستیکرد بەبانگهێشت بۆ پێویستی پاك کردنەوەی ئایین لەچەپەڵیی بیدعەکان (هێرشێکی بەربادانە کردنە سەر خورافات کە لەنێو دڵ و دەروونەکاندا رەگی داکوتابوو، هەروەها بۆسەر ئەو داب و نەریتە پووچەڵانەی کەخەڵکی لەسەری راهاتبوون، ئەمەیش بووە مایەی توورەبوونی خاوەن مێزرە خڕەکان و قۆڵ فش و کەوا شۆڕەکان و هەرچی و پەرچی نەزان و نەخوێنەواری نەناسراو، هەڵخەڵەتێنەرو فێڵباز، لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی خۆیاندا سوکایەتیان پێی دەکردو بەوەهابی ناویان دەبرد، ئەم وشەیەش زۆربەی خەڵکی نەزان بێزیان لێی دەبێتەوەو شەیتانەکانیان بەناڕەوا وشەکەیان بۆ دەرازێننەوەو پێیان دەڵێن وەهابی نکووڵی لەپێغەمبەران دەکەن و دوژمنی هەموو موسڵمانەکانن خوێن دەرێژێ و حەرام حەڵاڵ دەکات، تائێستاش دەزگاکان بۆی لەبۆسەدان واتا تاساڵی ١٣٢٢ کۆچی و پەنایان بردە بەر (عەبدول وەهاب پاشا) والی بەغدا کەهەرچی و پەرچییەکی دوژمنی چاکسازی بوو).

عەبدول حەمید بەگوێرەی ئارەزووی خۆی لەسەری نووسی و کەمترین شتێ کە لەکتابەکەیدا هاتووە: (ئالووسی بیرۆکەی یاخی بوون لەسوڵتان

بڵاودەکاتەوە، مەزەبێك دادەمەزرێنێ دژی هەموو ئایینەکانە کاریگەری بەردەوامە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەشەنە دەکاو ترسی ئاکامی خراپی لێدەکرێ...)[٧٤].

هەروەها (ئەسەری) لەکتێبێکی لەوەسفی عەبدول وەهاب پاشای والیدا دەڵێ: (پیاوێکی خراپ بوو، شعوبیەکی خوراڤ بوو، سوکایەتی بەبیرمەندان دەکات و رقی لەریفۆرم خوازان و نوێخوازانە، لەلای زەمی سەید ئەلئالووسی دەکەن، بەشێوەیەکی وێنەی ئەویان دەنواند مایەی رق و کینە بێت، تەنانەت ئەویان لێ ترسان و وروژاندیان تا یاداشتێك بەرزکاتەوە بۆ سوڵتان عەبدول حەمید باسی دەسەڵاتی میللی ئەو دەکات و کارتێکردنی لەسەر خەڵکی و بانگەشەکردن بۆ عەرەبیزم و جیابوونەوە لەدەوڵەت و ئەم جۆرە مەترسیانە کەسوڵتان سڵیان لێدەکاتەوە ئەمە بەخەیاڵی سەید ئەلئالووسی دا نەدەهات و پێشنیاز دەکات بەدوورخستنەوەی لەبەغداو سووکایەتی کردن بەدەستەو دایەرەو لایەنگرانی بەرلەوەی بانگەشەکەی بڵاوبێتەوەو سەریەشە بۆ دەوڵەت دروستکات کەپێویستی بەوە نییە، سوڵتان فەرمانیدا بەدوورخستنەوەی سەید ئەلئالووسی و گەورە لایەنگرو قوتابیەکانی دەسبەجێ بۆ ئانادۆڵ، لەماڵەکەی بەدەستگیرکراوی شەوی ٢٢ی محەرەم ١٣٢٣ کۆچی برا لەگەڵ کوڕە مامەکەی سەید ثابت کوڕی ئەبوو بەرەکات نعمان خیرەدین ئەلئالووسی و، هەروەها بازرگانی بەناوبانگ حاجی حەمەد عەساف گەورە لەخواترس و پیاوچاك ، هەموویان دوورخرانەوە بۆ ئەنادۆڵ، دەسەڵاتی ناوخۆیی داوای ئەوانی تری لەگەورە قوتابیانی سەید ئەلئالووسی کرد وەکو مامۆستا عەبدول ڕەزاق ئەعزەمی کە بەمەسەلەکەی زانی خۆی شاردەوە، پاشان بۆ (برێدە) بۆلای فەرمانڕەواکەی میر کوڕی ڕەشید هەڵات، تا پەنای بەرێتە بەرو لەلای سوڵتان نێوانی



بۆبکات تافەرمانی دوورخستنەوەکە هەڵوەشێنێتەوەو سەید ئەلئالووسی بگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا...)[٧٥].

هەر کەسەید ئەلئالووسی و دوو برادەرەکەی دەگەنە مووسڵ زاناو پیاوماقووڵانی داوێن گیریان بوون و بروسکەیان بۆ سوڵتان کردو شەفاعەتیان بۆی خواست.

ئەودەمە سەید عەلی عەلائەدین ئەلئالووسی لەئەستەموول بوو ئەویش شەفاعەتی بۆیان خواست...[٧٦]، سوڵتانیش شەفاعەتەکەیانی قبووڵ کردو فەرمانیدا دوورخراوەکان بگەڕێنەوە بەغدا، هەر کەکاروانی ئەلئالووسی مووسڵی بەجێهێشت خەڵکەکەی بەئاهەنگێکی مەزن هاتنە دەرەوە بۆ بەرێخستنی، خەڵکی بەغدایش وەهایان کرد هەر کەئەلئالووسی لێی نزیك بووەوە (جەماوەری بەغدا پێشوازییان لێی کرد لەپێشەوەیان برادەرو قوتابی و موریدەکانی بوو لەقۆناغی دوورەوە پێشوازییەکی بێ وێنەی گەرم بوو، لەهەموو لایەکەوە بەبۆنەی هاتنەوەی و سەرکەوتنی بەسەر نەیارەکانیدا پارچە شیعرو نامەی پیرۆزبایی بۆدەهات[٧٧].

ئەوەی شایانی گوتنە لەوڕۆژانەدا سێ گەورە بازرگانی بەتوومەتی هاوسۆزی لەگەڵ بزووتنەوەی وەهابیزمدا بەسرا دوور خرابوونەوە، ئەوانەش حاجی محەمەد شعێبی و عەبدوڵڵا عوبێدو محەمەد شبل بوون و ڕەوانەی قونیا کران، دیارە ئەوان ماوەیەکی زۆر لەدوورخراوەیی مانەوە بێ ئەوەی کەس شەفاعەتیان بۆ بخوازێ...

## بەرەبەیانی راستگۆ:

دوورخستنەوەی سەید مەحمود ئەلئالووسی مەسەلەیەك بوو ئاماژەی خۆی هەبوو لەو بارودۆخە، وادیاربوو حكومەتی عوسمانی بانگەشەی ئەلئالووسی لەبەغداو بزووتنەوەی عەبدول عەزیز كوڕی سعود لەنەجد بەیەكەوە دەبەستەوە، هەردوو مەسەلەكە لەدیدی حكومەت بەرەو یەك ئەنجام دەڕۆیشتن ئەویش هەڵتەكاندنی بنەمای ئایین بوو كەخیلافەتی عوسمانی لەسەر راوەستابوو، بەڵگەكانیش ئاماژە بەوە دەكەن بانگەشەی سەلەفی لەبەغدا تەنها ئەوانەی نەدەگرتەوە كە لەبەغداو بەسرا دووریان خستبوونەوە، بەڵكو لایەنگرانی تری هەبوو، ئەوانە بۆ بەرزراگرتنی مەزەبی وەهابی دەستیان بەچالاكی كرد، لەكاتێكدا لەشكركێشی عوسمانی دژ بەهێزەكانی وەهابیزم لەئەلقەسیم بەڕێوەبوو، ئەم مەسەلەیەش حكومەتی عوسمانی نەیدەتوانی سەبری لێبكات ئەمەیش شاراوە نەبوو، ئەوەی جێگای سەرنجە شاعیری ناسراو جەمیل سدقی زەهاوی لەوماوەیەدا كتێبێكی بەناوی (الفجر الصادق في الرد علي منكري التوسل والكرامات والخوارق) دەركرد، تێدا هێرشێكی توند دەكاتە سەر وەهابیزم و لایەنی تەسەووف دەگرێت لەپاڕانەوە لەگۆڕستان و پیرۆز راگرتنی ئەولیاكان، پاشان داوای كرد بەقسەی سوڵتان بكەن و بەگرنگترین ئەركی ئایینی لەقەڵەم داوەو مەدحێكی زۆری سوڵتان عەبدول حەمیدی كردووە.

زەهاوی لە ٩ی تشرینی دووەم ١٩٠٤ لەدانانی كتێبەكەی بوەوە، ناردی بۆ قاهیرە بۆ لەچاپدانی و بە ٧٦ لاپەڕەی بچووك لەچاپدرا زەهاوی لەپێشەكی كتێبەكەیدا مەبەستی روون دەكاتەوەو دەڵێ: (ئەم نامەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرپەرچدانەوەكانی وەهابیزم دەنووسێ بۆ ئاشكراكردنی



درۆو دەلەسەی بیروباوەڕە چەواشەكانی، بۆئەوەی موسڵمانان لێی بەئاگابن، دوای ئەوەی لەبەغدا رەواج پێدەری ئەم مەزەبەیان بینی لەلاف لێدەرانی زانست)، پاشان زەهاوی كتێبەكەی بەمە كۆتایی پێ دەهێنێ: (ئەوەی ویستم لەم بارەیەوە بیڵێم تەواوبوو بۆئەوەی مەزەبی وەهابی لەبەغداو دەوروبەری وڵاتدا تەشەنە نەكات و بڵاوبێتەوە، تاوەكو هەق لەبەرچاوی خوێنەر روون بێتەوەو راستی دەركەوێت و هەڵنەخەڵەتی بەوەی كەئەو تاقمە لەرێ دەرچووە بڵاوی دەكەنەوەو خەڵكی سادەو نەخوێنەواری پێ فریو دەدەن لەدانان و جوانكردنی ئەم كتێبەدا براو هاوڕێ و مامۆستای زانام حەزرەتی زانا (مەعروف ئەفەندی رەسافی یارمەتیدام) خودا بپارێزێ و بەرخودار بێ سوپاس بۆ خوا ئەوەڵ و ئەخیر، فەقیری باری تەعالا زەهاوی زادە جەمیل سدقی...) خوێنەر هەر كەزەهاوی دەبینێ ئەم جۆرە كتێبەی داناوە سەرسووڕماو دەبێ، كاتێ خۆی یەكەم كەس بوو داوای شارستانی نوێی لەعێراقدا دەكردو بڕوای بەتیۆری (داروێن) هێناو بەخوانەناسی تۆمەتبار كرا، دیارە زەهاوی دوای رووخانی عەبدول حەمید هەستی بەپەشیمانی كرد لەسەر دانانی ئەو كتێبە، لەساڵی ١٩١٦ بۆ برادەرێكی بەناوی هەبەدین شەهرستانی دەنووسێ داوای لێبوردن دەكات لەبەر دانانی ئەو كتێبەو دەڵێ ئەو لەترسی زۆرداری عەبدول حەمیدو چەوساندنەوەی ئەو كتێبەی داناوە[٧٩]، رۆفائیل بەتی، لەمەڕ بەرگری كردن لەزەهاوی دەڵێ: (یەكێك لەسەرانی وەهابیزم لەبەغدا حكومەتی دژی هاندەدا جارێك بەبیانووی گوایە تانە لەسیاسەتی سوڵتان عەبدول حەمید دەداو جارێكیش بەكوفرو زەندیقی ناودەبات، ئەویش لەسەردەمی عەبدول وەهاب پاشای ئەلبانی والی بەغدایە، ئەم والیە دژایەتی دەكردو بۆ سەرچاوەكانی دەنووسی و داوای دەكرد لەوڵاتی عیراقی دووری بخەنەوە بۆ شوێنێكی دوور، بۆیە مامۆستا ناچاربوو كتێبی (الفجر الصادق) دابنێ بۆ

بەرپەرچدانەوەی وەهابیزم و بەمەدحی سوڵتان عەبدول حەمید دەستی پێکرد نەوەك نەیارەکانی خراپەی لەگەڵ بکەن بۆ دەمکوت کردنی ئەو هاندەرە وەهابیە...)[٨٠].

بەڵام-بەهجەت ئەسەری- کەیەکێك بوو لەقوتابیانی ئەلئالووسی- بەجۆرێکی تر باسی دانانی کتێبەکە دەکات، هاوسۆزە لەگەڵ بزوتنەوەی وەهابیزم و بەبانگەشەیەکی ریفۆرمخوازی لەقەڵەم دەدا، هەوڵی دەدا خیلافەت لەتورکەکان وەرگرێتەوەو بیداتەوە بەعەرەب، بۆیە تورکەکان سوکایەتیان پێی دەکردو کردەوە ناشیرینەکانیان دەخستە پاڵی.

-ئەسەری- جەمیل سدقی زەهاوی بە (خوانەناسی سەردەم) وەسف دەکردو بەگژاچوونەوەشی بەوەهابیەکاندا بەپارە بوو لەتورکەکان وەریگرتبوو بۆ لەناوبردنی عەرەب، پاشان ئەسەری دەڵێ: (نازانم موسڵمانەکان لەخەو هەڵدەسن و ئەم جۆرە تەڵەکانە بەسەریاندا رەت نەبێ کەمێشکی سڕکردون و هەلا هەلای کردوون؟ خودایە ئەمەیش هیچ دڵێکی پڕ لەئیمان دەرەقەتی نایەت و هیچ کەسێ بەختی هەبووبێ لەئیسلام پێی قووت نادرێ ئیسلام کەئایینی برایەتی و یەکگرتن و ئاسوودەییە...)[٨١].

## لافاو

لە ٢٦ی کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٠٥ والیەکی نوێ گەیشتە بەغدا ناوی عەبدول مەجید بەگ بوو، ئەمە یەکەمجار بوو والیەك بێتە بەغداو نازناوی (بەگی) هەبێ نەك (پاشا)، ئەم (بەگە) یەك ساڵ و ٤٥ رۆژ لەبەغدا مایەوە، لەسەردەمی ئەودا کوشتاری ئێرانیەکان لەکەربەلا روویدا، وەکو لەبەشی داهاتوو باسی دەکەین و ئەمەش بووە هۆی لابردنی لەسەرکار، لە ١٦ی شوبات ١٩٠٧ والیەکی تر گەیشتە بەغدا ناوی ئەبوبەکر حازم بەگ بوو،



لەسەردەمی ئەم والیە لافاوێکی گەورە لەبەغدا روویدا، کەدەمێ ساڵ بوو لافاوی ئاوهای بەخۆیەوە نەدیبوو.

وەسفی ئەم لافاوەش لەشایەت حاڵێکەوە دەبیستین ئەویش باوە ئەنستانس ماری کەرمەلییەو ئەمەیش دەقەکەیەتی: (رۆژ پێنج شەممە ٢٨ی مارس بەغدایەکان هەستیان بەگەرمایەکی کوت و پڕو نەشیاو لەرادەبەدەر کرد لەورۆژەو لەمانگی ناوبراو، پلەی گەرما بەپێوەری سەدی گەیشتە ٢٥ پلە، خەڵکی سەریان لێی سورماو ترسان وەرچەرخانێکی گەورە لەکەش و هەواکە روویدات، ئەو شەوە بارانێکی زۆر باری دوای هەورە تریشقە گرمەی تۆپیش ئاوها نەبوو، بروسکە ئاسمانی رەشی لەت و پەت دەکرد، بارانێکی واباری هەستمان کرد دەریا داماندەپۆشێ و سیستمی گەردوون تێکچووە، پێنج رۆژ باران باری تا لافاوی دیجلە هەڵساو هەموو بەنداوەکانی شکان و ئاو رژایە دەوروبەری شارو نوقمی کردو مەزرای گەنم و جۆی تەلەف کرد کەگوڵەگەنم تاسنگ هاتبوون، هەروەها پاقلەو نۆك و دانەوێڵەی تری فەوتاند، خانوویەکی زۆریش بەسەر خەڵکەکەیدا رووخاو مردن، ئەوانیش ئاگاداربوونەوە لەدەست لافاو هەڵاتن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت، تا وایلێهات خۆ دەربازکردن بەنرخترین شت بوو، ئاو چووە زۆربەی کۆڵان و گەڕەکەکانەوەو هەمووی وێران کرد، بەڵام مردنی مرۆڤ و ئاژەڵ لەژمارە نەهات، چونکی دەبینرا لاشەکان کەوەتبوونە سەر ئاوو کەس ئاوڕی لێنەدەدانەوە، زۆربەی فەوتاوەکان خەڵکی بیابان بوون، چونکی ئاو کوت و پڕ هاتبووە سەریان بەبێ هیچ ئاگادارییەك و نیشانەیەکی لەوەوبەر، لەشەودا گوێت لەهات و هاواری وادەبوو دەتووت رۆژی قیامەتەو کارەساتی خۆی هێنابوو نەدەزانرا دەرفەت لەکوێوەیە، هیچت نەدەبینی جگە رووناکیەك نەبێ لێرەو ژنێك لەوێ

شەیپوری دەکرد، لەولاوە دیوارێك خێڵێکی دەشاردەوە لەباغەکان گریان و شێوەن دەبیسترا، بەکورتی بیستنی ئەم باسە جەرگی پارە پارە دەکردو گوێی بەردی رەقی دەهاڕی...)[٨٣].

لەهەمان کاتیشدا لافاوێك لەهەردوو رووباری فورات و دیالە هەڵساو بەربەستەکانی تێکداو لەهەموو لایەکەوە ئاو هێرشی بۆ بەغدا هێنا، تا وایلێهات دەتووت شارەکە دوورگەیەکی بچووکە لەناوەڕاستی دەریایەکی پان و بەریندا، عەبدول عەزیز قەساب ئاو هەڵسانەکە لەبەری (کەرخ) ئاوها باس دەکات و دەڵێ: (بەخێرایی سەرسوڕهێنەر ئاو هەموو پێدەشتەکانی داپۆشی تاگەیشتە بەنداوی مەسعوودی کەدەکەوێتە نزیك ئارامگای شێخ جونێدو خاتوو زوبیدەوە، لەبەر توونـدی هەڵمەتی ئاوەکان بەنداوی مەسعوودیش رووخا شەپۆلەکان بۆ بەری کەرخ ئاژنگیان ناو تانزیك بازاڕی حەمادەو عەلایی حلە نەوەستان، دوای ئەوە هەموو خەڵکی بەپیاوو ژنەوە لەگەڵ سەربازو جوتیارەکان هەڵمەتیان بۆ رزگارکردنی بەری کەرخ برد، زاناو پیاوماقووڵانیش بەشدارییان کرد، بۆماوەی نزیکەی حەفتەیەك خۆڵ و دارو حەسیریان دەگواستەوە).

ئەم کارەساتە دڵتەزێنترین کارەسات بوو لەم دواییەدا روویدابوو، زیانێکی زۆری گەیاندە کشتوکاڵ و مەڕومالاَت و خانووبەرەو خەڵکی، وەك بڵێی دەریایەکی بێ شوومار داپیۆشی بوون، تاوەکو پاپۆڕەکان خەڵکی و بازرگانەکانی دەگواستەوە لەنێوان فورات و بەری کەرخ لەبەغدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ.

دوای ئەوە حکومەت بڕیاریدا بەدروستکردنی لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی سەید عەبدول رەحمان نەقیب منیش کرام بەسکرتێری لیژنەکە، لەبیرمە ئەو ئامادەی پێشکەشمان کرد سەلماندی زیاتر لەسەدو پەنجا خانوو رووخابوو



لەحەفتا کەس زیاتریش مردبوون لەژێر دارو پەردو، حکومەت فریای خەڵکی کەوت و بەقەرەبووی گونجاو قەرەبووی کردنەوەو پێشنیازی لیژنەکەش جێبەجێکرا، پێموایە ئەو کەرخیە زیندوانە سەختی ئەو لافاوەیان لەبیرەو دەگێڕنەوە کەخەڵکی بەری کەرخ تووشی چ ترس و شڵەژانێك بوون، ئەو شایلۆغانەشیان لەبیرە لەشەقام و گۆڕەپانەکاندا هەندێ شێخ و پیاوی پیر رێکیاندەخست، بەتایبەتی ئەوەی سەرژمێرەکان رێکیان دەخست کە بە (طخة) ئەلجبوریە ناسرابوون...)[٨٣].

## کۆتایی سەردەمەکە:

لەساڵی ١٩٠٧-ساڵی ئەو لافاوەی باسمان کرد- بابولعالی بڕیاری بەدروستکردنی لەژنەیەکیدا بەناوی: (دەستەی چاکسازی بۆ نەخشەی عیراقی)، بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئیداری و ئابووری و رووناکبیری عیراق و دانانی نەخشەیەك بۆ گەشەپێدانی، لیژنەکە لەسەرۆك و سێ ئەندام و سکرتێر پێکهاتبوو، سەرۆکەکەی پیاوێکی مافناس بوو بەپلەی وەزیر ناوی نازم پاشا بوو، ئەمە ئەو والیە سەربازیە نییە کە بەپلەی سەرلەشکر ناوی نازم پاشا بوو دواجار لەسەردەمی دەستوور ناسرا... لیژنەکە لەپایزی ١٩٠٧ گەشتە بەغدا بەهەموو عیراقدا گەڕا بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوە، پاشان راسپاردەی خۆی پێشکەشکرد ئەوەی لیژنەکە ئەنجامیدا ژمارەیەك فەرمانبەری لەسەر کار لابردو هەندێکی دیکەی لەفەرمانی حکومەت بێبەش کرد، پاشان لیژنەکە لەگەڵ والی ئەبوبەکر حازم بەگ ناکۆك بوون و بووە هۆی گواستنەوەی بۆ ولایەتی سێواس، نازم پاشا بەوەکالەت بوو بەوالی چەند رۆژێك بەسەر ئەوەدا تێنەپەڕی تادەستووری عوسمانی راگەیەنرا.

## -بەشی سێیەم-

## میرزا محەمەد حەسەن شیرازی و سیستمی ئیجتیهادی شیعی

میرزا محەمەد حەسەن شیرازی گەورەترین موجتەهیدی شیعە بوو لەسەردەمی حەمیدی پەیابوو، لەسەردەمەکەی ئەودا ڕووداوی گرنگ ڕوویانداو کاریگەری کۆمەڵایەتیان لەسەر عیراق و ئێران هەبوو، بۆئەوەی سەربوردی ئەم کابرایە تێبگەین و ئەو ڕووداوانەی لەسەردەمی ئەو ڕوویانداوە، دەبێ لەسیستمی ئیجتهاد لەلای شیعە بکۆڵینەوە، بابەتێکە توێژەوەرەکان کەم باسیان کردووە، سەرەڕای ئەوەی گرنگیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی هەیە.

### لەنێوان ئەخباریەکان و ئسووڵیەکاندا:

لەراستیدا سیستمی ئیجتیهاد لەلای شیعە بەتەواوی رەگی دانەکوتابوو تەنها لەسەردەمێکی درەنگ وەخت نەبێ، بەڵام بەرلەوە شیعە ببوون بەدوو تاقمی دژ بەیەك، ئەویش ئەخباریەکان و ئسووڵیەکان بوون، ئەخباریەکان دەرگای ئیجتیهادیان نەکردەوە، بەڵکو لەحوکمە شەرعیەکانیاندا پشتیان بەو هەواڵانە دەبەستن کە لەپێغەمبەرو دوانزە ئیمامەوە مابوونەوە، بۆیە لێرەدا ناویان بە (ئەخباریەکان)-واتا هەواڵیەکان- هاتووە، بەڵام ئسووڵیەکان پێیان وابوو ئەو هەواڵانەی کەهاتوون هەموویان راست نین، لەلایەن بەهێزیەوە لەپلەی جیاجیادان، لەبەرئەوە دەبێ فەقیە لەبەڵگەکانی



بکۆڵێتەوەو بەراوردیان بکات، ئەمەیش بەپشتبەستن بەزانستێکی تایبەت، کەپێی دەوترێ زانستی (ئسووڵ) تا لەرادەی ڕاستگۆییان و هەڵێنجێنانی حوکمەکانی شەرع لێوەی دڵنیابێ.

ڕاستە بڵێین کە (هەواڵیەکان) سەلەفین و پشت بەهاواڵە گوێزراوەکان دەبەستن و پەنا نابەنە بەر بەرنامەی ئەقڵی لەرەخنەو تەتەڵەکردندا، واتا پەنا دەبەنە بەر (گواستنەوە)و (ئەقڵ) لەحوکمە شەرعیەکاندا بەکارناهێنن و دروشمیان ئەوەبوو: (ئاییینی خواوەند بەبیروڕاو هزری مرۆڤ چێنابێت)، بەڵام ئسووڵیەکان پێچەوانەی ئەوان بوون، چونکی وایان دەبینی کەهەواڵەکان لاوازو بەهێزیان تیایە، یان هەڵبەستراوو ڕاست، بۆیە دەبێ ئەقڵ بەکاربێت بۆ جیاکردنەوەیان لەوانەیە بشێ ئەم ناکۆکییەی نێوان هەواڵیەکان و ئسووڵیەکان بەو ناکۆکییە لەیەك بچوێنین کە لەسەدەی سێی کۆچیدا لەنێوان حەنبەلیەکان و موعتەزیلەکان ڕوویدا، موعتەزیلەکان بیروباوەڕی خۆیان لەسەر بنەمای مەنتیق دادەمەزراند، کەچی حەنبەلیەکان بەجارێ نکووڵییان دەکردو دروشمیان ئەوەبوو: (ئەوەی مەنتیقی هەبێ زەندیقە).

ناکۆکی لەنێوان هەواڵیەکان و ئسووڵیەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەم توندبوو، (شێخ جەعفەر کاشفولغیتا) هەڵگری ئالای ئسووڵیەکان بوو، بەڵام (میرزا محەمەدی ئیخباری) هەڵگری ئالای هەواڵیەکان بوو. ڕادەی ناکۆکی نێوان ئەم دوو کابرایە گەیشتە ئەوەی ناتۆرە بۆ یەك هەڵبەستن و جنێوی ناشیرین بەیەك بدەن، شێخ جەعفەر کتێبێکی دانا بەناونیشانی: (الحق المبين في تصويب المجتهدين واخطئة الاخباريين)، واتا: (هەقی ڕوون و ڕەوان لەراستکردنەوەی موجتەهیدەکان و بەهەڵەدەرکردنی هەواڵیەکان)، میرزا محەمەدیش بەکتێبێك وەڵامی دایەوە، بەناونیشانی (الصيحة بالحق

علی من ألحد وتزندق)، واتا: (بانگەواز بەهەق بۆ ئەوانەی خوانەناس و زەندیقن)، ئەوەبوو شێخ کتێبێکی دیکەی نووسی بەناونیشانی: (کاشف الغطاء عن مصائب المرزا محمد الاخباري عدو العلماء، واتا: (لابردنی سەرپۆش لەسەر شوورەیەکانی میرزا محەمەدی ئەخباری دوژمنی زانایان)، وەڵامی میرزا محەمەدیش ئەوەبوو شێخی تاوانبار کرد بەوەی دەچێتەوە سەر رەچەڵەکی (بەنی ئومەیە) ئەمەیش تۆمەتێکی گەلێ ناشیرین بوو لەدیدی شیعەکانەوە ئەمەیش شاراوە نیە، شێخیش دەنووسێ: (جەنابتان نزیکترین لەم رەچەڵەکەوە...)(١).ئەو دەمەی شا فەتح عەلی لەسەر تەختی ئێران بوو، ئەوەی زانرابوو لەبارەی ئەم شاهەوە هەوڵیدا لاسایی سەفەویەکان بکاتەوە بۆ پاڵپشتی کردنی شیعەگەریی دوانزەیی و یارمەتیدانی زاناکانیان، فەرمانڕەوایەکەی سی و حەوت ساڵی درێژەی کێشا. میرزا محەمەدی ئەخباری چوو بۆ تاران بۆلای و هەوڵیدا بەلای مەزەبەکەی خۆیدا رایکێشێ، خەریك بوو لەوەدا سەرکەوتوو بێ، ئەگەر شێخ جەعفەر کاشف غیتا بەئاگا نەهاتایەتەوەو سەفەری کرد بۆ تاران و دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانی شا بەراستی مەزەبی ئسووڵی قەناعەت پێ بهێنێ و، میرزا محەمەدی ئەخباری لەتاران بەشکست خواردووی گەڕایەوە، لەساڵی ١٨١٧دا کاتێ کەبڕێك لەخەڵکی کازمیە هێرشیان کردە سەر میرزا محەمەد لەکازمیە کوشتیان و کوڕە گەورەکەشیان میرزا ئەحمەدیان لەگەڵدا کوشت، بزووتنەوەی هەواڵیەکان بەکوشتنی سەرکردەکەی لاواز بوو، لەگەڵ رۆژگاردا بەرەبەرە دەتوایەوەو کەم دەبوەوە، تاوایلێهات خەڵکێکی کەمی لێرەو لەوێ لەدەور مایەوە لەهەندێ ناوچەی عیراق و ئێران بەشێوەیەکی پەرت، بەڵام بزووتنەوەی ئسووڵیەت تەشەنەی کردو هەموو وڵاتە جۆر بەجۆرەکانی جیهانی شیعەی گرتەوە.



## گەشەکردنی نەجەف:

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٨٢١ پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێران بەرە بەرە بەرەو باشی بەڕێوە دەچوو، ئاشتی لەنێوان هەردوو حکومەتەکە بەرقەرار بوو سنووری نێوانیان دیاریکرا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەگەشتیارانی ئێرانی و کۆچبەرەکانیان بۆ عیراق زۆربێ، لەگەڵیاندا سامانێکی زۆر رژایە شوێنە پیرۆزەکانەوە ئەنجامی ئەمەش نەجەف مەزنترین سەردەمی گەشەکردنی زانستی بەخۆیەوە بینی، قوتابخانەی گەورەی ئایینی دروستکرا، هەموو قوتابیەك لەئێران بووایە یان لەهەر وڵاتێکی دیکەی شیعە خوازیاربوو بۆ نەجەف کۆچ بکات لەوێ خوێندنی بالا تەواوبکات، دەڵێن لەو سەردەمە ژمارەی قوتابیان گەیشتە دە هەزار، ئێرانی و تورکی و هندی و تیبتی و ئەفغانی و بەحرانی و عاملی و ئەحسائیان تیابوو، سەرەڕای عیراقی، بەڵام رێژەی ئێرانیەکان بەرز بوو، سروشتی بنیادەم وایە ئەگەر خوویان دایە شتێك ئەوا کێبڕکێ لەسەری توونـد دەبێ، زیادەڕۆیی لێدەکەن، بێگومان ئەمەش لەنەجەف ئەنجامی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئسووڵیەت و گەشەکردنی روویدا، سەید موحسین ئەمین لەچەند بابەتێك لەکتێبە ئەنسکلۆپیدیاکەیدا بەناوی (گەورە پیاوانی شیعە) ئاماژەی پێداوە، بەکورتییەکەی لەم بابەتەدا دەڵێ (موجتەهیدەکان بەشێوەیەکی رادەبەدەر لەنەجەف سەرقاڵی زانستی ئسووڵ و فقە بوون، بۆنمونە میرزا حەبیبوڵای رەشتی دەهێنێتەوە کە لەساڵی ١٣١٢ کۆچیدا مردووە، چونکی یەکێك بووە لەگەورە موجتەهیدەکان و لەسەردەمی خۆی وانەی دەووتەوەو لە وانە وتنەوەدا درێژ دادڕێکی سەیر بوو، تەنانەت دەڵێن

چەند مانگێکی لەناساندنی (فرۆشتن) بەسەربردووە، ئەمەیش لەوسەردەمەدا باوبووە، بەڵام بەرای سەید موحسین ئەمین (ئەمە بەفیڕۆدانی تەمەنە لەشتی بێبەهادا)، سەید موحسین دەڵێ کەدەیان بەرگی گەورە گەورە لەسەر زانستی ئسووڵ نووسراوە، ئەمەیش ئاڵۆزکردنی زانست بووە، ئەمە دوورخستنەوە بووە نەك ڕێگا خۆش کردن، ئەگەر ئەو کتێبانەیان بژارە بکردایەو پووختەیان کردبایە لەوانە بوو دە کتێبیان بەس بووایە.(٢)

ئەو بابەتە فقهیانەی کەعادەتەن لەقوتابخانە ئاییینیەکان دەوترانەوە ئەمانە بوون: تارات و گڵاوی دەرکردن و دەسنوێژو نوێژ، ڕۆژو، زەکات و پێنجیەك، حەج، ژنهێنان و تەڵاق و میرات، مامەڵەی کڕین و فرۆشتن، کاتێ چاو بەو بەرگە گەورانەدا دەخشێنینەوە لەسەر ئەو بابەتانە نووسراون، لەبەر سەرسووڕمان خۆمان پێ ناگیرێ، بۆئەو پشووە سەیرەی دانەرەکانیان هەیانبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین لەگەڵ سەید موحسین ئەمین-دا تەبا نەبین بۆ ئەو قسەیەی کەدەڵێ بۆ بەبادانی تەمەن بووە کەهیچ سوودێکی تیانییە، هەندێ لەموجتەهیدە نوێخوازەکان هەوڵیان داوە ئەو وانانە پووختە بکەنەوە کە لەقوتابخانەکانی نەجەف-دا دەوترانەوە، ئەم هەوڵەش ناڕەزاییەکی توندی لەنێو موجتەهیدە موحافیزکارەکان و لایەنگرانیاندا خوڵقان، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتییە لەهەموو مەسەلەیەکی نوێداو شاراوە نییە، لەراستیدا هەوڵی نوێکردنەوە بەرێی خۆیدا دەڕوا، بەڵام بەهێواشی، گەرچی کۆمەڵگا بەتووندو تۆڵی ڕێدەکات، ئەمەیش ڕەواڵەتی نەشازی کۆمەڵایەتیە لەکۆمەڵگاکەماندا.



## دەسەڵاتی موجتەهیدەکان:

لەسیستمی ئیجتهادی شیعە دەبێ هەموو کەسێکی کامڵ بوو لەحوکمە شەرعییەکانیدا لاسایی یەکێك لەموجتەهیدەکان بکاتەوە، نابێ هیچ کەسێك بەبێ لاسایی کردن بمێنێتەوە، مەگەر خۆی موجتەهید بێ، یان بەدوای وتەی موجتەهیدەکانەوە بگەڕێ، ئەمەیش مەسەلەیەکی زۆر زەحمەتە.

بۆیە لەکۆمەڵگای شیعەدا زۆربەی خەڵکی لەزۆربەی کاروبارە ئاییینی و دنیایەکانیانداو لەحەڵاڵ و حەرام و لەپاکی و گڵاوی لێیان دەپرسن، هەندێ جار ڕوودەدا لەکاروباری سیاسەت فەتوایان پێ دەدەن، ئەو فەتوایەش کەیەکێك لەموجتەهیدەکان دەیدا ببێتە هۆی شۆڕشێك یان ڕاپەڕینێکی میللی گەورە، ڕۆژهەڵاتناس (براون) باسی دەسەڵاتی موجتەهیدەکان لەئێران دەکات، سەردانی ئێرانی کردبوو بەوردی لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆڵیبۆوە، دەڵێ: (موجتەهیدەکان و مەلاکان هێزێکی مەزنن لەئێران، بایەخ بەهەموو لایەنێکی ژیانی ئادەمیزاد دەدەن، لەوردترین وردەکاری لەپاکیزەیی کەسایەتی تا دەگاتە مەسەلە گەورەکانی سیاسەت، موسڵمانی شیعە کاتێ گرفتێکی تووش دێت و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەحوکمەکانی شەرعەوە هەیە (ئەوەی لەڕووی زانستیەوە دەچینە نێو هەموو کارێکەوە) پێشکەشی دەکا بەموجتەهیدێك تا لەبارەیەوە فەتوای لەسەر بدات، ئەو فەتوایەش کەموجتەهید دەیدات تەکفیرکردنی پاشایەکی فاسق یان وەزیریش دەگرێتەوەو ڕادەگەیەنێ هەرکەسێك لایەنگری ئەو پاشایە یان ئەو وەزیرە بێ، وەکو ئەوە وایە شەڕی ئیمامی چاوەڕوانکراو بکات، لەراستیدا بوونی موجتەهیدە گەورەکان لەنەجەف و کەربەلا واتا لەدەرەوەی

سنووری ئێران، پایەیانی پشت ئەستوور کردو حەسانەی پێداون، زۆر لەفەرمانڕەوایانی ئێران هەوڵیان داوە، دەسەڵاتی ئەو موجتەهیدانە کەم کەنەوە، لەپێش سەردەمی سەفەوی داو دوای ئەو سەردەمەش لەهەوڵەکانیانداو بەتەواوی سەرکەوتوو نەبوون، چونکی مەلاکان چینێکی نیشتمانپەروەری راستەقینە پێکدەهێنن، زۆرجار نوێنەری خواستەکانی گەل و دیدو بۆچوونیانن، پتر لەجارێك توانیان زۆرداریی فەرمانڕەواکان لەگەڵ دووربخەنەوە...)[٣].

کاتێ بەراورد لەنێوان موجتەهیدێکی شیعەو فەقیهێکی سوونە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەکەین جیاوازی ئاشکرا بەدیدەکەین، گرنگتریان سیانە:

یەکەم/ فەقیهی سوونە هەر بەفەرمانبەری حکومەت دەچێ و پشت بەمووچەی حکومەت دەبەستێ و بەفەرمانی ئەویش لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەگوێزرێتەوە، بەپێی ئارەزووی فەرمانڕەواکانی یان رازی بوونیان لێی فەرمان و بەراتەکەی زیادو کەم دەکات، بەڵام موجتەهیدی شیعە مووچەی لەزەکاتی خەڵکی و سێیەکی مردوانیان وەردەگرێ، بۆیە ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەگەڵ خەڵکی رەشۆکی هەیەو پەی بەهەستەکانیان دەبات و حەزدەکا لەگەڵیاندا دژ بەفەرمانڕەواکانیان بوەستێ، ناچاریش دەبێ لەخورافات و نەریتە بەمیراتی ماوەیان هاوشانی خەڵکی بێ، بەڵام لەهەمانکاتدا رێگا نادات زوڵمیان لێبکرێت.

دووەم: کردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد لەلای شیعە وای لەموجتەهید کردووە بتوانێ فەتوای نوێ دەربکات کە لەگەڵ وەخت و زرووفدا بگونجێت، دەتوانێ ئەو فەتوایانە بەفەتوای دژ بەپێی گۆڕانی بارودۆخ هەڵبوەشێنێتەوە، بۆنموونە حەرام کردنی شتێك رادەگەیەنێ- وەکو لەمەسەلەی (تەماکۆ) روویدا کە لەمەودوا دێینە سەر باسی- پاشان



حەڵاڵکردنی رادەگەیەنێ، زۆرجار ئەم توانایە وا لەموجتەهیدی شیعە دەکا کەدەسەڵاتێکی سیاسی پەیا بکات و فەرمانڕەواکان حیسابی بۆ بکەن، بەتایبەتی کاتێ ئەو موجتەهیدە مونافیسەکانی مردبن و لەداب و نەریتەکەدا بووبێتە سەرۆکی هەمووان.

سێیەم: موجتەهیدی شیعە بەچاوێکی بەدەر لەفەقیهی سوونە تەماشای فەرمانڕەواکان دەکات، ئەمەیش لەسەدەکانی دووایدا روون بوەوە، کاتێك سوڵتانی عوسمانی نازناوی (خەلیفە)ی وەرگرت و بە (میری ئیمانداران)- أمیر المؤمنین- ناودەبرا، سوڵتان لەلای ئەهلی سوونە دەبوو ئیتاعە بکرابایە، چونکی سەرگەو رەیانە (وەلی ئەمر) کە لەقورئاندا هاتووە دەبێ ملکەچی بۆ بکرێت، بەڵام لەلای شیعە ئەوەی کەپێویستە ملکەچی بۆ بکرێت ئیمامی دوانزەیەمە کەنادیارە، ئەوان پێی دەڵێن (خاوەنی زەمانە)- صاحب الزمان- لەکاتی نادیاریی ئەودا موجتەهیدەکان جێگای دەگرنەوە، بۆیە موجتەهیدەکان لەلای شیعە لەپاشا بۆ ملکەچی کردن پێشترن، ئەگەر بێتو پاشا روخسەتیان لێ وەرنەگرێ بۆ فەرمانڕەوایی ئەوا فەرمانڕەوایەکەی بەتاڵە، شێخ سلێمان زاهیر عاملی دەڵێ: (موجتەهیدەکان هەموو مەرجەکانی ئیجتیهادیان کۆکردوەتەوەو جێگری ئیمامن، نابێ زوڵمی پاشایەکی زاڵم لەرەعیەت بسەلمێنن و، نابێ حوکمێك لەحوکمەکانی شەریعەت بشارنەوە بەمەرجی توانا بوون و بۆ فەسادو خوێن رشتن پەلکێش نەکرێت)[٤].

## کێبڕکێ لەنێوان موجتەهیدەکان:

لەهەموو سەردەمێکدا موجتەهیدەکان زۆرن و ژمارەی لاسایی کەرەوەکانیان جیاجیایە، لێرەدا موجتەهیدی بچووك هەیە شوێنی خۆی لەشارێکی دیاریکراودا دەگرێ و، لاسایی کەرەوەکانیشی لەسنووری ئەو شارۆچکەیەو گوندەکانی دەوروبەری تێپەڕناکات، لەلایەکی ترەوە موجتەهیدی گەورە هەیە کە لەنەجەف دادەنیشێ یان ناوەندە ئایینیە گەورەکان و لاسایی کەرەوەکان لەهەموو جیهانی شیعەدا بڵاوبوونەتەوە.

ئیدی موجتەهیدەکانی تر لەنێوان ئەمان و ئەواندا بەپلەی جۆر بەجۆر دێن، بێگومان موجتەهیدەکان لەنێوان خۆیاندا دەکەونە کێبڕکێ، هەروەکو خەڵکانی خاوەن یەك پیشە، هەریەکەو دەیەوێ زۆرترین ژمارەی لاسایی کەرەوان بۆلای خۆی راکێشێت، ئەوانە بنیادەمن تووشی کەم و کوڕی بنیادەم دەبن، وەکو چۆن خەڵکی تر تووشیان دەبێ، هەندێ جار موجتەهیدێکی گەورە هەڵدەکەوێ و بارو زرووف یارمەتی دەدا بەبێ هیچ هاوتایەك ببێتە مەرجەعێکی گشتی بۆ دنیای شیعە، هەروەکو بۆ میرزا محەمەد حەسەن شیرازی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم هەڵکەوت، یان بۆ ئەبو حەسەن ئەسفەهانی لەدەیەی پێنجەمی سەدەی بیست دا، بەڵام ئەم مەرجەعیەتە گشتییە موتڵەق نییە، وەکو لەرەواڵەتی دەرەوەی دیارە، بگرە لەواقیعی خۆیدا سنووردارەو هەمیشە مەترسی هەڕەشەی لێ دەکات.

مەرجەعیەتی گشتی لەلای شیعە وەکو پاپاویەت لەلای کاسۆلیکەکان نییە، پاپا لەگەڵ مردنی پێشوەکەی هەڵدەبژێردرێ و، دوای ئەوەش کاردیناڵەکان بۆیان نییە ململانێ یان کێبڕکێی لەگەڵ بکەن، بەڵام



مەرجەعیەتی شیعە بەهەڵبژاردن نییە، بەڵکو بەری یەکێك لەو موجتەهیدە گەورەکان لەرێگەی (لەبێژنگدانی کۆمەڵایەتییەوە) دەکەوێ، ئەگەر مەرجەعی پێشوو بمرێت لەنێوان ئەو موجتەهیدانە کەخۆیان لەهاوشانی دەدەن لەپلەو پایەکەی کێبڕکێ روودەدات، ئەم کێبڕکێیەش کەم دەخایەنێ و درێژیش دەخایەنێ بەپێی جیاوازی بارو زروف، زۆرجار لەنێوان دووکەسدا دەمێنێتەوە، چونکی هەریەکەیان ژمارەی لاسایی کەرەوەی لەیەك نزیکیان هەبووە، ئەو دەمەی لەنێوانیاندا کێبڕکێیەکە توند دەبوو جۆرو شێوەی هەمەلایەنی وەردەگرێ.

هیچیان ناتوانن مەرجەعیەتی گشتی وەرگرن جگە دوای مردنی مونافیسەکەی نەبێ، هەر کەئەویش مرد سەرلەنوێ کێبڕکێ لەنێوان موجتەهیدەکان توند دەبێ، ئەم کێبڕکێیە لەنێوان موجتەهیدەکان بێ سوود نییە، چونکی زۆرجار دەبێتە هۆی پێشبڕکێ لەنێوانیاندا لەسەر زانست و تەقوا لەپێناوی بەدەستهێنانی لاسایی کەرەوەکان، بەڵام دەبێ ئەوە لەبیرنەکەین کەزۆرجار کێبڕکێ لەنێوانیاندا دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی ناکۆکی و دوژمنایەتی، کەزۆر بەهەندێکیانەوە پاڵ دەنێ پەنا بەرنە بەر رێبازی خراپ بۆ سەرکەوتن بەسەر نەیارەکەیدا.

زۆربەی لاسایی کەرەوەکان خەڵکی رەشۆکین، سروشتی خەڵکی رەشۆکیش ئەوەیە دامێن گیری خورافات و شتی پڕوپوچن و بڕوایان وایە ئەوانە راستن و گومانیان تیانییە، بۆیە هەندێ لەموجتەهیدەکان پەنا دەبەنە بەری بۆ رازی کردنی خەڵکی عەوام و رازی بوون بەخورافات و پڕوپووچیەکانیان، چونکی دەترسن رووبەڕووی عەوام ببنەوە بەوەی پێی رازین و دژیان رادەپەڕن و، دەچنە ریزی نەیارەکانیانەوە، لێرەدا لایەنێکی دیکە هەیە لەم بارەیەوە نابێ لێی بێ ئاگا بین ئەویش ئەوەیە مەرجەعیەتی

گشتی تاماوەیەکی درێژ لەلای کەسێك نامێنێتەوە، دەبێ ئەو موجتەهیدەی وەریدەگرێت بەتەمەن بێ، چونکی دوای ئەوەی هەموو مونافیسەکانی مردوون لەژیاندا ماوە، واتای ئەوەیە ئەو لەکۆتایی تەمەنیدا مەرجەعیەتی وەرگرتووەو، ئەویش ئەوەنەی پێ ناچێ دەمرێ، سەرباری ئەوەش ناتوانێ لەو تەمەنە پیرەدا دنیاو ئەو بارو زرووفە نوێیەش تیا روویداوە تێبگات.

## خاوەنی گەوهەرەکان:

لەچارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەم لەسەر مەرجەعیەت لەنەجەف دووکەس کەوتنە کێبڕکێوە، یەکێکیان: شێخ حەسەن کوڕی شێخ جەعفەر کاشف غیتاو ئەویتریش شێخ محەمەد حەسەن خاوەنی کتێبی (گەوهەرەکانی وتن)-جواهر الكلام- بوو لەساڵی ١٨٤٦دا شێخ حەسەن کاشف غیتا مرد، دوای ئەو خاوەنی گەوهەرەکان بوو و بەمەرجەعیەت، بەڵام ئەویش ئەوەندە خۆشی لێ نەبینی، تادوای مردنی برادەرەکەی بەچوار ساڵ مرد، نەجەف لەسەردەمی خاوەن گەوهەرەکان لەبارەی ژمارەی قوتابیەکان و ئەو پارەو پوولە زۆرەی کەبۆی دەهات گەیشتە ئەوپەڕی گەشەکردن، ئەوەی لەبارەی خاوەنی گەوهەرەکانەوە زانرابوو حەزی لەرابواردن و رەواڵەتی زۆر خۆرازاندنەوە دەکرد، خاوەنی کتێبی (رابردووی نەجەف و ئێستای)یە، وەهای وەسف کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی: (ئەم پیرە سەروەری شەریعەت و شانازی دەرخست، قەشەنگی زانست و سەروەرییەکەی، بەشان و شەوکەت بوو، بەرەواڵەت لەپاشایانی خاوەن پلەو پایە دەچوو، دەست و پێوەنی وەکو دەست و پێوەنی خاوەن تاجەکان وابوو، بەشکۆو کەماڵ و مەزن و بەهیئەت بوو، ئەنگوستیلەی یاقووت و



ئەڵمازی لەپەنجە دەکردو تورمەیەکی سپی گرانبای لەسەر دەکرد).

هەر ئەو شەوی دەرچوونی بۆ مزگەوتی کوفە لەشەوی چوارشەممەدا ئاسان کرد-لەمەوبەر ئەمە نەکرابوو-بەسواری ئەسپ خۆی و قوتابی و حاشیەکەی دەردەچون و، لەگەڵ خۆیدا خوانی هەمەجۆری دەبرد، لەدوا ڕۆژانی ژیانیدا کچە عەلەویەکی خواست کەکچی زانای گەورە سەید رەزا کوڕی سەید بەحرل علووم بوو، کچەکە لەلای تا وەسیەتی کرد زۆر بەڕێز بوو، بەتایبەتی کە لەئارامگەی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا بەخاك بسپێردرێت)[٥].

لەبارەی خاوەن گەوهەرەکان دەگێڕنەوە زۆر سەبارەت بەبەخشینی ئیجازە بەقوتابیەکانی لێبوردو بووەو، پاکانەیشی بۆئەمە وتبووی: (لێیان گەڕێن با نان بخۆن)[٦]، بۆیە هەڵگری ئیجازەکانی لەئێران زۆر بوون و، لەزۆربەی شارەکانیدا بڵاوبوونەوە، تا یەکێك لەپیاوماقووڵانی ئێران لەم بارەیەوە وتبووی: (شێخی خاوەن گەوهەرەکان کارگەی رەنگ کردنی هەیەو، زانایانی لێ دەردەچووێنێ، چونکی شارێ لەشارەکانی ئێران نەماوە یەکێك لەدەرچووانی قوتابخانەی ئەوی تیا نەبێ)[٧].

دەگێڕنەوە شا محەمەدی قاجاری هەمان قسەی کردبوو، بۆیە خاوەن گەوهەرەکان ناچاربوو، لەمینبەری دەرس وتنەوەدا وەڵامی بداتەوە وتی: (هەندێ برا لەئێرانەوە بۆیان نووسیبووم گوایە سوڵتان محەمەد شاه قاجاری وتوویە شێخ محەمەد حەسەن کارگەی رەنگ کردنی هەیە تێدا قوتابی رەنگ دەکات و بۆ ئێرانیان رەوانە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێ، کەمن شایەتی بەئیجتیهادی ئەوانە نادەم بۆیانم نووسیبوو لەمەسەلەکان و دادگا بچنەوە سەریان، لەمەسەلەکەشدا مەزهەبی من دیارە، من بەلاسایی کردنەوە رێگا بەدادگا دەدەم، بەتەمەنی خۆم بەئیجتهادی هیچ کەسێکم

نەکردووە تەنها چوار نەبێ...)[٨].

خاوەن گەوهەرەکان لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٥٠ لەتەمەنی شەست و چوار ساڵی مردوو، لەگۆڕێکی تایبەتی بەخۆی نێژرا، ئێستا لەنەجەف بووەتە مەزارو خەڵکی بۆ تەبەرووك سەردانی دەکەن و گومەزێکی شینی هەیە، ئەوەی جێگای سەرنجە، خاوەن گەوهەرەکان یەکێك لەقوتابیەکانی دامەزراند لەدوای خۆی ببێتە جێگری و مەرجەعێکی گشتی بۆ هەموو لاسایی کەرەوەکانی، ئەمەیش یەکەم جارە لەمێژووی ئیجتیهادی شیعە شتی وا روویدات.

نازانم هۆیەکەش چیە! خاوەن گەورهەکان وەسیەتی کردبوو شێخ مورتەزا ئەنساری لەدوای خۆی ببێتە جێگری، ئەوەی لەبارەی ئەم پیاوەوە زانراوە، زۆر زاهید بووە، نەیویستووە مەرجەعیەتی بەرکەوێت دوای مامۆستاکەی یان نەیدەویست، بۆیە چاویان بریە کەسانی دیکە لەموجتەهیدە گەورەکان، هەندێك یەکێ لەکوڕەکانی خاوەن گەوهەرەکانیان دەستنیشان دەکرد تابیبێتە جێگری، بەلام خاوەن گەورهەرەکان بێ ئومێدی کردن، کاتێ لەسەرە مەرگا بوو موجتەهیدەکانی لەماڵەکەی خۆیدا کۆکردەوەو پێی راگەیاندن: ئەوەی مەسەلەی شەریعەتی پیرۆزی بۆ دەگەڕێتەوە سپاردەی خوایەو لەلای شێخ مورتەزا ئەنساریە، ئەم قسەیەی بۆ ئامادەبووان کوت و پڕ بوو، دەڵێن یەکێکیان ئەوەندە دڵگران بووە تاپەنجەی خۆی لەزەوی تووند کردووەو خوێنی لێهاتووە، چونکی یەکێك بووە لەوانەی چاوی لەمەرجەعیەت بووەو بێ ئومێد بووە[٩].

شێخ مورتەزا ئەنساری بەپێچەوانەی مامۆستا کۆچ کردووەکەی بووە، گوێی بەخۆشی رابواردن نەداوەو، ژیانی هەژارانە دەژیا، سەرباری ئەو پارە زۆرەی کە بۆی دەهات هەمووی خەرج دەکرد، تەنانەت دەڵێن ئەو رۆژەی



مرد پارەی پرسەکەی نەبووە، یان هیچی بۆ ئەو دوو کچەی بەجێ نەهێشتووە کەدوای خۆی جێی هێشتبوون[١٠]، جارێکیان پرسیاری لێکراوە سەبارەت هۆی ئەم جیاوازیە زۆرەی نێوان رەوشتی خۆی و رەوشتی مامۆستاکەی چییە ئەویش وەلامی داوەتەوە: مامۆستاکەی ویستی خۆشبەختی شەریعەت دەرخات، بەلام ئەم ویستی زوهدی شەریعەت بخاتە روو[١١].

## میرزا شیرازی:

میرزا محەمەد حەسەن شیرازی لەشاری شیراز لە ٢٥ی نیسانی ساڵی ١٨١٥دا لەدایك بووەو، خوێندنە سەرەتاییەکانیشی لەوێ تەواوکردووە، هەر کەتەمەنی گەیشتووەتە هەژدە ساڵ سەفەری بۆ ئەسفەهان کرد، بۆ تەواوکردنی خوێندن، ساڵی ١٨٤٣ بەرەو نەجەف کۆچی کردو تائامادەیی وانەکانی گەورە موجتەهیدەکان ببێ و، پلەی ئیجتیهاد وەرگرێ، میرزا شیرازی هەر لەسەرەتای کۆچکردنی بۆ نەجەف، پەیوەندی تووندو تۆڵی بەشێخ مورتەزا ئەنساریەوە هەبووە، ئەنساری زۆر پێی موعجیب بووە، هەر کەمەرجەعیەتی گشتی وەرگرت رێزی شیرازی لەلای زیاتر بوو، فەزڵی بەسەر زۆر لەقوتابیەکانیدا هەبووە، سەید حەسەن سەدر لەباوکی سەید هادی دەگێڕێتەوە کە لەخوێندن هاوپیشەی شیرازی بووە دەڵێ: شیرازی لەدانیشتنی وانەی ئەنساریدا کەمردوو بوو، ئەگەر قسەی بکردایە دەنگی هەڵنەدەبڕی، ئەنساری کەگوێی لەقسەکەی بووایە دەچەمایەوەو ئاماژەی بەئامادەبووان دەداو دەووتن: (جەنابی میرزا قسەدەکات).

هەر کە لەقسەکەی بووایەتەوە ئەنساری سەری هەڵدەبڕی و رووی دەکردە ئامادەبووان و قسەکەی شیرازی بۆ دووبارە دەکردنەوە، ئەمەش بۆ

بەرزراگرتنی شیرازی مەزن بووە[١٢]، هەر کەشێخ مورتەزا ئەنساری لەکۆتایی ١٨٦٤ مرد لێرەدا چوار موجتەهیدی گەورە هەبوون پاڵێورابوون دوای ئەو بۆ مەرجەعیەت ئەمانەبوون: میرزا محەمەد حەسەن شیرازی، شێخ محەمەد حسێن کازمی، شێخ حەبیبولاّ رەشتی و سەید حسێن کۆهکەمەری، لاسایی کەرەوەکان لەولاّتانی شیعە بەسەر ئەم چوارەدا دابەش بوون، عەرەبەکان بۆ لاسایی کردنەوەی شێخ محەمەد حسێن کازمی، تورکەکانیش بەرەو کۆهکەمەری، بەلاّم فارسەکان لەنێوان شیرازی و رەشتیدا دابەش بوون، لەساڵی ١٩٨٧دا دوو رووداو قەوما لەسەر بەرزکردنەوەی پایەی شیرازی کاریگەریان هەبوو لەنێو خەڵکی عەوام و ژمارەی لاسایی کەرەوەکانی لەزیادبوون بوون، یەکەمیان هاتنی ناسرەدین شا بۆ عیراق و، دووەم روودانی گرانیەکی سەخت، خاوەنی کتێبی (پیاوە ناودارەکانی شیعە) دەگێڕێتەوە: (زانایانی نەجەف هەر کەبیستیان شا لەکەربەلاوە بەرێکەوتووە بۆ پێشوازی کردنی دەرچوون، هەندێکیان چوون بۆ خانی حەماد کە لەنیوەی رێ بوو، ئەوانی دیکە بۆ خانی موسەلاّ چوون، کە سێ فەرسەخ لەنەجەفەوە دووربوو، هیچ کەسێك دوانەکەتبوو تەنها کەسێك نەبێ ئەویش شیرازی بوو، هەر کە شا بەسواری گەیشت سلاّوی لێکردن و بۆ سلاّوکردن لێیان دانەبەزی، هەر کەچووە نێو شارەکە هەموو زانایان بۆ سەردانی هاتن، جگە شیرازی نەبێ، پاشان شا بۆ هەریەکێکیان بڕە پارەیەکی ناردو ئەوانیش وەریانگرت تەنها شیرازی نەبێ وەرینەگرت، لەمەدا شا وەزیرەکەی خۆی حەسەن خانی ناردە لای شیرازی و گلەیی لێکردو داوای کرد کەسەردانی بکات، وەلاّمی شیرازی ئەمەبوو: (من کابرایەکی دەروێشم چیم داوە بەسەر شاهانەوە) هەر کەوەزیرەکە زۆری لێی کرد رازی بوو بەوەی لەحەرەمی عەلەوی چاوی بەشا بکەوێت، لەکاتی سەردان کردنیدا چاویان



بەیەك کەوت و شا تەوقەی لەگەڵ کردو داوای لێکرد سەردانی بکات، تائەویش سەردانی بکات، ئەم رووداوە بووە هۆی بەرزبوونەوەی پایەی شیرازی لەلای شاو لەلای هەموو خەڵکی (ئەمەیش یەکەم دەرخستنی زەینیەتی زۆرزانی و دووربینی بوو لەکاروبارەکاندا)[١٣].

بەلاّم رووداوی دووەم، ئەویش رووداوی گرانیەکی سەخت بوو، شیرازی هاتە مەیدانەوە بۆ سووك کردنی ئەو تەنگانەیە لەلای خەڵکی نەجەف و ئەو قوتابیانەی لێی بوون، بۆ هەر گەڕەکێك لەگەڕەکەکانی نەجەف و هەر توێژێك لەدانیشتوانەکەی خەڵکانێکی دامەزراند بۆ دابەشکردنی دانەوێڵە بەسەر هەژاراندا، ئەمەیش تاوەرزی نوێی دروێنە درێژەی هەبوو، تەنگانەکە لەسەر خەڵکی لاچوو، (ئەمەیش یەکێك بوو لەکەراماتەکانی)[١٤].

## کۆچکردنی بۆ سامەڕا:

لەگەڵ رۆژگاردا ژمارەی لاسایی کەرەوەکانی شیرازی لەزیابووندا بوون، ساڵی ١٨٧٤ نەهاتبوو تاشیرازی بووە گەورەترین مەرجەعیەت و خاوەن بەرزترین پایە، بگرە لێی نەگەڕایەوە، بەڵکو تێدا جێگیر بوو، بەرەبەرە قوتابی و ئەندامانی حەوزەکەی پەیوەندیان پێوەدەکرد، ئەنجامیش ئەندامانی بنەماڵەکەی و سەرجەم هاوڕێکانی، کۆچکردنی شیرازی بۆ سامەرا ئەوکاتە گرنگترین رووداو بوو، کەبووە تەوەری دەمەتەقێی خەڵکی و قسەو باسی لەسەر زۆر بوو، خەڵکی دەیانپرسی: هۆی چییە شیرازی نەجەڤ بەجێهێشت کەخانەی زانستەو بارەگای خۆی لەو گوندە دوورەدەستە بکاتەوە؟ ڕا بۆهۆی ئەو کۆچکردنە زۆربوون، هەبوو دەیانووت شیرازی ویستوویەتی لەکۆت و پێوەنی سەرۆکایەتی رزگاری بێت و

لەخەڵکی دوورە پەرێز بێت[١٥].

هەشبوون دەیانووت ویستوویەتی لەمونافیسەکان و تەڵەکە بازیەکانیان دوورکەوێتەوە، هەروەها لەشەڕی خرت و شمرت-یش دووربێ[١٦]، کەسانی دیکە دەیانووت تووشی نەخۆشی سیل هاتبوو، بۆیە سامەڕای هەڵبژاردووە بۆ نیشتەجێ بوون، چونکی ئاوو هەواکەی سازگارە، سەید حەسەن سەدر کەقوتابیەکی ئەو بوو دەربارەی هۆی کۆچکردنەکەی وتوویە: (دوای ئەوەی لەساڵی گرانیەکە یارمەتی خەڵکی نەجەف دا (خەڵکی بۆ هەموو ئیشوکارێك دەچوونە لای و بۆ هەموو تەنگانەیەك پەنایان دەبردەبەر، تەنانەت بۆ دەرکردنی منداڵەکانیان لەسەربازی بەپارە، لەبری هەریەکێك لەوانەوە لەورۆژانەدا سەد لیرەی عوسمانی بوو، سەری لێ هاتەوە یەك و زانی هاندەری ئەم هەموو خەڵکەی هانای دەبەنەر بەر هەندێك لەپیاو ماقووڵانی نەجەفە، بینی چارەسەر بۆ ئەمە تەنها دەرچوونە لەنەجەف...)[١٧]، کاتێ ئێمە ئەم رایانە دەخەینە بەرچاو بەدووری نازانین هەمووی راست بێ، لەوانەیە هەمووی لەزەینی شیرازی دا کاتێ ویستوویەتی کۆچ بکات بۆ سامەرا کۆبووبێتەوە، بەڵام لێرەدا هۆیەکی دیکە هەیە کەس باسی نەکردووە، ئەگەر لەهەمووی گرنگتر نەبێ لەهۆیەکانی دیکە کەم بایەخ تر نییە، ئەبێ لەم بارەیەوە ئەوەمان لەبیرنەچێ کەسامەڕا جیاوازی هەیە لەگەڵ شارەکانی دیکەی عیراق، بەتایبەتی ئەویش ئەوە دوو فاکتەری ناکۆك تێدا کۆبووەتەوە: یەکەم سامەڕا مەزارێکی شیعەی پیرۆزی لێیە هەموو ساڵێك هەزاران شیعە زیارەتی دەکەن، دووەم خەڵکی سامەڕاو مجێوری شوێنە پیرۆزەکان هەموویان سوونە مەزەبن، لەراستیدا کۆبوونەوەی ئەم دوو فاکتەرە ناکۆکە لەسامەڕا، بووە هۆی نانەوەی زۆر ئاشووبی تایەفەگەریی، لەکاتێکدا زۆربەی گەشتیارە شیعەکان بەتایبەتی



ئێرانیەکان لەلایەن خەڵکی شارەکەو خێڵەکانی دەوروبەری تووشی ناڕەحەتی دەبوون، هەندێ جار ئەمە بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێران، پێم وایە یەکێك لەهۆیەکان کەپاڵی نا بەشیرازیەوە بۆ سامەڕا کۆچ بکات ئەوەیە دەیویست بیکاتە شارێکی شیعە بۆئەوەی گەشتیارەکان لەناڕەحەتی کەتووشی دەهاتن دووربخاتەوە، ئەمەی بۆ خەڵکی ئاشکرا نەکرد، بەڵام هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، بەهەرحاڵ شیرازی دوای جێگیربوونی لەسامەڕا دەستی کرد بەخەرج کردنی پارەیەکی زۆر، قوتابخانەیەکی ئایینی دروستکرد کەدووسەد قوتابی دەگرت، هێشتاش وەکو خۆی ماوەتەوەو بەناوی (قوتابخانەی میرزا) ناسراوە، هەروەها حوسەینیەیەکی دروستکرد، حەمامێك بۆ پیاوان و یەکێك بۆ ژنان و بازاڕێکی گەورەو خانووبەرەیەکی پاشان پردێکی لەسەر دیجلە بەقایەغ دروستکرد بەبڕی هەزار لیرەی عوسمانی، کۆچکردنی شیعەکان بۆ سامەڕا لەهەموو لایەکەوە زۆربوو، تابووە شارێکی ئاوەدان، کەچی کاتی خۆی گوندێکی بچووك بوو، خانووەکانی قوڕ بوون.

خەریك بوو خەڵکە کۆنەکەی لەجەنگەی ئەم گەشە خێرایەدا بتووێنەوە، شیرازی پارەیەکی زۆری بۆ خەرج کردن تا دڵیان رابگرێت، زۆریان خۆشیان دەویست، شیعەکان بچوونایەتە هەر شارێك تەشقی شێوەنی حوسێنیان تیا سازدەدا، ئەم تەشقەش لەورۆژانەدا کاریگەری خۆی لەسەر دڵ و دەروونی خەڵك هەبوو سۆزی قووڵی دەجۆشان، بەتایبەتی لەنێو خەڵکی عەوام و خێڵەکاندا، خەڵکی سامەڕا کەوتنە ژێر ئەو کاریگەریەوە، ئەوەبوو خۆشیان وەکو شیعە کەژاوەی شێوەنیان سازدەدا، ئەمەیش واتای ئەوەبوو بەرە بەرە بەرەو شیعە بوون دەچوون وەکو چۆن زۆربەی خەڵکی عیراق وایان دەکرد[١٨].

## کاردانەوە:

ئەم گۆڕانە گرنگەی کە لەسامەڕا روویدا بووە هۆی ئەوەی کاردانەوەی تووند دژی لەنێو زانایانی سوونە لەبەغدا پەیابێت، بۆیە کەوتنە خۆیان بۆ ئیش کردن لەپێناوی (رزگاری کردنی) سامەڕا، توونڕەوتریان شێخ محەمەد سەعید نەقشبەندی بوو، چاوی بەوالی بەغدا حاجی حەسەن پاشا کەوت و مەسەلەکەی باس کرد، ئەمیش لەلای خۆیەوە بروسکەی بۆ سوڵتان عەبدول حەمید کردو ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی کەمەترسی هەڕەشە لەسامەرا دەکات، لەوسەردەمە سوڵتان عەبدول حەمید دەیویست قسەی موسڵمانەکان یەکبخات و لەدەوری کۆببنەوە، لەوانەیە نەیدەویست پەیوەندی نێوان خۆی و ناسرەدین شا لەسەر کێشەی سامەرا تێکبچێ، دیارە ناردی بۆلای والی بەغداو فەرمانی پێ دەکا بەهێمنی کێشەکە چارەسەربکات، ئەگەر شیرازی لەسامەڕا قوتابخانەیەکی شیعەی کردوەتەوە، دەسا با والیش بەرامبەری قوتابخانەیەکی سوونە بکاتەوە).

ئەمەیش هیچ لەوە زیاد ناکات، شێخ محەمەد سەعید نەقشبەندی بۆ سامەڕا سەفەری کردو سەرپشك بوو بەوە لەسامەڕا قوتابخانە بکاتەوە، خەڵکی سامەڕا بۆ پێشوازی کردنی دەرچوون بەئاهەنگێکی بێ وێنەوە تا لەکاتی خۆی وترا، (وەك بڵێی مەهدیان لێ پەیابووە)، نەقشبەندی خانوویەکی بەکرێ گرت و کردیە قوتابخانەی خۆی و بەوانە وتنەوەو وەعزو رێنماییەوە خەریك بوو، لەراستیدا بەتێکڕایی نازانین چی لەسامەڕا دوای گەیشتنی نەقشبەندی بۆئەوێ روویدا، بەڵام دەتوانین تەسەوری ئەوە بکەین و پشت بەستن بەوەی کەسەبارەت بەسروشتی مرۆڤ دەیزانین



بەشێوەیەکی گشتی، مرۆڤ کاتێ دەکەونە ململانێ دەبێ بەدیدی خۆیان لایەنگیری کاروبارەکان بن، هەر برێ باسی چاکەی خۆی دەکات و خراپەکانی لەبیردەکات، نەیارەکەشی ئاوها دەکات، ئەم سروشتە لەمرۆڤدا گشتییە، جیاوازی لەنێوان خوێنەوارو نەخوێنەوار لەمەدا نییە، ئەگەریش جیاوازیان هەبێ ئەوە ئەنجامی جیاوازی ئەو چەکەیە لەململانێکدا بەکاری دەهێنن، لەوانەیە نەخوێنەوار خەنجەرو کوتەك بەکاربێنێ، کەچی خوێنەوار بەڵگەی ئەقڵی و گوێزراوە بەکاردەبات، کاتێ باسی لەکێشەی سامەڕا دەکەین دوو کتێب کەوتە دەستم، یەکێکیان هی نووسەرێکی شیعەیەو ئەوی دیکە هی نووسەرێکی سوونەیە، ئەمەیش کورتەیەکی ئەوەیە کەئەو دووانە نووسیویانە، ئەوجا خوێنەر بەخۆی نموونەیەکی واقیعی دەبینێ سەبارەت بەوەی لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە باسمان کرد، نووسەرە شیعەکە لەقسەکەیدا سەبارەت بەکۆچکردنی شیرازی بۆ سامەڕا دەڵێ و ئەمەیش دەقەکەیەتی: (سامەڕا بەبەرەکەتی بوونی ئەوەوە بووە ناوەندی زانست و زانایان، داب و نەریتی بەشیعە بوون لەسەرپۆشی خواناسی و خۆشاردنەوە پەیابوو، وەکو بانگ و نوێژو کۆڕی لێدان و شیوەن و تازێباری، بۆ زۆرینەی خەڵکەکە هەقی روون، هەروەها رووناکی بەرچاوو دەرکەوت، دڵیان زۆر بەلایدا وەرچەرخایەوە، خەڵکی حەیف و خولیا وازیان لەکبریای خۆیان هێنا قازیە دووفاق و کەللە شەقەکەیان ناوەزەد بەمحەمەد سەعید نەقشبەندی هەواڵی دایە خەلیفەکەی خۆیان، لەکلکی دەمارگیریدا دەستی خۆی لێ هەڵمالی، بەپاڕانەوە بەبەکارهێنانی فێڵ و فەرەج موجتەهیدێکی دروستکرد، بەپەنا بردنەبەر دروستکردنی قوتابخانەو دانانی فەرمان تا بەمەرامی خۆی گەیشت بەوەی کەباپیرانی دروستیان کردبوو، ئەوەی لەسەرەتای سەدری یەکەمەوە روویداوە لەدوا چەرخ روویدا بەوەی

کەخەڵکی بەرەو دوا بگەڕێنەوە، تائەوەی لەدوایی روویدا لەلایەن هەندێ ئەشقیاوە ئەوانەی ناموسی سەردەم و خاوەن شەرعیان ئەتك کرد قەوما[٢٠]، بەڵام نووسەرە سوونەکە لەوەسفی نەقشبەندی دا نووسیویەتی و کەچۆن قوتابخانەکەی لەسامەڕا دروستکرد: (لەکۆی ئەرکەکانی سەرجەم منداڵانی سەرانی ئەم شارەی تۆمارکرد، بەم جۆرە خۆی و باوکیانی لەوەی کەبدعەچییەکان یاریان پێ بکەن راگرت، چونکی ئەو تایەفەیە کە لەمەوبەر ئاماژەم پێدا لەم شارە رۆڵێکی بەهێزی بینی و پارەو دیاریەکی زۆری دایە هەموو خەڵکی، بەتایبەتی سەرۆکەکان و دڵیان نەرم بوو زمانیان بەمەدح و سەنا کرایەوە، ئەگەر خوا یارمەتی دروستکردنی ئەم قوتابخانەیەی نەدایە مامۆستاکەیشی ئەو بەحەزم و تێگەیشتووە نەبووایە دەکەوتنە تۆڕەکەوەو دەبوون بەتەڵەکەوە، وەکو چۆن زۆربەی رۆڵەکانی عیراق کەوتنە تەڵەوەو، تەوژمەکە راپێچی کردن، بەم هەڵوەستە بەخشندەیەی کەشێخ محەمەد سەعید ئەفەندی نەقشبەندی نواندی، بزووتنەوەی جووڵێنەرەکان وەستاو دەستی بدعەچیەکان گۆدبوو، دەستە سووتاوەکان پەرت بوون و، ئیدی ئالای بۆ بەرزنەکردنەوەو هیچیان بۆ نەکراو، هەرکەسەو دوای ئەوەی خەڵکی گوێی لێیان دەگرت و رای گشتی لایەنگری دەکردن گەڕایەوە بۆ کوخت و هێلانەکەی خۆی..)[٢١].



## کێشەی تنباك:

کاتێك ناکۆکی تایەفەگەری لەسامەڕا ڕێگای سروشتی خۆی گرتبوو، لەئێران کێشەی (تنباك) روویدا، ئەم کێشەیە شایانی لێکۆڵینەوەیە، لەبەر ئەوەی لەعیراق سەدایەکی بەهێزی هەبوو کاریگەری خۆیشی بۆ پاڵپشتی کردنی پلەو پایەی شیرازی هەبوو بەجۆرێك وای لێکرد بەبێ هیچ مونافسێك ببێتە بەرزترین مەرجەعیەتی شیعە.

(تنباك) جۆرێکە لەتووتن لەسەدەی نۆزدەم لەئێران بڵاوبوو، چونکی دەکرایە نەرگیلەوەو دەکێشرا، هێشتا ئێرانیەکان جگەرەیان پێ نەزانیبوو کێشەی (تنباك) هاتە کایەوە ئەنجامی رێکەوتنێك کەناسرەدین شا لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانیا گرێیداو ئیمتیازی مۆنۆپۆڵ کردنی (تنباك)ی پێی دا، لەهەموو ئێرانیش بیفرۆشێ، ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی ناڕەزاییەکی توندو هەموو وڵاتی گرتەوەو، ئەنجامیش دەتووت شۆڕشێکی میللی گەورەیە، یەکەم دەستپێشخەری هۆشیاری میللی دژ بەرێکەوتنی (تنباك) لە ٢٣ی شوباتی ١٨٩١ دەرکەوت، ئەویش کاتێ ژمارەیەك لەبازرگان بۆ دیدەنی شا چوون و داوایان لێی کرد ئەو رێکەوتنە هەڵوەشێنێتەوە، چونکی زیانی ئەوانی تیایە، شا بەدەنگی داواکەیانەوە نەهات[٢٢]، دوای ئەوە بەخێرایەکی سەیر رووداوەکان بەدوای یەکدا هاتن، وەك بڵێی دەستێکی شاراوە ئیشی بۆ بەرزکردنەوەی دەکرد، پیاوانی ئایینی رۆڵی سەرکردایەتیان لەزۆربەی شارەکانی ئێران وەرگرت، ئەنجامی ئەمە شەڕ لەنێوان خەڵك و هێزەکانی حکومەت روویدا، ژمارەیەکی زۆر لەکوژراوو بریندار لێکەوتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە تەوژمێکی دەمارگیری دژ بەشارستانی ئەوروپی لەنێو گەلی ئێراندا لەودەمەدا سەریهەڵدا، پڕوپاگەندە لەنێو خەڵکی دەربارەی گەندەڵی شارستانی و ئافاتەکانی بڵاوبوو، دیارە پیاوانی ئایین ناڕەزایی خەڵکیان بەرامبەر بەرێکەوتنی (تنباك) بەهەل زانی دەیانویست هەموو سیستمێك لەرەگەوە هەڵکێشن کە لەسەردەمی ناسرەدین شا هاتبووە ئێرانەوە، ئەمەیش وێنەی ئەم پڕوپاگەندانەیە وەکو نووسەرێکی هاوچەرخی ئەو پڕوپاگەندانەو بڕوای پێیان هاتبوو، نووسەرەکە دەڵێ: (کاتێ ئەوان وابوون، چونکی لەلەندەنەوە کۆمەڵێ بیانی هاتبوون ژمارەیان لەسەد هەزار ژن و پیاو کەمتر نەبوو، هاتبوونە ناو ئێران و دەستیان کردبوو بەجێبەجێکردنی مەبەستەکەیان، لەهەر شارێك لەشارەکانی ئێران چەند کەسێکیان لەهەیئەتەکیان ناردبوو، بۆیە هەموو میللەتێك لەئێران بەهێز بوو، جگە میللەتی ئیسلام نەبێ، داوێن پیسی و مەی خواردنەوە زۆر بوو، هەموو رۆژێك ئەم رەفتارانە لەزیادبووندان).

بیانیەکان قوتابخانەیان کردەوەو بۆ بانگکردنی خەڵکی بۆسەر مەزەبی مەسیحی، موبەشیرە (پرۆتستانەتەکان) پارەو پوولێکی زۆریان خەرج دەکرد بۆ هەژارو دەستکورتەکان و کیژان و کوڕانی ئیسلامیان بەکاردەهێنا، موسڵمانەکان لەژێر دەستیان چەوسانەوە.

چوار سەد هەزار تومانیان بەسەر میرو فەرمانڕەواکان دابەشکرد، تا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانیان رازی بن، زۆر لەدەجالەکان پەیوەندییان بەخاوەن ئیمتیازەکانەوە کرد، دەیانویست لێیان نزیك بنەوەو موسڵمانیان پێ دەووتن کەچی دەیانبردنە سەر نامووس و شەرەفی خەڵکی و ئەو تنباکەش کەهەڵیانگرتبوو، خەڵکیان لەملکەچی بۆ زانایان دووردەخستەوەو، ئەهلی ئایینیان دەچەوساندەوە، حەزیان دەکرد کیژانی



موسڵمانان سفوور بن و لەکارگەکان کورسیان دادەناو دادەنیشتن و تەماشای ئەو کیژە موسڵمانانەیان دەکرد کە لەکارگەکان کاریان دەکردو سفوور بوون، لەم جۆرانە روویدا کەقەڵەم ئاشکرای نەکردن...)[٢٣].

هەندێ لەبەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن رووسەکان زۆر هەوڵیاندا تاخەڵکی دژ بەرێکەوتنامەی (تنباك) بورووژێنن، باڵیۆزی رووس لەتاران ئیعجابی خۆی راگەیاند سەبارەت بەوەی بینی وروژانێکی گشتی هەیە دژ بەو رێکەوتنەو بەبەڵگەیەکی دانا سەبارەت بەعیرەتی ئێرانیەکان و دڵسۆزیان بۆ ئایینەکەیان و بانگی کردبەخەڵکیداو وتی: (زندەباد أتفاق مسلمانها)[٢٤]، واتا بژی رێکەوتنی موسڵمانەکان، دەڵێن قونسڵی رووس لەبەغداوە بۆ دیدەنی شیرازی چوو بۆ سامەڕا، پێی وت هەموو رێگایەك بگرێتە بەر بۆ لەناوبردنی رێکەوتنامەکە، ئەگەر هاتوو بووە هۆی لەسەر کار لابردنی شاش[٢٥].

## فەتوای شیرازی:

نامەو بروسکە پەیتا پەیتا لەئێرانەوە دەهات بۆ شیرازی و خاوەنەکانیان داوایان دەکرد لەرێکەوتنامەکەی (تنباك) رزگاریان کات، لەکۆتایی تەمووزی ١٨٩١دا شیرازی بروسکەیەکی لێدا بۆ شاو داوای لێکرد کە بەدەنگی ئارەزووی رەعیەتەوە بچێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەکە، شایش وەڵامێکی دوورودرێژی بۆ نارد، هۆیە (مەشرووعەکانی) تێدا باسکرد بۆ گرێدانی ئەو رێکەوتننامەیە، وەڵامی شا گەیشتە کونسڵی ئێران لەبەغدا، بەخۆی بەرەو سامەڕا هەڵیگرت، هەوڵیدا قەناعەت بەشیرازی بێنێ بەو راستیەی لەنامەکەدا هاتووە، شیرازی بەقسەکانی قەناعەتی نەهێنا، شیرازی

بۆ جاری دووەم بروسکەی بۆ شا کردو داوای لێکرد ڕێکەوتننامەکە هەڵبوەشێنێتەوەو ئەو پاکانەیەی ڕەت کردەوە کە شا لەوەڵامی پێشوویدا پێکەشی کردبوو، دوای ئەوەی شیرازی بێ ئومێد بوو بۆ قەناعەت پێهێنانی شا، ئەوەبوو فەتوا بەناوبانگەکەی دەرکرد بۆ حەرام کردنی (تنباك) کێشان، ئەمەیش دەقەکەیەتی کەکردوومە بەعەرەبی: (بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە، ئەمڕۆ بەکارهێنانی تنباك و تووتن حەرامە بەهەر شێوەیەك بێ، هەر کەسێکیش بەکاری بهێنێ هەروەکو ئەوە وایە شەڕی ئیمام بکات خودا فەرەجی بدات، ناکەسبەچەترین کەس محەمەد حەسەن الحسینی نووسیویەتی)، بەکورتی ئەم فەتوایە وەکو نارنجۆکێك وابوو سەبارەت بەکارتێکردنی لەکۆمەڵگای ئێران، هەر کەگەیشتە شێخ محەمەد حەسەن ئاشتیانی لەتاران کەگەورەی موجتەهیدەکان بوو، فەرمانیدا لەمینبەرەکانەوە بۆ جەماوەر بخوێنرێتەوە، سەد هەزار دانەی لێ کۆپی کراو بەسەر هەموو ئێراندا دابەشکرا، حکومەتی ئێران هەوڵیدا کۆپیەکان لەدەستی خەڵکی کۆبکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، خەڵکی بەشێوەیەکی بەربڵاو وازیان لە (تنباك) کێشان هێنا، خەڵکی چاودێری یەکتریان دەکرد نەبا یەکێك بەنهێنی بەپێچەوانەی فەتواکەوە تنباك بکێشێ، سەیریش لەوەدا بوو لەهەرکەسێك دەبووران ئەفیونی بکێشایە یان مەی بخواردایەتەوە، بەڵام نەدەبووران لەکەسێك (تنباك)ی بکێشایە، پاکانەشیان بۆئەوە کەگوایە ئەفیون کێش و مەی خۆر تۆبەی هەیە، بەڵام (تنباك) کێش تۆبەی نییە، چونکی وەکو ئەوە وایە ئیمام عەلی کوشتبێ...

دەڵێن کاریگەری فەتواکە گەیشتە کۆشکی شا خۆی، تەنانەت دەڵێن شا فەرمانیدا بەخزمەتکارەکەی کە (قلیان)-واتا نەرگیلە-ی بۆ ئامادەکات، خزمەتکارەکە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرد نارازی بوو، دەبێ ئیتاعەی



شیرازی بکرێ کەجێگری ئیمامە، سەیر لەوەشدایە دەگێڕنەوە لەم بارەیەوە هەندێ لەفاسقەکان ئەوانەی فێری مەی خواردنەوەو مونکەرات بوون وازیان لە تنباك کێشان هێناو لەچایخانەکان نەرگیلەکانیان دەشکاند، هەر کە لەبەرئەوە لێیان دەپرسی دەیانووت: ئێمە خراپە دەکەین و هیوامان بەپێغەمبەری خوداو بنەماڵەکەیەتی کەڕۆژی قیامەت شفاعەتمان بخوازن، ئەمڕۆیش میرزا شیرازی جێگری ئەوانەو پارێزەری شەرعی ئەوانە، ئەگەر لەقسەی دەرچووین و تووڕەمان کرد ئیدی کێ شەفاعەتمان بۆ دەکات؟(٢٦).

## هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەکە:

ڕۆژێکیان بینیات ئاگادارییەك بەدیوارێکی یەکێك لەتەلارەکانی تارانەوە هەڵواسراوە کەدەڵێ: خەڵکان فەرمان پێکراون بەجیهاد کردن و، وادەشیان ڕۆژی دووشەممەی داهاتووە، هەرکەسێك موسڵمانە لەسەریەتی بەپێی فەتواکەی شیرازی جیهاد بکات، ئەم ئاگادارییەش هۆی بڵاوبوونەوەی ترس بوو لەتاران، ترس لەنێوان بیانیەکان بڵاوبوەوە، زۆربەیان بەجل و بەرگی ژنانەوە لەتاران هەڵاتن، خەڵکی دەستیان بەچەك کڕین کردو خۆیان بۆ جیهاد ئامادە کرد، وەسیەتی خۆیان نووسی و لەماڵەکانیان دەنگی گریان بەرزبوەوە، چونکی ماڵئاوابییان لەژن و منداڵەکانیان دەکرد، حاڵەتەکە تارادەیەك هێور نەبوەوە، تا دوای ئەوەی شێخ محەمەد حەسەن ئاشتیانی فەرمانیدا بەخەتیبی مینبەرەکان کەئاگادارییەکەی جیهادکردن بەدرۆ بخەنەوە.

پاشان حاڵەتەکە سەرلەنوێ دوای ماوەیەکی کورت گەڕایەوە سەرتەنگژە، هۆیەکەیش ئەوەبوو شا ناردبووی بۆلای ئاشتیانی سەرپشکی

کردبوو یان دەبێ فەتوا بدات بۆ بڵاوکردنەوەی (تنباك) یان ئەوەتا تاران بەجێ بێڵێ، ئاشتیانی بەجێهێشتنی هەڵبژارد، هەر کەخەڵکی ئەمەیان بیست تاهەموو بۆ خۆپیشاندان راپەڕین، شەقامەکانیان لێ پڕبوون و پیاوانی ئایینی پێشیان کەوتبوون و، بازاڕەکان داخران، ژنان بەگریان هاتنە دەرەوە، دەنگی هوتاف لێدان بەرزبوەوە دژ بەمۆنۆپۆڵ و لەعنەتی وەزیرەکان، کارتێکردنی گریان گەیشتە نێو کۆشکەکانی شاهانەو ژن و کەنیزەکانی شا، ئەو سەربازانەش کە بۆ بەرگریکردن رەوانە کرابوون ئەوانیش دەستیان بەگریان کرد[٢٧].

خۆپیشاندەرەکان بەسەرۆکایەتی سەیدێك مێزەرێکی شینی تۆخی لەسەرنابوو دەوری کۆشکی شایاندا، هوتاف دژیان لێ دەداو کۆشکیان بەردە باران دەکرد، سەربازەکان دەسرێژیان لێیان کرد چەند کەسێك پێکران و کەوتنە سەر زەوی و سەیدەکە یەکێك بوو لەوانە، ژمارەی کوژراوان گەیشتە حەوت و بیست برینداریش، ئەمەیش بووە هۆی بڵاوەکردنی خۆپیشاندەران[٢٨].

شا ئەنگوستیلەیەکی ئەلمازی بۆ ئاشتیانی وەکو رەمزی ئاشتبوونەوە لەگەڵیدا رەوانە کرد، بەڵام ئاشتیانی مەرجی وەرگرتنی ئەنگوستیلەکە هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەکە بوو.

شا بەوە رازی بوو، لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩٢، بانگەوازچیان کەوتنە شەقامەکان بانگەوازیان دەدا بەحەرام کردنی تنباك کێشان ئەمەیش رۆژێکی دیار بوو لەئێران و لەسامەڕا، شا کۆمپانیا خاوەن ئیمتیازە هەڵوەشێنراوەکەی قەرەبووکردەوە بەنیو ملیۆن پاوەن کە لەبانکی بەریتانی لەتاران بەقەرز وەریگرتبوو، ئەمەیش سەرەتای قەرزی بیانی بوو لەسەر حکومەتی ئێران[٢٩]، ئەوەی شایانی باسکردنە شا وای دەرخست



خۆشحاڵە بەهەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەکەی (تنباك) مەدحی شیرازی دەکرد لەبەردەم حاشیەو میوانەکانی و دەیووت: ئەو بەفەتواکەی دەوڵەتی قاجاری بووژاندەوە رێزی لەلای ئەو بەرلەمە نادیار بوو، ئێستا هەستی پێکرد کەپایەی ئەم پیاوە گەورەیە چەندە، پاشان شا بۆ شیرازی نامەیەکی رازاوە دەنووسێ تێدا دڵسۆزی تەواوی خۆی بۆ دەخاتە روو، هەروەها وەزیرەکان و والیەکان هەمان نامەیان بۆ شیرازی نووسی.

هەست دەکەم ئەم مەرایی کردنە کە شا دەریبڕی بەرامبەر بەشیرازی لەڕووی زۆرزانی و لەباقەتی سیاسیەوە بوو ئەو بینی پایەی شیرازی لەلای ئێرانیەکان لەبەرزبوونەوەدایە، ویستی سوود لەوە وەربگرێت بۆئەوەی ناوبانگی خۆی لە لەکەداریی رزگاربکات کەدوای گرێدانی رێکەوتننامەی (تنباك) تووشی هاتبوو، بەواتایەکی دیکە: کاتێ شا واخۆی نیشاندا کەمەدحی شیرازی دەکات ویستی بەئێرانیەکان بڵێ ئەو لەپەیوەست بوونی بەئایین و لەئیتاعەکردنی جێگری ئیمام لەوان هیچی کەمتر نییە.

## هەرا لەسامەڕا:

لەکاتێکدا شیرازی گەیشتە پۆپەی سەروەری، وەکو لەمەوبەر باسمان کرد، رووداوێك لەسامەڕا روویدا خەریك بوو ببێتە مایەی قیتنەیەکی تایەفەگەری ترسناك، نازانین ئەو رووداوە کارێکی تەگبیر کراو بوو، یان هەر لەخۆڕا روویدا، بۆئەوەی خوێنەر رووداوەکە لەدوو لایەنەوە تێبگات، دوو روایەتی لێ دەگێڕمەوە، یەکێکیان هی نووسەرێکی شیعەیەو ئەوی دیکە هی نووسەرێکی سوونەیە، نووسەرە شیعەکە دەڵێ ئەمەیش دەقەکەیەتی: (یەکێك لەباوەڕپێکراوان بۆی گێڕامەوە سەبارەت بەچیرۆکی ئیمامی

تازەگەر-واتا میرزا شیرازی- کەدەڵێ: یەکێك لەخەڵکی عەوام لەسامەڕا زۆر دژی ئیمامی نوێخواز بوو لەبەر کاریگەری سۆزداری و دەستدرێژی کردە سەر کوڕە گەورەی میرزا محەمەد شیرازی کێشای بەتەپڵی سەریدا دواجار مردو، ئیمامی نوێخواز هەرگیز نەجووڵا، دوژمنانی ئیسلام-مەبەستی ئینگلیزەکانە-ئاوڕیان لەم رووەوە دایەوە ویستیان خراپە بەسەر عیراق بێنن لەقۆستنەوەی هەڵوێستەکەو چوون بۆ سامەڕا بۆلای ئیمامی نوێخواز، داوایان لێی کرد نارەزایی دەربڕێ سەبارەت بەم رەفتارە دژ بەمەقامی پایە بەرزیان، ئیمام شیرازیش بەتووندی وەڵامی دانەوەو پێی وتن: تکایە چاك تێبگەن ئێوە هەرگیز هەقتان بەسەر وڵاتی ئێمەوە نییە، ئەمە کێشەیەش رووداوێکی ئاساییە لەنێوان دووبرادا، ئەوانیش بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوەو بێ ئومێدی و شکستیان بەدوای خۆیانەوە بەکێش دەکرد، مەسەلەکە گەیشتە بابولعالی لەئەستەموول، خەلیفە ئەم هەڵوێستە سەربەرزەی پێ خۆش بوو، فەرمانیدا بەوالی لەبەغدا کەبچێتە حزووری بەرێز ئیمامی نوێخواز سوپاسی بکات بۆ ئەم هەڵوێستەی و داوای لێبووردن بکات سەبارەت بەرووداوەکە، بەساڵاچووەکانی خەڵکی سامەڕا هەڵوێستە چاکەکانی ئیمام شیرازیان لەبیرە...)[٣٠]

بەڵام نووسەرە سوونەکە خەڵکی سامەڕا بوو بەدوورودرێژی لەبارەی رووداوەکە نووسیویەتی، بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخانکردبوو بەناونیشانی: (ئاشووبەکەی سامەڕا ساڵی ١٣١١ك-١٨٩٣ز) ئەمەیش دەقەکەیەتی: (لەلای هیچ کەسێك شاراوە نییە خەڵکی سامەڕا رێزی کەسانی دیکە دەگرن ئەگەر لەگەڵیان رێزو حورمەت بگۆڕنەوەو شانازی بەدراوسێیەوە دەکەن و دەیپارێزن، لەساڵی ١٢٩٢ کاتێ شێخ محەمەد حەسن شیرازی بارەگای ئیجتیهادی لەئێرانەوە گواستەوە بۆ بەغدا، لایەنگرەکانی دەستدرێژییان



دەکردە سەر هەندێ لەخەڵکی سامەڕا، خەڵکی سامەڕایش ئەم دەست درێژییان بەلوتفەوە وەڵام دەدایەوە بەهەموو پیاوەتیەك و سەربەرزەوە، بەڵام بیانیەکان کەنیشتەجێی قوتابخانەکەی شیرازی بوون و بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن ویستیان ئاشووبێکی کوێرانە بنێنەوە، دەیانویست وای دەربخەن خەڵکی سامەڕا خۆیان دەست درێژیان کردووە، هۆی نانەوەی ئەم ئاشووبە ئەوەبوو حکومەت لەبەغداوە مەفرەزەیەکی ژاندرمی رەوانەی سامەڕا کرد بۆ وەرگرتنی گومرگی کۆدەو بەدواداچوونی هەندێ ئیش و کاری دەوڵەت لەو رۆژانەدا، یەکێك لەو ژاندرمانە کابرایەك بوو ناوی حەسەن کوڕی دەغیر بوو، سامەڕایی بوو لەخێڵی ئەلبووملیس، کاتێ لەچایخانەیەك دانیشتبوو یەکێك لەئێرانیەکان کەنیشتەجێ سامەڕا بوون پەلاماریداو کێشایی بەروومەتیەوە، لەم کردەوە سەیرە سەرسووڕماو بوو، چونکی هیچ کەسێکی عەجەمی جورئەتی نەدەکردە سەر کەسێکی خەڵکی سامەڕا، چونکی بەئازایەتی و کەڵەمێردی و بەفیزو کەرامەت ناسرابوون، لەگەڵ ئەوەی ژاندرمی دەوڵەتی عوسمانیش بوو، هەر کەخەڵکی سامەڕا چاویان لێ بوو ئەو کابرا ئێرانیە جەسارەت دەکا پیاوەتیان جووڵا دووقات لەئێرانیەکەیاندا، ئێرانیەکان هاتن و بڕێك لەخەڵکی سامەڕاش هاتن و لەشەڕێکی تووندوتیژدا یەکانگیربوون، تێیدا چەقۆو خەنجەرو قامەو شمشێرو تفەنگ بەکارهات، محەمەد عەلی کەنوێنەرێکی عەجەمی بوو چووە سەر مەنارەی ئارامگای عەسکەری و بەتفەنگەکەی کەجۆری (مەکەنزی) بوو لەوێوە دەستڕێژی لەخەڵکی سامەڕا دەکرد، ئەنجام کوڕە خوشکی میرزا حەسەن شیرازی کوژرا، خەڵکێکی زۆر لەهەردوولا بەخەستی بریندار بوون، دوای ئەوە ئێرانیەکان پاشەکشەیان کرد حکومەتی عوسمانی والی بەغدا حاجی حەسەن پاشای بەوەفد نارد بۆ سامەڕا، بۆ لێکۆڵینەوە لەدۆخەکەو

چاککردنی هەردوولا، خەڵکی کازمیەو کەربەلاو نەجەف و ئێران کەوتنە جموجووڵ بۆ پشتگیری کردنی عەجەمەکان لەسامەڕا، تەنانەت حکومەت یەکێك لەوەزیرەکانی خۆی رەوانە کرد کەناوی (عەلادین) بوو، هەروەها کونسڵی ئینگلیز بەسواری بەلەم لەبەغداوە گەیشتە سامەڕا بۆ خۆتێهەڵقورتاند لەبابەتەکە، یان دووبارە نانەوەی ئاشووب، داوای کرد چاوی بەشێخ میرزا حەسەن شیرازی بکەوێت، شێخ شیرازی رەتی کردەوە چاوی بەکونسڵەکە بکەوێت و کەسێکی نارده لای کەقسەکەی پێ راگەیەنێ، ئەویش ئەوەیە: (ئێمە موسڵمانین پێویست بەخۆتێهەڵقورتاندنی ئێوە ناکات). کونسڵەکە بەئومێدبڕاوی گەڕایەوە، والی حەسەن پاشا نەگەڕایەوە تانێوان هەردوولای چاك نەکردەوە)[٣١].

## تەرمی شیرازی:

ئەودەمەی شیرازی لەهەشتا ساڵی تێپەڕی بوو، دیاربوو رووداوەکە پرزەی لێ بڕی بوو، لە ٢٤ی شەعبان ١٣١٢ی ك–بەرامبەر ٢٠ی شوباتی ١٨٩٥ی ز گیانی لەدەستدا، مردنی سەدایەکی گەورەی هەبوو لەعیراق و ئێران.

تەرمەکەی شیرازی لەسامەڕاوە گوێزرایەوە بۆ نەجەف، سەیرترین رووداو کەتەرمەکە لەزۆربەی رێگاکە لەنێوان هەردوو شارەکە بەسەر شانەوە بوو، هەر کە لەشارێك نزیك بووایەتە خەڵکی بەماوەیەك پێشوازیان دەکرد، پاشان بەماوەیەکیش ماڵئاواییان لێی دەکرد، سەید حەسەن سەدر بەدووروودرێژی چیرۆکی تەرمەکە دەگێڕێتەوە، چونکی خۆی یەکێك بوو لەوانەی بەدرێژایی رێگاکە لەگەڵی بووە، بەکورتی دەڵێ: لەشارۆچکەی



(بەلەد) نزیك بوونەوە خەڵکەکەی بەئاڵای رەش و سنگ کوتان هاتنە دەرەوە، نەعشەکەیان بۆ شارەکە هەڵگرت، ئەو شەوە نەعشەکە لەوێ مایەوە، هەر کە بەیانی دا خەڵکی (دوجێل) لەپێشوازیان بوون، نەعشەکەیان تا دووری دوو فەرسەخ یان سیان لەکازمیەوە هەڵگرت و خەڵکی کازمیە لەپێشوازیان بوون، لەکازمیە کەژاوەیەکی مەزنی بۆکرا تاخەڵکی ترسان لەوەی سەندووقەکە لەبەر زۆر قەرەباڵغی بشکێت، نەعشەکە لەحەرەمی کازمی مایەوە، لەبەیاندا بەرەو بەغدا بەرێکەوتن، بەغدایەکان لەپێشوازیان بوون، تەنانەت غەیرە موسڵمانەکانیش، موشیر رەجەب پاشا سەربازی بۆ پێشوازیکردنی نەعشەکە نارد، سەری تفەنگەکانیان شۆڕکردبوەوە لەشێوەی خەمباری، هەر کەنەعشەکە گەیشتە پردەکەی (الخر) نەعشەکە خرایە سەر زەوی و خەڵکی بەسنگ کوتان دەورەیان لێی دا، هەر کەنەعشەکە بەرزکرایەوە خەڵکی لەزەوییەکەی ژێری خۆڵیان هەڵدەگرت، بۆ تەبەڕووك، لەمەحمودیەش سەید (جەعفەر عەتیفە) مەنجەڵە چێشتی لێنابوو، بۆ نان خواردنی تەرمە بەڕێخەرەکان، شەوێ لەوێ مانەوە، لەنێوەشەو بۆی دەرچوون بەرەو (مسەیەب)، رێگاکە تا کەربەلاو ئەنجا لەوێشەوە بۆ نەجەف هەموو عەشایر بوون، بەریز بەدەم یەکەوە بوون و ئاڵاو تفەنگیان بەدەستەوە بوو، هەر عەشیرەتێك هەر کەنۆرەی دەهاتە سەر تفەنگی فڕێدەداو دەستی بەشیوەن دەکردو دەیانکێشا بەسەری خۆیاندا، نەعشەکەیان وەردەگرت و دەیدایە عەشیرەتێکی دیکە، هەر کەگەیشتنە نەجەف رۆژێکی سەیرو سەمەرە بوو، لەدنیا وێنەی نەبووە، بەهەزاران خەڵکی شەیپوڕی بوو دەگریاو شیوەنی دەکردو تازێبار بوون، دوای ئەوەی نەعشەکەیان بەدەوری ئارامگای عەلەویەوە سووڕانەوە، گۆڕیان بۆ لێداو تەرمەکە خرایە گۆڕەکەوە، زەوی گۆڕەکەبەخۆڵی حوسەینیە کەشیرازی

بۆخۆی لەکیسێکدا لەنەجەف لەلای وەکیلەکەی محەمەد ئیبراهیم کازرونی هەڵیگرتبوو داپۆشرا، پاشان پرسە لەهەموو شارانی شیعە سازکراو پرسەکەی نزیکەی ساڵێکی خایاند[٣٢].

## سامەڕا دوای شیرازی:

کۆمەڵێك لەهاوڕێیانی شیرازی و گەورە قوتابیەکانی ویستیان لەسامەڕا دوای مردنی شێخەکەیان بمێننەوە، لەسەرووی هەموویانەوە موجتەهیدێك بوو بەناوی میرزا محەمەد تەقی شیرازی بوو، دیارە ئەم کابرایە هەوڵیدا پەیامی شێخەکەی بەردەوام بێ لەسامەڕا، بەڵام باروزرووف یارمەتی نەدا، زۆربەی قوتابیەکان لێی تەکینەوە، هەروەها مامۆستاکانیش بۆ نەجەف یان بۆ کەربەلاو کازمیە گەڕانەوە، هەشبوون گەڕانەوە بۆ ئێران.

خۆیشی ناچاربوو لەسامەڕا دوای داگیرکردنی لەلایەن بەریتانیاوە لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان کۆچ بکات و لەکەربەلا نیشتەجێ بێ، پاشان فەتوایەکی دەرکرد لەهەندێ رووەوە بەفەتوای حەرام کردنی (تنباك) دەچوو، یەکێك بوو لەهۆیەکانی شۆڕشی بیست، دواجار لەبەشی پێنجەمی ئەم کتێبە دێینە سەر باسی.

ئەوەی شایانی وتنە لەم بارەیەوە کەشێخ سەعید نەقشبەندی دوای مردنی شیرازی لەسامەڕا مایەوە، توانی بچێ بۆ حەج و لەوێوە چوو بۆ ئەستەموڵ و چاوی بەسوڵتان عەبدول حەمید کەوت، ئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنەش بڕیاردرا قوتابخانەیەکی گەورەی ئایینی لەسامەڕا دروستبکرێت، سوڵتانیش لەخەزنەی تایبەتی خۆی بەبڕێك پارە هەزارو دووسەد لیرە یدا بۆ دروستکردنی قوتابخانەکە، هەروەها مانگانە پەنجا



لیرەی بۆ بەخێوکردنی سەد قوتابی تەرخانکرد، کاتێ نەقشبەندی گەڕایەوە بۆ سامەڕا دەستی کرد بەدروستکردنی قوتابخانەکە، دەڵێن کرێکارەکان لەکاتی دروستکردنی قوتابخانەکەدا (گەنجینەیەکیان) دۆزیەوە کەپارەی عەباسیەکانی تیابوو، خەڵکی سامەڕا بەوە دڵخۆش بوون وایان دانا دیاریەکە لەخەلیفەی عەباسیەوە بۆ خەلیفەی عوسمانی لەپێناوی بەرگریکردن لەسوونەتی محەمەدی، نەقشبەندی بۆ ماوەی چوار ساڵ وانەی لەو قوتابخانەیە دەووتەوە، لە ١٨٩٨ گوێزرایەوە بۆ ئەعزەمیە بۆ وانە وتنەوە لەقوتابخانەی ئیمام ئەعزەم، حکومەت لەجیاتی ئەو دووکەسی دیکەی رەوانەکرد ئەوانیش شێخ قاسم ئەفەندی غەواس و شێخ عەباسی ئەفەندی قەساب بوو.

پێویستمان بەوە نییە بڵێین کەپشێوی تایەفەگەری لەسامەڕا دوای مردنی شیرازی کزبوو، بەڵام بەتەواوی نەبڕایەوەو لەسروشتیدا نیە کەنەمێنێ، عەبدول عەزیز قەساب لەیاداشتەکانی خۆی سەبارەت بەبارودۆخ لەسامەڕا پێمان دەڵێ، چونکی ساڵی ١٩٠٧ قایمقامی ئەوێ بوو دەڵێ و ئەمەیش دەقەکەیەتی: (دوای دەستبەکاربوونم بەپێنج رۆژ زانیم گەشتیارە ئێرانیەکان لەشوێنە پیرۆزەکان لەوێ دەستدرێژیان کراوەتە سەر، شەوێکیان جلوبەرگی ئێرانیم پۆشی و چووم بۆ شوێنی غەیبەتی ئیمامی مەهدی و ئارامگای هەردوو ئیمام عەلی هادی و حەسەن عەسکەری (خوایان لێ رازی بێ) ئاگاداری ئەو دەسیتدرێژیانە بووم دەرهەق بەگەشتیارەکان، بۆ بەیانی رۆژی دواتر هەموو خزمەکارەکانم بانگ کردو سەرکۆنەم کردن و وریام کردنەوە کەخۆم چاودێری حاڵەتەکە دەکەم، ئەوەبوو لەچاودێریم دەترسان و حاڵەتە گۆڕا لەوەی هەبوو...)[٣٣]

## بارودۆخ لەنەجەف:

دوای مردنی شیرازی موجتەهیدەکان سەرلەنوێ لەنەجەف کەوتنەوە کێبڕکێ وەکو چۆن ئەوەی دوای مردنی شێخ مرتەزا ئەنساری لەسەری راهاتبوون، شایەتحاڵێك ئەودەمە لەنەجەف نیشتەجێ بوو دۆخەکە وەسف دەکاو دەڵێ: لاسایی کەرەوەکان دوای مردنی شیرازی بەسەر چەند موجتەهیدێکدا دابەش بوون، بەم جۆرە هەندێ موجتەهید هەبوون ناوبانگیان دەرکرد، دوای ئەوەی کەکەس نەیدەناسین، هەندێکی دیکەیان ژمارەیەك لاسایی کەرەوەیان بەرکەوت دوای ئەوەی کەیەك لاسایی کەرەوەشیان نەبوو، (لەنەجەف کابرایەکی عەجەم هەبوو رۆژنامەچی بوو ناوی حاجی باقر بوو هەر بۆ سوعبەت پێمان وت، حاجی باقر تۆ لاسایی کەرەوەی کێی؟ وتی: لاسایی سەید کازمی یەزیدم کردەوە، پێمان وت: بۆ؟ وتی: هەر کەمیرزا مرد هەریەکێك لەزاناکان ئاڵایان هەڵکرد، بەڵام سەید کازم چوو بۆ مزگەوتی سەهلەو گۆشەگیر بوو لاساییم کردەوە...)[٣٤]

دەتوانین بڵێین بەهەرحاڵ موجتەهیدەکان ئەوانەی زۆرترین ژمارەی لاسایی کەرەوەیان بەرکەوت دوای مردنی شیرازی سێ کەس بوون: میرزا حسێن خەلیلی و زۆربەی لاسایی کەرەوەکانی فارس بوون، شێخ محەمەد تەها نەجەف زۆربەی لاسایی کەرەوەکانی عەرەب بوون و، شێخ حەسەن مامقانی زۆربەی لاسایی کەرەوەکانی تورك بوون.

مامقانی لەئاداری ١٩٠٥ مرد، تەها نەجەفیش مانگێك دوای ئەو مرد، زۆربەی لاسایی کەرەوەکان روویان کردە خەلیلی، بەڵام ئەم پیاوە زۆر مەرجەعیەتی لەلا نەمایەوە، چونکی ئەو دەمە تەمەنی لەنەوەد تێپەڕ ببوو،



کوێر بوو، پاشان لە (٥)ی تشرینی دووەم ساڵی ١٩٠٨ مرد.

لەکۆتایی رۆژانی خەلیلی بوو دوو موجتەهیدی گەورە پەیابوون یەکێکیان مەلا کازم خۆراسانی و ئەویدی کازم یەزدی بوو، کێبڕکێ لەنێوانیان توند بوو، کێبڕکێیەکەشیان بەروونی لەمەسەلەی مەشرووتە دەرکەوت هەروەکو لەبەشی داهاتوو باسی دەکەین.

## بەشی چوارەم

## مەشروتەی ئێران و کاریگەری لەسەر عیراق...

مەشروتە بزووتنەوەیەکە داوای ئەو دەستوورە دەکات کە لەتورکیاو ئێران پەیابوو[1]، بۆیە بەم ناوە ناونرا، چونکی ئەوانەی دەریان کرد مادەکانی دەستوورەکەیان بە (شرووت) دانا، کەدەبێ شا لەحوکمی رەعیەت پابەندی بێ، ئەم بیرۆکەیە لەتیۆری (رێکەوتنی کۆمەڵایەتی)وە وەرگیراوە کەدوای شۆڕشی فەرەنسا لەئەوروپا باو بوو، لەوێشەوە هات بۆ تورکیاو ئێران، مەشروتە لەتورکیا پەیابوو بەر لە سی ساڵ بەرلەوەی لەئێران پەیابێ، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ نزیك بوونی تورکیا لەئەوروپاوەو زۆر کاریگەری شارستانی ئەوروپای لەسەر بوو، ناشبێ ئەوەمان لەبیربچێ کەململانێی نێوان کۆن و نوێ لەتورکیا هەر لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەمەوە دەستی پێکرد، بەڵام لەئێران ئەم ململانێیە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە دەستی پێکرد، ئەویش ئەنجامی هاتنی هەندێ داهێنان و سیستمی نوێ بوو بۆ ئێران لەسەردەمی ناسرەدین شادا...

ئەوەی لەبارەی ناسرەدین شاوەزانرابوو کەموعجیب بوو بەشارستانی ئەوروپی و حەزی لێ بوو بیناسێ و بەچاو ببینێ، سێ جار گەشتی ئەوروپای کردو لەوێ بەشادیەوە قبوولْ کرا، بەڵام دەترسا بیروباوەڕی ئەوروپی کاربکاتە سەر رەعیەتەکانی و رقی لەوە دەبووەوە بیرۆکەی مەشروتە وەکو ئەوەی تورکیا لەنێوانیاندا بڵاوبێتەوە، جارێکیان وتی: دەیەوێ حاشیەیەکی لەدەور بێ هەمو گێل بن و نەزانن کەبرۆکسل شارە یان جۆرێکە لەکاهوو...[2]



دەتوانین بڵێین ناسرەدین شا دەستێکی گەورەی هەبوو لەهێنانی شارستانی نوێ بۆ ئێران، لەهەمان کاتیشدا توونديش بوو بەرامبەر هەر شتێك لەبارەی یاساو دەستوورو یان هەر بیرۆکەیەکی ئازادیەوە قسەبکات، بەواتایەکی دیکە وەکو یەکێك بەتام خواردنێکی بخاتە بەردەم یەکێك و نەیەڵێ بیخوات، ئەنجام ئەمەیش بشێوی لەکۆمەڵگای ئێرانی پەیابوو، ئەم ئاشووبەش مایەوەو شاراوە بوو، ئامادەبوو بۆ خۆ دەرخستن لەهەر هەلێکدا بۆی بڕەخسایە، هەر کەناسرەدین مردو لەدوای خۆی کوڕە لاوازەکەی موزەفەرەدین چووە سەرتەخت، بشێویە شاراوەکە دەرپەڕی وەك بڵێی ئامادەبوو بۆ دەرپەڕین.

## سەرەتاکانی سیستمە نوێیەکان:

دەبێ بۆئەوەی رەگ و ریشەی مەشروتە لەئێران تێبگەین، لەوە بکۆڵینەوە چۆن سیستمەکان و داهێنانە نوێیەکان چوونە ئێرانەوە لەسەردەمی ناسرەدین شادا، لەراستیدا ئەمەیش بەرەبەرە هاتە کایەوە بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: لەساڵی ١٩٥١ لەتاران کۆلیجێکی نوێ دەمەزرا بەناوی (خانەی هونەرەکان) مەبەست لەدامەزراندنی دەرچوواندنی فەرمانبەری لێهاتوو دبلۆماسیەکان بوو بۆ دەوڵەت[3]، لەئەوروپاوە مامۆستا هێنران بۆ وانە وتنەوە لێی، ئەم مامۆستایان چەندین کتێبیان لەزانستەکان دانا کەدەیانووتنەوە[4].

ئەم کتێبانەش تۆوی ڕێنیسانسێکی فیکری نوێ بوون لەئێران، لەساڵی ١٨٥٨ حکومەتی ئێران چل و دوو لەدەرچووانی (خانەی هونەرەکان)ی بۆ

تەواوکردنی خوێندن ڕەوانەی ئەوروپا کرد[٥].

دووەم: لەساڵی دواتر دوای دامەزراندنی (خانەی هونەرەکان) یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لەتاران کرایەوە، دامەزرێنەرەکەشی میرزا (مەلکم خان) بوو کە لەپاریس پەروەردە ببوو لەوێ فێر ببوو، بۆیە لەزمانی فارسی ناوی مەحفەلەکە بووە (فەرامۆش خانە) واتا خانەی لەبیرچوونەوە، بەپێی ئەوەی کەدەبێ هەموو ئەندامێك هەموو نهێنیەکانی مەحفەلەکە لەبیرکات و بۆ کەسیان نەدرکێنێ، زۆر لەرۆڵانی چینە بەرزەکان چوونە ئەم مەحفەلەوە[٦]، ئەوکاتە ماسۆنیزم یەکێك بوو لەفاکتەرەکانی گواستنەوەی بیروباوەڕی ئەوروپا بۆ ڕۆژهەڵات، چونکی دەیوست بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنسی لەنێو خەڵکی بڵاوکاتەوە، واتا برایەتی و ئازادی و یەکسانی، ناسرەدین شا ئەنجام هەستی بەمەترسی کرد لەسەر عەرشەکەی، فەرمانی دا بەداخستنی مەحفەلەکەو میرزا مەلکم خانی بۆ دەرەوەی وڵات دوورخستەوە.

سێیەم: ساڵی ١٨٥٨ یەکەم هێڵی تەلگراف لەئێران دامەزرا، پاشان لەگەڵ ڕۆژگاردا هێڵی تەلگراف گەشەی کرد، تاژمارەی ویستگەکانی تەلگراف لەئێران لەساڵی ١٨٨٤ گەیشتە ئەم وێستگانە لەلایەن هونەریە بەریتانیەکانەوە بەڕێوە دەچوون و لەنزیك ویستگەکان نیشتەجێ بوون، هەندێ لەو هونەریانە ژنەکانیان هێنا لەگەڵ خۆیاندا، یان کیژە ئەرمەنیان دەخواست و، پزیشکی خۆیانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، بەمەش ئەو ویستگە تەلگرافیانە بوونە ناوەندی درەوشانەوەی بەهاکانی شارستانی لەزۆربەی ناوچە دوورەکانی ئێراندا[٧].

چوارەم: لەسەردەمی ناسرەدین شا تەنها ڕۆژنامەی هەفتانە دەردەچوو حکومەت دەسەڵاتی بەسەریدا هەبوو، بەڵام هەندێ لەئێرانیەکان توانیان لەدەرەوەی وڵات ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆنیان دەکرد.



بەهەموو شێوەیەك دەیاننارد بۆ ئێران، گرنگترین ئەو ڕۆژنامانە، ڕۆژنامەی (ئەختەر) کە لەئەستەمووڵ دەردەچوو ڕۆژنامەی (حەبلی مەتین) لە کەلکەتا دەردەچوو، ڕۆژنامەی (سورەیا) لەقاهیرە، ڕۆژنامەی (یاسا) کەمیرزا مەلکم خان لە لەندەن دەری دەکرد، ئەم ڕۆژنامانە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر گەلی ئێران، زۆرجار لەدووتۆی باڵەی شت و مەکی هاوردە بەقاچاخی دەنێردران بۆ ئێران، حکومەت ڕێگای توندوتۆڵی گرتەبەر بۆ قەدەغەکردنی دزەکردنی ئەو ڕۆژنامانە بۆناو ئێران، ئەمەیش بووە هۆی ئەوە خەڵکی بەنهێنی هەڵپەیان بکەن...

## فاکتەرەکانی یارمەتی دەر:

هەر کەساڵی ١٨٩٦ ناسرەدین شا کوژرا، لەجیاتی کوڕەکەی موزەفەرەدین هاتە سەر تەخت، ئەم شایە نوێیە بەپێچەوانەی باوکیەوە بوو، کەسایەتێکی بوو دەڵە بوو، لەگێلی و دەبەنگی خاڵی نەبوو، سەرەڕای ئەوەش بەلەش نەخۆش بوو، هەر کەبووە فەرمانڕەوا کۆمەڵێ ڕیایی کەر ئەوانەی دەیانویست سەروەت و سامان کۆکەنەوە بەهەچ شێوازێك بێ، لەدەوری کۆبوونەوە[٨].

موزەفەرەدینیش وەکو باوکی حەزی لەگەشتی ئەوروپا بوو، بەڵام خەزێنە لەسەردەمی ئەو بۆش و بەتاڵ بوو، ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر قەرزی بیانی، ڕوسیا ئەمەی بەهەل زانی قەرزی دەدایێ و لێوەی هەندێ قازانج و ئیمتیازی گومرگی چنگ دەکەوت[٩]، ئەمەیش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێزاریی لەنێو بازرگانەکان و خەڵکی (بازاڕ) واتا خاوەن پیشەو خاوەن دوکانەکان، خەڵکی (بازاڕ) هێشتاش لەئێران چینێکی گرنگ

پێکدەهێن و کەم نین لەژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی، چونکی سەرۆك و داب و نەریتی سەندیکاییان هەیە کەپێی دەوترێ (بنەمای سنف) ئەگەر بڕیاریاندا دوکانەکانیان داخەن بۆ ناڕەزایی لەسەر مەسەلەیەك لەمەسەلەکان، ئەمەیش جۆرێك بوو لەمانگرتنی گشتی[10]، ژیانی ئابووریان تووشی ئیفلیجی دەکرد، سەرباری ئەوەش خەڵکی (بازاڕ) کاریگەریان هەبووە لەسەر پیاوانی ئایین و پەیوەندی بژێویان پێوەیان، ئەگەر گازندەیان لەشتێك کردبایە بەخێرایی گازندەکەیان دەگەیەننە پیاوانی ئاینیش، ئەوانیش فەتوای شیاویان بۆیان دەردەکرد.

ئەوەشی قوڕەکەی خەستتر کردەوە ئەوەبوو موزەفەرەدین کاروباری دەوڵەتی خستبووە دەستی زاواکەی (عەین دەولە) ئەمیش کابرایەکی لەلای میللەتی عیراق نەخوێندەوارو رەق و قێزەوەن بوو کردەوەکانی توندوتیژ بوون و بوونە فاکتەری بێزاری لەنێو خەڵکی (بازاڕ)دا.

لەساڵی ١٩٠٥ شۆڕش لەڕوسیا دژ بە قەیسەر هەڵگیرساو بەتوندی سەرکوت کرا، هەندێ لەسەرکردە قەفقاسیەکانی شۆڕشەکە رایانکرد بۆ ئێران و رۆژنامەیان لەوێ دامەزراندو گەلی ئێرانیان بەرەو بیروباوەری دیموکراسی ئازاد ئاڕاستە دەکرد[11]، ئەمەیش فاکتەرێکی تربوو بۆ بڵاوبوونەوەی بێزاری لەنێو خەڵك سەبارەت بە هەچ کردەوەیەك حکومە ت ئەنجامی بدایە، ئەگەر چاکیش بووایە، شایانی باس کردنە لەم بارەیەوە کەکێبڕکێ لەنێوان روسیاو بەریتانیا لەودەمەدا توندبوو، هەریەکێك لەم دوو دەوڵەتەش لەنێو کەسەکانی گەلی ئێران لایەنگرو بەکرێگیراویان هەبوو، لەبەشی پێشوو دیتمان کەچۆن رووسەکان کێشەی (تنباك)یان قۆستەوە تائێرانیەکان بوروژێنن دژ بە بەریتانیا، ئەمەیش هۆیەکی هەرەس هێنانی دەسەڵاتی بەریتانیا بوو لەئێران و بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی



رووس[12]، دیارە بەریتانیەکان ویستیان تۆڵە لەرووس بکەنەوە، بۆیە کەوتنە هاندانی بزووتنەوەی مەشروتە وەریسواکردنێك بۆیان لەئێران، هەروەکو مەسەلەیەك هەیە دەڵێ: (گوڵمەز بەگومەن).

## سەرەتای بزووتنەوەکە:

بزووتنەوەی مەشروتە لەئێران ئەنجامی رووداوێکی سادە دەستی پێکرد، کەساڵی ١٩٠٥ روویدا، ئەمەیش پووختەکەیەتی: بڕێك لەخەڵکی (بازاڕ) سەرپێچی هەندێ فەرمانی حکومەتیان کرد، حکومەتیش بڕیاریدا بەفەلاقەکردنیان و بەر جەڵدە لێدانیان، ئەمەیش عادەتێکی بڵاوبوو لەکاتی شای پێشوو روویدەدا، بێ ئەوەی خەڵکی بایەخێکی گەورەی پێ بدەن، بەڵام ئێستا خەڵکی بایەخی پێ دەدەن، ژمارەیەکی زۆر لەوان کۆبوونەوە لەنێوانیاندا کۆمەڵێ لەپیاوانی ئایین بوون، چوون بۆ مزگەوتەکەی شا لەنزیك (بازاڕ)ی گەورە بۆئەوەی خۆیان تێدا حەشاردەن، (خۆحەشاردان) لەو داب و نەریتانە بوون کەئێرانیەکان هەر لەسەردەمی سەفەویەوە لەسەری راهاتبوون، ئەوان پێی دەڵێن (بەست) واتای وایە کەخەڵکی رووبکەنە مزگەوتەکان یان ئارامگاکان یان ماڵی موجتەهیدەکان یان باڵیۆزخانەکانی بیانی یان ئەستەبڵەکانی شاهانە یان مەیدانەکانی تۆپخانە یان وێستگەکانی تەلگراف، لەوێ حکومەت ناتوانێ دەستگیریان بکات، ئیمامی مزگەوتەکەی شا توانی خەڵکە پەنابەرەکە بەفەرمانی حکومەت و بەیارمەتی کۆمەڵێ لەدەست و پێوەنەکانی دەرکات، پەنابەرەکان لەمزگەوتەکە دەرچوون و لەجاران زیاتر حەماسیان هەبوو، خەڵکی دیکەش هاتنە ناویانەوە، چوون بۆ شاری (شا عەبدول عەزیم) کەچەند میلێك لەتارانەوە

دوورەو پەنایان بردە بەر ئارامگای پیرۆز کە لەوێ بوو، لەوێ رایانگەیاند گەدەرناچنە دەرەوە تاوەڵامی داواکانیان نەدەنەوە، یەکێك لەداواکانیان لادانی (عەین دەولە) بوو لەسەر کارەکەی و دامەزراندنی خانەی دادو ناوی (عەدالەت خانە)ی ناو لێبنرێ، رۆژ بەرۆژ ژمارەی مانگرەکان لەشاری (شا عەبدول عەزیز) لەزیادبوون بوو، وەك بڵێی خەڵکی هەلێکیان دۆزیبوەوە بۆئەوەی تینویەتی خۆیان لەحکومەت بشکێنن، ئەوەبوو واعیزەکان و تازێ خوێنەکان دەچوونە سەر مینبەرەکان بۆئەوەی حکومەت تاوانبار بکەن و کردەوەکانی ریسوا بکەن، ئەوەی بایەخی ئەم (مانگرانەی) زیاتر کرد دوو لەگەورەترین زانایانی تاران لەو مانگرانە بوون ئەو دووەش سەید محەمەد تەبا تەبائی و سەید عەبدوڵڵای بەهبەهانی، هەروەها لەنێوانیان گەورە واعیزێکی بەناوبانگی وەکو سەید جەمالەدین یان لەگەڵ بوو، شا نێردراوێکی تایبەتی ناردە لایان تا رازیان بکات، بەڵام نێردراوەکەیان بەوشکی پێشوازی کردو بەبێ ئومێدی گەڕانیانەوە، شا ناچار بوو ئەنجام نووسراوێکیان بەدەست و خەتی خۆی بۆ بنێرێ و بەڵێنی پێدان وەڵامی داواکاریەکانیان بداتەوە، لێرەدا رازی بوون بگەڕێنەوە بۆ تاران، شا گالیسکەی شاهانەی بۆ ئامادەکردن و گەورەکانیان سواری بوون، لەتاران جەماوەر زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردن، پێویست ناکات بڵێین کەپایەی تەبا تەبائی و بەهبەهانی ئەو رۆژانە لەدیدی جەماوەر زۆر بەرز بووەوە.



## تەشەنەکردنی بزووتنەوەکە:

دیاربوو شا نەیتوانی بوو بەڵێنەکەی خۆی بەجێ بهێنێ، کاتێ دەستی زاواکەی (عەین دەولە)ی گرت، لەناوەڕاستی ئەیاری ١٩٠٦ شا تووشی ئیفلیجی بوو (عەین دەولەش) ئەمەی بەهەلزانی بۆئەوەی دەستی خۆی بوەشێنێ، فەرمانی دەرکرد بۆ دەستگیرکردنی سەید محەمەد تەباتەبائی کاتێ سەربازەکانی هات بۆ دەستگیرکردنی ئەم موجتەهیدە گەورەیە خەڵکی کۆبوونەوە بۆ دەربازکردنی لەدەستیان، ئەنجامی ئەمە رووبەڕوبوونەوە لەنێوان سەربازەکان و خەڵکی روویداو، یەکێك لەجەماوەرەکە کوژرا، رێکەوتیش وابوو ئەم کوژراوە لەقوتابیانی زانست و سەیدێك بێت لەنەوەی پێغەمبەر.

لەکاتی بەرێکردنی تەرمەکەی سەیدە کوژراوەکە رووبەڕووبوونەوەیەکی دیکە روویداو تێدا یازدە کەس کوژران، پشێوی لەتاران گەیشتە ئەوپەڕی، زۆربەی موجتەهیدەکان تارانیان بەجێهێشت و روویان کرد شاری (قوم)ی پیرۆز، پاشان بەیانێکیان دەرکردو تێدا هەڕەشەیان لەشا کرد هەموویان تاران بەجێدێڵن و روودەکەنە عیراق ئەگەر بەڵێنەکەی خۆی بەجێ نەهێنێ و داخوازیەکانی میللەت جێبەجێنەکات، خەڵکی (بازاڕ) دوکانیان داخست بۆ پشتگیری موجتەهیدەکان، حکومەت فەرمانێکی دەرکرد هەرکەسێك دوکانەکەی دابخات تاڵان بکرێت.

لێرەشدا رووداوێك روویدا کەواتایەکی قووڵی هەبوو، کۆمەڵێك لەخەڵکی (بازاڕ) چوون بۆ مفەوەزیەتی بەریتانیاو داوای یارمەتییان لێکرد، هەر کەبینیان پشتگیریان دەکات پەنایان بردە بەری و لەباخچە پان و بەرینەکەی

کەدەکەوێتە ناوچەی (قولهك)ەوە مۆڵیان خواردو ڕۆژ بەرۆژ ژمارەیان زیادی دەکرد، ڕایانگەیاند کەناگەڕێنەوە بۆ کردنەوەی دوکانەکانیان تا داخوازی موجتەهیدەکان جێبەجێ نەکرێن، سەید هەبەدین شەهرستانی لەیاداشتەکانی خۆی کەهەندێ لەڕووداوەکانی مەشروتەی تیا تۆمارکردووە دەڵێ: پەنابردنی بازرگانەکان بۆ مفەوەزیەتی بەریتانیا گەشەکردنێکی فیکری و هوشیاری سیاسی نوێی لێیان کرد، ئەوان لەمەوبەر داوای دامەزراندنی ئەنجومەنی (عەدالەت خانە)یان دەکرد، بەڵام ژنی مفەوەزی بەریتانی تێیانیگەیاند کەئەم داوایەیان هیچ نرخێکی نیەو دەبێ ئامانجیان لەوە بەربلاوتر بێ ئەوەیش ئازادیی و یەکسانی و شورا بێ، ئەو ژنە ڕۆشنبیر بوو توانی کارتێکردنی پێویست کاریان تێبکات...)[١٣].

بەهەرحاڵ، پەنابردنی خەڵکی (بازاڕ) بۆ مفەوەزیەتی بەریتانیا ڕووداوێکی وروژێنەر بوو، هەموو ڕۆژنامەکانی جیهان باسیان دەکرد، جۆرەها شیکردنەوەیان بۆی دۆزیەوە، ڕۆژنامەی (تایمز)ی لەندەنی لەژمارەی ڕۆژی ١٤ی ئەیلوول ساڵی ١٩٠٦دا وەسفی ڕووداوەکەی بڵاوکردۆتەوە کەپەیامنێری لەتارانەوە ناردبووی ئەمەیش کورتەیەکێتی:

(پەنابردنە بەر مفەوەزیەتەکە لەمانگی تەمموز دەستپێکرد ژمارەی پەنابەرەکان زۆر گەورە بووە بەخێرایی تا مانگی ئاب گەیشتە دوانزە هەزار کەس، هەموو بازاڕەکان داخران، باخچەی مفەوەزیەتەکە پڕ ببوو لەدەوارو بەهەموو توێژێك سیخناخ ببوو، هەر لەبازرگان و خاوەن پیشەکان و زانایان و ئەوانی دیکەش، زۆر خۆیان دیسپلین کردبوو، سەرەڕای زۆری ژمارەیان هیچێکی ئەوتۆ لێیان ڕووینەدا زیانبەخش بێ، چێشتخانەو ئامادەکردنی خواردنیان زۆر ڕێك و پێك بوو، لەشەودا دیمەنیان زۆر قەشەنگ بوو، هەر دەوارێك و حیکایەتخوانی خۆی هەبوو خەڵکی دەوارەکە لێی نزیك



دەبوونەوەو گوێیان لەچیرۆکی کوشتنی حسێن دەبوو بەشێوەیەکی سەیر دەگریان و لەبەر زەبری خەمباری دەیانکێشا بەسەری خۆیاندا...)[١٤]، ئەنجام شا ناچار بوو چۆك دابدات بۆ ئیرادەی گەل، (عەین دەولە)ی لەسەر کار لابردو لەجێگاکەی کابرایەکی دانا لایەنگری مەشروتە بوو ناوی نەسروڵڵا خان بوو، پاشان فەرمانی دەرکرد بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ناوی لێنرا ئەنجومەنی (شورەوی میللی).

## <u>پەنابردن بۆ کەربەلا</u>:

ڕووداوی پەنابردنە بەر مفەوەزیەتی بەریتانیا لەتاران لەلایەن خەڵکی (بازاڕ)ەوە زۆری بەسەر نەچوو بوو تا لەکەربەلا هەمان ڕووداو قەوما، حکومەتی ناوخۆیی لەکەربەلا بەسەر ئێرانیە دانیشتووەکانیدا باجی تایبەتی سەپاندبوون، بۆیە ئێرانیەکان ناڕەزایی و بێزاریی خۆیان بەرامبەر بەو باج و خەراجە ڕاگەیاند، بۆ ئەم ناڕەزاییەش محەمەد حەسەن خان قەندەهاری کەئەو دەمە جێگری کونسڵی بەریتانیا بوو لەکەربەلا، هانی دەدان و فریوی دەدان، باوەڕیان بەبەڵێنەکانی هێناو لەنزیك خانووی کوسنڵیەتی بەریتانیا کۆبوونەوە، کەدەکەوێتە گەڕەکی (خەیمەگا)و لەحاڵەتی (پەنابردن) بوون بەشێوەی ئێرانی، لەجادە فەرشیان ڕاخست و دەواریان لەسەر دیوارەکان هەڵواسی بۆ سێبەرکردن لەبەر هەتاو، پەنجا ڕۆژ بەردەوام بوون، لەشوێنی خۆیان نانیان دەخواردو دەخەوتن و لانەدەچوون تارێگەیان لەڕێبواران بەستەوە، موتەسەریفی ئەوسای کەربەلا ڕەشید بەگی زەهاوی بوو، هەوڵیدا بڵاوەیان پێبکات، بەڵام بێ سوودبوو، پاشان هەندێ پیاوی ئایینی کردە ناوبژیوان و گوێیان پێ نەدان، میرزا حسێن خەلیلی و

سەید کازم یەزدی نوێنەریان نارده لایان لەنەجەفەوە تائامۆژگاریان بکەن و کەس گوێی لێیان نەگرت، موتەسەریف ناچاربوو ئەنجام بەڕێوەبەری پۆلیس بنێرێتە لایان و ئاگاداریان بکاتەوە، بەگاڵتە جاڕیەوە چاویان بەبەڕێوەبەر کەوت، وەك بڵێی دڵنیابوون لەوەی حکومەتی عیراقیش وەکو حکومەتی ئێران ناتوانێ پێشێلی حورمەتی (پەنابردنەکە) بکات، یان پێیان وابوو بەریتانیای مەزن هەموو لەگەڵیان دەوەستن، حکومەت سێ ئاگاداری یەك لەدوای یەکی ئاڕاستە کردن، یەکێکیان بۆماوەی هەفتەیەك دووەم بۆماوەی بیست و چوار سەعات و سێیەم بۆماوەی شەش سەعات، کۆتایی ئەم وریاکردنەوەی سێیەمیش لەنیوەشەوی لەیلەتول قەدر لەمانگی ڕەمەزان ساڵی ١٣٢٤ك بەرامبەر ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٠٦ بوو، سەرباز دەوری پەنابەرەکانیاندا لەهەموو لایەکەوە گوللەباران کران، پەنابەرەکان پێیان وانەبوو مەسەلەکە دەگاتە ئەم رادەیە، یەکێك لەخۆیان دەیانووت: (مەترسن ئەوە گوللەی راستەقینە نییە)، بەڵام ئەوەبوو یەك لەدوای یەك دەکەوتنە سەر زەوی، بەپەلە هانایان بردە بەر کونسڵیەتەکەو لەدەرگایان دەدا تا بچنە ژوورەوە، بەڵام هیچ یارمەتیەکیان لێیان نەبینی، لێرەدا وەکو (با) تێیانتەقاند دوای ئەوەی حەفتا کەسیان لێ کوژراو ژمارەیەکی زۆریشیان برینداربوو، سەید عەلی شارستانی یەکێك بوو لەزانایانی کەربەلا توانی بچێ بۆ بەغداو کونسڵی ئێران ئاگادارکاتەوە بەوەی روویدا، کونسڵەکەش بروسکەی کرد بۆ تاران و ئەستەموولْ وردەکاری رووداوەکەی گەیاند، پاشان شارەزایان گەیشتنە کەربەلا کەکونسڵی بەریتانیا ناردبووی لەبەغدا بۆ لێکۆڵینەوە لەمەسەلەکە، لەشوێنی رووداوەکەو لەسەر دیواری کونسڵەکە شوێنەواری فیشەك دیاربوو، ئەنجامی ئەمەیش حکومەتی عوسمانی مەجید بەگ والی بەغدای لەسەر کار لابردو لەجێگاکەی ئەبوبەکر حازم بەگی



دامەزراند، ئەو پرسیارەی کەلێرەدا رووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە: ئایا پەیوەندییەکی هۆکاری هەبوو لەنێوان رووداوەکەی کەربەلاو رووداوەکانی مەشروتە لەئێران؟ ئایا محەمەد حەسەن خان ئێرانیەکانی هاندا هەر لەخۆیەوە بۆ (پەنابردنە بەر) یان کردەوەیەك بوو بەفیتی حکومەتی بەریتانیا؟ لەمەدا نهێنییەك هەیەو پێی نازانین، لەوانەیە بەڵگەنامەکان دوای دەریانخات.

## داڕشتنی دەستووری ئێران:

لە ٧ی تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٠٦ ئەنجومەنی میللی لەتاران کرایەوە، موزەفەرەدین شا ئامادەی ئاهەنگەکە بوو سەرەڕای ئەوەی نەخۆش بوو، یەك کار کەئەنجومەنی میللی کردی دانانی لیژنەی داڕشتنی ماددەکانی دەستوور بوو، دەستوور داڕێژراو لەمانگی کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٠٧ شا پەسەندی کرد، پاشان بەچەند رۆژێك دوای ئەوە شا مرد.

دەستووری ئێرانی لەزۆر دەقەکانیدا بریتییە لەوەرگێڕانی دەقاودەقی دەستووری بەلژیکی کەساڵی ١٨٣٠ دەرچووە، لەسەر بنەمای بیروباوەڕی دیموکراسی بنیاتنراوە کەئەو دەمە لەئەوروپا باو بوو وەکو بڕوا بوون بەیاسای سروشتی و مافەکانی مرۆڤ، بەڵام لیژنەی داڕشتنی دەستوور ورد بوو لەوەی دەبێ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا پەیوەست بێ و نابێ لەهیچ شتێکدا لەگەڵیدا ناکۆك بێ، ئەمەیش بەڕوونی لەهەردوو ماددەی یەکەم و دووەمدا بەدیدەکەین و ئەمەیش دەقەکەیانە:

مادەی یەکەم: ئایینی رەسمی دەوڵەت مەزهەبی جەعفەری دوانزەیی هەقە لەئیسلام، دەبێ شا ئەم مەزهەبە بسەلمێنێ و بیپارێزێ.

مادەی دووەم: ئەنجومەن کە بەبەرەکەتی ئیمامی سەردەم خودا فەرەجی زوو بدات پێکهێنراو بەفەرموودەی شای خاوەن شکۆو، تەقەلای زانیان خودا وێنەیان زۆرکات و نەتەوەی ئێران، نابێ هەرگیز یاسایەك دابنرێ لەگەڵ شەریعەتە پیرۆزەکانی ئیسلامدا ناکۆك بێ، ئەوەی ئاشکرایە زاناکان خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، بۆیە ئەرکەکە رەسمی ئەوەیە لەهەموو خولێك لەخولەکانی ئەنجومەنەکە دەبێ لیژنەکە لەپێنج کەس لەموجتەهیدو فەقیهە لێهاتووەکان و لەعاریفەکان بۆ پێویستیەکانی سەرجەم پێك بێت، دەبێ ئەنجومەن ئەوانە بەئەندامی خۆی دابنێ، ئەرکی ئەوانیش ئەوەیە هەموو لائیحەکانی یاسا دانان لێبکۆڵنەوە، ئەگەر بینیان شتی تیایە پێچەوانەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامە رەتی بکەنەوە، لەمەشدا بڕیارەکانیان دەبێ جێبەجێ بکرێن و کۆتاییشە، ئەم مەرجەش نابێ لەدەستووردا بگۆڕدرێت تا پەیابوونی ئیمامی سەردەم خودا زوو فەرەجی بدات[١٥].

## محەمەد عەلی شا:

دوای مردنی موزەفەرەدین شا کورەکەی محەمەد عەلی دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەمیان زۆردارێکی چاوچنۆك و بەدرەوشت بوو، هەر لەسەرەتای دەسەڵاتیەوە کۆسپی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و بزووتنەوەی دەستووری دروستدەکرد، بۆیە سەردەمە کورتەکەی بەململانێی توند لەنێوان لایەنگرانی زۆرداریی و لایەنگرانی مەشرووتە ناسرا، ئەوەی زیاتر ململانێکەی تووندکرد گرێکدانی پەیماننامەی نێوان رووسیاو بەریتانیا بوو لە ٣١ ئابی ١٩٠٧، لەم پەیماننامەیەدا دوو دەوڵەتەکە دەسەڵاتیان لەئێران دابەشکرد، رووسیا بەشی باکووری بەرکەوت و بەریتانیاش بەشی



باشووری بەرکەوت، ئەمەیش لێدانێکی سەخت بوو لەلایەنگرانی مەشروتە، چونکی تاران و ناوچەکانی باکوور کەوتنە ژێر دەسەڵاتی رووسیاوە، ئەمەیش محەمەد عەلی شای هاندا لەمەرامی زۆردارییی خۆی بەردەوام بێت، ئیدی ئازاد بوو چی بویستایە دەیکردو بێ ئەوەی لەدەست تێوەردانی بەریتانیا بترسێ بۆ پشتگیری کردنی لایەنگرانی مەشروتە[١٦]، محەمەد عەلی شا شارەزایانی رووس لەدەوری بوون، بیروڕای ئەوان زۆر کاری تێدەکرد بەتایبەتی یەکێکیان کەجوولەکە بوو ناوی شبشال بوو[١٧]، لنشۆفسکی مێژوونووس دەڵێ: رووسەکان پێیان وابوو مەشروتە لەتەگبیرکردنی بەریتانیاو بەهەڕەشەیان دادەنا لەسەر هێزو دەسەڵاتیان لەئێران، ساڵی ١٩٠٧ نزیك بوونەوەیان لەبەریتانیا بەهەلزانی و هانی محەمەد عەلی شایا ندا بۆ پەکخستنی دەستوور[١٨]، بەهەرحاڵ ئەوەبوو محەمەد عەلی شا پارەی خەرج دەکردو لایەنگرانی کۆدەکردەوە لەپێناوی لەناوبردنی بزووتنەوەی مەشروتە لەئێران، ئەو دروشمەش کەبەرزی کردبوەوە ئەوەبوو دەستوور بدعەیەو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، کۆمەڵێ لەپیاوانی ئاینیش ئەم هەڵوێستەی شایان پەسەند کردو لەسەرووی ئەمانەش شێخ فەزڵوڵا نووری بوو، ئەم پیاوە لەسەرەتاوە لایەنگری مەشروتە بوو، پاشان لێی جیابوەوەو جەنگێکی بێ ئامانی دژی بەرپاکرد، تاوانباری دەکردن بەوەی کە بابەکی و زەندیقن، بەڵام لایەنگرانی مەشروتە سەید محەمەد تەباتەبائی و سەید عەبدوڵڵا بەهبەهانی سەرکردایەتی دەکردن.

بەمەش گەلی ئێران بووە دوو حیزبی دژ بەیەك، هەر حیزبێك ئەو حیزبەکەی دیکەی بەکافر دەردەکردو داوای دەکرد شەڕی بکەن، لەتاران و زۆربەی شارەکانی ئێران یانە یان ئەنجومەنی ناوخۆ، وەکو ئەوەی

لەفەڕەنسا لەسەردەمی شۆڕشە مەزنەکەی پەیابوو پێکهێنران(١٩).

ناویان نان (ئەنجومەن)، ئەم یانانەش پیتاکیان کۆدەکردەوەو لایەنگریان کۆدەکردەوەو، لەسەر چەك مەشقیان پێدەکردن لەپێناوی بەرگریکردن لەمەشروتە، زۆرجار دەبینرا پیاوانی ئایین بەمێزەرەوە مەشقیان بەچەك دەکرد بۆ بەکارهێنانی، پێیان وابوو ئەرکی جیهاد لەپێناوی خودا جێبەجێدەکەن، دوای ململانێیەکی توندوتیژ لەنێوان شاو ئەنجومەنی نوێنەراندا، شا لەحوزەیرانی ١٩٠٨ توانی بەتووندی لەمەشروتە بدات، باری نائاسایی راگەیاندراو سەربازەکانی (قەوزاقی) بەفەرماندەیی لیاخۆف روسی نارد بۆ گەمارۆدانی ئەنجومەن، پاشان فەرمانیدا بەتۆپ بارانکردنی، ترس و تۆقاندن لەتاران بڵاوبووەوە، لایەنگرانی مەشروتە هەڵاتن، هەندێکیان توانیان پەنا بەرنە بەر مفەوەزیەتی بەریتانیاو خۆیان رزگاربکەن، بەڵام هەندێکیان بەر چنگی هێزەکانی حکومەت کەوتن، دووان لەدەستگیرکراوەکان لەسێدارەدران، یەکێکیان میرزا جیهانگیر خان بوو کەخاوەنی رۆژنامەی (وێنەکانی ئیسرافیل)ی شۆڕشگێڕیی بوو، دووەمیان میرزا نەسروڵا ئەسفەهانی یەلیك کەیەکێك بوو لەتووندترین واعیزەکانی مەشروتەو، زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر جەماوەر، تەنانەت نازناوی (شای قسەکەرەکان)ی پێدرابوو هێشتا پەیکەرەکەی لەیەکێك لەشەقامەکانی تاران ماوە، دوای ئەوەی شا لەتاران سەرکەوتنی بەدەستهێنا بروسکەی کرد بۆ والیەکانی لەهەموو ئێران و فەرمانیان پێدەکات کەمەشروتە هەڵبوەشێننەوەو لایەنگرانی پەرت بکەن و یانەکانیان داخەن، ئەوانیش دەستیان کرد بەتۆڵە سەندنەوە لەلایەنگرانی مەشروتە، هەرکەسێکیان چگ بکەوتایە جەڵدەیان لێی دەدا یان دووریان دەخستەوە یان زیندانیان دەکرد.

شا زۆر خۆشی لەو سەرکەوتنە نەبینی، لەهەندێ شارەکان شۆڕش دژی



بەرپابوو، گرنگترین ئەو شۆڕشانە ئەوەبوو لەتەورێز بەرپابوو، لایانگرانی مەشروتە توانیان تیا خۆیان رێك بخەنەوە بەچاکی و توانیان بۆ ماوەیەکی باش دەسەڵات لەشارەکە بگرنە دەست(٢).

ئەم شۆڕشەش هانی خەڵکی رەشتی دا کەشۆڕشێکی هاوشێوە بەرپا بکەن، هێزەکانی رەشت بەرەو شاری قەزوین جووڵان و داگیریان کردو ئەنجا روویانکردە تاران، ئەنجا گورزی کوشندە لەلایەن حاجی عەلی قولی خانەوە بوو، کەسەرۆکی خێڵەکانی بەختیاریە لەئەسفەهان و بە (سەردار ئەسعەد) ناسرابوو، ئەم پیاوە هێزێکی شەرکەری کۆکردەوە، کەژمارەیان دوو هەزار کەس بوو، تۆپخانەشیان پێ بوو، لەحوزەیرانی ١٩٠٩ سەردار ئەسعەد بەهێزەکانیەوە رووی کردە تاران و، لەنزیك تاران لەگەڵ ئەو هێزانەدا یەکیانگرت کە لەرەشتەوە هاتبوون و، لە ١٢ی تەمووز وەکو رزگارکەرێك چووەە ناو تارانەوە، لێرەدا شا هەستی بەشەڵەژانی هەڵوێستی کردو پەنای بردە بەر مفەوەزیەتی روسیاو داوای سەلامەتی دەکرد.

شۆڕشگێڕەکان شایان لەسەر تەخت لابردو کوڕەکەی ئەحمەدیان دانا لەشوێنی کەتەمەنی دوانزە ساڵ بوو.

## دووبەرەکی لەعیراق:

ئەو رووداوە گرنگانەی لەئێران روویاندا، ناکرێت هەروەها تێپەڕبن بێ ئەوەی دەنگدانەوەیان نەبێ لەکۆمەڵگای عیراقیدا، لەراستیدا نامەو ریفراندۆمەکان پەیتا پەیتا لەئێرانەوە دەهاتن بۆ گەورە موجتەهیدەکان لەنەجەف سەبارەت بەمەشروتە لێیان دەپرسن ئایا حەرامە یان حەڵاڵە.

یەکەمجار وەڵامی موجتەهیدەکان ئەوەبوو سەبارەت بەمەشروتە کە

لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا پەیوەستە، بەڵام پاشان دابەش بوون وەکو ئەوەی لەئێران دابەش بوون، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی لەنێو خەڵکیدا ببێتە مقۆ مقۆو ململانێ کەگاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر کۆمەڵگای عیراق و پەرەسەندنی هۆشیاریی سیاسی، یەکێ لەو نامانەی بۆ زانایانی نەجەف هات، سەبارەت بەمەسەلەی مەشروتەو فەتوادان لەسەری، ئەم نامەیە بوو: بۆ بەرێزان موجتەهیدەکان پارێزەرانی پەندی خوداوەند، دیارە لەبارەی ئەنجومەنی شورای میللی بیستووتانەو خۆتان چاك دەزانن ئەم ئەنجومەنە کەئیش دەکا بۆ پاراستنی ئەو یاسایانەی لەسەر ڕێبازی دوانزە ئیمام سەرچاوەیان گرتووە بۆ لەناوبردنی زۆردارو خاینەکان و بەرقەرارکردنی دادپەروەری لەسەرجەم وڵات و بەرزراگرتنی پایەی ئاڵای ئێران، بەداخەوە ژمارەیەك لەخۆپەرستی گەندەڵ درۆو دەلەسە بڵاودەکەنەوە لەپێناوی لەناوبردنی ئەنجوومەنەکە، ئێمە چاوەڕێی فەتوای ئێوەین، بۆ بەیان کردنی تەکلیف کردنی موسڵمانان بۆ ئەم مەسەلەیە)، دوابەدوای گەیشتنی ئەم ریفراندۆمە بۆ نەجەف، گەورە زانایان لەنەجەف کۆبوونەوە بۆ وەڵامدانەوەی، ئەو فەتوایەش کە لەسەری ڕێکەوتن ئەمەی خوارەوەیە:

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، محەمەد سەڵاوی خوا لێ بێ و بنەماڵە پاکیزەکەی و نەعلەت لەخەڵکی زۆردار تارۆژی قیامەت. پشت و پەنا بەخوداو مەرحەمەتی ئاسمانی و لەژێر ڕێنمایی هادی پایەبەرز حەزرەتی خاوەن زەمان و روحمان بەقوربانی بێ: یاساکانی ئەنجومەنی ناوبراو وەکو باستان کرد، یاسای پیرۆزو ڕێزدارەو لەسەر هەموو موسڵمانەکانە کەئەو یاسایانە یان پێ قبوول بێ و جێبەجێی بکەن و، لەبەرئەوە دووبارەی دەکەینەوە: پەنابردنە بەر بەرگری کردنی ئەنجومەنی پایەبەرز وەکو ئەوە



وایە پەنابردنە بەر بەرگری کردنی ئایینی پیرۆز، دەبێ موسڵمانەکان بەبێ هیچ بەرگرییەك دژی ئەنجومەنەکە نەبن(٢١)، ئەم فەتوایە مەلا کازمی و خۆراسانی مۆری کرد لەجیاتی هاوڕێ موجتەهیدەکانی، هیچ یەکێك لەوان لەوەبەدەر نەبوو جگە سەید کازم یەزدی نەبێ، چونکی مۆری نەکرد، نارازی بوونی ئەم موجتەهیدە سەرەتای دووبەرەکی بوو لەنێو موجتەهیدەکان، پاشان لەگەڵ ڕۆژگار ئەم دووبەرەکییە توندبوو، تەشەنەی کرد، خەڵکی نەجەف بوونە دووبەری دژەوە: بڕێکیان داوای مەشروتەی دەکرد بەسەرکردایەتی مەلا کازم خۆراسانی، ئەویتر داوای دکتاتۆریەتی دەکرد بەسەرکردایەتی سەید کازم یەزدی، ناشبێ ئەوەمان لەبیربچێ لەم بارەیەوە کە لەکۆمەڵگای نەجەف خولیایەکی رادەبەدەر نەبوو بۆ مقۆمقۆ بەشێوەیەکی گشتی، هەر کەمەسەلەی مەشروتە هاتە پێشەوە هاندەرێکی نوێ بوو بۆئەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی توند لەسەری بکەونە مشت و مڕ، بەرادەیەك کە لەمەوبەر وێنەی نەبووە، تایەکێك لەشاعیران ئاماژەی بەوەدا بەم شیعرە:

تغيرت الدنيا واصبح شرها    يروح بافراط ويغدو بتضريط
الى أين يمضي من يروم السلامة    وما الناس إلا مستبد او مشروطي[٢٢]

واتا (دنیا گۆڕاوەو خراپە بەزۆری دیت و بەزۆری دەڕوا، بۆ کوێ بڕوا هەرکەسێ سەلامەتی بیەوێ خەڵکی یان بوونەتە (زۆردار) یان مەشروتەیی).

(عەبدول حەمید زاهید) بۆی گێڕامەوە، ئەودەمەی منداڵ بوو هەر کە لەکۆڵان لەگەڵ هاوڕێکانی یاریان دەکرد خۆیان دەکردە دووتیپ، یەکێکیان زۆردار ئەویدیکە مەشروتە، پاشان دەبووە شەڕیان وەکو ئەوەی لەنێوان گەورەکان روویدەدا.

ئەوەی قوڕەکەی خەست کردەوە رووسەکان لەنەجەف کونسڵیەتیان

کردەوەو، پیاوێکیان بۆی دامەزراند زۆرزان و زۆر هەوڵی دەدا بۆ بەرگریکردنی مەشروتە، ئەویش ئەبوو قاسم شیروانی بوو، هاوکاری لەنێوان خۆی و یەزدی دروستبوو، یەزدی توانی زۆر لەخەڵکی رەشۆکی و سوارچاکەکانی کۆگاکان لەپیاوانی (زقرت)و (شمرت) بۆلای خۆی راکێشیٚ، هەر کەبچووایە بۆ نوێژ دەست و پێوەنەکانی بەچەکەوە لەدەوری بوون و، هوتاف و سەڵاواتیان لیٚ دەدا، وەکو تەحەدایەك بۆ لایەنگرانی مەشروتە، لەناو خەڵکی پڕو پاگەندە سەبارەت بەمەشروتە بڵاودەبوەوەو مەبەست لەمەشروتە رووخاندنی ئایین و گەندکردنی رەوشتە، رۆژێك لەرۆژان لەسەر هەندیٚ لەدیوارەکانی نەجەف ئاگاداریەك دەرچوو، وێنەیەك بوو دەستێك دەمانچەیەکی بەدەستەوەیەو هەڕەشە لەیەزدی دەکات، ئەگەر بەئیرادەی لایەنگرانی مەشروتە نەکات، خەڵکی رەشۆکی ورووژان و پێیان وت: (بەخیلی بردنە بەنەوەی پێغەمبەری خودا) گوایە یەزدی سەیدەو نەوەی پێغەمبەرە، ئەوەبوو لایەنگرانی مەشروتە لەبازاڕو رێگاکان، کەوتنە بەر دەستدرێژی و لێدان، بەبیانووی ئەوەی زەندیقن و لەئایین دەرچوون، لەراستیدا مقۆ مقۆ لەسەر مەشروتە تەنها لەنەجەف نەبوو، بگرە گەیشتە کەربەلاو کازمیەو هەندیٚ لەشارەکانی شیعەی دیکە، یەکێك لە بەساڵچووەکان بۆی گێڕامەوە کەخەڵکی کازمیەیە کەچ ناکۆکیەکی توندوتیژو مقۆ مقۆ لەبارەی مەشروتەوە بەرپا بوو، زۆربەی خەڵکی رەشۆکی داواکاری زۆرداریی بوون و مەلا کازم خوراسانی و هاوەڵەکانیان بەکافر لەقەڵەم دەدا، هەر کەدەیانبیست یەکێك لەزانایان (مەشروتە)یە تا لیٚی دەرەوینەوەو لەعنەتیان دەکردو لەپشتیەوە نوێژیان بەجێدەهێشت، یەکێك لەداواکارانی مەشروتە لاوێکی پڕ حەماسەت بوو هەوڵیدا ئیمزا کۆکاتەوە بۆ لایەنگرانی مەشروتە چوو بۆلای یەکێك لەزاناکان لەسەحنی



کازمیەو داوای ئیمزای لێکرد، هەر کەدیتی رەتی دەکاتەوە خەتمی خۆی بداتیٚ بۆ ئیمزاکردن، بەرماڵەکەی لەژێری راکێشاو نەیهێشت نوێژ بکات لەبەرئەوە لەکازمیە بوو بەهەرا کۆمەڵێك لەجەندرمەکانی کۆگاکان راپەڕین لاوەکەیان راوناو پاشان لەیەکێك لەکۆڵانەکان دەستگیریان کردو بەشێوەیەکی ناشیرین دەستدرێژیان کردە سەری، کاتیٚ حکومەت بەمەسەلەکەی زانی هێزێکی سەربازی رەوانەکرد بۆ پارێزگاری زۆردارەکان (الاستبدادیین)، ئەمە بووە هۆی کشانەوەی مەشروتەو کزبوونی دەسەڵاتیان لەشارەکەدا، بارودۆخەکە بەم جۆرە مایەوە، تارۆژی راگەیاندنی دەستوورو بارودۆخەکە بەپێچەوانەوە لەوڵاتی عوسمانی وەرگەڕا...

## کاتی راگەیاندنی دەستووری عوسمانی:

لە ٢٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٠٨ لەوڵاتی عوسانی دەستوور راگەیەنرا، بەو بۆنەیەوە دیمەنی رازاندنەوەو خۆشی لەعیراق بڵاوبوەوە هەروەکو لەبەشی داهاتوو باسی دەکەین، ئەم گۆڕانە کتوپڕیە لەهەڵوێستی حکومەتی عوسمانی سەبارەت بەمەشروتە فاکتەرێکی گرنگ بوو، بۆ پاڵپشتی کردنی هەڵوێستی مەلا کازمی خۆراسانی و لایەنگرانی و، ریسوابوونی لایەنگرانی سەید کازمی یەزدی.

سروشتی خەڵکی رەشۆکی وایە کاتیٚ لەحاڵەتی ئاسوودەیی بن دەبنە شێر، ئەگەر تووشی مەترسی بوون دەکشێنەوە نێو ماڵەکانیان و هەریەکەو لەکردەوەی ئەوی دیکە خۆی دەدزێتەوەو، وا خۆی نیشان دەدا کەئاگای لەهیچ کاروبارێك نییە، ئەمەیش ئەوەبوو کە لەنەجەف روویدا، کاتی راگەیاندنی دەستووری عوسمانی، لایەنگرانی یەزدی لەخەڵکی رەشۆکی کشانەوەو جەوەکە لەبار بوو بۆ لایەنگرانی خۆراسانی و تێدا تەراتێنیان

دەکرد، شێخ عەلی شەرقی چامەیەکی شیعری نووسی و هەجووی یەزدی دەکاو ئۆخەی لێ دەکات، هەروەها سەید ساڵح حلی-یش هەندێ بەیتی توندوتیژی نووسی و لەیەکێکیان دا بەراورد دەکات لەنێوان یەزدی و یەزیدا..

ئەودەمە قایمقامی نەجەف ناجی سویدی بوو، بەغدایی و ئەدیب بوو لەگەڵ لایەنگرانی مەشروتە پەیوەندی باشی هەبوو، هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ لایەنگرتنیان، پاشان سورەیا بەگ کەیەکێك بوو لەسەرانی ئیتیحادو تەرەقی سەردانی نەجەفی کردو لەگەڵ خۆراسانی کۆبووەوە لەیەکێك لەقوتابخانە ئایینیەکاندا ڕۆژێکی دیاربوو لەنەجەف و لایەنگرانی مەشروتە پێخۆشحاڵ بوون پێی و نەیارەکانیش پێیان ناخۆش بوو، دەتوانرێ بووترێ کەهەندێ لەلایەنگرانی یەزدی لێی تەکینەوەو دەستیان کرد بەریایی کردن بۆ حکومەت و، بەدەنگی بەرز هوتافیان دەدا (بژی دەستوور)، ئەمەیش مەسەلەیەکی نامۆ نیە!...

## وریاکردنەوەکەی خۆراسانی بۆ شا:

هەر کەململانێ لەنێوان محەمەد عەلی شاو لایەنگرانی مەشروتە لەئێران توندبوو، مەلا کازمی خۆراسانی هەموو قورسایی خۆی خستە پاڵیان، هەوڵێکی مەزنی دا بۆ پاڵپشتی کردنی هەڵوێستیان دژ بەشا.

خۆراسانی نووسەرێکی چالاکی هەبوو ناوی شێخ عەلی محەلاتی بوو، ئەم نووسەرە فەتواکان ئەو نوسینانەی کەخۆراسانی دەریدەکردن دەیبردن و بەهەزاران دانەی لێیان چاپ دەکرد، پاشان بەقاچاخ ڕەوانەی ئێرانی دەکرد، بۆئەوەی لەوێ بەنهێنی دابەشبکرێن، ئەم بڵاوکراوانە کاریگەری خۆیان هەبوو لەهاندانی ئێرانیەکان دژ بەشاو، ئەنجامیش لەسەر کار لابردنی، ئەمەیش بەشێکی وەرگێڕدراوە لەیەکێك لەو بڵاوکراوانە،



کەتێدا خۆراسانی بەتوندی قسە لەگەڵ شا دەکات و وریای دەکاتەوەو هەڕەشەی لێدەکات: (ئەی ئەوکەسەی نکوولی لەئایین دەکەیت، ئەی ڕێ ون کردو ئەوەی کەناتوانین بەنازناوی شاوە قسەت لەگەڵ بکەین، باوکی خوالێخۆش بووت دەستووری بەخشی تا زوڵم و زۆرو هەڵسوکەوتی نایاسایی لەسەر میللەت لابات، کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك لەتاریکیەکی ئەنگوستە چاودا دەژیا، چونکی لەمەشروتەدا. شتێك نییە پێچەوانەی ئایین بێت... بەڵام ئەمڕۆ تۆ کەچوویتەتە سەر تەختی دەسەڵات، هەموو بەڵێن و ئیمانێکت خستە ژێر پێیەکانتەوە، هەموو جۆرە فێڵێکت بەکارهێنا دژ بەمەشروتە، هەڵەی خۆمانمان بۆ دەرکەوت سەبارەت بەتۆ، چونکی هەوڵتدا بمانکەیتە ئامێرێك بەدەستی خۆتەوە دژ بەئەنجوومەن، ئێستاش بیستوومانە کەیەکێك لەپیاوانت ناردووە بۆ کڕینی وێژدانمان بەئاڵتوون، نازانی بەختەوەری میللەت زۆر لەئاڵتوونی تۆ بەنرخترە، ناوهێنانت بۆ ئایین و شەریعەت درۆو دەلەسەیە، ویستت بەم درۆیەت خەڵکی سادە بخەڵەتێنی).

کەپەیوەستن بەئایینەوە، بۆ قەدەغەکردنی دەستوورو خەڵکی زەلیل و هەژار بکەیت، لەبەرئەوە تۆ دژومنی ئایینی پیرۆزو خائینی نیشتمانی، وەکو ئەو دزە وایت کە بەناوی ئایین و شەریعەتەوە دزی لەخەڵکی دەکات، تۆو موجتەهیدە بەکرێگیراوەکان، ئەوانەی بانگەشە دەکەن بۆ پێچەوانەکردنی مەشروتە بۆ شەریعەت، ئەو ڕاستییە نازانن کەدادپەروەری مەرجێکە تەنانەت لەکاروبارە بچووکەکانیشدا... ئەگەر دوابکەوێت لەوەی وتمان هەموومان لەئێران ئامادە دەبین و دژت جیهاد ڕادەگەیەنین، لەئێرانیش لایەنگرانی زۆرمان هەیە، موسڵمانانیش زۆرن ئێمەش بەوە سوێندمان خواردووە(٢٣).

## بارودۆخ لەکەربەلا:

بارودۆخ لەکەربەلا لەهەندێ رووەوە جیاواز بوو لەگەڵ بارودۆخی نەجەف، ئەو سەردەمە واعیزێکی ئێرانی لەکەربەلا بوو لەلایەنگرانی ئیستیبداد بوو، ناوی سەید ئەکبرشا بوو، خەتیبێکی مێزەر بەسەرو ریشێکی درێژی هەبوو، کارتێکی بەهێزی لەسەر خەڵکی رەشۆکی هەبوو، دژ بەمەشروتە وەعزی دەدا بەر لەراگەیاندنی دەستووری عوسمانی، دوای راگەیاندنی دەستووریش هەر واعیزێك لەمەشروتەیەکان گەیشتە کەربەلا ناوی سەید شێخ جەواد بوو، هەر لەو دەمەوە ناکۆکیەکی توند لەنێوان ئەو دوو کەسە لەسەر مینبەرەکان دەستی پێکرد، خەڵکی کەربەلا بوونە دووبەرەوە، هەربرێك و لەگەڵ واعیزێکدا بوو، یەکتریان بەکافر دادەنا، کوشتنی حسێن هەردوو برەکە کردیان بەبابەتی مشت و مڕیان، لایەنگرانی مەشروتە پێیان وابوو کەحسێن بەشمشێری ئیستیبداد کوژراوە ئەگەر لەوسەردەمە سیستمی مەشروتە هەبووایە موسڵمانەکان دەیانکرد بەخەلیفەی خۆیان لەجیاتی یەزید، بەڵام لایەنگرانی ئیستیبداد رایان وابوو کەمەشروتە واتا شۆرەوی، هەر شۆرەویش بووە هۆی ونبوونی خەلافەت لەبنەماڵەی پێغەمبەرو گەیشتنی بەدەستی پیاوێکی وەکو یەزید، رۆژنامەی (الرقیب)ی بەغدادی لە ١ی نیسانی ١٩٠٩ وەسفێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بەو مشت و مڕەی لەنێوان شێخ جەوادو سەید ئەکبەر شادا روویدا.

ناوەڕۆکی رۆژنامەکەش ئەمەبوو: ئازادیخوازە ئێرانی و عوسمانیەکان بەگەیشتنی شێخ جەواد بۆ کەربەلا دڵیان خۆش بوو، مزگەوتەکە پڕبوو لەخەڵك بۆ گوێگرتنی خوتبە بەجۆشەکەی، شێخ ئەوەی باس کرد



کەپێغەمبەر فەرمانی پێکردووە بۆ دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی، پاشان ئاماژەی بەوەدا کەحسێن بەشمشێری ئیستیبداد کوژراوە، ئالێرەدا یەکێك لەلایەنگرانی (موستەبیدەکان) هەڵساو بەرپەرچی شێخی دایەوەو بەدرۆی خستەوە، ئەمە هەر لەخۆڕا جورئەتی ئەوەی نەکرد، (چونکی لەو ناکەسبەچەتر بوو)، بەڵکو لەلایەن حیزبەکەوە هان درابوو ئەوانەی (دەیانەویست رووناکی خودا بکوژێننەوە)، ئەگەر جێگری موتەسەریف لەوێ نەبووایە شتێکی بێ ئامان روویدەدا، بۆ رۆژی دواتر شێخ جەواد ئامادەبوو (سەرەڕای سەرکردەکانی حیزبی دۆڕاو) ئازادیخوازان دەوریان لێیدا وەکو چۆن خەرمانە دەورەی مانگ دەدا، خودا هەموو چاکەیەکی لەو دژانە دوورخستەوە کەزەلیل و سەرشۆڕ بوون، سەروچاوی ئازادیخوازەکان گەشایەوە، خەتیبەکە هەرچیەکی لەبارەی مەدحی دادپەروەری و رەت کردنەوەی زوڵم بەمێشکدا بهاتبایە دەیووت، مەدح و سەنای ئازادیخوازەکانی دەکردو تانەی لەموستەبیدو بەدکاران دەدا، هیچ کەسێك لەو زۆردارانە نەیتوانی بەوشەیەك زاربکاتەوە...)(٢٤).

حکومەت فەرمانیدا بەسەید ئەکبەر شا کە کەربەلا بەجێ بهێڵێ و بچێ بۆ کازمیە، رۆژنامەی (الرقیب) لە ٥ی نیسان لەتوانجێکیدا دەپرسێ کەسوودی گواستنەوەی ئەم واعیزە لەشارێکەوە بۆ ئەودیکە چیە لەناو عیراق، ئایا ئەمە زیانی بەرهەمی ئەو خوتبە بەجۆشانەی دەگێڕێتەوە کەبانگەشەی بیروباوەڕی ئیستبدادو زوڵم دەکات؟!

دیاربوو رۆژنامەکە دەیویست حکومەت واعیزەکە دووربخاتەوە بۆ ئێران و عیراقیەکان لەشەڕی رزگاربکات.

## ئاژاوە لەئێران:

ئێرانیەکان پێیان وابوو لەگەڵ چەسپاندنی مەشروتە لەوڵاتەکەیاندا دەبێتە چارەسەرێکی دروست بۆ هەموو گیروگرفتەکانیان، دوای ئەوەش گازندە لەهیچ ناکەن، بەڵام بینیان دوای سەرکەوتنی بزووتنەوەی مەشروتەو لابردنی محەمەد عەلی شا کەوتنە حاڵەتێکەوە خراپتر لەوەی تیای بوون.

هەرکەسێ کەبەشداری بزووتنەوەکەی کردبوو دەیویست گەورەترین پلە وەرگرێت لەپاداشتی ئەو جیهادەی لەپێناوی (میللەت) کردوویەتی، لەزۆر شوێن چەتەو دز پەیابوون و ئاسایشیان تێکدابوو، رێگایان دەبڕی، دەسەڵاتدارانی هەرێمەکان ئەو پارەیەی خەزێنەی ناوەندیان لەلا بوو نەیاندەویست بینێرن، خەڵکی بەسەر کۆمەڵ و حیزبەوە دابەش بوون، هەر حیزبێك پێی وابوو کەدەبێ بۆ پەیڕەوکردن لەچاکسازی وڵاتدا رای ئەو وەربگیرێت، خێڵەکانی بەختیاری لەو ئاژاوەیە بەشی شێریان بەرکەوت بەبیانووی پاراستنی شۆڕش، شاری ئەسفەهانیان داگیرکرد لەخەزێنەی ناوەندی مانگانە بڕی بیست هەزار تومەنیان وەردەگرت بەبیانووی پاسەوانی رێگاکان، سەرباری ئەوەش راستەوخۆ باجیان لەخەڵکی وەردەگرت، لەوقسە نەستەقانەی لەم بارەیەوە دەگێڕدرانەوە ئەوەیە دزێك لەرێگرەکان ناوی (نائیب حسێن کاشانی) بوو جارێکیان دزی لەیەکێك لەبەختیاریەکان دەکات و دەڵێ: ئەمە بەشی منە لەو تاڵانیانە(٢٥).

دانیشتنەکانی ئەنجومەن دیمەنی سەیرو گاڵتەجاڕی تێیاندا رووی دەدا، مشتومڕ لەنێوان نوێنەرەکان توندوتیژ بوو جنێودان، زۆرجار گوێگرەکان تێدا بەشداریان دەکرد، هەر نوێنەرێك دەیەویست بەحەماس خوتبە بدات تا



ئیعجابی غەوغاکانی بەرکەوێت، تائەگەر لەئەنجومەنیش هاتە دەرەوە خەڵکی بازاڕ سوپاسی بکەن و رێزی بگرن، ئەگەر نوێنەرێك توونددڕەوو دەنگ زوڵاڵ بووایە دەیتوانی ئەوانی دیکە لەمشتومڕدا ببەزێنێ، پاشان لاڤ ئەوە لێ دەدات کەحکومەت رای ئەوی وەرنەگرتووە، ئەگەر رای ئەوی وەرگرتبایە ئێرانی دەگەیاندە ریزی دەوڵەتە گەورەکان، وەزیری مفەوەزی بەریتانیا نامەی نووسیوە ئەمەش ناوەڕۆکەکەیەتی: ئێرانیەکان بۆماوەی دوو وەچە دەمێننەوەو شایستەی رژێمی دەستووری نابن، یەکێك لەبەریتانییەکانی نیشتەجێی تاران ئەو سەردەمە دەڵێ: چونکی لەمەدا لۆمەی بەریتانیا دەکات و بەرپرسانی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەوڵاتێك کەشیاوی نییە دەخاتە ئەستۆی(٢٦).

ئەو کردەوانەی کەلایەنگرانی مەشروتە دووچاری هاتن کاتی سەرکەوتنیان لەسێدارەدانی موجتەهیدێکی گەورەی وەکو شێخ فەزلوڵا نووری بوو، کە لەسەردەمی محەمەد عەلی شادا سەرکردایەتی لایەنگرانی ئیستیبدادی دەکرد، شێخێکی بەویقارو بەتەمەن بوو، کابرایەکی ئەرمەنی ناوی (بیریم) بوو کەئەودەمەی بەڕێوەبەری پۆلیس بوو لەبەرچاوی هەمو خەڵکی لەسێدارەیدا، ئەمە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێزاریی لەنێو زۆربەی خەڵکدا، نەیاران ئەمەیان بەهەلزانی و لەسێدارەدانی ئەو پیرەمێردەیان کردە (کراسی عوسمان)و لەهەموو شوێنێ پرسەو ماتەمینیان بۆ دانا، لەبەرز راگرتنی ئەو شێخە بۆ ریسواکردنی مەشروتەو لایەنگرانی هۆشەیان دەکرد، ئەمە تەنها ئێرانی نەگرتەوە بگرە گەیشتە عیراقیش، نەیارانی مەشروتە کۆڕی پرسەو ماتەمینیان بۆ رۆحی شێخ گێڕاو دەیانووت: (ئۆی ئاخ و داخ، ئەم شێخەمان بەزوڵم کوژرا...)

## راگەیاندنی جیهاد دژی روسیا:

ساڵی ١٩١١ لەسەر هەندێ کاروباری دارایی ناکۆکی لەنێوان روسیاو حکومەتی ئێران روویدا، ئەوەبوو هێزەکانی رووس بەرەو تەورێز جوولان و شارەکەیان داگیرکرد، پاشان بەئەنقەست هەندێ لەپیاوانی ئایینیان لەسێدارەدا بۆ تۆقاندنی ئەوانی دیکە، ئەمەش بووە هۆی هەرایەکی گشتی لەئێران و پیاوانی ئایینی جیهادیان راگەیاندو داوایان لەخەڵکی کرد مەشق لەسەر چەك بکەن، ئەوەی سەیرە لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە خەڵکی کرمان کەشارێکە دەکەوێتە باشووری ئێران، زۆر بۆ جیهادکردن لەخەڵکی دیکە بەحەماس بوون، ئەوەبوو لەژێر چاودێری پیاوانی ئایینی لەسەر چەك دەستیان بەمەشق کرد سووربوون لەسەرئەوەی کەروسیا داگیرکەن و قەیسەر لەسەر تەخت لابەرن، زۆری پێ نەچوو تا لەنزیك شارەکە کۆمەڵێ دز پەیابوون و رێگەیان دەبڕی و کاروانەکانیان رووت دەکردەوە، تا بواری دەستدرێژیان گەیشتە بەر دەرگاکانی شارەکە، ئەوەبوو بەرپرسان لەشارەکە هانایان بردە بەر کونسڵی بەریتانیاو بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو چەتانە داوای هێزێکیان کرد، کونسڵەکەش داوای لێبوردنی کردو بەسەر سووڕمانەوە لێی پرسین: بۆچی موجاهیدەکان ناتوانن بەگژی کۆمەڵە دزێکی بچووکەدا بچن، کەچی خۆیان بۆ جەنگ دژ بەسەرجەم روسیا ئامادەکردووە، وەڵامی بەرپرسەکانیش ئەوەبوو: موجاهیدەکان خۆیان بۆ شەڕکردنی روسیا ئامادەکردووە، چونکی دوورە لێیان، بەڵام دزەکان نزیکن(٢٧).

بزووتنەوەی جیهاد لەعیراقیش بڵاوبوەوە، مەلا کازمی خۆراسانی فەرمانیدا خێوەت لەدەرەوەی نەجەف هەڵدەن بۆ ئامادەکردنی موجاهیدەکان بۆ پەلاماردانی رووسیا، بەراستی خێوەت هەڵدران و خەڵکی



خۆیان ئامادەکرد بۆ سەفەرکردن جەوەکە لەهەراو هوریای خێڵەکان و وتاری بەجۆش و خرۆش پڕبوو، لەشەوی ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩١١ کاتێك خۆراسانی ئامادەی سەفەرکردن بوون، هەستی بەناساغیەکی تەندروستی کوت و پڕ کرد، رەنگی زەرد هەڵگەڕاو ئارەقەیەکی زۆری کردو بۆ بەیانی بەرلەوەی خۆر بکەوێ گیانی دەرچوو، پزیشکی حکومەت هاتە لای و دوای پشکنینی بڕیاریدا کەوا بەدل وەستان مردووە، بەڵام خەڵکی بڕوایان بەمە نەهات و قاو لەناو خەڵکی بڵاوبوەوە گوایە بەدەستی سیخوڕەکان ژەهرالو کراوە، چیرۆکێك بڵاوبوەوە گوایە بەر لەمردنی کابرایەك سێویەکی زەردی داوەتێ ئەمەیش تووشی ئەو بەڵایەی کردووە(٢٨)، دوای مردنی خۆراسانی موجاهیدەکان بڵاوەیان لێکردو خێوەتەکان پێچرانەوەو خەڵکی سەرقاڵی گریان.

پرسە دانان و خوێندنەوەی چامەی شیعر لەماتەمینەکەیدا بوون بۆ مردووەکەیان، یەکێك لە بەساڵاچووەکانی کازمیە بۆی گێڕامەوە: کاتێ خۆراسانی مرد مناڵ بوو بەگوێی خۆی گوێی لێ بووە جنێویان بەخۆراسانی دەدا لەسەر زاری گەورە پیاوانی دەوروبەری و بەکافردەرکردنی باو بوو، بەرێکەوت لەگەڵ کەسوکاری بۆ سەردان چوو بۆ نەجەف، لەو رۆژانەدا دیتی ماتەمینی و پرسە لەهەموو شوێنێ بۆ خۆراسانی دانراوە، لەکۆتایی مارس ١٩١٢ هەواڵێك گەیشتە عیراق دەڵێ سوپای رووس مەشهەدی رەزای لەخۆراسان تۆپ باران کردووە بەشێك لەگومەزەکەی رووخاوە، ئەمەش بووە هۆی کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەك لەگەشتیاران، هەر ئەمەش بووە هۆی نانەوەی هەرایەك لەعیراق و ئێران، موجتەهیدەکان لەعیراق بینیان کەپێویستە سەرلەنوێ جیهاد دەست پێ بکەنەوە، کۆمەڵێك لەموجتەهیدان لەنەجەف کۆبوونەوە ئەمانە بوون: سەید مەهدی حەیدەری، شێخ مەهدی خاڵسی، سەید ئیسماعیل سەدر،

شێخ عەبدوڵڵا مازندرانی، شێخ فەتحوڵا ئەسفەهانی، شێخ محەمەد حسێن قەمشەئی، سەید عەلی داماد، سەید مستەفا کاشانی، بڕیاری ڕاگەیاندنی جیهادیاندا دژ بەروسیا، هەروەکو ئەوەی خوا لێ خۆش بوو خۆراسانی کردی، دوو موجتەهیدی گەورە ئامادەی کۆبوونەوەکەی کازمیە نەبوو، هەروەها بۆ خۆرێخستن لەبزووتنەوەی جیهاد کەئەم دووانە بوون: میرزا محەمەد تەقی شیرازی لەسامەڕا، سەید کازم یەزدی لەنەجەف، ئەوەبوو شێخ مەهدی خاڵسی بڕیاریدا خۆی بڕوا بۆلایان تا قەناعەتیان پێ بهێنێ و بێنە بزووتنەوەکەوە خاڵسی لەقەناعەت پێکردنی شیرازی هەر کەچوو بۆلای بۆ سامەڕا زۆر زەحمەتی نەبینی، بەڵام هەر کەچوو بۆ نەجەف بۆ چاوپێکەوتنی یەزدی و قسەکردن لەبارەی بابەتەکەوە جار لەدوای جار خۆی دەدزیەوە، ڕۆژێکیان کاتێ خاڵسی لەنەجەف لەکۆششی خۆی بەردەوام بوو، بۆ چاوپێکەوتنی یەزدی لەلایەن هەندێ خەڵکی ڕەشۆکی دەستدرێژی کرایە سەر، خاڵسی نەجەفی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ کازمیە بۆ ڕێگەگرتن لەئاشووب، هەر کەخەڵکی کازمیە بەڕووداوەکەیان زانی خۆیان ئامادەکرد تۆڵە بکەنەوە، چونکی پێیان ناخۆش بوو خەڵکی نەجەف دەستدرێژی بەنە سەر زانایەکیان بێ ئەوەی تۆڵەی بکەنەوە، خاڵسی زۆر هەوڵیدا هێوریان کاتەوە، ئەو سەردەمە والی بەغدا جەمال بەگ بوو، پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ خاڵسی هەبوو، هەر کەڕووداوی دەستدرێژیەکەی بیست فەرمانیدا بەدەستگیرکردنی ئەوانەی دەست درێژیان کردووەو بەکەلەبچەیی بیانهێنن بۆ بەغدا، خاڵسی کەوتە شەفاعەت خواستن بۆیان لەلای والی تا بەرەڵای کردن، لەقەرەباڵغی ڕووداوەکان خەڵکی جیهادی ڕووسەکانی لەبیرچووەوەو سەرقاڵ بوون بەجیهادی یەکترەوە.



## گشتی:

ئێمە کاتێ بەشێوەیەکی گشتی تەماشای مەشروتە دەکەین، دەتوانین بڵێین سەرەڕای هەموو کەم و کوڕیەکی کاریگەری کۆمەڵایەتی و فیکری خۆی هەبوو کەگاڵتەی پێ ناکرا لەبەرەو پێش بردنی کۆمەڵگای عیراق.

دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێت کەلایەنگرانی مەشروتە لەوکاتەدا نوێنەری (بەرەی پێشکەوتنخواز) بوون، سەبارەت بەو قۆناغە کۆمەڵایەتیەی کەتێدا دەژیان، ئەوان داوای دامەزراندنی قوتابخانەی نوێ و فێربوونی زمانەکان و زانستە ئەوروپیەکان و خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاریان دەکرد، ئەمەیش ئەو ڕۆژانە لەلایەن خەڵکی ڕەشۆکی و زۆر لەپیاوانی ئایین حەرام بوو.

لاوانی مەشروتە لەنەجەف لەهەموو کەس زیاتر بەپەرۆش بوون و ئاگاداربوون لەشارستانی نوێ و لێوەرگرتن لێی، بەدزیەوە کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە نوێیەکانیان بۆ دەهات، بەنهێنی لەماڵی یەکێکیان بۆ خوێندنەوەیان کۆدەبوونەوە، ئەگەریش لەماڵەوە دەرچوونایە لەژێر عەباکانیان دەیانشاردنەوە بۆئەوەی خەڵکی ڕەشۆکی چاویان پێ نەکەوێ، یان یەکێک لەپیاوانی توندڕەوی ئایینی و لێیان بکەن بەهەلا.

گرنگترین کتێب لەوسەردەمە دەرچوو کەبانگەشەی بۆ بیروباوەڕی مەشروتە دەکرد، لەنەجەف بەزمانی فارسی بوو بەناونیشانی (ئاگادارکردنەوەی نەتەوە لەبوونی مەشروتەدا)، نووسەرەکەشی میرزا محەمەد حسێن ئایینی بوو، لەگەورە شاگردانی مەلا کازمی خۆراسانی بوو، بیروڕای زۆر بەجورئەتی تیابوو سەبارەت بەسەردەمی خۆی، وەکو فێرکردنی ژن و دەرکردنی ڕۆژنامەو ئازادی بیروڕاو هی تریش، بایەخی ئەم کتێبەش لەوەدا بوو نووسەرەکەی خۆی لێی دزیەوە هەر کەبووە یەکێک

لەمەرجەعیەتە گەورەکان، چونکی دەترسا بەهۆی ئەم کتێبەوە لاسایی کەرەوەکانی لێی دوورکەونەوە، لەساڵی ١٩٢٩ یەکێك لەنەجەفیەکان ئەم کتێبەی کرد بەعەرەبی و لەگۆڤاری (العرفان)ی سەیداوی بڵاوی کردەوە، ئایینی فەرمانیدا بەحاشیەکەی کەهەموو نوسخەکانی گۆڤارەکە بکڕن تانەکەوێتە دەستی خوێنەران.

## محەمەد مەهدی موسەوی:

زۆربەی پیاوانی ئایین هێشتا کاریگەری خراپیان لەسەر مەشروتە لەلا ماوەتەوەو نەعلەتی لێدەکەن، لەنزیکەوە چاوم بەیەکێك لەوانەکەوت، ئەویش سەید محەمەد مەهدی موسەوی ئەسفەهانی کازمی بوو، لێم پرسی رای چیە بەمەشروتە، هەر کەگوێی لەپرسیارەکەم بوو یەکسەر کەوتە زەمکردنێکی ناشیرینی و، وای وەسف کرد کە (وێرانکردنی ئایینە) پاشان وتی: ئەو بوو ئێمەی گەیاندە ئەم ونبوونە! ئەم پیاوە کتێبێکی هەیە بەناوی: (أحسن الوديعة في تراجم مشاهير مجتهدي الشيعة).

لەکتێبەکەیدا باسی مەشروتە دەکات، لەوەرگێڕانی شێخ فەزولولا نوری یە دەڵێ و ئەمەیش دەقەکەیەتی: (خوای لێ خۆش بێ یەکێك بوو لەگەورە زانایانی موجتەهیدو فەقیهە بەرزە نوێخوازەکان و ئەدیبە لێهاتووەکان و میرخاسە دانشگایەکان و سەرخەرانی ئایین، بەدکارانی گروپی ناسراو بەمەشروتە لەخاچیاندا، ئەوەشی کە لەخاچیدا کابرایەکی ئەرمەنی بوو ناوی ببیرم بوو، لەتاران و لەبەرچاوی خەڵکی و بێ ئەوەی هەرگیز کەس قسەبکات، بەبێ تاوان و هیچ تەخسیرێك لەبەر هۆیەك بێ ئێرە جێگای باسکردنی نییە).

ئەم گروپە خەڵکێکی زۆریان لەزانا گەورەکانمان کوشت، مەبەستیان لەمەدا لەناوبردنی ئایین بوو، بۆئەوەی سەربەستی تەواویان هەبێ تاچییان



ئەوێ بیکەن و بەبێ هیچ بەرهەڵستکارێك فەرمانڕەوا بن: (دەیانەوێ رووناکی خودا بکوژێننەوە بەدەمی خۆیان و خودا نایەوێ تەواوی کات)، چونکی نەیاندەتوانی بیروباوەڕە بەتاڵ و گەندەڵەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی زانایان لەوڵاتی ئیسلامدا بلاوبکەنەوە، بەڵام ماڵەکە خودایەکی هەیەو دەیپارێزێ و ئایینیش خاوەنی خۆی هەیەو دەیپارێزێ...)، سەید محەمەد مەهدی موسەوی لەشوێنێکی دیکە کتێبەکەی کە لەوەرگێڕانی سەید کازمی یەزیدی دا دێتەوە سەر زەم کردنی مەشروتە، بەم شێوەیە وەسفی دەکات: (هەر ئەو بوو شایەکانی لەسەر تەخت هێنایە خوارەوەو سوڵتانەکانیش و، زانا لەخواترسەکان و وەزیرە دادپەروەرەکانی کوشت، لەئیسلامدا قۆرتێکی دروستکرد، مەگەر پەیابوونی (مەهدی) خوای تەعالا پەلەبکات لەفەرەجی پڕی کاتەوە، شەیتانەکانی مەشروتە چوون بۆلای حوجەتول ئیسلام سەید محەمەد کازمی یەزدی خوای لێ رازی بێ، تا بیخەنە حیزبەکەی خۆیانەوە، کۆمەڵێ لەهاوچەرخەکانیان لەبیرکرد، بەڵام سەیدی مەزنمان لەبارەی حیزبی مەشروتەوە بەنهێنی لەهەندێ خەڵکی ئێرانی پرسی، ئەوانەی بڕوای پێیان هەبوو، ئەوانیش راستی مەسەلەکەیان بۆی نووسی بوو، نەچووە حیزبەکەوەو لەماڵەکەی خۆی دانیشت و بەترسەوە چاودێری دەکردو، ویستیان بیکوژن، بەڵام ئەعرابەکانی نەجەف کەخاوەن عیزەت و کەڵەمێردێك بوون دەوری ماڵەکەیاندا وەك چۆن دەوری کابەی شەریف دەدرێت و هەلیان بۆ دوژمن نەڕەخساند کەبیکوژن، پێم وایە ئەگەر ئەو دەمە سەرانی نەجەف لەتاران بوونایە رێگایان نەدەدا سەیدعەبدوڵلای بەهبەهانی بکوژرێت (ئەی خودایە بەرەبەیانی راستگۆو رووناکی تروسکەدارو دەرکەوتنی بەشکۆمان نیشاندە، مەولامان ئیمامی سەردەم و زەمان، حوجەتی کوڕی حەسەن، (خوای لێ رازی بێ) تۆڵەی موسڵمانان لەدوژمنانی ئایین بکەیتەوە...)(٢٩).

## بەشی پێنجەم
## مەشروتەی تورکیاو رووداوەکانی سەردەمی دەستوور

مێژووی مەشروتەی تورکیا بەدوو قۆناغدا رەت بوو، یەکەمیان ئەوە مەشروتەیە بوو بەسەرکردایەتی مەدحەت پاشاو پاشان سوڵتان عەبدول حەمید لەناوی برد وەکو لەمەوبەر باسمان کرد، بەڵام دووەمیان سەرلەنوێ لەسەردەمی عەبدول حەمید روویدا، پاشان ئەنجام بەسەریدا زاڵ بوو، لەم بەشەدا باسی ئەم قۆناغە دەکەین.

بەرلەوەی دەست بەباسی مەشروتەی تورکیا بکەین، دەبێ ئەوە بڵێین کەشێوازێکی کۆمەڵایەتی گرتە خۆی زۆر جیاواز بوو لەشێوازی مەشروتەی ئێرانی، مەشروتەی تورکیا زۆرتر لەدروستکردنی (ئەفەندیەکان) بوو، واتا یەکەمجار رۆشنبیری نوێیان هەبوو، هەر ئەمانە ئەنجامیاندا بێ ئەوەی پیاوانی ئایین و خەڵکی رەشۆکی یارمەتیان بدەن تەنها بەکەمی نەبێ، بەڵام مەشروتەی ئێران بەپێچەوانەی ئەوەوە بوو، بەسەرکردایەتی هەندێ لەموجتەهیدەکان ئەنجامیانداو خەڵکی رەشۆکی، هەروەها زۆربەی پیاو ماقووڵانی شارو لادێکانیش دوایان کەوتن، دەتوانین ئەمەیش بۆ دوو هۆ بگەڕێنینەوە، یەکێکیان وەکو لەبەشی سێیەم باسمان کرد، پیاوانی ئایین لەئێران فێربوون لەگەڵ میللەت بوەستن دژ بەفەرمانڕەواکانیان، چونکی بژێویان لەوانەوە بوو، بەڵام زۆربەی بژێوی پیاوانی ئایین لەتورکیا لەحکومەتەوە بوو، بۆیە بەچاوێکی پیرۆزەوە دەڕواننە سوڵتان و بەسەرگەورەی خۆیانی دادەنێن، وەکو لەقورئاندا هاتووەو دەبێ بەقسەی بکرێت، هۆی دووەمیش تورکیا زۆر نزیکە لەئەورووپاو شارستانی



ئەورووپاوە، هەر لەمێژە کاری تێکردووە، ئەمەیش وایکرد زۆربەی لاوەکانیان لەسەر رۆشنبیری ئەورووپا پەروەردە ببن و بڕوا بەبیرو باوەڕو سیستمە سیاسیەکانی بهێنن، زۆر لەو (بەئەورووپایی بووانە) لەگەڵ رۆژگاردا چینێکی گەورەیان پێکهێنا، کەبایەخێکی کۆمەڵایەتی و فیکریان هەبوو، ئەمانە مەشروتەیان بەبێ خەڵکی رەشۆکی و تارادەیەك پیاوانی ئایینیش دروستکرد، لایەنێکی دیکە هەیە لەمەشروتەی تورکیا نابێ لەبیرمان بچێ، ئەویش ئەوەیە سوپا رۆڵێکی کاریگەری بینی، چونکی ئەو سەرکردایەتی ئەو ئەفسەرە لاوانەی دەکرد کەیەکەم رۆشنبیرانی نوێ بوون، بەجووڵانەوەیەکی کۆدەتایی دژ بەسوڵتان عەبدول حەمید هەستا، توانی یەکەمجار دەستووری بەسەردا بسەپێنێ، پاشانیش لایبەرێت، بەڵام لەئێران سوپا لاواز بوو، ئەفسەرەکانی لەشێوازی کۆن بوون، هەموو لەململانێی لەگەڵ مەشروتە لەهاوشانی محەمەد عەلی شا وەستان، بۆیە بزووتنەوەی مەشروتە لەئێران بەپەیابوونی ململانێیەکی توندوتیژ لەنێوان جەماوەرو حکومەتدا ناسراو چەند ساڵێك درێژەی هەبوو، زۆر قوربانی لێکەوتەوە).

### کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی:

کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی چاکەیەکی گەورەی هەبوو بۆ سەرکەوتنی مەشروتەی تورکیا لەقۆناغی دووەمیدا، لێرەدا بواری ئەوە نییە بەدوورودرێژ لەسەرەتاوە باسی بکەین و چۆن نەش و نمای کرد، هێندە بەسە کەبڵێین ساڵی ١٨٨٩ لەئەستەموول لەژێر ناوی (تورکیای کیژۆڵە) دامەزرا، نهێنی بوو، بەوپەڕی وریایەوە لەترسی ئەوەی نەکەونە دەستی سیخوڕەکانی سوڵتان عەبدول حەمید یان پۆلیسەکانی ئیشی دەکرد، دیارە

ئەم کۆمەڵەیە لەئەوروپا پشتگیری دەکرا، بەتایبەتی لەفەرەنساو بەریتانیا، ئەوەبوو زۆربەی ئەندامەکانی رایاندەکرد بۆ ئەوروپا، یان بۆ میسر، لەوێ بواری چاکیان بۆ دەڕەخسا بۆ چالاکیەکانیان و رۆژنامەی بەرهەڵستکاریان دژ بەسوڵتان عەبدول حەمید دەردەکرد، سوڵتانیش لەوە زۆر بێزار دەبوو، نوێنەری خۆی دەنارده لای ئەندامە راکردووەکان تا بێدەنگیان بکەن، یان بەگەڕانەوە فریویان بدات، شا عەبدوڵڵا لەیاداشتەکانی رۆژانی لاوی کە لەئەستەمووڵ بەسەری بردبوو، دەڵێ: ئەگەر ئەندامێکی کۆمەڵەکە لەئەستەمووڵ رایبکردبایە دەبووە هۆی هەرایەکی کڕوکپ دەربارەی راکردنەکەی لەنێو خەڵکیدا، خەڵکی بەچرپەوە باسی هەواڵەکەیان دەکردو بەیەکدیان دەووت: بیستت فلان رایکردووەو دراوسێکەیان بۆ لێکۆڵینەوە گرتووە؟! سوڵتان زۆر وەڕز بوو لەم پرسیارە بەچرپەیەو نیگەرانی دەکرد(١).

لەساڵی ١٩٠٢ کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لەپاریس کۆنفرانسێکی بەست و لەوێ دروشمی (ئازادی و برایەتی و یەکسانی) بەرزکرایەوە، ئەمەیش شاراوە نییە کە لەبیروباوەڕی ماسۆنیزم و شۆڕشی فەرەنساوە وەرگیراوە.

ئەمەیش یەکێك بوو لەو فاکتەرانەی کەناوبانگی کۆمەڵەکەی لەنێوەندە ئەوروپیەکان بەرزکردەوە، لەساڵی ١٩٠٥دا کۆمەڵەکە بوارێکی فراوانی بۆ چالاکیەکانی لەمەکەدۆنیا دۆزیەوە، ئەمە ئەو ناوچەیە بوو نەکەوتبووە ژێر رکێفی سیخوڕەکانی سوڵتانەوە، بەڵکو لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی بوو، کۆمەڵەکە لەو ناوچەیەدا بەهەندێ ئازادیەوە توانی ئیش بکات، ژمارەیەکی چاکی لەئەفسەرە لاوە خوێن گەرمەکانی بۆ ریزەکانی خۆی راکێشا، ئەوەی شایانی وتنە مەکەدۆنیا ئەو سەردەمە مەحفەلی ماسۆنی زۆری لێ بوو، ئەمەیش یەکێك بوو لەوفاکتەرانەی یارمەتیدا بۆ گەشەگردنی



کۆمەڵەکەو پاراستنی، دکتۆر-رامرۆز-لەم بارەیەوە دەڵێ و ئەمەیش دەقەکەیەتی: (ماوەیەکی زۆر بەسەر پیلانگێراندا لەسیلانیك بەسەرنەچووبوو، تا سوودی رێکخراوێکی دیکەیان ئاشکرا کرد، ئەویش ماسۆنیزمە، چونکی زەحمەت بوو عەبدول حەمید بتوانێ لێرە بەهەمان ئازادیەوە ئیش بکات، وەکو ئەوەی لەبەشەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەتەکەی، چونکی مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەو شارە کۆن بوون، بەبەردەوامی کاریان کردووە، بێگومان بەشێوەیەکی نهێنی و ئەندامێکی زۆر چووەتە ریزەکانیانەوە لەوکەسانەی بیرۆکەی لابردنی عەبدول حەمیدیان پێ خۆش بوو، بۆیە کۆمەڵەی عوسمانی بۆ ئازادی بینی کەمەحفەلە ماسۆنیزمەکان لەسیلانیك زۆر جوان و شیاوە لەگەڵ ئامانجەکانیدا، وادیاربوو کۆمەڵەکە هەندێ لەمەحفەلەکان یان هەر هەموویانی بەکارهێنا بۆئەوەی بیانکاتە شوێنی کۆبوونەوەکانی و زۆربەی ئەندامەکانی گرتەخۆ، ئەو هونەرەشی بەکارهێنا کەماسۆنیەکان لەهەڵبژاردنی پاڵێوراو بۆ ئەندامی یەتی گەشەیان پێی کردبوو، لەوانەشە کاری کۆمەڵەکە زۆر خێرا رۆیشتبێ و رێزگرتنی دەورووژان بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە لەگەڵ ماسۆنیزمی سیلانیك دا هەیبوو...)(٢).

دەتوانرێ بووترێت کەکۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی پەنای بردە بەر هەر شێوازێك بۆ رزگاربوون لەچنگی ئیستبدادی حەمیدی، ئەو تەنها بەوە وازی نەهێنا پەنا بەرێتە بەر مەحفەلەکانی ماسۆنیزم، بگرە پەنای بردە بەر جوولەکەکانیش، مێژوونووس ئارمسترۆنگ دەڵێ: (کۆمەڵەکە کۆبوونەوەکانی خۆی لەماڵی هەندێ جوولەکە دەبەست کە رەگەزنامەی ئیتاڵییان هەبوو، سەر بەکۆمەڵە ماسۆنیزمەکانی ئیتاڵیا بوون، چونکی رەگەزنامەکەیان دەیانپارێزێ لەوەی بچنەژێر رکێفی ئەو فەرمانی گرتنانەی

کەسوڵتان دەریدەکردن-بەپێی ئەو رێکەوتننامەو ئیمتیازی بیانی-بۆ هەر پشکنینێ لەماڵەکانیان یان دادگایکردنیان لەبەردەم دادگاکانی تورکیا، چونکی دادگای تایبەتی کونسڵی خۆیان هەبوو، پاشان ئەندامانی (ئیتیحادو تەرەقی) خۆیان بەحەسانەتی ئەو جوولەکانە پاراست، لەماڵەکانیان کۆدەبوونەوەو لەمەترسی ئاسوودە بوون، هەندێکیان چوونە ریزی کۆمەڵەی (ماسۆن)ەوە، بۆ دروستکردنی کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکەیان و رێکخستنی پەنایان بردە بەر وەرگرتنی شێوازەکانی رێکخراوە ماسۆنیزمەکان، لەهەموو لایەکەوە یارمەتی زۆری داراییان بۆهات، پەیوەندی رێك و پێکیان بە پەناهەندە سیاسیە دیارەکانەوە دەکرد کەسوڵتان بۆ دەرەوەی وڵات دووری خستبوونەوە...[٣].

## راگەیاندنی دەستوور:

لە ٢٣ی تەمموزی ١٩٠٨ کۆمەڵێك ئەفسەر لەسیلانیك ئاگاداری نامەیەکیان بەناوی سوپاوە ئاراستەی سوڵتان عەبدول حەمید کردو، داوایان کرد دەستوور بگەڕێنێتەوە بۆ وڵات، پاشان هەندێ هێز لەسیلانیکەوە بەرەو ئەستەمووڵ جوولان، سوڵتان هەستی بەترسناکی دۆخەکە کرد، داوای بەستنی ئەنجومەنی دەوڵەتی کرد، لەلای سوڵتانیش ئاسایی بوو کە لەپشتی پەردەوە چاودێری ئەنجومەنەکە بکات، هیچ یەکێك لەئامادەبووان ناوی (دەستووری) نەهێنا، بەڵام پیاوێك ئامۆژگاری کرد بەقبووڵ کردنی شۆڕشگێڕەکان، ئەویش شێخول ئیسلام بوو بەسوڵتانی وت: (بەڵکو بەدەنگ ئارەزووەکانیانەوە بچۆو دەستووریان بدەرێ و لەگەڵ شەریعەتی شەریفدا پەیوەستە)[٥]، سوڵتان فەرمانیدا بەگەڕانەوەی دەستوور



و دەستکردن بەهەڵبژاردنەکان، رۆژی ٢٤ی تەمموز هەر کەرۆژنامەکان دەرچوون و ئەم هەواڵەیان تیابوو، بەڵام خەڵکی ئەستەمووڵ بەبێ دەنگی پێشوازیان لەهەواڵەکە کرد، (ئازادیخوازەکان) بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕێی راگەیاندنەکەیان دەکردو، بەهەندێ ترس و وریاییەوە پیرۆزباییان لەیەکتری دەکرد، زۆرینەی خەڵکیش ئەم راگەیاندنەیان بەفێڵێکی سوڵتان دادەنا کەدەیەوێ خەڵکی تووش کات.[٦]

راستی هەواڵەکەش بۆ رۆژی دواتر هەر کەرۆژنامەکان لەئەستەمووڵ دەرچوون هاتەدی لەلاپەڕەکانی یەکەمیاندا نووسینی دووردرێژیان بڵاوکردبوەوەو مژدەی هاتنی رۆژی ئازادی و دادپەروەری و نەمانی زوڵم و زۆر درا، ئەمەیش رێگەدان بوو بەدەرچوونی خۆپیشاندانی گەورەو بڵابوونەوەی خۆشی و خۆرازاندنەوە لەهەموو لایەکەوە، ئەحمەد ئەمین یالمان نووسەری تورك لەژیاننامەی خۆیدا دەڵێ: (دەرچوونی رۆژنامەکان لەرۆژی ٢٥ی تەمموز تەنها بانگەوازێکی بەزایەڵە بوون لەخۆشی و بەختەوەریی و کاریگەریەکی زۆریان هەبوو، شارە نووستووەکە راپەڕی و هەژانێکی گەورەی هەڵچوون و حەماسەت گرتیەوە، شەقامەکان لەجەماوەری دڵخۆش پڕبوون، بایەخی چاکیان بەوتاری شۆڕشگێڕی دەدا، خەڵکی لەهەموو رەگەزو مەزهەبێك یەکیان لەئامێز دەگرت و دەبوونە برا...)[٧]

گرنگترین رەواڵەتی خۆشی بۆ سەردەمی نوێ راگەیاندنی برایەتی بوو لەنێوان موسڵمانەکان و مەسیحیەکاندا، ئەمەیش بەئاشکرا لەو ناوچانەی کەناکۆکی لەنێوان هەردوولا هەبوو دەرکەوت، وەکو ئەستەمووڵ وڵاتی بەلکان و شام، دکتۆر (هوارد بلس) باسی بیروت دەکات لەرۆژی راگەیاندنی دەستوورو خۆشی شایەت حاڵێکە، دەڵێ: (ئەوکاتەی ئازادی لەشارەکە

پیادەکرا، کەس خۆی پێ نەدەگیرا کەدڵخۆشی خۆی دەرنەبڕێ ئەو خەڵکەی ساڵانێکی درێژیان لەدوژمنایەتی لەنێوان یەکدی بردبوە سەر، ئێستا لەئاهەنگ و کۆبوونەوەکاندا بوونەتە برادەری ئازیزی یەکتری، سەرانی ئایینی مەسیحی و ئیسلام دەست لەملی یەکتری دەکەن، چڵە داریان بڕیەوەو لەماڵان رایەخیان هێناو شەقامەکان لەخەڵکی سیخناخ بوون، میوانداری براکانی خۆیان کەماوەیەکی دووورودرێژ لەیەك دابڕابوون دەکردن، نیشانەی خۆشی و ئاشنایی لەهەموو شوێنێکدا دیاربوو، تەنانەت لەنێوان هەرچی و پەرچی و تاوانبارەکانیشدا)، شایەتحاڵێکی دیکە دەڵێ: کەئەویش شێخ مستەفا غەلایینی یەو لەبیروت چی روویدا: (خۆشی وام نەدیوە ئەو تەبایيە، کۆمەڵێ لاو لەگەڕەکی (سەرای) کە-گەڕەکێکی موسڵمانە-سواری گالیسکەیەك بوون و چوون بۆ گەڕەکی (جمێزە)-کەگەڕەکێکی مەسیحیە-بەڵێنی برایەتیان لەگەڵ برا مەسیحیەکانیان نوێکردەوە، دوای ئەوەی تووشی جەهالەت و پیاوی خراپ بووبوون، هەردوو گروپەکە بوونە براو هەردوو دەستیان لەملی یەکتر کرد، تێگەیشتن کەعوسمانیەکان یەك جەستەن و رۆحێك بەڕێوەیان دەبات)[٨].

لەئەستەمووڵ چەند شاندێك لەموسڵمانەکان و لەپێشەوەیان پیاوانی ئایین بوو بەشێوەیەکی سەرنج راکێش روویان کردە گۆڕستانەکانی ئەرمەنیەکان و گوڵیان دەخستە سەر گۆڕی ئەو قوربانیانەی کەلەو کوشتارەدا بەری دە ساڵ روویدابوو کوژران[٩]، لەشارێکی دیکە ئەفسەرەکانی سەردەمی نوێ کابرایەکی تورکیان زیندانی کرد لەبەرئەوەی سوکایەتی بەهاوولاتیەکی مەسیحی کردبوو[١٠]، ئەوەی سەرنج راکێشە کاتی راگەیاندنی دەستوور خەڵکی وایانزانی بەریتانیا لەمەدا دەستێکی باڵای هەیە، بۆیە ناوبانگی بەریتانیا لەلای جەماوەری عوسمانی تا ئەوپەڕی



بەرزبوەوە[١١]، هەر کەباڵیۆزی نوێی بەریتانیا (سێر جیرارد لۆسەر) گەیشتە ئەستەمووڵ، خەڵکی لەویستگەی شەمەنەفەر زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێی کرد، دەڵێن ئەسپەکانیان لەگالیسکەکەی کردەوەو خۆیان بۆ زیاتر حورمەت گرتنی بەدەست رایاندەکێشا[١٢]، ماسۆنیزمیش ئاوهای بەسەرهات، زۆر کەس پێیان وابوو لەولاتی عوسمانی و دەرەوەی کەئەم کودەتایە لەدەستکردی ماسۆنیزمە، ماسۆنیەکانیش خۆیان ئەم بیرۆکەیەیان لەنێو خەڵکی بلاودەکردەوە، زیادیشیان دەخستە سەر ئەوەی کەکردوویانە لەپێناوی بەرپاکردنی دەستووردا، هەندێ لەرۆژنامە ئەوروپیەکان لەم ژێیان دەدا، ئەمەیش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ناوبانگی ماسۆنیزم لەدیدی بەپەرۆشەکان بۆ سەردەمی نوێ، ماسۆنیزم تاماوەیەك لەتورکیا رەواجی هەبوو[١٣].

## هەڵوێستی سوڵتان:

خەڵکانێك پێیان وابوو سوڵتان عەبدول حەمید بەڕازیبوونی لەسەر راگەیاندنی دەستوور دڵسۆز نەبوو، بەڵکو ئەوەی کرد بۆ فێڵ و چاوڕاو، لەوانەیە یەکەمجار مەبەستی ئەوە بووبێ بەگوێرەی دڵی شۆڕشگێڕەکان بکات، تاهەڵچوونی سەرکێشیان دامرکێنێتەوەو، لەگەڵ رۆژگاردا توانی تەگبیری خۆی بکات و گورزی خۆی بوەشێنێ، دکتۆر خاتوو وتڵن دەڵێ: رێبازی سوڵتان عەبدول حەمید لەقبوڵکردنی دەستوور بەهرەی وەکو سیاسیەك و ئەکتەرێك ئاشکرا کرد، ئامادەگی خۆی بۆ سەرۆکایەتی کردنی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی راگەیاند، پاشان بەقبووڵبوونی بەئەندامێکی ئاسایی لەکۆمەڵەکە رازی بوو، هەر کەکۆمیتەی ناوەندی بۆ دەرکەوت

کەئەندامەکانی هەموو یەکسانن، سەرباری ئەوەش سوڵتان رایگەیاند واخۆی نیشاندا دڵسۆزترین ئەندامانی کۆمەڵەکەیەو لەگیرفانی تایبەتی خۆی نیو ملیۆن لیرەی بەخشیە سەندوقی کۆمەڵەکە، یەکێك لەتەلارەکانی خۆی بەخشی تا ببێتە بارەگای پەرلەمانی داهاتوو، هەروەها گوڵە ئاوریشمینەکە دروشمی کۆمەڵەکە بوو خستە پاڵتۆکەیەوە، پاشان سوپاسی پیاوانی کۆمەڵەکەی کرد لەبەرئەوەی لەسەر راستی (چاویان کردەوە)و وای دەردەبڕی گوایە راوێژکارە گێلەکانی راستیان لێی شاردبوەوە[١٤]، خەڵکی بڕوایان بەقسەکانی سوڵتان هات و، گلەیی زوڵم و زۆرەکانی سەردەمی لەناوچوو دەخستە ئەستۆی حاشیەکەی و، سوڵتانیان لێی دەردەکرد، ئەو لەدیدی ئەواندا بێ گوناه بوو، قوربانی دەستی وەزیرو ئەو پاشایانە بوو دەوریان دابوو، بەئامۆژگاریە شەڕەنگێزەکانیان رێیان لێ ون کردبوو، هەر کەرۆژنامەکان لەتورکیا دەرچوون، وێنەی پیاوانی سەردەمی لەناوچوویان پێوەبوو لەشێوەی دووپشك و مارو کەمتیارو، وروکاونەتە سەر وڵات و پارچە پارچەی دەکەن، ئەو سوڵتانە نەبوو کە لەسەرووی هەموو گومانێکەوە بوو، دوای تۆزێك خۆپیشاندان سازدراو بەژیانی سوڵتان هوتافیان لێ دەدا، دواجار شاندەکان لەهەموو ناوچە جیاجیاکانەوە دەهاتن تا دڵنیابن لەسەلامەتی سوڵتان کەهیچی بەسەر نەهاتبێ، هەر کەبۆیان هاتە بانیژەی تەلارەکەی دەنگی جەماوەر بەرزبوەوەو هوتافیان بەژیانی لێ دەدا، (پادیشا هم چۆك یەشا!).



## لەنێوان چاکەو خراپەدا:

نکووڵی لەوە ناکرێت کەسەردەمی دەستوور چاکەی زۆری هەبوو ئەگەر لەگەڵ سەردەمی پێشوودا بەراورد بکرێ، ئەو موحافیزکارانە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی لابران کە لەسەر رێبازی کۆن دەڕۆیشتن، لاوانی خوێن گەرم کەحەزیان لەنوێکردنەوەو ئیشی بێ وچان بوو جێگای گرتنەوە، هەروەها جۆرێك لەئاگایی یان هۆشیاری لەنێو کەسەکانی میللەت پەیابوو، ئەوەبوو فەرمانبەرەکان لەخەڵکی دەترسان دوای ئەوەی رقیان لێیان دەبوەوەو دەریاندەکردن، فەرمانبەری بەرتیل خۆر وریاو بەترس بوو نەیدەزانی کەی فەرمانی گواستنەوەی یان لابردنی دێت، ئەمەیش کەم یان زۆر بووە رێگر لەبەردەم بەرتیل خۆراندا، بەڵام سەردەمی نوێ سەرەڕای چاکەکانی لەخراپەی رەگ داکوتراو بەدور نەبوو، ئەویش وەکو هەر گۆڕانێکی دیکەی کوت و پڕ لەرژێمی فەرمانڕەوایی یان لەکۆمەڵگادا، ماوەیەکی زۆر بەسەر راگەیاندنی دەستوور تێپەڕی بوو، تاخراپییەکانی بەئاشکرا دەستیان پێکرد دەردەکەوتن و لەگەڵ رۆژگاردا گەشەیان دەکرد، خەڵکی لێیان وەڕز بوون و تێدا زیادەڕۆییان دەکرد، دەکرێ ئەم خراپانە لەم پێنج خاڵەی خوارەوە کۆبکرێنەوە:

یەکەم: پیاوانی سەردەمی نوێ لەسیاسەت یان لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا شارەزایی تەواویان نەبوو، خوێن گەرمی و زۆر گەشبینی بەسەریاندا زاڵ بوو، بەحەماسەوە شوێنی بیرۆکەیەك کەوتبوون، هەستیان دەکرد دەتوانن بەهێزی ئیرادە بەدیبهێنن، لەوانەش شوێنی دروشمێکی ناپلیۆن کەوتن کەدەڵێ: (لەفەرهەنگی مندا وشە مەحاڵ نییە)، دیاربوو ئەو

کارەساتانەی لەو ساڵە کەماندا کەحوکمیان تیاکرد وای لێکردن هەست بکەن کەژیان زۆر لەوە ئاڵۆزترە کەبخرێتە ژێر رکێفی دروشمێکی سادەی ئاوهاوە.

دووەم: سروشتی هەموو کۆدەتایەك یان شۆڕشێك ئەوەیە کەخەڵکی توندڕەوی تیا هەڵدەکەوێت و، دەیانەوێ هەموو خەڵکی بەرێگای توندڕەوی و هەموو حەلاڵکردنێکدا لەگەڵیاندا بڕۆن، خەڵکی لەوجۆرە لەسەردەمی دەستووردا دەرکەوتن، تیایان هەبوو بانگەشەی بۆ خوانەناسی دەکرد، ئەوانەی هێرشیان دەکردە سەر ئایینەکان و بەدرۆو بەزەخرەفەو زەیفیان دادەناو، دوژمنایەتی دەخاتە نێو خەڵکەوە[١٦].

هەشبوون تەماشاکەر بوون، داوای لاسایی ئەوروپایان دەکرد لەهەموو شتێکدا، ئەوەبوو شەپقە بڵاوبوەوەو ژنان لەرادەبەدەر خۆیان دەڕازاندەوەو دەچوون بۆ سەیرانگاو شەقامەکان بە (جلوبەرگی ناموحتەشەم)ەوە[١٧]، هەشبوون بانگەشەی تۆرانیزمی دەکردو دروشمی (ئێمە تورکین بەرلەوەی موسڵمان بین) یان بەرزدەکردەوە.

سێیەم: دەبێ هەموو سەردەمێکی نوێ خەڵکێك هەڵکەون رقیان لێی بێتەوەو بۆ هەل بگەڕێن پیلانی بۆ بنێنەوە، هەرکەسێ ئیشی لەکیس چوو یان لەسەردەمی نوێ دا بەرژەوەندی نەما بێگومان دەبێتە دوژمنی، لەراستیدا لەسەردەمی دەستووردا ناڕازییەکان زۆربوون، بەشێوەیەکی گشتی سۆفیەکان و پیاوانی ئایین و دەست و پێوەنی سوڵتان عەبدول حەمیدو سیخوڕەکان، ژمارەیان گەیشتە سی هەزار وەکو دەیانووت:[١٨] تیایان هەشبوو گەورە سیاسەتمەدارو فەرمانبەران بوو، ئەوانەی لەسەردەمی لەناوچوو خاوەن سامان و پارەی زۆر بوون، هەر کە لەکاتی راگەیاندنی دەستوور هەموو ئەوەیان لێ بڕا، دیتمان هەموو هەڵەیەکیان



دەقۆستەوە کەپیاوانی سەردەمی نوێ دەیانکردو، لەناو خەڵکی گەورەیان دەکردەوەو، بڵاویان دەکردەوە.

سروشتی خەڵکی رەشۆکیش ئەوەیە مەیلی باوەڕپێکردنیان هەیەو ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە گەورەی دەکەنەوەو بڵاوی دەکەنەوە، بەم شێوەیە بەرەبەرە بێزاریی خەڵکی دەگرێتەوە.

چوارەم: پیاوانی سەردەمی نوێ دەبێ زوو یان درەنگ ببنە دوو بڕی ناکۆکەوە، ئەوانە لەسەردەمی لەناوچوو تەبابوون چونکی دوژمنێکی هاوبەشی بەمەترسیەکی روخێنەر هەڕەشەی لێ دەکردن، هەر کە بەسەر دوژمنەکەیاندا سەرکەوتن، خۆیان بوونە دوژمنی یەکتری، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەخیلی و ئەو کێبڕکێیەی لەنێوانیان دا دروست دەبێ، ئەگەر گروپێکیان پلەو پایە بەرزوی وەرگرت، ئەوانی دیکە پێیان ناخۆشەو رقیان لێیان دەبێتەوە، سەرباری ئەوەش هەر گروپێك رای خۆی لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت بەراست دەزانێ، ئەو دەیەوێ هەموو بەرای ئەو بڕۆنە رێوە، بەمەش دوو بەرەکی دروست دەبێ و پاشان بەرەبەرە گەشە دەکات، دوژمنایەتییەکە دەگاتە رادەیەك سەرقاڵیان دەکات لەجیاتی ئەوەی بایەخ بدەن بەو دوژمنە هاوبەشەی کەبەرامبەریان وەستاوە.

پێنجەم: ئەو جەماوەرەی کە خۆشی راگەیاند، دوای راگەیاندنی دەستوور بەماوەیەکی کورت یان درێژ تووشی بێئومێدی دەبێت، لەوانەیە راست بێ کە بێئومێدیی لەسەردەمی نوێ بەوە دەچێ کاردانەوە لەلای زانا فیزیك توند دەبێ یەکەمجار بەگوێرەی توندی خۆشیەکە کەپێشوازی لەسەردەمی نوێ کرا، سەردەمی نوێ سێ بیروباوەڕی هێنایە ئاراوە: (ئازادی و برایەتی و یەکسانی) پاشان چوارەمی بۆ زیاد کرد (دادپەروەری) ئەم بیروباوەڕە میسالییانە هەر کەزۆر پێویستی پێیان دەبێت داوایان

دەکات، واتا کاتێ بەرژەوەندی لەسەرییان رادەوەستێ، بەڵام هەر کە دەبینێ ناتەبان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یان لەبەررژەوەندی نەیارەکەیەتی نکۆڵیان لێدەکات، بێگومان هەر ئەمەش بوو لەکاتی دەستوور لەوڵاتی عوسمانی روویدا، خەڵکی لەحکومەتیان دەویست لەگەڵ خەڵکی لەخۆیان بەرزتر یەکسانیان کات و نەیاندەویست لەگەڵ خەڵکی نزمتر یەکسانیان بکات، هەروەها خەڵکی دەیانویست سەربەست بن لەوەی دەیکەن، بەڵام هەر کە دەبینێ خەڵکی تر سەربەستیان هەیە لێی تووڕە دەبن و جنێوی پێ دەدەن و جنێو بەحکومەتیش دەدەن.

## لەڕواڵەتەکانی بێ ئومێدیی:

مێژوو نووس (شیڤیل) لەبارەی ئەو حاڵەتی زۆر دڵخۆشییەوە کە سەبارەت بەسەردەمی نوێ لەوڵاتی عوسمانی رویدا دەڵێ: وەکو وڕێنەی لەرزوتا وابوو، وەکو هەرا سۆزدارەکانی دیکە خۆ هەڵخەڵەتانی گەورەی تیابوو، دەبێ رۆژێك بێ و خەڵکی لەو سەرخۆشییەی خۆیان بیەخەبەر بێنەوەو هەست بکەن، نابێ دنیا بەحەماسەتی زۆرەوە بگۆڕێت، سەیر لەوەدایە ئەو هەراو هۆریا سۆزدارییە تەنها گەلانی عوسمانی نەگرتەوە، بگرە هەندێ لەدەزگا سیاسییە گرنگەکانیشی لەئەوروپا گرتەوە، هەندێ لەڕۆژنامە ئەوروپییە ئاغرەکانیش دەربارەی (موعجیزەکە) دەدوان کە دیموکراسی لەتورکیا ئەنجامی داوە، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (سێر ئەدوارد گرای) جورئەتی ئەوەی هەبوو پێشبینی بکات بەوەی کە کێشەی مەکەدونیاو کێشەکانی دیکەی وڵاتی عوسمانی بەتەواوەتی لەبەین دەچن، شیمیل دەڵێ: کۆدەتاکەی عوسمانی یەکێك بوو لەڕووداوانەی کەوای



لەبەشێکی گەورەی گەلانی ئەوروپا کرد بەر لەساڵی ١٩١٤ دەژیان لەوەی دەتوانرێ پێی بوترێ (بەهەشتی شێتەکان)دا[١٩]، زۆر بەسەر ئەوحاڵەتەدا تێپەڕ نەبوو تا ناکۆکەکەی دەستی کرد بەئیشی خۆی، مسنر بێڵ دوای شەش مانگ لەڕاگەیاندنی دەستوری عوسمانی سەردانی وڵاتی شامی کرد و بەمجۆرە هەستی خەڵکی وەسف دەکات و ئەمەیش دەقەکەیەتی: (لەحەڵەب لەگەڵ پیاوانی زۆر دانیشتم کەنوێنەری چینە بەرزو نزمەکانی کۆمەڵگا بوون، هەر لەزانای پایەبەرزەوە تا دەگاتە کرێکاری ئاسایی، ئەوسا توانیم لایەنێك هەست پێبکەن لەوەی کە لەدڵ و دەروونی خەڵکیدا لەئاسیا هەبوو لەئاوات و ترس و سەرسوڕمان، جەماوەری خەڵکی لەئاهەنگ و فیستیڤاڵی حەماسی بەبۆنەی دەستوورەوە بەشدارییان کرد، سەردەمەکە پڕبوو لەهیواو خەونی پەرتەوازە، چونکی خەڵکی وایان هاتە بەرچاو گیروگرفتەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی کە رەگیان داکوتابوو، بەنووکە قەڵەمێك چارەسەر بوون، بەڵان ئەوەندەی پێنەچوو ئەو حەماسەتە کز بوو، خەڵکی گەڕانەوە لەجیهانی خەون، بۆ جیهانی تاڵی واقیع، تا دەرکەوت کەسروشتی مرۆڤ هەروەکو خۆیەتی و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، رای گشتیی هەڵگەڕایەوە، ئەوان چاوەڕێی گۆڕان و وەرچەرخانیان دەکرد، بەڵام گۆڕانەکە لەسەرخۆ بوو، تووشی سەرسوڕمان بوون و ترس دایگرتن لەوەی هەموو شتێ بگۆڕێت و ئەوان لێی بێ ئاگابن، بەڵام چە ئانێك زوڵم و زۆری دەسەڵات کز بوو، ئەمەیش کاریگەری خۆی لەسەردەروونی خەڵکی لێرەو لەوێ هەبوو، بەڵام خەڵکی هەستیان بەدڵنیایی و ئاسایش نەکرد، بەڵێ هەستیان بەهەندێ ئازادی تاکەکەسی کردو تارمایی سیخوڕەکانی دەزگا رەسمییەکانیان لێ رەویەوە، لەهەموو کۆڕو کۆمەڵێك گوێت لێ دەبوو مەسیحی بووایە یان ئیسلام رەخنەی توندیان لە رەفتارە رەسمییەکانی

حکومەت دەگرت، بەڵام کەم گوێت لەرەخنەی بنیاتنەر دەبوو، چونکی حکومەت لەچاوی خەڵکییەوە بەهێزێکی سەربەخۆو خۆسەپێنەر مایەوەو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ حوکمکراودا نەبوو، پیاو گازندە لەزوڵم و زۆری دەکات و نەعلەتی دەکات، چۆن نەعلەت لەزریانی بەفر دەکات کاتێ مەزراکەی کاول دەکات، بەڵام ئەم پیاوە هەستی نەکرد کەخۆی بەرپرسیارە لەو حکومەتە یان دەتوانێ ئامۆژگاری بکات یان لەجڵەوی بگرێت، بەڵکو بەتەواوەتی دەستەوسان وەستا بەرامبەر بەو زریانی بەفرە کەئەو دەستی تیا نەبوو، بگرە نەعلەتی لێ دەکات، بەڵام هەر کە لەم رووەوە پرسیارم دەکرد، لەبارەی بەرپرسیاریەتی تاکە کەس بەرامبەر بەدەسەڵات، گوێم لەو وەڵامە دەبوو کە لەوەڵامەکەی (فەتووح) جیاواز نەبوو، هەر کەجارێکیان دەربارەی هەڵبژاردن لێم پرسی و چۆن هەڵبژاردنی کردووە، پێی وتم: پایە بەرزتان دەزانن من سۆڤێری عەرەبانەم چیم داوە بەسەر حکومەتەوە؟ بەڵام پێت دەڵێم حکومەتی نوێ چاکتر نییە لەحکومەتی کۆن، ئەوەتا حەڵەب دادپەروەری تیا لەجاران زیاترە؟ نەوەڵا نا...[٢٠].

نووسەری ناسراو جورجی زێدان لەساڵی ١٩١٠ سەردانی شامی کردو، بێ ئومێدی خەڵکی لەدەستوورو تووندڕەویان لەوەدا ئاوها باس دەکات، (گروپێك پەلەیان لەبەرهەم هێنانی دەستوور کرد، ئەوان دەیانەوێ مەملەکەتی عوسمانی کەدوو سەدەیە لەسەرەمەرگدایەو دارایی وشکی کردو زەوییەکە رووتەڵە بوو، شارەکانی تاریك بوون، رێگاوبان و شەقامەکان کاول بوون، هەموو شتێکی گەندەڵ بوو، تەنانەت رەوشتی خەڵکەکەیشی و سیستمی کۆمەڵایەتی تێکچووە، دەمارگری تایفەو مەزهەبی لەیەك ترازاون، ئەم گروپە کەرەخنە دەگرن دەیانەوێ ئەم مەملەکەتە بگاتە ئاستی پێشکەوتنترین مەملەکەتی ئەورووپاو ئەمەیش مەحاڵە[٢١]، دیارە گیروگرفتی



بنەڕەتی لەسەردەمی دەستوور هیوای تۆ باوی خەڵکی ورووژان، مەحاڵە بوو لەجیهانی واقیعدا بێتەدی، خەڵکی لەسەردەمی پێشوو ڕچاوی هیچ چاکەیەکیان لەحکومەت نەدەکرد، ئەگەر هەندێ جار خێرێکیان لێی بدیبایە سوپاسیان دەکردو دەستیان بەرزدەکردەوەو دوعایان دەکرد ئایین و دەوڵەت سەرخات، بەڵام لەسەردەمی دەستووردا وایان ڕەچاو دەکرد کەحکومەت هەمووی خێر بێت، وەك بڵێی پێیان وابوو کەدنیا بەجارێك گۆڕاو بوو بەبەهەشت، هەموو کەسێك وای بەخەیاڵدا دەهات، حکومەت هەموو گیروگرفتەکانی کە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ چارەسەردەکات، زوڵمی لەسەر لادەبات و خێرو بیری بەسەردا دەڕژێنێ.

پاشان رۆژان بەسەر دەبات بێ ئەوەی هیچ شتێك لەوە بێتەدی، ئەوسا هەست بەبێ ئومێدی دەکات و، بێزاری خۆی رادەگەیەنێت، سروشتی خەڵکی وایە کاتێ بێزاری خۆیان سەبارەت بەسەردەمی نوێ دەردەبڕن رەحمەت دەنێرن بۆ سەردەمی پێشوو هاوسۆز دەبن لەگەڵیدا، وایان لێدەکات چاکەکانی ئەو سەردەمە گەورەکەن و خراپەکانی لەبیرکەن، خەڵکی بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە، تا کودەتایەکی نوێ روودەدات، ئەوەیان لەبیر دەباتەوە کەتێیدا بوون، یادگاریەکان لاپەڕەیەکی نوێیان بۆ هەڵدەداتەوە.

## رووداوی ٣١ی مارت:

بەسەر راگەیاندنی دەستووری عوسمانیدا ماوەیەکی کورت تێپەڕیبوو، تا لەئەستەموول کۆمەڵەیەك دامەزرا بەناوی (کۆمەڵەی محەمەدی) لەڕەواڵەتی دەرەوەیدا شێوازی ئایینی هەبوو، بەڵام لەراستیدا خاوەن ئامانجێکی سیاسی بوو، ئیشی بۆ دژایەتی کردنی سەردەمی نوێ و

لەناوبردنی دەکرد، دیارترین ئەندامانی کۆمەڵەکە کابرایەکی سۆفی بوو ناوی (دەروێش وەحدەتی) بوو، ئەم کابرایە لەژێر پەردەی غیرە لەسەر ئایین ئیشی دەکرد، توانی کاربکاتە سەر سەربازەکان لەرێگەی لایەنگرە دەروێشەکانی و هەندێ لەپیاوانی ئایین، بانگەشەکەشی ئەوەبوو گوایە دەستوور پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامەو سوڵتان لێی رازی نییە، بەڵام بەزۆرەملێ لەسەری رازی بووە، بۆیە دەبێ دەستوور هەڵبوەشێنرێتەوەو، لەجیاتی شەریعەت رابگەیەنن.

پڕوپاگەندەی ئەم کۆمەڵە لەناو خەڵکی رەشۆکی رەواجی هەبوو، لایەنگرەکانی بۆ خەڵکیان دووپات دەکردەوە کەدەستوور لەدروستکردنی ماسۆن و یاخی بوو جولەکەکانە، لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٠٩ رۆژنامەنووس حەسەن فەهمی بەگ لەرۆژنامەکەیدا بەناوی (سەربەستی)یەوە کورتە هەواڵێکی بڵاوکردەوە، کەدەڵێ دەبێ تورکەکان شەپقە لەسەر بکەن، واتا تورکەکان دەبێ لەجل و بەرگیان بەکافرەکان بچن، چەند رۆژێك بەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەوە تێ نەپەڕی بوو تا نەناسراوێك رۆژنامەنووسەکەی دایە بەر گوللەو کوشتی، بکوژەکە جل و بەرگی ئەفسەرانی سەردەمی نوێی لەبەربوو[٢٢]، ئەم رووداوە هەست و سۆزیورووژاند، شەش لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پرسیاریان ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆ کرد، لەئەستەموول نیگەرانی پەرەی سەند[٢٣]، بێزاربوون، ئەمەیان بەهەل زانی و تەرم سپاردنەکەیان کرد بەخۆپیشاندان دژ بەسەردەمی نوێ، کاغزی بچووکیان دەبەخشانەوەو هێرشیان دەکردە سەر نوێنەران، هەر کەرێ و رەسمی بەخاك سپاردنەکە تەواوبوو، دەنگی هوتاف دان بەژیانی شەریعەتی محەمەدی بەرزبوەوەو داوای رووخانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیان دەکردو چەندین دەنگی تر وەڵامی



دەدانەوە...[٢٤].

رۆژی ١٣ی نیسان ئەستەموول لەبەر دەنگی تەپڵ و تەقە بەئاگا هاتەوە، بڕ بڕ سەرباز دەبینران لەشەقامەکان رایاندەکردو تەقەیان دەکرد، لەپێشەوەی هەر بڕە سەربازێك کۆمەڵێك دەروێش پێشکەوتبوون و ئاڵایان بەرزکردبوەوەو سەربازەکانیش لەگەڵیان هوتافیان دەدا: (یەشاسن شەریعەتی محەمەدیە) واتا بژی شەریعەتی محەمەدی... سەربازەکان ئەنجومەنی نوێنەران و بابولعالیان گەمارۆداو شاندێکیان ناردە لای سوڵتان و داوایان لێی کرد دەستوور هەڵبوەشێنێتەوەو شەریعەت راگەیەنێ، پاشان سەربازەکان بڕبڕ بڵاوەیان لێکردو لەگەڕەکەکان بەدوای ئەفسەرەکانەوە دەگەڕانەوە تا بیانکوژن، ئەوان دەیانویست سوپا لەئەفسەرانی (مەکتەبلی) واتا ئەو ئەفسەرانەی دەرچووی قوتابخانەی نوێ بوون، پاك کەنەوە، بەڵام ئەفسەرانی (ئەلایلیە) ئەوانەی لەنێوان ریزی سەربازەکان پەروەردە بوون بەبێ قوتابخانە، سەربازەکان وازیان لێیان هێنا،[٢٥] سەربازەکان سێ سەد ئەفسەری (مەکتەبلی) یان کوشت[٢٦].

سەربازەکان پەلاماری یانەی ئیتیحادو تەرەقیاندا، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی (تەنین)و یانەی سەربازی و یانەی ژنان و تاڵانیان کردن و ژێرو ژووریان کردن، ئەنجا روویان کردە ئەنجومەتی نوێنەران بۆئەوەی هەموو ئەندامەکانی بکوژن، چل نوێنەری تیابوو، ئەوانەی بۆماوەی دوو سەعات چاوەڕێی مردن بوون، ئەوانەی خۆیان لەپەنجەرەکانەوە فڕێدایە خوارەوەو دەست و قاچیان شکاو، یان هەبوو خۆی لەشوێنێك دەشاردەوەو لەچاو دوور بوو، سەربازەکان توانیان وەزیری داد بکوژن و هەروەها نوێنەرێکی عەرەبیشیان کوشت کەناوی محەمەد بەگ ئەرسەلان بوو، بەڵام هەر کەئەمەیان کرد بیستیان کە بەفەرمانی سوڵتان

سوپا دێت بۆ سزادنیان و ترس کەوتە دڵیان و وازیان لەکوشتنی نوێنەرەکانی دیکە هێنا، پاشان بۆ ترساندن تەقەیان بەئاسماندا دەکرد[٢٧].

دکتۆر خاتوو وتڵن دەڵێ: (سەعات لەدوای سەعات هەراو هوریا لەپایتەخت لەزیادبوون بوو، دەنگی تەقە لەشەقامەکان نەبڕا، کۆمەڵە ورووژاوەکان هێرشیان دەکردە سەر ئەو پیاوانەی شەپقەیان لەسەربوو، قژی ئەو ژنانەیان دەبڕی بێ پەچە دەسووڕانەوە، سەربازەکان لەچایخانەو شەقامەکاندا بوونە بڕو بکوژو، خۆیان کردبووە دادوەرو سەرخۆشەکانیان سزا دەدا، کاتێك خۆشیان زیاتر لەوان سەرخۆشتر بوون، هەموو شار ئەم هوتافەی دەوتەوە: بژی شەریعەت و مردن بۆ تورکیای کیژۆڵە[٢٨]، ئەم هەڵچوونە ئاینیە لەهەموو شوێنێك بڵاوبوەوەو گەیشتە شارە جیاجیاکانی تورکیا، لەشارەکانی ڕۆژهەڵات کوردەکان دەستیان کردەوە بەهێرش کردنە سەر ئەرمەنیەکان، هەروەها کوشتاری ئەرمەن لەمەرسین و ئەدەنە ڕوویانداو، لەهەندێ ئەو شارانەی کەدەکەونە باکووری سوریاوە[٢٩]، لەئەستەموول لەهەموو گەڕەکە مەسیحیەکان ترس بڵاوبوەوە، خەڵکەکە بەبێ قەراریەوە چاوەڕێی خۆ تێ وەردانی باریجە ئەجنەبیەکان بوون بۆ پاراستنیان[٣٠].

تورکەکان ئەو ڕووداوەیان ناونا (ئۆتوزبیر مارت وەقعەسی)، واتا ڕووداوی ٣١ی مارس، چونکی بەپێی ڕۆژمێری ڕۆژهەڵات لەوڕۆژە ڕوویدابوو ئەم ڕۆژمێرەش ئەوساڵە لەگەڵ ڕۆژمێری ڕۆژئاوایی سیازدە ڕۆژ لەدواتر بوو.



## لابردنی عەبدول حەمید:

لە ١٦ی نیسانی ١٩٠٩، واتا سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە- مەحمود شەوکەت پاشا، فەرماندەی حامیەی مەکەدۆنیا بروسکەی لێدا بۆ ئەستەموول و دەڵێ: (وادێم بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش لەپایتەخت)، پاشان فەرماندەکە بەخۆی و سوپاکەیەوە جووڵان، خۆی لەبەردەم سەربازەکانی وانیشان دا کەدەچێ بۆ پاراستنی سوڵتان و ڕزگارکردنی پایتەخت لەئاژاوە، سوڵتانیش لەبەردەم حاشیەکەیدا وایدەردەخست گوایە خۆی ناردوویەتی بەدوای (سوپا بەوەفاکەیەوە) لەمەکەدۆنیا، بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش لەوڵاتدا، مەحمود شەوکەت پاشا توانی لەماوەیەکی کورتدا کە لەسێ ڕۆژ تێپەڕی نەکرد بگاتە نزیك ئەستەموول، بەمەش لەخێرایی هێرش بردن ژمارەیەکی ئەندازەیی لێدا، لەڕێگادا چەند کۆمەڵێك لەجوولەکەو ئەرمەن و ئورام و بولگارو سربی کەوتنە هاوشانی، بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوە کۆنەپەرستیەکە، لە ٢٣ی نیسان مەحمود شەوکەت پاشا لەبەر دەرگاکانی پایتەخت وەستا، حامیەکانی شورەکانی دەرەوە خۆیاندا بەدەستەوە، هەروەها سەربازە سەرگەردانەکانیش لەشەقامەکان بەبێ بەرگریکردن، لەئێوارەی ٢٤ی نیسان هێمنی بۆ ئەستەموول گەڕایەوەو مەحمود پاشا بووە سەرداری موتڵەق، پیاوانی سەردەمی نوێ کاتی ڕووداوی ٣١ی مارس لەماڵانی خەڵکی دیکەدا خۆیان شاردبووەوە، هەر کەمەحمود پاشا بۆ پایتەخت وەکو سەرکەوتوویەك هات، دەرچوونە دەرەوەو دەستیان بەتۆڵە کردنەوە لەدوژمنەکانیان کردو لەوانەی بەشداری ڕووداوەکەیان کردبوو، لەهەردوو بەری پردی (غەتڵە) سێدارە دامەزراو،

لەسەر سنگی تەرمە لەسێدارە دراوەکان نووسرابوو (خائینی ئازادی)، دادگا حوکمی بەسەر سێ لەپیاوانی ئایینی دا کەنانی ژەهراوی بخۆن، تابنە پەند بۆ کەسانی دیکە، هەر مێزەر بەسەرێك لەشەقامەکانی ئەستەمووڵ ڕێی بکردایە سووکایەتی پێ دەکراو دەستدرێژی دەکرایە سەر، (مارف رەسافی) دەیووت هەر کەگەیشتە ئەستەمووڵ لەو ماوەیە ناچار بوو مێزەرو جلوبەرگە ئایینیەکەی داکەنێ و جل و بەرگی ئەفرەنجی نوێ لەبەر بکات، تا دووچاری ئازاردان نەبێ[٣١].

لە ٢٦ی نیسان ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیاو ماقووڵان کۆبوونەوەیەکیان بەست، لەو کۆبوونەوە هاوبەشەدا بڕیاری لابردنی سوڵتان عەبدول حەمید درا، شێخول ئیسلامیان بانگ کرد تا فەتوای پێویست بدا، دەڵێن شێخول ئیسلام کاتێ فەتوای دا بەرمەی تفەنگ دەورەی درابوو[٣٢]، شاندێك لەچوار کەس پێکهاتبوو چوونە لای سوڵتان و بڕیاری لابردنەکەیان پێی ڕاگەیاند، سەیر لەوەدایە ئەندامانی شاندەکە تورکی ڕەسەن نەبوون بگرە هاوڵاتی عوسمانی بوون و بەرچەڵەك ئەرمەنی و ڕۆمی و جوولەکە بوون[٣٣].

یەکێکیان لەماسۆنیزم دەرەجەدارێکی بەرز بوو ناوی (عەمانوێل کراسۆ ئەفنەی) بوو جوولەکەی سیلانیك بوو[٣٤]، ئەوانەی پێیان وابوو کەکۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بۆیە ئەندامانی شاندەکەی بەم شێوەیە هەڵبژارد بۆ سوکایەتی کردن بەسوڵتان عەبدول حەمیدو تەحەدیەك بۆی.

هەر کەشاندەکە بۆلای سوڵتان چوونە ژوورەوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، نیشانەی پیری لێی دیاری دابوو، بەدەم و دوویەکی فەرماندانەوە پرسیاری لێ کردن: (چیتان دەوێ...؟ چی ڕوویداوە؟) سەرۆکی شاندەکە سەرهەنگ ئەسعەد لێی چووە پێشەوەو دوای ئەوەی سلاوێکی شیاوی لێکرد وتی:



(هاتووین پێت بڵێین کەنەتەوە ئێوەی لەسەر تەخت لابرد)، هەر کەسوڵتان گوێی لەم وشانە بوو موچرکی پیاهات و قەدەرێك بێ دەنگ بوو، پاشان هەمان قسەی وت کەمامی عەبدول عەزیز بەر لەسێ چارەکە سەدە وتبووی (قسمەتە)، پاشان سوڵتان پرسیارێکی لەشاندەکە دەربارەی چارەنووسی خۆی و خێزانەکەی کرد، سەرهەنگ ئەسعەد وەڵامی دایەوە: (گەلی تورك کەڵەمێرو میرخاسن و دەتوانی بڕوات پێی هەبێ).

هەر کەشاندەکە سلاوی دەرچوونە دەرەوەیان بۆ کردو گەیشتنە بەردەرگا، سوڵتانی لەسەر کار لابراو پێی وتن: (خودا سزای ئەوانە بدات بەرپرسیاری ئەم شکستە بوون!) کراسۆ سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان و وتی: (خودا دادپەروەرەو بۆمان هەیە دڵنیابین تاوانبار سزای خۆی وەرەگرێت!...)[٣٥]، سوڵتان دوای لەکارخستنی بەکەڵەمێردی و ئەدەبەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، لەحەریمەکانی سێ ژن و چوار کەنیزی هەڵبژارد، هەروەها ژمارەیەك لەحاشیەی هەڵبژارد بۆ هاوڕێتی، شەمەنەفەرێکی تایبەت بردنی بۆ سیلانیك، لەوێ لەتەلارێکی گەورە جێگیر بوون، باخچەیەکی پان و بەرینی تیابوو، لەکۆشکی یوڵدز کەسوڵتانە لەکار لابراوەکە بەجێی هێشت، یازدە کیسەیان دۆزیەوە پڕیان لەپارە بوو، نیو ملیۆن لیرەی ئاڵتوون بوو، هەروەها بڕێکی زۆر لەخشڵیان لەدۆڵابێکی ئاسندا دۆزیەوە، بایی ملیۆنێك لیرە دەبوو[٣٦]، سوڵتان لەبانکەکانی ئەڵمانیا دوو ملیۆن پاوەن پاشکەوتەی هەبوو، پارەیەکی زۆریشی لەلای قەیسەر گلیۆمی دووەم هەبوو[٣٧]، لەکۆشکی یوڵدز (٢١٣) کەنیزە مانەوە کەسوڵتانی لەسەر کار لابراو لەگەڵ خۆیدا نەیبردبوون، داوایان لەکەسوکاریان کرد بێن بیانبەنەوە.

کەسوکاریان هاتن و زۆربەیان چەرکەس و ئەڕناووت بوون، سەروچاوەی

کەنیزەکانیان وردە بوونەوە تا هەرکەسەو ئەوەی دۆزیەوە کەدەیویست، ژمارەیەکی کەم لەکەنیزەکان مانەوە، ئەوانەی کەسوکاریان نەیاناسیبوونەوە، یان لەبیریان چووبوو کە لەکوێوە هاتوون[٣٨].

براکەی محەمەد رەشاد لەجیاتی عەبدول حەمید چووە سەر عەرش، بەناوی (محەمەدی پێنجەم)ەوەو لەتەمەنی شەست و چوار ساڵیدا بوو، ئەوەی لەبارەیەوە زانراوە کە لەکاتی براکەیدا نیوە دەستبەسەرێك بووە، کاتی خۆی لەنێوان ژنان بەسەر برد، رێگای پێ نەدەدرا رۆژنامە بخوێنێتەوە یان برادەری هەبێ، خزمەکارەکانی لەسەری سیخوڕ بوون لەلایەن براکەیەوە.

دپلۆماتیکی بیانی کەدوای چوونە سەر تەختی سوڵتانی نوێ چووبووە لای و وتوویە: (سەروسیمای محەمەدی پێنجەم ئاماژە بەوە دەکات کەسێکی هیچ و پووچ بێت، کورتەبالاو کۆمڕ، چاو بەقولا چوو، سەروچاوی هێڵەکانی قووڵن و رەنگی رۆنی زەردە، بەتەئکید کەسێکی سەرنجڕاکێش نیە، سەروچاوی نیشانەی کەم زیرەکیە، لەتێڕوانینی ترس رزگاری نەبووە، وای بۆدەچێ وەك بڵێی دەترسێ لەسووچێك لەپڕ بکوژێکی لێ پەیابێ و تیرۆری کات..[٣٩]، ئەوەی شایانی وتنە هەر کەئەم سوڵتانەی ئال عوسمان چووە سەر تەخت، خەڵکی رەشۆکی ئەم قسەیەیان دەوتەوە: (ئەگەر حوکم کات رەشاد، پەیا دەبێ فەساد)، سۆفیگەرەکان ئەم قسەیەیان لەناو خەڵکیدا بڵاودەکردەوەو دەیانخستە پاڵ قوتبێکی سۆفیگەریی وەکو محێدینی کوڕی عەرەبی[٤٠]، زۆری خەڵك پێیان وابوو دەبێ پێشبینیەکە زوو یان درەنگ بێتە دی، هەر کەدەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتانی نوێ تووشی کارەساتی یەك لەدوای یەك بوو، هەر لەشەڕی تەرابولسی خۆرئاواو شەڕی بەلکان، پاشان جەنگی یەکەمی جیهان، لەدیدی خەڵکیدا پێشبینیەکە هاتبووە دی، ئەوەبوو بەچاکی باسی سەردەمی حەمیدیان دەکردو بیریان دەکرد).



## جەنگی تەڕابولسی رۆژئاوا:

ئیتیحادیەکان- واتا ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی- بەر لەرووداوی ٣١ی مارت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وڵاتیان بەڕێوەدەبرد، هەر کەرووداوەکە قەوماو تیا بەسەر نەیارەکانیاندا بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەرکەوتن، دەستیان بەدەرکردنی یاساو سیستم بۆ چاکسازی دەوڵەت کرد وەکو خۆیان دەیبینن، یەکێك لەویاسایانەی دەریانکرد (یاسای تەنسیقات) بوو مەبەست لەپاك کردنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت بوو لەفەرمانبەرە گەندەڵەکان، هەروەها یاسایەکیان دەکرد بەوپێیە هەموو ناتۆرەی گەورەکردنیان هەڵوەشانەوە کە لەرێ و رەسم و نامە رەسمیەکاندا بەکاردەهاتن، هەروەها یاسایەکیان لەمەسەلەی سەربازی کردنی زۆرەملێ دەرکرد، موسڵمان و ناموسڵمان وەکو یەك بن.

بەپێچەوانەی یاسای کۆنەوە بوو کە ناموسڵمانەکانی لەسەربازی بەدەر دەکرد، لەبری پارەی لێ وەردەگرتن، ئیتیحادیەکان بەم ئاڕاستەیە ماوەی دووساڵ کاریان دەکرد، بێ ئەوەی هیچ کۆسپێکی جیدی بێتە رێگەیان و هەوڵ و تەقەلایان بشێوێنێ، ئەوکاتە گەشبینی لەنێوانیاندا بەرقەرار بوو، چونکی وایاندەزانی بەم نزیکانە دەوڵەتی عوسمانی لەنەخۆشیە کوشندەکەی رزگاری دەکەن و، لەگەڵ شێوەی شارستانی نوێ هاوشان دەبن، ئەوان لەگەشبینی خۆیاندا بوون، لە ٢٧ی ئەیلوولی ١٩١١ لەپڕ ئیتاڵیا ئاگاداریەکی بۆماوەی بیست و چوار سەعات دانێ، بۆئەوەی چاوەڕێی وەلا بێ ئیتاڵیا ئستۆڵی خۆی ناردە کەنارەکانی تەرابولسی رۆژئاوا-واتا لیبیای ئێستا-هێزی گەورە سەربازی لێی دابەزی، گرنگترین شارانی سەر دەریای داگیرکرد لەماوەی چەند رۆژێکدا، وەکو تەرابولس و

درنەو بنغازی، حکومەتی عوسمانی بڕیاریدا بەهیچی هێزێکەوە کەهەیەتی شەڕی ئیتاڵیا بکات، بەڵام گرفتێکی هاتەڕێ، ئەویش نەبوونی ئستووڵی دەریایی بوو بۆ گواستنەوەی سەرباز بۆ تەرابولسی ڕۆژئاوا، گەرچی شتووڵی ئیتاڵیا لەدەریا زاڵبوو، حکومەت ناچاربوو نەخشەیەکی جەنگی لەجۆری تایبەت دانێ: ئەویش ئەوەبوو چەند کۆمەڵێ لەئەفسەران بەجل و بەرگی مەدەنیەوەو بەشێوەیەکی نهێنی لەرۆژهەڵاتەوە لەرێگەی میسرەوەو، لەرۆژئاواشەوە لەرێگەی توونسەوە بچنە ناو تەرابولسی خۆرئاواوە، پاشان لەوێ سوپایەکی ناوخۆیی لەخەڵکی ئەو وڵاتە پێکبهێنن، لەراستیدا ئەم نەخشەیە لەپراکتیکدا سەرکەوت، زیانی زۆر بەئیتاڵیەکان گەیاندو نەیانهێشت لەشارەکانی سەر دەریاوە بەرەو ناوەوەی وڵات پێشڕەوی بکەن[٤١]، ئەنوەر بەگ-کەدواتر بەئەنوەر پاشا ناوی دەرکرد-یەکەم ئەفسەر بوو خۆبەخش بوو کەبچێت بۆ تەرابولسی خۆرئاوا، لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو نەخشەیە. لەگەڵ ئەویش مستەفا کەمال کەدوایی بووە یەکەم سەرەك کۆماری تورکیا خۆی بەخشی، هەروەها عەزیز عەلی میسری و هەندێ لەئەفسەرە عیراقیەکان لەوانە تەحسین عەسکەری و سوبحی تەرابولسی و مەحمود حلمی و عیسا وەتەری و سەعید مەدفەعی و ئیسماعیل تەرابولسی.

ئەمانە هەموو ئەفسەری بچوك بوون و تازە لەکۆلێجی سەربازی لەئەستەمووڵ دەرچووبوون، تەحسین عەسکەری سەبارەت بەگەیشتنی بە تەرابولسی رۆژئاوا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ناوی خۆی گۆڕی بەحەسەن عەتار خەڵکی (حەما)، سواری پاپۆڕێکی رۆمانی بوو بەرەو ئەسکەندەریە، پاپۆڕێکی جەنگی ئیتاڵی رێگای بەپاپۆڕەکە گرت و گوللە تۆپێکی بەئاسمانا تەقاند بۆ ئاگادارکردنەوە، پاشان پیاوەکانی سەرکەوتنە سەر پاپۆڕەکە بۆ پشکنین نەبا سەربازو تەقەمەنی عوسمانی تیابێ، تەحسین



عەسکەری و هاوڕێکانی رزگاریان بوو، بەهەرحاڵ لە ٢ی ئایاری ١٩١٢ گەیشتنە ئەسکەندەریە، لەوێشەوە بەرێگای بیاباندا گەیشتنە تەرابولسی رۆژئاوا[٤٢].

(ئەنوەر بەگ) بانگەشەی (جیهاد)ی لەنێو خێڵەکانی سنوسیە بڵاوکردبووەوە، بانگەشەکەیشی سەرکەوت و خەڵکێکی زۆر بەتاسەیێکی زۆرەوە پەیوەندیان پێوەکردو پێیان وابوو نوێنەری شەرعی خەلیفەیە لەجیهادکردنی دژ بەکافرەکان، رەشماڵێکی گەورەی قەشەنگی بۆ خۆی هەڵدا بەفەرش و رایەخ داخرابوو، بەچۆغەو خوری رەنگاورەنگ لەناوەوە داپۆشرابوو، لەوێ پێشوازی سەرەك خێڵەکانی دەکردو گوێی لەبیروڕایان دەگرت، لەنێوانیاندا بووە خاوەن دەسەڵات و ناوێکی پڕشنگدار جەنگی تەرابولسی رۆژئاوا بەدوور نەبوو لەگیروگرفت کە بەخیلی و کێبڕکێی نێوان ئەفسەرە تورکەکان دروستی دەکردن.

مێژوونووس ئارمسترۆنگ دەڵێ: مستەفا کەمال بەخیلی بەئەنوەر دەبرد بەو خۆشگوزەرانی و دەسەڵاتەوە کەهەیبوو لەنێو خێڵەکاندا، بۆیە زۆر رەخنەی لێی دەگرت و بیروڕاکانی بەهیچ دادەنا، لەگەڵ رۆژدا بشێوی لەنێوانیان زیادبوو، تاوای لێهات شەڕیان دەکرد، ئەنوەر پەرۆشی پرۆژە گەورەکان و نەخشەی لێهاتوو بوو، بێ ئەوەی گوێ بداتە وردەکاریەکان، یان راستیەکان و ژمارەکان، بەڵام مستەفا کەمال بەپێچەوانەی ئەوەوە بوو، زۆر وریابوو، بەدوای خەونی نەخۆشەوە رایناکرد، بەڵام بەرەو ئامانجەکانی دەرۆیشت دوای ئەوەی زۆر لێیان ورد دەبووەوەو ئەم دیو ئەو دیویانی دەکردن، حەزی لەوە نەبوو عەرەب بەلای خۆیدا راکێشێ یان بیانییەکان، بەڵکو زۆر بڕوای بەتورکایەتی خۆی هەبوو، تارادەیەك رقی لەهەموو شتێك دەبوەوە جگە ئەوە نەبێت.

پاشان مستەفا کەمال لەخێوەتە بچووکەکەیدا کۆشەگیر بوو وەکو

سەربازەکانی[٤٣] ژیانی رەق و زبر دەژیا، دیاربوو شتێك لە بەخیلی و کێبڕکێ لەنێوان ئەنوەرو عەزیز عەلی میسریشدا پەیابوو، کەکاریگەری لەو رووداوانەی لەساڵی ١٩١٣ لەئەستەموول روویاندا هەبوو، لەبەشی داهاتوو دێینە سەری، هەرچۆنێ بێت جەنگەکە یازدە مانگ بەردەوام بوو، ئیتاڵیەکان کۆمەکی زۆریان بۆ پاڵپشتی شوێنەکانی خۆیان لەسەر کەنارەکان هێنا، بێ ئەوەی بتوانن بۆ ناوەوە پێشڕەوی بکەن، دیارە ویستیان قەرەبووی شکستەکەیان بکەنەوە، لەرێگای زاڵبوونیان لەدەریادا، دوورگەی رۆدس و دوورگەکانی دودیکانیزیان لەدەریای ئیجە داگیرکرد، گەمارۆی دەربەندی (دەردەنیل)یان دا[٤٤]، هەروەها بۆردومانی دووپاپۆڕی عوسمانیان کردو، لەبەندەری بێرۆت نوقمیان کردن، ئەنجامی ئەوە حەفتا کەس کوژراو دووسەدیش برینداربوون، زۆر لەشاعیرانی عەرەب لەسەر ئەم شەڕە شیعریان نووسی و گلەییان لەخوا دەکرد کە بەدەستی زۆردارانەوە چییان بەسەرهات.

## لەنێوان ئیتیحادییەکان و ئیتیلافیەکاندا:

لەکاتێکدا لەکەنارەکانی تەرابولسی رۆژئاوا جەنگ بوو، شەڕە قسەیش لەئەستەموول لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان هەبوو لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا، ئەودەمە بەرهەڵستکاریەکی توند بەرامبەر بەحکومەت بەرپابوو هێرشی بێ پەروایان دەکردە سەری، ئۆپۆزسیۆن حکومەتی بەوە تاوانبار دەکرد کەبایەخی بەقایم کردنی تەرابولسی رۆژئاوا نەدابوو سەرەڕای ئەوەی ئاگاداری تەماحکاری ئیتاڵیەکان هەبوو، زۆربەی هێرشەکان ئاڕاستەی سەدرل ئەعزەم حەقی پاشا بوو، چونکی ئۆپۆزسیۆن



تاوانباری دەکرد بەوەی لەژێر کاریگەری ئەوەی کەژنەکەی ئیتاڵیە ئیتاڵیای خۆشدەوێ و زۆر حەزی لەسەردانی یانەکانی ئیتاڵیا لەئەستەموول هەبوو قووماری تێدا لەگەڵ برادەرە ئیتاڵیەکان دەکردو ملکەچ بوونی بۆ سوڵتانی ئاڵتوون[٤٥]، وەزارەتەکەی حەقی پاشا دەستی لەکارکێشایەوە، وەزارەتێکی دیکە جێگای گرتەوە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن توندیەکەی دانەمرکایەوە، بگرە هێرشەکانی لەسەر حکومەت بەردەوام بوو.

لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١١دا حیزبێك دروست بوو هەموو ئۆپۆزسیۆنەکانی گرتە خۆی، بەناوی (کۆمەڵەی ئازادو ئیتیلاف)، بەمەش ململانێی حیزبی بەناوبانگ لەنێوان ئیتیحادیەکان و ئیتیلافیەکان دەستی پێکرد، کۆمەڵەی ئازادی و ئیتیلاف لەریزەکانی هەندێ لەمیرەکان و پیاوانی کۆنی دەوڵەت، ئەوانەی نوێنەری لایەنی راسترەو بوون لەسیاسەتی عوسمانی وەرگرتبووە، ئەو بیروباوەڕەی بانگیان بۆدا (لامەرکەزی) بوو، واتا ولایاتەکانی عوسمانی هەندێ لەسەربەخۆیی ئیداری وەربگرن، بۆئەوەی بەگوێرەی پێویستی خۆیان و بارودۆخی تایبەت هەڵسوکەوت بکەن، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناوەند، واتا پایتەختی دەوڵەت، بەڵام ئیتیحادیەکان بانگەشەیان دەکرد، کەئەوان خاوەن هەقن بەو قوربانیانەی کەداوایانە، ئیتلافیەکانیان تاوانبار دەکرد کەکۆنەپەرستن و سەردەمی نوێ بەرژەوەندیەکانیانی لەناوبردووە.

ئیتلافیەکان ئەم تومەتەیان بەرپەرچدەدایەوە بەتومەتێکی دژ، گوایە ئیتیحادیەکان لاوانێکی مەغرورن و بەحەماسەتیان زیان بەوڵات دەگەیەنن و، واهەست دەکەن کەسوودی پێ دەگەیەنن، دژایەتی لەنێوان هەردووکیان لەئەنجومەنی نوێنەران گەیشتە ئەوپەڕی، بۆیە ئیتیحادیەکان ناچاربوون فەرمانێکی سوڵتانی دەربکەن، بەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنەکەو

دەستکردن بەهەڵبژاردنی نوێ، لەبەهاری ١٩١٢ هەڵبژاردن کراو، ململانێ توندوتیژ بوو لەنێوان ئیتیحادیەکان و ئیتیلافیەکاندا، ئەمە یەکەمجار بوو هەڵبژاردنی وا لەوڵاتی عوسمانیدا دەکرێ، ئەنجام حکومەتی ئیتیحادی توانی سەرکەوتنی تیا بەدی بهێنێ، کەچی نەیارەکانی تەنها چوار نوێنەریان بەرکەوت، دڵخۆشی حکومەتی ئیتیحادی بەسەرکەوتنی لەهەڵبژاردندا زۆری نەخایاند، تاگیروگرفتەکان لەسەری کەڵەکەبوون، تا لە ٢٢ی تەمموز ناچاربوو دەست لەکاربکێشێتەوە، ئیتیلافیەکانیش وەزارەتێکی نوێیان پێکهێناو لەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران دەست و بردیان کرد کەچوار مانگ بەسەر کردنەوەیدا تێ نەپەڕی بوو(٤٦).

## جەنگی بەلکان:

وڵاتانی بەلکان سەرقاڵ بوونی دەوڵەتی عوسمانیان بەجەنگی تەرابولسی خۆرئاواوە بەهەل زانی، تاجەنگ دژی راگەیەنن، دانوستان لەنێوان وڵاتانی بەلکان بەنهێنی بەڕێوەدەچوو لەم پێناوەدا، حکومەتی ئیتیلاف هەستی بەوە کردبوو، بۆیە وای بەپێویست زانی ئاشتبوونەوەیەک لەگەڵ ئیتاڵیا گرێبدات، تاخۆی بۆ جەنگی ڕەچاوکراو لەگەڵ وڵاتانی بەڵکان تەرخان بکات، لەسویسرا دانوستانەکە لەنێوان هەردوو نوێنەری عوسمانیەکان و ئیتاڵیەکان بەڕێوەچوو، لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢ پەیماننامەی ئاشتبوونەوە لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکە گرێدرا، بڕیاردرا دەوڵەتی عوسمانی دەسەبەرداری تەرابولسی رۆژئاوا ببێ بۆ ئیتاڵیا، بەمەرجێ دەسەڵاتی ئایینی لەوێ بەسەر موسڵمانەکاندا پارێزراو بێ، سوڵتان مافی ئەوەی هەبێ فەرمانبەرە شەرعیەکان دابمەزرێنێ(٤٧)، ئەوەی



مایەی سەرنجە لەم بارەیەوە وڵاتانی بەلکان رۆژێک بەر لەمۆرکردنی ئەو رێکەوتنی ئاشتبوونەوەیە جەنگیان دژ بەدەوڵەتی عوسمانی راگەیاند(٤٨)، ئەوەبوو سوپاکانی بەلگارو گریک و سربیاو نیگرۆمۆنتی پەلاماری سنوورەکانی عوسمانیاندا، وەکو بڵێ دەمێکە بۆئەوە ئامادەن، بەوجۆرە جەنگێکی سەخت روویداو ناهەموارترین و دژوارترین جەنگ بوو لەڕووی ئەو مەرگەساتانەی کەلێی کەوتەوە، سنووری عوسمانی تابەر لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگ لەرۆژئاواوە تا کەناری دەریای ئەدریاتیک بوو، سوپاکانی بولکان هێرشیان کردە سنوورەکان و هەر سوپایەک لەبەری تایبەتی خۆیەوەو بەپێی نەخشەیەکی یەکگرتووی تۆکمە، سوپای عوسمانی تووشی شکستی یەک لەدوای یەکی کوشندە بوو، بەدرێژایی مێژووی عوسمانی لەوێنەی نەبووە، خراپترین شکست تووشی سوپای عوسمانی بوو لەنزیک شاری (قرغ کلێسە) بوو، لەبەرەی بلگاریە لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢دا، بەشێوەیەکی وا ترس لەناو سەربازەکان بڵاوبوەوە باوەڕناکرێت، هەڵدەهاتن و توانای هیچیان نەبوو، هەندێکیان ئەوەندە ترسابوون تەقەیان لەیەکتری دەکرت(٤٩).

لە ٣١ی تشرینی یەکەم شکستی گەورەی تر لەنزیک (لولە برگاز) بوو، شکستی یەکلایی کەرەوە بوو، چونکی سوپای عوسمانی بەناڕێکی دەکشایەوە، تاهێڵی شتاڵجە نەوەستا، کە تادووری بیست میل ئەستەموڵ دەپارێزێ، دانیشتوانی ئەستەموڵ گوێیان لەزرمەی تۆپەکان بوو، پڕوپاگەندەی تۆقێنەر لەنێویان بڵاوبوەوەو، خەڵکی کەوتنە پرسیارکردن: کەی ئەستەموڵ دەکەوێت؟ دەوڵەتە ئەوروپیەکان پاپۆڕە جەنگیەکانی خۆیان ناردە ئاوەکانی ئەستەموڵ، ئەو پاپۆڕانە سەربازی خۆیان بۆ پاراستنی گەڕەکە ئەوروپیەکان و بانکەکان و باڵێوزخانەکان داگرت.

بالیۆزی دەوڵەتەکان بۆلای سەدرل ئەعزەم کامل پاشا چوون، بۆئەوەی لەبارەی ئاسایشەوە لەئەستەمووڵ قسەی لەگەڵ بکەن، پێی وتن: (من بەرگری لەئارامی دەکەم لەئیستانە هەتا کۆتایی، بەڵام ئەگەر دەوڵەتەکان رێگەیان بەخۆیاندا ئیستانە داگیربکەن و، بێ ئومێدی باڵی کێشا بەسەر خەڵکیدا، ئەوا ئەوکاتە ئۆباڵی دەخەمە ئەستۆی ویژدانی ئەوروپا.

وا تێمەگەن ئیستانەو سوڵتانەکەم بەجێ دێڵم، ئەو پێی باشە لەکۆشکەکەی بکوژرێ، منیش پێم باشە لەدیوانەکەی خۆم بکوژرێم نەك ئیستانە بەجێبێڵم)[٥٠].

دەکرێ ئەم شکستانە کەتووشی سوپای عوسمانی هات لەجەنگی بولکان چەند هۆیەك بێت، هەندێکیان لەلای خوارەوە باس دەکەین:

یەکەم: ولاتانی بەلکان دەمێك بوو خۆیان بۆ جەنگ ئامادەکردبوو، توانیان سوپاکانیان لەسەر بنەمای تازە رێکبخەن، بەڵام عوسمانیەکان هەستیان بەو مەترسیە هاتووە نەکرد، لەو ئاقارەوەو، بڕوایان بەسەربازی تورکی هەبوو، کەمەزنترین سەربازە لەجیهان بەئازایەتی و هێزی خۆراگریدا، بەڵام ئەم سەربازە تەنها سەرکەوتن بەدەست بهێنێ بەس نیە، بەڵکو دەبێ ئازووقەی باشی هەبێ، رێگاوبانی چاك و ئەفسەرانی بەتواناو چەکی باشی هەبێ، دەڵێن زۆرتر ئەوەی کەسەربازی تورك لەجەنگی بەلکان بەدەستیەوە دەینالاند سەرماو برسیەتی بوو، هەمیشە وشەی (ئەکمەك)- واتا نان- لەسەر زاریان بوو، هەندێکیان چوار رۆژیش بوو هیچی نەخوارد بوو، یان ئەوەندەی نەدەخوارد کەبەشی بکات.

دووەم: ئیتیحادیەکان یاسایەکیان دەرکرد لەمەسەلەی سەربازیدا، موسڵمان و ناموسڵمان بوونە یەك، وەکو لەمەوبەر باسمان کرد، لەبەرئەوە زۆر لەمەسیحیەکان کە لەمەوبەر سەربازی نەیدەگرتنەوە هاتنە ریزی



سوپای عوسمانییەوە، وەکو بەلگار ورۆم و سرب، هەر کەجەنگی بەلکان هەڵگیرسا ئەمانە تەقەیان بەئاسمانەوە دەکردو دڵیان نەدەهات لوولەی تفەنگەکانیان رووبکەنە ئامۆزاو رۆڵەکانی نەتەوەو ئایینەکەیان.

یەکەم کەس بوون لەسوپا هەر کەتورسکایی سەرکەوتن لەلای ئامۆزاکانیان دەرکەوتبایە رایاندەکرد.

سێیەم: ململانێی حیزبایەتی لەنێوان پیاوانی دەوڵەت لەئەستەمووڵ تەشەنەی کردبوو، خەریکی کردبوون لەوەی کەهەوڵەکان یەکبخەن دژ بەدوژمنی هاوبەش، دەڵێن ئەو ململانێیە لەنێو ئەفسەرەکانی بەرەی جەنگیشدا تەشەنەی کردبوو.

رۆژنامەی (ئەڵتان)ی پاریسی دەڵێ: (دووپشکەکانی سیاسەت دەویست بگاتە دڵی ئەفسەرەکان و سەبارەت بەئەرکی پیرۆزیان ژەهری بکاتە سۆزی ئاشنایەتی و هەڵسوکەوتییانەوە، دەبینی ئەفسەرێکی بچووك بەچاوی کینەوە تەماشای سەرۆکەکەی خۆی دەکرد، ئەگەر لەحیزبەکەی ئەو نەبووایە، لەوانەیە گاڵتەی بەبڕیارەکانیشی هاتبێ، ئەفسەرێکی گەورە بۆی دووپاتکردینەوە، کەیەکێك بوو لەئەرکانی جەنگەکە، دووبەرەکی و ناکۆکی کەوتبووە نێوان گەورە سەرکردەکانەوە بەر لەجەنگی گەورەی تەراکیا[٥١].

## جۆرەکانی مەرگەسات:

مەسەلەکە لەسنووری شکستە ناهەموارەکان نەوەستا، بگرە گەیشتە کارەساتی دیکە لەو ناهەموارتر، لەبەلکان موسڵمانی زۆر هەبوون، بەشێکی زۆر لەوانە لەماڵوێرانی جەنگ هەڵاتبوون، پەنایان هێنابووە بەر ئەستەمووڵ یان شارەکانی دیکە نزیك لەگۆڕەپانەکانی جەنگ، زۆر پەرێشان ببوون و

برسێتی و پەتا لەناویان بڵاوبووەوە، لەشاری (ئەدەنە) پەنجا هەزار موسڵمان هەبوون ئابڵووقە درابوون خەریك بوو لەبەر برسیەتی دەمردن، لەسیلانیك نزیکەی سەد هەزار پەنابەر هەبوو، لەئەستەمووڵ ژمارەی پەنابەرەکان سەدوسی هەزار بوون و زۆربەیان هیچیان نەبوو بۆ خواردنی خۆیان و خێزانەکانیان[٥٢]، زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، ئەستەمووڵ بەبریندارەکان سیخناخ بوو، نەخۆشخانەو کڵێسەو مزگەوت و خانووە تایبەتەکان پڕبوون، دەوروبەری شارەکە پڕبوو لەئۆردوگاکانی پەنابەران، سیستمی ئازووقە هەرەسی هێنا، هەزاران بەکولێراو تیفۆس مردوون و هەزارانی دیکەش لەبەر سەرماو برسیەتی[٥٣].

سەیر لەوەدایە لەئەستەمووڵ کەپڕبوو لەمەرگەسات وەکو باسمان کرد، کەچی ئوتێلی ئەفرەنجەکان و گەڕەکەکانی ڕۆم و بیانی تیابوو، ژیانی ئاسایی خۆیان بەڕێوەدەبرد، وەك بڵێی ئەوان هەقیان بەمەسەلەکەوە نییە، هۆڵەکانی دانس وەکو خۆی هاژەی دەهات (دەتبینی بریندارەکان لەسەرما هەڵدەلەرزین و ڕەنگیان شین داگەڕاوو لەئاقارەکانی (بیرا)ش لەسەر ئاوازی مۆسیقاو سۆڕدانی ژنە سەماکەرو پیاوە سەماکەرەکان دەڕۆیشتن، بگرە لەوە ناشیرین ترت دەبینی، دەتبینی خەڵکانێك چاوەڕێی هەواڵی شکستی سوپان تا بەهەموو لایەکدا بڵاوەبکەنەوە، زۆریان لەخۆیەوە دەریدەهێنا)[٥٤].

لەهەندێ لەگوندە بەڵکانیەکانی نزیك مەیانەکانی جەنگ مەرگەساتی خراپتریان لەمەرگەساتی ئاوارەکان بەسەرهات، سەربازەکانی بەلکان و چەتەکانیان لەوێ دابارینە سەر موسڵمانەکان و سەریان دەبڕین، چۆن بیانەوێ ئاوها ژنەکانیان هەتك دەکردن، دیاربوو ئەو سەربازو چەتانە دەیانویست لەتورکەکان تۆڵە بکەنەوە، بۆئەوەی لەرابردوو چییان پێیان دەکرد، بەڵام لەمەدا ئەوانیان ڕەت کردبوو، نووسەرێك لەباسی ئەو



کوشتارانەدا دەڵێ: (ئەگەر ئەو هەواڵانە ڕاست بن کە لەسەربازەکانی بەڵکان لەماوەی پێنج مانگ ئەنجامیانداوە، بەرامبەر ئەوەیە کە باشبۆزغ و سەربازە تورکەکان لەماوەی پێنج سەدە ئەنجامیان داو...)، نووسەرێکی بەریتانی بۆ ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی دەنووسێ و دەڵێ: (لەراستیدا ئەگەر ئەو هەواڵانە ڕاست بن کەپێمان گەیشتووەو هەرگیزیش گومانم لێی نیە کەراست نەبن-ناشیرین ترین کوشتار بەناوی مەسیحیەتەوە ئەنجام دەدرێت، بێگومان بێدەنگیمان لەم پێشێل کاریە گەورانە دەنگدانەوەی خراپی لەسەر هەر موسڵمانێك هەیە، بەهەڵسان و دانیشتنمان دەزانێ ئەنجامی، ئەو کوشتارە ناوخۆیە بچووکانە کەکوردەکان یان ئەلبانەکان پێ هەڵسان[٥٥].

ئەوەی شایانی وتنە هەواڵی ئەو مەرگەساتانە کاریگەریی توندی هەبوو، لەهەموو ناوچە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامدا، دەڵێن زۆربەی موسڵمانەکان لەهیندستان شەوانیان بەگریان و دوعاکردنەوە لەمزگەوتەکان بەسەردەبرد، خەڵکی هەر شارێك بەگوێرەی توانای خۆیان پارەیان کۆدەکردەوەو بۆ ئەستەمووڵ ڕەوانەیان دەکرد، بۆ یارمەتی دانی پەنابەرەکان و یارمەتی دانی سوپای عوسمانی، میسر زیاتر لەهەموو وڵاتە ئیسلامیەکان بەپەرۆش و بەخشندە بوو لەم پێناوەدا، یوسف بوستانی دەڵێ: کەخەڵکانێك دەناسێ بەخەم و پەژارەوە نووستن ئەو ڕۆژی هەواڵی جەنگی لولە برغاز گەیشت[٥٦].

لیژنەیەکیان پێکهێنا بەسەرۆکایەتی میر عومەر تووسون بۆ کۆکردنەوەی پیتاك، نزیکەی چل هەزار (جونێ) کۆکرایەوە، کۆمەڵەی مانگی سووری میسریش حەوت شاندی نارد بۆ ئەستەمووڵ بۆ فریاکەوتنی بریندارو پەناهەندەکان[٥٨].

## کودەتای ئیتیحادی:

لەبەدبەختی ئیتیلافیەکان ئەو مەرگەسات و شکستانە لەکاتی فەرمانڕەوایی ئەوان روویاندا، لە ٣ی کانوونی یەکەم ١٩١٢ لەبەلکان ئاگربەستێك گرێدرا، بەناوبژیوانی دەوڵەتە گەورەکان، پاشان دانوستان لەلەندەن لەنێوان نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی بەلکان بەڕێوەچوو، دەوڵەتانی بەلکان لەسەر وەرگرتنی ئەدەنە سوور بوون، ئەوکاتە ئەم شارە لەلایەن هێزەکانی بەلکانەوە ئابڵووقە درابوو، دەوڵەتی عوسمانیش رەتی کردەوە بیدا بەدەستەوە، خەریك بوو دانووستان بپچڕێت و ئەنجامی ئەوە دیسان هەردوولا جەنگ دەست پێبکەنەوە، ئەو سەردەمە کامیل پاشا سەرۆکی حکومەتی عوسمانی بوو، پیرەمێردێکی لێهاتوو بوو، ئەزموونەکان قاڵیان کردبوو، دیاربوو خۆی لەهەڵوێستێکی حەریج بینیوەوە، ئەو لەرای گشتی دەترسا، لەحاڵەتێکدا رازی بووایە بە بەدەستەوەدانی ئەدەنە، ئەو لەحاڵەتی رەتکردنەوەی لەخراپی ئەنجام دەترسا، ئەنجام گەورە پیاوانی دەوڵەتی بانگ کرد بۆ کۆنگرەیەکی نیشتمانی، تا مەسەلەکەیان لەگەڵ تاوتوێبکات.

لەکۆشکی (دۆڵمە باخچە) لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩١٣ کۆنگرەکە بەسترا، یوسف عزەدین ئەفەندی (جێ نشین) لەگەڵ ژمارەیەك لەمیرو شێخەکانی سیاسەت و سەرکدەکان ئامادەی بوون، بەڵام سەرانی ئیتیحادیەکان ئامادەی نەبوون، سەرەڕای ئەوەیش بانگیش کرابوون، وەك بڵێی لەبەستنی کۆنگرەکە رازی نەبوون، ژمارەی ئامادەبووانی کۆنگرەکە شەست و شەش کەس بوون، هەموویان بە دەستەوەدانی ئەدەنە رازی بوون، تەنها یەکێك نەبێ رازی نەبوو، بۆ رۆژی دواتر ئەنجومەنی وەزیران لەبابولعالی دانیشت بۆ تەماشاکردنی نووسینی وەڵام بۆ لەندەن، وەکو



کۆنگرەی نیشتمانی پەسەندی کردبوو.

کاتێ وەزیرەکان لەناو خۆیان تاوتوێیان دەکرد، لەدەرەوە گوێیان لەخۆپیشاندانێکی وورووژاو بوو، خۆپیشاندەرەکان ئاڵایان بەرزکردبوەوەو سروودی بەجۆشیان دەووتەوەو بەم قسانە هوتافیان دەدا: بژی جەنگ، ئاشتبوونەوەمان ناوێ کەناموسی نیشتمان ریسوا کات، جەنگمان دەوێ، جەنگمان دەوێ کەمایەی شەرەفی نیشتمانە[٥٩]، بڕێك لەخۆپیشاندەران هاتنە نێو ئەنجومەنی وەزیران و هوتافیان دەدا، وەزیری جەنگ (فەریق) نازم پاشا هاتە دەرەوە لێیان تووڕە ببوو قسەی پێکردن، یەکێکیان تەقەی لێکردو کوشتی، وا باوبوو کەبکوژەکە ئەنوەر بەگ بووە.

پاشان تەقە لەنێوانیان دەستیپێکرد، لەبەردەرگا دووان لەخۆپیشاندەرەکان و شەش لەپاسەوانەکان و یاوەرەکانیان کوژران، یەکێك لەخۆپیشاندەرەکان کەئەفسەرێك لەسەدرل ئەعزەم کامیل پاشا چووە پێشەوەو، پێی وت: لەدەرەوەی بابولعالی هەراو هوریایەکی مەزنە، باشتروایە بۆتۆ دەست لەکارکێشانەوەی خۆت بنووسی، سەدرل ئەعزەمیش ناچاربوو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بنووسێ، پاشان لەفەرمانی سوڵتانی دەرچوو بەدامەزراندنی مەحمود شەوکەت پاشا بەسەدرل ئەعزەم و ئەمیش وەزارەتێکی ئیتیحادی پێکەوەنا...

## سەرلەنوێ شکستیەکان:

لە ٣ی شوباتی ١٩١٣-واتا دوای سیازدە رۆژ لەدروستبوونی وەزارەتی ئیتیحادی-جەنگ سەرلەنوێ لەهەموو بەرەکانی بەلکان دەستی پێکردەوەو شکستەکانی سوپای عوسمانی دیسان هاتنەوە، لە ٢٦ی ئەیلوول سوپای بولگاری توانی ئەدەنە داگیرکات، بەوشێوەیە ئابڵووقە درێژخایەنەکەی کۆتایی پێ هێنا، لەوجەنگەدا سەدان تۆپی دەست کەوت و چل هەزار

کەسی بەدیل گرت، هەروەها شوکری پاشا فەرماندەی حامیەکەش خۆی دایە دەستەوە، هەر کەسەرکەوتووەکان چوونە ئەدەنەوە دەستیان بەکوشتن و تاڵان و برۆ کرد، هەروەکو عادەتی سەرکەوتووانە کەوڵاتان داگیردەکەن، رۆژنامەی (لۆکاڵ ئەنزیجەر) لەوەسفی ئەم شارەدا دوای کەوتنی دەڵێ: (ورووژا بوو، هەرابوو، بولگارەکان و رۆمەکان پەلاماری ماڵە موسڵمانەکانیان دەدا، تاڵان و برۆیان دەکرد هەرکەسە بەرگری بکردایە گوللەبارانیان دەکرد، دەتبینی لەشەقامەکان لاشەی کوژراوەکان کەڵەکە کراون[٦٠]، ئازارەکە لەئەستەموول زۆر بوو، هەر کەهەواڵ بەکەوتنی ئەدەنە گەیشت، ئەوروپاش هەمووی هاتە هەژان، دەوڵەتە گەورەکان ترسان بولگاریەکان ئەو سەد هەزار سەربازەی کەسەرقاڵی ئابلووقەی ئەدەنە بوون بنێرن بۆ هێڵەکانی شتاڵجەو، پەلاماری بدەن و بەزۆر بچنە ئەستەموولەوە، بەم جۆرە کێشەیەکی جیهانی دروست دەبێت و چارەسەرکردنی زەحمەت دەبێ، دەوڵەتان خێرا کەوتنە ناوبژی لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکە، لە ٢٣ی ئایار پەیماننامەی ئاشتبوونەوە لەنێوانیان گرێدرا، ئەنجامیش وەزارەتی ئیتیحادی ملکەچی ئەمری واقیع بوو رازی بوو ئەدەنە بداتە دەستەوە، هەروەها لەسەر هەموو ئەو داخوازیانەش کەسەرکەوتووەکان داوایان کردبوو.

ئیتیلافیەکان ئەم هەلەیان قۆستەوەو لەرۆژنامەکاندا دەستیان بەریسواکردنی وەزارەتی ئیتیحادیەکان کرد، چۆن بەو مەرجانە رازی بوو کەتووندترو قورسترە لەو مەرجانەی وەزارەتەکەی کامیل پاشا لەمەوبەر پێی رازی بوو، ئیتیحادیەکانیش وەڵامیان دانەوە: (ئەو دەوڵەتەی دەکەوێتە مەترسیەوە دەبێ بەرگری لەخۆی بکات، مادامێکی رێگای بەرگریکردنی هەیە، تەنانەت ئەگەریش بردیەوە ئەوەی لەدەستیدا بووە بەشانازیەوە دەگەڕێنێتەوە، ئەگەر شکستی هێنا شەرەفی شمشێرەکەی رزگار دەکات و مێژوویش شایەتی ئەوەی بۆ دەدات کەئەوەی توانی کردی[٦١].



## ئیتیحادیەکان دەسەڵات دەگرنە دەست:

لەبەیانی ١٢ی حوزەیرانی ١٩١٣ کاتێک سەدرل ئەعزەم مەحمود شەوکەت پاشا سواری ئۆتۆمبێلەکەی ببوو، دەچوو بۆ بابعولعالی، بینی خەڵکێکی زۆر لەدوای دارەمەیتێکەوە رێدەکەن، ئۆتۆمبێلەکەی سەدرل ئەعزەم وەستا بۆ چاوەڕێ کردنی رەت بوونی، دارەمەیتەکەو ئەو خەڵکەی لەدوایەتی، دارەمەیتەکە رەت نەبوو، بگرە دایانگرتە زەوی و لەپڕ دەستڕێژیان لەسەدرل ئەعزەم کرد، کەوت و یەکێك لەیاوەرەکانی بەکوژراوی بەربووەوە، پاشان ئەوانەی دارەمەیتەکەیان بەرێ دەخست رایانکردو دارەمەیتەکەیان لەزەوی بەجێهێشت، دیاربوو دارەمەیتەکە بەتاڵ بوو.

کاتی خۆی وابڵاوبووەوە گوایە ئیتیلافیەکان ئەو رووداوەیان دروستکردبوو بۆ تۆڵە سەندنەوەی کوشتنەکەی نازم پاشا، بەڵام هەندێ بەڵگە دەریدەخست کەئیتیحادیەکان خۆیان ئەو رووداوەیان دروستکردبوو، یان هەر هیچ نەبێ پێیان دەزانی و رێگەیان لەروودانی نەگرتبوو، بۆئەوەی بیکەن بە (کراسی عوسمان)و لەنەیارەکانیان تۆڵە بکەنەوە، لەراستیدا ئیتیحادیەکان زۆر سوودیان لەکوشتنی مەحمود شەوکەت پاشا وەرگرت، دواجار توانیان دەسەڵات بگرنە دەست و کەس نەوێرێ بەرهەڵستیان بکات.

ئیتیحادیەکان دەستیان بەلێکۆڵینەوەیەکی توندکرد، مەبەستیان راونان و تۆقاندنی نەیارەکانیان بوو، ئەنجام بڕیاری لەسێدارەدانی سیازدە لەسەرانی ئیتیلافیەکان بەتاوانی بەشداریکردن لەکوشتنی مەحمود شەوکەت پاشا دەرچوو، لەنێوان ئەو حوکمدراوانە (داماد ساڵح پاشا) بوو مێردی مونیرە سوڵتان یەکێك بوو لەکچە شازادەکانی خانووی شاهانە،

شازادە چوو بۆلای سوڵتان محەمەدی پێنجەم گریاو پاڕایەوە لەلای، تا لەسێدارەدانی مێردەکەی پەسەند نەکات.

دەڵێن سوڵتانیش لەگەڵیدا دەستی بەگریان کردووە، بەڵام نەیتوانی هیچی بۆبکات، مێردەکەی لەگەڵ ئەوانی تر لەسێدارەدرا، لەکاتێك ئیتیحادیەکان گورزی کاریگەریان لەنەیارەکانیان دەدا، ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتەکانی بەڵکان لەسەر دابەشکردنی ئەو ناوچە بەربڵاوەی داگیریان کردبوو بەرپابوو، پاشان جەنگیان دژی یەکتری بەرپاکرد، ئیتیحادیەکان ئەمەیان بەهەل زانی و فەرمانیان دایە هێزەکانی عوسانی بۆ بەزاندنی ئەو سنوورەی پەیماننامەی لەندەن دایناوبوو، پێشڕەوی بۆ ئەدەنە بکەن و داگیری بکەن، لە ٢٢ی تەمموزی ١٩١٣ ئەنوەر بەسەرکردایەتی هێزەکانی عوسمانی، وەکو رزگارکەرێك چوو ناو ئەدەنەوە، چوونە ژوورەوەی زۆر قەشەنگ بوو، بەسەر سەریەوە ئاڵاکان دەشەکانەوەو تەپڵ لێ دەدراو رێگاکان بەچڵی زەیتوون ڕخرابوون[٦٢]، گەڕانەوەی ئەدەنە بەرامبەر بەنەیارە ئیتلافیەکانیان پاڵپشتی ئیتیحادیەکانی کرد، هەروەها ئەو ریسوایەی تووشی سوپای عوسمانیش بوو، ئەنجامی ئەو شکستە ناهەموارانەی لەشەڕەکانی بەلکان کەم کردەوە...

## ئەنوەری دکتاتۆر:

هەر کەئەنوەر بەگ وەکو رزگارکەرێك چووە نێو ئەدەنە، ئەمەیش چووە سەر ئەو قارەمانیەتەی کەبەر لەدووساڵ لەتەرابولسی رۆژئاوا کردبووی، دەتوانین قارەمانیەتی سێیەم بخەینە سەر ئەم دوو قارەمانیەتە، ئەویش کوشتنی نازم پاشا، گەرچی ئەنوەر لەبەردەم خەڵکی دانی پیا نەدەنا.



زۆر بەسەر گێڕانەوەی ئەدەنەدا تێپەڕ نەببوو، تا ئەنوەر بەگ بووە وەزیری جەنگ و نازناوی (پاشا)ی وەرگرت، پاشان کچە زادەیەکی خواست لەماڵی شاهانە، کەخوشکی ژنەکەی خوا لێخۆش بوو سالح پاشا بوو، ئاهەنگی ژنهێنانەکەی لەکۆشکەکانی ئال عوسمان وێنەی نەبووە، ئەو سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی ئەنوەر لەوچەند ساڵە بەدەستی هێنا، چونکی لەماوەیەکی کورتدا لەئەفسەرێکی بچووکەوە بووە وەزیرو پاشاو داماد-وای لێکرد لەخۆبایی بێ و هەستی دەکرد دنیا لەژێر دەستیدایە، ئەودەمە لەتەمەنی ٣١ ساڵی بوو، قۆزو سمێڵ باپڕ بوو، وێنەیەکی ناپلیۆنی بەدیواری ژوورەکەیەوە هەڵواسی بوو، ئاماژە بوو بەوەی کەئەو ناپلیۆنی تورکیایەو برادەرەکانی بانگیان دەکرد (ناپلیۆنلك) واتا ناپلیۆنی بچووك[٦٤].

لەو سەردەمەدا بەهێزترین سەرانی ئیتیحادیەکان سێ کەس بوون، تەڵعەت و ئەنوەرو جەمال بوو، ئەنوەر لەهەموویان بەهێزتر بوو، بووە زاڵترین کەسایەتی لەئەستەموول، ئەوەی شایانی وتنە ئەنوەر-بائێستا پێی بڵێین ئەنوەر پاشا-مەیلی بەلای ئەڵمانیادا هەبوو، سیستمی سوپاکەی بەدڵ بوو، بڕوای ئەستوور بوو کەسوپایەکە هیچ سوپایەکی تری جیهان ناتوانێ بیبەزێنێت، بۆیە هەوڵی دەدا پەیوەندی لەنێوان ئەڵمانیاو دەوڵەتی عوسمانی تووندوتۆڵ کات، لەکۆتایی ١٩١٣دا ژەنراڵ (لیمان فۆن ساندرس) فەرماندەی ئەڵمانی لەگەڵ شاندێکی سەربازی گەورە گەیشتە ئەستەموول، بۆ رێکخستنی سوپای عوسمانی و مەشق دانی و، بەخشینی دەسەڵاتێکی فراوانی راپەڕاندن پێی، پاشان لەمانگەکانی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ ئەفسەرو تفاق دابارینە سەر تورکیا، دانوستان لەنێوان ئەنوەر پاشاو باڵیۆزی ئەڵمانیا بۆ گرێدانی پەیماننامەیەکی هاوپەیمانێتی لەنێوان هەردوو

دەوڵەتەکە بەڕێوەچوو(٦٥).

هەر کەجەنگی یەکەمی جیهان راگەیەنرا، ئەنوەر پاشاو دەست و پێوەنەکانی توانیان لەهاوشانی ئەڵمانیا بەشداری چەنگەکە بکەن، ئەنوەر پاشا دڵنیابوو کەدەوڵەتی عوسمانی  ئەم جەنگە دەباتەوە، بەسەروەری و سەربەرزییەوەو خۆشی بەمە دەگاتە مەزنترین لەوەی کەمرۆڤ لەمێژوودا پێی گەیشتووە، عەلی فوئاد فەرماندەی تورك، ئاوها وەسفی ئەنوەر پاشا دەکات دوای چاوپێکەوتنی پاش راگەیاندنی جەنگ و دەڵێ: ئەو بەرلەوە لاوێکی رەوشت بەرزبووە، دڵۆڤان، رووخسار ناسك، ئێستاش هەڵگەڕایەوە بوو بەدکتاتۆرو خەیاڵاتی فەرمانڕەوایەکی نەبەزیوی لێ بەدیاردەکەوێت، بەشوشیەکەی نەماوەو سەروچاوی تووڕە بووە، سورە لەسەرئەوەی هەرچیەك قەیسەر کردوویەتی ئەویش بیکات، هەروەها عەلی فوئاد لەسەری دەڕوا: (ئەنوەر پاشا وای دەبینی کەخودا خەڵقی کردووە تاهەموو عادەتێکی دەگمەن لەسەر دەستی ئەو رووبدەن، گومانیشی لەوە نەبوو، وایدەبینی بەخواست و ئارەزووەکانی، ئەو هەموو لەرادەبەدەرانە بهێنێتەدی کە لەسەر دەستی رووبدەن، لەشەڕدا ئەستێرەی فەرمانڕەوایەکی نەبەزی لاوەو ئەرکی ئەوەو بڕوای وابوو کە بەقەزاو قەدەر بۆی هاتووەتە خوارەوە، مەبەستی ئەم ژیانەش ئەوەیە بمرێ و وەکو باسکراوە، بەڵام بەرلەوەی بمرێ دەبێ بەسەرە نێزە هێرشی توندوتیژ بەرێ و بازاڕی مەرگ بەرپاکات، هەموو شتێ دوای هێرشی نێزەکان بۆی ئاسان دەبێ، چونکی مێژووی جیهان نانووسرێتەوە جگە بەسەرە نێزە نەبێت(٦٦).

وڵاتی عوسمانی لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا تووشی ناشیرین ترین و خراپترین ماڵوێرانی بوو، تووشی برسیەتی هات و حورماتەکان پێشێل کران و رەشپۆش و هەتیوو بێوەژن زۆربوون، ئەم هەمووە لەبەرئەوە



بوو ئەنوەر پاشاو هەندێ لەخۆبایی وەکو خۆی دەیانویست سەروەری بۆ خۆیان دروستکەن.

ئەم مەسەلەیەش دەگمەن یان نامۆ نەبوو، زۆربەی کارەساتەکانی مێژوو نەهامەتیەکانی–بەداخەوە–لەبەر ئەم هۆیە دروستبوون!

## -بەشی شەشەم-
## ڕووداوەکانی عیراق لەسەردەمی دەستووردا

لەڕۆژی ٢٤ی نیسان ١٩٠٨ خەڵکی بەغدا لەکوتوپڕ مەسەلەیەك سەرنجی ڕاکێشان، ئەویش پەیابوونی دیمەنی ڕازاندنەوەی دەزگا حکوومیەکان بوو، ئەفەندیەکان لەبزاوتێك بوون قسەیان دەکردو دڵخۆش بوون، ئاڵاکان بەرزکرانەوەو بەخەتێکی پان لەسەریان نووسرابوو (حریت، عدالت، مساوات، اخوت)، خەڵکیش دەیانپرسی چی ڕوویداوە وتیان سوڵتان بەگەڕانەوەی دەستوور فەرمانی داوە، تۆفیق سویدی لەیاداشتەکانی خۆی دەڵێ: ئەو ڕۆژانە خوێندنی دواناوەندی لەبەغدا تەواوکردبوو: خەڵکی عیراق هیچ شتێکیان نەدەزانی دەربارەی ئەو چەمکانەو، تەنها بەشێکیشیان لەواتاکانی نەدەزانی، تەنها چەمك کە لەلای جەماوەر ئاشکرا بوو ئەویش ئەوەیە ئەو سەردەمە نوێیە هەموو موسڵمانێك و ناموسڵمانێك دەکاتە براو، سنوورێك بۆ دەسەڵاتی عەبدول حەمید دادەنێ، ئەوەیش کەس پێی ڕازی نییە[1].

هەردوو گروپەکە بەڕاستی بەڕاگەیاندنی دەستوورەکە دڵخۆش بوون: گروپی یەکەمیان ئەفەندیەکان بوو کەچووبوونە ڕیزی ئیتیحادو تەرەقی پێش لەڕاگەیاندنی دەستوور، یان لەدڵەوە لایەنگری بوون، ئەمانەیش کەم بوون و زۆربەشیان تورك بوون، بەڵام گروپی دووەم دەست و پێوەنی مەلا کازم خۆراسانی بوون، واتا داواکارانی (مەشروتە)، ئەمانەیش کەمینە بوون لەنێوان شیعەدا، لەلای خەڵکی ڕەشۆکی زەندیق بوون، وەکو لەبەشی پێشوو باسمان، کاتێ دۆخی عیراقییەکان بەرامبەر بەڕاگەیاندنی دەستوور



بەدانیشتووانی هەندێ وڵاتی تری عوسمانی وەکو شام و تورکیا بەراوورد بکەین جیاوازییەکی گەورە دەبینین، خۆشی لەعیراق سنووردارو لاواز بوو، بەڵام لەوڵاتانی دیکە بەگشتی توندبوو، هۆی ئەمەیش دەبێ ئەوەبێ کەوڵاتانی دیکە بەململانێی تایەفەگەری توندوتیژ لەنێوان موسڵمانەکان و ناموسڵمانەکان ناسرابوون، بۆیە دیتمان خۆشی بۆ دەستوور دەردەبڕن، بۆئەوەی ئاماژەی پێ بدەن کەبوون بەبرا، بەڵام لەعیراق ململانێی تایەفەگەری لەنێوان موسڵمانەکان خۆیاندا دیاربوو، بۆیە لەڕاگەیاندنی دەستوور هیچیان نەدۆزیەوە، کەتۆزێك نەخۆشی تایەفەگەریەکە لەلایەن کەمکاتەوە.

## ڕزگاربوون لەکۆت و پێوەن:

لەڕاستیدا بەغدا لەکاتی ڕاگەیاندنی دەستووردا دیاردەیەکی دیکەی بەخۆیەوە دی، جگە دیاردەی خۆشی ئەویش دیاردەی لادانە لەڕەوشتی گشتی و ڕزگاربوون لەکۆت و پێوەنی دابونەریت لەلای زۆربەی لاوان، ئەمەیش لەسێ مەسەلەدا دەرکەوت: زۆربوونی چەك و بڵاوبوونەوەی هۆڵەکانی سەماو، تەشەنەکردنی جنێوی ڕۆژنامەگەری، شایەتحاڵێك دەگێڕێتەوە کەئەو ڕۆژانە لەبەغدا چی ڕووی دەداو دەڵێ: بەغدا بووە نیمچە پێشانگایەك بۆ چەکی هەمەجۆر، ئەم چەکانەش لەبەرچاوی پیاوانی حکومەت دەفرۆشران، بۆ هەرکوێ بڕۆیشتبای لەبازاڕەکان ئەو چەکانە دەبینران، زۆربەیان دەمانچەی هەمەجۆر بوون، هەروەها خەنجەرو شمشێرو تفەنگی هەمەجۆریش[2]، دیاربوو ئەشقیاکانی بەغدا وایان هەست کرد کەئەو سەربەستیەی سەردەمی دەستوور هێنای، واتای سەربەستی چەك

کڕین و دەستدرێژی کردنە لەسەر خەڵکی بوو.

دەڵێن یەکێك لەئەشقیاکان ئەودەمەماڵێك دەبڕێ و خاوەنەکەی دەکوژێ، هەر کەدرایە دادگاو حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا درا هاواری کردو نارازی بوو: (ئەو ئازادییە کوا کەوا بانگەشەی بۆ دەکەن!!).

پێی وابوو سەردەمی دەستوور ڕێگەی دەدا بەبێ حیساب ماڵی خەڵکی بدزێ، بەغدایەکان چۆن ورووکانە سەر چەك، ئاوهایش ورووکانە سەر سەماخانەکان، بۆ یەکەمجار دوای راگەیاندنی دەستوور یەکەم شانۆی بەخۆیەوە بینی کە ژن تیا سەما بکات، ئەم ڕووداوەش کۆمەڵی بەغدای بەتووندی هێنایە هەژان، پاشان شاند لەدوای شاندی ژنە سەماکەرەکان لەوڵاتی شام و میسرو تورکیاوە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕوویان کردە بەغدا، وەکو لەبەشی داهاتوودا باسی دەکەین، بەڵام لەمەیانی ڕۆژنامەگەریدا مەسەلەیەك ڕوویدا لەهەندێ ڕووەوە لەوە دەچێ کە لەمەیانی رابواردن و شەقاوەییدا ڕوویدا، لەدوای نەمانی سانسۆر دوای راگەیاندنی دەستوور لەسەر ڕۆژنامەکان، هەرکەسێ بیتوانیبا بنووسێ، ئەگەر سووکە ڕۆشنبیرییەکی هەبووایە دەیتوانی ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك دەرکات...

ئەم جۆرە دەتوانرێ ناوی بنرێ (هەڵچوونی ڕۆژنامەگەریی) لەبەغدا پەیابوو، کەهەڵچوونێکی دەستکردبوو، لەسەر بنەمایەکی نەخشەکێشانی راست دانەمەزرا بوو، خوێنەران لەوماوەیە بەزۆری دەرچوونی ڕۆژنامە ئاشنابوون، هەروەها مردنی زۆربەشیانی دەبینی، زۆرجار خاوەن ڕۆژنامەکە پەنای دەبردەبەر جنێوی ناشیرین، یان بەرهەڵستکاریەکی توونە تا بۆ ماوەیەك رەواج بەڕۆژنامەکەی بدات.

هەندێ لەپیاوماقووڵان ناچاربوون بەوپارەیەی دەیاندا بەناوی بەشداربوونەوە، تادەمی ڕۆژنامە (ناکەسبەچەکانیان) پێ داخەن، لەراستیدا



بۆ داپۆشین پەرتیل بوو، (ڕۆفایل بەتی) باسی ڕۆژنامەگەری دەکات لەوسەردەمە لەبەغداو دەڵێ: زۆربوونێکی لەرادەبەدەر لەژمارەی ڕۆژنامەکان لەگەڵ کەم شارەزایی و لێزانی لەلای نووسەرەکانیان، وای لێکردن لەنووسینەکانیاندا تووڕەبن، بەتایبەتی لەجەدەلی سیاسی و حیزبیدا ئەوەبوو موهاتەراتی کەسایەتی وای لێ پەیابوو (مایەی شەرمەزاری) بوون، ئەمەیش وای لەکۆنەپەرستان کرد بکەونە سەر نێچیرێکی ساردو لەکولانەکانی خۆیان هاتنەدەرێ و بەرامبەر بەئازادی ڕۆژنامەگەری ناڕەزاییان دەردەبڕی[٣].

## <u>ڕووداوێك لەبەغدا</u>:

کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی نوێنەرانی خۆی نارد بۆ عیراق-وەکو چۆن دەیناردن بۆ وڵاتانی دیکەی عوسمانی-بۆ کردنەوەی لقەکانی کۆمەڵە لەوێ.

لقی کۆمەڵە لەبەغداو بەسراو مووسڵ و نەجەف و حلەو کەربەلاو شارەکانی دیکەی عیراق کرایەوە، کردنەوەی لق لەهەر شارێك بەئاهەنگی گەورەو وتارو شیعر خوێندنەوە بەڕێوە دەچوو، حکومەت دەم سپی و سەرۆك خێڵەکانی هاندەدا بۆ چوونە ریزی لقەکانی کۆمەڵەوە.

ئەوانە زۆر بەپەرۆشەوە دەچوونە ریزەکانیانەوە، وەکو چۆن عادەتیانە لەهەموو مەسەلەیەکدا دەبینن ریایە بۆ حکومەت و بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەو، بۆیە تەماشادەکەین لەماوەیەکی کورتدا لقەکانی کۆمەڵەکە لەهەموو شارەکان گەورە دەبوون، (عومەر فەوزی مەکتوبی زادە) سەرۆکی لقی بەسرا دەگێڕێتەوە: داواکانی هاتنە ریزی لقەکانەوە پەیتا پەیتا دەهاتن، بەجۆرێك کاتی ئەوەیان بوو وردبینی لەو داواکاریانە بکەن[٤]، لقی

بەغدا گەورەترین لقی کۆمەڵەکە بووە (موراد بەگ سلێمان) سەرۆکی بوو، رۆژنامەیەکی بەناوی (بەغداد)ەوە دەرکرد، لەئەندامانی لقی بەغدا هەردوو شاعیری ناسراو جەمیل سدقی زەهاوی و مارف رەسافی بوو، هەر کەئاهەنگی کردنەوەی لقەکە سازکرا زەهاوی شیعرێکی خوێندەوەو هێرشی کردە سەر زۆردارەکان کە، گەلیان بەقەمچی بەڕێوە دەبردو ستایشی دەستووری کرد کەدادپەروەری بەدیهێنا[٥].

ئەو سەرکەوتنەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لەدامەزراندنی لقەکانی لە عیراق بەدەستی هێنا بەبێ هەندێ گیروگرفت نەبوو، هۆی ئەوەیش سووربوونی هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵەکەو پەرۆشیان بوو، بۆنموونە لە بەغدا (سامی ئەفەندی ئۆرفەلی) وتارێکی دا لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی کۆمەڵەکە خوێندەوەو هێرشی کردە سەر ئەشراف و پیاوماقووڵانی بەغدا، ئەوانەی لەسەرەتای سەردەمی نوێدا هەستیان بەبێزاری دەکردو، سۆزدار بوون بۆ سەردەمی لەناوچوو، سەید عەبدولڕەحمان نەقیب و، عیسا ئەفەندی جەمیل و، عەبدول رەحمان پاشا حەیدەری و، محەمەد فازڵ پاشا داغستانی و، کازم پاشاو، جەمیل ئەفەندی ئەمینداری ئیدارەو، مەلا نەجمەدینی واعیزو شێخ عەبدول وەهاب نائیب و، براکەی شێخ سەعید نەقشبەندی و، شێخ مستەفا شارەبانی و کەسانی دیکەو، کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بەناوی (المشور)، ئامانجی ئاشکرای بەرگری کردن بوو لە شەریعەتی محەمەدی و، بەرهەڵستکاری بیروباوەڕی نائایینی، بەڵام ئامانجی راستەقینەی بەرهەڵستکاری کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوو، خەتیبی کۆمەڵەکە شێخ مستەفا شارەبانی بوو، کوێرو حافزبوو، لەمزگەوتەکان خوتبەی بەناوی غیرەت لەسەر ئایین بەجۆشی دەداو خەڵکی دەوروژاند.

بۆ بەگژاچوونەوەی رۆژنامەنووس عەبدول لەتیف ثنیان خاوەنی رۆژنامەی (الرقیب) لێی هاتە دەنگ، ئەوەبوو لەرەخنەکردنی کۆمەڵەی



(المشور) نووسینی توندی دەنووسی، بووە هۆی پەیابوونی پشێوی لەکۆمەڵگای بەغدایدا، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨ز- بەرامبەر بە ١٧ی رەمەزانی ١٣٢٩ك- یەکەم بڵێسەی ئاگرکەوتەوە، پوختەی رووداوەکە کۆمەڵێك لەئیتیحادیەکان کەعەبدول لەتیف ثنیان و مارف رەسافی و جەمیل سدقی زەهاویان تیابوو، چوونە مزگەوتی (وەزیر) کەدەکەوێتە بەرامبەر سەرا واتا قشڵە، خەڵکی نوێژی عەسریان دەکرد، رەسافی لەسەختی مزگەوتەکە چووە سەر کورسیەك کە لەوێ بۆی دانرابوو، بەیاننامەیەکی خوێندەوە کەکۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لەسیلانێك بۆ بەغدا رەوانەی کردبوو، رەسافی و هاوڕێکانی هەر کە لەمزگەوتەکە چوونە دەرەوە، پڕوپاگەندەیەك بڵاوبوەوە، دەیووت: ئیتیحادیەکان سوکایەتیان بەئایینی ئیسلام کردووەو رەسافی قورئان خوێنەکەی بێدەنگ کردووە بۆئەوەی بەیاننامەکەیان بخوێنێتەوە.

لەرۆژی دواتر خۆپیشاندانێك دەستپێکرا لەپێشەوەی تەپڵ بوو، ئەنجا غەوغاکان و منداڵان بوون، بەبازاڕەکاندا دەسووڕانەوەو هاواریان دەکرد: (ئەی محەمەد دین و ئایین)، یەکسەر بازاڕەکان لەترسی دزی و تاڵانی داخران، زەریف ئەعزەمی لەکتێبەکەیدا: (پووختەی مێژووی بەغدا) دەڵێ: (بەڵام ئەو شۆڕشگێڕانە کاتێ بانگیان دەکرد (ئەی محەمەد ئایین) لەرێگای خۆیاندا هەرچیان بەرچنگ کەوتایە لەسەر سەری فرۆشیارەکان دەیاندزی و، هەر چیەکیان لەدوکانە کراوەکاندا بەرچاوکەوتایە، دزیان لەهەندێ جوولەکە کرد، تەنانەت دەست درێژیان کردە سەر کاروانێك لەکوردستانەوە بۆ بەغداد هاتبوو، بەبازاڕی سەرادا تێپەڕی تاڵانیان کردو کردەوەی زۆر بێ ئابڕوییان ئەنجامدا، پاشان خۆیان بەسەرادا کردو لێی دەچوونە دەرەوەو داوایان دەکرد حوکمی شەریعەتی ئیسلام بێ و دەستوور هەڵبوەشێتەوە[٦]، ئەو رۆژانە نازم پاشا بەوەکالەت والی بەغدا بوو-ئەم ئەو والیە سەربازییە

نییە کەناوی سەرهەنگ نازم پاشا بوو کەدوای ئەوە–فەرمانڕەوای عیراق– دەرچووە دەرەوە بۆ خۆپیشاندەرەکان و بەڵێنی دانێ وەڵامی داواکانیان بداتەوە، ئاوڕیان لەقسەکانی نەدایەوەو لەهەراو هوریای خۆیان بەردەوام بوون، والی هەندێ لەپیاوماقووڵی ناردە لایان تا قەناعەتیان پێ بهێنێ بەجێبەجێکردنی ئەوەی بەڵێنی پێداون، ئەوانەش چوونە لای خۆپیشاندەرەکان لەقشڵەو هەوڵیاندا هێوریان کەنەوە، هەروەها والی بڕیاریدا بۆ دڵدانەوەیان، ئەو دوو پیاوە بۆ پۆلیسخانە هێنران، پاشان بەرەڵاکران دوای ئەوەی سەلمێنرا ئەوەی لەبارەوەیان وترابوو درۆ بوو، هەموو خۆپیشاندەرەکان ئەنجام بڵاوەیان لێی کرد دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکەیان چەند سەعاتی خایاند)[٧].

## ڕووداوێکی دیکە لەحلە:

لەحلەش ڕووداوێک ڕوویدا لەچەند ڕوویەکەوە لەڕووداوەکەی بەغدا دەچوو، پوختەکەی ئەوەیە یەکێك لەئەفسەرەکانی ئەندامی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لەحلە ناوی حەمدی ئەفەندی کوڕی حەنووف بوو، ڕۆژێکیان بۆ کۆمەڵێ خەڵکی وتاری دابوو باسی زۆرداریەکانی سەردەمی لەناوچوو کردبوو چ گەندەڵیەك لەدەزگای دەوڵەت هەبووە، پاشان لەکۆتایی وتارەکەی وتبووی: (ئەمە دەوری ئازادی و یەکسانی و برایەتیەو ئێوەو جوولەکەکان بوونە برا، جیاوازی لەنێوان موسڵمان و جوولەکەدا نییە، خەڵکەکە هەژان و بووە غەڵبە غەڵب و، هەواڵەکە گەیشتە خەڵکی ڕەشۆکی و، کەوتنە گەڕان بەدوای ئەفسەرەکەوە تابیکوژن، بەڵام نەیاندۆزیبووەوە، ئەوەبوو ئەفسەرەکە تەمێ نەبوو بوو، بەڵام بەماوەیەکی کورت دوای ئەوە گەڕایەوە سەرئەوەی یەکەمجار کردبووی، لەچایخانەیەك دانیشتبوو



دەربارەی ئازادی و چاکەکانی قسەی دەکردو ڕەخنەی لەئاهەنگەکانی لەدایکبوونی محەمەدو کۆڕەکانی پرسەی حوسەینی دەگرت، پاشان وتی: موفتی وەکو مەترانی نەسرانی وایەو سەید قەزوینی وەکو حاخامی جوولەکە وایە، هەر کەهەواڵەکە گەیشتە سەید محەمەد قەزوینی زۆر تووڕە بوو، فەرمانیدا بەوازهێنان لەپرسەی حوسەینی تا ئەو کابرایە بەسزا نەگات.

ئیمامێکی مزگەوتی سوونەش عەبدول سەلام حافیز وایکرد، دەرگای مزگەوتەکەی داخست و بڕیاریدا لەمڕۆ بەدواوە نوێژ نییە تا دادپەروەری ڕێگای خۆی دەگرێ، خەڵکی حلە وورووژان و هەریەکەو چەکی هەڵگرت و پەلاماری قشڵەکەیان دا، دەیانویست ئەفسەرەکە بکوژن، خەڵکی بۆماوەی حەوت ڕۆژ دوکانەکانیان داخست، غەوغایەکان پەلاماری یانەی کۆمەڵەکەیان داو، هەرچی کەلوپەلی تیابوو تاڵانیان کرد.

شارەکە هێور نەبووەوە تائەفسەرە دەستگیر نەکراو بەرەو بەغدا ڕەوانە کرا، ناوەندی کۆمەڵەکە لەسیلانیك نوێنەرێکی خۆی ڕەوانەکرد، ناوی عومەر فەنی یوزباشی بوو، بۆ لێکۆڵینەوە لەمەسەلەکە، هەر کەنوێنەرەکە گەیشتە حلەو لەمەسەلەی کۆڵیەوە، بڕیاریدا بەهەڵوەشاندنەوەی لقی کۆمەڵەو دامەزراندنی سەرلەنوێ بەئەندامانی ئەشراف شارەکەو کەسایەتیەکانی، ئەنجام لقەکە بەسەرۆکایەتی موفتی دامەزراو سەید محەمەد قەزوینیش بووە جێگری، ئەوەبوو هەزاران لەخەڵکی حلە چوونە ڕیزی لقەکەوە، پاشان بروسکەیەك لەناوەندی کۆمەڵەوە بۆ موفتی و قەزوینی هات و سوپاسیان دەکات بۆئەوەی لەپێناوی کۆمەڵەکەدا کردوویانە[٨].

## هەڵبژاردنی نوێنەران:

دوای راگەیاندنی دەستوور فەرمانی سوڵتانی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەرجەم وڵاتی عوسمانی دەرچوو.

لەپاییزی ١٩٠٨ لەعیراق هەڵبژاردن کرا، لەراستیدا هەڵبژاردنی راستەقینە نەبوو، بەڵکو وێنەیی بوو، وەکو دامەزراندن وابوو، لقەکانی کۆمەڵە توانیان لەهەموو شارەکانی عیراقدا بەتەواوی دەست بەسەر سەندوقەکانی دەنگداندا بگرن، ئەو دەمە لەعیراق جگە خەڵکێکی کەم نەبێ نەیاندەزانی هەڵبژاردن چییە، پێم وایە خەڵکی رەشۆکی ترسابن کەهەڵبژاردن فێڵێکی حکومەت بێ بۆ سەربازی کردنی زۆرەملێ یان باج وەرگرتن یان شتێکی لەوجۆرە، ئەوان بڕوایان نەهات کەحکومەت نوێنەری خەڵکی بۆ سەرکۆنەکردنی حکومەت و چاودێری کردنی دەوێ، ئەوەیش لەدیدی ئەواندا شتێکی ماقووڵ نییە، بەڵام دەم سپییەکانی شاران و سەرۆك عەشیرەتەکان، ئەوانەی لەهەڵبژاردن بەشداربوون، ئەوانەی لەبەر ریایی بۆ حکومەت بێگومان ئەوەیان کرد، سەید ئیسماعیل واعیز باسی هەڵبژاردن دەکات، وەك بڵێی خۆی دیویەتی و ئەمەیش دەقەکەیەتی: (ئەم هەڵبژاردنە پایەیەکی مەزنی هەبوو، چونکی بەتەواوی بەهەموو واتایەکەوە ئازادبوو، تەنانەت باوکم هەڵبژێردرا بۆ بەغدا، لەدیوانیەوە بۆ دیوانیەو باشتر دیوانیەی هەڵبژارد[٩]، شاراوە نییە ئەم شایەتیە هەڵقوولاوی سۆزداری بوو نواندنی راستی نییە، ئەگەر باوکی ئەم کابرایە لەهەڵبژاردن دەرنەچووایە شایەتیەکەی جۆرێکی دیکە دەبوو، لەمانگی تشرینی دووەم هەڵبژاردن تەواوبوو، ئەم ناوانە بردیانەوە لەگەڵ پاراستنی نازناوەکانیان: ئیسماعیل



حەقی بابان و عەلی ئالووسی و ساسۆن حسقێل-لەبەغدا، شەوکەت رەفعەت و مستەفا واعیز-دیوانیە، عەبدول مەهدی حافز-کەربەلا، تالیب نەقیب وا حمد زوهێر-بەسرا، رەئفەت سەنەوی و خدر لوتفی-مونتەفیك- محەمەد عەلی فازڵ و داوود سوسفانی-موسڵ-مەلا سەعید کەرکوکلی زادە-سلێمانی-عەلی حاجی مستەفا قیردارو سالح نەوتچی-کەرکوك- عەبدول موحسین سەعدون و عەبدول مەجید شاوی، عیمارە[١٠]، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم لیستە ناوی پیاوێکی شیعەی تیایە عەبدول مەهدی حافز کەنوێنەر کەربەلا بوو، ناوی پیاوێکی جوولەکەشی تیابوو، ساسۆن حسقێل نوێنەری بەغدا بوو، ئەم مەسەلەیەش لەسەردەمی حەمیدی رێگەی پێ نەدەدرا، بەڵکو ئیتیحادیەکان رێگەیان پێی دا بۆئەوەی بیسەلمێنن کەئەوان سەردەمێکی نوێیان دەستپێکردووە، جیاوازی لەنێوان خەڵکیدا لەسەر بنەمای مەزهەبی یان ئایینی ناکەن، لەدیدی ئەوان هەموو وەکو یەك وان، رۆژی ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ کاتی بەرێکەوتنی نوێنەران لەبەغدا، شارەوانی چادرێکی گەورەی لەنزیك گۆڕستانی شێخ مارف لەبەری کەرخ بۆ بەرێکردنیان هەڵدا، لقی کۆمەڵەش خوانێکی گەورەی نان خواردنی سازدا، پیاو ماقووڵانی بەغداو گەورە فەرمانبەرەکانی ئامادەی بوون، والی بەغداش بەوەکالەت محەمەد فازڵ پاشا داغستانی ئامادەی بوو، سەربازەکان ریزبوون و مۆسیقا لێدرا، نوێنەری دیوانیە سەید مستەفا ئەفەندی واعیز وتارێکی خوێندەوە کەدەبێ نوێنەر چی بکات و ئەوکەسەیە نەتەوە بڕوای خۆی داوەتێ، پاشان بۆئەوە سوپاسی نەتەوەی کرد[١١]، نوێنەرەکان بەغدایان بەجێهێشتوو لەرێگای ئاوی فوراتەوە روویان کردە ئەستەموول، مارف رەساڤی شاعیریان لەگەڵ بوو، چونکی خاوەن رۆژنامەی (اقدام) بانگێشتی کردبوو بۆئەوەی بۆ دەرکردنی رۆژنامەکەی بەزمانی

عەرەبی یارمەتی بدات[١٢]، دوای بیست و چوار ڕۆژ نوێنەران گەیشتنە ئەستەموول، ئەنجومەن بەر لەگەیشتنیان بە چل ڕۆژ کرابوەوە، دەستیان بەبەشداری کرد لەدانیشتن و گفتوگۆکانیاندا.

## دەنگدانەوەی لەکارخستنەکە لەعێراق:

هەر کەسوڵتان عەبدول حەمید لەنیسانی ١٩٠٩ لەسەر کار لابرا هەواڵەکەی گەیشتە عێراق، دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، سوڵتان عەبدول حەمید لەدڵی عێراقیەکاندا ڕێزێکی هەبوو، وەکو پیرۆزیی وابوو، تۆفیق سویدی لەیاداشتەکانی خۆیدا دەڵێ: زۆربەی نوێژکەران لەمزگەوتەکان دەستیان بەگریان کرد هەر کەناوی سوڵتانی نوێ محەمەدی پێنجەمیان بۆ یەکەمجار بیست[١٣]، سەید ئیسماعیل واعیز دەگێڕێتەوە کەچی لەحلە روویدا، موفتی و سەرۆکی لقی ئیتیحادو تەرەقی بوو لەوێ و دەڵێ: لەنیوەشەودا بروسکەیەکی بۆهات لەلابردنی سوڵتان عەبدول حەمید ئاگاداری دەکاتەوە، بۆ بەیانی سەرا پڕبوو لەفەرمانبەران و خەڵکی، ڕۆژێکی دیاربوو، دوای ئەوەی بەم بۆنەیەوە بروسکەکەی خوێندەوە دوعای کردو بەم ئایەتە دەستی پێکرد: (قل اللهم مالك الملك تؤتي الملك من تشاء وتنزع من تشاء وتعز من تشاء وتذل من تشاء، بيدك الخير انك على كل شي قدير).

خەڵکی زۆر بەتاڵیەوە دەستیان بەگریان کرد[١٤]، لەڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی (بەغدا) دەرچوو، زمان حاڵی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوو، وردەکاری هەواڵەکەی تیابوو، خەڵکی بەغدا بەشێوەیەکی بێ وێنە چوون بەپیریەوە، تا ئەودەمە سێ هەزار دانەی لێ فرۆشرا، ئەمە ژمارەیەکی پێوانەیی بوو



سەبارەت بەڕۆژنامەیەکی عیراقی لەوسەردەمەدا[١٥]، ئەوەی شایانی وتنە مەحمود شەوکەوت پاشا کەدەستێکی باڵای هەبوو لەلابردنی سوڵتان عەبدول حەمید خەڵکی بەغدا بوو، کوڕی سلێمان فایەق و برای مراد سلێمان و حیکمەت سلێمان بوو، دەتوانرێ بووترێ کەزۆر لەبەغدایەکان هەستیان بەشانازی کرد، کاتێ زانیان پیاوێك لەخۆیان ئەوکارە مەزنەی ئەنجام داوەو توانی سوڵتان لابەرێت، دەڵێن هەندێ لەئەشقیاکانی بەغدا لەچایخانەکانی گەڕەك دادەنیشتن و سمێڵیان بادەداو شانازیان بەوەوە دەکرد کەپاشا کوڕی گەڕەکی خۆیانە، بەداخ بوون بۆ لابردنی سوڵتان، بەڵام لەهەمان کاتدا پێیان خۆش بوو بەلابردنی لەسەردەستی یەکێك لەخۆیان...

مەحمود شەوکەت پاشا لەپاشماوەی مەملوکەکان بوو لەبەغدا–واتا بەرەچەڵەك چەرکەسی بوو، بەڵام خەڵکی بەهەڵە وایان دەزانی عەرەبەو لەنەوەی عومەری کوڕی خەتابە، هۆی ئەم هەڵەیەش مەحمود شەوکەت پاشا کوڕە پووری هادی پاشا عومەری بوو، خەڵکی پێیان وابوو دەبێ وەکو کوڕە پوورەکەی عومەری بێ، ئەم هەڵەیە لەعیراق و وڵاتانی دیکەی عەرەب ڕەواجدار بوو، شەوقی شیعرێکی لەمەدحی مەحمود شەوکەت پاشا نووسی و باسی دەکا: (کوڕی مەردی لەنەوەی عومەر)[١٦].

شاعیرێکی دیکەی عیراقی وەکو ئەوی کردو ئاوها مەحمود شەوکەت پاشا وەسف دەکات: (شوێن پێ هەڵگری عومەری باپیرەیەتی)[١٧]، ئەوەبوو ڕۆژنامەی (الرقیب)ی بەغدایی بۆ چاك کردنی ئەم هەڵەیە ئاگاداریدا، کەمەحمود شەوکەت پاشا عومەری نییە ئەگەریش ئەو قارەمانیەتە مەزنەشی ئەنجام دابێ!..

## هاتنی والیەکان یەك لەدوای یەك:

نازم پاشا والی بەغدا بەوەکالەت کاتی راگەیاندنی دەستوور وەکو لەمەوبەر باسمان کرد، دوای چەند مانگێکی کەم ئەم پیاوە بۆ ئەستەمووڵ داواکرا، تا ببێ بەوەزیری دارایی، لەولایەتی بەغدا، نەجمەدین مەلا بەگ جێگای گرتەوە، وەلێ ئەم والیە تەنها پێنج مانگ لەپلەکانی مایەوە، پاشان بۆ ئەستەمووڵ داواکرا تا ببێ بەوەزیری دارایی دوای کوشتنی نازم پاشا کەزۆر خۆشی نەبینی لەوەزیریەکەی، چونکی بووە یەکێك لەقوربانیەکانی رووداوی ٣١ی مارت، لە ٩ی ئابی ١٩٠٩ والی نوێ شەوکەت پاشا گەیشت و ئەندازیارێکی سەربازی بوو، لەبەغدا ناوبانگی باش نەبوو، نووسەری عیراقی ئیبراهیم ساڵح شوکر دەڵێ: (رادەبەدەر ساویلکە بوو، لەتەگبیری کاروباردا لاواز بوو، بووە (یاری) دەستی ئیتیحادیەکان و گەمەیان پێی دەکرد، بەڵام بۆ ئازاردانی ئەوانەی رقیان لێیان بوو، بۆ دابینکردنی خێر بۆ هەر کەسێ لەم خێرو بێرەدا کەم نەبوو[١٨]، موفتی دیوانیە سەید ئیسماعیل واعیز دەربارەی شەوکەت پاشا وێنەیەکی دیکەی پێ داوین و دەڵێ: (ئەم کابرایە خودا لە لەشدا دەسەڵاتی داوەتێ، بەڵام هیچ نازانێ و بێ سەروبەرە، نموونەیەك دێنمەوە ئەوەیش ئەوەیە من روخسەتم لەشێخ داریەتی خواست و هاتم بۆ بەغدا، دیاریشە دەبێ بچم بۆ ولایەت و چاوم بەوالی بکەوێت، لەکاتی چاوپێکەوتنمدا سەید ئەحمەد فەندی لەوێ بوو، هەروەها سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی منیان بەوالی ناساند، ئەویش رازی ببوو، چاوەڕێ بووم کەچ پرسیار سەبارەت بە لیوای دیوانیەو بارودۆخی سیاسیو ئابووری و شتی لەوجۆرە هەیە، دوای تێپەڕبوونی نیو سەعات،



دیتم والی هیچ قسە ناکات، تەنها بەنووسینەوە خەریکە، ئاوڕی لەنووسینەکە دایەوە کەپێوەی خەریك بوو، لێوەی نزیك بووم، دیتم دەسڕێتەوەو ژمارە دەنووسێ، وەك بڵێی دەیەوێ کاتی خۆی بەسەر بەرێ، بێ ئەوەی هیچ سوودێکی هەبێ، هەڵسام و پێی وتم: (سوکەڕە گۆر شورز) واتا جارێکی تر دەتبینم، بیرم کردەوە جارێکی تر بگەڕێمەوە، دوای دوو رۆژ رۆیشتم، کاتێ چوومە لای لێی پرسیم: (خواجە ئەفەندی نەئستیۆر سکز) واتا مەلا چیت دەوێ؟ وەڵامم دایەوە کەموفتی دیوانیەم و فەرمانتان دابوو چاوت پێم بکەوێ، بێدەنگ بوو، دوای تۆزێك پێی وتم: (بیردها گۆر شورز) واتا جارێکی تر یەکدی دەبینینەوە، تێگەیشتم کە والی لەو وشەیە زیاتر هیچ نازانێ)[١٩].

## سەرهەنگ نازم پاشا:

دیارە عیراق لەسەردەمی والی شەوکەت پاشادا ئاژاوەو یاخی بوونی خێڵەکی تیا بڵاوببوەوە، نوسەری عیراقی ئیبراهیم ساڵح شکور لەوەسفی دۆخی عیراقدا دەڵێ: (ئاژاوە بەربڵاوە لەعیراق، ئاسایشی گشتی لەهەموو لایەکیەوە شێواوە، خێڵەکانی (هەمەوەند) لەدەوروبەری کەرکوك و سلێمانی و خێڵەکانی (مونتەفیك) ئاڵای یاخی بوونیان هەڵکردووەو، گاڵتە بەدەسەڵات دەکەن و، خێڵەکانی دیوانیەش یاخی بوون و بەئاشکرا گاڵتە بەحکومەت دەکەن و باج و خەراجی ئەمیری نادەن و، خێڵەکانی (بەنی لام) لەکوتەوە تاعیمارە رێگا لەپاپۆڕو ئامێرەکانی گواستنەوە لەرووبار لەنێوان بەسراو بەغدا دەگرن و، سەعدون پاشای ئەلسەعدوون خۆی کردووەتە پڵنگ لەبیابان و پەلاماری ئێرەو ئەوێ دەدات و، حکومەت نیگەران دەکات

و، ئازاری پیاوەکانی دەدات، بەڵام ناتوانێ بەرپەرچیان بدەنەوەو، یان رووداوەکان کەم کەنەوە، پاشان ئاسایش لەبەغدا زۆر شێواوە، هەموو شەوێك دزەکان رووبەڕووی دەرەك و پۆلیس و پاسەوانەکان دەبنەوە، خەڵکی لەبەر دەنگی باروت و گیزەی گوللە لەخەو رادەپەڕن، پاسەوان و ئێشکگرەکانی شەو بەهاواری فریاکەوتن و یارمەتی دان و بەهانا هاتنەوە وەڵامیان دەدەنەوە[٢٠]، حکومەتی عوسمانی بڕیاریدا شتێك بۆ چارەسەری ئەو دۆخە سەختەی عیراق بکات، پیاوێکی توندوتیژی لەجۆری تایبەت دامەزراند، سەرهەنگ حسێن نازم پاشا بوو، سەرکردایەتی سوپای کۆکردەوە، هەروەها هەردوو ولایەتی بەسراو مووسڵی خستەسەر، سەرەڕای ولایەتی بەغداو، دەسەڵاتێکی فراوانی داپێی کەوالیەکانی بەر لەئەو نەیانبووە، روخسەتی پێدا بۆ خەرج کردنی چل هەزار لێرە زیادەی ساڵانە تاپێویستی خۆی پێ دابین کات بۆ چاککردنی وڵات و خەرجکردنی دیکە، لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٠٩ بروسکەیەك لەئەستەمووڵەوە بۆ شەوکەت پاشا هات فەرمانی گواستنەوەی پێ رادەگەیەنێ لەبەغداو دواى لێدەکات بەوەکالەت ئیش و کاری ویلایەتەکە بەڕێوەبەرێ، تاهاتنی والی نوێ، دوای دوو رۆژ رۆژنامەی (الرقیب)ی بەغدایی بروسکەیەکی بڵاوکردەوە کە بەنوێنەری کەربەلا حاجی عەبدول مەهدی حافزەوە هاتبوو، مژدەی دامەزراندنی نازم پاشا بەخەڵکی دەدا، پروپاگەندە لەبەغدا بڵاوبوەوە سەبارەت ئەم والیە بەعەزم و حەزمەو ئەو کردەوە مەزنانەی کە لەعیراق ئەنجامیان دەدا.

هەستیاران پێیان وایە هەندێ فەرمانبەری تورکەکان، ئەوانە ئەو پروپاگەندانە لەنێو خەڵکی بڵاودەکەنەوە، بۆ رێگە خۆشکردن بۆ هاتنی نازم پاشاو، دروستکردنی ئەفسانە سەبارەتی، ماوەیەکی درێژ تێپەڕبوو بەر لەگەیشتنی نازم پاشا بۆ بەغدا، ئەمەیش بووە زیادکردنی هاش و هۆش



سەبارەتی، لەنیوەی مانگی نیسانی ١٩١٠ رۆژنامەکانی بەغدا دەنگ و باسی بەرێکەوتنی نازم پاشایان بەرەو بەغدا قۆناغ بەقۆناغ بڵاوکردەوە، لە ٦ی ئایار نازم پاشا لەرێگای فەلووجەوە گەیشتە بەغدا، کەژاوەیەکی رازاوەی لەگەڵ بوو، بریتی بوو لەچەکی نوێ و کۆمەڵێ ئەفسەرو پزیشك و سەربازی چاك، پێشوازییەکی زۆر قەشەنگی بۆکرا، تادەیانووت شارەوانی حەوت هەزار قرشی بۆ پێشوازی کردنی خەرج کردبوو، بۆ رۆژی دواتر نازم پاشا نوێژی هەینی لەمزگەوتی شێخ عەبدول قادر کرد لەگەڵ والی پێشوو، دوای دوو رۆژ لەقشڵە ئاهەنگ بەخوێندنەوەی فەرمان سازکرا، مایەی سەرنج بوو کەفەرمانەکە لەفەرمانەکانی دیکە جیاواز بوو، هیچ نازناوی گەورەو ناتۆرەو مەدحی تیا نەبوو، ئەوە یەکەم فەرمان بوو دەردەچێ، دوای دەرچوونی یاسای نوێ، کەبەو پێیە دەربڕینی زل کردن و نووسراوی رەسمی قەدەغەکرد، پاشان شاعیران دەستیان بەشیعر وتنی مەدحی والی و بەخێرهاتنی کرد، لەوانە شێخ محەمەد سەماوی، عەبدول مەسیح ئەنتاکی و مامۆستا داوود سلێوەو هیجری دەدە کەرکوکلی و وەستا عەلی بەنا[٢١].

سەرهەنگ نازم پاشا لەوالی پێشووی شەوکەت پاشا کورتەباڵاتر بوو، بەڵام کەسایەتی لەو بەهێزتر بوو، بەویقارو نیگایەکی هەبوو هەیبەتی دەخستە دڵانەوە، عەلی جەودەت ئەیووبی کە لەلای ئەفسەر بوو دەڵێ: (لەدیسپلینی سەربازی توندوتیژ بوو، بەزەیی بەو ئەفسەرەدا نایەتەوە کە لەلای ئەوە، ئەگەر دەقیقەیەك دواکەوێ، قوربەسەری ئەگەر بێتو ئەرکەکەی پشتگوێ خات، هەوڵی رۆژانەی زۆرجار پازدە سەعاتی دەخایاند، گوێی نەدەدا هەر کەدەیبینی هەندێ لەسەربازە تورکەکان دەکەوتن و، لەبەر تینی گەرما لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکی فێرکردن و راهێنان هەرەسیان دەهێنا، بەتایبەتی لەهەردوو مانگی تەممووزو ئابدا لەبەغدا لەسەعات دەو یازدەی بەیانی[٢٢].

ئەوەی جێگای سەرنجە نازم پاشا لەکاتێکدا توندبوو بەرامبەر بەژێردەستەکانی، لەهەمانکاتدا لەبەردەم تاکەکانی گەل خۆی بەبێ فیز دەردەخست.

گالیسکەکەی ڕێگاکانی بەغدای دەبڕی بێ ئەوەی کاروان یان حاشیەی لەگەڵ بێ، بەپێچەوانەی والیەکانی دیکەوە(٢٣)، ئەم ڕەوشتە کاری کردبووە سەر دڵی بەغدایەکان، بۆیە خۆشیان ویست و لەبارەی مەدح کردنی زیادەڕۆییان دەکرد، سەرباری ئەوەش موجامەلەی پیاوانی ئایینی دەکردو لەبەردەم خەڵکی دەستی ماچ دەکردن، وای کرد ناویان زۆر دەهێنا.

سەید ئیسماعیل واعیز لەیاداشتەکانی خۆیدا ئاوها وەسفی خۆشەویستی بەغدایەکان بۆ نازم پاشا دەکاو دەڵێ: خۆشەویستیەکی مەزن خۆشیان دەویست لەکۆڕە تایبەت و گشتیەکانیاندا تەنها باسی چاکەی ئەوبوو، ئەگەر بەکۆڵان و بازاڕەکانی بەغدا ڕەت بووایە، خەڵکی لەبەری هەڵدەسان بۆ ڕێزگرتن لێی، ئەویش زانایانی بەگەورەیی ڕادەگرت و زۆر ڕێزی لێدەگرتن، بەتایبەتی باوکم-مەبەستی باوکی خۆیەتی سەید مستەفا-ئەگەر باوکم بچووایە بۆلای پێشوازی لێدەکردو هەڵدەستا دەستی ماچ بکات، بەڵام باوکم نەیدەهێشت، لەڕای باوکم دەرناچوو، ئەگەر حکومەت بیویستایە ئیشێك بکات پێچەوانەی شەریعەت بووایەو، باوکم لەگەڵی قسەی کردبایە بۆئەوەی ڕێگای لێبگرێت، سەید ئیسماعیل هەروەها دەڵێ: نازم پاشا نە نوێژی دەکردو نە ڕۆژوی دەگرت، بەڵام لەکاتی خۆی بەئەرکی شەریعەت هەڵسابوو، هەر کەرەمەزان بهاتبا کەس نەدەبینرا بەئاشکرا خواردن بخوا، پۆلیس هەرکەسێکی دیتبا خواردن دەخوا، دەیهێنا بۆ پۆلیسخانەو دە جەڵدەیان لێی دەداو پاشانیش مانگێك حەپس دەکرا(٢٤)، نازم پاشا وەکو مەدحەت پاشا وابوو لەهەندێ ڕووەوە یان دیاربوو



دەیویست بەو بچێت، حەمدی بابان پێی دەوت: (مەدحەتی زمانی ئێمە)(٢٥)، مێژوونووسی بریتانی لۆنگریك بەوە وەسفی کردووە، خاوەن عەزم و دەست پاکی، بەڵام عەیبی ئەوەبوو زۆر حەزی لەڕەواڵەتەکانی شارستانی بوو، بۆ پرۆژە گەورەکانی پێویستی بەخۆ ئامادەکردن هەبوو(٢٦)، نازم پاشا سوور بوو کەئیشی ئاوەدان کردنەوەو شارستانی زۆر بەئەنجام بدات، بەڵام کات دەرفەتی نەدا، چونکی ماوەی ولایەتەکەی لەعیراق نزیکەی ساڵێکی خایاند، سەرەڕای ئەو ماوە کەمەش ئیش و کارێکی کەمی ئەنجام نەدا، ئەویش کەتایبەت بوو بە بەغداوەو ئەوەش گشتی بوو سەبارەت بەعیراق، بەڵام ئەم کارە تایبەتیانەی بۆ بەغدا کردنی ئەمانە بوون:

یەکەم: بایەخدان بەپاکی بەغداو پاراستنی، مەکینەیەکی ئاورشێنی بۆ بازاڕەکان هێنا، لەهاوین لەجیاتی ئاورشێنی ئافرۆشەکان، هەروەها فەرمانیدا بەئامادەکردنی گالیسکەی دارین بۆ کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك و قەدەغەکردنی خاوەن ماڵەکان بەفرێدانی خاشاك لەڕێگاو بانەکان، هەروەکو جاران لەسەری ڕاهاتبوون، پڕکردنەوەی چاڵەکانی دەوروبەری شار، چونکی پڕبوون لەپیسایی بۆ گەشەکردنی میکرۆب، هەروەها فەرمانیدا بەکردنەوەی دەرمانخانەیەکی شەوانە ڕۆژو، کۆکردنەوەی شێتەکان و تووش بووان بەنەخۆشیە تەشەنەیەکان، لەجێگای تایبەت و خەرجکردنی پارە بۆیان، ئاوارە غەریبەکانی دوورخستەوە، ئەوانەی ئیش و کاریان نەبوو، پاشان بەنداوێکی درێژی بەدەوری بەغداوە دروستکرد لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ پاراستنی لەنوقم بوون.

دووەم: کردنەوەی قوتابخانەی (کوچك زابتان)-واتە ئەفسەری بچووك- لەسەر ڕووبار لەبەری کەرخ و، بەڕێوەبەرێکی توندی بۆ دامەزراند، لەنێو ئەو ئەفسەرانە هەڵیبژارد بوو کە لەئەستەموڵەوە هاتبوون، لەوانەی

کەمامۆستای قوتابخانەکە بوون: عەلی جەودەت ئەیوبی و جەعفەر عەسکەری و نوری سەعید بوون، لەویٚ قوتابییەکان لەسەر ئەو چەکە نوێیانە مەشق پێدەدران کەنازم پاشا لەگەڵ خۆی هێنابووی.

سێیەم: لەوەو پێش سەربازەکان بەرێك و پێکی مووچەیان نەدەدانیٚ، بۆیە بەر لەهاتنی جەژن هێرشیان دەکردە سەر بازاڕەکان و تالآنیان دەکرد.

خەڵکی لەسەر ئەوە راهاتبوون و ناویان نابوو: (فەرهود)، نازم پاشا هات و فەرهودی نەهێشت و فەرمانیدا مووچەی دواکەوتووی سەربازەکان بدرێت، هەروەها زۆر نوێکردنەوەو چاکسازی خستە سیستمی ژەندرمەوە، بایەخی دا بەبەندیخانەکان و سیستمی ئیشکردنی بەندیەکانی تیا دانا وەکو لەئەوروپا کاری پێدەکریٚ.

چوارەم: کردنەوەی شەقامی (نەهر)و قیر رێژکردنی، ئەوە یەکەم شەقام بوو لەبەغدا، چونکە بەرلەوە هەموو بازاڕی سەرداپۆشراوو کۆلانی پێچاوپێچ بوو، کردنەوەی ئەم شەقامە بووە هۆی رووخاندنی لایەك لەخانووی قونسڵیەتی بەریتانیاو، بینایەتی خانووی لەبنج، ئەو ئەفسەرەی کردنەوەی ئەو شەقامەی پیٚ سپێردرابوو هاتە لای نازم پاشاو پێی وت کەبەریتانیەکان بەرووخاندنی خانووەکەو بیناکە رازی نین، نازم پاشاش بەتووڕەیی راپەڕی و بەدەنگی بەرز پێی وت: (هەرئێستا فەوجێك سەرباز بەرەو خانووەکانیان بەسەریاندا بڕوخێنە)[٢٧].

ئەم هۆیە بوو کەوایکرد کونسڵیەنی بەریتانیا لەشوێنە کۆنەکەی بگوێزرێتەوە بۆ شوێنە نوێیەکەی لە (بابل شەرقی).

پێنجەم: فەرمانیدا بەکۆکردنەوەی سەگەکان، پاداشتی چوار قروشی دانا بۆ هەرکەسێك سەگێك بێنیٚ، خەڵکی بۆ تەماحی پاداش سەگیان رست دەکردو بۆ قشڵە دەیانهێنا، کابرایەك لەگەڕەکی (تۆپ) ژمارەی پێوانەیی



لێداو سی و شەش سەگی هێناو، پارەیەکی باشی دەسکەوت، سەگەکان دەبران بۆ شوێنێك نزیك گۆڕستانی جوولەکەکان و لەویٚ دەکوژران، دەڵێن سەگەکان لەو رۆژانە هەر کەگوێیان لە وشەی (پەت) بووایە دەتۆقین، منداڵان لەدوایان رایاندەکردو هاواریان دەکرد: (پەت، پەت) ئەوانیش لەترسان رایاندەکرد.

## بەرقەراربوونی ئاسایش لەعیراق:

گرنگترین ئیش نازم پاشا کردبێتی، ئەو ئیشە بوو ئەو ئاژاوەیەی سەرکوتکرد کەعیراقی گرتبوەوەو، کوشتاری نێوان عەشیرەکانی قەدەغە کرد، عادەتێك بوو ئەو سەردەمە پێی دەوترا (غەزو)، هەر کەنازم پاشا گەیشتە بەغدا، یەکەم شت بیری لێکردبێتەوەو بایەخی پێدا دانانی نەخشەیەکی تەواو بوو بۆ قەدەغەکردنی (غەزو)، سەرەتا ناردی بۆ لای پیاوانی ئایین لەسونەو شیعە، هەموویان بۆ نووسینی فەتوا بۆ قەدەغە کردنی غەزو، ئەوانەیش فەتوای خۆیان نووسی وەکو نازم پاشا ویستبووی، نووسیبوویان غەزو عادەتێکی جاهیلەو پێچەوانەی ئیسلامەو، دەبێتە هۆی کوشتنی خەڵکی و، بەتالآن بردنی ماڵ و حاڵ، کردەوەیەکە دووکەس لەسەر خراپی و زیانی ماددی و مەعنەوی ناکۆك نین، سەرەڕای ئەوەی پێچەوانەی شەرعی شەریفە، ئەوەی ئەنجامی دەدا شایستەی سزای شەرعی و یاساییە، بۆ دەرکردنی ئەم فەتوایە ئەم زانایە سونانە بەشداربوون: موفتی محەمەد سەعید زەهاوی، سەید عەبدول رەحمان نەقیب، شێخ غولآم رەسوڵ هندی، سەید محەمەد نافع تەبەقچەلی، شێخ عەبدول وەهاب نائیب و، شێخ محەمەد سەعید نەقشبەندی برای، سەید

مەحمود شوکری ئالووسی، لەزانایانی شیعەش ئەمانە بوون: مەلا کازم خۆراسانی، شێخ عەبدوڵڵا مازندەرانی، سەید محەمەد قەزوینی، سەید محەمەد ئیسماعیل سەدر، دووانی تریش لەکەربەلا، شێخ محەمەد حسێن و شێخ محەمەد باقر[٢٨].

نازم پاشا دەیزانی تەنها فەتوا ڕێگە لەخێڵەکان ناگرێ بۆ غەزو، ڕۆژێك لەڕۆژان هاندەری ئاییینی ڕێگر نەبووە لەبەرلادەم خەڵکی وەکو فێربوون بۆ کردەوەی دەستدرێژی کارانە.

بۆیە تەماشادەکەین نازم پاشا ڕێبازێکی بۆ تۆقاندنی خێڵەکان دانا، بانگی هەموو فەوجە سەربازیەکانی کرد بۆ بەغدا، کە لەناوچە جیاجیاکانی عیراق پەرت بوون، بۆ ئەم فەوجانە سەربازگەیەکی کاتی لەشوێنێك لەنزیك مەوقعی بەغدای نوێی ئێستا دانا ناوی نا (ئۆدریگا)، واتا شوێنی سوپا، پاشان سەربازەکانی خستە ژێر مەشقێکی سەختەوە، تا بیانکاتە هێزێکی سەربازی کەحیسابی بۆ بکرێت، نازم پاشا فەرمانیدا بۆ بانگ کردنی هەموو سەرۆك هۆزەکان بۆ بەغدا تابینە میوانی حکومەت.

بۆ ئەمانە چادر لەشوێنێکی نزیکی شوێنی سوپا هەڵدرا، لەڕۆژێکی دیاری کراودا، ڕێپێوانێکی شکۆدار بەسوپا کراو هەموو سەرۆك هۆزەکان و هەموو زانایانی بەغداو پیاو ماقووڵان و گەورە فەرمانبەران و کونسڵەکانی دەوڵەتە بیانیەکان بینییان، پاشان نازم پاشا وتارێکیدا بەزمانی تورکی و بەتەنیشتیەوە وەرگێڕ هەبوو، وتارەکەی دەکرد بەعەرەبی، وتارەکە پڕی بوو لەهەڕەشەو گوڕەشەی توند، پاش تەواوبوون نازم پاشا فەرمانیدا بەدابەشکردنی دیاری بەسەر سەرۆك هۆزەکاندا، کەبریتی بوو لەعەباو شتی تر بەپێی داب و نەریتی باو، ئەوڕۆژە لەبەغدا ڕۆژێکی بەرچاو بوو، خەڵکی لەمەوبەر شتی وایان بەچاو نەدیبوو، ئەنجامی ئەم ئیشەش لەبەغدا



ئاسایش بەرقەرار بوو هەموو شارەکانی دیکەی عیراق، ناوبانگی نازم پاشا لەلای خەڵکی زیاتری کرد، ناوی بووە تۆقێنەری ئەشقیاو خێڵە یاخی بووەکان، دەنگۆ لەنێو خەڵکی سەبارەتی بڵاوبووەوە گەڕانی بەجلوبەرگی شاراوە تا کاروبارەکان خۆی بشکێنێ، هەندێك وەهمی دروستدەکرد گوایە، یەکێکیان بەچرپەوە وتوویە سواریەکی بینیوە لەشوێنی فلانی نازم پاشا خۆی بوو، گوێگرەکانی بڕوایان پێدەکرد، کەم تازۆر لەلای خۆیەوە دەیخستە سەری، ئیبراهیم ساڵح شوکور کەگەیشتبووە سەردەمی نازم پاشا دەڵێ: بەغدایەکان لەو سەردەمە هەستیان بەئاسایش کرد، ئەوەبوو ئێواران ژن و پیاو بەبێ ترس دەردەچوونە دەرەوە بۆ دەرەوەی (بابل شەرقی)، پیاسەیان دەکرد تا (قاوەخانەی عەبد) لەلای باغی کاهو، ئەم مەسەلەیەش لەبەغدا ئاشنا نەبوو، لەبەر زۆری دز لەو ناوچەیە [٢٩]، زۆر کەس لەوکاتەدا هەستی دەکرد کەئاسایش بەردەوام بەرقەرار دەبێ و، ڕۆژانی شەقاوەیی و دزی و یاخی بوون بۆ هەتا هەتایە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە، ئەم گەشبینیە هیچ بنەمایەکی واقیعی کۆمەڵایەتی نەبوو، چونکی بۆئەو خەڵکە ئاسان نییە کە لەسەر چەند بەهایەکی دیاریکراو بۆ چەند وەچەیەك ڕاهاتبوون و لەکوت و پڕ دەستبەرداری بن، دەشێ بۆ ماوەیەکی کورت لەحاڵەتی تۆقاندنی توند دەستبەرداری بن، بەڵام تۆقاندن دەبێ بۆ ماوەیەکی تەواو بەردەوام بێت تا بەرهەمی هەبێ، ئەگینا خەڵکی هەر کەتۆقاندن نامێنێ دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی تێدابوون، بەتەئکید ئەمەیش بوو دوای لابردنی نازم پاشا لەولایەتی بەغدا ساڵی ١٩١١ ڕوویدا، لەڕاستیدا ئەو دۆخە ئاژاوەیەی کە لەعیراق پێش هاتنی نازم پاشا دەسەڵاتی کێشابوو دوای ئەو گەڕایەوە، ئەمەش شتێکی نامۆ نەبوو بەکۆمەڵگای عیراق، بگرە تێدا ڕەگ داکوتراوەو یەکێکە لەپاشماوەی کۆچەری (بەدەوی) هەر لەشەش سەدەی

رابردوودا، که بەسەر عیراقدا زاڵە لەشانازیەکانی پیاوی لادێ و لەزۆربەی شارەکان ئەوەیە بتوانێ تالان بکاو رێگر بێ و لەحکومەت یاخی بێ، بەمەرجێ ئەمە لەنێو عەشیرەتەکەی و گەڕەکەکەی نەکات، ئەو عەشیرەتەکەی ئەپارێزێ و پەلاماری عەشیرەتێکی دیکە دەدات، هەرکەسێ وای نەکردبایە بەموخەنەت و ناپیاویان دادەنا، هەندێ کەس دەناسم ئێستا پیاوی دەم سپی هەندێ شارن و پیاو گەورەین، لەکاتی لاوێتی ماڵیان دەبڕی یان دەچوون رێگایان دەبڕی، ئەمەیش سەرەتای ناوبانگ و بنەمای ئەو پیاو ماقووڵیە بوو کەدواجار دەستیان کەوتبوو، پێم باشە ئەم چیرۆکە سەیرە بگێڕمەوە کە لەشاری سەماوە لەرۆژانی یەکەمی ویلایەتی نازم پاشا روویداوە، عەبدول عەزیز قەساب گێڕاویەتیەوە کەئەوکاتە قایمقامی سەماوە بوو دەڵێ: هەر کەنازم پاشا گەیشتە بەغدا داوایەکی کوت و پڕ لەوەوە نیگەرانی کردم، ئەویش ئەوەیە ئەو فەوجەی لەسەماوەیە دەرحاڵ بیکێشمەوە بۆ بەغدا، رۆژی دواتر فەوجەکە لەسەماوە بەرێکەوت، لەگەڕانەوەمدا لەبەرێخستنی تووشی کابرایەك بووم سەروچاوی بریندار‌بوو، گازندەی زوڵم لێکراوی خۆی بۆ کردم، پاشان تووشی کابرایەکی دەڵاڵ بووم عەباکەی لێ دزراوە کەدەیفرۆشت، پیاوی سێیەم کوتاڵ فرۆشێکی جوولەکە بوو دەگریاو دەیووت فلان بڕێ خامی لێ دزیوەو رایکردووە، پیاوی چوارەم کەسێك بەبێ هیچ هۆیەك سووکایەتی پێکردووە، عەبدول عەزیز قەساب دەڵێ: دەستدرێژی کاران لەم هەموو رووداوانەدا بەدەستدرێژ لێکراواکانیان وتبوو: حکومەت رۆیشت لەگەڵ رۆیشتنی سوپا هەیبەتی حکومەت لەقەزاکەدا نەماوە، ئەوسا خێرا قایمقام بانگی دەستدرێژکەرانیانی کردو فەرمانی دایە جەندرمە لەزەوی پاڵیان خەن و بەدەستی خۆی یەك لەدوای یەك دارکاری دەکردن و پێی دەوتن: (پێتان



وایە حکومەت رۆیشت، نەخێر هێشتا لێرەیەو لەجاران بەهێزترە، رێگا بەهیچ کەسێ نادەم ئاسایش پێشێل کات و سەرپێچی یاسا بکات)[٣٠].
راستە وتوویانە: حاکمێکی زۆردار چاکترە لەئاژاوە...

## هەرا سەبارەت بەزەهاوی:

رۆژنامەی (المؤید)ی میسری لەژمارەی هەفتانەی رۆژی ٧ی ئابی ١٩١٠ نووسینێکی بەئیمزای جەمیل سدقی زەهاوی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (ژن و بەرگریکردن لێی) تێدا زیانی لەچکی باس کردبوو، هەندێ زوڵم و زۆری هێنابووەوە کەژنی موسڵمان لەژێری دەناڵێنێ، ئەمەیش کورتەیەکە لەو نووسینە: (موسڵمانەکان رێگەیان داوە پیاو بەرامبەر ژن دڵڕەق بێ و تەڵاقی بدات و بیگۆڕێتەوە بەژنێکی دیکە وەکو پەڕۆو پاتاڵێك منداڵەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ باوەش ژنەکە، کەبەرهەمی شەهوەتی خۆیەتی و بێ ئەوەی بەزەیی بەفرمێسکەکانیدا بێتەوە و گوێ لەگریانی بگرێت، بۆچی موسڵمانەکان رێگەیان بەژنەکە نەداوە تاپیاو تەڵاق دات و لەدڕندەیی رزگاری بێت؟ خوا لەقورئان لەدوای ئایەتی تەڵاق دەڵێ: (ولهن مثل الذي عليهن)-واتا ژنان وەکو ئەو پیاوەی لەسەریانە بۆیان هەیە-بۆچی ئیتر ژنەکە ئەم تەڵاقەی بەدەست نەبێ وەکو پیاو هەیەتی بۆئەوەی یەکسانی و دادپەروەری بەرقەرار بێ وەکو لەئایەتەکەدا هاتووە، من شیعەم خۆش دەوێ، چونکی ناوی تەڵاق ناهێنن تەنها ئەگەر نەچێتە بەرچاوی موجتەهیدەکەیان و، وەهابیزمم خۆش دەوێ، چونکی سێ بەسێ تەڵاقی ناکەوێت تەنها قسە زۆربێت و کاتی جیاجیا بێت، شاراوە نییە ئەمەیش پشوودانی مۆڵەتی تێدایە تاوەکو مێردە سەرەرۆ کەکات بدۆزێتەوە بۆ

پەشیمانی لەو گوناهەی لەمناڵە وردەکارنی و هاوبەشی ژیانی کردوویەتی: گەرچی ئەو دوو مەزهەبەش زۆردارن ئەم هەقە نادەن بەژنەکە کەئەقڵ دایناوە، هەندێ رۆژنامەی ئیسلامی بڵاویان کردەوە کۆمەڵێ ژنی ستەم لێکراو رادەکەن لەخەوتن لەگەڵ مێردە خراپەکانیان ئەنجام ئەو هەڵسوکەوتە رەقە سروشتییە بۆ ئەو زوڵمە قورسە، تەنها ژنان دەبێ لۆمەی موسڵمانەکان بکەن ناچارن بەیاخی بوون و، تەگبیری ناچاریش ئەوەیە سوار کۆڵی بێ...[٣١].

گۆڤاری (تنویر الافکار)ی بەغدایی، کەگۆڤارێکی ئایینییەو نوعمان ئەعزەمی بەڕێوەی دەبرد، توانی دانەیەك لەرۆژنامەی (المؤید)ی دەسکەوێت و نووسینەکەی لێوە وەرگرت، هەر کەگۆڤارەکە گەیشتە بازاڕەکانی بەغدا، تا بوو بەهەڵایەکی گەورە، خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەرەو سەرای بەرێکەوت و، داوایان دەکرد سزایەکی توندی ئەو نووسەرە (زەندیقە) بدرێت، پیاوانی ئایین ئەم هەراو خۆپیشاندانەیان جووڵان، لەسەرویانەوە سەید مستەفای واعیز نوێنەری دیوانیە بوو، ئەو رۆژانە لەکاتی پشووی ئەنجومەنەکە گەڕایەوە بۆ بەغدا، چوو بۆلای نازم پاشاو بۆی روون کردەوە کەچی لەنووسینەکەی زەهاوی (لەئایین دەرچوو) هاتووە لە (خراپەکاری دژ بەشەریعەتی پایە بەرز)[٣٢]، والیش بەدەنگی داواکەی سەید مستەفاوە چوو، زەهاوی لەکارەکەی لابرد، چونکی لەقوتابخانەی ماف مامۆستای گۆڤاری (ئەحکامی عدلی) بوو، دوای ماوەیەك شێخ محەمەد نەقشبەندی کتێبێکی دەرکرد، تێیدا وەڵامی نووسینەکەی زەهاوی دەداتەوە، بەناونیشانی (السیف البارق في عنق المارق)–واتا شمشمێری درەوشاوە بۆ ملی لەرێ دەرچوو.



زەهاوی بەیانێکی بۆ رۆژنامەی (الرقیب) نارد بۆ بڵاوکردنەوە ئەمە دەقەکەیەتی: (بۆ نازمی حکومەت لەبەغدا–بیستوومانە گوایە یەکێك لەشێخە بەتەقوا خۆداپۆشرەکان لەبەغدا (کەشارێکە دەستوورو دادپەروەری تەواوت بەسەریدا زاڵە) خەریکە دەستاری ئاشووبێکی گەورە دەگێڕێ، نەزانەکان هاندەدات بەگیرم بهێنن، بەناوی ئایینی بەبەری لەزوڵم و ستەم، لەپاداشتی ئەو نووسینە کۆمەڵایەتییەی بەئیمزای منەوە لە (المؤید)ی هەفتانە بڵاوبۆتەوە، هەروەها لە (تنویر الافکار)یش بۆ بەرگریکردن لەژن، ئەوەیش کەخۆی لەخۆیدا تەنها هەندێ گومانی بچووك و پرسیارە، هێشتا دیاری نەکراوە بۆی بنووسم، یان بەزمانی منەوە لەلایەن دوژمنێکمەوە لەعیراق هەڵبەستراوە، ئەوەی داوای دەکەم لەحکومەتی دەستووری سزای ئەوکەسانە نەدات کەدەستیان بەخوێنم سوورە، بەڵکو بایەخ بدات فێریان کردینان لەنەزانی و رزگاریان بکات، نەبا لەپاشەڕۆژ دەست درێژکەن بۆ نەگبەتێکی دیکەی وەکو من، کە لەهەموو نووسینەکانیدا ئاواتەخوازی چاکسازی کۆمەڵایەتیە بووە بۆ میللەت[٣٣].

ئەم بەیانە هیچ سوودێکی بۆ زەهاوی نەبوو، چونکی نازم پاشا لەهاوشانی پیاوانی ئایین دژ بەزەهاوی وەستا، دەڵێن بۆیە ئەمەی کردووە بۆ سوکایەتی کردن بەزەهاوی، چونکی ئیتیحادیەکی توندڕەو بوو بۆ ئیتیحادیەکان، نازم پاشایش یەکێك بوو لەنەیارەکانیان، بەهەرحاڵ ترس بەسەر زەهاویدا زاڵ بوو، چونکی دەترسا غەوغاکان دەستدرێژی بکەنە سەری و بیکوژن، لەماڵەوە گۆشەگیر بوو، دەرنەچووە دەرەوە، پیاوێکی بەتەمەنی بەغدای بۆی گێڕامەوە: سێ لەئەشقیاکانی بەغدا بەشەو بۆ ماڵەکەی زەهاوی چوون و لەدەرگایاندا هەر کەلێیان هاتە دەرەوە داوایان لێی کرد لەگەڵ ژنەکەیدا بێت بۆ چایخانە، هەر کەزەهاوی قبوولی نەکرد،

وەڵامیان دایەوە: کەواتە چۆن داوا لەکچانی خەڵکی دەکەیت لەچك نەکەن و لەگەڵ پیاو تێکەڵ بن؟! پاشان هەڕەشەیان لێی کردو پێیان وت: بەخەنجەر دەیکوژن ئەگەر هاتەوە سەر ئەو قسە پڕوپووچانە، تابەڵێنی پێنەدان نەڕۆیشتن، ئەویش بەڵێنی تەواوی دانێ و گوێ لەقسەیان بگرێ و وەکو ئەوان بەئەدەب بێ، هەزار جار سوێندی بۆ خواردن.

## دڵداریی نازم پاشا:

نازم پاشا ئەوکاتەی والی بەغدا بوو، کەوتە هەویای کیژێکی ئەرمەنی شۆخەوە، لەلای خەڵکی بەغدا بە (سارە زەنگینە)یان (سارە خاتوون) ناسرابوو، ئەم چیرۆکە لەبارەیەوە بڵاوبوەوە تاهەواڵی گەیشتە ئەستەموول، لەوانەیە بۆ ئەوروپاش گەیشتبێ، چیرۆکەکە شەوێکی مانگی ئابی ١٩١٠ دەستی پێکرد، کاتێ نازم پاشا ئاهەنگی (بالۆ)ی دەگێڕا لەسەر پشتی پاپۆڕێکی رووبار، بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەك بۆ غەریبان لەبەغدا ئاهەنگەکە تێکەڵ بوو، قونسڵەکان و ژنەکانیان و جالیە بیانیەکان و هەندێ خێزانی مەسیحی ئامادەی بوون، پاپۆڕەکە بەچراخان و ئاڵاکان رازایەوەو مۆسیقا تیا دەیچریکاند، (سارە)ش لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی هاتبوو ئازارو پەچەی کردبوو بەوشێوەیەی ئەو رۆژانە باو بوو، هەر کەپاشا چاوی پێکەوت شەیدای بوو، سەرەڕای جیاوازییەکی زۆری تەمەن لەنێوانیاندا، کچەکە لەتەمەنی حەڤدە ساڵی بوو، ئەویش تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، لێرەدا بواری ئەوە نییە بەدرێژ چیرۆکەکە بگێڕینەوە[٣٥]، هەرهێندە بەسە بڵێین پاشا زۆر تەقەلای دا تاپێی بگات، بەڵام بێ سوود بوو، لەوانەیە وای هەست کردبێ کە بەهەیبەت و دەسەڵاتیەوە دەیتوانی بگاتە مەرامی خۆی، دواجار



بۆی دەرکەوت کیژێکی لەجۆری تایبەتەو خاوەن ئیرادەو کەسایەتیەکی بەهێزە، ئەشق وای لێکردبوو، کەرۆژێکیان داوای لەکیژەکە کردبوو شووی پێ بکات، ئەویش رەتی کردبوەوە، هەر کە لەوەی قەناعەتی پێ بهێنێ بێ ئومێد بوو، دەستی کرد بەهەڕەشەکردن لێی و، دەست و پێوەنەکانی دانا چاودێریان دەکردو، تەنگیان پێی هەڵدەچنی، هەواڵی دڵداری نازم پاشا گەیشتە نێو خەڵکی رەشۆکی بەغدا، دیتیان بۆیان هەلێکی بەنرخەو هۆشەو ئەفسانەی زۆریان سەبارەت چیرۆکەکە هۆنیەوە، هەروەکو هەزارو یەك شەوەیان لێکرد، یەکەمجار لەبارەیەوە قسە بەچرپە چرپ دەکرا، پاشان ئەنجام خەڵکی بەئاشکرا باسیان دەکردو، لەبارەیەوە بەستە دەوترا ئاماژەی ناڕاستەوخۆی تیابوو بۆ رەوشتی پاشای ئاشق، نەیارەکانی نازم پاشا بەهەلیان زانی بەئارەزووی خۆیان سووکایەتیان پێی دەکرد، لەراستیدا ناحەزی زۆربوون، ئیتیحادیەکان بەنەیاری خۆیانیان دادەنا، هەروەها بەریتانیەکان زۆریان رق لێ بوو، چونکی خانووی کونسڵیەتەکەیان و خانووی لەنجەکەیانی رووخاندبوو، خەڵکی تری زۆر هەبوون نازم پاشا خانووی رووخاندبوون، یان لەسەر کار لایبردبوون، یان سوکایەتی پێ کردبوون، کەناکرێ خۆشیان بوێ، هەندێ لەپیاوە ئاینییە توندڕەوەکان و ئەوانی دیکە رقیان لێی دەبوەوە، چونکی ئاهەنگی سەماو گۆرانی لەسەر پاپۆڕێك لەدیجلە سازدابوو، رۆژنامەکانی بەغدا سەبارەت بە نازم پاشا بوونە دوو بەشی دژ، رۆژنامەی (صدى بابل) کەخاوەنەکەی داوود سڵێوە بوو رۆژنامەی (الرياض) خاوەنەکەی سلێمان دەخیل بوو لەگەڵیدا راوەستان، بەڵام رۆژنامەکانی دیکە هەڵوێستی رەخنەو ئۆپۆزسیۆنیان وەرگرت.

ئەنجام (سارە) توانی لەبەغدا بەیاساغی رابکات و، پاپۆڕێك بردی بۆ بەسرا، لەوێشەوە لەدەریاوە گەیشتە بوشەهر، پاشان لەرێگای بۆمبایەوە گەیشتە پاریس، کونسڵی روسیا یارمەتی هەڵاتنی بۆ بەسرە دابوو، هەروەها موقیمی بەریتانیش سێر پرسی کۆکس لەبووشەهر.

## لابردنی نازم پاشا:

لە ١٧ی مارسی ١٩١١ لەئەستەموولەوە فەرمانێك بەلابردنی نازم پاشا لەولایەتی بەغدا هات، هەر کەهەواڵەکە لەبەغدا بلاوبوەوە، لایەنگرانی نازم خۆپیشاندانێکیان بۆ لایەنگرتنی رێکخست، دەڵێن ژمارەی بەشداربووان گەیشتە بیست هەزار کەس[٣٦]، ئەم ژمارەیە زیادەڕۆییە، بەهەرحاڵ نیشانەی ئەوەیە کەخۆپیشاندانەکە گەورە بووە.

عەلی زەریف ئەعزەمی دەڵێ: (هەر کەهەواڵی لابردنەکەی لەبەغدا بلاوبوەوە، خەڵکی رەشۆکی بەهاندانی هەندێ ئەشراف ئەوانەی لە حیزبەکەی بوون ورووژان، خەڵکی ئاژاوەچی داوای مانەوەیان دەکرد، ورووژان و تێك چرژان، پاشان تەپڵیان لێدەداو، حەشاماتەکە رووی کردە ماڵەکەی و سواری گالیسکەیان کردو رایاندەکێشاو هاواریان دەکرد (ئەمە لە ئێمەیە)، جارێکی تریش دەیانووت: (خودا دەوڵەتەکەمان نازم پاشا سەرخات و لەئێمەیە)، تاگەیاندیانە سەراو لەشوێنەکەی خۆی دایاننا، پاشان بۆ دایەرەی بروسکەو پۆستە چوون و لەوێ کۆبوونەوەو بروسکەیان بۆ پایتەخت دەکردو داوایان دەکرد بەناوی هەزاران کەسەوە بمێنێتەوە، ئەم حاڵە بەدرێژایی رۆژ بەردەوام بوو[٣٧]. بۆماوەی سێ رۆژ پشێوی لەبەغدا بەردەوام بوو، هەروەها ژمارەیەك لەئەفسەران بروسکەیان بۆ ئەستەموول



نارد، بەدەست لەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵ هەڕەشەیان دەکرد، بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر لابردنی نازم پاشا، ئەوەش هیچ سوودێکی نەبوو، فەرمان لە ئەستەموولەوە هات، تائیشوکاری ولایەتەکە بەوەکالەت بسپێردرێ بەمیر لیوا یوسف ئاگاه پاشا، ئەمیش بۆ سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکان و پەنای بردە بەر زەبرو زەنگ بەندکردنی ئەوانەی ئەنجامی دەدەن و ئەوانەشی هانیان دەدەن، دۆخەکە هێور بوەوەو، خەڵکی بێدەنگ بوون، لە بەیانی رۆژی ٢٠ی مارس ١٩١٠ نازم پاشا بەرەو بەسرا سواری پاپۆڕی لەنج بوو، لەوێشەوە لەرێگای بۆمبایەوە چوو بۆ ئەستەموول، ئەوەی لەبیر بوو لەرێگا لە رەتبوونی بەشاری بۆمبایدا هەواڵی خۆشەویستەکەی (سارە) بپرسێ، بەلام لەپێگەیشتنی سەرکەوتوو نەبوو، هەر کەئیتیلافیەکان لە ٢٢ی تەممووزی ١٩١٢ دەسەلاتیان گرتە دەست نازم پاشا بووە وەزیری جەنگ، پاشان وەکو لەبەشی پێشوو باسمان کرد، دوای چەند مانگێك کوژرا. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کەجەمیل سدقی زەهاوی شاعیر، لەدوای لابردنی نازم پاشا شیعرێکی نووسی پڕی بوو لەزەمو پێ خۆش بوون، بەناونیشانی (دکتاتۆری بەغدا)... لەپەراوێزدا چەند بەیتێکی شیعرەکە بخوێنەوە*

## والی جەمال بەگ:

یوسف ئاگاه پاشا والی بەغدا بوو بەوەکالەت، ماوەی پێنج مانگ تا والی نوێ جەمال بەگ گەیشت، ئەم جەمال بەگە یەکێك لەگەورە سەرکردەکانی ئیتیحادیەکان بوو وەکو لەبەشی پێشوو ئاماژەمان داپێی، ئەمە ئەو کەسە بوو عەرەبەکان ناویان نابوو (خوێنڕێژ)، ئەمەیش نازناوێکە کەشایستەیەتی.

لەرۆژی شەممەی ٢٦ی ئابی ١٩١١ جەمال بەگ گەیشتە بەغدا، لەتەمەنی سی و نۆ ساڵ بوو، چوار شانەو قۆز بوو، ردێنێکی زەردو رێکی هەبوو، لەبارەیەوە زانرابوو کە لەروو رووخۆشەو خۆش مەشرەبە، بەڵام لەناخەوە دڵڕەق بوو لەگەڵ ئەوکەسەی دوێنیٚ موجامەلەی دەکرد دوودڵی نەدەکرد ئازاری بدات یان بیکوژێت، ئەگەر کەسێك بهاتبایە لای و دوایی شتێکی لێکردبایە، بەخێرهاتنی دەکردو دەیووت (باش ئوستنە) واتا (لەسەر سەر)، بەڵام لەژێرەوە شتێکی دەنووسی پێچەوانەی ئەوەبوو[٣٩].

جەمال بەگ لەپێشینەکەی خۆی نازم پاشا جیاواز بوو لەوەی کەبایەخی نەدەدا بەرووکەشی ئایینی، ئامادەی ئاهەنگی سەما دەبوو کەجالیە ئەورووپییەکان ماوە ناماوەیەك سازیان دەدا، لەخانووەکەی عەبدول جەبار خێری دەکەوێتە سەر رووباری دیجلە نزیك (بابل شەرقی) نیشتەجیٚ بوو کە لەسەردەمی پاشایەتی بووە بارەگای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەری بانکی عوسمانی کابرایەکی بەریتانی بوو نیشتەجێی خانووەکەی دراوسێی بوو، جەمال بەگ فێربوو ئامادەی ئاهەنگەکانی سەماکردن بیٚ کەبەڕێوەبەری بانکەکە لەماڵەکەی خۆی سازی دەداو، لەگەڵ ژنەکەی سەمای دەکرد، ئەم هەموو مەسەلانە لەناو ئەورووپییەکان باوە، بەڵام بەغدایەکان رقیان لیٚ دەبووەوەو، بەشورەیی لەقەڵەمیان دەداو، نابووایە والیەکی موسڵمان ئەمە بکات، یەکێك لەبەغدایەکان دەربارەی ئەم کردەوەیەی جەمال بەگ نووسیویەتی، ئەمە دەقەکەیەتی: (بەکردەوەی ناشیرین ناوی دەرکردووە، لەگەڵ مەدام ژنی بەڕێوەبەری بانکی عوسمانی سەما دەکات)[٤٠].



## لەفوراتی ناوەڕاست:

دوای تێپەڕبوونی چواردە رۆژ بەسەر گەیشتنی والی جەمال بەگ بۆ بەغدا، بەیانێکی بۆ عەشیرەتەکان دەرکرد لەرۆژنامەی (زەورا) بڵاوبووەوە ئاگاداری کردنەوە بەوەی بگەڕێنەوە سەر غەزوکردن و فەتواکانی بەبیرهێنانەوەو پێی وتن: ئەلحمدوللا موسڵمانن و یەکتاپەرستن و دەزانن ئاگر سزای ئەوکەسانەیە خەڵکی دەکوژن و لەزەوی فەساد بڵاودەکەنەوە، داوای لێکردن بگەڕێنەوە بۆ بەردەرگای حکومەت و دادپەروەریەکەی، بۆ چارەسەری ناکۆکی نێوانیان، پاشان بەسزای توند هەڕەشەی لەهەرکەسێك کرد ئەوە ناکات[٤١].

عەشیرەتەکان تێنەگەیشتن کەوالی لەبەیانەکەیدا چی دەڵیٚ: چونکی لەنێوان خۆیاندا چەند مانگێك بەر لەگەیشتنی بۆ بەغدا گەڕابوونەوە سەر ناکۆکی و کوشتار، یەکێك لەوخێڵانەی ئەمەی کردبوو خێڵەکانی شامیەو ئەبوو سەخر بوو، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئاژاوە لەهەموو ناوچەکە.

(علیٚوی رەخیس) سەرۆکی (ئال شبل) بووە تەوەری ئەو ئاژاوەیە لەو ناوچەیەدا، ئەم کابرایە لەسەردەمی والی نازم پاشا هەڵاتوو بوو، هەر کەبیستی لادراوە گەڕایەوە ناوچەکەو، هانای بردە بەر عەشیرەتەکانی خەزاعل و ئال فەتلەو ئال ئیبراهیم و ئال زیادو جبورو ئەوانی دیکە، ئەوانیش بۆ هێرش کردنە سەر عەشیرەتی غەزالات و لایەنگرانیان لەخەڵکی دارخورما بەهانایەوە هاتن، ئەنجامی ئەمە شەڕێکی دژوار روویدا، دەڵێن: (مزهر فرعەون) توندیەکی سەیری نواند لەئابڵووقەدانی گوندی (لهێبات) نزیك بە (حیرە)، هەموو خانووەکانی سووتان وماڵیانی تاڵان کرد، پاشان روویکردە حیرە خۆی و پێیان دەوت: (جەعارە) بەشێك لەبازاڕەکانی

سووتان و، دووكان و ماڵەكانی تاڵان كردو خەڵكێكی زۆری بێ گوناهی كوشت[٤٢]، جەمال بەگ ئەفسەرێكی بەناوی سلێمان عەسكەری لەگەڵ هێزێكی سەربازی نارد بۆ ئەو ناوچەیە، ئەم ئەفسەرە توانی گورزی قورس لەو عەشیرەتە بەشەڕ هاتووانە بوەشێنێ، پاشان هەموو سەرۆكەكانی دەستگیركردن و لەبەندیخانەی نان، لەوانە مزهر فرعەون و براكەی مبدرو، عەبدول كازم حاجی سوكەرو براكەی عەبدول واحید، بەڵام نەیتوانی سەری ئاشووبەكە دەستگیركات، كەئەویش (علیوی رەخیس) بوو، بەڵام دەستی بەسەر هەموو مەڕو ماڵات و كەلوپەل و مەڕوماڵاتی عەشیرەتەكەیدا گرت، زەوییەكانی و زەوی عەشیرەكەیدا بەحەسەن فەرهود سەرۆكی بەنی زرێج[٤٤]، دوای لەناوبردنی ئەو ئاشووبە جەمال بەگ بڕیاریدا لەگەشتێكی پشكنیندا سەردانی فوراتی ناوەڕاست بكات، لەبەغداوە لەگەڵ حاشیەكەی بەسواری ئەسپ بەرێكەوت و عەباو عەگالی لەبەركرد، دوای ئەوەی بەنداوی هندیەی بەسەركردەوە كەئیشی تیادەكرا، ئەنجا بەرەو حلە بەرێكەوت، هەر كەلێی نزیك بووەوە دیتی تەنها چواركەس لەپێشوازیدان كەئەمانە بوون: موفتی ئیسماعیل ئەفەندی واعیزو، دادوەر ساڵحە ئەفەندی پاچەچی و فەرمانبەری زەوی و زار مەحمود ئەفەندی شێخ عەلی و قومسێر مەحمود ئەفەندی، والی بەئامادەنەبوونی قایمقام و خەڵكی بۆ پێشوازی زۆر تووڕە بوو، هەر كەچووە شارەكەوە شەوكەت بەگ كەقایمقام بوو بەوەكالەت هات، دەستی بەداوای لێبوردن و پاڕانەوە كردو وتی: (ئەی پاشا، لەبچووك هەڵەو لەگەورە لێبوردن، ئەو مەغروورە بەلێبووردنی و لوتفی دەوڵەتی ئێوە)، بەڵام والی لێبووردنی لێ قبووڵ نەكرد، بگرە تووڕە بوو قسەی نەكرد، پاشان چوو بۆ دەزگای تەلگراف و بروسكەی كرد بۆ قایمقامی خانەقین حاجی نامیق ئەفەندی و فەرمانی پێدەكرد دەسبەجێ ئامادەبێت تابێ بەقایمقام لەجیاتی شەوكەت بەگ و، دەبێ لەماوەی دوو رۆژ بگاتە ئەوێ، ئەمەیش



گرفتی گەورەی حاجی نامیق ئەفەندی بوو، چونكی دەبێ ماوەی هەشت رۆژ بەدوو رۆژ بڕێ، بەهەرحاڵ توانی لەماوەی دیاریكراو بگاتە حلە هەموو ئەو ماوەیەی بەسەرپشتی ئەسپەوە بردەسەر، بگەیشتایە هەر شارێك لەنێوان خانەقین و حلە ئەسپەكەی دەگۆڕیەوە، والی لەحلە نەمایەوە، بەڵكو بەجێی هێشت بەرەو جربوعیەو دیوانیە چوو، قازی دیوانیە ساڵح ئەفەندی مللی وەكیلی موتەسەریف بوو، ئاهەنگێكی پێشوازی وای بۆ والی سازدا بێ وێنە بوو، لەسەر جۆگای رەشادیە چادری گەورەی هەڵداو والی لێی دانیشت و عەشیرەتەكان بڕبڕ دەهاتن و سەلامیان لەوالی دەكرد، هەروەها شارەكە رازایەوەو لەسەر زەوی لەپردی دەرگای سەراوە تا ناو سەرایش مافووری ئێرانی راخرا، والی لەدیوانیە سێ رۆژ مایەوە، پاشان بەرەو شامیە بەرێكەوت، ئەنجا بۆ ئەبو سخیرو نەجەف و كەربەلا رۆی، پاشان بۆ بەغدا گەڕایەوە[٤٥].

## فەتوای جیهاد:

لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩١١ هەواڵی هێرشی كردنی ئیتاڵیا بۆ سەر تەرابولسی رۆژئاوا گەیشت، جەمال بەگی والی بەیانێكی بۆ موسڵمانەكان دەركرد داوای لەئەهلی عیراق كرد، راپەڕن بۆ سەرخستنی دەوڵەت لەشەڕی لەگەڵ كافرەكان، دوای بڵاوكردنەوەی ئەم بەیاننامەیە خۆپیشاندان لەبەغدا بەشێوەی كەژاوە دەرچوو، ئاڵاو تەپڵیان پێ بوو، خۆپیشاندەرەكان چوون بۆ قشڵەكەو، والی بۆیان هاتە دەرەوەو، وتارێكی بەزمانی توركی داو زەهاویش بەزمانی عەرەبی، پاشان كەوتنە رێگاوبانەكان و هوتافیان دەدا بۆ پشتگیری كردنی دەوڵەت، خۆپیشاندانەكان بەبێ رووداوی ناڕەحەت نەبوو، چونكی رێپێوانی بابول شێخ لەگەڵ رێپێوانی حەیدەرخانە لەبابول معەزەم

یەکیان گرت، دیاربوو ناحەزی لەنێوان هەردوو گەڕەکەکەدا هەبوو، شەڕ لەنێوانیان روویدا سەرکەوتنیش بۆ خەڵکی بابل شێخ بوو[٤٦].

پاشان شاعیرەکان راپەڕین و شیعریان دەهۆنییەوە بۆ هاندان بۆ جیهادو یارمەتیدانی دەوڵەتی عوسمانی، دیارترین لەوانە رەسافی و عەبدول لەتیف حلی و ئەبوو مەحاسن و محەمەد حسێن کاشف غیتاو رەزا شبیبی و باقری برای و عەلی شەرقی و عەبدول عەزیز جەواهیری و ئیبراهیم مونیب پاچەچی و عەبدول رەحمان بەنا بوو، لەشارەکانی عیراق کۆمسیۆنی تایبەت دروستبوون بۆ کۆکردنەوەی پیتاك، لەوانەیش کۆمسیۆنی بەسرا بوو بەسەرۆکایەتی سەید تالیب نەقیب و هەزاران لیرەی کۆکردەوەو، هەزاران لەخەڵکی عیراقیش خۆیان بەخشی بۆ بەشداری کردن لەجەنگ، بەڵام نەڕۆیشتن، هەروەها مبدر فرعەون سەرۆکی ئال فەتلە لەبەندیخانە بوو، بڕی پێنج سەد لیرەی بەخشی و ئامادەیی خۆی راگەیاند بۆ بەشداریکردن لەجەنگ[٤٧]. والی لەبەرەئەوە پاداشتی کردو خۆی و کەسوکاری و سەرۆکەکانی ئال فەتلەی لەبەندیخانە ئازادکرد.

پیاوانی ئایین فەتوایان دەرکرد، دەبێ هەموو قوربانیەك بدەن بۆ پشتگیری کردنی دەوڵەت، زانایانی سوونەو شیعە لەم فەتوایە بەشداریان کرد، هەر هەموویان تەنها سەید کازم یەزدی نەبێ، ئەوەی سەرنج راکێشە ئەم کابرایە هەر کەرووسیا پەلاماری ئێرانیدا فەتوای دەرکرد، لەفەتواکەی هاتبوو دەبێ موسڵمانان بەرگری لەتەرابولسی رۆژئاوا بکەن بەرامبەر بەئیتاڵیاو، لەئێرانیش بەرامبەر بەپەلاماری رووس، ئەوەی شایانی وتنە گۆڤاری زانستی نەجەف لەژمارەی رۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩١١ لەلاپەڕەی یەکەمدا ئاماژەی بەوەدابوو کەسەید کازم یەزدی لەئیمزاکردنی فەتواکە لەگەڵ زانایانی دیکەی نەجەف دواکەوت، پاشان گۆڤارەکە لەدوا



ژمارەیدا هەواڵێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی: (مژدەی مەزن)، دەقی فەتواکەی کەیەزدی دەریکردبوو تیا بڵاوکردبوەوەو توانج تیانووسی بوو دەڵێ: (لەمەوبەر لەدەرچوونی ئەم ژمارەیە مەخابنی خۆمان دەربڕی بۆ دواکەوتنی حەزرەتی ناوبراو لەگەڵ زاناکانی دیکەی نەجەف لەئیمزاکردنی وێنەیەك لەبڵاوکراوەی ترسناك بۆ یەکگرتنی هەموو موسڵمانان و بەرگری کردن لەتەرابولسی رۆژئاوا، بەڵام سایەی بەردەوام بێ دوای ئەوەی حەزرەتی سەربەست و ئازا عەزیز بەگ قایمقامی نەجەف سەبارەت بەدەستدرێژیەکانی ئیتاڵیا بۆسەر تەرابولس پێی راگەیاندو پێشێلکاریەکانی رووس و ئینگلیز لەسنوورەکانی ئێران، رەزامەندی خۆی راگەیاند بۆ پاساوی ئیسلام و بۆ یەکگرتنی قسەی ئەهلی یەکتاپەرست بۆ بەرگری کردن دژ بەو سێ دەوڵەتە، بڵاوکردنەوەی ئەم فەتوایەش بۆ بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزە کەوێنەیەکمان پێشکەشکردووە، بابڕوابکەن بەوەی لەژمارەکانی پێشوو بڕیارماندا کەهەتا دوژمنەکانمان زیاتر بمانچەوسێننەوە یەکگرتنمان زیاتر دەبێ...).

## ململانێی حیزبایەتی لەبەغدا:

لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩١٢ ئیتیحادیەکان ئەنجومەنی نوێنەرانیان هەڵوەشانەوەو، فەرمانێکیان دەرکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ، ئەوکاتەش ئیتلافیەکان حیزبی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان دروستکردبوو، سەید مستەفا واعیزیان هەڵبژارد تابیێتە وەکیلیان لەبەغدا.

بۆ دامەزراندنی لقی حیزب لەوێ، سەید مستەفا لە ١٩ی شوبات ئەستەموولی بەجێهێشت بەرەو بەغدا رۆی، دوای مانگێك گەیشتە ئەوێ، لەگەڵ گەیشتنی داوەتی سەید عەبدول رەحمان نەقیب و سەید عەلی

ئالووسی و شێخ یوسف حەیدەری و عەبدول رەحمان پاشای حەیدەری کرد، بۆ خوانی نانی نیوەڕۆ لەماڵەکەی خۆی لەبابل شێخ، ئامادەبووان ڕێکەوتن بۆ بەرهەڵستی کردنی جەمال بەگ و بەرگریکردنی (مەرامەکانی)و بۆئەوە سوێندیان خوارد[٤٨]، سەید مستەفا واعیز دەستی بەئیش کرد بۆ دامەزراندنی لقی حیزبی ئازادی و ئیتیلاف لەبەغداو، خانوویەکی تایبەتی بۆی بەکرێ گرت و، تابلۆیەکی لەسەر یەکێك لەدیوارەکانی هەڵواسی و، لەسەری نووسرابوو (الائتلاف خیر من الاختلاف) واتا (یەکگرتن چاکترە لەناکۆکی) زۆر لەلاوانی خوێنەر چوونە ریزی ئەو لقەوە وەکو: کامیل تەبەقچەلی خاوەنب رۆژنامەی (بین النهرین)و حەمدی پاچەچی و شوکری فەزڵی و مەحمود نەدیم تەبەقچەلی و مەحمود ئەدیب و عومەر نەزمی و جەمال بابان و خەڵکانی دیکە، ئەم لقە لەلایەن سەید تالیب نەقیبەوە لەبەسرا پشتگیری دەکرا، والی هەوڵیدا سەید مستەفا واعیز بۆ حیزبی ئیتیحادو تەرەقی راکێشێ، ئێوارەیەك لەماڵەکەی خۆی سەردانی کردو قسەی لەگەڵ کرد تاسەعات چواری دوای خۆرئاواو بەڵێنی دایە بەئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان دابمەزرێنێ، لەقەناعەت پێهێنانی سەرکەوتوو نەبوو[٤٩]، پاشان والی بایدایەوە سەر عەبدول رەحمان نەقیب و هەوڵی راکێشانیدا، لەمەدا سەرکەوتن یاوەری بوو، بەڵێنیدا بەنەقیب کەمحێدینی کوڕی بکاتە نوێنەری بەغداو هەردووکیان لەسەر ئەوە رێکەوتن، ئەوەبوو نەقیب لەوپەیمانە کە لەنێوان خۆی و هاوڕێکانی دیکەی هەیبوو کشانەوە[٥٠]، لەبەهاری ١٩١٢ هەڵبژاردن کرا، هەڵبژاردنێکی گەرم بوو، لەگەڵ ئەوەی پێشتر کرابوو جیاواز بوو، عیراقیەکان بۆ یەکەمجار بوو بەچاوی خۆیان ململانێی حیزبایەتی لەنێوان پاڵێوراوەکاندا ببینن، والی هەوڵێکی زۆریدا بۆ سەرخستنی پاڵێوراوەکانی ئیتیحادیەکان دژ بەنەیارەکانیان، ئەنجامیش ئیتیحادیەکان لەهەموو لیواکان بردیانەوە، جگە لەبەسراو عیمارە نەبێت،



کەئیتیلافیەکان تیا سەرکەوتن ئەویش بەهێزی سەید تالیب بوو[٥١].

سەید ئیسماعیل واعیز لەوەسفی ئەو هەڵبژاردنە دەڵێ: دەستکاریەکی ناشیرین لەسووتاندنی وەرقەکان و تەزویرکردنیان روویدا[٥٢]، نازانم ئایا راستە ئەمە روویداوە، یان بۆیە وادەڵێ، چونکی باوکی سەید مستەفا لە هەڵبژاردن شکستی هێنا؟! ئیتیحادیەکان لەبەغدا بەبۆنەی سەرکەوتنیانەوە لەهەڵبژاردن ئاهەنگیان سازدا، والی وتاریداو چاکەی ئیتیحادیەکان و کارەکانیان لەخزمەتکردنی دەوڵەتی ژمارد، هەروەها فوئاد بەگ گیپەچی و نوری ئەفەندی بەغدادی و جەمیل سدقی ئەفەندی زەهاوی وتاریان خوێندەوە، ئەوەی زەهاوی لەوتارەکەیدا وتی: (بەئیتیحادی دەژی و، بەئیتیحادی دەمرێ و چاوی بەخودا دەکەوێ بەسەروچاوی ئیتیحادیەکانەوە)[٥٣]، ئەوەی شایانی وتنە زەهاوی لەهەڵبژاردن وەکو نوێنەری لیوای مونتەفیك بردیەوە.

## خاوەنی (المنار) لەبەغدا:

کاتێ بەغدا بەهەڵبژاردنەوە سەرقاڵ بوو سەید رەشید رەزا خاوەنی گۆڤاری (المنار)ی قاهیرەیی گەیشتە ئەوێ و، بووە میوانی سەید عەبدول رەحمان نەقیب، دیارە هاتنی ئەم کابرایە بۆ بەغدا لەو باروزروفەدا، بەبێ هەندێ مەرامی سیاسی نەبوو، نابێ لەبیرمان بچێ کەسەید رەشید یەکێك بوو لەوانەی رەخنەی سیاسەتی ئیتحادیەکانی دەکرد دژ بەعەرەب ئەمەیش لەزۆر نووسینیدا هاتووە، ئەنجامی ئەوە لەساڵی ١٩١١ لەگەڵ شێخ عەبدول عەزیز شاویش یەکانگیر بوون، چونکی شێخ شاویش هێرشی دەکردە سەر گۆڤارەکەی (الهدایة)و، تاوانباری دەکرد کە لەگەڵ ئینگلیز تەبایە، سەید رەشیدیش لەگۆڤاری (المنار) بەتووندی وەڵامی دەدایەوە[٤٥].

هەر کەسەید رەشید گەیشتە بەغدا، خەڵکی بەغدا بەپیریەوە هاتن و، بەتایبەتی لاوانی خوێنەواری خاوەنی هەستی نەتەوایەتی، داوایان لێی کرد موحازەرەیەکی گشتی پێشکەشبکات و، ویستیان روایەتی (وەفائی عەرەب) بنوێنن، تارێگە خۆش کەن بۆ کۆبوونەوەی خەڵك بۆ گوێگرتن لەموحازەرەکە، ئیتیحادیەکان لەبەغدا ئەمەیان پێ خۆش نەبوو، لەبەرئەوە هانی پیاوانی ئایین و خەڵکی رەشۆکیان دا، بەبیانووی ئەوەی گوایە (سەلەفیە) نکوولی لەپیرۆزیی ئەولیاکان دەکا، لەسەرووی هاندەرانەوە سەید مستەفای واعیز بوو، لەوەدا کتێبێکی دانا، دەڵێن هۆیەکەی ئەمە گوایە سەید مستەفا دوای ئەوەی نائیبی دۆڕاند، ویستی ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، ئەوەبوو خۆی لەرێگەی سوکایەتی کردن بەسەید رەشید رەزا لەوالی نزیك دەکردەوە(٥٥)، ئەمیش ناچاربوو بێ ئەوەی موحازەرەکەی بدات بەغدا بەجێ بهێڵێ.

## چارەنووسی ئیتیلافیەکان لەبەغدا:

جەمال بەگ لەوالیەتی بەغدا دەستی لەکارکێشایەوە، دوای ئەوەی ئیتیلافیەکان لەئەستەموول لە ٢٢ی تەمموزی ١٩١٢ دەسەڵاتیان گرتەدەست و، لە ١٧ی ئاب جەمال بەگ بەغدای بەجێهێشت، ئیتیحادیەکان و لایەنگرانی لەخەڵکی بەغدا هاتنە دەرەوە بۆ ماڵئاوایی کردن لێی، لەگۆڕەپانەکەی نزیك گۆڕستانی شێخ جونێد کۆبوونەوە، وتارێکی دوورودرێژی بۆیان داو بەمە کۆتایی پێ هێنا: (وادەزانن لەترسی رکەبەرایەتی وەزارەت دەست لەوالیەتی بەغدا دەکێشمەوە وەك لەوەی لێرە دەمەوێ ئەگەر واهەست بکەن ئەمە هەڵەیە، راستی ئەوەیە، بۆیە من دەستم لەکارکێشایەوە تابتوانم بچم بۆ ئیستانەو، دەتوانم لەوێ بۆ رووخاندنی



وەزارەتی ئیتیلافیەکان کاربکەم(٥٦)، دوای جەمال بەگ ماوەی ساڵ و نیوێك تێپەڕی، چەند والی بەدوایدا هاتن، جارێ بەوەکالەت و جارێك بەئەسڵی، دواییان محەمەد فازڵ پاشا داغستانی بوو، کە بەوەکالەت والی بوو لە ١٠ ئەیلوولی ١٩١٣ تا ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٤، لەو ماوەیەدا شتێك روویندا شایانی باسکردن بێ لەبەغدا جگە دەنگدانەوەی کوشتنەکەی سەدرل ئەعزەم مەحمود شەوکەت پاشا نەبێ، ئەم پیاوە لەئەستەموول لە ١١ی حوزەیرانی ١٩١٣ کوژرا، هەروەکو لەبەشی پێشوو باسمانکرد، هەر کەهەواڵەکە گەیشتە بەغدا، ئیتیلافیەکان پێیان خۆش بوو، هەستیان کرد کوشتنەکەی پشتی ئیتیحادیەکان دەشکێنێ و، وەکو چۆن کوشتنی نازم پاشا لەوەوبەر پشتی ئیتیلافیەکانی شکاندو پەرت و بڵاوی کردنەوە، هەندێ لەئیتیلافیەکان لەبەغدا لاوی خوێن گەرم بوون، ئەگەر گوێیان لەرووداوێك بووایە هەستیان دەکرد دنیا بەوە تەواودەبێ، پەلیان دەهاویشت بۆ مەسەلەیەك و، پاشان لێی پەشیمان دەبوونەوە.

هەر کەکوشتنی مەحمود شەوکەت پاشایان بیست تا دڵخۆشی خۆیان راگەیاند، لەیانەکەیان دەنگی مۆسیقا بەرزبوەوە، یەکێکیان لەکامیل ئەفەندی تەبەقچەلی بوو بروسکەی بۆ جێگری پاشایەتی رەوانەکرد بۆ هەندێ لەخەڵکی پایەبەرزیش لەئەستەموول مژدەو پیرۆزبایی تیابوو.

لەئەستەموول ئیتیحادیەکان کوشتنی مەحمود شەوکەت پاشایان کرد بە (کراسی عوسمان)، وەکو لەبەشی پێشوو باسمان کرد، دەستیان بەتۆڵە سەندنەوە لەنەیارەکانیان کردو لەهەموو شوێنێك راوەدونانیان، بۆیە وەزیری ناوخۆ بروسکە بۆ داغستانی لێ دەدا، کەوالی بەغدا بوو بەوەکالەت و، فەرمانی پێدەکا بەدەستگیرکردنی کامیل تەبەقچەلی و یوسف حەیدەری و شوکری فەزلی و مەحمود نەدیم تەبەقچەلی و، ناردنیان بۆ ئەستەموول و، دانیان بەدادگای سەربازی، بەتوومەتی بەشداربوونیان

لەکوشتنی سەدرل ئەعزەم مەحمود شەوکەت پاشا، محەمەد فازڵ پاشا داغستانی جیابوو لەوالیەکانی دیکەی عوسمانیەکان، بەوەی خۆی بەبەغدایی دەزانی، بەرێبازی ناوخۆیی کەڵەمێرو بەمروەت بوو، لەبەرئەوە بەغدایان خۆشیان دەویست و، لەمەدحکردنی زیادەڕۆییان دەکرد، هەر کەفەرمانی بۆ دەستگیرکردنی ئیتیلافیەکانی بەغدا هات، هەوڵیدا شەفاعیەتیان بۆ بخوازێ و بیانپارێزێ، پێشنیازێکی بۆ ئەستەموولْ بەرزکردەوە، داوا دەکات بدرێنە دادگایەکی سەربازی لەبەغدا، داواکەی قبوولْ کرا، تەنها بۆ یەکێکیان نەبێ ئەویش کامیل تەبەقچەڵی بوو، ناچاربوو رەوانەی ئەستەمووڵی بکات تا بەسزای خۆی بگات، بەڵام ئەوانی دیکە چەند رۆژێك بەندکران و دواجار ئازاد کران، ئەمە کۆتایی ئیتیلافیەکان بوو لەبەغدا، پەرت بوون و هەندێکیان وازی لەسیاسەت هێنا، ئەوانی دیکە چوونە ریزی حیزبی باڵادەستەوە، مەحمود نەدیم تەبەقچەلی رایکرد بۆ بەسراو پەنای بردە بەر سەید تالیب نەقیب.

## بەنداوی هندییەی دووەم:

ئەو بەنداوەی کەئەندازیاری فەرەنسی (شوندیرفر) لەساڵی ١٨٩٠ لەسەر ئاوی فورات دروستی کردبوو، خەریك بوو لەگەڵ رۆژگاردا دەڕووخا، هەر کەساڵی ١٩٠٥ هات حاڵ لەشەتی حلە تووندتر بوو، بەر لەدروستکردنی بەنداوەکە ئاو بڕا لەوەرزی گەرما لەزەوییەکانی حلەو دیوانیەو دەغارەو، دانیشتوانەکانی بەجێیانهێشت و دارستانەکانی دارخورما تەلەف بوون(٥٧)، لەمانگی کانوونی یەکەمی ١٩٠٨ ئەندازیاری بەریتانی ناسراو (سێر ولێم ویلکۆکس) گەیشتە بەغدا، چونکی حکومەتی عوسمانی بەراوێژکاری ئاودێری لەعیراق دایمەزراند(٥٨).



دوای لێکۆڵینەوە لەدۆخەکە ویلکۆکس راپۆرتێکی بۆ ئەستەموولْ بەرزکردەوە تێدا پێشنیازی دروستکردنی بەنداوێکی کردبوو دەرگاکانی ئاسن بێت لەدووری هەشت سەد مەتر لەباکووری بەنداوی شۆندیرفەر، حکومەت ئەم پێشنیازەی وەرگرت و، دروستکردنی بەنداوێکی نوێی بەکۆمپانیای (جاکسون)ی بەریتانیا سپارد، کۆمپانیاکە لەشوباتی ١٩١١ دەستبەکاربوو، بەنداوەکە لەسەر وشکایی لەلای رۆژهەڵاتی ئاوەڕۆی رووبارەکەوە دروستکرا، نزیکەی ٣٥٠٠ کرێکاری عیراقی تیا بەکارهێنرا، کارەکە بەشێوەیەکی زۆر وردو سەیر بەڕێوەچوو، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بەپلەی یەکەم بۆ کۆمپانیای کۆنتەراتچی و ئەندازیاری سەرپەرشتیار سێر ولێم ویلکۆس، ئەگەر ئەو دووەنە بووایە نەدەوترا بەنداوەکە بەو گەورەیە دروستبکرێ لەدۆخێکی ئیداری گەندەڵ وەکو ئەو دۆخەی لەعیراق کەئەو رۆژانە باوبوو، بڕی ئەو پارەیەی بەنداوەکەتێی چوو چارەکە ملیۆنێك لیرە بوو، ئەم پارەیەش کەم بوو، دەتوانین هۆی ئەمە بگەڕێنینەوە بۆ هەرزانی کرێی کارگەر لەلایەك و، دەستپاکی ئەوانەی سەرپەرشتیاری ئیشەکە بوون لە لایەکی دیکە، لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩١٣ ئاهەنگی کردنەوەی بەنداوەکە سازکرا، ئاهەنگێکی قەشەنگ بوو، کونسڵەکانو گەورە فەرمانبەرانو پیاوماقووڵان ئامادەبوون، هەروەها محەمەد فازڵ پاشا داغستانی والی بەوەکالەت ئامادەی بوو، مستەر هۆیتلی نوێنەری کۆمپانیاکە وتاریدا بەزمانی فەرەنسی، دواجار داغستانی بەزمانی تورکی وتاریدا، پاشان داوەت کراوەکان چوون بۆ بەنداوە خۆڵەکە کەدروستکرابوو بۆ رێگەگرتن لەئاو دەربازبوون، دوعا خوێنراو قوربانی سەربڕا، پاشان داغستانی خاکەنازێکی گرتە دەستەوەو هەندێ لەخۆڵەکەی لابرد، دوای ئەوەی بیست کرێکار هاتن و هەموو بەنداوە خۆڵەکانیان لابرد، لەماوەی پێنج دەقیقەو ئاو بەرەو بەنداوەکە لەنێو هەڵهەڵەی ژنان و تەقەکردندا دەرپەڕی(٥٩).

## ویلایەتی جاوید پاشا:

لە ١٨ی کانوونی دووەم ١٩١٤دا والی جاوید پاشا گەیشتە بەغدا، ژمارەیەك ئەفسەرو فەرمانبەری لەگەڵ بوو، زۆر بەگەرمی پێشوازی کراو تۆپ تەقێنرا، جاوید پاشا یەکێك بوو لەگەورە ئیتیحادیەکان، پسپۆڕی ئابووری و کاروباری دارایی بوو، دواجار لەکاتی دەستووردا پۆستی وەزارەتی دارایی وەرگرتبوو، بۆیە دامەزراندنی لەعیراق هەندێ مقۆ مقۆو ترسی وروژان، بەرلەوەی بگاتە بەغدا رۆژنامەی (النهضة) کەخاوەنەکەی مەزاحم پاچەچی بوو، رۆژنامەی (المصباح) کەخاوەنەکەی عەبدول حسێن ئازەری بوو هێرشیان کردە سەری، لەودا شەڕیان بۆ عیراق و خەڵکەکەی تیا بەدی کرد، دیاربوو جاوید پاشا سوور بوو بەوەرگرتنەوەی ماڵ و پارەی میری، کە لەلای عەشایەرەکان بوو، بەوەش دەیویست ئەو پارەیە بیگرێتەوە کە لەبەنداوی هندیە خەرج کرابوو، بەپلەی یەکەم بایەخی خۆی خستبووە سەر (ئال فەتلە) لەناوچەی ئەبوو سەخیرو مشخاب، ئەو ناوچەیە دەوڵەمەندە بەکشتوکاڵی برنج و، وشك بوونی شەتی حلەش لەوەوبەر زۆر قازانجی پێ بەخشی، چونکی کەئاو چووە سەریان تارادەیەك عەشیرەتەکان خۆشگوزەران بوون، جاوید پاشا، حامد ئەفەندی سامەرائی بەقایمقام بەوەکالەت لەئەبو سەخیر دامەزراند، ئەم کابرایە بەتووندوتیژی و دەستپاکی ناسرابوو، هەر کەفەرمانەکەی گرتەدەست، بینی مبدر فرعەون و کەسانی دیکە لەسەرۆکەکانی ئال فەتلە قەرزێکی میری زۆریان لایە، پاشان لەبارەی مبدر فرعەونەوە هەواڵی پێ گەیشتبوو بەتایبەتی کەشەوی پەنجا لیرەی بۆ سۆزانی و ژنە سەماکەرەکان خەرج کردووە، جاوید پاشا دەستی



بەگەشتێکی پشکنین کرد لەفوراتی ناوەڕاست، ئۆتۆمبێلی تایبەتی هەبوو، یەکەم ئۆتۆمبێل بوو کەدانیشتووی ناوچەکە دیبوویان وارێکەوت لەگەڵ گەیشتنی جاوید پاشا بۆ کەربەلا مبدر فرعەون لەوێ بوو، شۆفیرەکەی ناردو هەندێ تەنەکەی بۆ ئەبوو سخێر رەوانەکرد، هەر کەمبدر گەیشتە ئەبوو سخێر چووە لای حامد سامەرائی و لەنزیك بوونەوەی گەیشتنی والی ئاگاداری کردەوە، سامەرائی بەتووڕەیەوە ئاوڕی لێی دایەوەو وتی: (بەم کاروبارو حاڵەوە ماڵی حکومەت دەخۆن و لەگەڵ سەرانی بێ رێزی دەکەن، ئەوانەی بارودۆختان نازانن، مبدر کوانێ ماڵی حکومەت؟ بزانە من ئەو کەسە نیم بۆیان دەشارمەوەو، نەحەزم لەمنداڵ و ژنەو نەخەڵکی تاوانکارم تادەستم بگرن، هەروەکو عادەتتانە لەگەڵ کارمەندانی حکومەت دەیکەن، لەئێستا بەولاوە رێگا نادەم یەك قرشێکی حکومەت بخۆن)، مبدر لەلای سامەرائی هاتە دەرەوەو، تووڕەیی بەسەروچاویەوە دیاربوو هەر کە والی گەیشتە ئەبوسەخیر، سەرانی ئال فەتلە هاتن بۆلای هانایان بۆی برد، قایمقام لابەرێ، پێی وتن: (بزانن ئەم قایمقامە تاوانکار نیە تا بەرتیلی بدەنێ، ئێمە داوامان لێی کرد پارەکانی لەمەوبەرەو ئێستاش کۆبکاتەوە، ئەگەر پارەتاندا ئەوا برادەرتانە، ئەگینا سەرپشکی دەکەم و، چی لەدەست بێ بەیارمەتی من لێتانی بکات). ئەنجا والی سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو شارەکەی بەجێهێشت[٦٠].

حامد سامەرائی ئاگاداریەکی ئاڕاستەی سەرانی ئال فەتلە کرد بۆ ماوەی دە رۆژ تا چی پارەی کۆن و ئێستایان لەلایە هی حکومەتەو بیدەنەوە، ئەو سەرۆکانە هیچ رێگایەکیان لەبەردەمدا نەبوو جگە لەشۆڕش و یاخی بوون نەبێ. شۆڕشەکە چوار مانگی خایاند، حکومەت لەبەسراوە پاپۆڕێکی پڕ لەتۆپخانەو دۆشکەی ناردە سەریان و شکستیان خوارد.

حامید سامەرائی چووە سەر قەڵاکەی مبدرو وتی: (هۆ ئال فرعەون خراپترین ئەشکەنجەتان دەدەم)، پاشان فەرمانیدا بەرووخاندنی قەڵاکە، مبدر لەئەبووسەخیر خۆی دایە دەستەوەو مزهری برای و برازاکەی سەرتیپ مزرو عەبدل کازم حاجی سوکەرو حەسەنی برایشی دەستگیرکران[٦١]، هەموویان بۆ بەغدا بران و خرانە زیندانەوە، بەڵام عەبدول واحید حاجی سوکەر توانی هەڵبێ و خۆی لەناو شوانەکاندا بشارێتەوە[٦٢]، ئەوسا سامەرائی ئیشێکی ئەنجامدا یەکەم ئیش بوو لەعیراق لەمێژووی عیراقی نوێدا دەکرا، ئەویش دەست بەسەراگرتنی زەوی و زاری سەرۆك عەشیرەتەکان بوو، دابەش کردنی بەسەر تاکەکانی عەشیرەتدا، (مەرجنامەی) لەوالی بۆ وەرگرتن، تاکەکان چوونە ناو خانووی سەرۆکەکانیانەوەو زەوییەکانیان بەرهەمهێنا، بەڵام ئەوە زۆر درێژەی نەکێشاو جەنگی جیهانی بەرپا بوو، ئینگلیز بەسرای داگیرکردو ئەوانیش چوون بۆ شوعەیبە بۆ بەشداریکردن لە (جیهاد لەپێناوی خودا).



## بەشی حەوتەم

## بزووتنەوەی هۆشیاری عەرەبی و کاریگەری لەعیراقدا

عەرەب لەچەرخەکانی دواییدا هۆشیاری نەتەوەییان نەبوو بەشێوەیەکی ئاشکرا، وەکو لەم چەرخەدا بەرچاومان دەکەوێت، چونکی هۆشیاری ئایینی لەنێوانیاندا باو بوو، موسڵمانەکانیان تورکیان بەبرای خۆیان دادەنا، لەئاییندا، لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، کە لەدیدی ئەواندا نوێنەری خەلافەتی ئیسلامی بوو، هۆشیاری نەتەوەیی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم لەنێو عەرەبدا پەیابوو، یەکەم پەیابوونی لەناو مەسیحیە شامیەکان بوو، ساطع حوسەری ئەمە بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێنێتەوە، لەوانە لەموسڵمانەکان زیاتر پەیوەندیان بەدەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دەوڵەتی عوسمانیان بەنامۆ دەزانی لێیان و خۆی بەسەریاندا سەپاندبوو، بۆیە لەم رووەوە لەگەڵ برا موسڵمانەکانیان جیاوازبوون[١]، یەکەم هەوڵی رێك و پێك لەمێژووی هۆشیاری نوێی عەرەبی لەساڵی ١٨٧٥دا روون بوەوە، ئەوکاتەی پێنج لاوی مەسیحی ئەوانەی لەکۆلێجی ئەمریکا دەیانخوێند (کۆمەڵەیەکی شۆڕشگێڕی نهێنی)یان دروستکرد، ئەم پێنج کەسە لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژدا توانییان زۆر ئەندام بهێننە کۆمەڵەکەیانەوە لەتایەفە ئایینیە جۆربەجۆرەکان و لقی لەدیمەشق و تەرابولس و سەیدا بۆ بکەنەوە، هەروەها توانیان مەحفەلی ماسۆنی بەلای خۆیاندا رابکێشن، کەماوەیەکی کەم بوو دروست ببوو، هەروەها لەئیشەکانیان بەشداری بکەن[٢]، فارسی نمر کەیەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە باسی چۆنیەتی دروستبوونی بیرۆکەکە دەکات لەمێشکیانداو

دەڵێ: (بیرۆکەی نەتەوەیی ئەو ڕۆژانە هێشتا ڕێگای خۆی نەدۆزیبووەوە بۆ نێو ویژدانی خەڵکی ڕەشۆکی، وەلای خەڵکی لەسەر بنەمای ئایینی و تایەفەگەری دامەزرابوو، یەکێتی نەتەوەیی لەم جۆرە بارو زرووفەدا دروستبوونی مەسەلەیەکی مەحاڵ بوو بەڵام کۆمەڵێك بچووکی لاوان کەزۆربەیان مەسیحی بوون دەینویست لوبنان ئازادکەن لەدەسەڵاتی تورك ئەم کۆمەڵەیان دروستکرد.

هەموو ئێوارەیەك لەسەر (رووشە) لەسەری بەیروت بۆ گفتوگۆو راوێژ کۆدەبوونەوە، ئەوەی کەزۆرتر نیگەرانی کردبوون ئەوەبوو هەستیان دەکرد لەنیشتمان نامۆن و تورکەکان رقیان لێیان دەبووەوە، هەستیان کرد ئەگەر بیانەوێ بگەنە ئەنجامەکانیان دەبێ لەگەڵ موسڵمانەکان هاوکاری بکەن، وەکو یەك بەرە خۆیان بەرامبەر بەتورکەکان نیشان بدەن، هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوان موسڵمانەکان و مەسیحیەکاندا نەبوو، جگە (عروبە) نەبێ، عروبە وەکو دروشمێك لەتوانایدا هەیە هەستی نەتەوایەتی لەدەروونی عەرەبەکاندا بوروژێنێ و، موسڵمان و مەسیحیە بێزارەکان لەتورکان یەکبخات، لەم بارەیەوە خاڵێکی دیکە هەبوو ئەویش هەندێ لەئەندامە دیارەکانی کۆمەڵەکە چوو بوونە، ڕێزی مەحفەلە ماسۆنیەکانەوە، هەوڵیان دەدا موسڵمانەکانیش بخەنە ئەو مەحفەلانەوە، بۆئەوەی دواجار بەرەو کۆمەڵەکە رایانبکێشن، لەراستیدا ژمارەیەکی کەم لەموسڵمانەکان چوونە ریزی مەحفەلە ماسۆنیەکانەوە[٣].



## لەسەردەمی مەدحەت پاشا:

مەدحەت پاشا لەساڵی ١٨٧٨ بەوالی شام دامەزرابوو، سەردەمەکەی لەو وڵاتەدا بەهەندێ وریابوونەوەی فیکری و ئازاد ناسرا وەکو لەوەوبەر عیراقی پێ ناسرابوو، ئەندامانی (کۆمەڵەی نهێنی شۆڕشگێڕ) ئەم هەلەیان قۆستەوەو لەئیش کرد بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشەکەیان لەنێو دانیشتواندا چالاك بوون، ئەندامانی کۆمەڵەکە دەستیان کرد بەنووسینی بڵاوکراوەو ریسواکردنی دەسەڵاتی تورك و هاندانی عەرەب تاشۆڕش دژیان بەرپاکەن، شەوانە لەشەقامەکانی بەیروت ئەو بڵاوکراوانەیان بەدیوارەکانەوە دەنووساند، پاشان چالاکی خۆیان بڵاوە پێداو ئەنجا بڵاوکراوەکانی خۆیان لەدیمەشق و تەرابولس و سەیدا بڵاودەکردەوە، سەرەڕای بەیروت، تا کۆتایی ١٨٨٠ بەردەوام بوون، بەرپرسان ئەنجامی ئەم چالاکیە نهێنییە لەئەستەمووڵ و شام تووشی سەرسووڕمان هاتن، لەناو خەڵکی وابڵاوبوەوە کەوالی مەدحەت پاشا ئاگای لەنهێنی کۆمەڵەکە هەیەو، ئەگەر خۆی دامەزرێنەری راستەقینەی کۆمەڵەکە نەبێ، دەسا پارێزەری خۆی داوەتێ، وایان لێی دەگێڕایەوە گوایە دەیەوێ وڵاتی شام سەربەخۆ کات، چۆن محەمەد عەلی پاشا بەر لەو میسری سەربەخۆ کرد، سوڵتان عەبدول حەمید بەنهێنی هەندێ لەسیخوڕەکانی خۆی بۆ بەیروت نارد خانووەکانیان پشکنی و هەندێ خەڵکی گومان لێکراویان دەستگیرکرد ناودارانی بەیروت مەزبەتەیەکیان بۆ حکومەت بەرزکردەوە و تێدا لانگیری خۆیان بۆ سوڵتان نیشاندەدا ناڕازی بوون بەرامبەر هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری[٤].

کونسڵی بەریتانی لەبەیروت بروسکەیەکی بۆ حکومەتەکەی نارد لە٢٨ی

حوزەیرانی ١٨٨٠ ئەمەیش دەقەکەیەتی: لەبەیروت بڵاوکراوە بۆ هاندانی شۆڕش پەیابوون گومان لەوەداهەیە مەدحەت پاشا خۆی دروستی کەری بێت لەگەڵ ئەوەشدا ئاسوودەیی لەوڵات بەرقەرارە درێژەکەی لەنامەی داهتوودایە[٥] زۆری پێ نەچوو تا موشیری حسێن فەوزی پاشا کەوت دوای ئەوەی سەلامی سوڵتانی پێی گەیاند پێی وت: کەئەو لەلای سوڵتانەوە بەئەرکێکی تایبەت نێردراوە ئەویش ئەوەیە بەڵێن و پەیمانی دڵسۆزی بۆ خودی شاهانە لێ وەرگرت مەدحەت پاشاش لێی پرسی: سەبارەت بەچ رووداوێك دەتەوێ دڵسۆزی خۆمت بدەمێ موشیریش وەڵامی دایەوە: سەبارەت بەعەزمتان لەسەر بۆ گۆڕینی ویلایەتی شام بۆ ئەیالەیەکی زۆرچاك و لوبنان بخەنە سەر راگەیاندنی لەهەر دوکیاندا سەربەخۆت و ئەو ئاهەنگەش ئەوە دەسەلمێنێ کەبۆ سێر لایارد باڵیۆزی ئینگلەتەرە لەسەر دانەکەی بۆ دیمەشق سازدرا، بەسێ رۆژ دوای ئەم گفتوگۆیە فەرمانی سوڵتانی دەرچوو بۆ گواستنەوەی مەدحەت پاشا بۆ ویلایەتی ئەزمیرا (٦)، دوای گواستنەوەی مەدحەت پاشا لەو یلایەتی شام، لاوازی کەوتە کۆمەڵەی نهێنی شۆڕشگێر و دوو بەرەکی لەنێوان ئەندامەکانی دەستی پێکرد دیار بوو ئەندامەکانی لەسەر ئامانجی باڵای کۆمەڵەکە ناکۆك بوون، موسڵمانەکان داوای خود موختار یان لێیان دەکرد لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا و مەسیحیەکانیش داوای سەربەخۆیی و لاتەکەیان و دەرکردنی تورکەکانیان دەکرد ئەم ناکۆکیەش بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو سوتاندنی وەرەقەکانی (٧)..



## شامیەکان کۆچ دەکەن:

دوای داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە لەساڵی ١٨٨٢، بزوتنەوەی هۆشیاری عەرەبی لەوڵاتی شامەوە گوێزرایەوە بۆ میسر زۆربەی رۆشنبیرە شامیەکان بۆ میسر کۆچیان کرد لەوێ سەربەستی و گەشە کردنی رۆژنامەوانی هەبوو کەلەوڵاتی خۆیان نەیاندیبوو لەوێ چالاکیان نواند و دەستیان بەرۆژنامەو گۆڤار دەرکردن و کتێب دانان کرد بەوەش بزوتنەوەیەکی فیکریان بەرهەمهێنا کەگاڵتەی پێ نەدەکرا دەستیان کرد بەبەکارهێنانی زاراوەی عەرەبی کۆن دوای ئەوەی واتای نوێیان پێ بەخشی وەکو (نیشتیمان)و (نەتەوە)و (سەربەخۆیی)و (مافی مرۆڤ)(٨)..

ئەمانەیش چەمکی شۆڕشی فەرەنساو بزووتنەوە نەتەوەییە ئەوروپایەکان بوون هەرلەوساوە ئەم زاراوانە لەولاتانی عەرەب بڵاودەبوونەوە. مێژوونووس ولێم بێڵ دەڵێ: (میسر کەلەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا بوو، بووە داڵدەی عەرەبە نەتەوە پەرستەکان، کۆچبەرە شامیەکان بۆ دۆڵی نیل بڕبڕ هاتن و لەوێ جالیەیەکی گرنگی بچووکیان پێکەوەنا ئەم پەنابەرانە لەچەند بوارێکدا چالاك بوون کەچالاکی سیاسی و رووناکبیری خۆیان لەمیسر بەردەوام بوون بەمەش جالیەی شامی لەقاهیرە بوە ناوەندێکی نەتەوەی عەرەب (٩).

ئەوەی شایانی وتنە کەئەو شامیە کۆچبەرانە بۆ میسر چاپخانەیەکی تایبەتی بۆ خۆیان دیاری کرد ئەویش چاپخانەی (سبلندید بار)بوو، بەرامبەر بەباخچەی ئۆزیەکی زۆر لەوانەو هەموو ئێوارەیەك بۆ ئەوە چاپخانەیە ئەچوون لەوانە رەفیق عەزم وشبلی شمێل وئەنتوان جەمیل و

محەمەد رەشید رەزا و محبەدین خەتیب و ئەسکەندەر عەموون و سامی جریدینی و سلێم سرکیس و جەمیل رافعی و حەقی عەزم و کەسانی دیکە[١٠].

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەمدا یەکەم کۆمەڵەی سیاسی لەسەر دەستی ئەو کۆچبەرانە دروستبوو ئەویش (کۆمەڵەی شورای عوسمانیە).

لەدامەزرێنەکانی رەفیق عەزم ومحەمەد رەشید رەزا بوون هەروەها پیاوانی تورك و چەرکەس و ئەرمەن تیا بەشداربوون ئامانجی کۆمەڵەکەش بەرگریکردنی ئیستیبدادی حەمیدی بوو، وئیش کردن بۆ دامەزراندنی حکومەتی دەستووری لەوڵاتی عوسمانیدا.

دەیانووت ئەم کۆمەڵەیە سوڵتان عەبدول حەمیدی نیگەران کردبوو تەنانەت لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە نەتیوانی سێ شەو لەسەریەك بخەوێ وناوی نا (کۆمەڵەی بەدکاریی و گەندەڵی)[١١].

شامیەکان تەنها بۆ میسر کۆچیان نەکرد بگرە کۆچیان بۆ وڵاتی دیکەش کرد وەکوفەرەنسا و سویسراو هەردوو ئەمریکای باکورو باشوور بچوونایە بۆ هەچ وولاتێك رۆژنامەی تایبەتی خۆیان دەردەکردو بەئاشکرا رەخنەیان لەسیاسەتی عەبدول حەمید دەگرت و بانگەشەکردن بۆ نەتەوەی عەربی ئەو رۆژنامەی بەنهێنی دەگەیشتنە وڵاتانی عوسمانی لەرێگەی پۆستی بیانیەوە دوور لەچاوی چاودێران ئەم دەست و ئەو دەستیان دەکرد، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بوترێ بانگەشەی نەتەوەیی کەشامیە کۆچبەرەکان دەیانویست لەوڵاتی عەرەبی بڵاوی کەنەوە سەرکەوتنێکی سنورداری بەخۆیەوە بینی، چونکی زۆربەی عەرەبەکان بەیەکبوونی ئیسلامی پابەندبوون سوڵتان عەبدول حەمید بانگەشەی بۆ دەکرد ئەوەی شایانی وتنە عەبدول حەمید هەوڵێکی زۆری دابوو بۆ راکێشانی عەرب و رازی



کردنیان و هیچ جیاوازیەکی لەنێوان ئەوان و نەتەوە تورکەکەیدا نەدەکرد یان ئەوەتا لەنێوان هەردوو نەتەوەکەدا لەسەر سیاسەتی هاوسەنگی دەرۆیشت ئەوەبوو بابولعالی و پایەی وەزارەتی خستبووە دەستی تورکەکان وەکۆشك و ئیشوکاری تایبەتی خستبووە دەستی عەرەبەکان(١٢).

## دوای راگەیاندنی دەستوور:

لە٥ی ئابی ١٩٠٨- واتا بەسیازدە رۆژ دوای راگەیاندنی دەستووری عوسمانی کۆمەڵێ لەگەورەپیاوانی عەرەب لەئەستەمبووڵ کۆمبوونەوە، وەکو شوکری حوسەینی وشەفیق موئەیدو نودرە مەتران و ناجی سویدی و حەمدی پاچەچی و شاکر ئالووسی و عەبدول وەهاب ئالوسی و عارف ماردینی و محەمەد مەخزومی و عەبدوڵا حەیدەری و سادق موئەیەدو محێدین جەزائری و کەسانی دیکە، کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بەناوی (کۆمەڵەی برایەتی عەرەبی عوسمانی)ئامانجی یارمەتی دانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوو بۆ جێبەجێکردنی دەستوور وتوندوتۆڵ کردنی پەیوەندی لەنێوان عەرب و تورکەکاندا دوای ئەوەی دەستەی بەرێوەبردنی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا شاعرێکی بەیروتی عەزیز سەلیم سەعب شیعرێکی بەو بۆنەیوە خوێندەوە..

ئەم کۆمەڵەیە زۆر نەژیا چونکی هەر دوای رووداوەکەی ٣١ی مارت و لابردنی عەبدول حەمید هەڵوەشێنرایەوەو دەڵێن ئیتحادیەکان کۆمەڵەکەیان داخست، چونکی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەکەیان بەکۆنەپەرست لەقەڵەم دەدا ئەوانەی لایەنگری شۆڕشی چەواشە بوون[١٤].

ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەوەدا تێ نەپەڕی کۆمەڵەیەکی دیکەی عەرەبی پەیابوو لەجیاتی کۆمەڵە هەڵوشنێراوەکە هەمان ئامانجی هەبوو بەڵام ئەمیان زۆربەی لەلاوان پێکهاتبوون و ناوی نرا (بنکەی ئەدەبی)داینەمۆی ئەم کۆمەڵەیە نوێیە لاوێکی مافناس بوو تەمەنی سی ساڵ بوو ناوی عەبدول کەریم خەلیل بوو ئەم لاوە بەچالاکی بێ ووچان و کەسایەتی بەهێزی خۆی توانی زۆر لەخوێندکارانی عەرەب لەئەستەموول لەخۆی کۆکاتەوە ژمارەیان هەشت سەد کەس بوو خانووی کۆمەڵەکە بووە جێگای یەکگرتنی ئەو خوێندکارانەو ئاهەنگیان سازدەدا، مارف رەساف لەهۆڵی بنکەکە هەندێ لەشیعرە (قەشەنگەکانی)خوێندەوە..

## تەوژمی چەواشە:

کاتێك برایەتی تورك و عەرەب رێرەوی خۆی گرتبوو وەکو باسمانکرد تەوژمێکی دیکە هەبوو دژ بەوە رێی دەکرد ئەویش هەندێ عەرەب هەستیان کرد کەتورکەکان لایەنی دژایەتی کردنیان دەگرن ئەم هەستەش بەرەبەرە گەشەی کرد وەرچەرخانی عوسمانی وای کرد هەموو قەیرانی دەسەڵات لەدەستی تورکەکان بێت عەرەبەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نەما لەکۆشکی سوڵتانی ئەم مەسەلەیەش دەبوو ببێتە هۆی پەیابوونی هەندێ بێزاری لەنێو عەرەبەکاندا، بچووکترین دەستپێشخەر نەگەتیف لەتورکەکانەوە دەرکەوتایە مەبەستداربوو لەلای عەرەبەکان توندترین کاردانەوەی دەخوڵقاند تورکەکانیش بەتوندترین بەرامبەریان دەکرد بەوجۆرە دوژمنایەتی لەنێوان هەردوو لابەرەبەرە پەری دەسەند وەکو هەر ناکوکیەکی تر.



لەنێوان ئادەمیزادا لەم جۆرە باروزرووفەدا ئەحمەد قەدری خوێندکارێکی عەرەب بوو لەئەستەمبووڵ کاتی وەرچەخانی عوسمانی دەڵێ: لەگەڵ برادەرەکەی عەونی عەبدول هادی لەیەکێك لەشەقامەکانی ئەستەمبووڵ دوای راگەیاندنی دەستوور پیاسەی دەکرد، جەماوەرێکی زۆری خەڵکی بینی و ئەفسەرێکی تورك چووەتە سەرگالیسکەیەك وتاریان بۆ دەدا، ئەفسەرەکە باسی چاکەکانی دەستووری دەکرد، پاشان چوو بەلای هێرش کردنە سەر گەورەپیاوانی عەرەبەو لەپیاوانی سەردەمی لەناوچوو دەیوت: ((خائینە عەرەب عیزەت و خائینە عەرەب ئەبول هودا مەبەستی عیزەت پاشا عابیرو ئەبول هودا سەیادی بوو ئەحمەد قەدری دەڵێ: زۆر بۆ ئەم ڕقە هاندەرە سەسوڕمابووم ئایا لەنێوا پیاوانی سەردەمی لەناوچوو کۆمەڵێك گەورە پیاوی لەتورکەکانی تیانەبوو کەچی وتاردەرەکە ناوی کەسێکیانی نەهێنا کەچی دووکەسایەتی عەرەبی ریسوادەکرد؟ ئەگەر سووکایەتی بە هەردووکیان بکردایە ناوی نەتەوەکەیانی دەهێنا؟ بەراستی هەستی نەتەوایەتی هەژاندمی عیزەتی نەتەوەیم گەورەتربوو خۆم و عەونی عەبدول هادی برادەرم هامبازی بوون و پاڵمان نابە ئاپۆرەکەوە تا گەیشتینە لای بەرامبەری ڕسوامان کرد بەخۆی و گەزافەکانیەوە سەروچاومان تووڕەیی توندی پێوەدیار بوو تۆنی دەنگیشمان وەکو ئاگری لیهات[١٥].

لەتشرینی یەکەمی ١٩٠٨-واتا دوای راگەیاندنی دەستور بەسێ مانگ حوسێن جاهید نووسەری بەناوبانگی تورك لەرۆژنامەکەی (تەنین)دا نووسیویەتی (نەتەوەی تورك)لەسەڵتەنەی عوسمانی بەنەتەوەی دەسەڵاتدار دەمێنێتەوە تورکەکان هەموو ماف و ئیمتیازی بەرزیان هەیە، بەوپێیەی کەرزگارکەرن کەواتە هیچ بوارێك بۆ داننان بەمافی یەکسان بۆ ڕەگەزە نەتەوەیەکانی دیکە نییە، دەستووری عوسمانیش لەشێوەی کۆتاییدا

دەستوریکی تورکە[١٦] لەراستیدا ئەم نووسینە زۆر لەسەرانی تورك و ئاقڵەکانیان لێی رازی نەبوون و بەتوندی رەخنەیان کرد، بەڵام لەنێو عەرەبدا بێزاری عەرەبی وروژان و بەگۆشەنیگای هەموو تورکیان لەقەڵەم دەداو هەروەها هەڵماڵینی نیازە شارەوەکانیان لەکۆتایی ١٩٠٩ هەستی بێزاریی لەلای عەرەب زیاد کرد دوای دەرچوونی (یاسای تەنسیقات)بەم یاسایە دەیانوویست پێی دەزگای حکومەتی لەفەرمانبەرە گەندەڵەکان پاك بکەنەوە عەرەبەکان هەستیان کرد بەشیان لەپاکسازیدا لەهاوکارە تورکەکانیان زۆرتربوو وابڵاوبووەوە کەلیستی فەرمانبەرەکان ئەوەی درابوون بەلیژنەی تەنسیق لەتەنیشت هەرناوێکەوە هێمای مەوزوعیان هەڵگرتبوو فەرمانبەری عەرەب پیتی (ع)ی بۆ دانرابوو ئەرمەنی پیتی (م)... ئەم دەنگۆیە لەوانەیە راست نەبووبێ بەهەرحاڵ دەبێتە هۆی زیادبوونی دووژمانیەتی لەنێوان عەرەب و تورکدا.

پاکتاوکردن بووە هۆی لابردنی دەیان فەرمانبەری عەرەب، لەوەزارەتی دەرەوە دوازدە فەرمانبەری عەرەب هەبوون دوای پاکتاوکردن تەنها فەرمانبەرێکیان مایەوە[١٧] پێویست بەوە ناکات بڵێین هەر فەرمانبەرێك دەستی پاکتاو دەیگاتێ خۆی بەبێ تاوان دابنێ لەراستیدا زۆربەی ئەو خەڵکانە گەندەڵ بوون، دەنگی گازندەی دەکردو لابردنی خۆی بۆ لایانگیری تورکەکان دژ بەو دەگەڕاندەوە، پاشان لەعنەت بارانیان دەکات.

محەمەد لوتفی جومعە نووسەری میسری دەڵێ: کاتێ لەزستانی ساڵی ١٩١٠ و سەرەتای ساڵی ١٩١١ سەردانی ئەستەمووڵی کرد لەسەرەتای بیزارییدا لەنێوان عەرەبەکاندا بەدیکرد عەرەبەکان هەواڵی زۆریان بۆ گێرایەوە دەربارەی چەوساندنەوەیان لەلایەن تورکەوە (١٨) لەمانگی شوباتی ١٩١١ شوکری عەسەلی نوێنەری دیمەشق لەئەنجوومەنی نوێنەران



هەڵساو وتاری خوێندەوە وتی: بەرێزان دوێنێ لەکتێبی ساڵنامە بەدوای ناوی ئەو فەرمانبەرانەوە گەڕام کەتیا بڵاوبووەتەوە دوای گەران ناوێکی کەمم دۆزیەوە لەکوڕانی عەرەب کەنیوەی ئەم سەڵتەنەیەن ژمارەیان لەپەنجەی دەست تێپەڕناکات، ئێمە لەگەڵ توێژەکانی دیکە هاوبەشین لەدانی باج و خەراج و ئەنجامدانی بەوەی پێم رادەسپێرن ئایا ئەمە عەدالەتە کەئەوەی لەسەرمانە بیکەین، و ئەوەشی بۆمان هەیە بمانبێ و پێمان نادرێت ئایا ماقووڵە نەتەوەیەکی ئاوها لاوانی لێهاتووی وەهای تیانە بێ بۆ فەرمانی ناونووس لەدەزگای سەدارە یان جیاکەرەوە لەقەڵەمی ناوخۆ؟ لەچاودێری دارایی ١١١ تورك هەیەو ١٣ جوولەکەو ١٠ ئەرمەنی و ٤ رۆم و یەك عەرەبێکی تیانیە، هۆی ئەمەش گەندەڵی بۆچوون و هەڵەی ئیجتهادە ئەگەر بۆ ئەمە یاسایەکی دادپەروەرانە هەبووایە سکاڵابەرز دەکرایەوە، ئەمەیش ئەوەیە کەئێمە بەزمانی نەتەوەی عەرەب و لەجیاتی ئەو داوای دەکەین ئەم وتارە بەهەراو نارەزاییەوە لەلایەن نوێنەرە تورکەکانەوە وەرگیرا پێیان وابوو هەڵقووڵاوی ئارەزوویەکی رووخێنەرە عەرەبەکان خۆیان بەرامبەر بەو ووتارە دابەش بوون هەندێکیان دەیوست کە کردنەوەی مەسەلەی فەرمانەکان نەشیاوە چونکی عەرەب پیشان دەدات کەزیاتر بایەخ بەوەزیفە دەدەن، زیاتر لەبایەخدانیان بەچاکسازی گشتی.

بەڵام ئەوانی دیکە پێیان وابوو بۆ دەرخستنی راستی زیادکردنی سکاڵا کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئەوەی پیاوانی دەسەلات بێنەوە سەر راستی (١٩) لەو ماوەیەدا کەسەرەتای بێزاریی لەنێو نێوەندە عەرەبەکاندا بڵاوببووەوە رۆژنامەی (اقدام)ی تورکی نووسینێکی دەربارەی یەمەن بڵاوکردەوە وتیا هاتبوو (خەڵکی یەمەن پارە پەرستن و لەپێناوی پارەدا قوربانی بەهەموو شتێ دەدەن، تەنانەت بەناموسی ژنەکانیشیان عەرەبەکان ئەو رۆژنامە

لەئەستەموولْ کردیان بەهەڵاوقیامەت، هەر لەئەفسەران و خوێندکاران و نوێنەران و کەسانی دیکە خۆپیشاندانێك رووی کردە بەرێوەبەرایەتی رۆژنامەکەو بەردە بارانیان کردو جمی پەنجەرەکانیان شکاند و سوکایەتیان بەخاوەنەکەی کرد، پاشان وەفدێك روو یکردە بابولعالی سەدرل ئەعزەم توورەیی هێورکردنەوە، پاشان خاوەنی رۆژنامەکەی دابە دادگای عورفی و فەرمانی پەککخستنی رۆژنامەکەش دەرچوو، هەر کەهەواڵەکە گەیشتە رۆژنامەکان لەوڵاتانی عەرەب بوو بەقیامەت، رۆژنامەیەکی شامی نووسی بوو، قسەی ئاراستەی خاوەن رۆژنامەکە کرد بوو بەبیٚ شەرم تۆ بیٚ باوکی، ئەو پەندە عەرەبیە زۆر بۆ تۆ راستە بەدەردی خۆی تیٚی گلاندم و خۆی دزیەوە، ئەمەپشتاوپشت رچەڵەکی عەرەبە ئەی رچەڵەکی تۆو ئەوەی سەربەخۆیە کامەیە ئەی خاوەن (اقدام)، رۆژنامەی (الرقیب)ی بەغدایی نووسیبووی: ((دیارە نووسەرەکە عەرەب ناناسیٚ و نەئەحواڵیان دەزانیٚ دیارە ئەو ناموسی هەرزان ترین شتە کەبەهەرزان بیفرۆشیٚ))... شاعیرەکانیش بۆ رەت دانەوەی خاوەن رۆژنامەکەو جنێودان پێی شیعری ناشیرینیان نووسی[20].

## بزووتنەوەی تۆرانیزم و پێچەوانەکەی:

بزووتنەوەی نەتەوەی تورك کە بەبزووتنەوەی تۆرانیزم ناسرابوو لەنێو تورکەکاندا هەر لەسەرەتای پەیوەندی کردنیان بەشارستانی نوێی ئەوروپاوە دروست بوو، بەڵام لایەنگرانی لەسەردەمی حەمیدی زۆرکەم بوون، هەرکە وەرچەخانی عوسمانی روویدا بەرەبەرە ژمارەیان زیادبوو دیارە گروپێك لەئیتحادیەکان مادی و واتایی یارمەتیان دەدان لە٣ی



تەمموزی ١٩١١ هەندیٚ لەپەرۆشانی بانگەشەی تۆرانیزم کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بەناوی (تورك ئۆجاغی)ا واتا نیشتمانی تورك– لق و یانەیان لەشارە جیاجیاکانی تورکیا بۆ کردەوە ئامانجی ئاگادارکردنەوەی تورکەکان بوو بۆ سەروەریەکانی نەتەوەو مێژووی پاڵەوانە دێرینەکانیان وەکو جەنگیزخان ئۆگوزو هۆلاکۆو تەیمور لەنگ رای خاوەنەکانی ئەم بانگەشەیە وابوو کەچل ملیۆن تورك لەئاسیای ناوەراست و قەفقاس سەر بە روسیان لەگەڵ تورکەکانی دەوڵەتی عوسمانی نەتەوەیەکی گەورە پێك دێنن بۆیە دەبیٚ دەوڵەتێك لەسەربنەمای نەتەوەیی دروست کەن لەجیاتی ئەوەی لەسەر بنەمای ئایینی دروست بیٚ درۆشمی خاوەنەکانی ئەم بانگەشەیە ئەمەبوو (تورکین بەرلەوەی موسڵمان بین داوایان دەکرد قورئان بکرێت بەتورکی حەزیان لەناوە تۆرانیەکان بوو پتر لەناوە عەرەبیەکان وەکو ناوی (ئۆگوز)لەجیاتی (محەمەد)و (ئەیشڵداق)لەجیاتی (ئەنوەر) نوسەرێکیان ناوی عوبەیدوڵا ئەفەندی بوو کتێبێکی دانا بەناونیشانی (نەتەوەی نویٚ) تێدا ئاماژەی بەناوی خەلیفەکانی راشدی کردبوو کەلەسەر دیواری مزگەوتەکان نووسرابوون وتی: ((ئەم نەزانییە چییەو ئەم بێئاگایە چییە خەڵکینە کەدەستی بەسەرتان دا گرتووە؟! ناوی خەلیفەکانی عەرەب لەسەر دیواری مزگەوتەکان هەڵدەواسن و لیٚ دەگەرێن لەخەلیفەکانی تورك ئەوانەی کەحەدیسەکانی پێغەمبەر پیرۆزی کردوون هەروەها سرووودی تورکیان دانا بۆ ئەوەی خوێندکارانی قوتابخانەکانی سەربازی بیلێنەوە وەکو ئەم سرووودە: جەنگیز خانن بەیداغی ئانڵی شانڵی سانلاندی ...

واتا: ئالاکانی جەنگیزخان لەئاسمانی شەرەف و سەروەریدا دەشکێتەوە، لەراستی ئەم بانگەشەیە لەنێو خەڵێکی دیاری کراوی تورکدا راپێچ بوو ئەوانەی رۆشنبیری ئەوروپا کاری تێکردبوون بەڵام زۆربەی

خەڵکی تورك لێی رازی نەبوون چونکی زۆر پابەندی ئاینی ئیسلام بوون، رێگەیان نادات هیچ بانگەشەیەکی دیکە دژبەو قبوولّ بکەن بۆیە لەنێوان ئەوان و  خاوەنەکانی بانگەشەی تورانی ناکۆکیەکی زۆر هەبوو بەرهەحاڵ باگەشەی تۆرانی لەنێوان ئەو لاوە عەرەبانەی لەئەستەمبوولّ بوون هەندێ کاردانەوەی دروست کرد ئەوەبوو هەستی نەتەوایەتی لەنێوانیان ئە

نجامی ئەوە دروست دەبوو ئەمەیش بەئاشکرا لەقوتابخە سەربازیەکان دروستبوو کەعەرەب و تورکیان تیابوو هەرگروپێك پاڵەوانە دێرینەکانی خۆی بەرز رادەگرت، بۆ رکەبەرایەتی گروپەکەی دیکە پاشان بۆ بەرابەری کردن بەسروود وتن گواستیانەوە، تورکەکان بەووتنی سروود لەمەدحی جەنگیزخان و تەیموور لەنگ عەرەبەکانیش بەسروودی مەدحی سەلاّحەدین و خالیدی کوڕی وەلید و زوبێری کوڕی عەوام و تاریقی کوڕی زیاد و حەوت عەبدولەکە وەلاّمیان دەدانەوە[٢١] هەندێ لەلاوانی عەرەب لەئەستەمبوولّ دەستیان بەدامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەیی نهێنی کرد وەکو کۆمەڵەی قەحتانی و کۆمەڵەی ئاڵای سەوزو، کۆمەڵەی دەستی رەش، هەروەها هەندێکیان لەپاریس کۆمەڵەی عەرەبی کیژۆڵەیان دامەزراند..

## سەید تالیب نەقیب:

سەیدتالیب ئەوکاتە لەئەستەمبوولّ نشتەجێ بوو، بەوپێیەی کەنوێنەری بەسرایە لەئەنجوومەنی نوینەران لەگەلّ ئیتیحادیەکان تەبانەبوو، چونکی ئەوانە بەلایەنگری ئەبوول هودا ئەنساری لەقەڵەمیاندەدا  بەهەڵبژاردنی بۆ نوێنەری بەسرا نارازی بوون بەلاّم بەزۆری  لە هەڵبژاردندا خۆی سەپاند هەرکەگەیشتە ئەستەمبوولّ دوای هەڵبژاردنی چاوی لەو بووە پایەیەکی



شایستە وەرگرێت، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو بۆیە بووە توندترین  نارازی بووان لەسەر ئیتیحادیەکان ئەحمەد عیزەت ئەعزەمی لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەمەیش دەقەکەیەتی: ((سەید تالیب بەگ بۆ ئیستا نەهات گەورەترین خەمی ئەوە بوو یەکێك لەوەزارەتەکانی بەرکەوێت، چونکی پێی وابوو شیاوی ئەوەیە دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ئەوەی ئەو دەیەوێت مەحاڵە، چونکی ئیتحادیەکان حەزی لێ ناکەن و مەیلیان بۆی نییە، ویستی تا لەتوانای هەبێ ئاشووبێك لەجەوی ئیستان بنێتەوە هەر کەرۆژنامە عەرەبیەکان ناویان بەئیعجاب و گەورەیەوە ناویان دەهێنا زۆری پێی خۆش بوو، چونکی زۆر خۆ پەرست بوو، زۆر خۆی خۆش دەویست[٢٢] سەید تالیب دەستی بەکۆبوونەوەکرد لەگەلّ بەرهەڵستکارە تورکەکاندا و لەرقی ئیتحادیەکان لایەنگیری دەکردن  هەرکە (حیزبی سەربەستی مەیانڕەو)) پەیابوو.

-ئەمە یەکەم حیزبی ئۆپۆزسێون بوو لەسەردەمی دەستووردا- سەید تالیب چووە ریزی ئەم حیزبەوە سلێمان فەیزی لەیاداشتەکانی دەگێرێتەوە: لەسەرتای هاوینی ١٩١١ لەئەستەمبوولّ بوو بۆ تاقی کردنەوەی مافناسی سەید تالیب نەقیب بۆ ماڵەکەی خۆی بانگی کرد بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ، شۆکری بەگ عەسەلی وخەڵکێکی دیکە لەئەندامانی حیزبی ئۆپۆزسێون لەوێ بوون، باسی پشێوی پەیوەندی نێوان تورك و عەرەب کراو ئیتحادیەکان چۆن  رەگەز پەرستی نەتەوەی تورکن و هەوڵی بەتورك کردنی عەرەب دەدەن و چۆن هەندێ لەعاقلانی تورك لەو بزوتنەوەیە روو خێنرەدا دوور کەوتنەوە سلێمان فەیزی دەڵێ: لەراستیدا ئەم بابەتە ترسناکە ئەوکاتە قسەو باسی سەرجەم ولاّت بوو تەنانەت کاتێ خۆم سەردانی بنکەی ئەدەبیمکرد لەئەستەمبوولّ گوێم لێ بوو ئەندامەکانی و ئەوانەی

سەردانیان دەکرد دەربارەی ئەو مەترسیەی دووچاری عەرەب بوو چرپە چرپیان بوو چونکی ئیتحادیەکان لەپرۆژە زۆرداریەکەی خۆیان بەدەوام بوون (٢٣) هەرکەسەید تالیب و سلێمان فەیزی بۆ بەسرا لەمانگی تەمووزی ١٩١١ گەرانەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ کردنەوەی لقی حیزبی سەربەستی میانڕەو لەوێ، لە ٦ی ئابی ١٩١١ لەڤیستیڤاڵێکی گەورەدا لقەکەکرایەوە هەزاران کەس لەخەڵکی بەسرا ئامادەی بوون والی و گەورە فەرمانبەران و کونسەڵەکانی لێبوو، وتارو شعیری ورووژێنەر خوێندرانەوە پاشان بروسکەی پیرۆزبایی خۆێنرایەوە کە لەهەموو عیراق و وڵاتە جیاجیاکانی عەرەبەوە هاتبوون پیاو ماقووڵانی بەسرا ئەوانەی لەحیزبی ئیتحادوتە رەقی بوون لێی کشانەوەو چوونە ناو حیزبی تازەوە هەندێ لەئەفسەرانیش چوونە ریزیەوە وەکو عارف عانەو مەحمود ئەدیب و عەبدول جەلیل شاڵچی وسەعید مەدفەعی و سەعید حەقی و کەسانی دیکە.

دوای سێ رۆژ لەکردنەوەی حیزبی لەبەسرا کونسڵی بەریتانی بۆ خانووی حزیبەکە هات و دوو بەدوو لەگەڵ سەید تالیب لەژوورەکەیدا کۆبوونەوە، بۆ پێشکەشکردنی هەر یارمەتییەکی گونجاو بۆ حیزبەکە ئامادەیی بریتانیای پیشاندا، هەروەها ئەوەیشی خستەرووکە داوای چەند پارچەیەکی ئستۆڵی بەریتانی بکات و تا لەئاوی شەتی عەرب لەنگەربگرن لەترسی هەر کردەوە یەك کەحکومەتی عوسمانی ئەنجامی بدات دژ بەحیزبەکە وەڵامی سەید تالیب ئەوەبوو وەکو سلێمان فەیزی برادەری دەیڵێ: حیزبەکە پێویستی بەپارێزەری بەریتانیا نەبوو، چونکی ئەو بەتەنها بۆ بەرژەوەندی عەرەب ئیش دەکات نەك بۆ بەرژەوەندی کەسی تر (٢٤) حیزبەکە نامەی بۆ چەند کەسێکی دیار لەشارەکانی عیراق نارد بۆ دامەزراندنی لقی حیزبەکە لەلای خۆیان وەکو یوسف سویدی



وعیساجەمیل و مەحمود نەدیم تەبەقچەلی لەبەغداو، سەید عەلوان یاسری و سەید هادی زوێن ومبدر فرعەون لەفوراتی ناوەڕاست و محەمەد عەلی فازڵ و داود بوسفانی لەمووسڵ و عەتیە ئەبوو کوللەل و شێخ جەواد جەواهیری لەنەجەف و سەید تەفار لەسەماوەو حاجی عەباس عەلی لەکوت و سەید عەبدول موتەلیب لەحلەو، حاجی نەجم بەدراوی فایەق خزێری لەعیمارە عەبدوڵڵا فاتح سەعدون و شێخ خێروڵا لەمونتەفیك؟، حیزبەکە رۆژنامەی زمان حاڵی خۆی دەرکرد و ناوی لێنا (الدستور) خاوەنەکەی سەید عەبدول وەهاب تباتەبائی بوو، حاجی مەحمود عەبدول واحید خەرجی هێنانی چاپخانەکەی لەئەورپاوە خستە ئەستۆی خۆی بۆ چاپ کردنی رۆژنامەکە بەبەربڵاوی بڵاوکرایەوەو زۆربەی ئەدیبان و رۆشنبیرایی بەسرا بەشداریان تێداکرد..

## ئیتیلافیەکان و عەرەب:

لە٨ی تشرینی دووەمی ١٩١١دا لەئەستەمبووڵ حیزبی ئازادی و ئیتیلاف دامەزارا وەکو لەبەشی پێنجەم باسمانکرد، ئەندامانی حیزبی سەربەستی میانڕەو خیرا هەموویان چوونەریزی حیزبی تازەوە بۆ یەکخستنی ووتەی ئۆپۆزسیون، سەید تالیبیش لەبەسراوای کرۆدو ناوی حیزبەکەی گۆڕی و کردی بەلقی حیزبی ئازادی و ئیتیلاف ئەوەی شایانی وتنە لەم بارەیەوە حیزبی ئازادی و ئیتیلاف هەوڵی دەدا عەرەب و سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی غەیرە تورك راکێشی تاهەڵوێست بەدەست بهێنێت خۆی بەرامبەر بەنەیارە ئیتیحادیەکانی بەهێزکات، دەڵێن نیهێنی ئیتیحادیەکانی بۆ عەرەبەکان ئاشکرادەکرد کەچۆن دەیانەوێ بیانکەن

بەتورک و کەلەپووری نەتەوایەتیان لەناوبەرن حیزبەکە سەرباری ئەوەش داوای مەبدەئی لامەرکەزی دەکرد، ئەو مەبدەئەبوو کە عەرەبەکان حەزیان لێی بوو تا پێی هەندێ سەربەخۆیی ئیداری بەدەست بهێنێت کەئاواتیان بوو، (ساتع حوسەری) دەڵێ: زۆربەی نوێنەرە عەرەبەکان لەحیزبی ئیتیحادو تەرەقی هاتنە دەرەوەو چوونە ریزی حیزبی ئازادی و ئیتیلافەوە، چونکی ئەوانیش وەکو نەتەوەکانی دیکەی تورک لەوڵاتی عوسمانی مەیلی سیستمی لەمەرکەزیان هەبوو پێیان وابوو زۆر زامن ترە بۆ پێشکەوتنی وڵات لەلایەک و پاراستنی مافی نەتەوەیی لەلایەکی دیکەوە[٢٥] بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێن ململانێی حیزبایەتی لەنێوان ئیتیلافیەکان و ئیتیحادیەکاندا یەکێک بوو لەفاکتەرە کاریگەرەکانی زیادکردنی دوژمنایەتی لەنێوان عەرەب و تورک لەگەشەکردن هۆشی نەتەوەیی لەلای عەرەب دا.

## **قۆناغی نوێ**:

لەکۆتایی ساڵی ١٩١٢ لەمیسر کۆمەڵەیەکی ئاشکرای عەرەبی دامەزرا، بەناوی کۆمەڵەی لامەرکەزی، ئەمەیش بانگێک بوو بۆ گواستنەوەی بزووتنەوەی هۆشیاری عەرەب بۆ قۆناغێکی نوێوە، بووە هۆی پەیابوونی دەرەنجامی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی گاڵتە پێنەکراو، ئەوانەی کاروباری ئەم کۆمەڵەیەیان گرتبووەدەست، پەنابەرە شامیەکان بوون لەمیسر، وەکو رەفیق عەزم و محەمەد رەشید رەزاو شبلی شمێل و ئەسکەندەر عمون و موحیبەدین خەتیب و حەقی عەزم، ئەو کۆمەڵەیە کەوتە چالاکی، دەستی بەچاپ کردنی بڵاوکراوەی نەتەوەیی وروژێنەر کردو لەرێگای پۆستی بیانیەوە دەیناردن بۆ ئەوانەی لەوڵاتی عوسمانی بڕوای



پێیان هەبوو، ئەوانەیش لەناو خەڵکدا بەنهێنی بڵاویان دەکردەوە، بەیروت و بەسراو بەغدا زۆرترین شارانی عەرەب بوو، کەکەوتنە ژێر کاریگەری بانگەشەی کۆمەڵکەوە، لەهەرسێ ئەم شارەدا راپەڕینی نەتەوەیی روویدا کەئیتیحادیەکانی حەپەسان، هەروەها کۆنگرەیەکی عەرەبی لەپاریس بەسترا، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لەئەستەمبوڵ و وڵاتانی عەرەبدا.

لەبەیروت کۆمەڵەیەکی هاوشێوەی کۆمەڵەی لامەرکەزی میسری دامەزرا بەناوی (کۆمەڵەی گشتگیری فۆرمالیزم)، کۆمەڵێک لەپیاوماقوولانی بەیرووت سەرۆکاری ئەم کۆمەڵەیەیان دەکرد، لەوانە سەلیم سەلام و موختار بیهم و شێخ ئەحمەد تەبارە، ئامانجی سەرەکی داواکردنی ئیدارەیەکی لامەرکەزی بوو لەوڵاتانی عەرەب و شارەزاو راوێژکاران و پشتکنێرانی بیانی هێنانی[٢٦] کۆمەڵەی بەیرووت لەسەرەتا سەرکەوتنێکی کەمی بەدەست نەهێنا، چونکی ئەوکاتە دەسەڵات بەدەستی ئیتلافیەکان بوو، هەر کەئیتیحادیەکان بۆ دەسەڵات لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٣ هاتنەوە، کۆمەڵەکە لەلایەن حکومەتی ناوخۆیەوە تووشی ناڕەحەتی دەبوو، لە٩ی نیسانی ١٩١٣دا والی بەیرووتی ئیتحادی ئەبوبەکر حازم بەگ، فەرمانیدا بەهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە لەبەیروت غەڵبەغەڵبێکی نایەوە، سەرجەم رۆژنامەکانی بەیرووت بەسپیەنی دەرچوون، تەنها بڕیاری هەڵوەشانەوەکەیان لەچوارچێوەیەکی رەشدا بڵاوکردبووەوە، نیشانەی پرسەگرتن بوو.

دەبینرا سەگەکان لەشەقامەکان بەیرووت رایاندەکردو، پلیتیان کرابووە مل وەکو سوکایەتی پێکردنێک ناوی والی لەسەر نوسرابوون، پاشان هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵە هەڵوەشاوەکە چوون بۆ هەردوو کونسڵخانە بەریتانیاو فەرەنسا لەوێ، ناڕەزاییان سەبارەت بەکردەوەکەی والی دەربڕی، پێیان وتن

دەتوانن کۆبوونەوەکانی خۆیان لەهۆڵی کۆلیجی ئەمریکا ببەستن، چونکی هۆڵەکە بەزەوی بیانی دادەنرێت و حکومەت هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریەوە نییە، کۆمەڵەکە یەکەم دانیشتنی خۆی لەهۆڵی ناوبراو بەست، لەو دانیشتنەدا دوای وتووێژی دوورودرێژ ئامادەبووان لەسەر مانگرتنێکی گشتی لەبەیروت رێکەوتن، بێگومان مانگرتنەکە لەشەممەی ١٢ی نیسان روویدا، هەموو بازاڕەکانی بەیرووت داخران، هامشۆکەران جگە لەهەندێ حانووتی بچووك نەبێ دەرگایان کراوەبوو، هیچیان نەدەبینی(٢٧)، رۆژنامەکانی لایەنگری حکومەت دەرچوون، وەکو رۆژنامەی (الرأی العام)و (أبابیل) جنێویان بەسەرپەرشتیارانی بزووتنەوەکە دەداو، کردەوەکانیان مەحکوم دەکرد(٢٨)، هەروەها حکومەتیش سیاسەتی توندوتیژی پەیڕەوکرد، سەرۆکە دیارەکانی دەستگیرکردو رۆژنامەکانی پەککخست، ئەمەیش بووە هۆی خۆپیشاندانی لایەنگیریی لەهەموو وڵاتی شامدا، ئەنجام حکومەت پەنای بردەبەر چارەسەری مامناوەندی و، گیراوەکانی ئازادکردو رایگەیاند کەچاکسازیە داواکراوەکان جێبەجێدەکرێن(٢٩).

## بزووتنەوەکە لەبەسرا:

سەید تالیب نەقیب زۆر بەدەنگی رووداوەکانی بەیرووتەوە چوو، ئەوەبوو پەیوەندی لەگەڵ ئیئتیلافیەکان پچڕاندو، حیزبەکەی خۆی بەکۆمەڵەی لامەرکەزی میسر بەستەوە، وەکو کۆمەڵەکەی بەیروت، لە ٢٨ی شوباتی ١٩١٣ حیزبە نوێیەکەی کرایەوە، لەژێر ناوی (کۆمەڵەی فۆرمالیزم لەبەسرا)، لەمانگی مارتدا کۆنگرەی عەرەبی لە (خوڕەم شهر) گرێدرا، سەید تالیب و شێخ مبارك سەباح و شێخ خەزعەل و کەسانی دیکە ئامادەی بوون،



کۆنگرە رێکەوتن دەبێ هەرکەسەو لەلای خۆیەوە هەوڵبدات هەرچی لەتوانایدا بێت بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی عیراق لەسەربەخۆیی، نوێنەریان بۆ کەربەلاو نەجەف نارد، بۆ بانگەشەی نەتەوەی لەوێ، پاشان بڕیاری کۆنگرەکەیان نارد بۆ سەرانی بزووتنەوەی عەرەبی لەبەغداو ئەستەمووڵ و سووریاو میسرو وڵاتانی دیکە(٣٠)، لەمانگی نیسان هەڵوێستەکە لەبەسرا بەشێوەیەکی ترسناك شڵەژا، سەید تالیب سەرۆکایەتی شاندێکی کرد لەپیاوە ناسراوەکانی بەسراو چوو بۆلای والی و، داوای کرد هەندێ لەو ئەفسەرانەی سەر بەکۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقین لابەرێن، بەبیانووی ئەوەی سەر بەکۆمەڵیەکن دژ بەعەرەبە، سەید تالیب لەقسەکەی لەگەڵ والی وای پیشاندا، کە لەوانەیە عەرەبەکان پەنا بەرنە بەر هێز لەپێناوی بەدیهێنانی داواکارییەکانیان، هەر کەکونسڵی بەریتانیا بیستی چی روویداوە، هەستی کرد خەریکە بەسرا دووچاری مەترسی دەبێت، بروسکەی بۆ حکومەتەکەی لێداو داوای کرد پاپۆڕێکی جەنگی بۆ بەسرا بنێردرێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەوێ بێگومان پاپۆڕەکە لە ١٤ی ئایاری ١٩١٣ گەیشت، ئیتیحادیەکان سەبارەت بەسەید تالیب و رکەبەرایەتیەکانی سەبریان نەما، بۆ فەرماندەیی سوپا لەبەسرا کابرایەك توندو ئەستووریان دامەزراند کەدژ بەبزووتنەوەی عەرەبی بوو، ئەویش فەرید بەگ بوو، موتەسەریفی پێشووی مونتەفیك، ئەم کابرایە لە ٩ی ئایار گەیشتە بەسراو دەستی کرد بەدانانی نەخشەیەك بۆ لەناوبردنی سەید تالیب و حیزبەکەی بەهاوکاری لەگەڵ (عجیمی سەعدون) سەرۆکی مونتەفیك و، سالم خەیوون سەرۆکی بەنی ئەسەد، عجیمی لەگەڵ پیاوەکانی هات بۆ شوعەیبەی نزیك بەسراو، کۆشکەکەی نەقیبیان لەوێ داگیرکرد، پاشان سالم خەیوون لەگەڵ سی زەلامی چەکداری خۆی هاتن و خانوویەکی

گەورەیان لەبەسرا بەکرێ گرت و بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکە لێی نیشتەجێ بوون.

سەید تالیب هەستی بەترسناکی هەڵوێستەکە کردو، ناردی بۆلای شێخ موبارەك و شێخ خەزعەل و داوای یارمەتی لێکردن، ئەوەبوو چەکێکی زۆری بۆهات، سەید تالیب بڕیاریدا دژەکەی بەرلەوەی دەستی لێ بوەشێنێ، دەبێ پێشدەستی بکات و، دەستی خۆی بوەشێنێ، فەرید بەگ لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣ بۆ گەشتێکی پشکنین بەپاپۆڕێکی رووبار چووبوو بۆ (فاو) (مرمریس)، بدیع نوری بەگی موتەسەریفی مونتەفیکی لەگەڵ بوو، کەبرای بیریاری عەرەبی ساتع حوسەری بوو، واچاوەڕوانکراوبوو رۆژی دواتر بگەڕێنەوە بۆ بەسرا.

سەید تالیب بۆ کوشتنی فەرید بەگ هەر کە لەقاڵدرمەی پاپۆڕەکە بێتە خوارەوە نەخشەیەکی دانابوو، لەبەرەبەیانی رۆژی دیاریکراودا لەگەڵ گەیشتنی پاپۆڕەکە، کابرایەکی جل شڕ لەماڵەکەی سەید تالیب هاتە دەرەوەو نوێنێکی پیس و پۆخڵی لەسەر نابوو، دوای نیوسەعات کابرایەکی دیکەی وەکو ئەو هاتە دەرەوە، پاشان پیاوی سێیەم و چوارەم، هەموویان چەکەکانی خۆیان لەژێر نوێنە پیسەکانیان شاردبوەوە، لەخانوویەکی کۆنی چۆڵ کەدەڕوانێتە سەر شۆستەکەی (عەشار) یەکیان گرت، لەگەڵ خۆرئاوادا پاپۆڕی (مەڕمەڕیس) گەیشتە سۆشتەکە، فەرید بەگ و هاوڕێکەی بەدیع نوری بەگ خەریك بوون دەهاتنە خوارەوە، لەلایەن ئەو چوار زەلامەوە بەر دەسڕێژدران، هەردوو پیاوەکە کوژران، بکوژەکان بەدەم تەقەکردنەوە رایانکردو، لەنێو دارستانەکاندا ونبوون، حکومەت لەبەغداو ئەستەموولْ بەم رووداوە شەڵەژا، داواکاری گشتی لەبەغدا نەجاتی بەگی بۆ بەسرا نارد بۆ لێکۆڵینەوە، هەر کەئەم کابرایە بەپاپۆڕ گەیشتە شۆستەی (عەشار)



نەیوێرا بێتە خوارەوە، چونکی ترسا پێوانی سەید تالیب بیکوژن، راپۆرتێکی کورتی نووسی و دادگای لەبەسرا تاوانبار کرد بەلایەنگرتنی سەید تالیب، هەر ئەو رۆژە بۆ بەغدا گەڕانەوە، لەراستیدا دادگا لەبەسرا لایەنگر بوو، ئەنجامی ئەمەیش خوێنی دوو کوژراو بەهەدەر چوو، وەزیری داد بروسکەی بۆ بەهادین بەگ سەرۆکی ئیستیئناف لێدا لەبەسراو، ئاگاداری دەکاتەوە بە لەسەرکار لابردنی، هەر کە بەهادین بەگ وەڵامی دابوەوە: بۆ کوێ بڕۆم؟ ئەویش وەڵامی دابوەوە: (بڕۆ بۆ دۆزەخ)[٣١]، پایەی سەید تالیب دوای ئەم رووداوە زۆر بەرزبوەوە، ناوبانگی دەرکردو، نازناوی بووە (راگری عیراق)، شاعیرەکان دەچوونە لای تا بەشیعر مەدحی بکەن و، پاداشتیان لێوەی دەستکەوێت، لەو شاعیرانەش شێخ کازم دوجێلی و عەبدول رەحمان بەناو خەیری هینداوی بوون، فەرمانبەران بەپلەی جیاجیاوە، لەوالیەوە بۆ خوارەوە لێی دەترسان و ریاییان بۆی دەکرد، هیچ کەسێکیان جورئەتی ئەوەی نەدەکرد بەرپەرچی بداتەوە یان داوایەکی رەت کاتەوە.

## بزووتنەکە لەبەغدا:

دکتۆر ئایرلەند دەڵێ: نەتەوەییەکان لەبەغدا ببوونە چوار گروپەوە، گروپێکیان لایەنگرانی سەید تالیب بوون، گروپێکی دیکە وەکو سەرکردایەتی و یارمەتی دەیروانیە شام، گروپێکی سێیەم لەگەڵ میسردا نامەی دەگۆڕیەوەو گروپی چوارەمیش حیزبێکی سەربەخۆی بەغداییان دروستکرد، بەپلەی یەکەم پشتی بەخۆی و سەرانی بەستبوو[٣٢]، دەتوانین بڵێین بەهەرحاڵ گروپەکەی سەید تالیب لەبەغدا بەهێزتر بووەو لە

گروپەکانی دیکە، چونکی هاندان و یارمەتی ماددی و ئەدەبی لەوەوە وەردەگرت، ئەمانە سەر بەگروپەکە بوون: مەزاحم پاچەچی و حەمدی پاچەچی و محەمەد رەزا شبیبی و باقر شبیبی و بەهجەت زەینەڵ و عەبدول مەجید کەنەو رەزوق غەنام و یوسف عیزەدین و ئیبراهیم حیلمی و عەبدول مەجید شاڵچی و سەبیح نەجیب و عاسم چەلەبی و تەحسین عەسکەری و مەحمود بەعقووبەو کەسانی دیکە، ئەمانە یانەیەکیان دامەزراند، رووکەشی ئەدەبی بوو، لەناوەوەش سیاسی بوو، ناوی یانەی نیشتمانی زانستی) بوو، داوایان لەسەید تالیب کرد ببێتە سەرۆکی فەخری و، بروسکەی بۆ کردن وتبووی: (هێشتا بۆ گەشەکردنی نیشتمانی خۆشەویستم ژیانم پێشکەش دەکەم و زیاتر راپەڕینی لاوانی عیراق دڵخۆشی کردم، لەم رووەوە لەگەڵ کەمالی سوپاسم و راسپاردەکەتانم قبووڵ کردو ئامۆژگاریتان دەکەم هەوڵی تەواوەتی بدەن بۆ گەیشتن بەمەرامی ماددی و ئەدەبی خۆتان لەبانکی عوسمانی، سی لیرەم بۆ داناون بۆ یارمەتی یانە بەرێزەکەتان وەریبگرن، سلاوم هەیە بۆ برایان)، هەر کەسەید تالیب زانی یانەکە لەبەغدا متەوازیعە بروسکەیەکی بۆ مەزاحم پاچەچی رەوانەکردو تیا وتبووی: (جێگایەك بۆ خۆتان بەکرێ بگرن لەگەڵ شەرەفی یانەکە شیاوبی"[٣٣]، لەبەهاری ١٩١٣ گروپە نەتەوەییەکان لەبەغدا بەنهێنی پێکەوە ئیشیان دەکرد، لەپێناوی یەکخستنی هەوڵەکان لەگەڵ بەسراو بەیروت و میسر، بۆ پێشکەشکردنی داخوازی هاوبەش بەئەستەمبووڵ"[٣٤]، کۆبوونەوەکان بەنهێنی لەماڵی شێخ یوسف سویدی گریدەران، (پابت)ی کوڕی حەماسەتی گڕدەدا بەزمان لووسی خۆی[٣٥]، لە ١٩ی تەمموز سلێمان فەیزی بەنهێنی لەبەسراوە گەیشت، رۆژنامەو بڵاوکراوەی پێبوو[٣٦]، ئەو بڵاوکراوانەی لەئەستەمبووڵ و لەبەسراوە دەگەیشتنە بەغدا، ناوەناوە دابەش دەکران بەیاننامەکان



لەسەر دیوارەکان پەیابوون، داوایان لەعەرەب دەکرد لەڕووی (داگیرکەران) بووەستن و داوای حوکمی زاتی و لامەرکەزیان دەکرد لەسەربازگەکان شەڕ لەنێوان ئەفسەرە عەرەبەکان و تورکەکان روویدەدا، لەوانە بوو ببێتە هۆی تەقینەوەیەکی ئاشکرا، ئەگەر محەمەد فازڵ پاشا داغستانی فریانەکەوتبایەو، بەناوی شەرەفی سەربازییەوە داوای لەهەردوولا نەکردبایە، لە ١٤ی حوزەیران حکومەت زانی نێردراوێك گەیشتۆتە بەغدا، نوێنەری پیاوانی بزتنەوەی عەرەبیە لەبەیروت و میسر، پۆلیس ماڵەکەی یوسف سویدی و هەندێ لەسەرانی دیکەی بزوتنەوەکەی پشکنی و دەستگیری کردن و پاشان دوو رۆژ ئازادی کردن[٣٧] لە٣ی تشرینی یەکەمدا گروپی سەید تالیب لەبەغدا رۆژنامەیەکیان دەرکرد بەناوی (النهظة) تەنها یازدە ژمارەی لێ دەرچوو، چونکێ حکومەت زۆر لێی نارازی بوو، دایخست و هەوڵیدا خاوەنەکەی وەزاحم پاچەچی دەستگیر بکات، هەروەها نوسەرەکەشی ئیبراهیم حلمی قەمەر، بەڵام توانیان بۆ بەسرا رابکەن[٢٨]

## دیدو بۆچوون:

دەبێ لێرەدا ئەوەش باس کەین کەئەم بزووتنەوەیە عەرەبیە کە رەواڵەتی- لەساڵی ١٩١٣- لەقاهیرەو بەیروت و بەسراو بەغدا دەرکەوت لەچوارچێوەی ئەو شارانەش تەنها گیری خواردبوو، لەسەری ئەوەشەوە ئەوانەی لەدانیشتوانی ئەو شارانەی کەهەستیان پێی کرد زۆر کەم بوون و، زۆربەشیان لاوبوون، ئەوانەی خولیای سیاسی و فیکریان هەبوو. بەڵام لەولاتی عەرەبی خەڵکی رەشۆکی هەستیان بەم بزووتنەوەیە نەدەکرد، پێیان وابوو تەڵەکەیەکی کافرەکان بۆ رووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی.

سلێمان فەیزی دەگێڕێتەوە: هەر کە لەکۆتایی تەمموزی ١٩١٣ سەردانی موسڵی کرد، بۆ بانگەشەکردن بۆ کێشەی عەرەبی، بینی ئەوانەی بڕوایان بەم کێشەیە هەیە لەخەڵکی موسڵ، ژمارەیان لەپەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕناکەن، ئەمەیش بەدوو هۆ راڤە دەکرێت: یەکەمیان هەڵوێستی ئاینی کەخەڵکی موسڵی پێ ناسراوە کۆسپێك بوو لەنێوان ئەوان و یاخی بوون دا لەدەوڵەتی عوسمانی کەخاوەن بەشێوازێکی ئیسلامی پیرۆزە، دووەمیان لەورۆژانەدا زەبری حکومەتی ئیتحادی لەموسڵ بەهێزتر بوو، وەکو لەشارەکانی دیکەی عیراق، خالید بەگ کەبەڕێوەبەری پۆلیس بوو ئیتیحادیەکی توندڕەو بوو، هەر کەسلێمان فەیزی بۆ موسڵ هات بەسیخوور چواردەوری داو لەناوە ناوەندە ئاینییەکان وای بڵاوکردەوە کەئەو بانگی بێزاندنی داب و نەریتی ئایین و یاخی بوون لەخەلیفەی پێغەمبەری خودا دەکات، ئەو مەترسیە بۆسەر ئایین و خەلافەت).

دەتوانین بڵێین زۆرترین لەگەلانی عەرەب کەبڕوای بەپیرۆزییەتی خەلافەتی عوسمانی هەبوو گەلی میسر بوو، میسرییەکان ئەنجامی داگیرکەری بەریتانیا کە لەژێریدا دەیانناڵاند، واتە تەماشای دەوڵەتی عوسمانییان دەکرد، وەك بڵێی رزگارکەرە بۆیان و پێیانوابوو سەرچاوەی هێزی ئیسلامە بەرامبەر بەدوژمنە نەسرانییەکانیان. هەر کەپەنابەرە شامییەکان لەقاهیرە کۆمەڵەی لامەرکەزییان دامەزراند زۆربەی میسرییەکان رەتیانکردەوەو ئەوانەی پێی هەڵسابوون دەستکردو بەکرێگیراوی ئینگلیز بوون. دەتوانین ئەم دیدە میسرییە بۆ بزووتنەوەی عەرەبی لەو نووسینەی نووسەری ناسراوی میسری محەمەد لوتفی جومعە لەکتێبی (ژیانی رۆژهەڵات) بەدی بکەین، بیرۆکەی لامەرکەزی وەها پێناسە دەکات کەکۆمەڵە عەرەبییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، لەڕواڵەت عادیلانەیە، بەڵام لەڕاستیدا



پڕوپووچە، چونکە بەڕای ئەو حەتمەن دەبێتە هۆی پارچە پارچەکردنی دەوڵەتی ئیسلامی و تاڵانکردنی بەشەکانی لەلایەن ئیستیعمارەکانەوە، ئەم نووسەرە جنێوی بەکۆمەڵەی لامەرکەزی دەداو تانەی لێدەداو دامەزرێنەرەکانی واباس دەکرد کە لەقاوەخانەی (سپلندربا) دادەنیشن و لەبارەی نهێنی بەریتانیاو فەرەنسا ساردەمەنی دەخۆنەوە، دەڵێ پرۆگرامی ئەم کۆمەڵەیە هەر خێرا لەوڵاتانی عەرەب بڵاوبۆیەوە، لەڕێگای ریکلامی ئیستعمارەوە، ئەمە پوختەی رای نووسەرەکەیە سەبارەت بەهەموو بزووتنەوەکەو ئەوەیش دەقەکەیەتی: (هەر گروپێك لەوانەی داوای چاکسازیی و لامەرکەزی و شۆڕشی عەرەبی دەکەن، ئەگەر لەمیسر یان لەسوریا یان لەبەغدا یان لەبەسرا واخۆیان دەردەخەن پێچەوانەی راستین، چونکە رابواردن و دەستبڵاوییان نیشانەی ئەوەبوو کەپەیوەندییان بەسەرچاوەی دەوڵەمەندەوە هەبوو، هەر لەخۆڕا بەبێ ئەژمار ئاڵتوونی خەرج دەکرد، دەتبینی هەندێ لەنیشتەجێبووەکانی میسر خانووبەرەیان دەکڕی، بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی سامانی زانراویان هەبێت، هەمیشە دەتبینین بەنهێنی ئیشیان دەکرد وەکو حاڵەتی پیلانگێڕەکان، هەمیشە گەڕ بوون بەوڵاتانی رۆژهەڵاتدا، ئەگەر شتێکیان بنووسیبایە مەبەستیان بەرگریکردن بوو لەبیرۆکەی ئیستعمار، بەڵام هەوڵیاندەدا بیرۆکەکەیان بشارنەوە، ئەگەر پەیوەندییان بکردبایە بەهەر خاوەن سامان و دەسەڵاتێکەوە داوای پارەیان لێدەکرد، بەناوی ئایین و بەناوی چاکسازییەوە، یەکێکیان کەنیشتەجێی بەسرا بوو زۆر کۆبوونەوەی لەگەڵ خەزعەل و موبارەك سەباح دەبەست کەهەردووکیان دوو ماری ژەهراوی رۆژهەڵاتی کۆنن)[٤٠]

## کۆنگرەی عەرەبی لەپاریس:

ژمارەی جالیەی عەرەبی لەپاریس ساڵی ١٩١٣ سێ سەد بوون، زۆربەیان شامی بوون، تەنها دوو عیراقیان تیابوو ئەویش خوێندکار تۆفیق سویدی و بارزگان سلێمانی نبەر بوو لەمانگی مارسی ئەو ساڵە لیژنەیەك لەوانە کۆبووە بڕیاریاندا بەگرێدانی کۆبوونەوەیەك بۆ داواکردنی مافەکانی عەرەب دەعوەتنامە نێردرا بۆ کۆمەڵەی لامەرکەزی لەقاهیرەوە کۆمەڵەی فۆرمالیزم لەبەیروت و بۆ هەموو ئەوانەی خەریکی بزووتنەوەی عەرەبی بوون لەهەموو هەرێمەکانی عەرەب و هەردوو ئەمریکادا، هەر کەهەواڵی بانگەشە بۆ کۆنگرەکە لەوڵاتانی عەرەب بلاوبووە بەشێك لەعەرەب بەپیریەوە چوو، بەشێکی دیکەی ناڕازی بوون.

بروسکە دەگەیشتە ئەستەمبووڵ لەلایەك و بۆ پاریس لەلایەکی دیکەوە، ئەمیان لایەنگری بەستنی کۆنگرەکە دەکات و ئەویدی بەرهەڵستی دەکرد لەوبروسکانەی کە بەرهەڵستکاری کۆنگرەکە بوو بروسکەی بۆ بیانی وخیانەتە لەنیشتیمانی عوسمانی ئەم بروسکەیە رۆژنامەی (ئیقدام)ی ئەستەمبوولی بلاوی کردەوە سەیدتالیب نەقیبیش بروسکەیەکی رەوانەکرد بۆ پاریس و لایەنگری بەستنی کۆنگرەکە دەکات، هەروەها کۆمەڵێك لەبەغداوەو بروسکەیان ناردو داوایان دەکرد تۆفیق سویدی لەکۆنگرەکە نوێنەرایەتی عیراق بکات بروسکەیەك مەزاحم پاچەچی و نزعمان ئەعزەمی و شاکیر غەسیبەو عەبدول رەحمان بەناو عەبدول لەتیف مدەلەل و محێدین گەیلانی و بەهجەت زەینەڵ و یوسف زیاد محەمەد سەعید راوی و کەسانی دیکە ئیمزایان کرد.



لەبەغداوە بروسکەی تر لێدرا بۆ لایەنگیری کۆنگرەکەو خاوەنەکانیان پارەکەیان دابوو، بەڵام رەوانە نەکران لەسەرووی بەرهەڵستکارانی کۆنگرەکە ئەدیبانی ناودارییان تیابوو، وەکو شەکیب ئەرسەلان و عەبول عەزیز سەعالبی و عەبودل عەزیز شاویش و مارف رەسافی و عەبدول عەزیز شاویش لەهەموویان زیاتر کۆنگرەکەی ریسوا دەکرد تاوانباری دەکرد لەئەستەمبولڵ رۆژنامەیەك دەرچوو بەناوی (الحق یعلوی) واتا هەق لەسەرەوەیە- داوای کرد لەدەوری یەکبوونی لەئیسلامی لەقەڵەمداو مەیلیان بۆ نەسرانیەکان هەیە ماڵی ئەم پیاوە لەئەستەمبووڵ وەکو بنکەیەکی سیاسی وابوو لەژێر دروشمێکی ئاینیدا.

تێدا بەرهەڵستکارانی کۆنگرەکەو نەبارانی بزووتنەوەی عەرەبی کۆدەبوونەوە مارف رەسافی شعرێکی باتی نووسیی تێدا جنێو بەهەڵسوڕێنەرانی بزوونتەوەی عەرەبی لەبەیروت و قاهیرەو پاریس دەدات وەها راڤەی دەکردن کەبەکرێ گیراوی فەرەنجەن و ئامانجیان رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانیە[٤٢] لەدیمەشق کۆمەڵی پیاو ماقووڵ کۆبوونەوە، وەکو شێخ ئەسعەد شۆقێرو عەبول رەحمان بەگ یوسف محەمەد پادشا مەخزومی و محەمەد فەوزی پاشا عەزم عەبدول رەحمانن لەناویان قسەیکردو رەخنەی لەداخوازییانی کۆنگرەکە گرت و دەیووت ئەوانە منداڵە وردکەن و دەبڕین لەرای خەڵکی وڵات ناکەن و ئەوانە لەلایەن دەستی بیانیەوە هاندران و ناشیرینترین جینێوی پێدان، پاشان ئەوانەی کۆبوونەوەکە مەزبەتەیەکیان نووسی بەوتارەوەو بەبازاڕو شەقامەکاندا پێی دەسووڕانەوە بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا محەمەد مەخزومی بۆ شارەکانی فەلەستین سەفەریکرد تاهانی پیاوماقولانی بدات بۆ بەرهەڵستکاریی کۆنگرەکە[٤٣].

شەکیب ئەرسەلان لەبیرەوەرییەکانیدا دەربارەی کۆنگرەی پاریس دەڵێ:

ئەمە دەقەکەیەتی زۆر بەکۆنگرەکە بێزار بووم دیدی من ئەوە بوو کەنابێ کۆنگرەیەکی ئاوها لەپاریس ببەسترێ کەتەماحی لەسوریا هەیەو نابێ ببەسترێ لەکاتێدا دەوڵەت سەرقاڵە بەجەنگی بەلکانەوە بەشێکی زۆری لەدەسەڵاتەکەی لەکیس داوەو بایەخی سەربازی و سیاسی نەماوە نەمانی بایەخی دەوڵەت تەنها زیاتر بۆ تورك نییە.

بەڵکو هەموو موسڵمانەکان دەگرێتەوە لەگەڵ عارف بەگ ماردینیدا والی شام بوو رێکەوت بروسکەیەك رەوانەبکات بۆ ئێستانە رەوانەبکات بۆ نارەزایی دەبڕین بەرامبەر کۆنگرەکە، والی ئاماژەیدا بەپیاوماقووڵ و زانایان و سەرانی مەزهەبەکان و پتر یارکەکان و مەترانەکان هەموویان بروسکەیان مۆرکرد بۆ بابلعالی کەئەوان ئەو کۆنگرەیە ناناسن لەهەموو شارەکانی سوریاشەوە بروسکە بەم واتایە هات[٤٤].

ئەنجام کۆنگرەکە لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٣ لەهۆڵکی گەورە هی کۆمەڵەی جوگرافیا لەشەقامی سان جرمان لەپاریس بەسترا دوو نوێنەری کۆمەڵەی لامەرکەزی میسری ئامادەی بوون و شەش نوێنەریش لەلایەن کۆمەڵەی فۆرمالیزمی بەیروتی و سێ نوێنەری کۆچبەرەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکان و نوێنەرێکی کۆچبەرەکانی مەکسیك دووان لەعیراق، هەروەها عەبدول کەریم خەلیل وەکو نوێنەری لاوانی عەرەب لەئەستەمبووڵ ئامادەی کۆنگرەکە بوو[٤٥].

تۆفیق سوێدی کەیەکێك بوو لەدوو نوێنەرەکەی عیراق لەبارەی کۆنگرەکەوە دەڵێ: یەکەمجار نیازوابوو کۆنگرە کەناو بنرێ کۆنگرەی سوریا و هوریان بەم ناوەوە بۆ دروست کردبوو دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆریدا تاقەناعەتیان پێ بهێنێ بۆ گۆرینی ناوەکەی بووە کۆنگرەی یەکەمی عەرەبی و مۆرێکی نوێینە بۆ درویتکردن تۆفیق سوێدی ئەندامانی



کۆنگرەکە دەکاتە سێ جۆرەوە بەم شێوەی خوارەوە:

موسڵمانەکان ئەوانەی نەیاندەویست لەدەوڵەتی عوسمانی جیاببنەوە، بەڵکو ئامانجیان ئەوەبوو وەکو تورکەکان بەیەکسانی ماف خۆیان هەبێ.

مەسیحییەکان ئەوانەی زۆرقین لەتورك دەبوەوە پەیوەندی توونـد تۆڵیان لەگەڵ دەوڵەتە بیانیەکان هەبوو بەتایبەتی فەرەنسا کە بەئاشکرا سیاسەتی داگیرکردنی بۆ سوریا هەبووە.

راراکان ئەوانەی لەلایەك ئامانجی عەرەبییان هەبوو، لەلایەکی دیکەش تەماحی مادیان هەبوو، بەڵام کەم بوون.(٤٦).

کۆنگرەکە شێخ عەبدول مەید زەهراوی هەڵبژارد بەسەرۆکی خۆی، شەش رۆژ بەردەوام بوون چوار دانیشتن بوو قسەکەرەکان بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵیاندەدا بۆ تەئکیدکردن لەسەر ئەوەی کەدەیانەوێیەکێکیت دەوڵەتی عوسمانی بپارێزنن بەمەرجێ دان بەماف عەرەبدا بنرێتن وەکو هاوبەش لەدەوڵەتی و بوارێکی ئازادیان بۆ سیستمی لامەرکەزی بۆ فەرمانرەوایی بدرێتێ(٤٧).

## ئاشتبوونەوە:

ئیتسمادیەکان ویستیان لەئەستەبووڵ لەگەڵ پیاوانی کۆنگرەکە ئاشتبنەوە، یەکێگ لەسەرکردەکانی خۆیان مەدحەت ستوکری بەگیان ناردە لایان، ئەم پیاوە گەیشتە پاریس و لەگەڵیاندا کەوتە دانووستان، هەرکەدیتی نزیك بوونەوە لەبۆ چوون لەنێوان ئەو وئەواندا هەیە لەگەڵ عەبدوڵ کەریم خەلیل بۆ ئەستەمبووڵ گەرایەوە لەئەستەمبووڵ عەبدوڵ کەریم لەگەڵ وەزیری ناوخۆی تەلعەت بگ، درێژەی بەدانووستاندا

دانووستانەکە هات بەگرێدانی رێکەتنامەبەکی شاروە کۆتایی دوانزە مادەی تیابوو لەلایەن هەردووکیانەوە ئیمزاکرابوو.

لە٥ی ئایبی ١٩١٣ فەرمانێکی سوڵتانی دەرچوون هەندێ لەناوەرۆکی ئەو رێکەوتنامەی تیابوو لەسەعەت سێی دووای نیوەرۆی ئەو رۆژە ژمارەیەکی زۆر لەعەرەب لەخانووی بنکەی ئەدەبی لەسەر بانگهێشتی سەروکەکەی عەبدول کەریم خەلیل کۆبوونەوە شاندێکیان پێکهینا نالەشەرف عەلی صەیدر پاشا و هەردوو کوڕەکەی محێدین و مەجید، مارف ئەفەندی رەسافی شێخ عەبول عەزیز شاویش و شوکری پاشا ئەیوبی، بەدیع بەگ موئەیەد، نەجیب بەگ شزقەیرو سامی بەگ عەزم ئیبراهیم بەگ سوسە، محیێ دین پاشا جەزائیری مۆنسیور شیریم و دکتۆر حوسێن حەیدەر و عەبدول کەریم ئەغەندی خەلیل (٤٨).

گالیسکە لەشەقاکی بنکە ریزببوون و ئەندامانی شاندەکە سواری ببون چوون بۆ بابولعالی بۆ ئەوەی چاویان بەسەردل ئەعزەم سەعید حەلیم پاشا بکەوێت تا سوپاسی دەرکردنی ئەو فەرمانەی لیێ بکەن سەردل ئەعزەم وتەیەکی درێژی خوێندەوە وتیا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆتە هێشتنی بەدحاڵی یوون لەنێوان عەرەب و تورکدا، پاشان شێخ عەبدول عەزیز شاوێش ووتەیەکی بەزمانی عەرەبی خوێندەوە تێدا سوپاسی سەدرل ئەعزەمی کردبۆ سۆزکردی خۆی وتی: هیچ هێزێك نییە لەئایندەدا عەرەب وتورك لەیەك بکات عەبدول کەریم خەلیل هاتەپێشەوە بەناوی لاوانی عەرەبەوە تەیەکی دا، سەرەتا پیرۆزبایی حکومەت دەستی پێکردو گەرانەوەی ئەدەنە پاشان سوپاسی حکومەتی کرد لەسەر بەڵێنەکانی بەدانانی مافی عەرەب و و بەشداریکردنیان لەکاروباری دەوڵەت.

لەئێوارەشدا عەبدول کەریم خوانێکی سازدا لەئوتێلی تەوقاتلیان بانگی



وەزیرەکانی و پیاوماقووڵان و نوێنەرەکان گەورەفەرمانبەرانی کردبوو وەزیری ناوخۆ تەڵعەت بگ هەڵسا وتی ئەو خۆی و هاورێکانی دەمێکە خزمەتی عەرەب دەکەن و بۆەئەمەش شەریف عەلی حەیدر پاشای بەشایەتی هێنایەوە(٤٩).

عەبدول کەریم خەلیل بۆ پاریس بروسکەی کرد داوا لەئندامانی گونکرەدەکات کەلەئەستەمبوولێ ئامادەبن سیان لەوانەهاتن ئەمانە بوون سەلیم سەلام وموختار بیهیم وشێخ ئەحمەد تەبارە لە١٥ی ئاب لەشەمەنەفەر گەیشتنە ئستەمبووڵو لە ئیزگەی شەمەنەفەر پێشوازیەکی مەزینیان کرا لە٢٣ ئاب ئەوسیانە ئەرەڤ چاوپێکەوتنی سوڵتانیان بەرکەوت لە٢٨ی ئاب چاویان بەجێگیری شانشین کەوت لەئێوارەی هەمان رۆژ کۆمەڵەی ئێماندوتەرەقی خوانێکی قەشەنگی بۆ لاوانی عەرەب سازدا وەزیرەکان و گەورەپیاوان ئامادەبوون لەوێ وتاری ئاشکرا خوێنرانەوە سەبارەت بەو خۆشیە وەکو ئەوەی لەخوانەکەی (تۆقاتیلیان)بەرێوەچوو. عەبدول کەریم خەلیل بروسکەی بۆ شێخ عەبول حەمید زەهراوی کرد و داوای لێدەکات کەلەئەستەمبولێ ئامادەبێت زەهیراوی لە (٢٨)ی تشیرنی یەکەم ١٩١٣گەیشتە پیاو ماقوڵانی ولاوەکانیان لەوێستگەی شەمەنەفەر پێشوازیان لێی کرد حەفتاو شتێك شەفسەری عرەبیان شەمەنەمەکەوە دەرکەوت پێشوازی کەران دەستیان بەهوتافدان کرد بژی چتکسازی زبژی سەرانی عەرەب و بژی نەتەوەی عەرەب!! هەموو وێستگەکە لەبەرچەپڵە رێزان وتنەوە هخاتە هەژان هەرکە لەشەمەنەفەرەکە هاتە خوارەوە سواری گالیسکەیەك بووکە بۆی ئامادەکرابوو پاشام ئەوانەی پێشوازیان لێکرد سواری رەتڵێك بووکە ژمارەیان نزیکەی پەنجا گالیسکە دەبوو کەوتنە رێ تاگەبشتنە خانووی بنکەی ئەدەبی لەکۆتایی ١٩١٣ رۆژنامە ئێتجادیەکان

دەرچوون وێنەی زەهراوی رازابوونەوە لەلای راستیەوە هێمانی سوپای عوسمانی و لەلای چەپییەوە هێمای ئیستولڵ و لەژێری وێنەی بصووکی ئەنووەر تەڵعەت و جەمال بوون لەگەڵ ئەم رستەیەکە بەپێی گەورە نووسرابوو: شان بەم جۆرەپاڵەوانانەوە شانازی دەکات و لەسەر ئەم جۆرە یەکگرتنەوە دەوڵەتی عوسمانی ئایندەی مەزنی خۆی دروست دەکات(٥٠)لە٤ی کانوونی دوەمی ١٩١٤ فەرمانێك دەچوو بەدامەزراندنی حەوت لەسەرانی عەرەب بەئەندام لەئەنجوومەنی پیاو ماقوولان و لەسەرویانەوە زەهراوی بوو پاشان شوکری عەسەلی و عەبدول وەهاب ئینگلیزی و ئەمین تەمیخی وناجی شوکری شویدی لەپایەی بەرز دامەزران هەروەها دوو دوانوەندی عەرەبی دامەزران یەکێکیان لەدیمەشق و بەرێوەبردنی بەرەفیق تەحیمی سپێردراو ئەو دیکەیان لەبیرووت و بەرێوەبردنی بەرۆستەم حەیدر سپیردرا وەزیرەکان و سەرانی ئیتحادیەکان بەزۆری سەردانی بنەی ئەدەبیان دەکرد و سەردانی ئەندامانی لاوانی عەرەبیان دەکرد و خوتبەیان بۆ دەدات هەرکە بنکەکە ئاهەنگی لەدیك بوونی پێغەمبەری سازدا تەڵعەت بەگ هەڵساو وتارێکی بۆ دانە ئەوەی لەوتارەکەیدا هاتبوو ئەم رستەیە بوو ئەگەر عەرەبەکان لێمان رابکەن ئێمە دەیامگرین وئیلتیزامیان پێوە دەکەین و بەسنگی خۆمانیەوە دەگوشین وەکو دوو برا دەست دەخەیە ناو دەستیان (٥١) کاتێك پرۆسەی ئاشتبوونەوە لەئەستەمبووڵ بڕێوەدەچوو تەڵعەت بەگ لەبەیسرا لەگەڵ سەید تالیب ئیشی دەکرد بۆ ئەو جۆەرە ئاشتبوونەیە.

دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆردرا لەم پێناوەدا لەگەڵ سەید تالیب رێکەوتن ئەنجامدرا لە ٣ی شوباتی ١٩١٤ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە ئەمە دەقەکەیەتی: (رایدەگەیەنم لەگەڵ تەوای شازیم بۆ سەرجەم خەڵکی ویلایەت



و پاشکۆکانی کەئێمە رێکەوتین بۆ بەشداریی لەهەوڵەکان وەك بڵێی یەك گیانین لەپێناو بەرزاگرتنی پایەی حکوومەتە سونیەکەمان کەرێزی دۆستایەتی رەسمی ئێمەی گرت لەنێوان ئێمەو حکومەتی سونیدا بەهیچ شێوەیك ناکۆکیمان نییە، ئەو بەدحاڵی بوونەی هەبوو بەشێوەیەکی بەکجارەکی ئەفاو هەموومان بووین بەیەك کوتلەوئیش بۆبەختەوەری هەمیشەیی دەوڵەتەکەمان دەکەیون هەوڵدەدەین بۆ پاراستنی یەکتی عوسمانی وتادواکەس لەئێمە بەهەموو هێزێکمانەو بۆبەیان کردنیش چونیەتی نوسزا و ئەمەش لەلای رەبیعی یەکەم ١٣٣٢ ك و ٣ی شوباتی ١٩١٤ ز رایەندراقیب زادە سەید تالیب)).

دوای بڵاو بوونەوەی ئەم بەیاننامەیە تەڵعەت بگ و ئەنوەرپاشا لەئەستەمبووڵ نامەی سوپاسیان بۆ سەد تالیب نارد جڤرەیەکی تایبەتیان دابوو پێی، تابتوانێ پەیوەندیان پێوە بکا بەبێ نێوانی کردنی والی پاشان والیەکی نوێ بۆ بەسرا هاتو ناوی سلێمانی شەفیق پاشا بوون خەڵکی پێیان دەوتە والی خاوەن عەبا)) چونکی کاتێ لەپاپۆرەکە هاتە خوارەوە عەبای لەشان بوو.

ئەم والیە زۆربایەخی بەوەوەدا پەیوەندی دۆستانە توندوتۆڵ لەگەڵ سەید تالیب و کات و وداخوازیەکانی جێبەجێبکات. (٥٢)

## ناحەزانی ئاشبوونەوە:

ئەم ئاشیوونەویەی لەنێوان عەرەب و تورکەکان روویدا هەندێ عەرەب لەوڵاتی عوسمانی دەرەوەی لێی رازی نەبوون لە١٩ی شویاتی ١٩١٤ کۆمەڵەی یەکێتی سوری لەنیویۆرك نامەیەکی نارەزایی بۆ کۆمەڵەی

لامەرکەزی نارد لەقاهیرە وئیشەکەی زەهراوی گریەکەی والەقەڵەمدا کۆقوم لەپاوکردنی خەڵکی سادەیەو و داوی کردنی لەکۆمەڵەی کە لەئەندامیەتی خۆی دەریانکات، بەڵام کۆمەڵەکە ئەم داوایایەی پەسەندنەکرد تەنها ئەندامێکی نەبێ ئەویش حەقی عەزم بوو سوکایەتی بەزەهراوی دەکرد، بەناشیرترین شێوە وەسفی دەکرد(٥٣)، عەزیز عەلی میسری لەئەستەمبووڵ توند ترین عەرەب بوو رقی لەوئاشتبوونەوەیە دەبووەوە ونامەی بۆ زەهراوی نارد ئاگاداری دەکاتەوە کەواز لەپڕپلوپاگەندەکردن بهێنێت بۆ حکەمەت و داوامەت و داوای لێ دەکات ئەستەمبووڵ بەجێبهێڵێ و بگەیێتەوە بۆ نیشتیمانەکەی خۆی لەوڵاتی شام هەندێ ئەفسەر یارمەتی عەزیز عەلی یان دەدا وەکو جەمیل مەدفەعی و یوسف عەزاوی و سەعید تکریتی ئەمانەچوون بۆ لای زەهراوی هەڕەشەیان لێ کرد.

ئەویش لەترسی ئەوان ڕەزامەندی خۆی دەبڕی(٥٤).

زەهرای نامەیەکی بۆ محەمەد ڕەشید ڕەزای برادەری نووسی کە ئەندامی کۆمەڵەی لامەرکەزی بوو لەقاهیرەو گازندەی لەدەستی ئەو نارازی بووانەدەکرد، بەتایبەتی ئەو ئەمشەرە لاوانەی دەوری عەزیز عەلی میسریان دابوو ئەو لەنامەکەیدا واباسیان دەکات بەهیچ شێوەیە لەکاروباری سیاسەت دا ئەزموونیان نییە، وەسفێکی خراپی عەزیز عەلی دەکات وپێی دەڵێ ئەمڕۆ ئەو بێزارە لەحکومەتی حەزی لێیە دەوڵەت بشەڵەژێنێ و هەڵیتەکێنێ، لەبەرئەوە رقی لە یەکگرتنی ئێمەی لەگەڵ حکومەت و دژیەتی و چونکی بەپێی گوتەی ئەم بزووتنەوەکانی عەرەب دوادەخات نازانم بزووتنەوەکانی عەرەب کامەن بۆ کوێ دەڕۆن و لەکوێ لەنگەر دەگرن؟

ئەو هەوڵدەدات هەندێ لەومندالانە لەدەوری خۆی کۆکاتەوە و لەئێمەیان



دوورخاتەوەو ئەوانەیش دەستکردی ئێمەن، بەڵام بەهیمەتی باری تەعالا سەرکەتوونابێ لەلایەکی دیکەوە اەرووکەشدا دۆستایەتی ئێمە دەپارێزێ ویستم تاقی بکەمەوە بینیم پەنادەباتە بەر ئاشتبوونەوە لەگەڵ سەرگەورەی کاروبارەکاندا ئەوکاتە لەهەموو شتێ رازی دەبێ، ئازیز دەسیری ئەوکەسانە بکە خۆیان لەریزی پیاوانی ئێمە دادەنێن)) (٥٥).

هەرکەزەهراوی بەئەندامی ئەنجوومەتی پیاوماقوولان دامەزرا ئەفسەری عیراقی یوسف عەزاوی لەماڵەکەی هاتەلای عەبدولکەریم خەلیل- یش ئامادەبوو دەستی بەدەمەتەقێ کرد لەگەڵیاندا دەبارەی ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکەن بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیتیمادیەکان زۆرلێتان توڕەبوو وقسەی ناشرینی پێ وتن وپێی وتن کەئێتیمادیەکان جەزرەبەیان لێدەدەن لەسەرانی دیکەی عەرەبیش هەرکە هەلیان بۆ بڕەخسێ (٥٦).

عەزاوی لەوە بڵێ پشبینی چارەنووسێکی جەرگبڕی کردبێ وەکو ئەو چارەنوسەی خەلیل و زەهراوی کە دواییان پێ هات جەمال پاشا هەردووکیانی لەسێدارەدا لەکاتێ جەنگی یەکەمدا بەکەمیان لەبرووت لە٢١ی ١٩١٥، ودووەمیان لەدیمەش لە٦ی ئایای ١٩١٦.

## عەزیز عەلی میسری:

عەزیزی عەلی میسری ئەو سەردەمە تەمەنی وپێنج ساڵ بوو، وپلەکەی بەگباشی- سەرهەنگ- بوو لەسوپای عوسمانی کەمیسری بەچەڵەك عیراقی بوو، لەریزی سوپادا بەجورئەت و سەریەخت ناسرابوو لەژیانی گشتیدا رەق بوو ورای راشکتاوی هەبوو سازوشی نەدەکرد، بەرلە راگەیاندی دەستوور چووە رزی کۆمەڵەی ئیتما دووتەرەقیەوە بەشداری لەسەرکوتکردنی

بزووتنەوەکەی ٣١ی مارس و کردو بەشداری جەنکی تەرابوسیکرد ئەوەکاتەی لەنێوان خۆی و ئەنوەر پاشاجۆرە بەخیلیەك پەیابوو وەکو لەبەشی پێنجەم ئاماژەمان پێیدا.

عەزیز عەلی لەتەرابولسی رۆژئاوا دوای بەستنی ئاشبوونەوە لەگەڵ ئیتاڵیا بەئامانجی رێکخستنی بەرگریکردنی ناوخۆر دژ بەداگیرکردنی ئیتاڵیا هەرکە لەهوانی ١٩١٣ دەربارەی ئاشتبوونەوە لەکەڵ ئیتحادیەکان گەرایەوە ئەستەمبووڵ ناخۆشی لەنێوان خۆی خەلیل و زەهراوی روویدا ئیتیحادیەکان بەوە تومەتباریان کرد گوایە ناکۆکیەکەی ئەنجامی ئێرەیی و بەغلیی لەگەڵ ئەو دووانەدروستبووە جەماڵ پاشا لەیبرەوەریەکانی خۆیدا دەڵێ: عەزیز بەگ نەیتوانی تەماشای دەسەڵاتی عەبدول کەریم خەلیل و عەبدول حەمیدی زەهراوی بکات کەلەدەسەڵاتی سەروتربوون لەباسی کێشەی عەرەبیدا جورئەتی گەیشتنەوەی رایگەیەنی کەعەرەب قەناعەت بەدرێکەوتنەی کرا ناهێنن بگرە داوا دەکەن حکومەتێکی دووانەیی لەنێوان ئەوان و تورکەکاندا هەبێ بۆنموونە: شانشینی دووانەیی نێوان نەمساو دەجەڕ ئەوانەی رێکەوتننامەکەیان کردووە خائینی وڵاتی خۆیانن دواجار بەسزای عادیلانەی خۆیان دەگەن چونکی ئەو پلەو پاییانەییان کەبانویست وەرگت راوی بوون بەچاکسازی پڕوپووچ جەمال پاشا لەسەری دەروازو دەڵێ هەرلاکە ئەنجام ئەنوەر دامەزرابەوەزیری جەنگ دنیان لەبەرچاوی عەزیز عەلی تاریك بوو سەبری نەکرد ئەو خۆی هاوخوێندکاری ئەنورەبوو لەخوێندمگای جەنگ و ئیشی سوودمەندی ئەنجامداو لایەنێکی مەزنی نیشتمان پەروەری تواند بەبەگیاشی لەدەستەی باڵای ئەڵای ئەرکانی جەنگ بمێنێتەوە کەچی مونافیسەکەی بووە وەزیو جەنگ ئەمەیش وای ایکرد کەبگات ئەم دەرەنجامە خراپە ئەویە بەشدابوونی لەگەڵ تورکەکان



بەقازانج و بۆی ناگەڕێ یان سەروەری لێوە دەسکەوێت کەواتە: بابژی شۆڕشی عەربی!!))(٥٧).

لە٢٨ی تشرینی بەکەمی ١٩١٣ عەزیز عەلی کۆمەڵەیەکی عەرەبی نهێنی دامەزراند بەناوی (کۆمەڵەی پەیمان) جمعیە العهد ئەفسەریو خوێندکاری عەرەبی بۆ لای خۆی راکێشا ئەفسەرە عیراقیەکان لەم کۆمەڵەیەدا زۆرینەیان پێکدەهێنا وەکو نوری سەعید و یاسین هاشمی جەمیل مەدفەعی و مولود موخلیس و عەلی جەودەت ئەیوبی و عەبولا دایمی و تەحسین عەلی و تەها هاشمی ویوسف عەزاوی سەعید تکریتی وسەیح نەجیب و تەحسین عەسکەری ونوری فەتاح و رەزا غەزالی و عەبدول غەفور بەدری.

ماڵەکەی عەزیز عەلی لەئەستەمبووڵ پڕبوو لەجووڵە، چونکی لاوانی عەرەب لەوێ یەکیان دەگرت، بەتایبەتی ئەمنسەرەکانیان ئەبوو سیخو}ەکان بەدەوری ماڵەکەدا دەسوڕانەوەو راپۆرتی نیگەرانیان لەبارەیە پێشکەش دەکرد،

لەسەرەتای ١٩١٤دا فەرمان دەرچوو بەگواستنەوی عەزیز عەلی بۆ شوێنێك دوورە ئەویش دەست لەکارکێشانەوە یخۆی پێشکەش کرد، بەمەش خۆی بۆ سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی عەربی لەستەمبووڵ تەرخان کرد لە٩ی شوباتی ١٩١٤ کاتێ عەزیز عەلی پۆلیسی نهێنی یانگیان کرد بۆ پۆلیسخانەی ناوەندی لەوێ دەستگیرکرا، لە٢٥ی مارت عەزیز عەلی رەوانەی ئەنجوومەتی تەئدیبی سەربازی کرابۆ دادگایکردنێکی نهێنی لەسەرکاروبارێك پێوەی تومەتبارکرابوو کەلەتەرا بوسی رۆژئاوا ئەنجامی داون دەستگیر کردنی عەزیزعەلی لەئەستەمبووڵ هات و هوریایەکی زۆری نایەوە دەڵێن مستەفا کەمال کە هاوڕێی عەزیز عەلی بوو لەجەنگی تەرابولسی رۆژئاوا نامەیەکی ناردوو بۆ ئەنوەر پاشا نارەزایی دەردەبڕی

لەم بارەیەوە، لاوانی عەرەبیش لەئەستەمبوولْ سروسکەیان بۆ هەموو ولاتانی عەرەی نادر ئەمە دەقەیەتی: عەزیز عەلی قارەمانی بنخازی دەسنگیرکرا بێزاریی گشتییە حالەتەکە بەجەغارە (٨)م شابتعەبولْ نوورمووسلاوی زیاتر لەلاوانی عەرب بەپەرۆش بوو بۆ رزگارکردنی عەزیز عەلی خۆی لەترسی سیخورەکان بەجل و بەگی هەمە جۆرەوە دەگۆڕی لەدەرگای یالێوزخانە بیانیەکانی دەدا جارێکیان جل و بەرگی قەشەی لەبەرکردبوون سەروچاوی خۆی بەریشێکی چڕ دەستکرد شاردبووە چووە بالێوزخانەی بەریتانیاوەن داوای لێکرد بۆ هەولْدان بۆ رزگارکردنی عەزیز عەلی بەو پێیەی میسیر زۆربوو بەهۆی دەستگیرکردنی عەزیزعەلی رۆژنامەکانی میسر هێرشی توونديان دەکرد سەر حکوومەتی عوسمانی نێژنەیەك بەسەرۆکایەتی شیخی ئەزهەر پێکهات چون بۆلای نویْ بالا لۆرد کچنەر داوایان لێی کرد بۆ لیْ پێچینەوە لۆردکچنەر هانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایدا بۆ لێپێچینەوە رزگارکردنی بەرگریکردن لێی بالێوزی بەریتانیا لەئەستەمبوولْ لەم پێناوەدا هەولی خۆی خستبوەی گەڕ (٦٠) بالێوزی خانەی فەرەنسا لەئەستەمبوولّەخانووەکەی خۆیدا خۆنێکی سازدا بۆ باسکردنی کێشەکەی عەزیز عەلی یالێزەکان ووەزیرەکان بانگ کرابوون لەوکاتەدا رۆژنامە نوسێکی فەرەنسی جەمال پاشای بردە لاوە پێی وت کە قەناعەت ئەنوەر پاشای برادەری بهێنیْ بۆ لیْ خۆشبوون لەعەزیز عەلی (٦١) لە ١٥ی نیسانی ١٩١٤ رۆژنامەکان نووسیان کەحکوکی لەسێدارەدان بۆ عەزیز عەلی دەرچووەو سولتان سووکی کردەوە کوریە بەرزکرجنی پازدە سالی سەخت کێشی لە ٢١ی نیسان فەرمانی سولتانی دەچوو بەلێبوردن لەعەزیز عەلی و ئازادکردنی لەرۆژی دواتر عەزیز عەلی لەسە پێشتی دەریا گەیشتە میسر و اەویْ زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکرا(٦٢)عەزیز عەلی



لەمیسر هێور نەبوو سروشتی ئەو هێوری نازانیْ لەگەلْ شێخ فوئاد خەتیب و حەقی عەزەم کۆبوەوە ئەمیان لەکۆمەلەی لامەرکەزی کێشابەوەو ئەم سیانە لەنێو خۆیاندا کۆمەلەیەکیان پێکهێنا بەناوی کۆمەلەی شۆڕشگێری عەرەبی ئامانجی ورووژاندنی عەرەبە بوو بۆ جیابەنەوە لەدەولەتی عوسمانی و وەرگتنی سەربەخۆی تەواو ئەم سیانە بلاوکراوەی توندو رووژێنەریان لەچاپ دەدات بەنهێنی بۆ ولاتی شام رەوانیان دەکرد لەسەر ئەوە تاهەلگیریانی جەنگی جیهانی یەکەم بەردەوام بوون چەند دانەیەك لەو ولاکراوانە کەوتە دەستی حکومەت ئەمەیش بەوە نهۆی لەسێدارەدانی ئەوانەی جەمال پاشا لەدیمەشق لەوبەیرووت ئەحمەد ئەعزەمی گلەیی زۆر دەخاتە سەر ئەو سیانە بەوئیشەیان و لەبارەیانەوە دەلیْ: ئەوان لەمیسر ئاسوودە بوون لەسەر کورسیەکانی قارەخانەی (سیلندید بار) بەرامبەر بەباخچەی ئۆزبەگی دانیشتوون و چاوی خۆیان بەوژنانەی لەشەقامەکەدا بەبەردەمیانا خۆیان بادەدەن زاخاو دەدەن بیْ ئەوەی بزانت بلاوکراوەکانیان چ بەدبەختەیەك بەسەر لاوانی عەرەبدا دەهێنیێت لەولاتانی عوسمانی (٦١) ئەوەی جێگای سەرنجە کاتیْ ئەعزەمی ئاراستەی ئەو سێکەسە دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کەعەزیز عەلی لەگەلْ ئەوان نییەو ئەندامی سێیەم کەسێکی دیکەیەو ناوی نەهێناوەن بەلام بەلگەکان ئامازە بەوە دەدەن کە عەزیز عەلی خۆی ئەندامی سێیەم بووە.

## -بەشی هەشتەم-
## سەرەتاکانی شارستانیەتی نوێ لەعیراق

مەبەستمان سەرەتاکانی شارستانی نوێ ئەو داهێنان و سیستمە ئەوروپیانەیە لەناوەراستی سەدەی نۆزدەم هاتنە عیراقەوە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لەو سەرەتایانە بکۆڵینەوەو، ئەوەشی کەکۆمەڵێ عیراقی بەرهەمی هێناوە لەکارتێکردن لەوماوەیەی کەلەگەڵ راگەیاندنی جەنگی جیهانی یەکەم بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی لێی...

### پاپۆڕ:

پاپۆڕیەکەم داهێنای ئەوروپی بوو کە لەسەدەی نۆزدەم، هاتە عێراقەوە والی رەشید پاشا گوزەل گولی یەکەم کەس بیری لەهێنانی کردەوە بۆ عیراق لەساڵی ١٨٥٥ والی کۆمەڵێ بازرگانی کرد پێکهێنانی کۆمپانیایەکی دەریاوانی رووباری خستە بەردەمیان، نیوەی سەرمایەکەی هی حکومەت بێ ونیوەکەی دیکە بازرگانەکان بەشەداری بکەن، دواجار داوایەکی نارد بۆ کارگەکانی ئەنتویرب بەلژیکا بۆ دروستکردنی دوو پاپۆڕ (١) ساڵی ١٨٥٨ دوو پاپۆڕکە گەیشت دوانی مردنی رەشید پاشا کابرایەك پێکەوەی نان ناوی (مەسعود بەگ بەلژیکی)بوو (٢٢) ئەم کابرایە بەلژیکی نەبوو بەڵام خەڵکی ئەم نازناوەیان داوەتێ چونکی سەفەری بۆ بەلژیکا کردبوو لەوێ بۆ ماوەیەك داهێنانی کردبوو ئەمەیش عادەتی خەڵکی بوو ئەورۆژانە هاتنی پاپۆرەکان یەکەمجار جێگای حەپەسانی ئەو عیراقیانە بوو لەسەرڕۆخی



رووبارەکان لەعەسایرەکان و خەڵکی شارەکان هەرلاکە گوێیان لەشووتەکەی دەبوو دەردەچونە دەرەوە بۆ رۆخی رووبار تاتەماشای بکەن و بەلایانەوە سەیری بوون ناویان لێ نا(دوکەڵاوی)یان (پاپۆڕی دووکەڵ) دەیانبینی لەلولەکانیانەوە دووکەڵ دەردەچوو، لەساڵی ١٨٦٢ وە هاتووچۆی پۆپارەکان لەنێوان بەغداو بەسرا رێك و پێك بوو، بەرادەیەك لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا دەرچوونن کرێ نەفە لەنێوان ئەم دووشارە لیرەونیوێك بوون گەرچی کرێی پاپۆڕە چارۆگەدارکان لەلیرەیەك زیاترنەبوو پاشان لقێك لەوهێڵە لەنێوان بەغداو سامەرا کرایەوە حەفتەی جارێك پاپۆڕێکی پیا دەرۆشت بۆ گواستنەوەی نەفەر لە نێوان بەسراو بەغدا دوو کۆمپانیا کەوتنە کێبڕکیەوە: یەکەمیان بەریتانی بوو بەناوی (خانووی لەغ) ناسرابو،و ئەوی تر عوسمانی بوو حکومەتی سەرپەشتی دەکرد. کۆمپانیای لەنج سەرکەتوو قازانجیکردن بەڵام کۆمپانیای عوسمانی سەرەرای ئەوەی حکومەت پشتگیری دەکرد بێ قازانج بوو بەهۆی بەرێوەبەرایەتیە خیراپەکەیەوە[٢] پاپۆڕەکان بەشێوەیەکی گشتی رووبەرووی گیروگرفتی سەخت دەبوون، هەرکە لەعیراق بەرووبارەکاندا تێپەر بوونایە، ئەویش چەقینی پاپۆڕەکان لەقوڕ کاتێ رادەی ئاوەکان لەکاتی گەرما دادەبەزین بۆیە دەریاوانەکە پەنای دەبردە بەر شاقووڵ بۆ زانینی رادەی قووڵایی رووبارەکە ئەمەیش سوودێکی کەمی هەبوو سەرەرای ئەوەش پاپۆڕەکە دەچەقی بۆیە ناچار دەبوو نەفەرەکانی داگرێت لەگەڵ شتەومەکەکان بۆ ئەوەی سەر ئاوی خات هەندێ جار زۆربەی سەرپشتەکانی لەسەر ئاوی خستنی بەژن پیاوەوە بەشداریان دەکرد[٤] لێرەدا گرفتێکی دیکە هەیەو کەرووبەرووی پاپۆڕەکان دەبوەوە لەعیراق ئەویش تەقەکردن لێیان لەلایەن خێڵەکانی نشتەجێی سەر رۆخی رووبار بوون دیاربوو رۆڵەی ئەو خێڵانەی پێیان وابوو رەتبوونی

پاپۆڕەکان لەنزیکیانەوە تەحدایەکە بۆ ئەوان چونکی ئەوان بەوە راهاتبوون سەرانە لەکاروانەکا وەرگرن لە ناوچەکەی دەسەڵاتی خۆیاندا بۆیە پێیان ناخۆش بوو پاپۆڕەکان بەلایاندا رەت بن و ئەوەی سەرانەیان لێ وەربگرن ئەم گرفتەش دەبوو هۆی گرفتێکی دیکە ئەویش جێڵەکان پەلاماری پاپۆڕەکانی (خانووی لەنجە)یان دەداو خاوەنەکانشیان لەلای والی نارەزاییان دەربڕی یان بەبروسکە سکاڵایان دەنارد بۆ لەندەن حکومەتی عوسمانی ئەوکاتە ناچار بوو هێرشی تەمێکردن بکاتە سەر خێڵە دەستدرێژی کارەکان زۆرجاریش حکومەت لەوەدا شکستی دەهێناوە[٥] رۆژنامەی (الجوائب)ی ئەستەمبوولی لە٢٢ی تەمموزی ١٨٨٠دا نووسیویەتی (چل پیاو لەخێڵەکانی عیمارە دەسەرێژیان لەپاپۆڕێکی ئینگلیزی کردوە بۆ ئەوەی رووتی بکەنەوە دەریاوانێك یەکێك لەسەر پشتەکانی و ئەفسەرێکیان کوشت کونسڵی ئینگلترە لەسەر بروسکەیەکی نارد بۆ باڵیۆزەکەی لەئەستەمبووڵ لەوە ئاگاداری دەکاتەوە باڵیۆزەکە بابولعالی ئاگادارکردەوە بابولعالیش بروسکەیەکی توندی رەوانەکرد بۆ والی بەغدادو فەرمانی پێدەدا کەهێزێکی سەربازی بنرێرێ بۆ سەر ئەو دەستدرێژکارانە ژنە گەشتیاری فەرەنسی (دیولاڤۆ) لەساڵی (١٨٨١) باسی حاڵەتی پاپۆڕەکان دەکات پاپۆڕەکانی خانووی لەنج حەفتەی جارێك دەرۆشتن زۆرپیس وپۆخڵ بوون چونکی سەرپشتەکانیان چێشتیان لەرێپیلگە و هۆڵەکانی لێ دەناوجلیان دەشۆری بەبێ هیچ دلێ پرسینەوەیەك بەڵام پاپۆرە عوسمانیەکان مانگی دووجار دەرۆیشتن بەڵام کاروبار بەپێی ویستنی شەیتان وتورك بەرێوەچوون چونکی پارایەکی زۆرو جیاجیایان لە سەرپشتەکانتان وەردەگرت، بەبیانوو و هۆی پرووپوچەوە ئەوانە بەوەش ناوەستان، بڵکو پەنایان دەبردەبەر هەر رێبازێك



بۆ رووتکردنەوەیان گەرچی ئەمە خراپ بوو بۆ نەفەرەکان وبێزاری دەکردن[٦]. مەران دیلاڤوا لەم بارەیەوە چیرۆکێکی سەیری دەگرێتەوە ئەمە پوختەکەیەتی پاپۆرێکی عوسمانی هەرکەکانی بەڕێکەوتنی هات لەبەسرا خەڵوزێکی ئەو تۆی پێ نەبوو تابگاتە بەغداد هۆی ئەوەش کۆنتەرانچی خەڵوزەکەی لەلاس حکومەت قەرزی هەبوو بۆیە قبووڵی نەکرد خەڵوز بداتە پاپۆڕەکە ئەگەر حکومەت قەرزەکانی نەداتەوە، بەڵام دەبێ پاپۆرەکە، ئەگەر حکومەت قەرزەکانی نەداتەوە، بەڵام دەبێ پاپۆرەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەرچێت فەرمانی بۆ دەرچوو کە بەڕێکەوێ سەرەرای نارەزایی دەیا وانەکەی دەریا وانەکەی فەرەنسایی بوو نەیدەتوانی سەرکێشی ئەو بڕیارەبکات کە بۆی دەرچووە، ناچار بوو کونجی کەلەپاپۆرەکەی بارکرابوو بۆ سووتەمەنی بەکاربهێنێ ئەنجام گەیشتە بەغداد دەیتی بایی سێ هەزار فەرەنك کونجی سەرف کردووە[٧].. حکومەتی عوسمانی سەرەتای سەردەمی دەستووریدا هەوڵیدا کۆمپانیای پاپۆرەکانی خۆی چاك كات، لەگەڵ خنووی لەنج رێکەوت هەردوو کۆمپانیاکەیەو کەخەم و بەڕێوەبردنی بەریتانی بێ و ئالاکەی عوسمانی بێ فەرمانی سوڵتانی لەم بارەیەوە دەرچوو، بەڵام ئۆپۆزمیۆن پێی وابوو رێکەوتنەکە زیانی وڵاتی تیا بۆیە لەرۆژنامەکان و لە ئەجوومەنی نوێنەراندا هێرشێکی بۆ ئامانی کردن سەرحکومەت هەرکە هەواڵەکە گەیشتە بەغداد خەڵکی هاروهاج بوون و لەرێکەوتنەکە نارازیی بوون هەندێ لەگەورە بازرگانەکان بەوخاوەن بەرژەوەندییەکان و لەسەرویانەوە عەبدول قادر پاشا خزمێری بوو خەڵکی لەبەغداد لەبەردەم دەزگای تەڵگراف کۆبوونەوە خزێری لەسەر ئامێر تەلگرافەکە دانیشت و لەپارەی خۆی بروسکەی نارەزایی بۆ ئەستەمبووڵ دەنارد هەروەکو لەو رۆژانەدا باوبوو لە١٤کانوونی یەکەمی ١٩٠٩

رێکەوتنەکە لەئەنجومەنی نوێنەران خرایە دەنگدانەوە، زۆربە لەسەری رازی بوون لە ١٢ی مارتی ١٩١٤ بەڕێوەبەرێتی نوێ دەستی بەوەرگرتنی پاپۆڕە رووبترەیەکان کرد کە سەر بەهەر دوو کۆمپانیای پێشوو بوون، بۆ رێکخستنیان لەسەر بنەمایەکی نوێ ئومێد واشیو لەکاتێکی نزیک دا تەواوبێت، بەڵام چارەنووس رێگەی نەدا لەهاوینی ئەو ساڵە جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرساو حکومەتی عوسمانی دەستی بەسەر هەمو پاپۆڕەکاندا گرت بۆبەکارهێنانی ئیشوکاری سەربازی.

## تەلگراف:

هەرکە شۆڕشی هیندستان لەساڵی ١٨٥٧ روویدا ئینگلیز هەستی بەپێویستەکی زۆری راکێشانی هێڵی تەلگراف کرد، کە لەنەدان ببەستێتەوە بە هێندستان وە لەڕێگەی وڵاتی عوسمانییەوە[٨]. ئەوەبوو رێکەوتن لەنێوان هەردوو دەوڵەت کرا تا ئەندازیارە بەریتانییەکان هێڵی تەڵگراف لەنێوان تورکیاو عیراق راکێشن لەسەرەتای ١٨٦١ یەکەم لەعیراق لەنێوان مووسڵ و بەغداد دانرا، لەهاوینی ئەو ساڵە یەکەم پەیوەندی تەلەگرافی لەنێوان بەغداد و ئەستەموڵ بوو[٩].

پاشان تۆڕی هێڵی تەڵگرافی لقی لێ بووەو، لەسەرجەم عیراق راکێشرا یەکەم هێڵ بۆ بەسرا لەمونتەفیکەوە. راکێشرا یەکەم هەواڵدەری تەلگراف لەنێوان بەغداد و بەسرا لە٢٨ی کانوونی ئەنجا بۆ کربەلاو نەجەف و و بۆ کۆت و عیمارەو بەدرە و مەندەلیش هەرکە کۆتایی سەدەی نۆزدەم هات و تاکە هەموو شارەگرنگەکانی عیراق دەزگای تەلەگراف کرابوو عیراقییەکان لەتەلەگرافتان زۆر بەسەرسووڕمانەوە وەرگرت توونتر لەوەی پاپۆڕەکان



زۆربەی (ئاقڵەکانیان)بڕوایان پێی نەدەهات ماقووڵە هەواڵ لەچرکە ساتێکدا لەئەستەمبووڵە بگاتە بەغدا کەچی رێبوارێك ماوەکەی نێوانیان بەبیست رۆژ زیاتر دەبڕی دەڵێن یەکێك لەپیاو ماقووڵانی کەربەلا لەبەغدا بوو ئەوکاتەی تەلەگراف گەیشتە ئەوێ هەر کەپیاوماقووڵەکە گەرایەوە بۆ کەربەلا، کەوتە باسکردنی ئەم داهێنانە سەیرە، کەچۆن مۆرۆ لەبەغداد لەئاسن دەدات و خەڵکی لەئەستەمبووڵ گوێیان لەدەنگی دەبێ، خەڵکی وایان زانی ئەم پیاوماقووڵە لەبەغدا مەی دەخواتەوە مەی زەدە بووە و خۆیش نازانێ چی دەڵێ. یەکەم جار بەکارهێنانی تەلەگراف تەنها بۆ هەواڵەکانی حکومەت بوو، بەڵام خەڵکی بەدەگمەن بەکاریان دەهێنا، پاشان بەرەبەرە لەگەڵ بەکارهێنانی راهاتن خەڵکی لەگەڵ رۆژدا هەستیانکرد دەتوانن بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵاکانیاوە بۆ والی بەغدا تەلەگراف بەکاربهێنن، یان بۆ سوڵتان لەئەستەمبووڵ بۆیە فەرمانبەری تەلەگراف لەلایان پلەیەکی بەرێزی هەبوو.هەرکە لەمامەڵەی یەکێك لەفەرمانبەرەکان وەڕز دەبوو بۆلای رایاندەکرد لەسەرسەری دەوەستان و کرێ خۆیان دەدا و داوایان لێدەکردن سکاڵاکەیان بەبروسکە یەکسەر بۆ سەرچاوە بەرپرسەکان بنرێرێ ئەو بەزمەیە خەڵکی نەجەف دەماودەم دەیگێڕنەوە کەهەندێ خەڵکی ویستیان سکاڵای خۆیان بەبروسکە بنرێرن دژ بەتوندی لەئامێرەکە بدات، چونکی پێیان وابوو ئەگەر توندی لێی بدات زوو دەگات و کاریگەریشی زۆر دەبێ دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی تەلەگراف کاریگەری کەمی نەبوو بۆ پاڵشتنی کردنی دەسەڵاتی دەوڵەت چوونە ژوورەوە بۆ نێو ناوچە دوورەکانی عیراق حکومەتی دەیتوانی بەئاسانی و لەماوەیەکی کورتدا هێزی سەربازی کۆکاتەوە و دژ بەیاخی بووەکان ئاراستەیکات، بۆیە خێڵەکان بەچاوی دووژمنیەکی و گومانەوە دەیانڕوانیە تەلەگراف. هەرکە

یاخی بوونی خۆیان دژ بەحکومەت رادەگەیاند خێرا دەچوون ئەو هێڵانەیان دەبچڕی و ستوونەکانیان دەشکاند پێیان وابوو وەکو سیخوڕوایەو هەواڵیان دەدات بەحکومەت عەبولڵ عەزیز قەیابکە قایمقامی سەماوە بوو ساڵی ١٩١٠ دەڵێ کۆمەڵێ یاخی بوو عەشایەر هێرشیان کردەسەر ویستگەی تەلەگراف و ئامێرەکەیان شکاند وایان وەسف دەکرد کە گزیریان دەکات[١٠] و تا هەواڵیان دەداتە حکومەت و ناویان دەدات.

ئەوەی شایانی ووتنە هێڵەکانی تەلەگراف لەعیراقدا ماوە نا ماوەیەک تووشی بچڕان دەبوون هۆی ئەوەیش کەعیراقیەکان فێربوون ، هەرشتێ هی حکومەتی بێ وێرانی کەن و بەتالانی ببەن. لەساڵی ١٩١٢ ڕێبوارێکیان بینێ سەردەکەوتە سەر دارتێلێکی تەلەگراف تاتێلەکانی بقرتێنێ و بیاندزێت و چونکە پێی وایە بۆ بەستنی بار لەسەر ولاخ بەکاردێ و ئەوکابرایە باکی نییە، لەپێناوی شتێکی هیچ و پوچدا بەرژەوەندی حکومەت و خەڵکی تووشی زیان بێت و ئیش و کاریان تێکدات(١١) یان هەر بەدەستی ئەنقەست وادەکات هەروەکو پەندە میللەیەکان دەڵێ موویەک لەبەراز بێتەوە هێشتا ئەم عادەتە لەنێو زۆر کەسدا هەیە، ئەمەیش پاشماویەکی پوری کۆچەرێتیمانە.

## گالیسکە:

ئاژەڵ بەدرێژایی ماوەی سەردەمی عوسمانی ئامرازی سەفەریی وشکایی و باوبوو لەعیراق، هێشتا گالیسکە نەهاتبوو ئەودوایە نەبێت و لە چوارچێوەیەکی زۆر سنووردارادا، یەکەم گالیسکە کەگەیشتە عیراق (ترامۆی) بوو والی مەدحەت پشا دایمەزراند، دوو قات بوون ئەسپ لەسەر



هێڵی ئاسن رایاندەکێشان ئەو رۆژانە لەئەستەمبووڵ باو بوو، هەروەها لەهەندێ شارانی ئەوروپاش مەدحەت پاشا دەیبینی کەژمارەیەکی زۆر لەگەشتیاران سەردانی کازمیە دەکەن، شارێکی شیعی پیرۆزە ئارامگای دوو ئیمامی تیایە لەدوانزە ئیمامەوەو دەکەوێن و باکووری بەغدا لەدووری پێنج کیلۆمەترە بۆیە بریاری دامەزارندنی کۆمپایەکی هەرەوەزی دا بۆ دروستکردنی هێڵی ترامۆی لەنێوانەکازمیە و بەغدا لەمانگی ئایاری ١٨٧٠.

سەهمەکانی کۆمپانیاکە خرایە بازارەوە، هەر سەهمیک بەدوو لیرە و نیو بوو هەندێ دەوڵەمەندو بازرگان بەهاندانی مەدحەت پاشا دەستیان بەکڕینیکرد، رۆژنامەی زەورا لەژمارەی (١١) ئەیلوولا دەڵێ: کڕینی سەهمەکان زۆرەو خەڵکی لەسەری بەردەوامی دیارە مەدحەت پاشا بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە زۆر ئارەزوومەندبوو بۆیە بەنووسین بۆ هاندانی خەڵکی بۆ کڕین داوایکرد مەدحەت پاشا دەبوایە یەکێك لەو دووریگایە هەڵبژێرێ بۆ دروستکردنی هێڵ ئاسنەکە: یەکەمیان لەبەری رەسافەو بەئەعزەمیەدا تێپەڕبێت، بەڵام پێویستی بەپردێکی ئاسنیەتە لەسەر دیجلە، ئەویتر لەبەری کەرخ ئەم رێگا یە پێویستی بەپردنیە، بەڵام زۆر پێچاو پێچە ئەنجام رای مەدحەت پاشا لەسەر رێگای دووەم جێگیر بوو لەبەر کەمی خەرجیەکەی مەدحەت پاشا ناردی بۆ کارگەکانی بەریتانیا داوای کەرەسەو ئامێری پێویستی لێ دەکردن ئیش لەپرۆژەکە بەسەرکەوتووی بەرێوەدەچوو ئەمەیش دەگەرێتەوە بۆ هیمەتی والی و بەتەنگەوە هاتن یو سور بوونی هەرکە پرۆژەکە تەواو بوو، گالیسکەکان کەوتنە کارو خەڵکی بەدیتینیان حەپەسان دەڵێن پریرەژنێك سەرسوڕماوی خۆی دەربڕی و تبووی بەس بەمەرگ ناوێرن.

سەری هێڵی ئاسنەکە بەکەمجار دەگەیشتە سەرەتای خانووەکانی

لەجعێفر.

کۆمپانیاکە ویستی هێڵەکە درێژکاتەوە لەناو کەرخ لەنزیك پردەکە کارئاسنی بۆ نەفەرەکان لە١٩ی ئەیلولی ١٨٧١ رۆژنامەی زەورا بڵاوکردەوە وتی: بڕیار درا بۆ کڕینی ئاوەخانووانەی دەکەونە سەر ڕێگا تا نەخۆشخانەی غەریبەکان بەری کەرخ و لەوێ کران بەناوەند، وەکو بیستوومانە دەوڵەت دەستی کردووە بەکڕین و چەند روویەکەوە دەست بەو پرۆسەیە کراوە ئەوکارە سانەی هەبوو بەشیان نەکرد، تا ئەو شوێنەی هێلەکەی بۆ رادەکێشراو پێویستی بەپێنج سەد مەتر پارچە ئاسن و کەرەسەی تریش هەبوو راسپێندرا ئەو کارەسانەو هەشت گالیسکەی تر ربۆ ڕێگاکە لەئەوروپاوە هات) قازانجی کۆمپانییە کە لەساڵی یەکەمدا لەسەدابیست بوو (١٢).

کۆمپانیاکە بەبەردەوامی سەرکەوتنی بەدی دەهێنا تا مەدحەت پاشا دەست لەکار کێشانەوەی بەرزکردەوە لەولایەتەکەوە لەساڵی ١٨٧٢ بەغدای بەجێهێشت لەوساوە کۆمپانیاکە بەرە بەرە بەرەو خراپی دەرۆیشت وەکو حاڵی زۆربەی پرۆژەکانی دیکەی عوسمانی مەدام (دیولاڤوا) وەسفی کۆمپانیاکەمان دەداتێ، کەچۆن پشتگوێ خرابوون کاتێ لەساڵی ١٨٨١ سەردانی بەغدای کرد، نموونەیەکی واقیعی دەخاتە روو دەڵێ ئەوپارچە زەویە، کەهێڵی ئاسنەکەی پیا تێ دەپەڕێ لەنیوەی ڕێگا داتەپی بوو وگالیسکەکان نەیاندەتوانی پیا تێپەڕین، نەفەرەکان دادەبەزین و کوڵ هەڵگرەکان دەهاتن پاڵیان پێوە دەنان تا لەو پارچە داتە پیوەکەرەت (دیولاڤوا) دەڵێ دەداتە پینەکە هەژدە مانگی بەسەردارەت بوو ئەندازیارەکان دەهاتن راپۆرتیان لەبارەیەوە دەنوسی رۆژانێك تێ دەپەڕێن و بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێ کەچی دەتوانرا ئەو داتەپینە لەماوەی



سەعاتێك یان دوو سەعات لەلایەن کوڵ هەڵگرەکانەوە چاك بکرێتەوە دیۆلاڤوا نموونەیەکی دیکە دەهێنێتەوە لەسەر کەمتەرخەمی کۆمپانیای ترامۆی کاتێ خۆی و مێردەکەی سوار یەکێك لەوگالیسکەنە بوون و لەکازمیە دەگەرانەوە دەڵێ لێخوڕی گالیسکەکە خەریك بووکاتی کارەکەی تەواو دەبوو دەیویست بەپەلە بۆ ماڵەوە بگەرێتەوە، ئەوەبوو پشتی ئەسپەکانی بەرقەمچی دەوا وایکرد گالیسکەکە لەبەر تیژی بەتووندی بلەرزێنن گالیسکەکە هەندێ ژنی تیا بوو دەستیان بەقیژەو هاوارکرد، بەڵام لێخوڕکە گوێی بەهاوارەکەیان نەدا، بگرە پتر بەتووندی ئەسپەکانی دەدایە بەرقەمچی وارێکەوت هەرکەگالیسکەکە خۆی کرد بەکۆڵانەکانی کەرخدا ژمارەیەك گوێدرێژ هەبووە لەوێ ماسی (بز) یان هەڵگرتبوو، گوێدرێژەکان سەڵمینەوەو بارەکانیان بەربووەنە زەوی و خاوەنەکانیان دەستیان کرد بەجێنێودانی زیر بەلێخورەکە لێخورەکەش بەهەمان جنێو وەڵامی دانەوەن دیبولاڤوا زۆر بەداخە بوو، چونکە ئەو جنێوانە تێنەدەگەیشت کابرایەك لەتەنشیتی کوزەیەك هەنگوینی پێبوو، لەبەرتوندی هەژینەکە هەندێ لەهەنگوینەکەی رژایەسەر جل وبەرگی خانمەکە کابرا لەبەر توڕەیی و نەعلەتی لەزەوی ئاسمان دەکرد، لەبەرئەوەی تۆزێك لە هەنگوینەکەی رژابوو وگوێی نەدایەکە جلوبەرگی ژنەکە پیس بوو. هەندێ لەنەفەرەکان دەستوپێیان شکا، هەروەها خزمەتکاری کونسڵخانەی فەرەنساکە هاوڕێتی دەکرد توشی رووسان سەری بریندار بوو، چاوێکی دی رۆچوو، هەروەها دیولاڤوا لەسەر دەڕواو دەڵێ ئەم رووداوە دڵتەزێنە دەگمەن نەبوو لەرووداوەکانی گالیسکەکانی ترامۆی، بەڵام ئەوەی جێگای سەیرەکە سکالای دژ بەو لێخوڕانە بەرز نەدەکردەوە لەوەش سەیرتر کەئەو لێخوڕانە خۆیان بە بەرپرسیاری ئەو رووداوانە نەدەزانی بگرە دەیانخستە ئەستۆی

قەزاو قەدەر ئەوەی خودا بۆ بەندەری خۆی ویستوویەتی عیراق بۆ ماوەی بیست ساڵ هیچ گالیسکەی تیا نەبوو جگە گالیسکەکانی ترامۆی نەبێ. لەساڵی ١٨٩٠ جورێکی دیکە لەگالیسکەی دارین پەیابوو بەدوو ئەسپ رایاندەکێشا بەبێ هێڵی ئاسن بوو تایبەت بوون بەگواستنەوەی نەفەر لەنێوان بەغدادو ئەعزەمیەی لەساڵی دواتر لەبەغدا گالیسکەی دیکەی هاوردە لەئەوروپاوە پەیابوو ئەویش گالیسکەی (لاندۆن)بوون لەشاری ئاڵمانی (لاندۆی) دروست دەکرا، بەڵێ خەڵکی (ن) یادەخستە سەیری هەروەکو باوە دەبخەنە سەر ئەم جۆرە ناوانە لەسەرەتادا ئەم گالیسکانە تایبەت بوون بەوالی و هەندێ لەگەورە فەرمانبەرەکان و پیاوماقووڵانن بۆ هاتوو چۆی خۆیان لەناو بەغدا بەکاریان دەهێنا پاشان بەکارهێنانیان بووەباو وەکو ئۆتۆمبێل لەداوی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەرەتا یسەدەی بیستەم هەندێ لەدەوڵەمەندەکانی بەغداو بازرگانەکانی کۆمپانیایەکیان دامەزراند بۆ هاتووچۆی گالیسکەکان لەنێوان بەغدادو شارە نزیکەکاندا وەکو باقووبەو حلە وێستگەکان دەگۆڕادران بەوجۆرە لەتوانایان هەبوو هەر بۆ نموونە رێگای نێوان بەغداو کەربەلا ببڕن لەرۆژێکدا ئەم گالیسکانە لەناو خەڵکی بەعەرەبانەکانی عارف ئاغا ناویان دەکرد، چونکی ئەم کابرایە گەورەترین بەشداربوو و هەندێك ناویان لێنا (عەرەبانەی کۆمپانیا). کۆمپانیاکە لەبەڕێوبردنی گالیسکەکان سەرکەوتوو بوو خەڵکی چوونە بەپیریەوە هەر کورسیەك چەند رۆژێك بەرلەوە دەگیرا بەتایبەتی لەوەرزی زیارەت و جەژنەکاندا جێگای خۆیەتی ئەوەبڵێین کەمەلا عەبوو کەرخی نووسینەگەی کۆمپانیایەکی لەکەرخ دەبرد بەڕێوە بەخۆی و عەگالە چوار لولەکەیەوە دادەنیشت، پلیتی دەفرۆشت یان کورسی دەگرت لەساڵی ١٩٠٧ عەبول رحمان پاچەچی و محەمەد ساڵح شایەن دەرچوون بۆ ئەستەمبووڵ و



توانیان رەزامەندی سوڵتان بۆ ئیمتیازی دامەزراندنی کۆمپانیای ترامۆی لەنێوان نەجەف و کوفە وەرگرن عەبدول رەحمان پاچەچی هەرکەگەرایەوە بۆ بەغدا دەگێڕینەوەو دەڵێ لەئەستەمبوڵەوە کلیلی کیمیام هێنابوو ئامادەیە بۆ ئەو قازانجەی لەدامەزارندنی کۆمپانیاکە دەستی دەکەوێت (١٤) لەوساڵەدا کۆمپانیاکە دامەزراندنی و هەندێ لەدەوڵەمەندەکانی نەجەف تیا بەشداریان کردو وەکو حاجی موحسین شلاش ئەو گالیسکانە دووقات بوون لەنێوان کوفەو نەجەف بەوشێوەیەی لەنێوان کازمیەو بەغدا هەبوو لە ١٩٠٨ لەحەڵەبەوە یەکەم ئۆتۆمبێل گەیشتە بەغدا خەڵکی بەغدا بۆ سەیرکردنیو هاتنەدەرەوە هەندێکیان دەچوون سەیری ژێریان دەکرد تابزانن ئەسپەکەی نێو کەسی لەکوێییە وەکو دەیانووت چونکی ماقووڵ نییە گالیسکە یەك بەبێ ئەسپ بەرێوەبچێ دوای هەندێ ماتۆڕ پەیابوو لەئاوی دیجلە ئەویش گەمیەیك بوو مەکینەیەك وەکو مەکینەی ئۆتۆمبێل لەناوەڕاستی دەبەسترا والی نەجمەدین مەنلاخەڵکی هاندا تاسوودی لێ وەرگرن بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نیشتیمانی بۆ گواستنەوە لەرووبارە[١٥]، پاشان بازرگانێکی جوولەکە ناوی (مشعل)بوو هێڵێکی گواستنەوەی لەنێوان بەغداو باقووب بەئۆتۆمبێلی درێژ لەجۆری لۆری کە کورسی لایی هەبوو دروستکرد کۆی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لەعیراق بوون کاتی راگەیاندینی جەنگی یەکەم لەدوانزە ئۆتۆمبێل کەمتربوون[١٦].

دەڵێن والی جاوید پاشا بەئۆتۆمبێلە تایبەتیەکەی خۆی ساڵی ١٩١٤ چوو بۆ نەجەف داوای لەیەکێك ناسراوەکان کرد تا بۆ دەرەوەی شوورەکە لەگەڵی سواربێت بۆ بەڵام کابرا زۆر روانیە ئۆتۆمبیلە کەرازی نەبوو سوار بێ گوایە خاوەن منداڵەو لەخراپەی ئۆمبیلەکە دڵنیانییە.

## پۆسته:

لەنێوی یەکەمی سەدەی یستەم لەعیراق دەخزمەتی پۆستەی ڕێکوپێك نەبوو ئەگەر خەڵکی بیانویستایە نامەیەك بۆشارێکی دیکە ڕەوانەکەن دەچوون بۆ یەکێك لەخانەکان تاکەمێك بناسن سەفەربکات بۆ ئەو شارەو، تکای لێ بکەن نامەکەی بگەیەنێتە ئەوێ لەهەندێ شار کەسێکی تایبەت دادەنرێ بۆ ئەم مەبەستە خەڵکی نامەکانی خۆیان بۆی دێنن و لەلای خۆی کۆیان دەکاتەوە تارێبوارێك دێت و لەگەڵ خۆیدا لەرێی خودا دەیانبات بەڵام حکومەت پیاو تایبەتی بۆ گواستنەو ی پۆستە هەبوو بە(تاتران) ناسرابوون واتا تەتەر ئەوانە سواری ئەسپ دەبوون یان هوشتری تیژرەوە لەرێگا و لەخاڵی دیاری کراودا نامەکانیان دەگۆڕیەوە، کونسڵەکان پیاوی تایبەتی خۆیان بۆ گواستنەوەی نامەکانیان بەم شێوەیە هەبوو یەکەم خزمەتی پۆستەی گشتی لە ١٨٦٨ دامەزرا، عوسمان نەجوو، بەڵکو سەرحکومەتی هەندێ بەریتانی بوون دابەشکەری هەبوو، و ئەوشارانەی گرتەوە دەکەوێتە سەر رووبارو شوێنە پرۆژەکان بۆ ماوەی دە ساڵ بەرێکوپێکی کاری دەکرد(١٧) لەساڵی ١٨٧٨ دەوڵەتی عوسمانی لەرێکەوتننامەی جیهانی پۆستەکە لەپاریس بەستی هەر لەوساکەوە حکومەت دەستی بەکردەفەرەی دەزگای پۆستەی عەوسمانی لەشارەکانی عیراق، کرد کۆسپی دەخستە بەردەم دەزگاکانی پۆستە هیندی تا لەناوی بردن، فەرمانگاکانی پۆستە عوسمانی وەکو هەموو فەرمانگەکانی دیکەی حکومەتی گەندەڵی بەدرێکخستنی تیا بەربڵاوبوو زۆرجار فەرمانبەرکان بۆ چەند مانگێك مووچەیان وەرنەدەگرت و ناچار دەبوون پەنا بەرنە بەرتیل بۆ بژێوی خۆیان



بۆیە خەڵکی پیاو باش بوو نامەکان لەرێگەی کونسڵەکانەوە بینێرن لەجیاتی ناردنیان باش بوو نامەکان لەڕێگەی پۆستەی حکومەتەوە یەکێك لەباساڵاچووەکانی بەغدا پێی وتم: نامەکەی خۆی دەبرد بۆ کونسڵخانەی بەریتانی ولەوێ پولێکی بەریتیانی دەکرێ و دەیدا لەناوکەوپاشان دەیدبە فەرمانبەری تایبەتی.

سلێمانی بستانی لەکتێبەکەی پەندوپادەدری دەڵێ: نوسونگەی پۆستەی بیانی لەوزۆربەی بەندەرو شارەگرنگەکانی وەڵاتی عوسمانی بڵاو ببونەوە زاون بوون و کەس نەیدەتوانی بزانێ چییان تێدایە زۆرینەی خەڵکی بۆ ناردنی پارەو نهێنییەکانیان پشتیان دەبەست لەساڵی ١٨٩٤ یەکێك لەباڵیۆیزخانەکان لەئەستەمبووڵ خیانەتی هەندێ لەکرێکارەکانی پۆستەی ئاشکرا کردو عوسمانی بوون ناوەکانیان دەدایە ئۆپۆزیسون بۆ مابەنیەکان بەرامبەر بڕێك پارە بۆ هەرنامەیەك باڵێوزخانەکە فەرمانی دەکرد ئیدی لەمەودوا بۆ کاری پۆست کرێکاری عوسمانی بەکارنەهێنن(١٨).

دەتوانین بڵێین فەرمانگە پۆستەبەرەکانی عوسمانی لەسەردەمی دەستووردا تۆزێك دۆخی باش بووو هەندێك رێکوپێکی بەخۆیەوە بینی عەبدول کەریم عەلاف باس دەکات کە چۆن پۆستە لەکۆتایی سەردەمی عوسمانی دەگەیشتە بەغداو دەڵی: خاوەنی پۆستە لەبابول موعەزەمەوە بەسواری ئەسپەکەی دەهاتە بەغداوەو قەمچیەکەی بەدەستەوەبوو بەحەواوە بەرزی دەکردەوە لەپێشەوەی هەندێ ئەسپی پۆستە هەڵگەر هەبوون و غاریان دەداو ئەویش بەدەنگی بەرز بانگەوازی دەکرد: پۆستە گیالدی واتا پۆستە هات.

خەڵکی بەپەلەدەچوون بۆ فەرمانگەی پۆستەکە دەکەوتە گەڕەکی (میدان)ەوەو لەکۆرەپانەکەی کۆدەبوونەوە لەوێ فەرمانبەری تایبەت

دەوەستاو ناوی ئەو خەڵکانەی دەخوێندەوە کەلەسەر نامەکان نووسرابوون ئەوەی لەوێ ئامادەبوایە نامەکەی وەردەگرت ئەوەیشی لەوێ نەبوایە پۆستەچیەکە خۆی نامەکانی بۆیان دەبرد لەبری بەخشینی پارە بۆ هەر نامەیەك[١٩].

## کارگەو مەکینە:

یەکەم کارگەی نوێ لەعیراق والی (رەشید پاشا گوزەل گولی) لەدەیەی شەشەمی سەدەی نۆزدەم دایمەزراند بەراستیدا کارگەنەبوو بگرە شوێنی کەبسێك و درێیك و شتی لەوجۆرە بوو شوێنەکەش لەبەری کەرخ بوو بەغدادو ناوی دەمیرخانە بوو خەڵکی بەغداناویەان لێ نابوو (حەدادخان)ە.

دوای کردنی رەشید پاشا ئەم کاریگەیە سەقەتی کەوت پاشان لەکارکەوت و پشت گوێ خرا هەرکە مەدحەت پاشا هات فەرمانی دا بەمەسعود بەگ بەلژیکی بەگەرانەوەی کارگە سەرلەنوێ بۆ ئیش کردەوە کارگەکە خزمەتی گرنگی پێشکەش بەسوپاکرد وەکو چاککردنی تفەنگە کۆنەکانی کە بەچەخماخی ناسرابوو، لەعبارەکان فرێدرابوون ژەنگ لێی دابوون وکردیانن بەتفەنگی جۆری (شەشخان)ی بەکار هێنرا (٢٠) لەساڵی ١٨٦٤ والی نامق کارگەیەکی نوێ ی تەونی لەعیراق دامەزراند بەغدایەکان ناویان لێنا (عەباخانە)یان (قاترخانە) و گەرەکەکەی و دەوری بەم ناوە ناسرا بەهەڵمکاری دەکرد، هەندێ پێویستی سوپای لەجل و بەرگ و خەڵمە بەرهەم دەهێنا هەر کەمەدحەت پاشاهات پەرەی بەکارگەکەدا وفراوانی کردەوە تا بەهەرمی لەرۆژێکدا گەیشتە سێ سەد مەتر کوتاڵی خوری و چوارسەد مەتر کوتاڵی پەموی ئەستوور (٢١). مەدحەت پاشا هەستی



کردبۆ هێنانی کارگەی هاڕین پێویستیەکی زۆر هەیە رۆژنامەی (زەورا)لە ١٦ی مارتی ١٨٧٠وا باسی کردوە دانیشتوانی بەغدا گەیشتە سەدو پەنجا هەزارکەس پاشان رۆژنامەکە دەڵێ: ئەو گەنمەی بۆ خولردنی دەهاڕدرێت بۆ ئەم ژمارەی دانیشتوانەکەم بوەتە یان بەدەستار دەیهاڕن کەهێشتر دەیسوڕێنێ یان بەدەست کرێی هاڕینی گەنم دەگاتە سێیەکی نرخی گەنمەکە خۆی جگە ئەمە ئەو گەنمەی بۆ چەند مانگێك دەهاڕدرا، بەگوێرەی پێویست بوو بگرە هەندێ لەرادەکە تێکەڵ دەبوو وخراپ دەبوو، ئەمەیش یەکێك بوو لەو مەسەلانەی بەتاقیکردنەوە نەگۆڕا هێشتاو حکومەتی سونی سەرەرای ئەو هیمەتەی ئەنجامدراوە بۆ تەواوکردنی ئیسراحەتی هەمووان، ئەوەتا پەنادەباتەبەر هێنانی مەکینەی ئارد[٢٢]. مەدحەت پاشا داوای لەیەکێك لەکارگەفەرەنسیەکان کرد بۆ کارگەیەکی هاڕین بەهێزی حەفتانە ئەسپ و نرخی دووهەزار لیرە بوون بەڵام کارگەکە لەبەر سەرقاڵ بوونی فەرەنسا بەجەنگی حەفتاییەوە دواکەوت ئەو جەنگەی لەنێوان خۆی و ئەڵمانیا هەڵگیرسابوو ئەنجام هەرکەکارگەیشت مەدحەت پاشا بەغدای بەجێهێشت و لەسەر شۆستەی بەسرا مایەوە تاژەنگ لێیدا ئەنجام حوسێن فەوزی پاشا فەرماندەی فەیلەق توانی کارگە ژەنگ لێدراوەکە بێنێ بۆ بەغداو خانووی پێویستی بۆ دابینکردو خستیەیوە گەڕ (٢٣)پاشان مەکینەی هاوڕینی خەڵکی لەبەغدا زۆر بوون هەروەها لەشارەکانی دیکەی عیراقیش رۆژنامەی (الرقیب)لەرۆژی ٤ی مارتی ١٩٠٩ بڵاوکردەوە دەڵێ: (لەگەرەکی قازی حاجات و بازاری شۆریجە چەند مەکینەیەك هەیە بۆ ئاردو چەڵتوك پاك کردن بەگاز ئیش دەکەن خەڵکی زیانیان پێ گەیشتووە لەبەر تۆقی و بۆنی و لەرینەوەی خانووبەرەکان (٢٤)ساڵی ١٨٨١ مەکینەی دروستکردنی سەهۆڵ هێنراو لەشەریعەتی

میدان لەبەغدا دانرا سەهۆڵی دروستدەکرد وەکو قالبی شووشەی ئەستوورو کیلۆگرامێکی دەفرۆشرا بەقرشێکی تەواو (٢٥) خەڵکی زۆر سوودیان لێوەرنەگرت چونکی زۆرینەی بەرهەمەکەی دەچوو بۆ سەرکردەو گەورە فەرمانبەران ئەوانە خزمەکارەکانی خۆیان دەناردبۆ ئەوانیش بەشەر دەهاتن لەبەردەرگای کارگەکە تا بڕێ سەهۆڵی پێویستیان بەکەوێت لەساڵی ١٨٨٨ ئیبراهیم حەی هیندی دووکارگەی خواردنەوەی گازی هێنان یەکێکیانی لەبەسرا دانا و دووەمیان لەعەشار (٢٦) ئەم خواردنەوە یانە بەناوێکی هندی ناویان دەرکرد (ناملێت) قازانجێکی کەمی نەبوو، بۆیە خەڵکانی دیکە ناردیان کارگەی دیکە هێنرا لەساڵی ١٨٨٩ کۆمپانیای لەنج دوو کەپسی خوری هەبوو بەهێزی هەڵم ئیشیان دەکردو خوریەکە خۆماڵی بوو دەیکردە باڵە بۆ ئامادەکردنی بۆ ناردنی کۆمپانیای ئەندرۆ وێریش دوو کەپیسی ئاوی هەبوو پاش ئەوە کەپسی خوری وعرگی سووس لەعیراق زۆربوون لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم هەندێ خاوەن مەزراو دارستانەکان دەستیان بە بەکارهێنانی پەمپی ئاو کرد بۆ ئاودانی مەزراکانیان.

ژمارەی ئەو پەمپانە لەکۆتایی سەدەکەدا گەیشتە دوانزە پەمپ، پاشان ژمارەیان زیادی کرد(٢٨)، لەساڵی ١٩٠٧ یەکەم دابەشکردنی ئاو لەبەغدا دامەزرا، لەجۆری زۆر سادەبوو، لەشەریعەتی میدان پەمپێك دانراو بەبۆری بەسەرماڵاندا دابەشدەکرا، بێ ئەوەی پاك بکرێتەوە، کرێی مانگانەی ئاو بۆ هەر ماڵێك بڕی دە قرش بوو(٢٩)، خوێ و قوڕ لەبۆریەکان کۆدەبوەوەو خەڵکی تووشی دەرد سەری دەبوون.



## چاپخانە:

رەزووق عیسا دەڵێ یەکەم چاپخانە کە لەعیراق دامەزرا لەکازمیە بوو، خاوەنەکەی میرزا محەمەد باقر تەفلیسی بوو، بەردین بوو، یەکەم کتێب کەچاپی کرد کتێبی (ساباتی وەزیران)ی شێخ رەسوڵ کەرکوکی بوو لەساڵی ١٨٢١، بەرای (یاقووب سەرکیس) ئەم قسەیە مافی راستی پێوەنیە(٣٠).

لەساڵی ١٨٥٦ لەعیراق دوو چاپخانەی بەردین دەمەزران، یەکەمیان لەکەربەلاو خاوەنەکەی ئێرانی بوو، هەندێ دوعاو نوشتەو کاغەزی بازرگانی چاپ دەکرد، هەروەها مەقامەکانی ئەبوو سەنا ئالووسی پێ چاپ کرا، دووەمیان لەمووسڵ بووە هی باوکانی دۆمەنکییەکان بوو، باوکان ئەم چاپخانەیان پەرەپێدا لەساڵی ١٨٥٩، کردیان بەچاپخانەی پیت، پاشان چاپخانەکە قاڵبی پیتی تەواوەی خۆی هەبوو، بەشێکی تایبەتیش بۆ جزوبەندی هونەری هەبوو(٣١)، ئەم چاپخانە دۆمنکیە بۆماوەی پەنجا ساڵ ئیشی کردو بووە هۆی رێنیبساسی ئەدەبی لەباکووری عیراق(٣٢)، حکومەت لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەستی بەسەراگرت، لەساڵی ١٨٦١ کامل تەبریزی چاپێکی بەردینی لەئێرانەوە بۆ بەغدا هێنا، حۆشنووسەکەی کابرایەکی ئێرانی بوو، ناوی محەمەد جەواد بوو، هەندێ کتێبی پێ چاپ کرا لەوانە (سبائك الذهب في معرفة قبائل الوب) واتا– قاڵبی ئاڵتوون بۆ ناسینی خێلبەکانی عەرەب–لەنووسینی محەمەد ئەمین سوێدی، لەساڵی ١٨٦٩ مەدحەت پاشا لەپاریسەوە چاپێکی پیتی میکانیکی هێنا تاوەکو رۆژنامەی (وەزرا)ی پێ چاپ بکرێت، ئەوە یەکەم

چاپخانە بوو لەعیراق چاپخانەکەی کامیل تەبریزی دەرگاکانی داخرا، لەساڵی ١٨٧٥ تەحسین پاشا والی موسڵ چاپخانەی ولایەتەکەی دامەزراندو، فەرمانیدا بەهێنانی ئامێرەکانی لەئەستەمبووڵەوە، باوکی دومنکییان بەشدارییان لەبەڕێوەبردنە هونەرییەکەی کرد.

لەساڵی ١٨٨٤ حاخام یەهودا بیخور یەکەم چاپخانەی جوولەکەی بەعیراق دامەزراندو پیتی عبری هەبوو بۆ چاپکردنی کتێبەکە ئایینیەکان و پیتە عەرەبیەکانیش بۆ چاپکردنی کاغەزە بازرگانیەکان، لەساڵی ١٨٨٩ محەمەد عەلی چەلەبی زادە یەکەم چاپخانەی لەبەسرە دامەزراند، تارۆژنامەی (فەیحا)ی پێ دەرکات، لەساڵی ١٨٩١ ئیبراهیم پاشا لەبەغدا چاپخانەیەکی گرنگی دامەزراند، ناوی چاپخانەی (دارالسلام) بوو، کتێبی (بلوغ الارب في معرفة احوال الوب)ی سەید مەحمود شکری ئالووسی پێ چاپکرا، کەپێی مەدالیای شای سوێدی وەرگرت، لەساڵی ١٩٠٢ حاخام عەزرا دەنکوور چاپخانەیەکی لەبەغدا دامەزراند، کاتی خۆی گەورەترین چاپخانە بوو لەعیراق، بایەخی بەچاپکردنی کتێبەکانی جوولەکەو کاغەزی بازرگانی دەدا.

لەساڵی ١٩٠٧ مەحمود شابەندەر چاپخانەیەکی دامەزراند بەناوی (چاپخانەی شابەندەر) ئەویش گەورەترین چاپخانە بوو لەعیراق، بەدوو مەکینەی هەڵم ئیشی پێدەکراو، دەیتوانی لەسەعاتێکدا سێ هەزار دانە چاپ بکات، لەسەردەمی دەستووردا چاپخانەی دیکە دامەزران لەبەغداو هەندێ شاری دیکە وەکو نەجەف و مووسڵ و بەسرا[٣٣]، کە لێرەدا ناکرێ بەدرێژی باسی بکەین.



## رۆژنامەو گۆڤار:

دەڵێن یەکەم رۆژنامە داوود پاشا لەعیراق لەساڵی ١٨١٦ دەریکردووەوە، بەناوی (جورنال العراق)، بەدوو زمانی عەرەبی و تورکی، لەچاپخانەیەکی بەردین چاپ دەکراو، بەسەر فەرماندەکانی سوپاو گەورە فەرمانبەران و پیاوماقووڵانی بەغداو ئەشرافیدا دابەشدەکرا، هەروەها بەدیواری خانووی حکومەتدا هەڵدەواسرا، بۆئەوەی خەڵکی بیخوێننەوە، مێژوونووس عەبدول رەزاق حەسەنی دەڵێ: یەك دانەیەك لەم رۆژنامەیەی نەدۆزیەوە نە لەمۆزەخانەی بەریتانی و نە لەدامەزراوە هەبووەکانی عوسمانیش(٣٤)، بۆیە گومان لەبوونی دەکرێت، پێم وایە راست ئەوەیە کە (جورنال العراق)- گریمان بوونی هەبێ- بەواتای رۆژنامە ئەو رۆژنامەیە نەبووە کەئێستا هەیە، لەوانە بڵاوکراوەیەکی خوولی بووبێت، داوود پاشا بۆ خوێندنەوەی گەورە فەرمانبەران و پیاوماقووڵان دەریکردووە، بۆئەوەی کەدەیویست ئاگاداریان کاتەوە لێی، عیراق تاساڵی ١٨٦٩ بەبێ دەرچوونی رۆژنامە مایەوە، ئەوساڵە بوو کەمەدحەت پاشا وەکو والی بۆ بەغدا هات، دیاربوو مەدحەت قاشا خۆی بۆ رۆژنامە دەرکردن لەبەغدا ئامادەکردبوو، بەرلەوەی ئەستەمبووڵ بەجێبهێڵێ، لەگەڵ خۆیدا یەکێك لەنووسەرە تورکە ناودارەکانی هێنابوو، تا دەرکردنی رۆژنامەکە بگرێتە ئەستۆ، ناوی ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی بوو.

لە ١٥ی حوزەیرانی ١٨٦٩- واتا دوای چل و شەش رۆژ لەگەیشتنی بۆ بەغدا- یەکەم ژمارەی رۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی (زەورا)، بەهەردوو زمانی تورکی و عەرەبی ئەوەی جێگای سەرنجدانە بەرواری رۆژەکەی کە

لەلاپەڕەیەکی ژمارەیەکی نووسرابوو بەپێی ڕۆژمێری ڕۆژهەڵاتی بوو، کەدوانزە ڕۆژ لەڕۆژمێری ڕۆژئاوایی کەمترە- دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی (زەورا) بۆماوەی چل و هەشت ساڵ بەبەردەوامی دەردەچوو بەبێ وەستان، بەڵام وەکو سەردەمی مەدحەت پاشا لەسەرپەرشتی ڕەخنەگرتن و خولیای وریاکردنەوە نەمایەوە، کەسانێکی زۆر لە (زەورا) بەشداریان کرد بەنووسین، وەکو عیزەت فاروق و، تەها شەواف و، مەحمود شوکری ئالووسی و، فەهمی مودەریس و، عەبدول مەجید شاوی و، جەمیل سدقی زەهاوی، لەساڵی ١٨٨٥ لەمووسڵ ڕۆژنامەیەك دەرچوو بەناوی (مووسڵ) وەکو زەورا ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی بوو، لە ١٨٨٩ لەبەسراش ڕۆژنامەیەك دەرچوو بەناوی (فەیحا) فەرمانبەرێکی بەغدایی دەریدەکرد لەبەسرا دادەنیشت، ناوی محەمەد عەلی چەلەبی زادە بوو، لەساڵی ١٨٩٥ ئەم ڕۆژنامەیە ئەنجامی گواستنەوەی خاوەنەکەی بۆ بەیرووت بووە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی، ئەم دوو ڕۆژنامەیە وەکو (زەورا) تاکۆتایی سەردەمی عوسمانی لەعیراق بەردەوام بوون، لەساڵی ١٩٠٢ باوکانی دۆمنکیان لەمووسڵ گۆڤارێکی ئایینیان دەرکرد بەناوی (اکلیل الورد)، یەکەم گۆڤار بوو کە لەعیراق دەردەچوو، تاراگەیاندنی دەستووری عوسمانی لەساڵی ١٩٠٨ بەردەوام دەردەچوو، لەساڵی ١٩٠٥ باوکانی کەرمەلی لەبەغدا دوو گۆڤاری ئایینیان دەرکرد، یەکێکیان بەزمانی عەرەبی بوو (زهیرة بغداد)و ئەویتر بەزمانی فەرەنسایی بوو بەناونیشانی (الایمان العمل) ئەم دوو گۆڤارە بۆماوەی ساڵێك بەردەوام دەردەچوون، دواجار وەستان[٣٥]، هەر کەدەستووری عوسمانی ساڵی ١٩٠٨ ڕاگەیەندرا هەڵچوونێکی ڕۆژنامەوانی لەعیراق ڕوویداو سەرنجراکێش بوو وەکو لەبەشی شەشەم ئاماژەمان پێدا، یەکەم ڕۆژنامە لەوسەردەمە دەرچوو ڕۆژنامەی (بەغداد) بوو، لقی کۆمەڵەی



ئیتیحادو تەرەقی لەبەغدا دەریدەکرد.

دوای ئەوەش بەخێرایەکی زۆر سەیرەوە ڕۆژنامە یەك لەدوای یەك دەردەچوون لەماوەی سێ ساڵ حەفتا ڕۆژنامەو گۆڤار دەرچوون، لەساڵی ١٩١١ وەزارەتی ناوخۆ لەئەستەمبووڵ فەرمانێکی دەرکرد بەهەڵوەشاندنەوەی ئیتمیازی هەموو ڕۆژنامەیەك کەبەر لەڕۆژی ٥ی مارتی ئەو ساڵەدا لەبڵاوبوونەوە وەستابوو، بەم پێیە ئیتمیازی سی و هەشت ڕۆژنامە هەڵوەشایەوە، ئەودەمە تەنها سێ ڕۆژنامەو دوو گۆڤار لەبەغدا مایەوە[٣٦].

بەناوبانگترین ڕۆژنامە کەدەرچوو لەسەردەمی دەستووردا ڕۆژنامەی (الرقیب) بوو، خاوەنی عەبدول لەتیف پتیان بوو ڕۆژنامەی (بین النهرین)یش خاوەنەکەی مەحمود تەبەقچەلی بوو، ڕۆژنامەی (مصباح الشرق)یش خاوەنەکەی عەبدول حوسێن ئازەری بوو، ڕۆژنامەی (النهضة) خاوەنەکەی مەزاحم پاچەچی بوو، ڕۆژنامەی (الرصافه) خاوەنەکەی سەید سادقی ئەعرەجی بوو، هەروەها ڕۆژنامەی دیکەش، گۆڤاری (لغه الوب) کەباوە (ئەنستانس ماری کەرمەلی) لەبەغدا دەریدەکرد، گۆڤاری (العلم) کە سەید هەبەدین شەهرستانیب) لەنەجەف دەریدەکرد گرنگترین ئەو گۆڤارانە بوون کە لەسەردەمی دەستوور دەردەچوون، تورکەکان بەڕۆژنامەیان دەووت (گەزەتە)و لەفزەیەکی ئیتاڵیەو خەڵکی ڕەشۆکی هەڵیانگێڕاوەتەوەو کردوویانە بە (قەستە)، ئەوەی شایانی وتنە پیاوانی ئایینی توندەو بەچاوی ناڕەزاییەوە تەماشای ڕۆژنامەیان دەکرد، تاسەردەمێکی درەنگیش هەروا مانەوە، (قەستە) هەر بۆ گاڵتەو گەمەی دەخوێندەوە کە لەشەرعا بێزراوە، ئەوان پێیان وایە ئەرکی هەر موسڵمانێك خوێندنی قورئان و دوعاو کتێبە ئایینیەکانە، لەجیاتی خوێندنەوەی (قەشتە)، یەکێك لەزانایانی بەغدا

لەکۆتایی سەردەمی عوسمانی دەگێڕێتەوە کەدەبینێ ڕۆژێکیان کوڕەکەی چووە چوورەکەی خۆی و، دەرگای لەسەرخۆی بەتووندی داخست، هەر کە پەلاماری ژوورەکەیدا بینی کوڕەکەی ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، دەستی کرد بە دارکاریکردنی و پێی وت: (بەهێنانی گەزەتە ماڵەکەمن وێران کرد)، بۆیە کوڕەکە ناچاربوو ڕۆژنامەکە لەترسی چاوی خەڵکی و چاودێران بسووتێنێ"[٣٧].

## نەخۆشخانە:

یەکەم نەخۆشخانە کە لەعیراق دروستکرا، مەدحەت پاشا لەسەر ڕۆخی دیجلە لەبەری کەرخ دروستی کرد، ئەو خانووەش وەکو خانووبەرەکانی دیکەی مەدحەت پاشا خشتەکەی هی شورەی بەغدا بوو، پیتاکی لەدەوڵەمەندەکان و پیاوماقووڵانی بەغدا بۆ کۆکرایەوە، لە ١٨٧٢ کرایەوە بەناوی (خستەخانە الغرباء) واتا نەخۆشخانەی غەریبان.

ئەم نەخۆشخانەیە لەراستیدا وەکو نەخۆشخانەکانی ئێستا نەبوو، بەڵکو شتێ بوو وەکو خانووی پیرو پەککەوتە، خەڵکی ئەو سەردەمە نەخۆشی خۆی نەدەخستە نەخۆشخانە حکوومەتیەکانەوە، بگرە لەماڵەوە خزمەتیان دەکرد، پێیان وابوو حکومەت نەخۆش دەکوژێت نەك چاکی کاتەوە.

بۆیە ئەو نەخۆشخانەیەی مەدحەت پاشا دروستی کرد تایبەت بوو بەغەریبان، ئەوانەی کەسوکاریان نییە لەماڵەوە خزمەتیان کەن، لەراستیدا تەنها خەڵکی دەسکورت و سواڵکەرو پیرەکان پەنایان دەبردە بەری بۆ بەندیەکان و هەرچی و پەرچیەکان و سۆزانیەکان(٣٨)، بەشێکی تایبەتی لێ بوو.

دوای مەدحەت پاشا نەخۆشخانەکە پشتگوێ خراو، بەرەبەرە سوودی کەم بووەوەو تاهیچی نەمایەوەو، خانووەکەشی شەق شەق بوو، لەساڵی ١٨٧٩ والی عەبدول ڕەحمان پاشا چاکی کردەوەو، کەرەستەو داودەرمانی نوێی بۆهێنا بەگوێرەی ئەوەی ئەو ڕۆژنانە زرووف یارمەتی دابێ، لە ٦ی نیسانی ئەو ساڵە دیسان کرایەوە، ئاهەنگی کردنەوەکەی خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون[٣٩].

لەساڵی ١٨٩٦ حکومەت بڕیاریدا بەدەستبەرداربوون لەنەخۆشخانەکەو سپاردنی بەدایەرەی مەعاریف و(نووسینەگەی ئامادەیی شاهانە)ی بۆ گوێزرایەوە، دووەم نەخۆشخانە لەعیراق نامیق پاشای بچووك والی دروستی کرد، لەبابول معەزەم لەوشوێنەی کەدواجار بەندیخانەی مەرکەزی لێبوو، نامیق پاشا زۆر بایەخی پێدا، وەك بڵێی ویستی باشتری بکات لەوەی مەدحەت پاشا، لەبەردەمی باخچەیەکی بۆ دروستکردو، ناردی لەئەوروپا دەرمان و کەرەستەو ئامێری نەشتەرگەری بۆهات، لە ٧ی نیسانی ساڵی ١٩٠١ کرایەوە بەئامادەبوونی نامیق پاشاو موشیرو کۆمەڵێك لەپیاوماقووڵ و زانایان و فەهمی مودەریس- ئەوکاتە نوسەری ڕۆژنامەی زەورا بوو، دوعایەکی بۆ سوڵتان و بۆ وەزیرەکانی و والی خوێندەوە، نەخۆشخانە نوێیەکەش ناوی لێنرا (نەخۆشخانەی غەریبان)، دەستەی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە نوێیەکە پێکهاتبوو لە (سر طبیب)-واتا پزیشکی یەکەم-و بەڕێوەبەری ناوخۆیی و نەشتەرگەرو دەرمانخانەو بەڕێوەبەرو نووسەرو وەکیلی خەرجی و ئاشپەزو یاریدەری ئاشپەزو باغەوان و بەرنوێژو بیست خزمەکارو کارەکەریش.

ئامادەکردنی داودەرمان بەشێوەی گریکی عەرەبی ئامادەدەکرا، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە نامیق پاشا سەرەڕای ئەوەی زۆر ئارەزوومەند بوو کەپەرە بەنەخۆشخانەکە بدات، بەڵام کابرایەکی دامەزراندبوو بۆ بەڕێوەبردنی ناوی

مەحمود خان بوو، ئەم کابرایە هیچ لێزانیەکی نەبوو تەنها لێهاتووی هەبوو لەیاری شەترەنج[٤٠].

دوای لابردنی نامیق پاشا لەویلایەتی بەغدا، هەندێ چاکسازی و گۆڕان بەسەر نەخۆشخانەکەدا هات، مەحمود خان لەبەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکە لابراو دکتۆر نیزامەدین کرا بەسەرۆکی نەخۆشیەکانی ناوسك و، دکتۆر زهنی بەگشتی بۆ نەخۆشیەکانی نەشتەرگەری و، دکتۆر سامی سلێمانیش بۆ نەخۆشیەکانی چاو، هەروەها وەستا عەباسیش بەیاریدەدەری نەشتەرگەری دامەزرا، لەسەرەتای سەردەمی دەستوور بڕیاردرا بەگواستنەوەی ئەم نەخۆشخانەیە بۆ خانووی نەخۆشخانەی یەکەم کەمەدحەت پاشا لەبەری کەرخ دروستی کردبوو خانووەکەیان لەدایەرەی مەعاریف وەرگرتەوەو بوو بەنەخۆشخانەی نوێ، ئەنجام دکتۆر محەمەد کانی بەگ بەبەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دامەزرا، ئەم کابرایە بەرێزو نەشتەرگەرییەکی لێهاتوو بوو، گیانێکی رێکوپێکی ئەوتۆی فووکردە نەخۆشخانەکەوە گاڵتەی پێ نەدەکرا، لەسەردەمی ئەم بەڕێوەبەرەدا بۆ یەکەمجار ئیشی برینپێچی بەژنان سپێردرا، ئەمەیش کۆمەڵێ رەبەنە ژنی فەرەنسی پێی هەڵسان، چاکترین فاکتەر بوون بۆ پەرەسەندنی نەخۆشخانەکە، قۆناغێکی نوێ لەرێکوپێکی لەسەر دەستی ئەوان دەستی پێکرد[٤١].

نەخۆشخانەی سێیەم لەعیراق نەخۆشخانەی (مجیدیە) بوو، لەوکۆشکە دانرا کەمەدحەت پاشا لەباغی نەجیبیە بۆ میوانداری ناسرەدین شا دروستی کردبوو، کردنەوەکەی لەساڵی ١٨٩٧ بوو، کاتێ شیر رەجەب پاشا بەوەکالەت والی بوو، ئەم والیە چەند ژوورێکی پان و بەرینی زیادکرد بۆ کۆشکەکە ئەو شوێنەی کەهۆڵەکانی ئێستای نەخۆشخانەکەی لێیەو، کردی



بەنەخۆشخانەیەکی سەربازی و، دەڵێن ناوی لێنا (مەجیدیە) بەناوی سوڵتان عەبدول مەجیدەوە باوکی سوڵتان عەبدول حەمید. لە ٢٦ی ئابی ١٩١٠ والی نازم پاشا نەخۆشخانەیەکی جوولەکەی لەدەرەوەی بابول معەزەم کردەوە بەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە (مائیر ئەلیاس) ناونرا، ئاهەنگی کردنەوەکەی کۆمەڵێك لەپیاوماقووڵان و گەورە فەرمانبەران ئامادەی بوون و، بەناوی حاخام داوود پابۆوە دەعوەتنامەیان بۆچوو، نەخۆشخانەکە پان و بەرین بوو، نوێترین ئامێری تیابوو، کاتێ خۆی بەپوختەترین و رێك و پێك ترین نەخۆشخانەکانی حکومەت دادەنرا.

## سەماخانە:

تاکۆتایی سەدەی نۆزدەم هیچ سەماخانەو تیاترۆخانەیەك لەبەغدا نەبوو، وەکو ئەوەی کەئێستا لەئارادایە، لەسەرەتای سەدەی بیستەم جۆرێکی سادە لەسەماخانە لەبەغدا پەیابوو، لەهەندێ ئەو قاوەخانانەی دەوروبەری گۆڕەپانی (میدان)، یان لەنزیکی، ئەوەی شیاوی وتنە کەگۆڕەپانی میدان ئەوکاتە وەکو سەیرانگایەك وابوو بۆ خەڵکی بەغدا، لەساڵی ١٨٨٩ باخچەیەکی گشتی لێ شین کراو، لەناوەڕاستی حەوزێکی تیا دروستکراو، نافوورەیەکی هەبوو ئاوی فڕێدەدا، هەندێ خەڵکی دەمەو عەسر بۆئەوەی بۆ پیاسەو سەیران دەچوون، لەبەری رۆژئاوای گۆڕەپانی میدان چایخانەیەك هەبوو بەناوی خاوەنەکەیەوە (سبع)، ئەم (سبع)ە هەروەکو عەبدول کەریم عەلاف لەکتێبەکەی (بەغدای کۆن) باسی دەکات، رەوشت بەرز بوو، دڵی باش بوو ئەو دەستکورتانەی دەناسی کەدەهاتنە چایخانەکەی و پارەی چای لێ وەرنەدەگرتن[٤٢].

ئەم کابرایە بەیەکەم دامەزرێنەری سەماخانە (مەلها) لەعیراق دادەنرێت (سبع) یەکەمجار چایخانەکەی کردە جۆقەیەکی ناوخۆیی مۆسیقا، لەشێوەی کەپێی دەڵێن (چالغی بەغدادی)، دوو گۆرانیبێژی هەبوو بەنۆرە مەقامی بەغداییان دەخوێند، (سبع) پەرەی بەچایحانەکەیداو مێرد منالآنی هێناو، جلوبەرگی ژنانیان لەبەردەکردو سەمایان دەکرد، لەساڵی ١٩٠٧دا چایخانەکە ناوبانگی دەرکرد، بەهۆی مێردمنداڵێکی زۆر جوانەوەو سەمای دەکرد، ئەم مێرد منداڵە ناوی (نەعیم) بوو، مەسیحی خەڵکی حەڵەب بوو، بەغدایەکان زۆر شەیدای بوون، شەوێکیان کاتێ مێرد منداڵەکە سەمای دەکرد یەکێك لەعاشقەکانی تەقەی لێکردو کەوت و لەزەوی لەخوێنی خۆیدا گەوزا، بۆ نەخۆشخانەی غەریبان گواستیانەوەو لەوێ مرد، هۆی کوشتنەکەیشی عاشقەکەی داوای لێ کردبوو لەگەڵی جووت بێ، ئەو رەتی کردبوەوە(٤٣)، رەساف چامەیەکی پڕ لەهەناسە ساردی و خەماوی شیوەنی بۆ نووسی، دەیانووت گوایە ئەویش یەکێك بوو لەعاشقینی مێرد منداڵەکە.

هەر کە لەساڵی ١٩٠٨ دەستوور راگەیاندرا، ئازادی خەڵکی بەرەڵا کرا (سبع) هەنگاوێکی تر چایخانەکەی بەرەو رابواردن بردە پێشەوە، چونکی لەحەڵەبەوە ژنە سەماکەرێکی هێنابوو ناوی (رەحلۆ) بوو، ئەم ژنە شۆخە هەموو دەمەو ئێوارەیەك لەچایخانەکە سەمای دەکرد، بەلەنجەو لارەکەی چاوو دڵانی دەفڕاند.

(رەحلۆ) دەیزانی چۆن موشتەریەکانی راودەکات، چونکی هەر کە لەیەکێکیان چاوی دادەگرت تا ئەقڵی دەپەڕی و هەرچی پارە لەگیرفانی هەبوو دەیدا، لەوانەیە بۆ سبەی خانووەکەی یان کەلوپەلی ماڵەکەی بفرۆشتایە تاغەمزەیەکی دیکەی لێوە بەرکەوێت، (رەحلۆ) پارەیەکی لەوە زۆر دەستکەوت، هەروەها (سبع)یش لەوەوە پارەیەکی زۆری دەستکەوت،



سەرکەوتنی سبع لەچایخانەکەی-یان سەماخانەکەی-خەڵکی تری هاندا چاوی لێبکەن، یەکەم کەس ئەوەی کرد حەسەن سەفۆ خاوەنی چایخانەی بەناوبانگ (چایخانەی شەت) بوو، کەدەکەوتە سەر رووبارەکەو لەگەڕەکی (مەسبەغە) نزیك شەقامی بانکەکانی ئێستا بوو.

ژنە گۆرانیبێژێکی هێنا ئەو سەردەمەی ناوبانگی هەبوو ناوی (تەیرە میسری) بوو، ئەم ژنە گۆرانیبێژە لەمیسرەوە هاتبوو بۆلای شێخ خەزعەل میری خوڕەم شارو، گۆرانیەکەی سەید دەروێشی بۆ وت: (زوروني بالسنة مرة)، پاشان لەوێوە بۆ بەغدا هات، لە (چایخانەی شەت) بەگۆرانی وتن دەستیکرد، (رەحلۆ) قەشەنگی گۆرانیەکانی ئاوابوو، رۆژنامەی (الرقیب)ی بەغدای بەپەرۆشەوە چوونی خەڵکی بۆ (چایانەی شەت) لەژمارەی رۆژی چواردەی تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ باس دەکات: (بەڵام سەماخانەکان خەڵکی تیا سیخناخ بوون و پەرۆش بوونیان هەر باس ناکرێت، تەنانەت پان و بەرینترین شوێنیان (چایخانەی شەت) کە ٧٠٠ کەس دەگرێت، هەندێ خەڵکی هێشتا پارەی چوونە ژوورەوە دەدەن، پاشان بەهۆی نەبوونی شوێن لێی دانیشن یەکسەر دەگەڕێنەوە[٤٤]، ئەوکاتە عەزاوی خاوەنی ئەو چایخانە ناسراوەی کە بەناوی خۆیەوە بوو ناوبانگی هەبوو، شوێنی چایخانەکەی لەبازاڕە سەرگیراوەکە بوو کە، لەگۆڕەپانی میرانەوە دەهات، هێشتا شوێنەکە ماوەو کرا بەپێشانگای فرۆشتنی (موبیلیا)و کەلوپەل، عەزاوی یەکەمجار چایخانەکەی کرد بەشتێك لەشێوەی قەرەقۆز، بەبەڕێوەبەریەتی کابرایەك ناوی راشد ئەفەندی بوو، پاشان پەرەی بەچایخانەکەیداو هەروەکو سبع و ئەوانەی دیکە ژنە سەماکەری بۆهێنا، لەوڵاتی شام و تورکیاو میسر وابڵاوبوەوە ئەگەر ژنە سەماکەرێك بچێ بۆ عیراق ئاڵتوونی چنگ دەکەوێت، ئەوەبوو ژنە سەماکەرەکان بەشێوەیەکی سەیرو بەپەرۆشەوە دەهاتن بۆ

بەغدا، بۆیە چایخانەکانی میدان و ئەو بازاڕەی لێی دەبوەوە ببووە مۆڵگەی ئەو ژنە سەماکەرانەو هەموو جۆرە هونەرو نازێکیان بەکاردەهێنا، بۆ فریودانی موشتەریەکانیان و رووتکردنەوەیان. رەسافی شیعرێکی هۆنیەوە لەدەستی سەرقاڵبوونی خەڵکی بەسەماخانەکانەوە گازندە دەکات، لەساڵی ١٩١٣ شارەوانی بەغدا بڕیاریدا شانۆیەکی نوێ دروستکات بۆ سەماو گۆرانی و، بۆ رابواردنی خەڵکی بەغدا، ئەوەبوو لەدەرەوەی بەغدا دروستیکرد، لەوشوێنەی دواجار وێستگەی کۆنی شەمەنەفەری کەرکوکی لێ دروستکرا، نزیك کۆلیجی ئادابی ئێستا، ژنە گۆرانیبێژ بەدیعەلاتی و خوشکەکەی خانم لاتی ئیشیان تیادەکرد، ئەم سەماخانایە بەردەوامبوو تاهەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەوساکە لەکار وەستاو دەرگاکانی داخرا[٤٥]، سەماخانەکان لەبەغدا کاتی جەنگ بەر لەداگیرکردنی بەریتانیا کەم بوونەوە، تەنها سەماخانەکەی عەزاوی مایەوە، کەدەکەوێتە بازاڕە سەرگیراوەکەوە، مەحمود حلمی کتێب فرۆش سەبارەت دۆخی ئەم سەماخانەیە قسەی بۆکردم، کەئەو سەردەمانە یەکێك بوو لەهامشۆکەرانی ئەو سەماخانەیە وتی: عەزاوی لەبەردەم دەرگای سەماخانەکە دادەنیشت لەسەر کورسیەکی دارخورما، وەکو چۆن خاوەن چایخانەکان دادەنیشن، لەگەنێکی مسی لەسەر مێزێك بۆ کۆکردنەوەی پارە لەبەردەم خۆی دانابوو، کرێی چوونە ژوورەوە (قڕانێك) بوو، کەبەرامبەر چوار قرش یان بیست فلسی بوو، بەڵام ئەو سەردەمە هێزی کڕینی بەرز بوو.

دەبێ لەم بارەیەوە باسی سینەمامان لەبیرنەچێت، یەکەم هۆڵی سینەما ساڵی ١٩٠٩ لەمیدان کرایەوە، خەڵکی بەپەرۆشەوە بۆی دەچوون، رۆژنامەی (الرقیب) ئاماژە بەوە دەدات کەزۆربەی هەژارەکان زۆربەی درامەنی خۆیان لەسیبنەما خەرج دەکرد[٤٦].



## شانۆنامە:

یەکەم کەس بایەخیدا بەشانۆنامەو نواندن قەشەکانی نەسرانی بوون، مەبەستیان لەوەیش وەعزدان بوو، بەوە دەیانویست بیروباوەڕ لەدڵی لایەنگرانیان بەهێزبکەن و بیریان رۆشنکەنەوە، بەفێرکاریەکانی مەسیحیەت، یەکەمجار بابەتی شانۆنامەکانیان لەتەورات و ئینجیلەوە وەرگیراو بوون، دکتۆر عومەر تالیب دەڵێ: مێژووی پەیابوونی یەکەم شانۆنامەی عیراق ساڵی (١٨٨٠)ە، ئەوساڵە کتێبێکی چاپکراو لەلوبنان دەرچوو لەنووسینی قەشەیەکی مووسلاوی بوو، ناوی باوە حەنا حەبەش بوو، سێ شانۆنامەی تیابوو: کۆمیدیای ئادەم و حەواو، کۆمیدیای یوسف حەسەن و کۆمیدیای تۆبیا، مەبەست لەم شانۆنامانە تا لەخوێندنگاکانی مەسیحی لەمووسڵ نمایش بکرێن، لەساڵی ١٨٨٨ خوێندنگای ئەکلیرکی لەمووسڵ شانۆنامەی (نەبو خود نەسر)ی نمایش کرد، نووسەرەکەی (خۆری هورمز نورسۆ) کلدانی ماردینی بوو، لەلوبنان لەلایەن کڵێسەی کلدانیەوە چاپ کرابوو(٤٧).

لەساڵی ١٨٩٣ شانۆنامەیەکی وەرگێڕدراو لەفەرەنسیەوە دەرچوو بەناوی (لەتیف و خۆشابا) لەنووسینی نەعووم فەتحوڵلا سەحار بوو لەدێوی باوکانی دۆمنکیان لەچاپ درابوو، ئەم شانۆنامەیە سەرەتای هونەری شانۆیە لەعیراق و، بایەخی مێژوویی خۆی هەیە بۆ روونکردنەوەی رەگ و ریشەی ئەدەبی شانۆ لەعیراق، لەسەر شانۆی خوێندنگای باوکانی دۆمنکیان لەمووسڵ نمایش کرا، لە ١٨٩٥ نەعووم لەفەرەنسیەوە شانۆنامەیەکی دیکەی وەرگێڕا بەناوی (میری دیل کراو)و لەهەمان

خوێندنگا نمایش کرا(٤٨)، پاشان شانۆ نامەکان پەیتا پەیتا وەردەگێڕدران و، لەخوێندنگاکانی مەسیحی لەمووسڵ نمایش دەکران، پاشان کارتێکردنی گەیشتە بەغدا، بەتایبەتی دوای راگەیاندنی دەستووری عوسمانی.

لەساڵی ١٩٠٨ خوێندنگای سریانی کاسۆلیك شانۆنامەیەکی نمایش کرد، بەناوی (شەهیدی دەستوور مەدحەت پاشا) لەتورکیەوە وەرگێڕدرابوو، لەهەمان ساڵ خوێندنگای کلدانی شانۆنامەی (سلسترا)ی نمایش کرد، ئەویش لەتورکیەوە وەرگێڕدرابوو، لەنووسینی شاعیری ناسراوی تورك نامیق کەمال بوو، چالاکی شانۆ لەبەغدا لەوماوەیەی پێش جەنگی یەکەمی جیهان توونودتۆڵ بوو، بەڵام تەنها لەچوارچێوەی خوێندنگاکانی مەسیحیەت بوو، موسڵمانەکان دەستیان پێ نەکردبوو، تەنها دوای جەنگ نەبێ.

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کەشیعەکان لەمانگی موحەڕەم بایەخیان دەدا بەنواندن، بەتایبەتی رۆژی دەیەمی، رووداوی حوسێنیان نمایش دەکرد لەسەرپشتی ئەسپ، لەهەندێ گۆڕەپانە پان و بەرینەکاندا، یان لەسەحنەکانی ئارامگا پیرۆزەکاندا، ئەمەیش لەکۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە لەئێرانەوە بۆ عیراق هات، لەراستیدا نمایش نەبوو بەواتای نمایشی نوێ، بەڵکو جۆرێك بوو لەدیمەنە ئاینییەکان، کەمەبەست وروژاندنی خەم و گریان بوو لەلای هونەری بینەران، لەلای موسڵمانەکان لەساڵانی پێش جەنگ جۆرێکی دیکەی نوواندی هونەری هەبوو، ئەویش نواندنی گاڵتەجاڕی بوو کەخەڵکی رەشۆکی پێیان دەوت: (ئەخباری)، عەبدول کەریم عەلاف دەڵێ: شەوانە لەچایخانەی (تەبانە) لەگەڕەکی فەزڵ کابرایەکی قۆشمەی دەبینی ناوی (ئیبن حەجامە) بوو لەگەڵ هاوکارەکەی ناوی (مەنسوور) بوو، چەند



دیمەنێکی پێکەنیناویان بۆ جمهوری بینەران پێشکەشدەکرد، لەراستیدا دیمەنی (ئەخباری) پێویست بوو بۆ هەموو سەماخانەکانی بەغدا، هەندێ خەڵکی دادەنرێن ئەو جۆرە گاڵتەجاڕیە ئەنجام بدەن دوای هەر ماوەیەکی گۆرانی و سەما، لەکاتی جەنگی یەکەم و دوایی کابرایەکی کازمی ناوی دەرکرد لەم جۆرە نمایشە، بەرچەڵەك ئێرانی بوو ناوی جەعفەر قەزوینی بوو ناوی خۆی نابوو (جەعفەر ئاغا لەقلەق زادە) ئەم کابرایە بەهرەیەکی کۆمیدی دەگمەنی هەبوو، بەڵام لەسەردەمی خۆی نەژیاو بەهرەکەی بەفیڕۆچوو، نوسەری ئەم چەند دێڕەش پیاگەیشتبوو هەندێ لەودیمەنانەی دیبوو بەدڵی نەبوو.

## فۆنۆگراف:

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هێنانێکی سەرسووڕهێنەر گەیشتە بەغدا ماوەیەکی درێژ بووە جێگەی قسەو باسی خەڵکی، ئەویش فۆنۆگراف بوو ناویان نا (سەندوقی گۆرانی بێژ)، کامیل چادرچی سەبارەت بەسەرەتای هاتنی فۆنۆگراف دەڵێ ئەو سەردەمە منداڵ بوو، مەدحەت دەفتەری خاڵۆی ئەو ئامێرەی کڕی بوو، لەزمانی خاڵیەوە دەڵێ: (بەتەنیا ئەو لەئەندامانی خێزانەکە ئامێری فۆنۆگرافی کڕیبوو کەتازەو دەگمەن بوو لەبەغدا).

فۆنۆگرافی هەبوو زۆر شانازی پێوەدەکرد، قەوانەکان لەمۆمێکی تایبەت دروستدەکران، ئیشی فۆنۆگرافی ئەوکاتە دوولایەن بوو، دەنگی تۆماردەکردو لێشی دەدا، بیرمە خاڵۆم رۆژێکیان داوای لێکردم لەبەردەم مایکرفۆتی قەوانەکە قسەبکەم، پەشۆکام و نەمزانی چی بکەم، پێی وتم: گۆرانی بڵێ یان چیت دەوێ بیڵێ دەنگەکەت وەکو خۆی تۆماردەکات، باش لەبیرمە ئەم

دێڕەم وت (جەتی جامووسە) دوای چرکەساتێك ئامێرەکە دەنگمی وەکو خۆی وتەوەو زۆر پێی سەرسووڕماو بووم، بەتەواوی نازانم ئەوکاتە کەی بوو، بەڵام ئەوەی لەبیرمە بەر لەمردنی خاڵم بوو بەماوەیەك وابزانم ماوەیەکی کورت نییە، ئەگەر پێوانەی کات سەبارەت بەمنداڵێك جیاوازە لەوەی لەلای پیاوێك-گریمان ئەم رووداوە لەدەوروبوری ١٩٠٤ روویدابێ، دەبێ خاڵۆم فۆنۆگریاف بەکارهێنابێ لەبەغدا دوای بڵاوبوونەوەی بەماوەیەکی زۆر کورت..)[٥٠] فۆنۆگرافی ئەو سەردەمە جیاوازی هەبوو لەگەڵ شێوەی پەوانی ئێستا، چونکی شێوەی خڕە-واتا بەشێوەی بۆریەکی پان و کورت، لەمەوە ناوی هاتووەو تائێستاش پێوەی لکاوە سەرەڕای ئەوەی لەم دواییە بووە شێوەی قورس-لەئامێری فۆنۆگراف دوو گێگرتنی دەنگ و سەرەکەی خڕە، ئەگەر دەرزی تۆمارکردنەکە بخرێتە سەر قەوانەکە دەسووڕێتەوە شتێکی لێوە دەردەچێ وەکو وردکەیەکی سپی وایە.

لەئامێرەکەدا شتێك هەیە وەکو چەقۆ وایە، دەتوانێ تۆمارکراوەکە بسڕێتەوە ئەگەر لەکاتی سووڕانەوەیدا بخرێتە سەر قەوانەکە، بازرگانێکی جوولەکە پسپۆڕ بوو لەفرۆشتنی فۆنۆگرافدا لەخانی پاشای بچووك، بەڵام چاککردنی کازم سەعاتچی پسپۆڕی بوو، دوکانەکەی لەبازاڕی سەرای بوو.

نرخی ئامێرێك بیست و پێنج لیرەی ئاڵتوون بوو، برە پارەیەکی زۆر بوو، بەگوێرەی ئاستی نرخەکان ئەو رۆژانە، بۆیە کەس نەیدەتوانی فۆنۆگراف بکڕێت جگە هەندێ لاوی خێزانە دەوڵەمەندەکان نەبێت، ئەوانەی قەوانیان دەکڕی گۆرانی باویان لێ تۆماردەکرد، هەشبوون تەرتیلی ئایینی و شیوەنی حوسێنیان تیا تۆماردەکرد، گۆرانی بێژی ناسراو ئەحمەد زێدان کەساڵی ١٩١٢ مردووە چەندین لەخاوەن چایخانەکان ئەو فۆنۆگرافەیان بەکاردەهێنا بۆ راکێشانی موشتەری، کاتی خۆی پرسیارێکی شەرعی هاتە



کایەوە: ئایا فۆنۆگراف حەڵاڵە یان حەرامە؟ پیاوانی ئایینی توندڕەو فەتوایاندا بەحەرام کردنی، هەروەکو چۆن فەتوایاندا بەحەرام کردنی هەر شتێ لەوڵاتی ئەفرەنجەوە هاتبێ.

لەدیدی ئەواندا رووخاندنی ئایین و تێکدانی رەوشت بوو، بەڵام پیاوانی ئایینی ئازاد فەتواکەیان ئەوەبوو ئەگەر فۆنۆگراف بۆ گۆرانی بێ حەرامە، بەڵام ئەگەر هاتوو بۆ قورئان و تەرتیلی ئایینی بێ حەڵاڵە، بەر لەجەنگ ئامێرێکی دیکە جێگای فۆنۆگراف گرتەوە لەجۆری تازە گرامفۆنیان پێدەوت لەجیاتی قەوان قورسی بەکاردەهێنا، توانای تۆمارکردنی دەنگی نەبوو، بەڵکو قەوانەکانی لەهەندەرانەوە دەهات و پڕبوون لەگۆرانی، هەرزان بوو، بەکارخستنی ئاسان بوو، بەکارهێنانی لەماڵان و چایخانەکان بووە باو، ئەوکاتەش کۆمپانیایەکی تۆمارکردنی قەوان پەیابوو، کۆمپانیاکە داوای لەئەحمەد زێدان کرد تا سەفەربکات بۆ شام بۆئەوەی لەوێ هەندێ مەقامی بەغدایی تۆمارکات، گۆرانی بێژەکە داوای پێنج سەد لیرەی ئاڵتوونی کردو دەڵێت کۆمپانیاکە رازی بوو، بەڵام ئەو نەیویست سەفەربکات بۆ شام [٥١].

## خوێندنگا:

دیتمان مەسیحیەکان یەکەم کەس بوون بایەخیاندا بەدامەزراندنی چاپخانەو دروستکردنی گۆڤارو شانۆ لەعیراق، دەبێ لێرە باسی ئەوەش بکەین کەیەکەم کەسیش بوون بایەخیاندا بەکردنەوەی خوێندنگەی نوێ، ئەم مەسەلەیەش مایەی سەرسوڕمان نییە، چونکی مەسیحیەکان عیراقین و پەیوەندییان هەبوو بەشارستانی ئەوروپییەوە بەر لەموسڵمانەکان کاری تێکردن و ماوەیەکی کەم خایەنیش نەبوو، بۆیە دەبینین پێش موسڵمانەکان

کەوتن بۆ وەرگرتنی زۆر لەسیستمەکانی شارستانیەت و بیرو باوەڕەکانی.

یەکەم خوێندنگای نوێ لەعیراق ئەو خوێندنگایە بوو کەباوکانی دومنکیان لەمووسڵ کردیانەوە، ئەم خوێندنگایە ئەرکی تەنها فێرکردنی منداڵانی تایەفەی مەسیحی نەبوو، بگرە ژمارەیەکی زۆریش لەمنداڵانی موسڵمانانی گرتەوە، دیارە ئەوەش حکومەتی ناوخۆی هاندا بۆ کردنەوەی قوتابخانەی (میری) لەمووسڵ، لەساڵی ١٨٦١ کرایەوە بەهەوڵی حاجی فەهمی ئەفەندی عومەری [٥٢] یەکەم قوتابخانەی حکومیش بوو لەعیراق، باوکانی کەرمەلی لەبەغدا چەند خوێندنگەیەکی نوێیان لەبەغدا کردەوە، وەکو ئەوەی هاوکارە دۆمنکیەکانیان لەمووسڵ کردیان.

لەساڵی ١٨٦٥ جوولەکەکان یەکەم خوێندگایان لەبەغدا کردەوە، ئەویش خوێندنگای (ئەلیانس) بوو، لەژێر چاودێری یەکێتی ئیسرائیلی فەرەنسی بوو، هەر کەمەدحەت پاشا هات بۆ بەغداو بووە والی ساڵی ١٨٦٩ سێ خوێندنگای تێداکردەوە:

خوێندنگای پیشەیەکان بۆ هەتیوەکان، روشدیەی مڵکی، روشدیەی سەربازی، خوێندنگای روشدیە لەوسەردەمەدا نزیکی خوێندنی ناوەندی بوو، گەرچی ئەو خوێندکارانەی وەردەگرت دەرچووی حوجرە بوون.

خوێندنگا حکومەتیەکان زیادیان کردو هەمەجۆر بوون، دوای مەدحەت پاشا تاژمارەیان لەکۆتایی سەردەمی عوسمانی گەیشتە ژمارەیەکی گاڵتە پێنەکراو، بەڵام ئاستی وانە وتنەوە بەڕادەیەکی زۆر تێیاندا تبلێی زۆر نزم بوو.

خوێندنگایەکی چوار پۆلی هەندێ جار یەك مامۆستای هەبوو، زۆربەی مامۆستاکان هیچ نەزان و رەوشت خراپ بوون[٥٤] وانە وتنەوە تێیاندا بەزمانی تورکی بوو، زۆرجار خوێندکارەکان نادیار دەبوون و ئامادەی



وانەکان نەدەبوون تەنها ئەگەر کەسێك سەردانی بکردبا یان پشکنەر بهاتبایە، هەندێ جار دایەرەی مەعاریف نەیدەتوانی مووچەی مامۆستاکان بدات مانگ لەدوای مانگ، بەپێچەوانەی خوێندنگا حکومەتیەکانەوە خوێندنگا ئەهلیە–مەسیحیەکان و جوولەکەکان–تارادەیەك رێك و پێك بوون، نەك تەنها ئەو خوێندنگایانە جیاواز بوون لەخوێندنگا حکومیەکان لەڕووی رێك و پێکیەوە، بگرە لەڕووی شێوەی فێرکردنیش، چونکە سوور بوو لەسەر ئەوەش کەخوێندکارەکان فێری پیشەیەکی ئازادیش ببن بۆئەوەی لەژیانی کارکردنیاندا بۆیان سوودبەخش بێ، وەکو فێرکردنی زمانە ئەورووپیەکان و هونەری نامە گۆڕینەوەو ژمێریاری و دەفتەر گرتن و مەبدەئەکانی یاساو پزیشکی و ئەندازیاری و شتی لەوجۆرە، بەڵام خوێندنکاری خوێندنگا حکومیەکان خواستیان ئاڕاستەی فێربوونی پیشەی ئازاد نەبوو، زۆربەیان منداڵی فەرمانبەران بوون، ئەوانیش حەزیان لەوەبوو وەکو باوکانیان لەئایندە ببنە فەرمانبەر، ئەو رۆژانە فەرمانبەریەتی پێویستی بەزانیاریەکی وردی زانست نەبوو، هەر ئەوەندە بەس بوو خاوەنەکەی زمانی تورکی زانیباو پێی بنووسێ، پاشان خۆی بەبەرزتر بزانێ لەخەڵکی رەشۆکی بەو زاراوەو دەربڕینە دەرخ کراوانەی کەخۆی پێوە بادەدا، خوێندنگا حکومیەکان دووجۆر بوون، سەربازی و مولکی واتا مەدەنی، لەراستیدا دەوڵەتی عوسمانی بایەخی پتر بەخوێندنگا سەربازیەکان دەدا، لەوەی کەبایەخ بدات بەخوێندنگا مەدەنیەکان، هەستی بەوەکردبوو کەئەفسەری نەزان زیانی زۆرترە بۆ دەوڵەت لەفەرمانبەری نەزان، چونکی لەوانەیە سوپا تووشی شکستی بکات، یان لەدەستچوونی وڵاتێك کەباج بەرهەم دەهێنێ، بەڵام فەرمانبەری نەزان زۆر زیان بەدەوڵەت ناگەیەنێت، مادامێکی هێزی سەربازی ساغ و تەواوی هەیە، (ساتع

حوسەری) دەڵێ: دەوڵەتی عوسمانی بەهەموو مانایەکەوە دەوڵەتێکی سەربازی بوو، کاروباری سوپا تەوەری سەرەکی هەموو کاروبارێك بوو، گەندەڵ بوونی کاروبارەکان بەگەندەڵ بوونی سوپا دەستی پێکرد، ئاسایی بوو کەچاکسازی کاروبارەکان بەچاکسازی سوپا دەستپێبکات..)[٥٥].

دەوڵەتی عوسمانی خوێندنگای سەربازی و روشدیەو ئامادەی دامەزراند، لەو ویلایەتانەی کەناوەندی سوپای عوسمانی لێ بوو، ئەودەمە پێی دەوترا ناوەندی (ئۆردو) ئەو خوێندنگا ناوخۆییانە کران بۆئەوەی خوێندنکارانی لەسەر بۆدەجەی حکومەت تێدا بژین، حکومەت بەڵێنی دابوو هەموو ساڵێك دەرچووان بنێرێت بۆ ئەستەمبووڵ و بچنە پەیمانگا سەربازییە باڵاکانەوە لەوێ، بەشی ویلایەتی بەغدا لەو خوێندنگا سەربازیانە زۆرتر بوو، لەبەشی زۆربەی ویلایەتەکانی دیکەی عوسمانی، لەوانەیە ئەمەیش ئەنجامی گەورەیی ئۆردوەکانی لەبەر گرنگیەتی بێت لەوێ، لەساڵی ١٨٨١ لەبەغدا کۆمەڵەی یەکەم لەخوێندکارانی ئامادەیی سەربازی دەرچوون، ژمارەیان سیازدە خوێندکار بوو، لەرێگەی دێرەزورو حەڵەبەوە رەوانەی ئەستەمبووڵ کران و خرانە (خوێندنگای جەنگی)یەوە، گواستنەوەی خوێندکارەکان بۆ ئەستەمبووڵ و چوونیان بۆ پەیمانگا باڵاکان لەسە ر بودجەی حکومەت وای لەزۆر لاوان کرد حەزیان لەپەیمانگا سەربازیەکان بێت، بەتایبەتی هەژارەکانیان، سلێمان فەیزی مووسڵی پێمان دەڵێ، کاتێ ١٨٩٩ ساڵی چوارەمی خوێندنگای ئامادەیی مەدەنی تەواوکرد، یەکێك لەهاو خوێندنەکانی پێی وت: (بۆچی نەچین بۆ بەغداو بچینە خوێندنگای سەربازیەوە؟) لەنێوانیان بووە چرپە چرپ لەم مەسەلەیەدا، وەکو چۆن ئاگر لەکاو پووش بەردەبێ ئاوها بڵاوبوەوە، چونکی هەر یەکێك لەوان بە (جلوبەرگی رێکپۆشی ئەفسەری و بەشمشێرە



ئاڵتوونیەکانیان و ئەو ئەستێرە درەوشاوانەو قۆپچەی ئاڵتوونی کەتیشك لەچاوان دەقۆزنەوە) خەونی بەوە دەبینی، دە کەس لەوانە بڕیاریاندا بچن بۆ ئامادەیی سەربازی بۆ بەغدا، لەوانەش عەلی جەودەت و مەولود موخلیس و چییان ویست بۆیان بوو[٥٧]، دیارە خواپێداو پیاو ماقووڵان لەعیراق پێیان نەنگ بوو منداڵەکانیان بخەنە بەر خوێندنی سەربازی ناوخۆ، پێیان باش بوو بیانخەنە خوێندنگا مەدەنیەکانەوە، پاشان دوای دەرچوونیان بیانێرن بۆ ئەستەمبووڵ و لەسەر پارەی خۆیان بچنە پەیمانگا پزیشکیەکان، یان مافناسی یان خانەی مامۆستایان یان هەر شتێ لەوجۆرە، بەڵام ئەوانە کەم بوون بەگوێرەی ئەوانەی دەچوونە خوێندنگا سەربازییەکان لەرۆڵەکانی ئەو چینەی لەخۆیان نزمتر بوو.

ساتع حوسەری دەڵێ: (ئەمەیش هۆی ئەوەیە حکومەتی عیراقی-سەرەتای پێکهاتنی-ژمارەیەکی زۆر کەمی لەرۆڵەکانی لەدەرچووانی خوێندنی باڵا بەخۆیەوە بینی، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی خوێندنگای سەربازی هەبوو، ئەوەی بیەوێ ناوی ئەوو سەرۆك وەزیرانانە بزانێ کەدەسەڵاتیان گرتە دەست-لەنێوان ساڵی ١٩٢٣ و ١٩٤١-دەبینێ زۆربەیان لەخوێندنگا سەربازیەکان خوێندویانە)[٥٨].

## خوێندنگا لەلای شیعە:

هەر کەخوێندنگا نوێیەکان لەسەردەمی حەمیدی کرانەوە شیعەکان منداڵانی خۆیان نەخستە بەر خوێندن، لەبەر دووهۆ: یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، ئەوی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ شیعەکان خۆیان، دەوڵەت پێی خۆش نەبوو شیعەکان بچنە ئەو خوێندنگایانە، تادواجار تەماحی وەزیفەی

حکومەت نەکەن، شیعەکانیش لەلای خۆیانەوە خوێندنگایان حەرام کردبوو، بەتێکدەری ئایین و رەوشتیان دادەنا، کامیل چادرچی لەیادەوەرییەکانی خۆیدا نوسیویەتی و دەڵێ: تایەفەی شیعە لەسەردەمی سوڵتان عەبدول حەمید-لەراستیدا لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا-کەمایەتی بوون و دەوڵەت بەچاوی دوژمنایەتیەوە سەیری دەکردن، هیچ بوارێکی پێشکەوتنی بۆ نەڕەخساندن، لەهیچ لایەنێك لەلایەنەکانی ژیان، نموونەی دیاریش بۆئەمە هیچ خوێندکارێکیان لەخوێندنگای جەنگی وەرنەدەگیرا، هیچ کەسێکیان لەوەزیفەی دەوڵەت وەرنەگیران، مەگەر بەدەگمەن و بۆ پێویستی زۆر بووبێ، تەنانەت لەخوێندنگاکانی ئامادەیی حکومەتیش کەکەمیش بوون کۆسپ دەخرایە رێگای خستنە بەر خوێندنی رۆڵەکانی ئەم تایەفەیە، بۆیە ئاسایی بوو ببێتە هۆی دابڕانی ئەم تایەفەیەو، رێبازی کاری ئازاد بگرێتەبەر، وەکو بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئەو کارانەی پەیوەندییان بەحکومەتەوە نەبوو، چونکی حکومەت ئەم تایەفەیەی بەبەشێك لەخۆی نەدەزانی، هەروەها تایەفەکەیش خۆی بەبەشێك لەدەوڵەت نەدەزانی، بۆیە رۆژ بەرۆژ دوژمنایەتی لەنێوان تایەفەکەو حکومەت توندتر دەبوو..)[٥٩].

هەر کە لەساڵی ١٩٠٨ دەستووری عوسمانی راگەیەنرا، هەندێ گۆڕان لەتێڕوانینی دەوڵەت بۆ شیعەکان روویداو حکومەت لەهەندێ شارە شیعەکان زۆری دەکرد منداڵان لەخوێندنگاکان بخرێنە بەرخوێندن، شێخ یوسف کرکوش حلاوی دەربارەی ئەوەی کە لەسەردەمی دەستوور چی روویدا پێمان دەڵێ: ئەو سەردەمە خۆی منداڵ بوو لەیەکێك لەحوجرەکانی ناوخۆ دەیخوێند، بەڵام جەماوەر لەسەر ئەقڵیەتی پێشین دەژیان و بەچاوی سوکایەتیەوە دەیانڕوانیە خوێندنگا، ئێمەی منداڵیش ئەو قسەو باسانەی



لەبارەی خوێندنگا نوێیەکانەوە لەجەماوەرە دەمانبیست کاریان تێدەکردین، من لەحوجرە فێری خوێندن و نووسین بووم، حکومەتی ناوخۆ لەحلە سوور بوو بەسەر ئەو حوجرانەدا بدات و خوێندکارەکانی بۆ خوێندنگاکانی خۆی بنێرێت، ترساین و لەدەرگای حوجرەکانەوە نەهاتینە دەرەوە، نەبا ژاندرم دەستگیرمان کات و رەوانەی خوێندنگا نوێیەکانمان بکەن، ئێمەش هەڵگڕاین بەسەربانی حوجرەکەوەو بازماندا بۆ سەربانەکانی دراوسێ و نەماندەزانی کەسوودی خوێندنگای نوێ چییە، بەڵکو پێمان وابوو ترسناکەو لەسەر رەوشت و بیرو باوەڕو قسەی جەماوەر لەدەروونمان جێگیر بوو، خاوی کەچوار سەدە دەروونی جەماوەری گرتبووەوە بەخێرایی ناڕەوێتەوە..)[٦٠].

یەکەم کەس لەشیعە بیری کردەوەو خوێندنگای تایبەت بەخۆیان لەسەردەمی حەمیدی دا بکاتەوە، حاجی سەلمان ئەبوو تمەن بوو، یەکێك بوو لەبازرگانەناودارەکانی بەغدا، ئەمەیش چیرۆکێکی سەیری هەیەو ئەمەیش پوختەکەیەتی: کابرایەك لەرووسیاوە جۆرێکی دانسقەو نایابی (سەماوەری) هێنابوو، کە بۆ چای لێنان بەکاردێت، ئەم سەماوەرە رەواجێکی زۆری پەیاکرد، وای لەحاجی سەلمان کرد برێکی تر لەو سەماوەرە بێنێ، حاجیش نوسەرێکی جوولەکەی هەبوو، ئەم نوسەرە تەڵەبیەکەی شاردەوەو لەگەڵ یەکێك لەبازرگانە جوولەکەکان رێکەوت، هێنانی ئەو سەماوەرە بۆخۆی بێت، کەبووە هۆی زیانی حاجی سەلمان، ئەم رووداوە حاجی سەلمان و بازرگانەکانی دیکەی شیعەی وریاکردەوە، پێویستە خوێندنگای تایبەت بۆخۆیان بکەنەوە، بۆ دەرچوواندنی نوسەری خۆیان، لەجیاتی ئەوەی پەنا بەرنە بەر نوسەرە جوولەکەکان، عەلی بازرگان کەبرادەری حاجی سەلمان بوو دەگێڕێتەوە: کاتێ بۆ کردنەوەی خوێندنگای

تایبەتی شیعە لەگەڵی قسەی کردبوو حاجی وەڵامی دابووەوە: (بێدەنگ بە عەلی نەبا خەڵکی گوێیان لێبێ و بەکافرو فاجرت دابنێن)، ڕێکەوت لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستوور، سەید محەمەد سەعید حەبووبی هات بۆ کازمیە، یەکێك بوو لەزانا ئازادەکانی نەجەف، حاجی سەلمان چوو بۆ سەردانی لەگەڵ عەلی بازرگان داوای فەتوای لێکردبوو، دەربارەی خوێندنگای نوێ، ئایا حەڵاڵە یان حەرامە، پاشان حەبووبی بیرۆکەکەی گرتە خۆی و چوو بۆ بەغداو بووە میوانی حاجی داوود باوکی حاجی سەلمان ئەبوو تمەن، لەویش ناسراوانی شیعەی بانگ کردو بۆ کردنەوەی خوێندنگا هانیدان، بەڵگەی ئەقڵی و نەقڵی بۆ هێنانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوانەی دەڵێن حەرامە، لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨ کۆمەڵێك لەدەم سپی شیعە کۆبوونەوەو مەزبەتەیەکیان نووسی بۆ والی، داوای مۆڵەتی کردنەوەی خوێندنگای جەعفەری دەکەن، عەلی بازرگان بەڵێنیدا کەمەزبەتەکە پێشکەش بەوالی بکات و قەناعەتی پێ بهێنێ بۆ ڕازی بوون لەسەری عەلی بازرگان مەزبەتەکەی برد بۆ قشڵەو چاوی بەوالی کەوت، توانی دوای دەمەتەقێیەکی کورت بەمۆڵەت دان قەناعەتی پێ بهێنێ بەمەش یەکەم خوێندنگای نوێ بۆ شیعە لەعیراق دامەزرا، بەناوی (مكتب الترقي الجعفري العثماني)[٦١]، لە (٥)ی نیسانی ساڵی ١٩٠٩ ڕۆژنامەی (الرقيب) بەیانێکی بڵاوکردەوەو جەعفەر ئەبوو تمەن ئیمزای کردبوو، کەئەو سەردەمە ئەمینداری سەندوقی خوێندنگای جەعفەری بوو، ناونیشانی بەیانەکە (وەڵامی ریفراندۆم لەجەعفەریەکانەوە) بوو، ئەمەیش دەقەکەیەتی:

(منداڵانی جەعفەریەکان بۆیان هەیە بچنە خوێندنگاکان بۆ فێربوونی زانست و زانیاریەکان و کەماڵ و زمانە جیاجیاکان کەزۆر پێویست بەفێربوونیان هەیە، واش پێویست دەکات پشتگوێ نەخرێن، لەگەڵ



پاراستنی بنەماڵەکانی ئیسلام و بیروباوەڕەکانی و نکووڵی لێناکرێت و کەسیش ناڵێ نەبێ، لەبەرئەوە مامۆستایانی زاناو ناودارە موجتەهیدەکان لەنەجەف و کەربەلا بۆ لابردنی ئەو گومانەی کە لەزەینی نەزاناندایە بۆ سەرجەم جەعفەریەکان دەنوسن و هانیان دەدەن و پەرۆشیان دەکەن بۆ دامەزراندن و دروستکردنی خوێندنگاکان و مەرجە باسکراوەکانی پێشووی تێدابێ و ئەوەشیان وتووە کەئەمە چاکترین کاری خێرە)[٦٢].

ئەوەی شایانی وتنە لەم ڕووەوە کەداواکارانی مەشروتە لەنەجەف یەکەم کەس بوون بۆ شیعەکان داوای کردنەوەی خوێندنگای نوێیان کرد، دوای ڕاگەیاندنی دەستووری عوسمانی توانیان دوو خوێندنگای میللی لەنەجەف بکەنەوە، ئەویش هەردوو خوێندنگای عەلەوی و مورتەزی بوو، بۆ ئەمەیش مەلا کازمی خوراسانی و دووان یان سێ لەمجتەهیدەکانی وەکو خۆی یارمەتیاندا، لایەنگری خوراسانی بۆیان گەیشتە ڕادەیەك تا مافی هەموو خەرجکردنێکی شەرعی پێدان بۆ ئەو خوێندنگایانەی دەیکەنەوە، هەندێ لەدەم سپی کازمیەش چاویان لێیان کرد، وەکو حاجی عەلی ئەکبەر ئەهرابی و سەید عیسا مەشات و خوێندنگای میللیان تێداکردەوە، هەروەها هەندێ لەناسراوانی حلەش وایان کردو، پارەیان کۆکردەوەو لەلای حاجی ستەفا شارەیانلی دایاننا، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگ نەیهێشت خوێندنگاکە بکرێتەوە، هەر کەجەنگ تەواوبوو حاجی مستەفا ئەو پارەیەی بۆ چاککردنەوە ئارامگای ئیمام عەلی لەحلە خەرج کرد، دوای ئەوەی روخسەتی لەموجتەهیدەکان خواست.[٦٣]

# پاشکۆی یەکەم
# جەمالەدین ئەفغانی

سەربوردەی ژیانی ئەفغانی تیشك دەخاتە سەر سروشتی ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتییەی، کەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدووا سێیەکی سەدەی نۆزدەمدا پیا تێپەڕبوون، سەرباری ئەوەش ئەفغانی پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەهەندێ لەرووداوەکانی عیراق هەبوو، بەتایبەتی کێشەی سامەڕا، بۆیە بەپێویستم زانی لەبارەی ئەم پیاوەوە بکۆڵمەوەو هەندێ لەلایەنی نەزانراوی ژیانی ئاشکرابکەم، ئەو لایەنانەی کە لەڕوویەك لەڕووەکان پەیوەندی بەعیراقەوە هەیە ئەوەی جێی سەرنجە بەشێوەیەکی گشتی کەئەفغانی لەپیاوە ئاڵۆزەکانی مێژووە، وردەکارییەکانی پێگەیشتنی و زۆربەی کارەکانی و گەڕانەکانی هەندێ نهێنیان تیایە، ئەوەی زیاتر مایەی ئاڵۆزیە زۆربەی ئەوانەی سەبارەتی ژیاننامەی ئەفغانی-یان نووسیوە ڕێبازی خیتابیان وەرگرتووە، ئەم نووسینانە وا وێنای دەکەن، وەك بڵێی لەو قوڕە نییە کەئادەمیزادی لێ دروستکراوە، چونکی بەرای ئەوان پیاوێکی نموونەییەو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەلایەوە گرنگ نەبووە، لەدنیادا هیچ ئامانجێکی نەبوو جگە بەئاگا هێنانەوەی میللەتان و بەرگریکردنی دیکتاتۆرەکان نەبێ.

پێویست ناکات بڵێین ئەم ڕێبازە سەردەمی بەسەرچووە، ئێستا شیاوی میتۆدی زانستی نوێ نییە، دەبێ بەر لەهەموو شتێ دان بەوەدا بنێین کەئەفغانی وەکو هەموو خەڵکی دیکە ئادەمیزادە، هەڵە دەکاو دەپێکێت و خولیای شەهوەتی هەیەو دنیا بەفریودانەکانی خۆی فریوی دەدات، کەواتە



ئەرکی ئێمە ئەوەیە لێکۆڵینەوەی ئەفغانی بەم ئاڕاستەیە بەرین، ئومێدەوارین هەندێ نهێنیمان بۆ ئاشکرابێ کەدەورەیان داوە.

## ئایا ئێرانیە:

گرنگترین نهێنی کەدەورەی ژیانی ئەفغانی داوە، ئەوەیە پەیوەندی بە رەچەڵەك و شوێنی لەدایکبوونیەوە هەیە، لەم بارەیەوە مێژوو نووسەکان بوون بەدوو بڕەوە: یەکەمیان دەڵێن ئەفغانی، ئەفغانی نییە بگرە ئێرانیەو لەگوندی ئەسەد ئاباد لەدایکبووە، کەگوندێکە لەگوندەکانی هەمەدان، بەڵام بڕی دووەمیان دەڵێن بەراستی ئەفغانیەو لەگوندی ئەسعەد ئاباد لەدایك بووە، کەگوندێکە سەر بەشارۆچکەی کەنەر نزیك بەکابوولْ، من دوای ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەم بارەیەوە ئەنجاممدا، رای یەکەمم پێ پەسەندە، واتا ئەفغانی ئێرانیەو ئەفغانی نیە، ئەوەی پاڵی پێوەنام بۆ ئەم رایە بەڵگەی جۆربەجۆر بوو گرنگترین ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: لەگوندی ئەسەد ئابادی ئێرانی زۆر کەس هەن دەڵێن خزمی جەمالەدینن و، ئەم گوندە لەلای خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر بەگوندی جەمالەدین ناسراوە، ئەو ژوورەی ئەفغانی تیا لەدایك بووە تائێستا وەکو خۆی ماوە(1).. برادەرێك دەناسم پێش جەنگی دووەمی جیهانی سەردانی گوندی ئەسەد ئابادی کردبوو، چاوی بەخوشکەکەی ئەفغانی کەوتبوو، ئەمڕۆ لەنەجەف پیاوێکی ئایینی بەساڵاچوو دەژی ناوی سەید حوسێن حوسێنی هەمەدانیەو دەڵێ، گوایە نەوەی ئەفغانی یە، لەئەیلوولی ١٩٦٩ لەماڵەکەی سەردانم کرد، دەڵێن کاتێ ئەفغانی خوێندنکار بووە لەنەجەف نیشتەجێی بووە، هیچ بەڵگەیەکیش نیە کەئەمانە هەموو درۆبکەن.

دووەم: ساڵی ١٩٢٦ لەبەرلین کتێبێك بەفارسی دەرچوو لەبارەی ژیاننامەی ئەفغانی لەنووسینی میرزا لوتفوڵا خان بوو، نووسەر دەڵێ گوایە خوشکەزای ئەفغانییە، لەساڵی ١٨٨٦ کاتێ ئەفغانی چووە بۆ تاران چاوی پێی کەوتووە، کتێبەکە وێنەیەکی فۆتۆگرافی روونی تیایە ئەفغانی و میرزا لوتفوڵا خان پێکەوە لەگەڵ برێك پیاوانی ئایینی ئێرانیدا، ئەم کتێبە ساڵی ١٩٥٧ لەمیسر کرا بەعەرەبی، ئەوەی کتێبەکە بخوێنێتەوە هەست دەکا دەبێ کەم تازۆر راستی تیابێ، چونکی پێناچێ دانەرەکەی لەبارەی پەیوەندی خزمایەتی بەئەفغانیەوە بەم شێوە ئاشکرایە درۆ رێك بخات، ئەگەر بەراستی ئەفغانی بووە تائێستا هیچ خزمێکی ئەفغانی دەرنەچووەو، نووسەرەکە بەدرۆ بخاتەوە، یان بەشێوەیەك لەشێوەکان تەحەدای بکات؟!

سێیەم: ئەفغانی لەسەر داوەتنامەی شا دووجار سەردانی ئێرانی کردووە، کەدواجار دێینە سەری، جارێکیان شا داوای لێدەکات ببێتە سەرۆك وەزیران و نەیکردووە، لێرە شێخ عەبدول قادر مەغرەبی باس دەکات، کاتێ ئامادەی دانیشتنی ئەفغانی بووە لەئەستەمبووڵ دەربارەی ئەم بابەتە لێی پرسیوە دەڵێ: چۆن شا داوات لێدەکات ببیتە سەرۆکی وەزیران،، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ سونەی؟ وەڵامی ئەفغانیش: ئەمە هەوەسێك و شێتایەتێك بوو لەشاوە، مەغرەبی لەبارەی ئەم وەڵامەوە دەڵێ: ئەمەیش بەڵگەیە کەئەفغانی نەئێرانی بووەو نەشیعە[٢]، نازانم مەغرەبی چۆن ئەم واتایەی هەڵێنجاوە لەوەڵامەکەی ئەفغانی، گەرچی ئەفغانی مەبەستی هەڵاتن بووە لەباسکردنی راستی هەروەکو لەبەڵگەکەی دیارە.

چوارەم: هەر کەدوژمنایەتی بەنێوان شاو ئەفغانیدا توندبوو دەست و پێوەنەکانی شا دەستیان کرد بەشێواندنی سومعەی ئەفغانی و دەیانووت



(بابەکیە)و (خەتەنە نەکراوە)، بەڵام لەبارەیەوە نەیانووت کە (سونیە) یان (ئەفغانییە) گەرچی ئاسانیش بوو ئەوەبکەن.

ئەگەر بەراستی ئەفغانی بووایە، ئەوەی سەرنج راکێشە لەم بارەیەوە نەیارەکانی ئەفغانی لەئەستەمبووڵ زۆربوون، تاوانباریان دەکرد بەئێرانی و بەشیعە بوون، لەوانەش (ئەبوو هودا سەیادی) بوو، چونکی ئەفغانی (بەئەفغانی بوون) لەقەڵەم دەداو پێی دەوت مازندەرانییەو لەشیعە رەق و وشکەکانە.[٣]

پێنجەم: ئەوەی زانراوە لەبارەی ئەفغانییەوە، لەکاتی سەردانی بۆ هەموو وڵاتە جیاجیاکان پەیوەندی بەئێرانیەکانەوە دەکرد، هەندێ جار دەبووە میوانیان، کاتێ بەئەفقاسیا تێپەڕ دەبوو، بووە میوانی محەمەد عەلی خان کاشانی، لەمۆسکۆش بووە میوانی کونسڵی ئێران نعمەتوڵا ئەسفەهانی و کاتێکیش بۆ بەغدا دوورخرایەوە لەخانەکەی عەبدول سەمەد ئەسفەهانی دابەزی، خانێکە تایبەت بەئێرانیەکان، کاتی چوونی بۆ بەسراش زۆر سەردانی سەید تۆفیق هەمدانی دەکردو لەماڵەکەی سەردانی دەکرد کەدەکەوتە سەر رووباری عەشارو لەلای (کولیچەی) ئێرانی دەخوارد.

شەشەم: کاتێ ئەفغانی لەساڵی ١٨٧٩ لەمیسر دوورخرایەوە لەسوێس کەس نەهات بۆ ماڵئاوایی کردنی، جگە کونسڵی ئێران ئەحمەد نەقاوی و برێك لەبازرگانە ئێرانیەکانی نیشتەجێی میسر نەبێ و، سەد جونێهیان پێیدا تا لەسەفەرەکەی بەکاری بهێنێ، بەڵام رەتی کردەوە، قبووڵی بکات ئەمەیش جێگای سەرنجەو پرسیار دەوورووژێنێ: هۆی چییە وایکرد ئەو ئێرانیانە ئەوە بکەن، ئەگەر ئەفغانی پەیوەندیەکی تایبەتیان نەبووایە.

حەوتەم: باوکی ئەفغانی ناوی (سەف دڕ) بووە، ئەو ناوەش لێکدراوی فارسییە لەدوو وشە (سەف)و (دڕ) واتای پەرتکردنی ریزەکانەو، ئەمەیش

نازناوێکی ئیمامی عەلییەو، بەئازا وەسف کرابوو لەجەنگاو ریزەکانی پەرت دەکرد، سەرباری ئەوەش ئەفغانی لەمیسر نۆکەرێکی هەبوو فارسی دەزانی ناوی (عارف ئەبو توراب) بوو، ناوی (ئەبو توراب)یش جگە لەئێران نەبێ لەهیچ کوێ نییە، ئەمەیش ناوێکە ئێرانیەکان لەخۆیانی دەنێن نەك کەسی دیکە[٤].

هەشتەم: ئەفغانی ئاگاداریەکی بەربڵاوی لەبارەی فەلسەفەی ئیسلامەوە هەبوو، هەروەکو لەنووسین و لەو وتارانەی بۆ خوێندکارو موریدەکان دەیووتەوە، (ئەلبەرت حۆرانی) ئەمە بەبەڵگەیەك دادەنێ بۆ ئێرانی بوونی ئەفغانی، دەربارەی ئەفغانی دەڵێ: (نووسینەکانی و موحازەرەکانی دەیانخست کەزانیاریەکی توندوتۆڵی هەیە لەبارەی کەلەپووری فەلسەفەی ئیسلامییەوە، بەتایبەتی فەلسەفەی ئیبن سینا، ئەم زانیاریانە دەست خستنیان ئاسان بوو لەخوێدنگا شیعەکان چونکی کەلەپووری ئیبن سینا هێشتا تیا زیندوو بوو پتر لەخوێندنگا سونیەکان..)[٥]

نۆیەم: لەنووسینەکانی (العروة الوثقي) باسی هەندێ چیرۆك و پەندی میللی دەکات، کەخەڵکی لەعیراق و ئێران دەماودەم دەیگێرنەوە، لەوانەیە کەتایبەت بەخۆیانەوە، وەکو چیرۆکی پەیکەری سەد خرو چیرۆکی رەش پێست و منداڵ[٦]، هەروەها لەنووسینەکانی شێخ محەمەد عەبدەدا ناوی هەندێ زانای شیعەمان بەرچاو دەکەوێ لەسەردەمی سەفەوی وەکو میر باقر داماد[٧]، ئەم قسانەش شێخ عەبدە لەئەفغانی مامۆستایەوە وەریگرتووەو، دەشبێ ئەفغانی لەکاتی لێکۆڵینەوەی لەشیعەیی کۆنی وەرگرتبێ.

دەیەم: ئەوەی ئەفغانی پێی ناوبانگی هەبوو لەمیسر کەقسەکردنی بەزمانی عەرەبی فوسحای دەزانی، جورجی زێدان ئاوهای باس دەکات: (وتاربێژێکی دەنگ زوڵاڵ بوو لەرۆژهەڵاتدا لەو وتاربێژتر نەبووە)[٨]، دکتۆر



(شبلی شمێل) باس دەکات لەئەسکەندەریە خوتبەیەکی گوێ لێ بوو، تازەبوو بەمیسر، دوو سەعات بەپێوە بەزمانێکی عەرەبی فەسیح قسەی دەکردو بەجوانی قسەی رەوانی دەکرد، تاخەڵکی سەرسووڕماو کرد[٩].

لێرە دەمانەوێ پرسیارێك بکەین: ئایا دەکرێ کابرایەك لەوڵاتی ئەفغان پەروەردە بووبێ و لێی خوێندبێتی ئەم توانای وتاردانەی هەبێ بەزمانی عەرەبی؟!

ئەم توانای وتاردانەیش راستتر ئەنجامی ئەوەیە ئەفغانی لەنەجەف خوێندویەتی، دیتمان لەنەجەف، هێشتاش دەبینین، ئێرانی بەعەرەبی فەسیح لەزۆر لەعەرەبەکان باشتر قسەدەکەن، دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ کەئەفغانی سەرەڕای زمان پاراویە عەرەبیەکەی لەکاتی قسەکردندا، هەندێ لەکنەی ئەجەمی ئاشکرای پێوە دیاربوو، بۆ نموونە ئەلف و لامی دەخستە سەر هەندێ ناو کە لەعەرەبیدا نابێ وەکو بەغدادو ئەوروپا دەیووت (البغداد)و (الاوروپا).

ئەمە هەندێ لەو بەڵگانە بوون کەپاڵپشتی ئەو قسەی دەکات کەئەفغانی ئێرانیەو بەڵگەی دیکەش هەیە کە لەدووتوێ ئەم باسەدا دێینە سەری.

## پەروەردەی ئەفغانی:

لەریوایەتێکی میرزا لوتفوڵا خاندا، ئەو ریوایەتەیە پشتی پێ دەبەستین کەئەفغانی لەگوندی ئەسەد ئاباد لەساڵی ١٢٥٤ کۆچی و، ساڵی ١٨٣٨ی زایین لەدایك بووە، هەر کەتەمەنی گەیشتە دوانزە ساڵ لەگەڵ باوکیا (سەفدر) سەفەری کرد بۆ عیراق بۆ سەردانی شوێنە پیرۆزەکان، پاشان لەنەجەف نیشتەجێ بوو، باوکی لەوێ بەجێی هێشت تا لەسەر خوێندن

لەخوێندنگا ئایینیەکان بەردەوام بیّ و گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی[١١].

بەڵگەکان ئاماژەی بەوەدەکەن کەئەفغانی چەند دەساڵێك لەنەجەف ماوەتەوە، جگە ئەو ماوەی ساڵ و چەند مانگە نەبیّ کەسەفەری کرد بۆ هندستان، شایانی وتنە ئەو دەمانە نەجەف لەوپەڕی ڕێنیساسی زانستی بوو، لێکۆڵینەوەکانی فەلسەفەو زمان و ئسوولیەت تیا گەشەی کردبوو، ئەفغانی لەم کەش و هەوا فیکریە ژیاو زەینی پڕبوو، ئەوە زانراوە لەئەفغانی کەزۆر زیرەك بووە، بیری تیژ بووە، حەزی لەدەمەتەقیّ و فەلسەفەبازی کردووە.

سەید محەمەد سەعید حەبووبی کەهاوخوێندنی ئەفغانی بوو لەباریەوە وتوویە:

(پێکەوە زانستی سۆفیگەریمان دەخوێند لەلای حاجی عەباس قولی لەنەجەف ئەفغانی چاك بەیان بوو دەیتوانی ئەگەر بیویستایە هەق بکاتە ناهەق و ناهەقیش بکاتە هەق)[١٢]، سەفەرەکەی ئەفغانی بۆ هندستان لەساڵی ١٨٥٤ بوو، لەویّ هەندیّ بیروباوەڕی زانستی نوێی خوێند، سەلیم عەنحوری دەڵیّ ئەفغانی لەهندستان زانستی ئایینەکانی خوێندو تیا قووڵ بوەوە، تا وای لێی کرد لەئایین دەرچیّ-خوانەناس بیّ، وتبووی جیهان کۆن بووە[١٣]، ڕادەی ڕاستی ئەم قسەیە نازانین بەتایبەتی، چونکی زانیمان کەعەنحوری داوای لێبوردنی کردبوو بەدرۆخستنەوەی ڕاگەیاندبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆمان دەردەکەویّ لەم قسەیەدا کەئەفغانی لەوانەیە لەکاتی گەشتەکەی بۆ هندستان تووشی گومان کردن بووبیّ، وەکو لەغەزالی و گەورە بیرمەندەکان ڕوویدابوو، دیارە ئەفغانی دوای گەڕانەوەی لەهندستان هەندیّ هەراو مقۆمقۆی لەنەجەف نایەوە، خەڵکی دەربارەی دابەشبوون بڕێك لایەنگریان دەکردو ڕایەکانی ئەویان پەسەند دەکرد، بڕێکی دیکە دژی



بوون و بەزەندیق تاوانباریان دەکرد، میرزا لوتفوڵا خان لەکتێبەکەیدا ئاماژە بەوەدەکات، بەڵام دەڵیّ ئەمە کاتیّ ڕوویدا بەرلەوەی بۆ هندستان سەفەربکات[١٤]، ئەمەیش مەسەلەیەکە زەحمەتە بەلامانەوە قبووڵی بکەین، چونکە ئەو سەردەمە لەهەژدە ساڵ کەمتر بووە، بەلامەوە ڕاستتر وایە کەئەو هەرایە دەربارەی ئەفغانی دوای گەڕانەوەی لەهندستان دروستبووە، دوای ئەوەی بیروباوەڕەکانی زانستی نویّ و (زانستی ئایینەکانی) خوێندووە...

## سەرچڵیەکانی لەئەفغانستان:

پێم وایە ئەفغانی ئەنجام لەنەجەف لەژیان وەرز بووە، دیارە شتێکی ئەوتۆی تیا نەدۆزیەوە کەئارەزووەکانی تێرکات، بۆیە پێی باش بوو بۆ جیهانی پانو بەرین دەرچێتە دەرەوە، بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، لەکۆتایی ١٨٦٥ ئەفغانی نەجەف بەجێهێشت بەرەو تاران، دوای ئەوەی لەتاران شەش مانگ مایەوە، بەجێی هێشت و بەرەو خوراسان ڕۆی لەوێش سیّ مانگ مایەوە، پاشان لەسنوورەوە بۆ وڵاتی ئەفغانستان پەڕیەوە، ئەو ڕۆژانە ئەفغانستان بەسەردەمێکی سەختی پڕ لەئاژاوەو ململانێدا لەسەر دەسەڵات تێدەپەڕی.

کێبڕکیّ لەنێوان بەریتانیاو فەرەنسا توند بوو، ئێرانیش لەم کێبڕکێیە بەشداری دەکرد، چونکی لەهاوشانی ڕوسیا دەوەستا دژ بە بەریتانیا، هەر کەئەفغانی گەیشتە ئەفغانستان ململانێکی توندوتیژ لەنێوان دوو میر لەمیرەکانیدا هەبوو، ئەوانیش شیر عەلی خان سەر بەبەریتانیاو براکەی محەمەد (ئەعزەم خان) سەر بەئێران و ڕووسیا بوو، ئەفغانی جلوبەرگی پیاوی ئایینی پۆشی و خۆی دانا بەیەکێك لەئەشرافەکانی شارۆچکەی (کەنەر)، شێخ ئاغا بزورگ تارانی لەکتێبەکەیدا (چینەکانی زانایانی شیعە)

لەزاری یەکێك لەوەزیرەکانی ئەفغانستانەوە لەو سەردەمە دەگێڕێتەوە، ئەویش سەردار محەمەد خان قزڵباشیەو دەڵێ: ڕۆژێکیان بینی لەکۆڕی میر عەبدول ڕەحمان خان سەیدێك لەپیاوانی ئایین ناوی (سەید جەمالەدین) بوو، دەیووت گوایە لەخێزانێکی ئەفغانی ناودارە، سەردار ئەمەی ڕەت کردەوەو بەتەحداوە وتی کەئەو زۆربەی خانەوادەو ماڵە ناودارەکان دەناسێ لەئەفغانستان، ئەو لەچ خانەوادەیەکە؟ سەیدەکە ورتە ورتێکی لێوەهات و وەڵامی دایە وەڵامێکی ڕێکخراوو هەڵبەست و فێڵ و زۆرزانی پێوە دیاربوو، پاشان بەشەرمەوە لەلای میر ڕۆیشت و ئیدی نەگەڕایەوە[١٥]، بەهەرحاڵ ئەفغانی توانی–هەروەکو گێڕاویەتیەوە، ئەو دەچێتە حاشیەی میر محەمەد ئەعزەم خان، ئەو مامی عەبدول ڕەحمان خانە، پاشان پایەی لەلای ئەم میرە بەرزبوەوە تا چووە جێگای وەزیری یەکەم، بڕوای میر پێی گەورە بوو، بۆ را وەرگرتنی لەکاروبارە گەورەکان پەنای دەبردە بەری[١٦]، ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو جەنگەکە بەشکستی محەمەد ئەعزەم خان و سەرکەوتنی نەیارەکەی شێر عەلی خان تەواوبوو، ئەفغانی خۆی لەهەڵوێستێکی زۆر ناجۆر بینیەوەو نەیزانی چی بکات، ئەفغانی لەبارەی خۆیەوە دەڵێ: دوای شکستی برادەرەکەی محەمەد ئەعزەم خان سێ مانگ لەکابووڵ مایەوە، شێر عەلی خان لەبەر ڕەچەڵەکە شەریفەکەی هیچ خراپەیەکی لەگەڵ نەکرد، بەڵام ترسا شێر عەلی خان تەڵەیەکی بۆ بنێتەوە، ڕەخسەتی لێی خواست تابچێ بۆ حەج، ئەویش ڕوخسەتیدا بەمەرجێ بەوڵاتی ئێراندا تێپەڕ نەبێ، بۆئەوەی چاوی بەمحەمەد ئەعزەم خان نەکەوێ، کە بۆئەوێ هەڵاتبوو، ئەفغانی بۆ هندستان کۆچی کرد، حکومەتی هندستان بەگەرمی و ڕێزەوە پێشوازی لێکرد، بەڵام نەیهێشت لەوێ زۆر بمێنێتەوە، لەسەر حیسابی خۆی سەفەری کرد بۆ سوێس و، لەوێشەوە چوو بۆ قاهیرە، نزیکەی چل ڕۆژیش لەوێ مایەوە، پاشان بەجێی هێشت بەرەو ئەستەمبووڵ ڕۆی..



## ئەفغانی لەئەستەمبووڵ:

هەر کەئەفغانی گەیشتە ئەستەمبووڵ جلوبەرگی سەیدێکی ئەفغانی پۆشیبوو، جبەو کەواو مێزەرێکی لوول دراو، سەرنجی بۆلای خۆی رادەکێشا، توانی چاوی بەسەدرل ئەعزەم عالی پاشا بکەوێت و لەلای ڕێزو حورمەتی لێ گیرا دوای شەش مانگ عالی پاشا دەیمەزاند بەئەندامی ئەنجوومەنی باڵای فێرکردنی ئەفغانی دەستی کرد بەفێربوونی زمانی تورکی، تا لەماوەی کورتدا توانی قسەی پێبکات و پێی بنووسێ، لەکانوونی یەکەمی ١٨٧٠ و مانگی ڕەمەزان بوو لەخانەی هونەر ئاهەنگێك سازکرا، خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون لەدادوەرو زاناو ڕۆژنامەوان، ئەفغانی لەوێ وتاریکی دا، باسی پێغەمبەرەکان و فەیلەسووفەکانی کردو، جیاوازی چییە لەنێوانیاندا، دیارە ئەو ڕایەی لەهەندێ فەیلەسووفە دێرینەکان وەرگرتبوو، وەکو ئیبن ڕوشدو ئیبن سینا، هەندێ پیاوانی ئایین کە لەوێ بوون لێ وروژان، بەتایبەتی شێخول ئیسلام حەسەن فەهمی ئەفەندی ئەمەیان زۆری ڕق لێبوو، هەر کەئاهەنگە تەواو بوو شێخول ئیسلام دەستی کرد بەسووکایەتی کردن بەئەفغانی، ئەوەی دایە پاڵی کەسووکایەتی بەپێغەمبەران دەکات و وتی، پێغەمبەرایەتی پیشەیەکە لەپیشەکان، ئیدی خێرا خەتیبی مزگەوتەکان ئەم تۆمەتەیان قۆستەوە، وەك بڵێی بابەتێکیان چنگ کەوت، تاخەڵکی پێ بورووژێنن، لەمینبەرەکانەوە لەزەم کردنی ئەفغانی و ڕیسواکردنی تەراتێنیان دەکرد، ڕۆژنامەکانیش باسی ئەم کێشەیەیان کردو، قسە زۆر بوو تابوونە دووبەشەوە: یەکێکیان لەگەڵ ئەفغانی و ئەوی دیکەیان دژی بوو، شێخ عەبدول قادر مەغرەبی باس دەکا

کەباوکی شێخ مستەفا لەئەستەمبووڵ بوو، ئەوکاتە نامەیەکی نووسی بۆ ڕەتدانەوەی ئەفغانی و بەناونیشانی: (عين الصواب في البرد علي من قال ان الرسالة والنبوة صنعتان تنالان بالا كتاب) واتا، ڕاستی وەڵامدانەوەیە بۆ ئەوکەسەی وتوویە پەیام و پێغەمبەری دوو پیشەن بەئەزموون وەردەگیرێن، پڕیەتی لەسووکایەتی کردن بەئەفغانی بەو توومەتە ناوەزدی کرد کەدرابووە پاڵی شێخ عەبدول قادر لەجیاتی باوکی داوای لێبوردن دەکات: (تکام وایە لێی وەرنەگرن لەوەی لەدەروونیدا هەیە مەبەستێکی چاك و نیەتێکی سەغڵەم هەبووە)[٧].

ئەفغانی دەیتوانی لەبەردەم زریاندا بنووشتێتەوە تاتێپەڕبێت، بەڵام ئەوانەی کەتێکەڵی بوون واباسی دەکەن میزاج توونـد بووە، هەندێ جار تووڕەیی دەسەڵاتی لێ سەندووەو لەڕێگای ئەقڵ دەریکردووە، بۆیە دەبینین داوای دادگایی کردنی شێخول ئیسلام دەکات و زۆریش لەسەرئەوە سووربوو، وای لەحکومەت کرد داوای لێبکات، کە بەشێوەیەکی کاتی ئەستەمبووڵ بەجێ بێڵێ تادەروونەکان هێوردەبنەوە، پاشان کەی ویستی دەتوانێ بۆی بگەڕێتەوە.

## چوونی بۆ میسر:

ئەفغانی لە ٢٢ی مارتی ١٨٧١دا گەیشتە قاهیرە، چاوی بەسەرۆك وەزیران (ڕیاز پاشا) کەوت و ڕێزو حورمەتی لێگیرا وەکو ئەو ڕێزو حورمەتەی لەئەستەمبووڵ لەلای عالی پاشا لێی گیرابوو، ڕیاز پاشا مووچەیەکی بۆ بڕیەوە بەبڕی هەزار قرش ئەو ڕۆژانە نرخی خۆی هەبوو، هەروەها ئەفغانی لەلای خدیوٚی ئیسماعیل پاشا ڕێزو حورمەتی لێگیرا،



مێژنووسی میسری عەبدول ڕەحمان رافعی دەڵێ: بایەخدانی ئیسماعیل پاشا بەئەفغانی مەسەلەیەکە تێگەیشتنی زەحمەت نییە، چونکی دەزانین ئیسماعیل لایەنێکی باشی هەبوو، ئەویش خۆشەویستی بوو بۆ زانست بوو حەزی بەبڵاوکردنەوەو سەرپەرشتی کردنی هەبوو، ئیعتیبارێك دیکە هەیە ناکرێت ئاوڕی لێ نەدەینەوە، ئەویش ئەوەیە ئیسماعیل پاشا حەزی لێبوو لەپایەو دەسەڵاتی سیاسی کێبڕکێی حکومەتی ئەستەمبووڵ بکات، هەر کەئەفغانی بۆ میسر هات، وەکو دوورخراوەیەك، لەئەستەمبووڵ ئیسماعیل پاشا ئەم هەلەی قۆستەوەو، ویستی بۆ خەڵکی دەریات کەچۆن میسر زانایان دەگرێتە خۆی، لەکاتێك لەئەستەمبووڵە تەنگەتاویان دەکەن.[١٨]

ئێمە بەهەرحاڵ لێرەدا ڕووبەڕووی لوغزێکی ئاڵۆز دەوەستین و دەبێ بپرسین: ئەفغانی چۆن توانی ئەو ڕێزە گەورەیە بەئەستەمبووڵ و قاهیرە تەنها بەگەیشتنی وەرگرێت؟ ئێمە دەزانین کەدەیان پیاوی ئەدەب و زانیاری دەچوون بۆئەو دووشارە، هۆی چی بوو وای لەئەفغانی کرد بەتەنها لەهەموویان جیاوازبێ، بەبەراوورد لەگەڵ گەورە پیاوانی دەوڵەت و لەلایان شوێنێکی بڵند وەربگرێت؟ ئایا ئەفغانی تەڵەسمی پێ بوو یان چی؟! ئەفغانی لەئاپارتمای (العناني بحارة أم الغلام) نزیك لەمزگەوتی حوسێنی و خانی خەلیلی نیشتەجێ بوو، عادەتی ڕۆژانەی ئەوەبوو بەدرێژایی ڕۆژی لەماڵەکەی خۆی بەسەردەبرد، هەر کەئێوارەی لێ دەهات خۆی دەدایە سەر داردەستەکەی و، لەگەڵ خزمەتکارەکەی ناوی (عارف ئەبوو توراب) بوو کەوەکو سێبەری لێی نابووەوە، دەچوو بۆ چایخانەی کابرایەکی گریکی ناوی (متاتیا) بوو، دەکەوتە گۆڕەپانی (عەتەبەل خەزرا)وە، بەرامبەر بەفەرمانگەی ناوەندی پۆستە[١٩]، لەوێش برادەرەکانی لێی کۆدەبوونەوەو قسەی خۆشی بۆ دەکردن، تێکەڵەیەك بوو لەفەلسەفەی کۆن و هەندێ

بیروباوەڕی زانستی نوێ و، لەزۆر بابەت دەمەتەقێی لەگەڵ دەکردن، ئەفغانی توانای راکێشانی برادەرو موریدی هەبوو، بەتایبەتی لەناو لاوەکاندا، شێخ محەمەد عەبدە یەکەمین کەس بوو پەیوەندی بەبازنەکەیەوە کرد، تا بەرەبەرە بازنەکەی لەگەڵ رۆژدا بەرین دەبوو، مەسەلەکەی ئەفغانی زۆر درێژەی نەکێشا، تا بەرامبەری نەیار لەنێو شێخەکانی ئەزهەرو پیاوانی ئایین پەیابوو، لەسەرووی هەموویانەوە شێخ عەلیش، ئەمانە هەڵمەتی ناڕەوایان دەبردە سەری، گوایە ئەو بیروباوەڕە نوێیانەی داوایان دەکات، بیروباوەڕی راستەقینە جێ لەق دەکات و، دەبێتە هۆی بێبەش بوونی دەروون لەخێری دنیاو ئەودنیا[٢٠]، ئیبراهیم هلباوی لەیادەوەرییەکانی خۆیدا سەبارەت ئەو ماوەیە تۆماری کردووەو دەڵێ: (لەئەزهەری شەریف قوتابی بووم شازدە ساڵیم تێ نەپەڕاندبوو کاتێ جەمالەدین بۆ میسر هات، ئەدیبان و رۆشنفکران دابارینە سەری و گوێیان لەقسە زانستیەکانی دەگرت و، ئامادەی کۆڕو وانەکانی دەبوون، شێخ محەمەد عەبدە یەکێك بوو لەوانەو بەو سەیدە موعجیب بوو، بووە لایەنگری، زۆر رقم لێی هەستاو بۆخۆی و بۆ براکانی ئەڵقەکەی لەبۆسە بووم، چونکی پێم وابوو، هەروەها شێخەکانیشم پێیان وابوو، ئەوانەی کاریان تێکردم کەسەید جەمالەدین پیاوێکی خوانەناسەو بۆ میسر هاتووە، تا سەر لەخەڵکی بشێوێنێ و، شیعە لەدەوری خۆی کۆکاتەوەو، خوانەناسی و شێواندن بڵاوبکەنەوە، تابووە رپیۆقێك لەچاوم و نەمدەبینی، چاوە چاوی ئەوەبووم زەلەیەك لەسەید جەمالەدین رووبدات، یان لەیەکێك لەلایەنگرانی، تارقی خۆمی لەسەر پێ چارەسەر بکەم..)، پاشان هلباوی باس دەکات چۆن کاتێ چاوی بەئەفغانی کەوت و پێی موعجیب بوو، ئەو وەهمانە لەمێشکیدا سڕانەوە کە لەشێخەکانیەوە وەریدەگرتن.[٢١]



## چوونە ریزی ماسۆنیزمەوە:

لەکۆتایی ئایاری ١٨٧٥ ئەفغانی داوایەکی پێشکەش بۆ مەحفەلی ماسۆنی لەقاهیرە کرد، تێدا داوادەکات لەمەحفەلەکە بەئەندام وەریبگرن، تائێستاش داوانامەکەی لەکتێبخانەی پەرلەمانی ئێران پارێزراوە، بەدەست خەتی ئەفغانی خۆی نوسراوە ئەمەیش دەقەکەیەتی:

(مامۆستای زانستەکانی فەلسەفە لەمیسری پارێزراو جەمالەدین کابوولی دەڵێ: کە سی و حەوت ساڵی تەمەنی بەسەربردووە داوادەکەم لەبرایانی سەفاو، دەخوازم لەدۆستانم وەفا، مەبەستم خودانی کۆمەڵگەی پیرۆزی ماسۆنە، کە لەکەم و کوڕی بەدوورە، کەوا لام لێبکەنەوەو بفەرموون بۆ وەرگرتنم لەو کۆمەڵگە پاکیزەیەو، لەریزی وەرگیراوەکان لەو بنکە بەشانازیەوە چاکەش بۆئێوەیە...)، ئەفغانی لەمەحفەلی ماسۆنی وەرگیرا، پاشان بەخێرایی لەپلەکانی ماسۆنیزم سەردەکەوت، ئەوەبوو لەسەرەتای ساڵی ١٨٧٨ گەیشتە پلەی سەرۆکایەتی، ئەمەیش دەقی ئەو نوسراوەیە (لۆج کەوکەب شەرق)ی ماسۆنی بۆی ناردووەو، ئاگاداری دەکاتەوە بەهەڵبژاردنی بەسەرۆکی مەحفەلەکە:

(بۆ برای بەرێز جەمالەدین، لەلاتان دیارە کە لەدانیشتنی ٢٨ی رابردوودا بەزۆربەی رایەکان هەڵبژێردران، وەکو سەرۆکێکی بەرێز بۆ ئەم لۆجە بۆ ئەم ساڵ، پیرۆزبایت لێدەکەین و، لەخۆشمان بۆ ئەم بەختە گەورەیەو، بەناوی سەرۆکی ئێستا داوا لەبراکانت دەکەم بۆ ئامادەبوون رۆژی هەینی داهاتوو ١١ی ئەم مانگە سەعات دووی عەرەبی دوای خۆرئاوا لەمەحفەلی ئەم لۆجە بۆ وەرگرتنی قادوم دوای تەواوکردنی تەکریزی

ئاسایی، پاشان ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە سەعات شەشی فرەنجی ئێوارە بۆ تەکریزکردنی سەرۆکی بەڕێزی لۆجی کونکوردیە، تکایە لەرۆژی دیاریکراودا بۆ بەشداری کردن و جێگرتنەوە ئامادەبن، لەهەردوو حاڵەتەکەدا جلوبەرگتان ڕەش دەبێ و لەگەڵ بۆینباغ و دەسکێشی سپیدا دەست لەملانێی گەرم و گوڕی ئێمە وەرگرن، نوسەری نهێنی، نیکۆلا سکروج).[٢٣]

چوونی ئەفغانی بۆ ریزەکانی ماسۆنی و، بەرزبوونەوەی تیا، یەکێك بوو لەوهۆیانەی ریزی ئەفغانی لەمیسر بەرزکردەوەو، بواری دەسەڵاتی لەفەرمانگە حکوومیەکان و نێوەندەکانی چینە بەرزەکان بەرین کردەوە، زۆر لەماسۆنیەکان بوونە موریدی، هەروەها زۆر لەموریدەکانی چوونە ریزی ماسۆنیزمەوە، دکتۆر سامی عەزیز دەڵێ: مەحفەلی ماسۆنیزم سەرەڕای شازادە جێنشینی عەرش کۆمەڵێ لەرۆژنامەوان و نووسەریش چووبوونە ریزیەوە، لەوانە یاقووب کوڕی سەنووع و سەعد زەغلول و ئەدیب ئیسحاق و محەمەد عەبدەو مۆیلحی و سەلیم نەقاش و ئیبراهیم لیقانی و عەلی مەزهەرو زەرقانی و قۆنی، ئەمە جگە لەمحەمەد شەریف پاشاو بوترس غالی پاشاو هەندێ لەئەنجامانی ئەنجوومەنی شوراو هەندێ لەئەفسەرانی سوپا.[٢٤]

## ئەفغانی سیاسەتمەدار:

ئەودەمە حکومەتی میسری خەریك بوو مایەپووچی خۆی ڕاگەیەنێت، لەبەر زۆری قەرزی بیانی و نەیدەتوانی بیداتەوە، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی بەریتانیاو فەرەنسا دەست وەردەنە بەڕێوەبردنی حکومەتی میسری بۆ



پاراستنی قەرزدەرەکان کەهاووڵاتی ئەوان بوون، ئەنجامی ئەمیش بەناو (چاودێری دووقۆڵی) پەیابوو، لەساڵی ١٨٧٨ وەزارەتێك پێکهات بەسەرۆکایەتی (نۆبار پاشا)و دوو وەزیری بیانی تیابوو، یەکێك بەریتانی ئەویتر فەرەنسی بوو، میسریەکان ئەمەیان بەسوکایەتیەك لەقەڵەمدا بۆ وڵاتەکەیان و ناوی وەزارەتەکەیان نا (وەزارەتی ئەوروپی)[٢٥].

ئەوەی جێگای سەرنجە خدێوی ئیسماعیل پاشا هەڵوێستێکی توندی گرتەبەر دژ بەدەست تێوەردانی بیانی لەوڵاتەکەی و، هانی رۆژنامەکانی دەدا بۆ هێرش کردنە سەر ئەو دەستێوەردانەو خەڵکی لێ دەوروژاند، هەروەها هانی ئەنجوومەنی شورایدا بۆ بەرهەڵستیکردنی وەزارەتەکە. بەواتایەکی دی: ئیسماعیل پاشابووە وەك بڵێی سەرکردەیەکی میللی و داوای سەربەخۆیی و دیموکراسی دەکرد، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەفغانی ئەوکاتە بووە سیاسەتمەدار، کەچی بەرلەوە خۆی لەسیاسەت و قسەو باسی بەدوور دەگرت.

ئەم گۆڕانە لەڕێڕەوی ئەفغانی بووە هۆی ڕوودانی هەندێ ناکۆکی و دوورکەوتنەوە لەنێوان خۆی و ئەندامانی مەحفەلی ماسۆنیزم کەئەو ئەندامیەتی. محەمەد مەخزومی لەکتێبی (خاتیراتی ئەفغانی) باس دەکات: یەکێك لەئەندامانی مەحفەلەکە لەکاتی کۆبوونەوە پێی وتبوو: (ماسۆنیزم هەقی بەسەر سیاسەتەوە نییەو ئێمە لەمەحفەلەکەمان لەلێدانی زەبری حکومەت دەترسین، ئەفغانی هەستایە سەرپێ و وەڵامی دایەوەو وتی: (چاوەڕێم دەکرد هەموو شتێکی سەیرو سەمەرە لەمیسر ببیستم و ببینم، بەڵام خەیاڵی ئەوەم نەدەکرد ترس بتوانێ بچێتە نێو قەوانی مەحفەلە ماسۆنیەکانەوە. وێنە لەزین تەواو نابێ جگە دوای ناساندن و ڕاڤەکردن نەبێ، بەڵام ئێمەی خەڵکی ماسۆنی پێم گرانە تائێستا پێناسەیەکم بۆخۆم

نەزانیوە، بەوپێیەی ماسۆنیم و نەبۆ سەرجەم ماسۆنیزمیش کەوێنەیەك لەزەین دروست دەکات، یان وەسفێك بۆ هەرکەسێك بێتە ریزی ئەو خێڵەوە. یەکەم شت پەرۆشم دەکات بۆ کارکردن لەخانووبەرەی ئازادیخوازان- مەبەستی ماسۆنە-ناونیشانێکی گەورەو ترسناك: سەربەستی، یەکسانی، برایەتی، مەبەستی سوودی مرۆڤە، هەوڵدان بەدوای تێکدانی جەستەکانی زۆرداری، دروستکردنی رەواڵەتێکی موتڵەقی دادپەروەری، ئەم هەمووە وەسفی ماسۆنیزمم لێ چنگ کەوت.. بەڵام بەداخەوە دەبینم میکرۆبە خۆشەویستەکان، خۆپەرستی، خۆشەویستی سەرۆکایەتی و، کارکردن لەگەڵ کۆمەڵەکان بەپێی ئارەزووی خۆیان، ملکەچ کردن بۆ رۆژهەڵات زۆر لەدوورەوە کەهەرِەشەو گوورِەشە چاوی تێ برِیوە، شتێکی دیکە کەماسۆنیزمی ئازاد لەپێناویا دانەمەزرا تەنها بۆ لەناوبردنیان نەبێت...)[٢٦]، ئەفغانی دوای ئەو نامەیە لەمەحفەلی ماسۆنی کشایەوەو، خێرا مەحفەلێکی ماسۆنی نوێی دامەزراندو، خۆی بووە سەرۆکی، برادەرەکانی و خوێندکارەکانی چوونە ریزیەوە، دیارە بارودۆخ بۆ گەشەکردنی مەحفەلە نوێیەکە یارمەتیدا، بەمەش ئەفغانی بووە کەسایەتیەکی سیاسی و قورسایی خۆی هەبووە، لەرۆژنامەکان دەینووسی و بۆ جەماوەر وتاری دەدا، پاشان حیزبێکی سیاسی دامەزراند بەناوی (حیزبی نیشتمانی ئازاد)، ئیدی چاوی بەوەزیرەکان و کونسڵەکان و پەیامنێری رۆژنامە بیانیەکان دەکەوت، تا بەناوی حیزبەوە قسەیان لەگەڵ بکات، هەندێ لە وتەکانی وەرگێرِدراون و لەرۆژنامەکانی بەریتانیا لە لەندەن بڵاوکرانەوە، کەوای کرد هەندێ لەوەزیرەکانی بەریتانیا بایەخی پێ بدەن و گفتوگۆی لەسەر بکەن[٢٧]. لێرەدا پرسیارێك رووبەرِوومان دەبێتەوە:



ئایا ئەفغانی لەچالاکی سیاسی لەهاوشانی ئیسماعیل پاشا وەستابوو، یان لەهاوشانی نەیارەکانی؟

لەراستیدا زۆربەی ئەوانەی لەسەریان نووسیوە، ئاماژە بەوەدەکەن کەدژ بەئیسماعیل پاشا وەستاو داوای لابردنی کردووە، دەڵێن بەسەرۆکایەتی وەفدێك چووە چاوی بەوەکیلی دەوڵەتی فەرەنسا بکەوێت و، بەناوی (حیزبی نیشتمانی ئازاد)ەوە بۆ لابردنی ئیسماعیل پاشا یارمەتی بدەن، بەبیانووی ئەوەی چاکسازی نایەتە کایەوە، مادامێکی ئەم کابرایە فەرمانرِەوای میسرە، دەشڵێن ئەفغانی چاوی بەشەریف پاشا سەرەك وەزیران کەوتووە کەتازە دامەزرابوو، ئامۆژگاری کردووە ئارەزووی خەڵکی بگەیەنێتە ئیسماعیل پاشا بۆ دەستبەرداربوونی لەعەرش.

(مستەر پلنت) دەڵێ: ئەفغانی دەیویست ئیسماعیل پاشا بکوژێ و، پێشنیاز دەکات بۆ محەمەد عەبدەی قوتابی بۆئەوەی تیرۆری بکات، کاتێ بەگالیسکەکەی بەسەر پردی کۆشکی نیل دا رەت دەبێ، چونکی ئیسماعیل پاشا رۆژانە راهاتبوو بەسەر بەو پردەدا رەت بێ[٢٨]. بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین ئەمە یەکێکە لەخاڵە ئاڵۆزەکانی ژیانی ئەفغانی، بەراستی ئێمە نازانین ئەو سەردەمە ئەفغانی بەچ لایەنێکەوە پەیوەندی هەبووەو، چ ئامانجێکی مەبەست بووە، ئەمە خاڵێکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، مەخابن کەدەبینین زۆربەی مێژوونووسەکان بەسووکی بەلایدا رەت دەبن بێ ئەوەی بایەخێکی تەواوی پێ بدەن..

## لەسەردەمی تۆفیق پاشادا:

بەریتانیاو فەرەنسا لەلای سوڵتان عەبدول حەمید لەئەستەمبووڵ هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ لابردنی ئیسماعیل پاشا، ئەنجام ئەمەیان بۆ بوو، لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٨٧٩ لەئەستەمبووڵەوە بروسەیەك هات بۆ قاهیرە ئاگاداری ئیسماعیل پاشا دەكات بەلابردنی و، تۆفیق پاشای كوڕی لەجێی دانا، ئیسماعیل پاشا دەگێڕێتەوە هەر كەقاهیرەی بەجێهێشت جەماوەرێكی زۆر هاتبوون بۆ وێستگەی شەمەنەفەر بۆ ماڵئاوایی كردنی، زۆریان خۆی پێ نەگیراو دەستیان بەگریان كرد[٢٩].

ئەفغانی لەسەردەمی تۆفیق پاشادا هەستی كرد دەوڵەتی میسری لەدەستدایە، تۆفیق پاشا ماسۆنی بوو، سەرباری ئەوەش ئەفغانی خۆش دەویست و بەبیروباوەڕەكانی موعجیب بوو، ئەفغانی دەستیكرد بەئاڕاستەكردنی ئەندامانی مەحفەلە ماسۆنیەكەی، بۆ ئیشكردنی جدی بۆ چاكسازی دەزگای حكومەت.

كردنی بەچەند بڕێكەوە، هەر بڕێكیش بۆ چاودێری فەرمانگەكانی وەزارەتێك لەوەزارەتەكان، بڕێك بۆ حەقانی، ئەویتر بۆ دارایی و، سێیەم بۆ ئیشوكارو چوارەم بۆ جیهاد، هەربڕێك تەماشای كاروباری فەرمانگە تایبەتەكانی خۆی دەكردو، هەرچی ستەمێك بكرابایە دەیزانی و شێوەی چارەسەریشی دادەنا، پاشان پەیوەندی بەوەزیری تایبەتەوە دەكرد ئارەزووەكانی خۆی لەشێوازی توندوتیژی و راشكاوانەدا پێ رادەگەیاند، دكتۆر ئەحمەد ئەمین لەم بارەیەوە دەڵێ:



بەم شێوەیە بازنەی دەسەڵاتی ئەفغانی لەمیسر فراوان بووە، لەسەرەتادا لەحوجرە وانەی دەوتەوە، پاشان گواستیەوە بۆ چایخانە، ئا ئەوەتا ئێستاش دەیەوێ بەمەحفەلە ماسۆنیەكەی دەستبگرێت بەسەر وەزارەتەكان و بەرژەوەندییەكانی حكومەتدا[٣٠].

## دوورخستنەوەی لەمیسر:

ئەفغانی بەم چالاكیەوە نەوەستا، وەكو باسمان كرد، بۆ چاكسازی دەزگای حكومەت، بەڵكو داوای دەستووری دامەزراندنی رژێمێكی پەرلەمانی دەكرد لەمیسر، لەسەر ئەم بابەت وتاری دەداو، لایەنگیرەكانی هان دەداو، نووسینی لەسەر بڵاودەكردەوە، ئەوەی شایانی باسكردنە لەم بارەیەوە هێشتا ئەفغانی تازە گەیشتبووە میسر، رژێمی پەرلەمانی بەلاوە باش نەبوو.

پێی وابوو ئەنجومەنی نوێنەران هیچ نرخێكی نابێ مادامێكی میسریەكان خۆیان ورەیان لاوازەو كەم جورئەتن، بەڵام ئێستا رای خۆی گۆڕیوە[٣١]، زۆر بەحەماسەوە داوای سیستمی پەرلەمانی دەكات، ناكۆكی لەنێوان ئەفغانی و خدێوی نوێ تۆفیق پاشا دروستبوو، ئەنجامی ئەم داواكردنە بۆ دەستوورو سیستمی پەرلەمانی، خدێوی بانگی كردو داوای لێكرد واز لەخوتبەدان و قسەی ورووژێنەر بهێنێ و، پێی وت: (حەزم لەخێری هەموو میسریەكانەو، پێم خۆشە وڵاتەكەم و رۆڵەكانی لەبەرزترین پلەی گەشەكردن و سەركەوتندا ببینم، بەڵامبەداخەوە زۆربەی میللەت خاوخلیچكە، نەزانە، شیاوی ئەو وانانەو قسە ورووژێنەرانە نین كەبۆیان دەڵێنەوە، خۆیان و وڵات تووڕ دەدەنە تالووكەوە).

ئەفغانی هەوڵیدا قەناعەت بەتۆفیق پاشا سەبارەت بەسوودی ژیانی پەرلەمانی و سیستمی شورا بێنن، لەهەوڵدانەکەی سەرکەوتوو نەبوو، تۆفیق پاشاش رقی لێی هەستا(٣٢)، لەدەرنگە شەوی ٢٦ی ئابی ١٨٧٩ کاتێ ئەفغانی وەکو عادەتی جارانی لەچاپخانەکە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە دەستگیرکراو لە (زەفتیە) تابەیانی هێڵرایەوە، لەوێوە بەگالیستەیەکی داخراو برا بۆ ویستگەی شەمەنەفەرو شەمەنەفەرەکەش لەژێر چاودێریەکی توونددا بردی بۆ سوێس، پاشان گوێزرایەوە بۆ پاپۆڕێك کەدەچوو بۆ هندستان.

کەس بۆ بەندەرەکە بۆ ماڵئاوایی لێکردنی ئەفغانی نەهات، جگە کونسڵی ئێران و هەندێ بازرگانی ئێران نەبێ کەنیشتەجێی شاری سوێس بوون، ئەمانە بڕێك پارە سەد جونێهیان پێیدا، تا لەسەفەرەکەیدا بەکاربهێنێ(٣٣)، رەتی کردەوە ئەوبڕە پارەیە وەرگرێت و پێی وتن: (ئێوە زیاتر پێویستتان بەو پارەیە هەیەو، شێر بۆ کوێ بڕوات بێ نێچیر نابێ)(٣٤)، بۆ رۆژی دواتر هەندێ لەپیاوانی (زەفتیە) بۆ ماڵەکەی ئەفغانی چوون و پشکنیان کتێب و کاغەزەکانی و هەرچیان ویست بردیان، پاشان ئەویتریان خستە سەندووقەوە لەڕێگەی دەریاوە بۆ بووشەهری ئێران رەوانەیان کرد، چونکی هەستیان کرد بۆ ئێران چووە، بەڵام خزمەتکارەکەی (عارف ئەبو تورا) لە (زەفتیە) بۆ چەند رۆژێك دەستبەسەریان کرد، پاشان بەرەڵا کراو بۆ بەیروت سەفەری کرد، لە ٢٨/ی ئاب، واتا دوای دوو رۆژ لەدوورخستنەوەی رۆژنامەی ئەهرام بەیانێکی رەسمی بڵاوکردەوە، کە لەبەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی بۆی هاتبوو، کورتەیەکی لێ بڵاودەکەینەوە:

(حکومەت دڵنیابوو کەکۆمەڵەیەکی نهێنی لاوە توندەکان هەیەو، کۆکن لەسەر تێکدانی ئایین و دنیا، سەرۆکەکەیان ناوی جەمالەدین ئەفغانییە



دەرکراوە لەوڵاتی خۆی، پاشان لەئەستانەی پایە بەرزیش لەبەرئەو خراپەکاریەی کردبووی وەکو لەوڵاتی میسری ئێمەدا کردوویەتی، بۆیە ئەوکەسە خراپکارەیە بەفەرمانی دیوانی ناوخۆیی لەوڵاتی میسر دوورخرایەوە، لەڕێگەی سوێسەوە ئاراستەی شارە حیجازیەکانی کرد، بۆ نەهێشتنی ئەو گەندەڵیە لەم وڵاتە، تابێتە پەندێك بۆ دەستدرێژکاران، هەرکەسێك جەسارەتی ئەوەبکات بۆ ئەم جۆرە گەندەڵیە(٣٥)، مێژوونووسی میسری عەبدول رەحمان رافعی لەبارەی دوورخستنەوەی ئەفغانی دەڵێ: (جێگەی داخە بەراستی بڕیاری دوورخستنەوەی جەمالەدین بدرێت، ئەم جۆرە راگەیاندراوەش لەلایەن حکومەتێکەوە خدێوی تۆفیق پاشا سەرۆکیەتی بڵاوبکرێتەوە، وەکو دەزانین خۆی رێزی هەبووە بۆ ئەم بەرێزەو، لەوەزیرەکانیشی مەحمود پاشا سامی بارودی وەزیری ئەوقافی ئەو دەمەو راستگۆترین موریدو لایەنگری بووە، تەماشاکەن چۆن لایەنگرو برادەران نکووڵی لەمامۆستاکەی خۆیان دەکەن و تارادەیەك وەفا لەنێوان خەڵکیدا ون دەبێ!!، نازانین چۆن (باروودی) دوورخستنەوەی سەید جەمالەدین ئەفغانی داڕشتووە، بەشداری ئەگەری ئەنجامەکەی کردووە، ئەگەر رازی نەبووە بەم کردەوە قێزەونە، بۆچی وەکو ناڕەزایی دەربڕین و ریسواکردنی دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە لەوەزارەت؟ بێگومان هەڵوێستی باروودی لەم رووداوە قبوول ناکرێت، یان بەهەر حاڵێك بەرگری لێبکرێت)(٣٦).

بۆ هۆی دوورخستنەوەی ئەفغانی لەمیسر قسەی جیاواز هەبوو، هەیە دەڵێن ناکۆکی لەنێوان خۆی و تۆفیق پاشا هۆی دوورخستنەوەی بوو، هەشبوو دەیانووت دوورخستنەوەی ئەنجامی فشاری (مستەر ڤاڤیانی) کونسڵی گشتی بەریتانیا بوو لەمیسر، توێژەری میسری دکتۆر سامی

عەزیز رایەکی سەیری هەیە لەسەر ئەم بابەتە، چونکی دەڵێ: (ئەوەی جێگای سەرنجە لەلێکۆڵینەوەی مێژووی ئەفغانی ئینگلیزەکان لێی بێدەنگ بوون کەئەوسا لەمیسر بوو، چونکی ئەندامی ماسۆنیزمی ئینگلیز بوو، بەڵام هەر کەلێی دەرچوو، مەحفەلێکی سەر بەرۆژهەڵاتی فەرەنسی دامەزراند و دەستی بەهێرش کردنەسەر سیاسەتی بەریتانیا کرد، ئەوجا ئینگلیز ئیشارەتیاندا بەتۆفیق کەپێویستە لەناوببرێت..)[٣٧]

## بەرپەرچدانەوەی دەهریەکان:

ئەفغانی دووای دوورخستنەوەی لەمیسر، چوو بۆ هندستان و لەشاری حەیدەر ئاباد دکن نزیکەی سێ ساڵ لەوێ نیشتەجێ بوو، هیچ لەبارەی ژیانی ئەفغانی لەوسەردەمە نازانین، جگە ئەوە نەبێ کتێبێکی بەفارسی دانا (لەرپەرچدانەوەی دەهریەکان، ئەو کتێبە شێخ محەمەد عەبدە بەیارمەتی عارف ئەبو توراب کردی بەعەرەبی، دانانی ئەم کتێبەش چیرۆکێکی هەیە شایانی گێڕانەوەیە، چونکی تیشك دەخاتە سەر بارودۆخی موسڵمانەکان لەهیندستان لەوسەردەمەو هەڵوێستی ئەفغانی دەربارەی، ئەو سەردەمە موسڵمانەکان لەهندستان دووچاری ململانێیەکی تووندبوون لەنێوان کەلەپووری کۆنی ئایینەکەیان و ئەوەیشی کەشارستانی ئەوروپی هێنابووی لەچەمك و سیستمە نوێیەکان، لەراستی موسڵمانەکان لەهەموو وڵاتان دووچاری ئەم جۆرە ململانێیە ببوون، بەڵام موسڵمانەکانی هندستان لەمەدا پێشیان کەوتبوون و ململانێ لەنێوانیاندا زۆر توونـد بوو، لەسەدەی نۆزدەم لەهندستان بیرمەندێکی ئیسلامی پەیابوو، هەوڵیدا لەنێوان ململانێی ئەو دوو تەوژمە بەرابەریەك بکات، بۆ ئەمەیش پەرۆشێکی بێ



وێنە بوو ئەویش (سەید ئەحمەد خانە)، ئەم کابرایە تەماشای موسڵمانەکانی سەردەمی خۆی کرد.

-هەروەکو دکتۆر ئەحمەد ئەمین دەڵێ: بینی لەژێر باری هەژاری و نەزانی و نیگەرانیدا دەناڵێنن، پیاوە ئایینیەکانیان هیچیان لەئایین نەدەزانی تەنها وێنەکەی نەبێ و دەیانویست جیهانی بەرین بخەنە ژێر رکێفی ئەقڵی تەسکی خۆیانەوە، خوێندنگای نوێیان قەدەغە کردبوو هەموو سیستمێکیش کەشارستانی رۆژئاوا هێنابووی. هندۆسەکان منداڵانی خۆیان نارد بۆ ئەو خوێندنگایانەو وەزیفەیان دەستکەوت، کەچی موسڵمانەکان لەوە بەدووره پەرێزی مانەوە، چونکی ئەوان نەچوونە خوێندنگا حکومیەکان و خوێندنگای تایبەت بەخۆیان دانەمەزراند[٣٨].

سەید ئەحمەد خان هەستا داوای لەموسڵمانەکان کرد، بۆ گرتنەبەری شارستانی نوێ و زانیاریەکانی، رای وابوو کەزانستە نوێیەکان لەبەردەم رێنماییەکانی ئایین رێگر نین[٣٩]، لەساڵی ١٨٧٥ لەشارۆچکەی (عەلی کرە) تۆوی خوێندنگا بەناوبانگەکەی دانا، تابیکاتە زانکۆیەکی ئیسلامی، بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی نوێ لەنێوان موسڵمانەکاندا، بزووتنەوەکەی سەید ئەحمەد خان هەرایەکی گەورەی لەهندستان نایەوە، لایەنگری زۆربوون و پیاوانی ئایین و خەڵکی رەشۆکی لێی ورووژان، نەیارەکانی سەید ئەحمەد خان ناوی بزووتنەوەکەیان نا (نەیچەری) وەکو توانجێك، چونکی لەوشەی (سروشتی) ئینگلیزیەوە وەرگیراوە، نەیارەکانی بەوە تاوانباریان کرد، گوایە بڕوای بەسروشت هەیەو نکووڵی لەبوونی خودا دەکات.

بەوەش تاوانباریان کرد گوایە لەدەستکردی ئینگلیزە کافرەکانە، کەدەیانەوێ ئیسلام بڕوخێنن و ژیانی ئەحمەد خان ئەنجامی ئەم توومەتانە

کەدرابوونە پاڵ بزووتنەوەکەی کەوتە مەترسیەوە، جارێکیان کەسێك لەخەڵکی ڕەشۆکی هەوڵیدا بەر خەنجەری بدات، بەڵام بەشێوەیەکی سەیر ڕزگاری بوو، خۆڕاگرو بەجورئەت لەسەر بانگەشەکەی مایەوە، لەشوێن خۆی نەجووڵاو درێغی نەکرد[٤٠].

ئەوکاتە ئەفغانی گەیشتە هندستان کەململانێکە لەنێوان لایەنگرانی سەید ئەحمەد خان و نەیارەکانی توندبوو، ڕەچاودەکرا لەهاوشانی سەید ئەحمەد خان بوەستێ، چونکە وەکو خۆی بڕوای بەزانستە نوێیەکان هەبوو، کەرێگر نین لەبەردەم ڕێنماییەکانی ئایین، بەڵام ئەمەی نەکرد، بگرە دژی وەستاو کتێبێکی دانا بەناوی (بەرپەرچدانەوەی دەهریەکان)، بۆ ئەم مەبەستەو پڕی کرد لەهێرش کردنی ناشرین بۆسەر سەید ئەحمەد خان و لایەنگرانی و تۆمەتی خوانەناسی دایە پاڵیان، ئەفغانی پێی وابوو سەید ئەحمەدو لایەنگرەکانی بۆ دووفاقی بەرەواڵەت خۆیان بەموسڵمان پیشان دەدەن، کەچی ڕق و کینەکی زۆریان لەدڵە، چونکی خۆیان فرۆشتووە بەئینگلیزو ئەمانەیان کردووەتە لایەنگر تابیروباوەڕی موسڵمانەکانی پێ تێکدەن و تاشانازی کردنیان بەئایینەکەیان نەهێڵن و ساردیان کەنەوەو یەکڕیزیان پەرت کەن و بەمەش سەرکەوتن بۆ ئینگلیز دەبێ.

ئەفغانی بەهێرش کردنە سەر سەید ئەحمەد خان و لایەنگرانیەوە نەوەستا، بەڵکو هێرشی کردە سەر هەموو خاوەن بیروباوەڕە نوێیەکان، وەکو داروینیەکان و سۆشیالیستەکان و کۆمەنیستەکان، ئەوەی جێگای سەرنجە لەرێبازەکەیدا بابەتی نەبوو، بگرە بەشێوەیەکی تەقلیدی بوو، وەکو لەشێوازی ئاغا ڕەزا ئەسفەهانی و هاوشێوەکانی بەدیمان کرد، بەپەنا بردنەبەر زەنگی وشەو هۆشەی خیتابی، بۆنموونە تەماشای ڕەخنەگرتنی لەتیۆری داروێن بکە ئەمە دەقەکەیەتی: (بەپێی گوتەی داروین دەشێ



بەدرێژایی سەدەکان و سەردەمەکان کێچ ببێتە فیل یان فیل ببێتە کێچ، ئەگەر لەداروین بپرسین سەبارەت بەو درەختانەی لەدارستانەکانی هندستان هەیەو ئەو ڕووەکانەی لەدێرزەمانەوە شین بوون، کەمێژوو دیاریان ناکات تەنها بەزەن نەبێ ڕەگ و ڕیشەی لەیەکپارچە زەوی لێ دەدات و لق و پۆپەکانیشیان دەچن بەیەك هەواداو، ڕەگەکانیان بەیەك ئاو ئاودەدرێن، ئیدی هۆی جیاوازی چییە لەیەکتر لەبونیادو شێوەو گەڵاکانیان، درێژی و کورتیان، ئەستووری و نەرمیان، گوڵ و بەریان و، تام و بۆن و تەمەنیان؟ چ کردارێکی دەرەکی هەبووە کاری تێکردوون تاجیاوازبن لەیەکتری، لەگەڵ یەکبوونی شوێن و ئاووهەوا؟ پێم وایە هیچ ڕێگایەك نییە بۆ وەڵام دانەوە جگە دەسە پاچەیی نەبێ)[٤١].

کاتێ ئەفغانی دەیەوێ باسی سۆشیالیست و کۆمەنیست بکات، هەوڵ دەدات بەهەمان شێواز کەتیۆری داروین بەدرۆ دەخاتەوە، دەربارەی سۆشیالیستەکان و کۆمەنیستەکان دەڵێ: (ئەوان ڕەواڵەتیان جوانکردووە بەوە گوایە پشتیوانی بێ دەسەڵاتەکانن و، داوای مافی دەستکورت و هەژارەکان دەکەن.. بەڵام مەبەستی ئەوەی داوای دەکەن ئەوەیە هیچ ئیمتیازێکی مرۆڤایەتی نەیەڵن، هەموو شتێ بۆ هەمووان بێت و، بەشداری هەمووان بۆ هەموو شتێ، چەند خوێنیان ڕشت چەند خانوویان وێران کرد، چەند ئاوەدانیان کاول کرد، چەند فیتنە بازیان نایەوەو چەند گەندەڵیان نایەوە، ئەمەش هەمووی لەپێناوی ئەم داواکاریە پڕوپووچانەیە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کەهەرچی ئیشتیهاکراو هەیە لەسەر زەوی بەخشندەی سروشتەو، بەخشندیەکە لەبەخشندەکانی و زینەوەرەکان هەموو وەکو یەکێك چێژی لێوەردەگرن و هەر تاکێك لەمرۆڤ شتی تایبەتی خۆی هەبێ بەدەر لەهەموو تاکەکانی دیکە لەیاسای سروشتدا بدعەیە، خراپەو دەبێ

لەناوببرێت و لێی رزگاربێت..)[٤٢].

ئەم شێوازە کەئەفغانی بەکاریهێناوە لەرەخنەگرتن، لەهەندێ رووەوە وەکو شێوازی ئەو نەخوێنەوارە وایە کەوێنەی (مار) دەکێشێ و پێی کێبڕکێی کرد لەگەڵ دژەکەی کەبەپیت نووسیبووی (مار)، ئەو لەچاوی خەڵکی رەشۆکی بەتواناترە، بەڵام لەراستیدا موزەیف بوو، لێرەدا خاڵێکی دیکە هەیە شایانی باسکردنە، ئەو خاڵەی کەتوێژەری میسری ئەمین عیزەدین رووژاندبووی، بەرای ئەم توێژەرە ئەفغانی لەهاوکاتی هێرشکردنی بۆ سەر سۆشیالیستەکان و کۆمەنیستەکان سەرکەوتوو نەبوو لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

یەکەم، ئەفغانی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی و هێرشکردنی بۆسەر سۆشیالیستەکان، لەگەرمەی بەرپابوونی شۆڕشی عەرابی بوو، کەپێویستی بەپشتیوانی سۆشیالیستەکانی ئەوروپاو لایەنگیریان هەبوو.

دووەم، ئەفغانی کاتێ هێرشەکەی بڵاوکردەوە، هەڵوێستی میسری وەکو هەڵوێستی فەرەنسا لەکاتی شۆڕشی کۆمۆنەکان وابوو، لەهەردوو وڵات هێزە نیشتمانپەروەرەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنی دەرەکی کۆبوونەوە لەلایەك و، دوژمنی ناوخۆ لەلایەکی دیکە، کەبریتی بوو لەهێزە کۆنە پەرستەکان.

سێیەم، ئەفغانی لەکاتێکدا هێرشەکەی بۆسەر کۆمۆنەکان بڵاوکردەوە، ریکلامێکی پڕوپووچ سەبارەت عەرابی و بزووتنەوەکەی هەبوو، کەپەیوەندی نهێنی هەبوو بەئەندامانی کۆمۆنەی پاریس کەهەندێ لەسەرکردەکانی پەنابەر بوون لەمیسر[٤٣].



## العروة الوثقى:

ساڵی ١٨٨٢ ئەفغانی لەهندستان دەرچوو، دەڵێن چوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و، چەند مانگێك مایەوە، بەئومێدی ئەوەی رەگەزنامەی ئەمریکی وەربگرێت، پاشان لەبەهاری ١٨٨٣ گەڕایەوە بۆ لەندەن، ئەفغانی لەلەندەن زۆر نەمایەوە، بەڵکو بەجێی هێشت و چوو بۆ پاریس لەوێ جێگیر بوو، لەپاریس دەستی بەهێرش کردنە سەر بەریتانیاو کۆلۆنیالیەتی بەریتانیا لەرۆژهەڵات کرد هێرشکردنێکی توندوتیژ، ئەفغانی داوای قوتابیەکەی شێخ محەمەد عەبدەی کرد، کاتێ ئەم دوورخراوە بوو لەبەیرووت، ئەنجامی بەشداری کردنی لەشۆڕشی عەرابی، هەردوو پیاوەکە بەشداریان لەدەرهێنانی گۆڤارێك کرد، کە لەجیهانی ئیسلامی بەناوبانگ بوو، لەکاتی خۆی بەناوی (العروة الوثقى)ەوە، ژمارەیەکی گۆڤارەکە لە ١٣ی مارتی ١٨٨٤ دەرچوو، شێخ محەمەد عەبدە بەدەستی خۆی دەینووسی، بەڵام بیروباوەڕەکانی گۆڤارەکە بەرهەمی ئەفغانی بوو، گۆڤارەکە بەپۆستە رەوانە دەکرا بۆ هەموو وڵاتە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی، خەڵکی بۆ خوێندنەوەی کۆدەبوونەوەو، لەنێوان یەکدی دەیانگۆڕیەوەو، لەسەر بابەتەکانی گفتوگۆیان دەکرد[٤٥]، کاریگەری گەیشتە عیراقیش، دەڵێن سەید سەلمان گەیلانی لەبەغدا لەبەشداربووەکان بووە، هەر ژمارەیەکی بۆ بهاتباو بیخوێندایەتەوە دەیووت: (لەبەر کاریگەری ئەم رۆژنامەیە خەریکە شۆڕشێك رووبدات، بەرلەوەی ژمارەکەی دوایی بگات[٤٦]، هەندێ لەرۆژنامەکانی تاران دەستیان بەوەرگێڕانی هەندێ لەنووسینەکانی کرد بۆ زمانی فارسی و بڵاویان کردنەوە[٤٧].

ئەوەی سەرنج راکێشە کەگۆڤارەکە لەکاتێکدا هێرشی دەکردە سەر ئیستعماری بەریتانی، کەچی ناوی ئیستعماری فەرەنسی و هۆڵەندی و رووسی نەدەهێنا[٤٨]، گەرچی زۆربەی موسڵمانەکان لەژێر باری ئیستعماری ئەو دەوڵەتانە دەیانالاند، هۆیەکە چی بوو؟ خوا دەیزانێ! بەریتانیا بەچاوێکی دوژمنایەتی و ترسەوە تەماشای گۆڤاری (العروة الوثقى) دەکرد، ئیشی بۆ قەدەغەکردنی بۆ هاتنە ژوورەوەی بۆئەو ولاتە ئیسلامیانەی دەکەوتنە ژێر دەسەلاتیەوە دەکرد، بۆنموونە لەمیسر ئینزارێك بلاوکرایەوە لەرۆژنامەی رەسمی هەرکەسێك ئەو گۆڤارەی لەلا بدۆزرێتەوە، پێنج تابیست و پێنج جونەی غەرامە دەکرێت، هەر کەهەواڵەکە لەپاریس گەیشتە ئەفغانی، لەگۆڤارەکەی نووسینێکی بلاوکردەوە، هێرشێکی ناشرینی کردە سەر ئینگلیز[٤٩]، گۆڤاری (العروة الوثقى) هەژدە ژمارەی لێ دەرچوو، پاشان لەدەرچوون وەستا، هەستیاران پێیان وایە هۆی راوەستانی روودانی ناکۆکی نێوان ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە بوو سەبارەت ئاراستەکردنی سیاسەتی گۆڤارەکە، شێخ محەمەد عەبدە لەئیشکردن لەسیاسەت بێزاربوو خولیای وەکو پەیرەوی سەید ئەحمەد خانی هەبوو سازش کردن لەگەڵ ئیستعماری بەریتانی و رووکردنە چاکسازی خەڵکی لەرێگای فێرکردن و پوختەکردنەوە، شێخ محەمەد عەبدە رای خۆی خستە بەردەم ئەفغانی و هەوڵیدا قەناعەتی پێ بهێنێ، لەمەیان سەرکەوتوو نەبوو، ئەمەیش وەلامی ئەفغانی بوو: (بەلام تۆ بەپشووی! دەستمان بەم ئیشە کردووەو دەبێ لەسەری بڕۆین مادامێکی دەلاقەیەکی لێوە بەدی دەکەین)[٥٠]، محەمەد عەبدە پاریسی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بەیرووت.



## چوونی بۆ لەندەن:

ئەفغانی برادەرێکی بەریتانی هەبوو، ناوی ویلفەرد سکاون پلنت بوو، ئەم کابرایە ئۆرۆستۆکراتیەکی دەوڵەمەند بوو، عەرەب و رۆژهەلاتی خۆش دەویست و، لەگەڵ ئەو شۆڕشە نیشتمانیانەی بەرپا ببوون لەهندستان و ئایرلەندەو میسر سۆزدار بوو، لەساڵی ١٨٨٥ پلنت توانی لۆرد راندۆلف چرچڵ قەناعەت پێ بهێنێ، کەئەو رۆژانە وەزیری کاروباری هندستان بوو، بۆ سوودی بانگ کردنی ئەفغانی بۆ لەندەن و لەگەڵیدا رێکەوت پلنت پێی وابوو ئەفغانی دوژمنێکی سەرسەختی ئیستعماری بەریتانیایە، بەلام دوژمنایەتیەکەی دەمارگیریەکی کوێرانە بێت و، پێشوازی لەهەر رێکەوتنێکی شەریف لەگەڵ بەریتانیا دەکات ئەگەر ئەوە بکرێت[٥١]، پلنت بۆ ئەفغانی نامە دەنووسێ و، داوای لێدەکات سەردانی بکات، ئەفغانی بانگەشەکەی قبووڵ کردو، بۆماوەی سێ مانگ بووە میوانی پلنت، لەوێ چاوی بەلۆرد چرچل و گەورە پیاوانی سیاسەتی بەریتانیا کەوت، دیاربوو ئەفغانی لەکاتی مانەوەی لەمێوانداری پلنت، رای بەرامبەر بەریتانیا گۆڕابوو، ئەو پێی وابوو، وەکو پلنت دەگێڕێتەوە، روسیا لەسەر جیهانی ئیسلامی ترسناك ترە لەبەریتانیا، پێی خۆشە نزیکبوونەوە لەنێوان بەریتانیاو ئیسلامدا هەبێ[٥٢]، بەهەرحاڵ حکومەتی بەریتانیا بڕیاریدا کەئەفغانی لەگەڵ (سێرهندی درامۆند وولف)و لەگەڵ وەفدێکی تایبەتی بۆ ئەستەمبووڵ بڕۆن، بۆ دانوستان لەگەڵ سوڵتان عەبدول حەمید بۆ بەستنی پەیمانێك دژ بەرووسیا کەپێکهاتبێ لەبەریتانیاو تورکیاو ئێران و ئەفغانستان، بۆ سەفەرکردنی شاندەکە ئامادەباشی کرا، پلیتی شەمەنەفەر

بۆ ئەفغانی کرا، بەڵام وولف لەدواساتەکاندا رازی نەبوو ئەفغانی لەگەڵ شاندەکە بەرێت.

ئەفغانی ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، زۆر تووڕە بوو[٥٣]، دوای ئەوەش رووداوێکی دیکە روویدا، تووڕەیی ئەفغانی زیاتر کرد، پووختەکەی ئەمەیە: دوو برادەری ئەفغانی لەماڵەکەی پڵنت بوو بەناخۆشیان، یەکێکیان چەترێکی کێشا بەسەر ئەوی تردا، پلنت دوای لێکردن لەماڵەکەی دەرچنە دەرەوە، هەر کەدوو کابراکە لەماڵەکە دەرچوونە دەرەوە، ئەفغانیش لەدوایان هاتە دەرەوە، ئەوسا پلنت داوای لەئەفغانی کرد خانوویەکی دیکە بۆخۆی بدۆزێتەوە[٥٤]، بەواتایەکی دیکە پلنت ئەفغانی لەماڵەکەی خۆی دەرکرد، ئەفغانی بۆماوەی چەند هەفتەیەك لەلەندەن دەسووڕایەوە، پاشان دوا رەئی ئەوەبوو بۆ رووسیا بڕوات، تائیش بۆ بەستنی پەیمانێك لەنێوان تورکیاو رووسیا دژ بەبەریتانیا بکات.

## چوونی بۆ ئێران:

کاتێ ئەفغانی لەلەندەن خۆی ئامادە دەکرد بۆ سەفەر بۆ رووسیا، بووسکەیەکی لەناسرەدین شاوە بۆهات، داوای لێدەکات سەردانی تاران بکات، ئەفغانی داوەتەکەی قبوول کرد: لەوانەیە دوایی بڕیاری دابێ دوای تەواوبوونی سەردانەکەی بۆ تاران بچێ بۆ رووسیا، ئەفغانی لەرێگەی دەریاوە بەریتانیای بەجێهێشت، لە ٢٠ی ئایاری ١٨٨٦ گەیشتە بوشەهر، دوای ئەوەی چەند رۆژێك لەوێ مایەوە، سەفەری کرد بۆ ئەسفەهان، فەرمانڕەوایی گشتی ئەو رۆژانەی ئەسفەهان شازادە مەسعود میرزا کوڕی ناسرەدین شابوو بە (سێبەری سوڵتان) ناوی رۆیشتبوو، ئەوەی لەبارەی



ئەم شازادەیەوە زانرابوو، زۆر تەماحکار بوو پەرۆشی عەرش بوو، بۆخۆی سوپایەکی تایبەتی دروستکردو، لایەنگرانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە[٥٦]، هەر کەئەفغانی گەیشتە ئەسفەهان، شازادە مەسعود میرزا بروسکەی کرد بۆ تاران و، داوای لێکرد ئەفغانی لەمیوانداری بۆ ماوەیەك بمێنێتەوە، ئەفغانی مانگ و نیوێك لەئەسفەهان مایەوەو، لەنێوان خۆی و شازادە گفتوگۆ هەبووە، هیچی لەبارەیەوە نازانین، بەڵام دەزانین شازادە بەڵێنی بەئەفغانی دابوو بۆ هەموو خەرجیەکی سەفەری داهاتووی بۆ رووسیا.

پاشان ئەفغانی سەفەری کرد بۆ تاران، لەمانگی ئابی ١٨٨٦ گەیشتە ئەوێ و لەمیوانداری حاجی محەمەد حەسەن کۆمپانی ئەمینداری (دار الصرب)، لەوێ چاوی بەخوشکەزاکەی میرزا لوتفولا خان کەوت، شێخ مستەفا عەبدول رەزاق لەبارەی ئەفغانیەوە لەتاران دەڵێ: (پایەیەکی بەرزی وەرگرت و شازادەکان و موجتەهیدەکان و گەورە پیاوان لەدەوری کۆبوونەوە، توانی زۆربەیان لەریزی ماسۆنیزم رێکبخات)[٥٧]، ئەوەی شایانی وتنە لەم بارەیەوە ئەفغانی هەر کەپێی خستە سەرخاکی ئێران، جلوبەرگە ئەفغانیەکەی داکەند کە لەتورکیاو میسر پێ بەناوبانگ بوو، جلوبەرگی زانایانی شیعەی لەبەرکردو، مێزەرێکی رەشی بەستە سەرەوەو، عەبایەکی رەشی کردە شانی و، سۆڵێکی زەردی لەپێ کردو نازناوی (حوسەینی) لەخۆی نا، ئاماژەیە بۆئەوەی کە لەنەوەی ئیمامی حوسێنی کوڕی عەلییە، هەرکەسێ تەماشای ئەو وێنە فۆتۆگرافیە بکات کە لەگەڵ خوشکەزاکەی گرتبووی لەتاران، لەنێوان دووپیاوی ئایینی دانیشتووە، کە لەوانەیە بەهیچ شتێ لەگەڵیان جیانەکرێتەوە، ئەفغانی زیاد لەجارێ چاوی بەشا کەوت، میرزا لوتفولا خان شتێ لەبارەی ئەو دەمەتەقێیەی نێوان ئەفغانی و شا دەگێڕێتەوە، هەر کە بۆ یەکەمجار چاویان بەیەك دەکەوێت و

لێرەدا تۆماری دەکەین: شا بەئەفغانی وت: (من دڵخۆشم بەقبووڵ کردنی ئەو دەعەوەتەو بەسەفەرکردنت بۆ ئێران زەحمەتت کێشا، هەروەها دڵخۆشم بەچاوپێکەوتنت و، دانات پیا دەنێم لەهەر شێوەیەکدا بیت، هەروەها دەتوانم بەسەر هەموو شاکاندا بنازم، کەفەیلەسووفێکی وەکو تۆ لەوڵاتی ئێران پەیابووەو، سوودیان لەئەنجامی زانستەکەی و فەزڵ و دانایی لەوڵاتانی دیکەی بیانی وەرگرتووە، زانایانی بیانی و خاوەن فەزڵەکانیان دان بەفەزڵی تۆو زانستیی تۆو پایەی تۆدا دەنێن و، من ئاگاداری ئەو خزمەتانە هەم کەبۆ ئیسلام و موسوڵمانان لەمیسرو هندستان و ئەفغانستان و تورکیاو وڵاتە ئەوروپاییەکان کردوتە، سەیر لەوەدایە خۆت بەتەنیا توانیت بەو هەموو کارە مەزنانە هەڵسی، بەداخەوەم کەگەلانی بیانی سوود لەبەرهەمی ئیشەکانت دەبینن و، رۆڵەکانی نیشتمانەکەت لێی بێ بەشن، پێم بڵێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئێران و پێشکەوتنی چی بکەین، باشترین رێباز چییە تائێرانی پێ پێش بخەین؟!)، ئەفغانیش وەڵامی دایەوەو وتی: (دەتوانم شانازی بەخۆمەوە بکەم کەبینیم پادشای ئێران لەخەوە قووڵەکەی بەئاگا هاتووەتەوەو، بیر لەئاوەدانکردنەوەی ئێران و پێشکەوتنی دەکاتەوە، بڕوای بەمن هەیە، بەڵێ من ئێرانیم و ئەسەد ئابادیم، سوپاس بۆ خودا کەهەموو زانستەکان لەسنگمدا هەڵگیراون، سەیری تەنیاییم و بچووکی لەشم مەکە، دەتوانم بەم مشتە کۆڵەیەم چیای دەماوەند داتەپێنم، لەکوێ بووم و لەکوێ بم هیچم ناوێ، تەنها پاراستنی یەکبوونی ئیسلامی و پێشکەوتنی موسڵمانان و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان نەبێ..

بەقەدەر ئەوەی هەست بەنیەت چاکی سوڵتانی دەکەم، هەوڵ دەدەم چیم لەتوانابێ بۆ پشتیوانی کردنی و جێبەجێکردنی بیکەم.

وێران بوونی ئێران و زەلیلی و چەرمەسەری ئێرانیە بەدبەختەکانیش بۆ



خودی سوڵتانی خۆی دەگەڕێتەوە)، پاشان ئەفغانی دەستی بەهەڵماڵینی عەیبەکانی شا کرد، لەوانە هەشتا ژنی هەبوو هەر ژنێکیش خزمەتکارێکی زۆری هەبوو بەقەدەر خەرجی مەملەکەتەکە پارە خەرج دەکرێ، شا زۆر قسەکانی ئەفغانی کاریان تێکرد، بەگوێرەی ریوایەتی خوشکەزاکەی لوتفولا-و پێشنیازە چاکسازیەکانی لێ وەرگرت و، بەڵێنیدا جێبەجێیان بکات،پاشان پلەی سەرەك وەزیران و سەرۆکایەتی خانووی شورای خستە بەردەمی، بەڵام ئەفغانی ئەمەی رەت کردەوە، وتی: (من داوام نەکردووەو داوای سەرۆکایەتی هەرگیز لەدنیا ناکەم، نامەوێ و نەمویستووە جگە پەروەردەی موسڵمانەکان و پێشکەوتنی نیشتمان نەبێت و، هیچ ناڵێم جگە ئەوەی پێویست و شایستە نەبێ، با شاو ئەقلانی وڵات بەچاوێکی راست و وردەوە سەیری ئەوە بکەن، کەپێشنیازی دەکەم، پاشان هەرچییەك دەبینن چاکەو بڕیاری لەسەر بدەن و جێبەجێی بکەن)، شا لەسەر ئەوەی کەئەفغانی وتی رازی بوو، فەرمانیدا بەکۆبوونەوەی وەزیرەکان و سەرۆکەکان و پیاوماقووڵان و بازرگانەکان لەگەڵی و تا یاسایەکی تایبەت بۆ ئەم ئیشە دانێن(٥٨)، لەراستیدا ئەم دیالۆگەی نێوان شاو ئەفغانی، وەکو میرزا لوتفولا خان دەیگێڕێتەوە، زەحمەتە بڕوای پێ بکەین، چونکی هۆشەو زیادەڕۆیی زۆری تیایەو لەرادەی ماقووڵ بەدەرە، پێم وایە میرزا لوتفولا لەزمانی خاڵۆیەوە وەریگرتووەو، ئەفغانیش کاتێ قسەی بۆ کردووە زۆر دڵی بەخۆی خۆش بووەو، ویستوویەتی لەبەردەم خوشکەزاکەی خۆی بادات بەو جورئەتەی بەرامبەر شا هەیبووە، قسەکەی خۆی رازاندۆتەوەو خۆشەی کردووەو دەنکە نیسکێکی کردووەتە چیایەك، هەروەکو چۆن زۆرجار قسەکەرەکان دەربارەی خۆیان قسەدەکەن.

## چوونی بۆ رووسیا:

دوای ئەوەی ئەفغانی چوار مانگ و چەند رۆژێك لەتاران مایەوە، رووخسەتی لەشا خواست تاسەفەر بكات، رووخسەتی شای لەشێوەی نامەیەك پێگەیشت، ئەمەیش دەقەكەیەتی: (جەنابی سەید جەمالەدین مەبەستی ئێمە هاتەدی، بەچاوپێكەوتنی ئێوەو، ئێستاش ئێوە دەتانەوێ بۆ ئەوروپا سەفەربكەن، پێم وایە ئەمەش بۆ ئێوە چاكە، بۆئەوەی خودی مەزنی ئێمە لەیادتان بێ هەمیشە قووتوویەكی ئەڵماسی بەڕنووتیم بۆت رەوانە كردووەو، ئێمەش هەرگیز لەبیرتان ناكەین)، شا تەنها بەوەوە نەوەستا، بگرە سەردل ئەعزەم میرزا عەلی ئەسغەر خانی نارد لەگەڵ نامەیەك بۆ ئەفغانی و لەگەڵ قووتووە بەڕنووتیەكە، سەردل ئەعزەمیش لەلای خۆیەوە ئەنگوستیلەیەك ئەڵمازی پێیدا لەگەڵ بڕێك پارە كەهەزار تومان بوو، ئەفغانی پارەكەی گەڕانەوە تەنها ئەنگوستیلەكەو قووتووە بەرنووتیەكەی وەرگرت[٥٩].

هەر كەئەفغانی گەیشتە بترسبۆرگ، پیاوێكی ئێرانی لێ بوو ناوی سەید حوسێن خان عەدالەت تەبریزی بوو، ئەم پیاوە بووە دۆستی ئەفغانی و رازگری، پاشان نووسینێكی لەسەر نووسی و، بەشێكی لێرەدا بڵاودەكەینەوە كەئەمەی خوارەوەیە: (سەید جەمالەدین ساڵی ١٣٠٤ كۆچی هات بۆ پترسبۆرگ، زۆربەی ئێرانیەكان سەردانیان دەكردو ناوبانگی هەبوو، كاتی سەردانەكەی ناسیم و، هەر زوو ئەو ناسینە بووە دۆستایەتیەكی بەهێز، لەوانەش هۆیەكی گرنگ بۆئەوەی كەس خۆی لەهەڵسوكەوت و مەبەستەكانی تێوەرنەدات، بەڵام منیش بەپێی ئارەزووی دەجووڵامەوە،



سەرەڕای ئەوەش زمانی رووسی نەدەزانی و، زۆر پێویستی بەكەسێك هەبوو بۆی وەرگێڕێت، زۆربەی كاتی دەست بەتاڵیم لەلای ئەو بەسەر دەبرد، تێكەڵ بوونم لەگەڵی گەیشتە رادەیەك كەهەموو بیروباوەڕو ئامانجەكانی خۆی بۆ باس دەكردم، لەسەرەتادا هەموو مەبەستی ئەوەبوو هندستان لەژێر چنگی ئینگلیز رزگار كات و، بۆ ئەم مەبەستە گۆڤاری (العروة الوثقى) داخرا جەمالەدین بۆ پترسبۆرگ سەفەری كرد، برادەری سەید لەگەڵ (كاتكۆف) كەیەكێك بوو لەرۆژنامەوانە دیارەكان و دۆستی گیان بەگیانی ئیمپراتۆری رووسیا بوو لەكاتی بوونی لەپاریس، دەستی پێكرد، بەڵام مەرگ زوو یەخەی (كاتكۆف)ی گرت كاتێ سەید گەیشتە وڵاتی رووس، ناچاربوو لەوپرۆژەیەی كەبەتەمابوو لەوێ ئەنجامی بدات بەتەنیا ئیش بكات، لەبنەڕەتدا نەخشە ئەسڵیەكەی خۆئامادەكردن بوو بۆ یەكخستنی وڵاتی ئیسلام و رزگاركردنی لەچنگی ئیستعمار، ئەمەیش بووە هۆی دوژمنایەتی هەمیشەیی ئینگلیز بەرامبەری، تەنانەت بۆ چاودێری ئیشەكانی لەپترسبۆرگ یەك ساتێك لێی بێ ئاگا نەبوون، لەم بارووزرووفەدا سەید بۆ ئامادەكردنی ئامرازەكان ئیشی دەكرد بۆ نانەوەی جەنگ لەنێوان رووس و ئینگلیز).

تا بۆ ئەنجامدانی ئەركەكەی هەلەكە بڕەخسێ، بەڵام رووس ئارەزوودار نەبوون بەكردنی ئەو جەنگە، چونكی تازە لەجەنگی عوسمانیەكان ببوونەوەو، حاڵەتی داراییان زۆر شێواو بوو، سەید جەمالەدین چەندجارێك چاوی بە (زنۆیف) بەڕێوەبەری وەزارەتی دەرەوەی رووسیا كەوت، بەڵام بەڕێوەبەری ناوبراو بۆ وەرگرتنی رایەكانی هیچ یارمەتیەكی پێشان نەدا، ئەمەیش دەقی وتەكەی سەید جەمالەدین بوو كاتێ چاوی بەزنۆیف كەوت: (هەر كەفرێی دەمە ئاسمانەوە وەكو پشیلە دەكەوێتە سەر زەوی،

واتا دەکەوێتە سەر دەست و قاچی).

ئیمبراتۆر بەوە رازی نەبوو، ویستی چاوپێکەوتنەکە بەشێوەیەکی نهێنی بێ.

بۆیە بۆی نەلوا چاوی بەشاژن بکەوێت، چونکی چاوپێکەوتنی نهێنی ئیمبراتۆر بێ سوود بوو، جەمالەدین لەراپەڕینی پلانەکەی لەڕووسیا بێ ئومێد بوو.

لەم باروو زرووفەدا کاروباری شازادە (سێبەری سوڵتان) تێك چوو، ئەنجامی ئەوە نەیتوانی پارە بەسەید بدات، ئەوەبوو چالاکی سەید بەرەبەرە کزبوو)[٦٠].

لەساڵی ١٨٨٩ ئەفغانی رووسیای بەجێهێشت و بۆ سەردانی پێشانگای نێودەوڵەتی رووی کردە پاریس، وارێکەوت لەوکاتە ناسرەدین شایش دەچوو بۆ پاریس، هەردوو پیاوەکە لەڤێننا چاویان بەیەکتری کەوت، شا بەرلەوە رێکەوتنێکی لەگەڵ ئینگلیز بەستبوو، رێگەیدا بەپاپۆڕەکانیان بەڕووباری کاروون هاتووچۆ بکەن، هەروەها ئیمتیازیدا بەکابرایەکیان تا بانکێکی بەریتانی لەئێران دابمەزرێنێت، بەناوی (بانکی شاهنشای) ئەویش بووە هۆی زۆر تووڕەبوونی رووسیاو بێزاربوونی، دیاربوو شا پێویستی بەپیاوێك هەبوو تابینێرێت بۆ رووسیا بۆئەوەی لێپرسراوەکان هێورکاتەوە، ئەم پیاوەشی لەخودی جەمالەدین ئەفغانی دۆزیەوە، میرزا لوتفولا خان ئەوەی لەنێوان شاو ئەفغانی روویدا لەڤیەنا کاتێ چاویان بەیەك کەوت دەڵێ: (شا فەرمانیدا بەیەکێك لەحاشیەکەی و پێی وت: دەستی پەیمان درێژبکەو، لەجیاتی من لەگەڵ سەید تەوقە بکە، بەڵام ئەو سەیدە مەزنە رەتی کردەوە کە لەگەڵ ئەو پیاوە تەوقە بکات و پێی وت: دەستی تۆ شایستەی ئەوە نییە لەگەڵمن تەوقە بکات، تەنها شا دەتوانێ



تەوقە لەگەڵ من بکات و هیچ دەستێك بۆی نییە جگە دەستی شا نەبێ بۆ پەیمان لەگەڵم دا تەوقە بکات، ناسرەدین شا دەستی خۆی دایە سەیدو، دەستی گرت و لەهەموو لایەکەوە بەڵێنێکی تەواوی دایە، پاشان هەریەکەیان وتەیەکی بۆ راگرتنی پەیمان و بەبەڵگەکردنی خوێندەوە..)[٦١].

ئەفغانی سەفەری کرد بۆ رووسیاو چاوی بەلێپرسراوەکان کەوت و ئەو ئەرکەشی ئەنجامدا کەشا پێی راسپاردبوو، پاشان لەوێوە گەڕایەوە بۆ ئێران و لەکۆتایی ١٨٨٩ گەیشتە تاران، شایش گەیشتە ئەوێ و، ئەفغانی رێزو حورمەتی لەلای وەرگرت وەکو چۆن جاری یەکەم رێزو حورمەتی دایە.

## دوورخستنەوەی لەئێران:

تەنها ماوەیەکی کورت بەسەر هاتنی ئەفغانی بۆ تاران بەسەرچوو بوو، تا ناخۆشی لەنێوان خۆی و شا پەیدابوو، ئەمەیش مەسەلەیەکی سروشتیە شا بتوانێ تەحەمولی پیاوێکی لەخۆبایی وەکو ئەفغانی بکات، بەڵام لەتوانای ئەفغانی نییە تەحەمولی پادشایەکی دکتاتۆری وەکو ناسرەدین شا بکات، هەر زوو ناخۆشیەکە لەنێوانیان تەشەنەی کردو، ئەفغانی دەستی بەزمان درێژی کرد، لەسەر شاو، لەبارەی خراپی و زیادەڕۆیەکانی قسەی دەکرد، ئەفغانی دەیووت گوایە ئەو هۆیەی بووە پەیابوونی ناخۆشی لەنێوان خۆی شادا، ئەوەبوو کەئەو داوای بەرقەرار بوونی دەستووری دەکرد لەئێران و، شایش ئەمەی پێ ناخۆش بوو پێی وت: (سەید ئایا دەبێ من شاهنشاه بم ببمە تاکێکی جووتیاران؟!)[٦٢].

پێم وایە ئەم ناکۆکی رایە لەنێوان ئەم دوو پیاوەدا ئەنجامی ناتەبایی بوو لەنێوانیاندا، نەك هۆیەکەی بووبێت، بینیمان کاتێ ئەفغانی لەژێر باڵی

سوڵتان عەبدول حەمید دەژیا لەتورکیا، داوای بەرقەراربوونی دەستووری نەدەکرد، بەڵکو لایەنگیری سوڵتان بوو بۆ دکتاتۆریەتی و زۆری پیاهەڵدەدا، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کەئەفغانی کەداوای دەستووری دەکرد لەئێران، وەکو تەحدایەك بوو بۆ شاو سوکایەتی کردن پێی، ئەگەر پەیوەندی لەگەڵدا چاك بووایە وەکو سوڵتان عەبدول حەمیدی لەگەڵ دەکرد.

بەهەرحاڵ ئەفغانی رەخنەی بەئاشکرا لەشا دەگرت و میللەتی لێی دەوروژاند، دەست و پێوەندەکانی شایش وەکو ئەویان لەگەڵ دەکرد، سەبارەتی پڕوپاگەندەی ناشرینیان بڵاودەکردەوە، جارێك تاوانباریان دەکرد بە (بابەکی)و، جارێکی تر تاوانباریان دەکرد بەوەی (خەتەنە نەکراوە، ئەفغانی بۆ هەرکوێ رویشتبا لەدەمی خەڵکی رەشۆکی لەعنەتی راستەوخۆی دەبیست و ئاڕاستەیان دەکرد وەکو: (لەعنەتی خودا لەهەمو بابەکیەك و دوژمنی شا بی).

ئەنجام ئەفغانی هەستی کرد کەمانەوەی لەتاران مایەی دڵنیایی نییە، چوو بۆ شارۆچکەی (شا عەبدول عەزیم) کەدەکەوێتە دووری چەند میلێك لەباشووری تاران و، پەنای بردەبەر ئارامگا پیرۆزەکەی.

لەوێ بەراشکاوی دوژمنایەتی خۆی دژ بەشاو حکومەتەکەی راگەیاند، دەستی کرد بەخوتبەدان بۆ خەڵکی شارۆچکەکەو ئەو گەشتیارانەی دەهاتن بۆ ئارامگا پیرۆزەکەو، باسی ئەو زوڵم و زۆرەی بۆ دەکردن کەتووشی هاتوون و، دیمەنی ئەو گەندەڵیەی دەوری داون و هانی دەدان بۆ شۆڕش، زۆریان رقیان لەحکومەت هەڵساو، دەهاتن بۆلای و لەگەڵیدا پەنایان دەهێنا بۆ ئارامگا پیرۆزەکە، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا کۆبوونەوەیەکی شۆڕشگێڕی ترسناك بوو دژ بەشا، ئەفغانی بەم حاڵەتە ماوەی نزیکەی حەوت مانگ مایەوە، شا پشووی لێ بڕاو فەرمانیدا بەسەدرل ئەعزەم کە بەهەر شێوەیەك



بێت ئەفغانی لەناودات، لەسەرەتای ساڵی ١٨٩١ پیاوێکی شەقاوە هات بۆ شارۆچکەی (شا عەبدول عەزیم)، بەکابرایەکی توندوتیژ ناسرابوو، ناوی (ئاغا باڵاخان سەردار) بوو، ئەمەیش شەش پیاوی خەڵکی شارەکەی هێناو، ئەفغانیان دەستگیرکردو بەزۆر بردیان، دەڵێن لەکاتی گرتنیدا مێزەرەکەی دەکەوێتە خوارەوەو جلوبەرگی ژێرەوەی دەدڕێت، کەس بەهانایەوە نەهات، جگە پیاوێك نەبێت ئەویش میرزا محەمەد رەزا کرمانی بوو، هات و هاواری دەکردو دەیووت: (واشریعتاه) تاخەڵکی بووروژێنێ، ئەمەیش هیچ دادێکی نەدا،[٦٤] ئەفغانی لەڕێگای قوم و کرماشانەوە رەوانەی سەر سنووری عیراق کرا، زستانێکی زۆر سەخت بوو، ئەفغانی لەسەفەرەکەی نەهامەتیەکی زۆری بینی و، تەندروستی تێك چوو، چونکی وڵاخ ئامڕازی سەفەرکردن بوو، لەسەر سنوور درایە دەستی پۆلیسی عیراق و هێنرا بۆ بەغدا.

## ژیانی لەعیراق:

ئەفغانی هەر کەگەیشتە بەغدا لەخانەکەی عەبدول سەمەد ئەسفەهانی دابەزی، کەدەکەوێتە نزیك بازاڕی مسگەرەکانەوە (الصفارین)، خەڵکی پێیان وایە کەئێستا شوێنەکەی خانووی بانکی ناوەندیە، ئەفغانی نزیکەی سێ مانگ لەبەغدا مایەوەو، لەوماوەیەدا چاوی بەوالی بەغدا سڕی پاشاو نەقیب سەید سەلمان گەیلانی و کەسانی دیکە کەوت.

کابرایەکی بەساڵاچووی بەغدایی بۆی گێڕامەوە کاتێ والی چاوی کەوتبوو بەئەفغانی لێی پرسی بوو: ئایا تۆ سونەی یان شیعەی؟ ئەفغانی بەتووڕەیی رووی خۆی لەوەڵامەکەی وەرگێڕابوو، سەیر لەوەدایە ئەفغانی کاتێ لەبەغدا دەبێ، بەدەست خەتی خۆی نامەیەکی بچووکی لەسەر

كيميايى كۆن نووسيبوو، ئەم نامەيە هێشتا لەمۆزەخانەى تايبەت لەتاران ماوە، ئەفغانى لەكۆتاييدا ئەم دێڕەى نووسيوە: (بەدەست خەتى خۆم نووسيم لەخانووى ئاشتى بەغدا-دارالسلام-منى غەريبى شاران و دەركراوى وڵاتان جەمالەدين حوسەينى ئەستەمبووڵى)، پاشان ئەفغانى چاوى بەربەستەكەدا خشاندۆتەوە، بەقەڵەمى سوور هەردوو وشەى (البغداد)و (الاستبولى) سڕيوەتەوە لەسەر وشەى يەكەم نووسيوويەتى (الشريف)و لەسەر وشەى دووەم (الكابلى)[٦٥]، نازانين چ هۆيەك پاڵى پێوەنا بۆئەوە..

حكومەتى ئێران داواى لەوالى سڕى پاشا كرد، ڕێگەنەدات ئەفغانى سەردانى شوێنە پيرۆزەكان بكات، نەبا چاوى بەزانايانى شيعە بكەوێت و، دژى شا بيانورووژێنێ، دكتۆر مەهدى بەسير وادەڵێ كە والى تەنگى بەئەفغانى هەڵچنى و، زۆر بەتووندى چاودێرى كرد، بەگوێرەى ئەو فەرمانانەى كەسوڵتان عەبدول حەميد پێى دابوو[٦٦]، ئەمەو بەڵام بەڵگەكان پێچەوانەوەى ئەوە دەردەخەن، روايەت زۆربوون سەبارەى بەوەى ئەفغانى بەخۆشاردنەوە سەردانى كازميەو نەجەف كردووە، دەڵێنگوايە والى ڕێى پێداوە، بەمەرجێ گەڕانەكانى نهێنى بێ و، نابێ جەماوەر هيچى لەبارەيەوە بزانن، ئەفغانى سەردانى كازميەى كردو، چەند ڕۆژێك لەماڵى مەلا ئەحمەدى يەزدى مايەوە، لەوێ كۆمەڵێك پەيوەنديان پێوەى كرد، لەوانە حاجى عەلى ئۆف تەبريزى و حاجى عەلى موتڵەب و حاجى عەلى ئەكبر ئەهرابى و، بەنهێنى لەگەڵيدا لەژێرزەمينێك كۆدەبوونەوە[٦٧]، وابلاوبووەوە كەعەبدول موحسين كازمى شاعيريش لەوكەسانە بوو پەيوەنديان بەئەفغانى كردو، بيروباوەڕەكانى كاريان تێى كرد.

چونكى خانووەكەى هاوجووت بوو، لەگەڵ ئەو خانووەى ئەفغانى لێى



دابەزى بوو لەكازميە، خەڵكى باوەڕپێكراو لەنەجەف قسەيان بۆ كردم، كاتێ ئەفغانى بەخۆشاراوەى سەردانى نەجەفى كرد، لەگەڵ محەمەد سەعيد حبوبى كۆبوەوە كەپێشتر هاوخوێندنى بوو، كۆبوونەوەكەشيان لە (سەحنى شەريف) بوو لەو ژوورەى كەدەكەوێتە سەر دەرگاى قيبلە، هەر لەنوێژى شێوانەوە تابەرەبەيان.

دەيانووت ئەفغانى سەردانى سامەرايشى كردبوو، چاوى بەميرزا حەمەد حەسەن شيرازى كەوتبوو، ماوەيەك دوو بەدوو پێكەوە بوون و نازانين ئەم قسەيە تا چ رادەيەك راستە..

## چوونى بۆ بەسرا:

ئەفغانى بەغداى بەجێهێشت و چوو بۆ بەسرا، والى بەسرا هيدايەت پاشا زۆر بەگەرمى پێشوازى لێكردو زياد لەپێويست ڕێزو حورمەتى گرت، دواى بەسەرچوونى چەند ڕۆژێك لەگەيشتنى بۆ بەسرا، برووسكەيەكى نهێنى لەئەستەمبووڵەوە بۆ هيدايەت پاشا هات، داواى لێدەكات سەبارەت پەروەردەبوونى ئەفغانى و رچەڵەكى بكۆڵێتەوە، ئايا ئێرانيە هەروەكو شا دەڵێ: ديارە شا بۆ سوڵتان عەبدول حەميد نووسى بوو دژ بەئەفغانى هانى دەدا، هيدايەت پاشا بايەخى بەمەسەلەكەداو قازى بەسراش عەبدول حەميد رافعى راسپارد كەئەركى لێكۆڵينەوەكە ئەنجام بدات، بێ ئەوەى ئەفغانى هەستى پێبكات، قازى چوو بۆلاى ئەفغانى لێى دەپرسى و، دەمەتەقێى لەگەڵدا دەكرد، بۆئەوەى تا لەقسەكەى شتێكى لێ دەركات لەبارەى رچەڵەكيەوە، ئەفغانى هەستى كرد مەبەستێكى شاراوە هەيە لەديالۆگەكەى قازى لەگەڵى و، دەستى كرد بەتەئكيدكردن بۆى سەبارەت رەچەڵەكى و

کەهیچ پەیوەندییەکی نییە بەئێرانەوە شا ئەمە لەبارەیەوە بڵاودەکاتەوە بۆ سوکایەتی کردن پێی، قازی بڕوای بەقسەی ئەفغانی کرد، هەروەها والیش بڕوای پێکردو بۆ ئەمەیش بروسکەی کرد بۆ ئەستەمبووڵ[٦٨].

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کەئێران ئەوکاتە لەگەرمەی شۆڕشکردن بوو دژ بەتنباك، کاتێ ئەفغانی لەبەسرا بوو، لەشیراوە موجتەهیدێکی ئێرانی هات بۆئەوێ و، یەکێك بوو لەسەرکردەکانی ئەو شۆڕشە، ناوی سەید عەلی ئەکبەر شیرازی بوو، چاوی بەئەفغانی کەوت و، هەردووکیان بۆ نووسینی نامەیەکی رەوان بۆ میرزا محەمەد حەسەن شیرازی لەسامەڕا هاوکاریان کرد، تێدا سیاسەتی شا ریسوا دەکەن و، باسی زوڵم و زۆری دەکەن بەرامبەر بەگەلی ئێران[٦٩]، نامەکە زۆر درێژ بوو، دەربڕینی ورووژێنەرو بانگەوازی سۆزداری تیابوو، ئەفغانی ئیمزای خۆی بەناوی (حوسەینی) لەسەردانا[٧٠]، پاشان عەلی ئەکبەر خۆی بۆ سامەرا سەفەری کرد، تانامەکە بگەیەنێتە میرزاو، میرزاش زۆر بەگەورەیی پێشوازیی لێکردو، نامەکەی لێوەرگرت، مەسەلەی نامەکە لەهەموو عیراق بڵاوبووەوە، خەڵکی فۆتۆیان دەکردو لەزۆربەی شارەکانی عیراق دەساودەست دەکرا.

بەتایبەتی لەشوێنە پیرۆزەکان و، کاریگەریەکی گەورەی لەنەجەف هەبوو[٧١]، هەروەها کاریگەری گەیشتە (جبل عامل)، شێخ سلێمان زاهیر کەیەکێکە لەزانایانی (جبل عامل) دەڵێ: دانەیەك لەنامەکەم پێی گەیشت، چونکی یەکێك لەدۆستەکانی خۆم لەنەجەفەوە بۆی ناردبووم، لەگەڵ باسکردنی ئەو بشێویە سەیرەی کەئەودەمە ئێرانی گرتبووەوە[٧٢].

زۆربەی ئەوانەی سەربووردەی ئەفغانیان نووسیوە، پێیان وایە ئەو نامەیەی کەبۆ میرزا شیرازی نووسی بووی، بووە هۆی دەرکردنی ئەو فەتوا بەناوبانگە لەلایەن میرزاوە بۆ حەرامکردنی (تنباك)، ئەم رایەش



لەزیادەڕۆیی بەدەر نییە، لەراستیدا میرزا شیرازی سەرباری ئەو نامەیەی ئەفغانی نامەیەکی زۆری بۆ هاتبوو لەسەرجەم ئێران و، هەمووی پڕی بوون لەگازندە دەربارەی رێکەوتنامەی (تنباك)، وەکو لەبەشی سێیەمی ئەم بەرگەدا باسمان کرد/ موحسین ئەمین لەم بارەیەوە دەڵێ ئەمەیش دەقەکەیەتی:

(بەڵام راستیەکەی میرزا شیرازی فەتوای دابوو بەحەرام کردنی کێشانی تلیاك، کاتێ هەواڵی پێی گەیشت، کەئیمتیازەکەی درابوو بەدەوڵەتی بەریتانیا، بەرلەوەی جەمالەدین ئەم نامەیە بنێرێ، فەتواکەشی لەژێر کاریگەری نامەکەی ئەفغانی نەبوو، بەڵام خەڵکی وا راهاتبوون ئەگەر مەیلی کەسێکیان هەبوو هەرچی رووداوەکانی جیهان هەیە دەیخەنە پاڵ ئەو.)[٧٣].

## چوونی بۆ لەندەن:

ئەفغانی داوای لەئەستەمبووڵ کردبوو روخسەتی بدات بچێت بۆ لەندەن، روخسەتەکەی بۆ هاتەوە، هەر کەئەفغانی دەیەویست سەفەربکات، هیدایەت پاشا هەستی کرد پارەیەکی ئەوتۆی نییە بەشی خەرجی سەفەرەکەی بکات، بۆیە پەنجا لیرەی پێدا، هەروەها نەقیبی ئەشرافەکانیش سەدوپەنجا لیرەی دایە.

هەروەها پیاوماقووڵانی بەسرایش سەروبڕ پارەیان پێیدا: تاکۆی پیتاکەکان گەیشتە پێنج سەد لیرە[٧٤] ئەفغانی لەپاییزی ١٨٩١ گەیشتە لەندەن، هەر کە لەوێ جێگیر بوو، دەستی کرد بەسوکایەتی کردن بەشاو تانە لێدانی، ئەفغانی لەلەندەن چاوی بەکابرایەکی ئێرانی کەوت، پەیوەندی ماسۆنیزمی پێوە هەبوو، ئەویش میرزا مەلکم خان بوو، ئەم کابرایەش وەکو

ئەفغانی زۆر رقی لەشا بوو، رۆژنامەیەکی بەزمانی فارسی دەرکرد.

(قانون) بۆ هێرش کردنە سەر شا، ئەفغانی بۆ دەرکردنی رۆژنامەکە یارمەتیداو لاپەڕەکانیان لەتانەو تەشەر پڕدەکرد، دژ بەشاو باسکردنی خراپەکاریەکانی و هاندانی گەلی ئێران لێی، (سیر پرسی کۆکس) دەڵێ: رۆژنامەی (قانوون) کاریگەریەکی گەورەی لەئێران هەبوو، مۆلکم خان بەفارسی شێوازێکی زۆرباشی هەبوو، ئێرانییەکانی بەرادەیەك ورووژان هیچ نووسەرێکی دیکە لەمەوبەر نەیکردبوو رۆژنامەکە بەقاچاخی بۆ ئێران لەنێو باڵەی شتومەکی نێردراودا دەنێردرا، حکومەت سزای توندی خستەسەر هەرکەسێك دانەیەکی رۆژنامەکەی لەلابێت[٧٥].

رۆژنامەی (قانون) بۆ عیراقیش رەوانە دەکرا، هەشبوون کاری تێکردبوون، لەعیراق فارسی زانی زۆر هەبوون، بەتایبەتی لەنێو خوێندکارانی ئایینی و زاناکان لەشوێنە پیرۆزەکاندا، دەتوانین بڵێین کەرۆژنامەکە رێگای بۆ کەش و هەوای بزووتنەوەی (مەشروتە) خۆشکرد، کەدواجار روویدا.

سەرەڕای رۆژنامەی (قانون) رۆژنامەیەکی دیکە دەردەچوو، هێرشی دەکردە سەر شا ناوی (ضیاء الخافقین) بوو، کۆمپانیایەکی بەریتانی بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوی دەکردەوە، ئەفغانی بەناوی (سەید)وە تێدا دەینووسی. رۆژێکیان نووسینێکی توندی تیانووسی و، بەناوی گەورە موجتەهیدەکانی عیراق و ئێرانەوە دەستیپێکرد، داوای لێدەکردن بۆ لابردنی شا، وای باسدەکرد کەبەرەبەرە مافی زاناکانیش دەخواو لەپلەو پایەکانیان دادەبەزێنێ و، دەسەڵاتی قسەیان کەم دەکاتەوە تاجەوەکەی بۆ چۆڵ بێت و بەندە بچەوسێنێتەوەو، وڵات قەڵاچۆ بکات و، هەموو جۆرە کارەساتێك هەڵگێڕێتەوەو، هەموو جۆرە ریسوایەك ئاشکراکات



و ئارەزووەکانی دنیای خۆی جێبەجێکات و، شەهوەتە ئاژەڵیەکانی و چەند خوێنی هەژاران و داماوان دەمژێ و، چەند بەچەوساندنەوە فرمێسکی بێوەژن و هەتیوانی رژاندووە..)[٧٦].

باڵیۆزوی ئێران هات بۆلای ئەفغانی، داوای لێدەکردو سوێندیدا بە (باپیرەی مستەفا) کە لەهێرکردنە سەر شا وازبێنێ، داوای لێکرد چی داوا دەکات بیکات لەبری بێدەنگ بوونی، وەڵامی ئەفغانیش ئەمەبوو: (هیچم ناوێ تەنها شا روحی دەرچێ و سکی بدڕێت و بنرێتە گۆڕ)[٧٧].

ئەحمەد ئەمین لەسەر ئەم رەوشتە توندەی کەبەرامبەر شا گرتبوویە بەر لۆمەی ئەفغانی دەکات، دەڵێ ئەمەیش دەقەکەیەتی: (ئەمە زەلەیەکی گەورەیە لەسەید جەمالەدینەوە توورەیی و حەزی تۆڵە سەندنەوە وای لێکردووە، چونکی چۆن رێگەی بەخۆیدا لەوڵاتی ئەجنەبی سووکایەتی بەحکومەتێکی رۆژهەڵاتی ئیسلامی بکات و قسەکانی دەکاتە بیانویەك بۆ دەستێوەردان، گەرچیش لە (العروة الوثقى) دژی دەجەنگا.

چۆن رێی بەخۆیدا ئەم عەیبانە هەڵماڵێ و، ئەم جل و جۆرە پیسانە لەبەر چاوی خەڵکی بشۆرییەوە؟ مەدحەت پاشا لەم سەیرە لەهەڵوێستێکی ئاوهادا میرخاس و دەست پاك تر بوو، چونکی (عەبدول حەمید) دووری خستەوە، پیاوانی لەکورسی وەزارەتەوە بردیان بۆنێو پاپۆڕ، بەبێ پارەو جلوبەرگ و کەسوکار، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەپێی خستە ئەوروپا هەوڵیدا خراپی لەنەتەوەکەی دوورخاتەوەو، سەبارەت بەفەزڵی تورکەکان لەسەر ئەوروپا قسەی دەکرد، وشەیەکی نەدەووت زەم کردنی عەبدول حەمید بێ، کەچی چۆن شا مامەڵەی لەگەڵ جەمالەدین کردبوو عەبدول حەمیدیش ئاوها، لەراستیدا ئەمە هەڵەیەکە لەهەڵەکانی (سەید) میزاجی توندیش وای لێکردبوو)[٧٨].

## داواکردنی لەلایەن سوڵتانەوە

لەکۆتایی ساڵی ١٨٩٢دا رۆستەم پاشا باڵیۆزی عوسمانی لەلەندەن، فەرمانێکی لەسوڵتان عەبدول حەمیدەوە پێگەیشت، فەرمانی پێدەکات بۆ داوەت کردنی ئەفغانی بۆ ئەستەمبوڵ، رۆستەم پاشاش داوەتنامەکە دەخاتە بەردەم ئەفغانی و زۆری لێدەکات بەدەنگی داوەتەکەوە بچێت، ئەفغانی داوای لێبووردنی کرد کەقبوولی بکات و، وتی ئەو سەرقاڵی چاکسازی وڵاتەکەیەتی[٧٩].

دوای چەند رۆژێك نوسراوێك لەئەستەمبووڵەوە بۆ رۆستەم پاشا هات، ئەم رستەیەی تیابوو: (خاوەن شکۆ مەعەزەرەتان قبوول ناکات ئەگەر جەمالەدین قەناعەت پێ بهێنن بۆ هاتن بۆ ئستانە، تاچاوی پێی بکەوێت و کەیش ویستی بگەڕێتەوە بەبروسکە چاوەڕێی ئاگاداریتانین)، ئەفغانی ناچاربوو بەرامبەر بەم سووربوونەی سوڵتان و داوەتەکەی قبوول کردو، چوو بۆ ئەستەمبوول، مێژوونووسەکان لەبارەی هۆی ئەم سووربوونەی سوڵتان عەبدول حەمید کەدەریبڕیوە بۆ داوەتی ئەفغانی ناکۆکن، بەکورتی لێرەدا ئەو قسانە دەخەینەڕوو:

یەکەم: ناسرەدین شا هەر کەهیچ بیانوویەکی بەدەستەوە نەما بۆ رازی کردنی ئەفغانی و بێدەنگ کردنی، نامەی نووسی بۆ سوڵتان عەبدول حەمید داوای لێدەکات ئەفغانی بانگ کاتە لای خۆی تا بیخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە. بۆ دوورخستنەوەی لەبەدکاری[٨٠].

دووەم: سوڵتان عەبدول حەمید دەیویست ئەفغانی بنێرێت بۆ ئەوروپا، بۆ مەسەلەیەکی سیاسی، بەڵام دواجار پەشیمان بوەوە[٨١].



سێیەم: سوڵتان عەبدول حەمید ویستی بەداوەت کردنی ئەفغانی لەبەرچاو خەڵکی خۆی واپیشان بدات کە لەهەموو وڵاتە ئیسلامیەکان سەرپەرشتی زانست و زانایان دەکات، ئەمەیش لەپێناوی پشتگیری کردنی بیرۆکەکەی یەکبوونی ئیسلامی بوو کەسوڵتان هەوڵی بۆ دەدا[٨٢].

چوارەم: سوڵتان دەترسا لەوەی کەئەفغانی بچێتە ریزی کۆمەڵەی (تورکیای کیژۆڵەوە)-ترکیا الفتاە-ی ئۆپۆزسیون و، ببێتە هێزێکی گەورە بۆ هێزەکەیان، بەتایبەتی ئەفغانی لەپاریس چاوی کەوتبوو بەهەندێ لەپیاوانی ئەم کۆمەڵەیەو، نەخشەکەی خۆیان پیشاندابوون و بۆ چاکسازی دەوڵەتی عوسمانی و، مەزهەبەکەیانی بەدڵ بوو، هانیدا بوون بۆ ئیشکردن و ناوی کۆمەڵەکەیانی نابوو (کۆمەڵەی ساڵیح) سوڵتان ئەمەی پێ گەیشتبوو، ناردی بەشوێنیدا، تاریگەی نەدات بچێتە ریزی ئەو کۆمەڵەیەوە[٨٣].

ئەم هۆیانەی مێژوو نووسەکان باسیان کردووە، لەوانەیە هەمووی یان هەندێکیان کاریگەر بووبێت و، پاڵی نابێ بەسوڵتانەوە بۆ بانگێشتکردنی ئەفغانی، بەڵام پێم وایە هۆیەکی دیکە هەیە لەبەرتربوو، بۆ باسکردنی و مێژوونووسەکان لەبیریان کردووە، ئەویش ئەوەیە سوولتان ویستوویەتی ئەفغانی بانگ کات بەلای خۆی تابیکاتە نێوان لەبەینی خۆی و زانایانی شیعە لەعیراق و ئێراندا، تا رایانکێشێ بۆ یەکبوونی ئیسلامی، ئەوەی شایانی وتنە لەم بارەیەوە پەیوندی نێوان شیعەو سونە لەوسەردەمە باش نەبوو، ئەنجامی کۆچ کردنی میرزا شیرازی بۆ سامەڕا، وەکو لەبەشی سێیەمدا خستمانە روو، پێم وایە سوڵتان عەبدول حەمید بەدوای کابرایەکی شیعەوە دەگەڕا بتوانێ ئەو درزە چاك کاتەوە کە لەنێوان هەردوو تایەفەکە دروست ببوو شیعە راکێشێت بۆ یەکبوونی ئیسلامی، وەکو بڵێی ئەنجام ئەو کابرایەی لەخودی ئەفغانی دۆزیەوە، بانگی کرد.

بەهەرحاڵ ئەفغانی بەگەیشتنی بۆ ئەستەمبووڵ ڕێزێکی گەورەی لێنرا لەلایەن سوڵتانەوەو، لە (مسافرخانە) جێگەی بۆ دانا، ئەو تەلارە بوو تایبەتە بۆ میوانەکانی سوڵتان و دراوسێی باخچەکانی کۆشکی یۆڵدزە بوو، مووچەیەکی مانگانەی بۆ بڕیەوە بەبڕی حەفتاو پێنج لیرە، ئەو مووچە گەورەیە لەوڕۆژانە کەم کەس وەریدەگرت و، لە (ئەستەبڵی همایونی) گالیسکەیەکی دایە، دوو ئەسپ ڕایاندەکێشاو لەگەڵ ڕانندەیەك، هەروەها پێی وت کەیەکێك لەجوانترین کەنیزەکانی خۆی بداتێ، بەڵام ئەفغانی ئەم دیاریە بەلەزەتەی ڕەت کردەوە.

ئەفغانی (مسافرخانەی) کردە دیوەخانەیەکی تایبەت بەخۆی، زۆر کەس دەهاتن بۆ ئەو دیوەخانەیە، لەگەورە پیاوان و بیرمەندەکان و لاوانی خوێندەوار، ئەفغانی بەقسە خۆشەکانی سەرسامی دەکردن، وەکو ئەوانەی لەچایخانەی (متاتیا) لەقاهیرە دەیکرد.

ئەفغانی بەهەلی زانی لەکاتی قسەکانیدا ئیعجابی خۆی بەرامبەر بەمەزنی سوڵتان دەردەبڕی و بلیمەتیەتی سیاسی، لەوقسانەی لەم بابەتانە: سوڵتان عەبدول حەمید قورسایی خۆی هەیە لەگەڵ چوار پیاوی لێهاتووی سەردەم بۆ زیرەکی و زۆرزانی سیاسیان، مەملەکەتەکانی ئیسلام لەتەڵەکەی ئەورووپا بەدوور نابێ جگە بەوە نەبێ بچێتە ژێر ئاڵای خەلیفەی مەزنەوە[٨٤].

سوڵتانیش لەلای خۆیەوە هیچ داواکاری و شەفاعەتێکی ئەفغانی ڕەت نەدەکردەوە، شێخ عەبدول قادر مەعزەبی چیرۆکێك دەگێڕێتەوە، دەلالەتی جورئەت و نازی ئەفغانیە لەسەر سوڵتان، ئەمە پوختەکەیەتی: ئەفغانی داوای لەسوڵتان کرد پلەی برادەرێکی بەرزکاتەوە، بەرزی کردەوە، سوڵتان بەڵێنیدا پێی شتێکی باشی بۆ بکات، بەڵام لەبەدیهێنانی بەڵێنەکەی سست بوو، ئەفغانی چوو بۆ دیدەنی سوڵتان و تووڕە بوو، لەبەردەم سوڵتان



ڕاوەستاو، نیشانەی وروژانی پێوە دیاربوو، بەدەنگێکی گڕەوە وتی: (میری ئیمانداران دڵی شکاندووم، میری ئیمانداران دڵی شکاندووم!) سوڵتانیش دڵی دایەوەو فەرمانیدا هەرچییەکی داواکردووە جێبەجێبکرێت، هەر کەئەفغانی هاتە دەرەوە پاسەوانەکەی کیسەیەکی دایە دەستی پێنج سەد لیرەی زێڕی عوسمانی تیابوو[٨٥]، لەساڵی ١٨٩٣دا ڕۆژێکیان لەکۆشکی یوڵدز ئاهەنگێکی گەورە سازکراو سوڵتان ئامادەی بوو، ئەفغانی هات ویستی بچێتە ژوورەوە، یەکێك لەدەرگاوانەکان ڕێگای لێگرت، بەڵام ئەفغانی سوور بوو لەسەر ئەوەی بەناڕەزاییەوە بچێتە ژوورەوە، بەو پێیەی لەڕێزداران و زانایانەو ئەمەیش زای لێدەکات لەگەڵ پایەی هەر یەکێك لەدەعوەت کراوەکان یەکسان بێت، هەر کەسوڵتان بەمەسەلەکەی وانی بانگی کردوو لەپشتیەوە لەدوای کورسی هەمایۆنیەوە ڕایوەستان، ئەوساش ئەفغانی لەسوڵتان نزیکتر بووەوە، زیاتر لەسەرۆکی دەرگاوانەکان[٨٦].

ئەوەی شایانی وتنە ئەفغانی ماوەیەکی زۆر دوای گەیشتنی بەئەستەمبووڵ لەریسواکردنی شاو سوکایەتی کردن پێی بەردەوام بوو، سوڵتان بۆلای خۆی بانگی کردو پێی وت: باڵیۆزی ئێران دووجار داوای کرد چاوی پێم بکەوێت، ڕەتم کردەوە چاوم پێی بکەوێت، پاشان لەجاری سێیەم ڕێگەم پێیدا، داوای لێکردم فەرمانت پێبکەم واز لەشا بێنەو هێرشی مەکە سەر، ئەوەتا منیش داوات لێدەکەم وازی لێ بێنەو لێی گەڕێ.

ئەفغانیش وەڵامی دایەوە: (منیش بۆ ملکەچی بوونی فەرمانت مەولامان، خەلیفەی سەردەم، لەشا خۆش بووم، لەشا خۆش بووم).

ئەوسا سوڵتان وتی: (شای ئێران هەقیەتی ترسێکی مەزن لێت بترسێ)[٨٧].

## هەوڵەکانی لەنزیك بوونەوە:

ئەفغانی لەکاتی نیشتەجێ بوونی لەئەستەمبووڵ بۆ نزیك بوونەوە لەنێوان شیعەو سونەکان و راکێشانی شیعە بۆ یەکبوونی ئیسلامی ئیشی دەکرد، بۆ ئەمەیش پەنای بردە بەر سێ ئێرانی، ئەودەمە نیشتەجێی ئەستەمبووڵ بوون، ئەوانەیش: میرزا حەسەن خان ناسراو بە (خەبیری موڵك)و شێخ ئەحمەدی روحی کرمانی و میرزا عەبدول حسێن کرمانی بوون، یەکێك لەو سیانە شێخ ئەحمەد روحی بوو زۆرترین کەسی بوو کەپەرۆش بوو بۆ یەکبوونی ئیسلامی، تا لەسەر نقێمی ئەنگوستیەلەکەی ئەم رستەیەی نەخش کێشابوو: (داعي اتحاد اسلام، أحمد روحي أمدة نامم)، واتا من داواکاری یەکێتی ئیسلامیم و ناوم ئەحمەد روحیە[٨٨].

ئەفغانی لەگەڵ ئەم سێ کەسە لەکۆشکی سوڵتان کۆدەبووەوەو، هۆڵێکی تایبەتیان بۆ ئامادەکرابوو، تێدا کۆدەبوونەوەو سوڵتانیش لەپشتی پەردەوە چاودێری دەکردن[٨٩].

نامەیان بۆ زانایانی شیعەی عیراق و ئێران دەنووسی و داوایان لێدەکردن ناکۆکی لەگەڵ سونەکان بخەنە لاوە لەسەر مەسەلەی خیلافەت و، کۆبوونەوە لەدەوری سوڵتان عەبدول حەمید، لەپێناوی بەهێزکردنی نەتەوەی ئیسلام بەرامبەر بەکافرەکان، ئەوانەی دەیانەوێ نەتەوەی ئیسلام قووت دەن، لەئەفغانیەوە نامە گەیشتە زانایانی شیعە، دیاربوو دەیزانی چۆن قسەیان لەگەڵ دەکات و، کاردەکاتە سەر ئەقڵیان، چونکی خۆی جاران یەکێك بوو لەوان، پێی دەوتن ئیمام عەلی لەدوای عومەرەوە نوێژی دەکردو، ئامۆژگاری دەکردو، کچەکەی خۆی لێ مارەکرد، ئەم هەمووەی کرد بینا بۆ



بەرژەوەندی ئیسلام و، یەکگرتنی لەرووبەڕووی کافرەکاندا دەبێ چاو لەئیمامەکەیان بکەن و، لەدەوری سوڵتان عەبدول حەمید کۆببنەوەو پشتگیری بکەن، پاشان ئەفغانی باسی ئەوەی بۆکردن، چۆن ئیمام زەینەڵ عابدین داوای سەرکەوتنی خەڵکی سەنگەرەکانی دەکرد، ئەمەیش واتای ئەوەیە کەئیمام داوا لەخودا دەکات، سوپای ئەمەوی سەرخات کە لەسەنگەرەکانی وەڵاتانی ئیسلامی بۆ پاراستنی لەداگیرکردنی کافران و، ئەمڕۆش دەوڵەتی عوسمانی بۆتە پاراستگای سەنگەرەکانی ئیسلامی، بۆیە دەبێ یارمەتی بدرێت و، دوعای سەرکەوتنی بۆ بکرێت، هەندێ بەڵگە ئاماژە بەوە دەکەن، کەنامەکانی ئەفغانی لەناو ناوەندە شیعەکان بەرهەمی هەبووە، رۆژنامەی تایمزی لەندەنی لە ٣ی ئابی ١٩٠٣ باس دەکات کەتیمێك لەزانایانی ئایینی دیار لەئێران داوایان دەکرد دان بەخیلافەتی عوسمانیدا بنرێت.

(براون) ئەم بانگەشەیە وەها وەسف دەکات، لەوانەیە ئەنجامی ئەو هەوڵانە بێت کەئەفغانی ئەنجامیدا بۆ بەرابەری کردن لەنێوان شیعەو سونە[٩٠]، زیاتر هەستی واهەیە کەبانگەشەکەی ئەفغانی هەندێ کارتێکردنی خۆی هەبووبێ لەسەر بزووتنەوەی جیهاد، کەزانایانی شیعە لەعیراق لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهان پێی هەڵسان، ئەوەی جێگای سەرنجە زاناکان لەکاتی راگەیاندنی جیهاد دەستیان بەبانگەوازی بیروباوەڕی زەینەڵ عابدین کرد، بۆ سەرکەوتنی خەڵکی سەنگەرەکان، دانەیەك لەو نامانەی ئەفغانی بۆ زانایانی شیعەی دەنارد کەوتە دەست کونسڵی ئێرانی لەبەغدا، کونسڵەکەش خێرا رەوانەی کرد بۆ ناسرەدین شا، لەگەڵ نوسراوێك لەخۆیەوە کەتێیدا دەڵێ: (ئەفغانی لەگەڵ کۆمەڵێك رەعایای ئێرانی رێکەوتووە بۆ تەسلیم کردنی ئێران، بەسوڵتانی عوسمانی

لەژێر پەردەی یەکبوونی ئسلامی و، زۆربەی زانایانی بۆلای خۆی راکێشاوە[٩١]، هەر کەنوسراوەکەی کونسلْ گەیشتە شا زۆر تووڕەبوو، ناردی بۆلای باڵیۆزەکەی لەئەستەمبوولْ و فەرمانی پێدەکات کەهەموو ڕێگایەك بگرێتەبەر بۆ دەستگیرکردنی ئەو سێ ئێرانیەی، کەهاوکاری ئەفغانیان کردووە بۆ، نووسینی نامەکان و رەوانەیان بکەن بۆ ئێران.

ئەوەبوو باڵیۆز بەهەموو توانایەکیەوە هەوڵی دەدا ئەو سیانە رەوانەی ئێران بکات، ئەنجام توانی بەڕێوەبەری پۆلیس مەحمود پاشا قەناعەت پێ بهێنێ و، بەبەڵێن و دیاری هەڵیخەڵەتاند، بۆئەوەی ئەوانە دەستگیربکات، بەبیانووی ئەوەی گوایە دەستیان لەڕووداوی ئەم دوایەی ئەرمەنیەکان هەبووە، مەحمود پاشا باڵیۆزی ئێران چی ویست ئاوهای کرد، هەرسێکیانی دوورخستەوە بۆ ترابزیۆن، بۆئەوەی لەوێوە بیانگوێزنەوە بۆ ئێران و، هەر کەئەفغانی بەمەی زانی خێرا چوو چاوی بەسوڵتان بکەوێت و پێی وت: (ئەو کەسانە هیچیان نەکردووە تەنها ئەوە نەبێ بەشداریان لەرای من کردووە، سەبارەت بەیەکیەتی ئیسلامی)، سوڵتان مەخابنی خۆی دەربڕی و فەرمانیدا بروسکە بکرێت بۆ ترابزۆن بۆئەوەی ئەو سێیە لەوێ بمێننەوەو نەگوێزرێنەوە بۆ ئێران، پاشان سوڵتان فەرمانیدا بەمونیف پاشا کەخەریك بوو بۆ تاران سەفەری دەکرد، لەلای شا شەفاعەتی بۆ بخوازێت، سوڵتان لەم هەوڵەی سەرکەوتوو نەبوو، چونکی ئەوکاتە تیرۆرکردنی شا بەدەستی کابرایەکی لایەنگیری ئەفغانی روویدا، حکومەتی عوسمانی ناچاربوو تەسلیمیان کاتەوە بەئێران و، لە ١٧ی تەمموزی ١٨٩٦ لەسێدارەدران و پاشان پێستەی سەریانیان گروو پڕیان کردن لەکاو کۆتەڵ و رەوانەی ئێران کران.



## <u>دوای تیرۆرکردنی شا</u>:

شا کاتێ تیرۆرکرا خۆی بۆ ئاهەنگی جەژنی پەنجا ساڵەی حوکمڕانی خۆی ئامادە دەکرد، بەپێی رۆژمێری مانگ، لە ١ی ئایاری ١٨٩٦ کاتێ شاه ئارامگای (شا عەبدول عەزیم)ی زیارەت دەکرد، میرزا محەمەد رەزا کرمانی دەسڕێژی لێ کردو هاواری کردو وتی: (بگرە لەدەستی جەمالەدینەوە)و کوشتنی، کاتی خۆی رۆژنامەکانی بەریتانیا باسی ئەوەیان کرد کەبکوژەکەی بابەکی بووە، بەڵام ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کەحکومەتی ئێرانی لەگەڵ بکوژدا کردی، دەرکەوت لایەنگری ئەفغانییەو لەئەستەمبوولْ لەگەڵ ئەفغانیدا کۆببوەوەو، هانی دابوو شا تیرۆرکات و، بکوژەکە لەلێکۆڵینەوەدا دانی بەوەدا نا کەسوڵتان عەبدول حەمید فەرمانی دابوو بەئەفغانی بەوەو پێی وتبوو (لەهیچ مەترسە)[٩٣].

حکومەتی ئێران داوای لەحکومەتی عوسمانی کرد کەئەفغانی تەسلیم کاتەوە، حکومەتی عوسمانی قبووڵی نەکرد، بەبیانووی ئەوەی گوایە ئەفغانیە نەك ئێرانی–دیاربوو ئەفغانی ترسابوو ئەنجام وەکو سێ هاوڕێکەی حکومەتی عوسمانی تەسلیمی کاتەوە، ئەوەبوو چوو بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیاو داوای پارێزگاری کرد، باڵیۆزخانەی بەریتانیاش بەرپرسیاری رەعایای ئەفغانی بوو، لەبەر نەبوونی باڵیۆزخانەی ئەفغانی ئەو سەردەمە لەئەستەمبوولْ، هەر کەسووڵتان هەواڵی پەنابردنی بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیا پێزانی، یەکێك لەپاسەوانەکانی خۆی نارد، بەناوی ئیسلامەوە داوای لێدەکات بەم ئیشەی کەرامەتی خەلیفە ریسوا نەکات، ئەفغانی داواکەی سوڵتانی قبولْ کردو لەسەفەرەکەی پەشیمان بووەوە،

جانتاكانی ئامادەكردبوو[٩٤]، حكومەتی ئێرانی بەردەوام بوو لەزۆركردن لەحكومەتی عوسمانی بۆ تەسلیم كردنەوەی ئەفغانی و، ئەنجام بەڵگەنامەیەكی نارد بۆ حكومەتی عوسمانی كە لەلایەن خەڵكی ئەسەد ئابادەوە مۆركرابوو، شایەتی ئەوە دەدەن كەئەفغانی كوڕی شارەكەیانە، مەبەستی حكومەتی ئێران لەم بەڵگەنامەیە ئەوەبوو كەبیسەلمێنێ ئەفغانی هاووڵاتی خۆیەتی و، حەقیەتی داوای تەسلیمكردنەوەی بكات، بەڵام حكومەتی عوسمانی گوێی بەو بەڵگەنامەیە نەداو لەسەر هەڵوێستی خۆی بۆ تەسلیم نەكردنەوەی ئەفغانی بەئێران سووربوو[٩٥].

## كۆتایی ئەفغانی:

سوڵتان عەبدول حەمید سەرەڕای ئەوەی ئەفغانی تەسلیم نەكردەوە بەئێران، ئەو خۆشەویستیەی جارانیشی بۆ ئەفغانی نەمابوو، وەكو لەمەوبەر هەیبوو. دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوانیان ڕۆژ بەڕۆژ روو لەخراپە بوو. (ئەبو هودا سەیادی) ئەمەی بەهەل زانی و، زۆر رقی لەئەفغانی بوو لەلای سوڵتان دەستی بەتەڵەكە نانەوە كردبوو، سوكایەتی پێدەكرد، ئەمەیش بووە هۆی دابەزینی پلەو پایەی ئەفغانی لەبەرچاو سوڵتاندا، هەر كەخەڵكی بەساردی و سڕی پەیوەندی نێوان ئەفغانی و سوڵتانیان زانی، ئیدی كەم هاتووچۆی ئەنجومەنەكەی ئەفغانیان دەكرد لەكۆشكی میوان، (پلنت) لەزاری محەمەد عەبدەوە دەڵێ: (دابەزینی پایەی ئەفغانی لەلای سوڵتان وای لەبرادەرە كۆنەكانی كرد لێی دووركەونەوە، هەروەها هاوڕێكانی ئەوانەی لەكۆشكی میوان دابەزیبوون بەرەبەرە وازیان لێی هێنا، هەر كەئەفغانی مرد كەسی لەلا نەبوو، تەنها خزمەتكارێكی دڵسۆز نەبێ،



ئەم خزمەتكارەش نەسرانی بوو)[٩٦].

مەرگی ئەفغانی وەكو دەیانووت ئەنجامی نەخۆشی شێرپەنجە بوو لەكاژێرەی، ئەفغانی لەسەرەتا ئازاری لەدانەكانی هەبوو، دكتۆر ئامۆژگاری كردبوو هەڵیكێشێ، هەر كەدانەكانی هەڵكێشا، ئازاری زیاتر بوو ئاوسا، هەر كەسوڵتان بەمەسەلەكەی زانی نەشتەرگەری تایبەتی خۆی ئەسكەندەر پاشا قەمبوور زادەی ناردە لای، ئەمیش سێ نەشتەرگەری یەك لەدوای یەكی بۆ كرد، كاژێرەیەكی دەرهێنا لەگەڵ بەشێكی زمانی بڕیەوە، دیاربوو ئەم نەشتەرگەریانە لەلابردنی شێرپەنجەكە هەمووی سەركەوتوو نەبوون، ئەفغانی چەند مانگێك بەدەم ئازارەوە دەینالاند، تا لە ٩ی مارتی ١٨٩٧ گیانی لەدەستدا.

ئەفغانی لەكاتی مردنیدا كەسی لەلا نەبوو، جگە خزمەتكارێكی نەسرانی نەبێ، وەكو لەمەوبەر وتمان، ئەمیش لەقبتیەكانی میسر بوو، ناوی جورجی ئەفەندی كوتجی بوو، دڵسۆزیەكی بێ وێنەی بۆ ئەفغانی نواند، لەمیحەنەتەكەیدا، لەتەكی بوو بەجێی ناهێشت تەنها ساتەكانی خەوتن نەبێت، دەڵێن خزمەتكار نەبوو بگرە برادەری بوو، لەكیسەی خۆی دووسەد لیرەی لێ خەرج كرد[٩٧]، لێرەدا دەبێ نهێنی ئەم دڵسۆزیە سەیرە بپرسین!

هەر كەجورجی ئەفەندی دڵنیابوو لەمردنی ئەفغانی ناردی بەشوێن هەندێ لەبرادەرەكانیدا، كەسیان نەهاتن تەنها دووانیان نەبێ، پیاوانی پۆلیس هاتن و دەستیان بەسەر كاغەزەكانی ئەفغانیی و بەرماوەكانیدا گرت، پاشان چوار كوڵهەڵگریان هێناو تەرمەكەیان بۆ گۆڕستان برد پێیان دەوت (شێخلەر مەزار لغی) واتا گۆڕستانی شێخەكان، هەر كەهەواڵی مردنی ئەفغانی لەنێو خەڵكی بڵاوبوەوە، تاقسەو باس و پڕوپاگەندەی جۆراوجۆر لێرەو لەوێ پەیابوون، نەیارەكانی سوڵتان ئەمەیان كردە ئامرازێك بۆ

سوکایەتی کردن بەسوڵتان و، تاوانباریان دەکرد، کەفەرمانی داوە بۆ کوشتنی ئەفغانی، لێرەدا ناوی ئەفغانی چووە ریزی پاڵەوانە شەهیدەکانەوە، روایەت خوێنەکانیش لەبارەیەوە ئەفسانەیان دەگێڕایەوە، ئەمەی بەرامبەر هەموو (پاڵەوانێکی شەهید) عادەتیانە.

## گواستنەوەی ئێسک و پرسکی ئەفغانی:

گۆڕەکەی ئەفغانی لەئەستەمبوڵ تاساڵی ١٩٢٦ پشتگوێ خرابوو، بایەخی پێ نەدەدرا، لەوساڵەدا کابرایەکی ئەمریکی ناسراو چارڵس کراین هات بۆ ئەستەمبووڵ، لەسەر گۆڕەکەی ئەفغانی پێکهاتەیەکی رووخامی جوانی دروستکردو، بەپەرژینێکی ئاسن دەوریداو، لەسەر یەکێك لەڕووبەرەکانی ئەم رستەیەی نووسی (ئەم مەزارە برادەری دڵسۆزی هەموو موسڵمانەکانە لەجیهان، خێرخوازی ئەمریکایی چارڵس کراین ساڵی ١٩٢٦ دروستی کردووە).

لەساڵی ١٩٤٤ حکومەتی ئەفغانی هەوڵیدا ئێسك و پروسکی ئەفغانی لەئەستەمبووڵەوە بگوێزێتەوە بۆ کابوڵ، ئێسك و پروسکەکە لەعیراقەوە گوێزرایەوە، لە ١٠ی کانوونی یەکەم ١٩٤٤ نەعشەکە کەئێسك و پروسکەکەی تیابوو لەموسڵەوە گەیشتە بەغدا، لەوێستگەی شەمەنەفەر زۆر بەگەرمی پێشوازی نەعشەکە کرا، پاشان برا بۆ مەزگەوتی شێخ عەبدول قادر گەیلانی و لەوێ دانرا، ئەنجومەنی ئەمانەتی پایتەخت لەوبۆنەیەدا بڕیاریدا یەکێك لەشەقامەکانی بەغدا بەناوی ئەفغانیەوە بنرێت، ئەو شەقامە پان و بەرینەیە کە لەگۆڕەپانی عەنتەر لەئەعزەمیەوە درێژبوەتەوە تا ئاو بەندە نوێیەکە لەلای رۆژهەڵات لە ١٥ی کانوونی یەکەم لەمزگەوتی عەبدول



قادر ئاهەنگی ماڵئاوایی ئێسك و پروسکەکە دەستی پێکردو، لەوێ تەها راوی و خالید هاشمی و جەلال حەنەفی و ئەحمەد زەکی خەیات وتاریان خوێندەوەو محەمەد مەهدی جەواهیری شاعیر شیعری خوێندەوە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

هويت لنصرة الحق السهادا     فلولا الموت لم تطق الرقادا

پاشان نەعشەکە گوێزرایەوە بۆ فڕۆکەخانەو، لەوێ فڕۆکەیەکی تایبەت بەرەو بەسرا هەڵیگرت، لەوێشەوە لەڕێگای دەریاوە گوێزرایەوە بۆ هندستان، پاشان لەوشکاییەوە برا بۆ کابوڵ، نەعشەکە لەکابوڵ پێشوازییەکی گەورەی کرا، محەمەد زاهیر شاو وەزیرەکانی بەشدارییان تیاکردو، شا یەکێك بوو لەوانەی تابووتەکەی خستە سەر شانی، ئەنجام ئێسك و پروسکەکە لەئارامگایەکی قەشەنگ لەناوەڕاستی زانکۆی کابوڵ نێژرا.

## رواڵەتەکانی کەسایەتی:

ئەفغانی باڵا مام ناوەندی نزیك لەکورتی بوو، رەشتاڵە بوو، هەندێ رەنگ زەرد بوو، گۆشتە نەرمەی هەردوو گوێچکەی شۆڕبوو، بەشان و باهۆو رووخسار سەرنج راکێش بوو، چاوی کز بوو بۆ خوێندنەوە کتێبی لەچاوانی نزیك دەکردەوە، دواجار بۆ خوێندنەوە چاویلکەی بەکاردەهێنا.

خۆش مەشرەب بوو، بەشووش، بەگەرمی پێشوازی لەمیوانەکانی دەکرد، سەرەڕای جیاوازی چینەکانیان، بۆ پێشوازیان هەڵدەستایە سەرپێی و، بۆ ماڵئاوایی کردنیان دەهاتە دەرەوەو بۆ سەردانکردنی بچووکیان بەفیز نەبوو(٩٨).

هەمیشە سەروچاو گەش بوو، رووخۆش لەگەڵ قسەکردندا چاوەکانی نەستەق لەلایەن هاودەمەکانیەوە[٩٩]، نیگاکانی بەهێزبوون و، کاریان لەگوێگرەکانی دەکرد، هەندێ کەس ئاوها وەسفیان کردووە (چاوەکانی تروسکایەکی سەیریان تیابوو، دەتووت تروسکایی ڕووناکیەکی تووندە لەتاریکی ئەنگوستە چاودا))[١٠٠]، بەڵام هەندێ جار توند دەبوو، لەهێڵی مامناوەندی دەردەچوو، لەبەرژەوەندی دووری دەخستەوە، هەروەکو قوتابیەکەی محەمەد عەبدە ئاماژەی پێداوە کەدەڵێ: (زۆرجار ئەوەی زیرەکی دەریدەخست توورەیی دەیڕووخاند))، ئەفغانی زمانی فەسیحی عەرەبی لەگەڵ دانیشتووانەکانی بەکاردەهێنا ئەگەر گوێگرەکەی بەزمانی عامە قسەی کردبایە ئەویش بەزمانی عامی (جڵفە) قسەی دەکرد[١٠١]، زمانەکەی هەرچەنێ فەسیح بوو، بەڵام لە لەکنەیەکی سووک کەنیشانەی ئەوەبوو رچەڵەکی عەجەمە خاڵی نەبوو، حەزی لەدرێژدادڕی دەکرد، بەڵام قسەکانی زۆرجار وەرزی بەخش نەبوون، ئەفغانی جگەرەی زۆر دەکێشا، حەزی لە (سیگار) بوو، زیاتر لەجگەرەی ئاسایی، هێندە حەزی لەجگەرەکێشان بوو، پشتی بەکەس نەدەبەست تابچێ جگەرەی بۆ بکڕێ، بگرە خۆی دەچوو بۆ بازاڕو خۆی جگەرەی جۆری ئەفرەنجی نوێی هەڵدەبژارد، بۆ ئەمە بەشێکی زۆری درامەتەکەی خەرج دەکرد، پێی وابوو جگەرەکێشان مێشك دەکاتەوە، هەر ئەویش یارمەتیدا ئەوروپیەکان ئەو داهێنانە مەزنانە دابهێنن، هەستیاران پێیان وایە هۆی سەرەکی تووشبوونی کاژێڕەی بەنەخۆشی شێرپەنجە زۆر جگەرەکێشان بوو، ئەفغانی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە فێربوو نازناوی خۆی بگۆڕێت، لەمیسرو تورکیا نازناوی کردبوو بە (ئەفغانی) کەچی لەئێران کردبووی بە (حوسەینی)، لەپەڕاوە پارێزراوەکانیدا دەردەکەوێت کەنازناوی دیکەی



بەکارهێناوە وەکو (ئەستەبوولی). (کابولی)و (ڕۆمی)و (تووشی)و (ئەسعەد ئابادی)، هەستیاران پێیان وایە بەپێی گۆڕانی بارودۆخ لەکاتی سەفەرە جیاجیاکانیدا، نازناوی خۆی دەگۆڕی، ئەو نازناوەی بەکاردەهێنا دەیزانی کە لەخەڵکی نزیکی دەکاتەوە لەو دەوروبەرەی لێی نیشتەجێ دەبوو، ئەفغانی وەکو چۆن نازناوی خۆی دەگۆڕی، ئاوهاش جلوبەرگ و مێزەری دەگۆڕی، لەئێران مێزەری ڕەشی دەبەستەوە، چونکی دروشمی پیاوانی ئایین بوو، ئەگەر چووبایە بۆ میسرو تورکیا هەندێ جار مێزەری سپی دەبەستەوە لەسەر تەربووش، هەندێ جاریش بەبێ تەربووش، هەندێ جار لەئەوروپا تەربووش بەرووتی لەسەر دەنا[١٠٢]، بەڵام لەحیجاز چەفتەو عەگالی لەسەر دەنا، دەڵێن لەهەندێ گەڕانەکانیدا مێزەری سەوزی بەستووەتەوە،[١٠٣] کێ چووزانێ لەوانەیە شەبقەیشی لەسەر کردبێ، ئەفغانی لەرەوشتی خۆی توندڕەو نەبووە، وەکو هەندێ لەهاوپیشەکانی خەڵکی مێزەر بەسەر دەیانکرد، کاتێ نیشتەجێی قاهیرە بووە، لەگەڵ هەندێ برادەر چووە بۆ باڕی بیرە لەئۆزبەکیە، لەباڕەکە کچە مەیفرۆشێکی ئەوروپی شۆخ هەبووە، برادەرەکانی گرەوی ئەوەیان کردووە کەدەتوانێ بیکاتە پێکەنین و گریانیش، پاشان دەستی بەقسەکردن لەگەڵ کچەکە کردو خستیە گریان و پێکەنینەوە، وەکو گرەویان کردبوو، هەر کەنیشتەجێی ئەستەمبووڵ بوو، دەچووە سەیرانگای (کاغدخانە)، دەچوو بۆ کوختی قەرەجەکان کەدەکەوتە لایەکیەوەو قسەی بۆ دەکردن و بەخشیشی دەدانێ[١٠٤]، سەلیم عەنحوری دەگێڕێتەوە کەئەفغانی تۆزێك کۆنیاکی دەخواردەوە[١٠٥]، کابرایەکی خەڵکی نەجەف پێی وتم، جارێکیان ئەفغانیان دیوە دەچووە قەحپەخانەیەکی گشتیەوە لەعشقباد کەسەردانی کردبوو، ئەوەی زانراوە لەبارەی ئەفغانی ژنی نەهێناوەو، ئارەزووی ژنی نەبووە،

چەند جارێك لەم بارەیەوەپرسیاری لێکراوە، وەڵامی داوەتەوە نایەوێ ژن بێنێ، چونکی لەسەفەرە زۆرەکانی و ئیشە جۆراوجۆرەکانیدا دەبێتە بار بەسەریەوە[١٠٦]، پێم وایە ئەم پاکانەیە دروستکراوە لەلای ئەفغانی، یان هۆیەکی دیکەی هەیەو، لەخەڵکی شاردوەتەوە، لەوانەیە ئەفغانی کەم شەهوەت بووە بۆ ژن، یان ئەوەتا نێرەمووك بووەو بڕای بڕ شەهوەتی نەبووە، چونکی ئەگەر شەهوەتێکی بەهێزی هەبووایە ڕێگەی لێ نەدەگرت بەهەر شێوەیەك بێت، پەیوەندی لەگەڵ ژندا بکات، دیتمان زۆربەی مەزنە پیاوانی مێژوو ژنیان هێناوەو، پەیوەندیان بەژنەوە کردووە، سەرەڕای سەرقاڵ بوونیان و سەفەرەکانیان، پاشماوەکانی ئەفغانی ئاماژە بەوە دەکەن، کەپەیوەندی بەهەندێ ژنە شۆخی ئەورووپاوە هەبووە، بەتایبەتی ژنێك ناوی (کاتي) بووە، لەوانەیە ئاشقی بووبێت، یان ئەوەتا ژنەکە ئاشقی ئەو بووە[١٠٧]، نازانین- گریمان ئەم ئەشقەی نێوانیان بوونی هەبووبێ- ئایا تەنها خۆشەویستیەکی ئەفلاتوونی بووە یان لەوە قووڵتر بووە؟!

## بیروباوەڕو مەزهەبی فیکری:

ئەفغانی لەبیروباوەڕی ئاییینیدا توندڕەو نەبووە، وەکو کەسانی دیکە لەهەڵسوکەوتدا توندڕەو بوون، ئەوەی مایەی سەرنجدانە دۆست و موریدەکانی لەئایین و تایەفە جیاجیاکان بوون، مەسیحی و جوولەکەو بەهائی و ئەزەلی و سونی و شیعی و ئاگر پەرست و خوانەناسیان تیابووە، هەندێ لەبەڵگەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کە لەبیروباوەڕی ئاییینیدا رای قوتبی سۆفیگەری بەناوبانگ محێدین کوڕی عەرەبی کاری تێکردووە، پێی وابوو هەموو ئایینەکان بەجیاوازی بیروباوەڕیانەوە یەك ئایینن و بنەماکەی



خۆشەویستیە، بەڵام خەڵکی لەهەست کردن بەوەی دەیپەرستن بەپێی جیاوازی هەست و ئەقڵیان جیاوازن، ئەفغانی سەرەڕای ئەوەی شیعە بوو، کوێرانە دەمارگیری شیعەگەری نەبوو، لەکاتێکدا دەبینین رەخنە لەئەهلی سوونەت دەگرێ، چونکی دەرگای ئیجتیهاد دادەخەن[١٠٨]، دەشبینین رەخنە لەشیعە دەگرێ، لەسەر دابونەریتی سازدانی تەعزیەباری حوسەینی و بەزنجیر لەخۆدان[١٠٩]، یان لەئاڵتوون گرتنی ئارامگا پیرۆزەکان و کرنۆش بردن بۆیان[١١٠]، ئەفغانی پێی وابوو ورووژاندنی مەسەلەی خەلافەت دوای مردنی پێغەمبەر، مەسەلەیەکە لەئێستادا زیان بەموسڵمانەکان دەگەیەنێ و سوودبەخش نییە بۆیان، لەمەدا دەپرسێ و دەڵێ: ئەگەر سوونەکان رازی بوون بەوەی کەخیلافەت هەقی عەلی یە، ئایا شیعەکان بەمە سوود وەردەگرن؟!! یان ئەگەر شیعەکان رازی بوون کەخیلافەت هەقی ئەبوو بەکرە، ئایا سونەکان سوودی لێ وەردەگرن؟!! دواجار ئەفغانی دەڵێ: (ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کەئیسلامەکان لەم بێ ئاگایە ئاگاداربینەوە؟ لەم مردنە بەر لەمردن؟!..)[١١١]

شێخ مستەفا عەبدول رەزاق لەوەسفی ئەفغانیدا دەڵێ: (جەمالەدین شیعە بێ یان سونە بێت لەنێوان موسڵمانەکاندا لەسەرووی هەموو مانایەکی دەمارگیری و دووبەرەکیدا بوو، بگرە لەسەرووی هەموو دەمارگیریەکی تەسکەوە بوو، کە لەناو خەڵکی سەردانەواندن و دوژمنایەتیەکان دەدۆزێتەوە)[١١٢].

ئەفغانی لەتێڕوانینی بۆ مەسەلەکان مەیلی مەبدەئی جۆرێك لەرێژەیی هەبوو، محەمەد مەخزومی لەبیرەوەریەکانی خۆیدا دەڵێ: ئەفغانی بەهرەیەکی تایبەتی لەهێزی قەناعەت پێ هێناندا هەبوو، بەجۆرێك دەیتوانی شتێك بهێنێتەوە لەهەمانکاتدا، کەمایەی خراپەو چاکەش بێت،

لەبارەی نهێنی ئەم توانایەوە لەئەفغانیان پرسی ئەمە وەڵامەکەی بوو: هەموو شتێ دوو رووی هەیە، هەموو مرۆڤێ خاسیەتی چاکەو خراپەی هەیە، حوکم دان لەسەر کەسەکان و شتەکان بەگۆڕانی بارودۆخ دەگۆڕدرێت، گۆڕانی ئارەزووی تەماشاکەرو هەڵوێستی.

ئەگەر لەڕووی چاکەکانییەوە تەماشای کەسێکمان کرد مەدحی دەکەین، ئەگەر لەڕووی خراپەکانی تەماشای بکەین زەمی دەکەین، ئەفغانی بۆ لایەنگیری ئەم رایە نموونەی لەژیانی پێغەمبەر دەهێنایەوە، رۆژێکیان کابرایەکی هەژار بۆ نان خواردن بانگی پێغەمبەری کرد، خواردنەکەی ئادەمەی (سرکە) بوو پێغەمبەر پێی وت: (بەڵێ ئادەمەی سرکە خۆشە) بۆ دڵخۆشکردنی دڵی پیاوە هەژارەکە، کەهیچی نەبووە جگە (سرکە) نەبێ، پاشان رۆژێکی دیکە کابرایەکی خۆشگوزەران داوەتی دەکات، خواردنەکەی ئەویش (ئادەمەی سرکە) دەبێت پێی دەڵێ: (ئادەمەی سرکەکە خراپ بوو) کەواتە پێغەمبەر سرکەکەی مەدح و زەم کردووە بەپێی جیاوازی بارودۆخ[١١٣].

## مەزهەبی بەرابەری:

ئەفغانی لەسەردەمێکدا ژیا ململانێ لەوڵاتانی ئیسلامدا لەنێوان کۆن و نوێدا توندبوو، لایەنگرانی کۆن وشك بوون، نایانەویست بە تاڵە موویەك لەوەی باوپیرانیان لادەن، کەچی لایەنگرانی نوێ لەنوێخوازی خۆیان بەردەوام بوون، بەشێوەیەك گاڵتەیان بەهەموو کۆنەیەك دەکرد، سەرەڕای ناوەڕۆکەکەیشی.

ئەفغانی هات و پەیامێکی بەرابەری (توفیقی) فیکری پێ بوو بۆ



بەرابەری کردن لەنێوان هەردوو تیمەکەدا، ئەفغانی بەمەزهەبە بەرابەریەکەی (توفیقی) کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ئەقڵی زۆربەی موسڵمانەکان دروستکرد، بەتایبەتی خاوەن رۆشتبیرییە نوێیەکان، چونکی ئەمانە دووچاری ململانێیەکی دەروونی ببوون ئەنجامی ئەو ناکۆکی بینیەی نێوان زانستە نوێیەکان و، هەندێ لەدەقەکانی قورئان و، پەندە ئاینیەکانی دیکە، زۆر بەلایانەوە زەحمەت بوو گومان بخەنە سەر ئایینەکەیان لەلایەك، هەروەها بەلایانەوە زەحمەتیش بوو ئەوەی زانستە نوێیەکان هێناویانە لەداهێنان و تیۆرە مەزنەکان رەتبکەنەوە لەلایەکی تر، کاتێ ئەفغانی مەزهەبە تەوفیقیەکەی خۆی بۆهێنان، چارەسەری خۆیان لەوەدا دۆزیەوەو، دابارینە سەری و شەیدای بوون، محەمەد رەشید رەزا باسی کاریگەری ئەو نووسینانەمان بۆدەکات لەسەر بیروباوەڕی ئەو دەمەی لاو بوو، کە لەگۆڤاری (العروة الوثقی) بلاودەبوونەوە دەڵێ: (وارێکەوت خەریکی هەڵدانەوەی هەندێ لەکاغەزەکانی باوکم بووم، خوای لێ خۆشبێ، دوو ژمارەی گۆڤاری (العروة الوثقی)م لەرچاوکەوت، بەتاسەو لەزەتەوە خوێندمنەوە).

کارێکی سیحراویان کردە سەر دەروونم، دەستم بەگەڕان کرد، بەدوای ژمارەکانی تری، هەندێکیانم لەلای باوکم دۆزیەوە، ئەوەکانی دیکەش لەلای مامۆستام شێخ حسێن جسر تەرابولسی دۆزیەوە، هەموویانم کۆپی کردو، جار لەدوای جار دەمخوێندنەوە، بەمەش بۆ رێگایەکی نوێ لەتێگەیشتنی ئایینی ئیسلام گواستمەوە، ئەویش ئەوەیە کەتەنها ئاینێکی رۆحی و ئەودنیایی نییە، بەڵکو ئاینێکی رۆحی و جەستەیی و ئەودنیایی و ئەم دنیایەشە، ئەم تێگەیشتنە نوێیە رایەکی بۆ هێنام، لەسەروی ئەوەی کە لەرێنمایی کردنی موسڵمانەکان دەمبینی، بەرلەوە خەمی ئەوەم بوو، کەچۆن بیروباوەڕی موسڵمانەکان راستکەمەوەو، لەحەرام دووریان خەمەوەو

بۆ تاعەت و زاهیدی لەدنیادا هانیان بدەم، دوای ئەوە بەوەوە گیرسامەوە کەدەبێ رێنمایی موسڵمانەکان بکەم، بەگشتی بۆ مەدەنیەت و پاراستنی ماڵ و موڵکی خۆیان و، پێشبڕکێ لەگەڵ نەتەوە ئازیزەکاندا لەزانست و هونەرو پیشەسازی و هەموو بنەماکانی ژیان، بۆئەمەش خۆم بەتەواوی ئامادەدەکردو، بەدوای شوێنەوارەکانی سەیدو شێخ محەمەد عەبدەدا دەگەڕام و، ئەوەی لەسەریان وتراوەو نووسراوە، سەید لێرەدا مەبەستی ئەفغانییە، بەبێ ئەوان تێدەکۆشام و بەحەماسەت و بەتووندی بەرگریم لێیان دەکرد، تەنانەت کەس نەیدەتوانی لەبەردەمم تانەیان لێبدات..)[١١٤]، ئەفغانی بەمەزهەبە تەوفیقیەکەی لەئەحمەد خانی هندی دەچوو، چونکی هەردووکیان رووبەڕووی هەمان ململانێی کۆن و نوێ ببوونەوە، بەڵام هەڵوێستیان بەرامبەر بەئیستعماری بەریتانیا جیاوازبوو، ئەحمەد خان مەیلی سازش کردنی لەگەڵ ئیستعمار هەبوو، کۆکردنەوەی بایەخدان بەفێرکردنی موسڵمانەکان و رۆشنبیرکردنیان، بەڵام ئەفغانی مەیلی تووندوتیژی و شۆڕشی هەبوو.

ئەوەی شایانی وتنە ململانێیەك وەکو ئەو ململانێیەی رووبەڕووی ئەفغانی و سەید ئەحمەد خان ببوەوە، لەمێژا لەئیسلامدا روویدابوو، دوای ئەوەی فەلسەفەی گریکی بۆ وەرگێڕدرا، ئەوسایش ناکۆکیەکی توونـد لەنێوان فەلسەفە خوازەکان و دیندارەکاندا بەرپابوو، واتا لەنێوان ئەقڵانیەکان و نەقڵ خوازەکاندا، هەر تیمێك ئەوی دیکەی بەکافر دەردەکردو، هەوڵی دەدا ئەگەر توانای هەبوو بیچەوسێنێتەوە، ئەوەبوو بیرمەندی ئەندەلووسی ئیبن روشد هات و، ویستی لەنێوان هەردوو تیمەکەدا بەرابەری بکات، رای وابوو کەفەلسەفەو ئایین هەردووکیان هەقن، کەواتە لەگەڵ یەکتر ناکۆك نین، چونکی هەق رێگا لەحەق ناگرێت، ئەگەر



جیاوازی لەنێوانیان پەیابوو، هۆیەکەی ئەوەیە ئایین ئاڕاستەیە بۆ خەڵکی رەشۆکی.

بەڵام فەلسەفە ئاڕاستەیە بۆ خەڵکی تایبەت، ئەمەیش واتا وایە جیاوازی لەشێواز هەیە نەك لەناوەڕۆکدا، ئیبن روشد پێی وایە پێغەمبەرەکان و فەیلەسوفەکان هەموویان مەبەستیان بەرژەوەندی ئادەمیزاد بووە، پێغەمبەرەکان سروشتی خەڵکی رەشۆکیان ناسیوەو، ئەو یاسایانەیان بۆ هێناون کە لەگەڵ بیکردنەوەیاندا بگونجێ، پێغەمبەرەکان بەرای ئیبن روشد لەگەڵ خەڵکی بەقەدەر ئەقڵیان قسەیان لەگەڵ دەکەن و، بۆنموونەش وتەیەکی عەلی کوڕی ئەبی تالیب هێناوەتەوە (بەقەدەر ئەقڵیان قسە لەگەڵ خەڵکی بکەن)، ئەگەر بینیمان لەئایین دەقێك پێچەوانەی فەلسەفەیە لەرووکەشدا، دەبێ پەنا بەرینەبەر (تەئویل)، واتا دەقەکە بەواتایەکی مەجازی وەربگرین و، واز لەواتایی دەقاودەق بهێنین کەئاماژەو هێمایە[١١٥]، کاتێ لەبیروباوەڕەکانی ئەفغانی دەکۆڵینەوە دەبینین رای ئیبن روشدی پێوە دیارە، محەمەد مەخزومی لەبارەی دەگێڕێتەوە کە لەیەکێك لەکۆڕەکانی لەئەستەمبووڵ باسی ئەو ناکۆکیەی کرد لەنێوان دەقە قورئانیەکان و بیروباوەڕە زانستیە نوێیەکان و، وتی: ئەمەیش دەقەکەیەتی: (نەزانی و وشکی لەلای زۆربەی ئەوانەی کەخۆیان بەپۆشاکی زانایان پۆشی بوو تەشەنەی کرد، تا نامەقووڵی وابکەن و، بڵێن قورئان پێچەوانەی راستیە زانستە چەسپاوەکانەو، قورئان لەوانە بەریە کەپێدەڵێن: زانست خڕی زەوی سەلماندو سوڕانەوەشی و، چەسپانی خۆرو سوڕانەوەی بەدەوری خۆیدا، ئەم راستیەو لەگەڵ راستیە زانستیەکان دەبێ لەگەڵ قورئان یەکبن، دەبێ قورئان لابرێ لەسەرپێچی کردنی زانستی راستەقینەو، بەتایبەتی لەگشتیەکان، ئەگەر لەقورئان لەگەڵ راستی زانست و گشتیەکان یەك نەبوو،

تەنها ئەوەمان بەسە کە لەئاماژەدا هاتووەو، دەگەڕێنەوە بۆ تەئویل، چونکی زانستەکان و داهێنانەکان بەراشکاوی و روونی لەقورئاندا نەهاتوون، لەسەردەمی هاتنە خوارەوەی لەخەڵقەندە نادیارو شاراوە بوو نەهاتە دەرەوە بۆ بوون، ئەگەر قورئان بهاتباو بەراشکاوی باسی هێڵی ئاسنین و بروسکەو کارەبا چ شتی سەیر دروستدەکات و شتی تر سەری لەخەڵکی تێك دەداو بڕوایان پێی نەدەکردو بەدرۆیان دادەنا، بۆیە دەبینین تەنها ئاماژەی پێکردووە کەئەمڕۆ روودەدەن و، ئەوەی دەشێ لەئایندەش رووبدات، لەگەڵ حیسابکردن بۆ ئەقڵی خەڵکی و، نزیککردنەوەی شتەکان لەزەین لەرێگای تەماشاکردنیان و توانای تێگەیشتنیان).

پاشان ئەفغانی بۆ پشتگیری کردنی ئەم رایەی خۆی نموونە لەقورئان دەهێنێتەوە، خەواندنی موگناتیسی و تەلگراف و فڕین و خڕی زەوی و ئەوەی فەلەکیەکان پێشبینی دەکەن لەجیاوازی سیستمی خۆر لەئایندە، هەمووی لەقورئاندا بەشێوەی هێماو ئاماژە هاتووە، پێویستە لەسەرمان پەنا نەبەین بۆ تەئویل بۆ دەرهێنانی واتای راستەقینە لێی، ئەو واتایەی کە لەگەڵ دۆزراوەکانی زانستی نوێ ناکۆك نییە[١١٦]، ئەم مەزهەبە تەوفیقیە کەئەفغانی گرتبوویە بەر، لەدوای خۆی کاری کردە زۆرکەس، یەکەم کەس لەعیراق کاری تێکرد (هەبەدین شەهرستانی) بوو، چونکی لەساڵی ١٩١١ کتێبێکی بەناونیشانی (هەیئەت و ئیسلام) دەرکرد، ویستی ئاماژە بەوەبکات کەهەموو تیۆرە فەلەکیە نوێیەکان لەقورئاندا هاتووە، یان لەسەر زاری پێغەمبەرو دوانزە ئیمامەکەدا هاتووە، دەبینین ئەم مەزهەبە ئەمڕۆ لەمیسر رەواجی هەیەو، لایەنگرو موعجیبی هەیە، لایەنگرانی-تائێستا- کتێبی زۆر دەردەکەن و دەیانەوێ و دەیسەلمێنن کەقورئان هەموو ئەو زانستە نوێ و داهێنان و تیۆرانەیان تیایە-راستی رەت ناکەم ئەگەر بڵێم



ئەوانە لەم رووەوە زۆر زیادەڕۆییان کرد کەقووت نادرێت و، قورئان لەدەستیاندا وەك بڵێی کتێبێکی فەلەك و پزیشکی و جۆلۆجیاو کیمیاو فیزیا، بۆیە لەو چوارچێوەیە دەرچوون کەئەفغانی داینابوو، ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدا.

## میرزا باقر بواناتی:

باشتروایە لەکۆتایی ژیاننامەی ئەفغانیدا، بەکورتی دەربارەی ژیاننامەی دووپیاو قسەبکەین، کە لەگەڵیدا پەیوەندیەکی تووندیان هەبووە: میرزا باقر بواناتی و شێخ محەمەد عەبدەو، با لەیەکەمیانەوە دەستپێبکەین.

لەراستیدا میرزا باقر پیاوێکی زۆر ئاڵۆز بوو، ئێمە هیچ شتێکی تەواو دەربارەی پەروەردەی و سەرەتای مەسەلەکەی نازانین، لەوەدا قسەوباس و ریوایەتی جیاجیا هەیە، لەریوایەتی میروا لوتفوڵا خاندا دەڵێ: لەگەورە زانایانی بوشەهر بوو، بە (یوحەنای زەمانی خۆی) ناسرابوو، لەبەر زانایی و فەزڵی، ئەفغانی ناسی کاتێ بەشاری بوشەهردا لەساڵی ١٨٥٧ تێدەپەڕی بیروباوەڕەکانی هێناو، بووە شوێن هەڵگری ئامۆژگاری و رێنماییەکانی[١١٧]، ریوایەتێکی تر هەیە کەشێخ عەبدولقادر مەغرەبی گێڕایەتیەوە: میرزا باقر لەمنداڵیەوە لەخوێندنگا هندیە بەریتانیەکان خوێندویەتی، نەسرانیەتی خۆی راگەیاندو، ناوی خۆی نا (میرزا یۆحەنا)، پاشان لەگەڵ داگیرکردنی بوشەهر چووە خزمەتی سوپای بەریتانیاوە بووە وەرگێڕی فەرمانەدەی سوپاو، ئەوکاتە شیعری لەهەجووی پێغەمبەر محەمەد دەنووسی، هەر کەئەفغانی بۆ بووشەهر هات، بیستی هەجووی پێغەمبەر دەکات، هانی خەڵکیدا لێی دەن، خەڵکیش زۆریان لێیدا تاخوێن لەدەم و لووتیەوە هاتە

دەرەوەو، هاواری بەپێغەمبەرو حوسێن دەکرد[١١٨].

(هەبەدین شەهرستانی) رایەکی دیکەی دەربارەی میرزا باقی هەیە، چونکی لەگۆڤاری (العلم)دا دەڵێ: میرزا باقر لەگەورە فەیلەسوفەکانی ئێران بوو، کەحکومەتی دیکتاتۆری بۆ دەرەوە توڕیاندا، لەسەردەمی خۆی لەچینی جەمالەدین ئەفغانی بوو، شەهرستانی لەزاری ئەوەوە دەگێڕێتەوە کەبڕوای پێی هەبوو، کەمیرزا باقر قورئانی بەپێی ساڵی هاتنە خوارەوەیان کۆکردوەتەوە، هەر لەسورەتی (العلق)وە تاسوورەتی (المائدة)، پاشان هەمووی کردووە بەئینگلیزی، ئەمەیش لەزۆربەی زانایانی ئایین لەئێران مەزنتر بوو، بۆیە قسەی ئەوتۆیان لەسەر دەکرد کەشایستەی ئەو نەبوو[١١٩].

ئەمەیە کەگێڕەرەوەکان لەبارەی میرزا باقرەوە لەسەرەتادا وتوویانە، پاشان ماوەیەکی زۆری بەسەرا دەچێ و هیچی لەبارەیەوە نازانین، تاساڵی ١٨٧٠ میرزا باقر دەبینن لەبەغدا لەگەڵ نووسەری تورك ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی بووەتە مشتومڕیان کە لەرۆژنامەی (زەورا) نووسەر بوو، ئەم نووسەرە ئەو سەردەمە خوانەناس بوو، میرزا باقر لەگەڵی کەوتە وتووێژ تاتوانی سەرلەنوێ بیگەڕێنێتەوە سەر ئیمان، میرزا باقر سەفەری کرد بۆ بەیرووت و لەخێزانێکی ناسراو ژنی هێنا، ئەویش بنەماڵەی ئال خەتیب بوو، کچێك و کوڕێکی لێ بوو، تائێستاش کوڕەکەی لەبەیروت ماوەو ناوی (محەمەد باقرە) لەم وایە ئێستا تەمەنی لەنەوەدەکانە، یان ئەوەتا دوای نووسینی ئەم چەند دێرە مردبێ، میرزا باقر ساڵی ١٨٨٣ بۆ پاریس سەفەری کرد، ئەوکاتە ئەفغانی لەوێ بوو، گۆڤاری (العروة الوثقى)ی دەردەکرد، میرزا باقر چوو بۆلای ئەفغانی و، خزمەتی خۆی خستە بەردەمی و، پێی وت کەتۆبەی کردووەو، بووەتە داواکاری ئیسلام و بڵاوکەرەوەی، ئەفغانی رایسپارد بچێ بۆ لەندەن تابیبێتە پەیامنێری گۆڤارەکە لەوێ و،



لەرۆژنامەکانی بەریتانیاوە وەرگێڕانی بۆبکات، میرزا باقر لەلەندەن بووە گەورە بانگەشەچی ئیسلام و، لەهەمووان بەحەماس تر بوو، بڵاوکراوەی چاپ دەکرد بۆ بانگەشەکردن بۆ ئیسلام و لەبەردەم دەرگای کڵێسەکان دەوەستاو، ئەو بڵاوکراوانەی دەخستە نێو دەستی ئەوانەوە کەدەچوونە ژوورەوەو دەهاتنە دەرەوە، مۆرێکی بۆخۆی دروستکرد، لەسەری ئەمەی نووسی بوو (خاچەکە شکا)و رستەی (بەرازەکە مرد) ئەم مۆرەش وەکو دروشم بەکاری دەهێناو نامەکانی پێ مۆردەکرد[١٢٢].

هەر کەشێخ محەمەد عەبدە وەکو نوێنەری ئەفغانی هاتبوو بۆ لەندەن، بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا دەربارەی کێشەی میسرو سۆدان، میرزا باقر بووە وەرگێڕی شێخ لەدانوستانەکەیدا، ئەوەی سەیرە میرزا باقر لەکاتی دانوستانیشدا وازی لەبانگەشەکردن بۆ ئیسلام نەهێنا، شێخیش پێی دەوت: (ئێستا کاتی ئەوە نییە)و داوای لێدەکرد بانگەشە بۆ کاتێکی دیکە دوابخات، بەڵام میرزا باقر گوێی لەداواکەی نەدەگرت، رۆژێکیان شاعیرێکی هێندی شیعرێکی پاراوی لەمەدحی شاژن ڤکتۆریا هۆنیبووەوە، میرزا باقریان راسپارد بیکاتە ئینگلیزی، میرزا زۆر جوان وەریگێڕابوو، بووە مایەی رەزامەندی شاژن و فەرمانیدا پێنج سەد جونەی پێ ببەخشن، بەڵام میرزا باقر پارەکەی رەتکردەوەو، وتی ئەو خەڵاتێکی دیکەی دەوێ، ئەویش ئەوەیە شاژن ببێتە ئیسلام[١٢٣]، میرزا باقر لەلەندەن نیشتەجێی ژوورێکی چەپەڵ و تەسك بوو، خۆیشی کۆمەڵە کتێبی تۆز لێنیشتوو دەوری دابوو، زۆربەی ئەو کتێبانەش بەفارسی و عەرەبی بوون، لەبارەی بابەتی ئایینەوە، هەندێکیشیان بەزمانی عبری و ئینگلیزی بوون، رۆژهەڵاتناس (براون) لەژوورەکەی سەردانی کردبوو، ئەم وەسفەی ئەوی پێمان داوە کەدەڵێ: لەژیانی خۆیدا کابرایەکی ئاوهای نەدیوە، لەجیهانی خەیاڵاوی بژی وەکو

میرزا باقر، گوێی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نەدەدا، نە بەئیسراحەت و نە بەماڵ، یان نزیک بوونەوە لەخاوەن دەسەڵات، زۆر خەڵکی رقیان لێی دەبووەوە، چونکی هێرشی دەکردە سەر ئازیزترین بیروباوەڕیان، هەروەها برادەرەکانیشی لێی دوورکەوتنەوە، چونکی زۆربڵێ بوو، نەیدەبڕیەوە/ لەبیروباوەڕی ئایینیدا لەشیعەوە بوو بەسۆفی، پاشان لەمەسیحەوە بۆ خوانەناسی، ئەنجا جوولەکەو ئەنجامیش ئاینێکی تایبەت بەخۆی دامەزراند، ناوی نا (مەسیحی ئیسلامی) جەدەلیەکی زۆربڵێ بوو، دووربوو لەئاقڵی و، لەرادەبەدەر ناواقعی بوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە مرۆڤ رێزی دەگری[١٢٤].

لەساڵی ١٨٨٤ میرزا باقر گەڕایەوە بۆ بەیرووت، چونکی کچەکەی تووشی نەخۆشی سیل ببوو، بۆ جاری دووەم لەوێ چاوی بەمحەمەد عەبدە کەوت، هەروەها چاوی بەکۆنە خزمەکارەکەی ئەفغانی (عارف ئەبوتوراب) کەوت.

هەرسێکیان رێکەوتن کۆمەڵەیەک دامەزرێنن بەناوی (جمعیة التألیف والتقریب) واتا کۆمەڵەی دانان و نزیک بوونەوە، ئامانجی نزیک خستنەوەی هەرسێ ئایینە ئاسمانیەکە بوو، واتا ئیسلام و مەسیحیەت و جوولەکەو بانگەشەکردن بۆ لابردنی دەمارگیری ئایینی و دانانی ئەو کتێبانەی کەهەرسێ ئایینەکە بەرۆحی ئینساف و خۆشەویستی وێنا دەکەن و، هاوکاری کردن لەپێناوی نەهێشتنی فشاری ئەوروپا لەسەر رۆژهەڵات و، ئەفرەنجەکان لەسەر راستیدا ئیسلام ئاگاداربکەنەوە، ژمارەیەک لەبیرمەندانی ئێرانی و تورک و هندی و ئینگلیزو جوولەکەو، وەکو قەشە ئیسحاق تیلەر لەلەندەن و وەزیری لایەنگری شا لەتاران و، حەسەن خان راوێژکاری باڵیۆزخانەی ئێران لەئەستەمبووڵ و، مستەر لینتەر پشکنەری



خوێندنگاکانی هندستان، هاتنە ریزی ئەم کۆمەڵەیەوە، میرزا باقرو قەشە تایلەر بەحەماسترین ئەندامان بوون بۆ ئیشکردن بۆئەم کۆمەڵەیە بەقسەو بەنووسین، دەڵێن شێخ محەمەد عەبدە خۆی و کۆمەڵێک لەزانایانی شام نامەیەکیان بۆ قەشە تایلەر ناردووە، لەبارەی بابەتی نزیک بوونەوە، کەقەشە لەلەندەن ئیشی بۆ کردووە، هەر کەسوڵتان عەبدول حەمید بەمەسەلەکە دەزانێ، لەلەندەن باڵیۆزەکەی خۆی رادەسپێرێ کەلێی بکۆڵێتەوەو، ناوی ئەو کەسانەش بزانێ کەنامەکەیان ئیمزا کردووە، هەر سوڵتان ناوەکانیانی دەستکەوت فەرمانیدا بەدوورخستنەوەیان[١٢٥].

بەهەرحاڵ میرزا باقر دوورخرایەوەو، چوو بۆ ئێران لەوێ ساڵی ١٨٩٠ یان تۆزێک دوای ئەوە مرد، بەڵام شێخ محەمەد عەبدەش چیرۆکێکی دیکە هەیە کەوا لەخوارەوە دێینە سەری:

## شێخ محەمەد عەبدە:

شێخ محەمەد عەبدە ساڵی ١٨٤٩ لەگوندێکی بچووکی گوندەکانی رۆخی دەریا، لەباوکێکی جوتیار لەدایک بووە، هەروەکو چۆن منداڵانی جوتیاران بەپێی پەتی و سەری رووتەوە پەروەردە دەبن ئاوها پەروەردە بووە، لەکۆڵانان رای دەکردو لەناو خۆڵ یاری دەکردو، لەگۆماوەکان مەلەی دەکرد[١٢٦]، هەر کەتەمەنی گەیشتە سیازدە ساڵان باوکی ناردی بۆ مزگەوتی ئەحمەدی لە (تەنتا)، تافێری تەجویدی قورئان و بیروباوەڕی زانستی ئایین ببێت، لەساڵی ١٨٦٦ چووە مزگەوتی ئەزهەرو، دوازدە ساڵ لەوێ مایەوە، شێخ محەمەد عەبدە لەو یەکەم کەسانە بوو کەپەیوەندی بەئەفغانیەوە کردو بووە شاگردی، لەیادەوەرییەکانیدا دەربارەی سەرەتای پەیوەندی کردنی

بەئەفغانیەوە پێمان دەڵێ: وای ئەوەی بۆ سێ ساڵ ئامادەی بازنەکانی ئەزهەر بوو لەوانە ئاسایەکان بێزاربوو، خودی داوای شتی نوێی دەکردو، خولیای زانستە ئەقڵیەکان بوو.

پاشان چوو ئامادەی وانەکانی شێخ حەسەن تەویل بێت، کە لەئەزهەر بەزانستی لۆجیك ناسرابوو، لەوێش تینوویەتی نەشکا، رۆژێکیان یەکێك لەشامیەکان کەدراوسێی ئەزهەر بوو، هاتە لای و پێی وت کەزانایەکی گەورەی ئەفغانی هاتووە بۆ میسرو نیشتەجێ-خانی خەلیلیە-مەبەستی لەوە جەمالەدین ئەفغانی بوو-شێخ محەمەد عەبدە لەگەڵ حەسەن تەوێل چوون بۆ ئەو شوێنەی ئەفغانی نیشتەجێیەتی، بینیان نانی ئێوارە دەخوا، دوای ئەوەی کەئەدەبی موجامەلە پێویستیەکی ئەفغانی لەبارەی هەندێ ئایەتی قورئانەوە پرسیاری لێکردن و، هەروەها ئەوەی خاوەن تەفسیرەکان و سۆفیەکان وتوویانە، پاشان دەستیکرد بەتەفسیرکردن بۆیان، کەوای لەمحەمەد عەبدە کرد دڵی پڕبێ لەئیعجاب بەرامبەر ئەفغانی و بۆی پەرۆش بوو[١٢٧]، لەوساکەوە محەمەد عەبدە بووە شاگردی تایبەتمەندی ئەفغانی- محەمەد عەبدە لەهاوشانی ئەفغانی بوو، تا لەساڵی ١٨٧٩ لەمیسر دوورخرایەوە، هەر کەشۆڕشی عوڕابی لەساڵی ١٨٨٢ بەرپابوو، محەمەد عەبدە تیا بەشداری کرد، هەر کەشۆڕشەکە شکستی هێناو سوپای بەریتانیا میسری داگیرکرد دەستگیرکراو، سێ مانگ بەندکرا، پاشان بۆماوەی سێ ساڵ بۆ دەرەوە دوورخرایەوە، لەگەڵ شێخ محەمەد عەبدە چەند کەسێکی دیکە دوورخرانەوە، وەکو ئیبراهیم لقانی و حەسەن شەمسی، ئەوانیش لەشاگردانی ئەفغانی بوون و ماسۆنیزمیش بوون، چوون بۆ بەیروت و لەوێ لوبنانیە ماسۆنیەکان پێشوازیان کردن و یارمەتیاندان، (شاهین مەکاریۆس) لەکتێبەکەیدا (فەزڵی ماسۆنیزم) دەڵێ ئەمە دەقەکەیەتی: (ماسۆنیزم



لەسوریا لەشێوەی دڵسۆزی و خۆشەویستی کاتی رووداوەکانی عوڕابی ساڵی ١٨٨٠ پەیابوو، برا میسریەکان و کۆچبەرەکان ئەوانەی هاتن بۆ سوریا، براکانیان بەخێرهاتنی مەزنیان لێکردن و بۆ مەحفەلەکانیان و ماڵەکانیان بانگیان کردن، ئەم بەرێزانە بوون شێخ محەمەد عەبدەو ئیبراهیم بەگ لقانی و حەسەن بەگ شەمسی و کۆمەڵەکەی خوالێخۆشبوو جەمالەدین ئەفغانی و کەسانی دیکە لەگەڵمان لەمەحفەلی لبنان ئامادە دەبوون، وتاریان دەداو، گوێی سوریەکانیان پڕکرد لەتاسە، بەوتارە بەنرخ و قسە خۆشەوکانیان، مامۆستا شێخ محەمەد عەبدە قلەی (البلح والصدف)ی وەرگرت لەلایەن نوێنەری ئەمریکاوە کەئامادەی مەحفەلەکەی لبنان بوو، ئەودەمە لەمەحفەلەکە کارمان دەکرد..)[١٢٨].

شێخ محەمەد عەبدە ساڵێك لەبەیروت مایەوە، پاشان ئەفغانی داوای کرد بۆ پاریس بۆ دەرکردنی گۆڤاری (العروة الوثقى)، وەکو لەمەوبەر باسمانکرد.

مستەر پلنت دەڵێ: شێخ محەمەد عەبدە دوومانگ بەسەر نیشتەجێبوونی لەپاریس بەسەر نەچووبوو تابووە (ئەورووپییەکی فەرەنسایی) وازی لەسەرتاشینی پاك هێنا وەکو رێبازی شێخەکان، قژو ریشی درێژکرد، تارەواڵەتی خۆی بدا لەرەواڵەتی هونەرمەندە ئەورووپییەکان[١٢٩] دوای ئەوەی گۆڤاری (العروة الوثقى) راوەستا لەدەرچوون، شێخ گەڕایەوە بەیروت لەوێ نیشتەجێ بوو، (نەهج البلاغە)ی راڤەکرد، هەروەها کتێبەکەی ئەفغانی (رەتدانەوەی دەهریەکان)ی لەفارسیەوە بەیارمەتی خزمەکارەکەی ئەفغانی عارف ئەبوتوراب کرد بەعەرەبی، شێخ لەمزگەوتی گەورە دەستیکرد بەوانە وتنەوە یان لەمزگەوتی باشوورە، زۆربەی شەوەکانیشی لەماڵی حاجی محێدین حەمادە، سەرۆکی

شارەوانی بەیروت بەسەردەبرد، پاشان دوای مردنی ژنە کۆنەکەی ژنێکی بەیروتی هێنا کچی برای حاجی محێدین بوو. خەڵکی بەیرووت شێخ محەمەد عەبدەیان چووە دڵەوەو دەچوون بۆ کۆڕی دانیشتنی و بازنەی وانە وتنەوەکانی، بەشێوەیەك بەیروت شتی وای لەمەوبەری بەخۆیەوە نەدیبوو، شەکیب ئەرسەلان کەسێك بوو لەوانەی دەچووە کۆڕەکەی دەڵێ: (کۆڕی شێخ زانایانی سونەو موجتەهیدەکانی شیعەو ئاقلانی دروزی لێ بوو، لەگەڵ ئەوەش ئەسقەفەکانی نەسرانی و حبرەکانی لەهەموو چینێك، هەروەها هەندێ جار خوانەناسی تیابوو، چونکی هەمووان بەسەرچاوەی گشتیان دادەنا، لەبەر فەراوانی ئەقڵ و بەرزی ئیدراك و وردبینی)[١٣٠]، عەباسە فەنی سەرۆکی بەهائیەکان لەهامشۆکەرانی کوڕەکانی بوو، برادەرەکانی شێخ محەمەد عەبدە هەوڵیاندەدا لێبوردنی بۆ دەرچێت و، ڕێگەی پێ بدرێت بۆ میسر بگەڕێتەوە، بەڵام خدێوی تۆفیق پاشا رقی لێی بوو، رازی نەبوو لێبوردنی بۆ دەرکات، جگە بەفشاری ئینگلیز نەبێ[١٣١] شێخ لەگەڵ گەڕانەوەیدا، کرا بەقازی، پاشان لەساڵی ١٨٩٠ بەرزکرایەوە بۆ پلەی راوێژکار لەدادگای ئیستیئناف،لەم پلەیە نۆ ساڵ مایەوە، پاشان بووە موفتی گەورەی وڵاتی میسر، شێخ وازی لەسیاسەت هێناو سێ بەسێ تەڵاقیداو ئەمەیش لەوتە بەناوبانگەکەیدا هات: (ئەعوزوبیلا لەسیاسەت، لەوشەی سیاسەت و، لەواتای سیاسەت، لەهەر پیتێك وشەی سیاسەتی پێ دەوترێ، لەهەر خەیاڵێك کەسیاسەت بیرم دەخاتەوە، لەهەر زەویەکی باسی سیاسەتی تیادەکرێت، لەهەر کەسێك قسەدەکات یان فێردەبێ یان شێت دەبێ یان ئاقڵ دەبێت لەسیاسەت (من ساس و یسوس و سائس و مسوس)[١٣٢].

محەمەد رەشید رەزا کەخوێندکاری ئەو بوو دەگێڕێتەوە: شێخ لەکاتی



گەڕانەوەی بۆ میسر وازی لەماسۆنیەتیش هێنا، ماسۆنیەکان بۆ مەحفەلەکانیان بانگیان کرد نەچوو، میدالیەکیان پێی بەخشی وەرینەگرت.

هەر کە بۆئەوە لێیان پرسی وەڵامی دایەوە: (ئیشەکەی لەو وڵاتەی تێدا ئیشی دۆزیەوە کۆتایی هات، ئەویش بەرگری کردنی پاشاکان و پاپاکان بوو)، محەمەد رەشید رەزا خوێندکارەکەی دەڵێ: (چوونە ریزی ماسۆنیەتەوە بۆ مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، ساڵانێکە وازی لێهێناوە بۆی ناگەڕێتەوە)[١٣٣].

شێخ محەمەد عەبدە لەدواقۆناغی ژیانی خەریکی دوو مەسەلە بوو: یەکەمیان پاك کردنەوەی ئاینی ئیسلام لەو خەڵت و خەوشانەی تێی کەوتبوو، دووەم نزیك کردنەوەی موسڵمانەکان لەشارستانی نوێ تا لەڕووی زانستی و پیشەسازی و بازرگانی و سیاسیەوە سوودی لێ وەربگرن[١٣٤]، شێخیش وەکو ئەفغانی مامۆستای شوێنهەڵگری پەیڕەوی ئیبن روشد بوو، لەمەسەلەی بەرابەری لەنێوان ماقووڵ و نەقڵ کراودا. لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئێمەی موسڵمانان بەشێوەیەکی بڕای بڕ دەزانین کەتێڕوانینی سەلمێنراو پێچەوانەی ئەوە نییە کەشەرع هێناویەتی، هەق دژایەتی هەق ناکات، بگرە لەگەڵیدا یەکەو شایەتی بۆ دەدا)، هەروەها دەڵێ: (ئێمە بەشێوەیەکی قەتعی دەڵێین هەرشتێ بورهان رێی پێبردو رەواڵەتی شەرع پێچەوانەی بوو، ئەو رەواڵەتە شایانی تەئویلە لەسەر یاسای تەئویلی عەرەبی)[١٣٥]، ئەم میتۆدە (روشدیە) شێخ محەمەد عەبدەی گەیاندە ئەوەی، زۆر لەمەسەلەکانی شارستانی نوێ کەپیاوانی ئایین راهاتبوون حەرامی بکەن شیبکاتەوە، پیاوانی ئایین بەچاوێکی شەکلی رەبەق تەماشای ئەو مەسەلانەیان دەکرد، بێ ئەوەی بایەخ بەناوەڕۆك و راستیەکەیان بدەن، بەڵام شێخ بایەخی بەناوەڕۆکی مەسەلەکان دەدا، زیاتر لەبایەخدان بەشێوەکان و دەقەکان،

بۆنموونە بانقەکان پیاوانی ئایین حەرامی دەکەن، بەریبای دادەنێین بەگوێرەی پێناسەی شێوەی ریبا، بەڵام شێخ بانقەکان بەنێوانێك دادەنێ لەنێوان پارەدارەکان لەلایەك و، ئەوانەی توانای بەرهەمهێنانی پارەیان هەیە لەلایەکی دیکە، واتا وەکو دەلاڵ وایە لەنێوان خاوەن خانوو کرێچی، بۆ بەکرێدانی خانووەکانیان بەکرێچی، دەلاڵەکەش لەبری ئەوە بڕێك پارە وەردەگرێ، کەواتە بانق لەدیدی محەمەد عەبدە ئیش بەسوو سەلەم ناکات، یان هەڵخەڵەتاندنی دەستکورتەکان، وەکولەسەردەمی جاهلیەت سوورخۆرەکان ئەنجامیان دەدا، بگرە خزمەتێکی ئابووری پێویست ئەنجام دەدات، ئەگەر بانق نەبووایە ئابووری نوێ بەم شێوە سەیرە گەشەی نەدەکرد، رۆژێکیان دەربارەی وتەیەکی پێغەمبەر لەبارەی حەرامکردنی وێنەگرتنەوە لەمحەمەد عەبدەیان پرسی گوایە ئەوەیە: (لەرۆژی قیامەت وێنەگرەکان لەهەموو خەڵکی زیاتر ئەشکەنجە دەدرێن) شێخیش وەڵامی دایەوە: ئەم حەدیسە کاتی جاهلیەت وتراوە، کاتێ وێنە دەبووە تەبەڕووك و پەرستن، بەڵام ئێستای عادەتی تەبەڕووك و پەرستن نەماوەو ئەو حەرامەکردنەش لەگەڵیدا نەما، شێخ لەسەفەرەکانیدا بەشارێکی میسردا تێدەپەڕێ، پیاوماقووڵی دێن سەلامی لێبکەن، لەوانەش پیاوانی دادگای شەرعی بوو، یەکێکیان دەربارەی ئەوە قسەی بۆ دەکرد، کەزۆر لەخەڵکی شارەکەی بوونەتە ئیسلام و، لەبەرئەوە سەرقاڵی فێرکردنی روکنەکانی ئایینە بۆ موسڵمانە نوێیەکان، وتی بۆنمونە چۆن بۆ دەسنوێژ سەروچاویان دەشۆن و، سنووری سەروچاو لەکوێیەو لەکوێ دەستپێدەکات و، لەکوێ کۆتایی پێدێت، شێخ محەمەد عەبدەش وتی: سوبحانەڵا شێخ! پێی بڵێ سەروچاوی بشوا، هەموو مرۆڤێك سنووری سەروچاوی خۆی دەزانی بێ ئەوەی پێویستی بەپێوانەچی هەبێ)[١٣٦] لەرۆژێکی تر ریفراندۆمێکی



شەرعی بۆهات دەربارەی لەسەرکردنی کڵاو، ئەوەش لەموسڵمانێکەوە هاتبوو لە (ترنسفال) لەباشووری ئەفریقیا دادەنیشت، شێخیش وەڵامی دایەوەو ئەمە دەقەکەیەتی: (لەسەرکردنی شەبقە ئەگەر مەبەستی ئەوەی لەسەری دەنێ دەرچوون لەئیسلام و چوونە ئاینێکی دیکەوە نەبێ کفر نیە، ئەگەر لەبەرکردن بۆ خۆپاراستن بێ لەخۆر یان بۆ پاراستن لەزیانێك یان خراپەیەك یان جێبەجێکردنی بەرژەوەندیەك نابەجێ نیە)[١٣٧].

شێخ محەمەد عەبدە بەم رایانەی لەمیسر هەرایەکی گەورەی نایەوە، خەڵکی لەبارەیەوە بوون بەدوو بەشەوە، لەنێوان لایەنگرو بەرهەڵستکاردا، لایەنگرەکان پێیان وابوو ئیمامێکە لەجوملەی ئەوانەی خوا لەسەری هەموو سەدساڵ جارێك دەینێرێ، بۆ تازەکردنەوەی هەروەکو لەحەدیسی شەریفدا هاتووە، بەڵام بەرهەڵستکارەکان بەدەجالیان لەقەڵەم دەدا، کە لەئاخری زەمان پەیادەبێ، ئەوەی شایانی باسە شێخ محەمەد عەبدە پەیوەندی توندوتۆڵی هەبوو بەنوێنەری بەرزی بەریتانیا لەمیسر، لۆرد کرۆمەرو بەرگری لەلایەنگرانی شێخ دەکات لەم بارەیەوەو دەڵێ: پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز دەکرد، تا بۆ ئەنجامدانی پرۆژە چاکسازیەکانی یارمەتی بدەن.

جارێکیان لەبارەی پەنابردنە بەر بیانی لەشێخیان پرسی: (بەڵگەکان لەقورئان و سونەو کردەوەی پێشین (سەلەف) هاتووە دەبێ پەنا بردنەبەر نائیماندارو ناساڵح بۆ خێرو سوودی موسڵمانەکان بێ.. بۆیە بانگەشەچیەکانی خێر لەسەریانە کۆشش بکەن لەبانگەشەکەیان و بەرێی خۆیاندا بڕۆن و بەجنێوی جنێوفرۆشان خەمبارنەبن و بەلۆمەی لۆمەکەران تووڕەنەبن، خودا کەفیلی سەرکەوتنیانە ئەگەر رێگای هەق و سەبریان گرتەبەر)[١٣٨].

لەساڵی ١٨٩٢ تۆفیق پاشا مردو، لەجیاتی کوڕی عەباسی دووەم هاتە

سەرتەختی خدێوی، خدێوی نوێ ئەو دەمە تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، لەگەڵ باوکی لەهەندێ لاوە جیابوو، بەتایبەتی سیاسەتی بەرامبەر بەئینگلیز، تۆفیق لایەنگری ئینگلیز بوو، لەگەڵ بۆرد کرۆمەر تەبابوون، بەڵام کوڕەکەی عەباس رقی لێیان بوو، لایەنگری لەدەوری خۆی بۆ بەرگری کردنیان کۆدەکردەوە، بۆیە پیاوانی فیکر لەمیسر بوونە دووبەرەی دژ: بەرەی خدێوی و بەرەی لۆرد کرۆمەر، بەرەی خدێوی داوای دژایەتی کردنی داگیرکەری بەریتانیایان دەکرد، لەدەوری سوڵتان عەبدول حەمید کۆبوونەوە، لایەنگیری یەکبوونی ئیسلامی بوون، بەناوبانگترین لاوێکی لێهاتوو بوو ناوی مستەفا کامیل بوو، خدێوی عەباس ئەم لاوەی گرتە خۆی، نازناوی (پاشا)ی پێیدا بەیارمەتی مادی و واتایی لایەنی گرت، مستەفا کامل حیزبێکی بەناوی (حیزبی نیشتمانی) دامەزراند، هەروەها رۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی (اللواء)، دەستی کرد بەوتاردان و نووسین، کارێکی زۆری رادەبەدەری کردە سەر رای گشتی میسر، بەڵام بەرەکەی دیکە رای وابوو کەئینگلیزەکان میسر بەجێناهێڵن، تەنها لەڕێگەی وریاکردنەوەی گەل و تێگەشتنی لەماف و ئەرکەکانی خۆی نەبێ، میللەتی نەزان یارمەتی دوژمنان دەدات بۆ دژی خۆی، بۆیە پێویستە بایەخ بەفێرکردنی گەل و رۆشنبیرکردنی بدرێت بەر لەدەستکردن بەدژایەتی کردنی ئیستعمار، گرنگترین پیاوانی ئەم بەرەیە شێخ محەمەد عەبدەو زەغلول و لوتفی سەید بوو، زۆر کەس لەو رایە لەگەڵیاندا بوون لەخوێندەوارەکان و پاشاکان و خاوەنی زەوی و زارەکان، ململانێ لەنێوان ئەم دوو بەرەیە-یان ئەو دوو حیزبە-توندبوو، خەڵکی بۆماوەی چەند دە ساڵێك سەرقاڵ کرد، هەوڵی شێخ محەمەد عەبدە لەچاکسازی ئایینی بووە جێگای تومەتبارکردنی لەدیدی نەیارەکانیەوە، تاوانباریان کرد بەوەی



لەگەڵ ئینگلیز پیلان گێڕە بۆ رووخاندنی ئیسلام، پارتی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی مستەفا کامل دژایەتی دەکردو، تاوانباری دەکرد بە لادەر لەنیشتمانپەروەریەتی، راپۆرت لەدژی بۆ ئەستەمبوڵ دەنووسرا، هەر کەشێخ محەمەد عەبدە سەردانی ئەستەمبوڵی کرد خراپ پێشوازی لێکرا، رێگا دانرابوو بۆ سوکایەتی کردن پێی، ئەگەر لوتفوڵا نەبووایە[١٣٩] هەر کەفەتواکەی شێخ بڵاوبوەوە بۆ لەسەرکردنی شەپقە نەیارەکانی کردیان بەبیانوویەك بۆ سوکایەتی کردن پێی، رۆژنامەی (اللواء)و هەندێ رۆژنامەی دیکە دەستیان بەورووژاندنی خەڵکی رەشۆکی کرد دژی، هەندێکیان بەئەنقەست ناویان دەزڕاندو جنێویان بەناموسی دەدا، وێنەیەکی فۆتۆگرافیان بۆی دروستکرد، باوەشی لەکچێکی بیانی داوەو سەگەکەی یاری بەچمکی جبەکەی دەکات[١٤٠].

لەساڵی ١٩٠٥ شێخ محەمەد عەبدە تووشی شێرپەنجەبوو، لە ١١ی تەمووزی هەمان ساڵ کۆچی دوایی کرد، جەنازەکەی بەمەزنیەوە بەڕێخرا، ئەو رۆژە خدێوی لەدەرەوەی میسر بوو، هەر کەهاتەوە توورەبوو لەوانەی کە بەشداری جەنازەکەیان کردبوو سەرکۆنەی کردن (ئایا باوەڕیان بەوە نەبوو کەموفتی چەند دوژمن و سەرپێچی کاری ئایین و خەڵکی و لایەنگرانی بوو..)[١٤١].

## -پاشکۆی دوو-
## ماسۆنیزم چیە..

ناوی ماسۆنیزم لەچەند بابەتی ئەم بەشەدا هاتووە، لەوانەیە خوێنەر کاتێ بەرچاویکەوتبێ بپرسێ ماسۆنیزم چیە؟!

لەراستیدا ماسۆنیزم لەوبابەتانەیە کەئالۆزن، خاوەنەکانی لەشاردنەوەی نهێنیەکانی زۆر وریابوون، لەبارەیەوە بەزمانی عەرەبی کتێبی زۆر دەرچووە، بەلام زۆربەیان بەرۆحێکی نازانستیەوە نوسراون، چونکی پڕن لەجنێوی ناشرین و تومەت دانە پالی بێ حیساب، ئەنجامی ئەمەیش راستی ون بووە، خوێنەر کاتێ ئەو کتێبانە دەخوێنێتەوە، ناتوانێ راستی لەنێو ئەو هەمووە، ئەو کۆمەلە گەورە جنێوو تومەتانە بەدیکات، بەداخەوە زۆر لەنوسەرەکانمان دەبینین هێشتا فێری رێبازی توێژینەوەی زانستی نەبوون، ئەگەر یەکێکیان لەسەر بابەتێکی نووسی، هەلوێستی خەتیبێکی بەحەماس وەردەگرێت و دەست بەهەلڕشتنی نەفرەت دەکات یان بەپێی ئەو ئاراستە سۆزداریەی بەسەریدا زالە دەست دەکات بەمەدح کردن، لەکاتی لێکۆلینەوەم لەسەر ماسۆنیزم پشتم بەپلەی یەکەم بەدوو سەرچاوە بەست: یەکەمیان ئەوەی کەتوێژەرەوە زانستیەکان لەسەریان نووسیوە، دووەم ئەوەی ماسۆنیەکان خۆیان نووسیویانەو، بارودۆخیش یارمەتیدام کەهەندێ کتێبی ماسۆنیزم لەلای فرۆشیاری کتێبە کۆنەکان لەقاهیرەو ئەسکەندەریە دەستکەوێ، بەتایبەتی ئەوانەی ماسۆنیزمی ناسراو شاهین مەکاریۆس نووسیویەتی، لەراستیدا ئەم پیاوە لەکاتی مەدحکردنی ماسۆنیزم زۆر لەنهێنیەکانی ئاشکراکردووە، شاهیم مەرکاریۆس یەکەمین



ئەو لبنانیانە بوو چووە ریزی ماسۆنیزمەوە لەدوا سێیەکی سەدەی نۆزدەمدا، پاشان سەفەری کرد بۆ میسرو لەوێ بەشداریکرد لەماسۆنیزم و گۆڤاری (اللطائف)ی دەرکرد، هەروەها چەند کتێبێکی لەبارەی ماسۆنیزمەوە دەرکرد، توانیم پێنج لەوکتێبانەم دەستکەوێ، باشترین یارمەتی بوون بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە، لاف ئەوە لێ نادەم کەمن لەم نامەیەدا سەرکەوتنێکی باشم بەدەستهێنابێ، هێشتا هەندێ خالێ هەیە لەماسۆنیزم نەمتوانیوە بەشێوەیەکی راست و رەوان واتاکەی بزانم، هەموو ئەوەی دەتوانم لەم بارەیەوە بیلێم ئەوەیە من لەم لێکۆلینەوەیەدا نە لایەنگری ماسۆنیزم و نە دژیم، ئەم رێبازەش لەوانە هەندێ خەلکی لێی رازی نەبن، چونکی لەخوێندنەوەدا لەسەر خیتابیەت راهاتوون، تکامان وایە ژمارەی ئەم خوێنەرانە رۆژ بەرۆژ کەم بنەوە، ئێمە رەچاوی ئەوە ناکەین لەخۆمان بەرێگای شارستانی نوێدا برۆین، ئەگەر شوێنهەلگری رێبازەکانی نەبین، هەر کەبەشی دووەمی ئەم کتێبە سالی پار دەرچوو، هەندێ خەلکی وایان بلاوکردەوە کە لەبەهائیەکان پێنج هەزار دینارم وەرگرتووە لەسەر ئەو بەشەی کە لەسەر (قرە العین) نووسیمەو، نازانم بڕی چەند پارە وەردەگرم لەماسۆنیەکان لەبری ئەم پاشکۆیە؟!

## ماسۆنیزم چۆن دەستی پێکرد:

ماسۆنیزم لەوشەی (ماسۆن)ی ئینگلیزی وەرگیراوە، کەواتای ئەوەیە خانوو یان خانووبەرە، هەندێ جار وشەیەکی دیکەی دەخرێتە سەر (free) واتا ئازاد، ناوی ماسۆنیزم لەنێو خەلکی رەشۆکیدا وەها هاتووە، بەماسۆنی دەلێن (فەرمەسۆنی)، یان هەندێك دەلێ (فرمصولی)، ماسۆنیزم

بۆیە وانراونرا، چونکی رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەندیکای بیناسازانی کۆن، مێژوونووسان لەسەر ئەو سەردەمەی کەرەگ و ریشەی ماسۆنیزمی کۆنی لێوە پەیابوو ناکۆکن، ماسۆنیەکان رچەڵەکی ماسۆنیزم دەگەڕێننەوە بۆ سەندیکای بیناسازان، ئەوانەی پەیکەری سلێمانیان دروستکرد لەساڵی ١٠١٢ی پێش زایین و، هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ لەوە کۆنتر، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی پشتگیری ئەوە ناکات، زۆربەی توێژەوەرەکان ئێستا رایان وایە کە ماسۆنیزم رچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەندیکایانەی لەبەریتانیا پەیابوون لەسەدەی دوازدەهەم، ئەنجامی داگیرکردنی نۆرماندی، ئەو سەردەمە لەبەریتانیا هەڵایسانێکی دروستکردنی کڵێسەو دێڕەکان هەبوو، تادەڵێن لەماوەی بیست ساڵدا پێنج سەد کڵێسە دروستکراوە[1]، نابێ ئەوەمان لەبیربچێ، کەدروستکردنی خانووبەرەی گەورە پێویستی بەلێزانیەکی گەورەو زانینێکی ورد هەبووە لەبیرکاری و ئەندازەو سێ گۆشەکان و هەندێ زانستی دیکە، خەڵکی خاوەن پیشەکان لەکۆندا فێربوون زانیاریەکانی خۆیان بشارنەوە، چونکی ئەوان پێیان دەوت (نهێنی پیشە)و بەکەسی ناڵێن تەنها بەو تازە دەستپێکردووە نەبێ کە لەژێر سەرپەرشتی خۆیاندایە، زۆرجاریش کوڕەکانی خۆیانن، سەندیکای بیناسازان لەبەریتانیا لەکاتی گەرمە بیناسازی ئاوهایان دەکرد، زۆربەی ئەندامەکانیان مەسیحی بوون، هیچ ئەندامێکی نوێیان قبووڵ ناکرد، تا بەتەورات سوێندی نەخواردایە، کەدڵسۆز بێ بۆ براکانی، ئەندامانی سەندیکاکە، ئیشەکەی خۆی بەچاکی فێری بێ و نهێنیەکان بپارێزێ[2]، سەندیکا کۆنەکان سەرەڕای ئەو هێماو ئاماژە نهێنیانە، ئەندامەکان لەنێوان خۆیاندا یەکتری پێ دەناسێنن، لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە دەیاگوێزایەوە، بەپێی شوێنی ئەو خانوانەی کەدروستیان



دەکرد، بۆیە ئەوان پێویستیان بەشتێك بوو پێی بناسرێن نەك نامۆیەك بکەوێتە ناویانەوەو مەسەلەکەیان لێ تێکبدات[3].

رۆژی ٢٤ی حوزەیران ساڵی ١٧١٧ بایەخێکی گەورەی لەمێژووی ماسۆنیزم دا هەیە، چونکی ئەو رۆژەیە ماسۆنیزم لەقۆناغی کۆنەوە گوێزرایەوە بۆ قۆناغێکی نوێ، لەورۆژەدا کۆمەڵێك لەماسۆنیە دێرینەکان لەلەندەن کۆبوونەوە، بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نوێیاندا، جیاوازبوو لەئامانج و سروشتی ئەندامەکانی، لەگەڵ سەندیکا کۆنەکان کەئەندامی بوون، بەم جۆرە ماسۆنیزم بەشێوەی نوێ دروستبوو، ماسۆنیزمی کۆن تەنها بیناسازەکان ئەندامی سەندیکاکانی بوون، بەڵام ماسۆنیزمی نوێ هەموو کەسێك بۆی هەبوو ببێتە ئەندامی و پیشەکەی هەرشتێ بێ، بەمەرجێ دەبێ لەکۆمەڵگاکەی رێزداربێت و خاوەن بیرێکی رۆشن بێت، (هانکنز) ئەم گۆڕانە لە ماسۆنیزم بۆ دووهۆ دەگەڕێتەوە: یەکەمیان کزبوونی بیناسازی کڵێسە گەورەکان، دووەم گەشەکردنی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و دیموکراسی نوێ[4]، ئەوەی سەرنج راکێشە ماسۆنیزمی نوێ زۆربەی تەقسەکانی سەندیکا کۆنەکان و هێماکانی پاراست.

دەبینین دروشمەکەی لەپرگاڵێك و گۆشەیەکی ستوونی پێکهاتبوو، هەروەها دەبینین هێماکانی دیکەی لەپیشەی بیسناسازیەوە وەرگرتبوو، وەکو شاقول و ماڵبخ و ئەسکەنەو راستەو سێگۆشەو پشتە، ماسۆنیەکان ئێستا بەچاوێکی پیرۆزەوە تەماشای پەیکەری سلێمان دەکەن، گوایە یەکەم بیناسازی گەورەیەو بۆ خواپەرستی کراوەو ناویان ناوە (ئەنازیاری گەردوونی مەزن)، هەروەها رێز لەوپیاوە دەگرن کەخەڵکی (سوور)ی کۆنەو ناوی (حیرام ئابی) بوو، ئەم کابرایە لەپیشەسازی مسدا دەست رەنگین بووەو سلێمان بۆ نەقش و نیگاری پەیکەرەکەی بەکاری هێناوە، وەکو

لەتەوراتدا هاتووە، بۆیە ماسۆنیەکان ناوی خۆیان ناوە (کوڕانی بێوەژن)، ئاماژەیە بۆ حیرام کەتەورات وای وەسف کردووە (کوڕی بێوەژنە)[٥].

## ماسۆنیزم و ئایین:

بەسەر دامەزراندنی ماسۆنیزمی نوێدا کەلەندەن چەند ساڵێك تێنەپەڕی بوو، تا مەحفەلەکانی لەزۆربەی شارە گەورەکان لەبەریتانیاو کیشوەری ئەوروپا بڵاوبوونەوە، پاشان لەزۆربەی جیهان دەستی کرد بەبڵاوبوونەوە، توێژەرەکان هۆی بڵاوبوونەوەی خێرای ماسۆنیزم لەجیهان دەگەڕێننەوە بۆ کاردانەوەی ئەو ناکۆکیە توندوتیژەی کەئەو سەردەمە لەنێوان خەڵکدا هەبوو، ئەنجامی جیاوازی بیروباوەڕو ئایین، ئەمەیش وای لەمەحفەلەکانی ماسۆنیزم کرد، هەمو دینداریێك لەئەندامیەتی خۆی وەربگرێت، سەرەڕای ناوەڕۆکی ئایینەکەی، بۆیە مەسیحی و جوولەکەو موسڵمان و ئاگرپەرست و بودایی و کۆنفۆشیوسی و براهمی و بەهائی و کەسانی دیکەش لەریزەکانیدا دەبینین.

فەلسەفەی ماسۆنیزم لەسەرئەوە دامەزراوە، کەهەموو ئایینەکان لەسەر بوونی خوداو نەمری ڕۆح کۆکن، بۆیە ماسۆنیزم داوا لەئەندامەکانی دەکات تەنها بڕوایان بەم دوو مەسەلەیە هەبێت، پاشان لێی دەگەڕێ لەپەرستن و بیروباوەڕ وەکو چۆنی بوێ ئازادبێ، ڕاستتر وایە ماسۆنیزم وەکو بانگەشەیەك بوو بۆ برایەتی لەنێوان ئایینەکاندا، لەمەوە سێ مەبدئە بەناوبانگەکەی هاتووە: (ئازادی، برایەتی، یەکسانی) لەدەستووری یەکەم کەجێمس ئەندرسون لەساڵی ١٧٢٣ بۆ ماسۆنیزمی نوێی داناوە، دەڵێ: ماسۆنیزمی کۆن ئەندامەکانی پابەند دەکرد دەبێ بچنە سەر ئایینی ئەو



وڵاتەی تێدا ئیش دەکەن، بەڵام ئێستا هانیان دەدا بۆچوونە سەر ئەو ئایینەی هەمووان لەسەری کۆکن و، لەرای تایبەتی خۆیان وازبێنن، مەبەستم ئەوەیە دەبێ مرۆ پاك و ڕاستگۆو داوێن پاك و بەناموس بێت، بۆیە ماسۆنیزم بووە لانکەی یەکگرتن و، ڕێگایەك بۆ بڵاوبوونەوەی برادەری بێ گەرد لەنێو خەڵکیدا[٦].

لەکتێبی (ئادابی ماسۆنیزم)دا هاتووە کەئەمە دەقەکەیەتی: (ماسۆنیزم ئەقڵ ڕۆشن دەکاتەوەو، ڕێنمایی دەروون دەکات و، دەمارگیری کەم دەکاتەوە، ئەو لەگەڵ ئەوەدا زۆر لەهەموو ئەندامێك دەکات شوێن پێی مەرجەکانی ئاینەکەی بکەوێت و لەگەڵ قەدەغەکردنی قبووڵبوونی ئەو کەسانەی دینداری نازانن و، لەسەر ئەندامەکانی ئەوە دەسەپێنێ تەبابن، سەرەڕای جیاوازی مەزهەب و مونازەرەکردنیان لەبارەی مەسەلە مەزهەبیەکانەوە لێ قەدەغە دەکات، کەرق و کینەو دەرمارگیری دروستدەکەن، ئەمەیش ئافەتی ئاوەدانیە، ئەمە گەورەترین نیعمەتی ماسۆنیزمەو، چووبێتە هەر وڵاتێکەوە تێدا جدی بووە، بەڵگەکان لەسەرئەوە دیارن، ماسۆنیزم لەهەرکوێ بەهێزبێ حیزبایەتی لاوازدەبێ و، ئاداب بەهێزدەبێ، لەهەر کوێیەك ماسۆنیزم نەبێ نەزانی و دووبەرەکی بڵاودەبێتەوەو، ناکۆکی لەنێو خەڵکی زۆردەبێت)[٧].

لەکتێبی (ڕاستیە ڕەسەنەکان لەمێژووی ماسۆنیزمی زانستی)دا هاتووە: (ماسۆنیزم بەشێوەیەك بڵاوبۆتەوە زۆربەی ئەو ئایینانەی هەن کەچوار کیشوەری دنیای گرتووەتەوە بەخێڵی پێ دەبەن، چونکی ئەو جیاوازیەی لەنێوان گەلانی جیهان هەیە، هەیە بت پەرستەو کافرو خوانەناس و داهێنەرو جیاوازە، بەڵام دەبینین ماسۆنیزم باوەشی خۆی بۆ ڕۆڵەکانی خۆی کردوەتەوەو، داوای برایەتیان لێدەکات، ماسۆنیزم بیروباوەڕی ئایینە

گەندەڵ بووەکان چاك دەکاتەوە، بەفێرکردنی خۆشەویستی و بەشداریکردن لەخۆشی و ناخۆشی..)[٨].

پێویست ناکات بڵێین ئەم بانگەشەیە بۆ برایەتی لەنێو ئایینەکاندا دەبێ ببێتە مایەی توورەبوونی پیاوانی ئایین، قەشەکان لەراستیدا بەتایبەتی کاسۆلیەکەکانیان پێیان وابوو ماسۆنیزم بانگەشەیەکە بۆ رق لێبوونەوە لەمەسیحیەت.

لێرەوە گۆمان و شوبهە لەسەر ماسۆنیزم پەیابوو، بۆ هەرکوێیەك بڕۆیت ئەوەی بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو گومانانە سەبارەت بە ماسۆنیزم نهێنی و ئاماژەکانی خۆی بۆ کەس نەدەدرکاند. بۆیە نەیارەکانی بەوە تاوانباریان دەکرد گوایە کۆبوونەوەکانی خۆی لەگەڵ شەیتان گرێ دەدات، جادو بەکاردێنێ و ئیش لەکیمیا دەکات، لە ٢٧ی نیسانی ١٧٣٨، واتا بیست و یەك ساڵ دوای دامەزراندنی ماسۆنیزمی نوێ–پاپا (کلمنتی دوانزەم) بەیانێکی دەرکرد، تێیدا رایگەیاند ماسۆنیزم حەرامەو، هەرکەسێکیش بچێتە ریزیەوە لەئایینی خۆی یاخی بووە، ئەمەیش دەقی بەیانەکەیە: (هەندێ هەواڵی گشتیمان پێگەیشتووە گوایە هەندێ کۆمەڵەی نهێنی پێکهاتوون بەناوی فریماسۆن یان بیناسازە ئازادەکان، یان بەناوی دیکەی لەوجۆرەو، بەپێی زمانەکان دەگۆڕێن، ئەم کۆمەڵانە رۆژ بەرۆژ زیاددەکەن و بڵاودەبنەوەو تەشەنە دەکەن، خاسیەتشیان ئەوەیە پیاوانێك لەهەموو ئایین و کۆمەڵێکیان تیایە، لەرەواڵەت خۆیان وادەردەخەن بەئادابی سروشتی، کەچی لەنێو خۆیاندا پەیوەندی نهێنی و ئاڵۆزیان هەیە، بەپێی ئەو یاسایانەی کەبۆ خۆیانیان داناوە، دەبینین سوێند بەتەورات دەخۆن، لەژێر کاریگەری توندترین سزادان و بێدەنگ دەبن، هەمیشە لەئیشوکاری کۆمەڵەکەیان گوایە تاوانبار هەرچەنێ خۆی بشارێتەوە رۆژێ لەرۆژان



ئاشکرادەبێ، ئەمەیش لەوکۆمەڵانە روویدا کەسەرجەم تووشی هەندێ کاری خراپ بوون، بۆیە بووە مایەی گومان بەرامبەر نیەت پاکیان و، ئاقڵان تێگەیشتن کەچوونە ریزی ئەو کۆمەڵانەوە دەلالەتی ئەوەیە خراپەو گەندەڵی تیایە، شایەتی ئەوەش کەکۆبوونەوەی نهێنیەکانیان بۆ شەڕە نەك بۆ خێر، چونکی رقیان لەرووناکیە، بێزهاتنەوەی خەڵکی ئاقڵ لەم کۆمەڵانە گەیشتە رادەیەك، کەپێویست بوو لەسەر هەموو دەوڵەتێك دژایەتی بکات و لەیەکیان بترازێنێ، ئەگەر لەوزیانە گەورانەی ئەنجامی ئەم کۆمەڵە نهێنیانەیە بیربکەینەوە، بووە جێگای نیگەرانی ئەگەر بۆ ئاشتی مەملەکەتەکان بووبێت یان بۆ رزگارکردنی خەڵك، پاشان وەرگرتنی رای کاردیناڵەکان و بەئاگاداری تەواوی ئێمەو بەهێزی دەسەڵاتی پەیامبەرمان حکم و دادی خۆماندا، کەئەو کۆمپانیاو کۆمەڵانەی بەفریماسۆن ناسراون، یان بەهەر ناوێکی دیکە دەبێ ریسوا بکرێن و دووربخرێنەوە، لەبەرئەوە ئێمە بە بەهێزی ئەم بڵاوکراوەیە ریسواو مەحکومیان دەکەین کەدەمانەوێ کاریگەریەکەی نەمربێت.

لەم حاڵەتەشدا بەپێی ئیتاعەی پیرۆز ئاگاداری هەموو ئیماندارو هەر تاکێك لەتاکەکان لەهەچ پلەو حاڵەتێکدا بێ لەئیکلیرکیەکان و علمانیەکان، لەیاساناسان و غەیری یاساناسان کەکۆمەڵەکانی ماسۆنی دروستیان کردووە، یان بڵاوی دەکەنەوە، یان یارمەتیان دەدەن، یان لەماڵەکانی خۆیان قبووڵیان دەکەن. یان دەچنە ریزیانەوەو ئامادەی ئاهەنگەکانیان دەبن، ئەویش لەژێر کاریگەری حەرەم و ئیماندار بەکردەوە تیای دەکەوێت و، بەبێ ئاگاداربوونەوەیەکی تایبەت بۆخۆمان و جێگرەکانمان چارەسەر بۆئەم هەڵەیە دادەنێن و، رێگا نادەین کەس وازی لێ بێنێ بەبێ روخسەتی ئێمە تەنها لەکاتی مەرگ نەبێ)[٩].

ئەم بەیاننامەیەی پاپەوی رێگادانێك بوو بۆ بەرپابوونی ململانێی توند

لەنێوان ماسۆنیزم و کاسۆلیکیزمدا، حکومەتە کاسۆلیکەکان، بەتایبەتی ئیسپانیاو پورتوگال دەستیان بەراوەدوونانی ماسۆنیزمیەکان کردو چەوساندنەوەیان، ماسۆنیزمەکانیش لەلای خۆیانەوە باسی خراپەی پاپەیان دەکردو بەتووندی دژایەتی مەزهەبی کاسۆلیکیان دەکرد..

## لەنێوان موحافزکاری و نوێ بوونەوەدا:

ژمارەی مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەجیهاندا-وەکو لەئینسکۆ پیدیای دەولی ساڵی ١٩٦٤-دا هاتووە، دەگاتە سی و دوو هەزار مەحفەل و، ژمارەی ئەندامەکانیان بەپێنج تاشەش ملیۆن مەزەندە دەکرێن[١٠].

ماسۆنیزم لەجیهاندا سەنتەرێکی گشتی نییە، بەڵام مەحفەلی سەرەکی هەیە، کە لەیەکتری سەربەخۆن، هەر مەحفەلێکی سەرەکی مەحفەلی ئاسایی سەربەخۆی هەیە، مەحفەلی سەرەکی پێی دەوترێ (مەحفەلی گەورە) یان (رۆژهەڵاتی باڵا) یان (ئەنجومەنی باڵا) یان ناوی دیکە بەپێی زاراوەی دامەزرێنەرەکانی، ئەگەر مەحفەلێکی لەم جۆرە لەیەکێك لەوڵاتان دامەزرا، دەبێ داناپێنانی مەحفەلە سەرەکیەکانی وڵاتانی دیکە بەدەست بهێنێ، ماسۆنیزم سێ پایەی بنەڕەتی هەیە، کەتارادەیەك لەهەموو مەحفەلەکاندا هەیە وەکو: تازە دەستپێکردو، هاوڕێ و مامۆستا، ئەمەیش لەپلەی بیناسازە کۆنەکانەوە وەرگیراوە، پاشان پلەی بەرزتری بۆ زیادکراو بەپێی شێوازە پەیڕەوکراوەکان جیاوازن، وەکو پلەی هەژدەو سی و سێ، لەڕێبازی ئەسکۆتلەندی کۆنی پەسەندکراوو، پلەی خورماو سەیەف لەڕێبازی ئەمریکی و پلەی نەوەدو شەش لەڕێبازی مەحفیسی و، پلەی ملوانکەی شایانەو سوارچاکی پەیکەرو، مامۆستای هەڵبژاردەو ڕێبازی یۆرك هتد،



ئەگەر ویستیان مەحفەلێکی ئاسایی لەشوێنێك دابمەزرێنن، دەبێ حەوت ماسۆنی، یان زیاتر لەپلەی مامۆستا یان بەرزتر کۆببنەوەو، داوای روخسەتی دامەزراندنیان لەمەحفەلی سەرەکی لەوڵاتەکەی خۆیان بۆدەکەن ئەگەر هەبێ: یان لەمەحفەلی سەرەکی لەوڵاتێکی دیکە، هەر کەمەحفەلەکە دادەمەزرێ، بۆی هەیە ئەندام وەربگرێت، بەپێی ئوسوڵیاتی دیاریکراو..

دەتوانرێ ماسۆنیزم لەجیهاندا بکرێتە دووبڕی جیاوازەوە: موحافیزکارو تازەگەر، ماسۆنیزمی موحافیزکار لەبەریتانیاو ئەسکەندنافیاو ئەڵمانیاو ولایەتە یەکگرتووەکان بڵاوبووەوەو، داوای ملکەچی بۆ حکومەت و پەیوەست بوون لەرژێمی هەبوو دەکەن، ماسۆنیزمی تازەگەر، لەفەرەنساو ئەوروپای باشوورو ئەمریکای لاتین بڵاوبووەوەو، داوای بەربەرەکانی دەسەڵاتی ئایین و دیکتاتۆربەتی سیاسەت دەکات، دکتۆر (رۆسك) جیاوازی لەنێوان ئەم دوو گروپە دەگەڕێنێتەوە بۆئەو باروزروفە سیاسی و کۆمەڵایەتیە جیاوازەی کەدەوری هەریەکێکیانی داوە، گروپی یەکەم لەماسۆنیزم لەووڵاتەدا دەژی تارادەیەك سیستمی ئازادی تیا بەرقەرارەو ململانێی توند لەنێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتدا نیە، بۆیە هیچ هۆیەك لەخۆیدا نابینێتەوە بۆ دەستێوەران لەکاروباری ئایینی و سیاسەت، بەڵام گروپی دووەم لەو وڵاتە دەژی کەجیاوازە لەویتر لەبارودۆخی ئایین و سیاسەتدا، بۆیە بووەتە خاوەن هەستێکی شۆڕشگێری کەم تازۆر لەوڵاتەکەی بەرامبەر بەو بارودۆخەی لەئارادایە[١١].

ئەوەی جێگای سەرنجە کەماسۆنیزمی موحافیزکارو شوێنێکی بەرێزی لەوکۆمەڵگایەی تیادەژی هەیە، ئاشکرایەو تاسنوورێکی دیاریکراو شت دەشارێتەوە، کەچی ماسۆنیزمی تازەگەر بەشێوەیەکی گشتی مەیلی شاردنەوەی هەیەو خەڵکی بەچاوی گومان و تۆمەتبارکردنەوە تەماشای

دەکەن، کاتێ لەگەورە پیاوانی ئەو وڵاتانە دەکۆڵینەوە ماسۆنیزمی موحافیزکاری تیابلاوبوەتەوە، دەبینین ئەوانەی ماسۆنین ژمارەیەکی کەم نین، لەسەرچاوەیەکی ماسۆنیزمی ئینگلیزی لیستێکم دۆزیەوە بەناوی ئەو گەورە پیاوانەی ماسۆنین[١٢]، لێرەدا ناوی هەندێکیان دەهێنین:

لەشایەکان: ئۆسکاری یەکەم، چارڵی پازدەهەم، ئۆسکاری دووەم (نەروێژو سوێد)، گۆستاڤ پێنجەم (سوێد)، فەردریکی حەوتەم، فەردریکی هەشتەم (دانیمارك)، ئەسکەندەری یەکەم (روسیا)، فەردریکی گەورە، فەردریك و لێمی سێیەم (بروسیا)، قەیسەر فەردریك (ئەڵمانیا)، لیۆبۆڵدی یەکەم (بەلژیکا)، جۆرجی چوارەم، ولیمی چوارەم، ئەدواردی حەوتەم، ئەدواردی هەشتەم، جۆرجی شەشەم (بەریتانیا).

لەسەرۆکەکانی ولایەتە یەکگرتووەکان: واشنطن، مۆنرۆ، بۆلك، بۆکانین، ئەندرۆ جۆنسون، گازفیلد، ماکنلی، تیۆدۆر رۆزفلت، هاردنگ، کۆڵدج، ترۆمان..

لەسەرکردەکان: ناپلیۆن، ولنگتون، نلسۆن، کچنەر، برشنگ، ماکارثر..

لەنوسەرەکان: ڤۆڵتێر، گۆتە، دۆبڵ، وایڵد، کپلنگ، توێن..

ناودارەکان: بیتهۆڤن، مۆزارت، میرابۆ، مازینی، گاریباڵدی، فۆرد، ئاغاخان، چەرچڵ، فلمنگ، گیبڵ، لندبرگ..

ئەوەی شایانی وتنە لەمبارەیەوە کەماسۆنیزم گرنگیەکی کۆمەڵایەتی گەورەی هەبوو لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو، ژمارەی ماسۆنیەکان زۆرتر بوو لەهەر وڵاتێکی دیکەی جیهان، لەهەر ولایەتێك مەحفەلێکی سەرەکی تایبەتیان هەبوو، ژمارەیەك مەحفەلی ئاسایی پێوەی بەندە، دکتۆر (رۆسك) دەڵێ: ماسۆنیزم نوێنەری چینی بەرزە لەکۆمەڵگا ناوخۆییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەندام بوون تیایی دەلالەتی پایەیەکی بەرێزو



دەسەڵاتە، بۆیە بەچوونە ریزی ماسۆنیزمەوە دەسەڵاتی تاکەکەس زیاددەکات، ئەو لەناخۆشیدا پشت بەبرا ماسۆنیەکانی دەبەستێ.

دکتۆر رۆسك هەروەها دەڵێ: ماسۆنیزم لەئیشە خێرەکانیدا تەنها سوودی بۆ ئەندامەکانیو خێزانەکانیان هەیە، بۆیە لەهەندێ لەکۆمەڵەکانی دیکە جیاوازە، کەهەوڵی ئیشی خێرکردن و یارمەتی بێ دەرەتانان دەدەن بەگشتی وەکو کۆمەڵەی روتاری بۆنموونە[١٣].

## ئاماژەو نهێنییەکان:

ئەندام لەهەر مەحفەلێکی ماسۆنی دەتوانێ داوای یارمەتی لەهەموو ماسۆنیزمەکان لەجیهان بکات، لێرەدا ئاماژەیەکی نهێنی هەیە کەهەموویان پێی یەکتردەناسن، لەهەر شوێنێك بێت و پێی بەیەکتری دەگەن، جۆری هەیە، هەیە تایبەتە بەتەوقە کردن و، هەشە بانگ کردن لەدوورەوەو، سێیەم بۆ یەکتری ناسین لەنزیکەوە، دەڵێن سات ناساتێك دەگۆرێت، ئەویتر تاکەسی غەریب ئاشکرای نەکات و، سوودی لێوەربگرێت، برادەرێك پێی وتم کەپێش چل ساڵ لەمیسر دەیخوێند وتی: چوو بۆ مفەوەزیەتی میسر ئەوکاتە لەبەغدا تافیزە وەربگرێ و بچێ بۆمیسر، هەر کەچووە ژووری فەرمانبەری تایبەتەوە، تافەرمانبەرەکە لەبەری هەڵساو بەخێرهاتنی کردو، لەتەواوکردنی موعامەلەکەی هیمەتی نواند، پاشان لەدەستی گرت و بردی بۆ ژوورێکی تەنیشت و چۆڵ بوو لێی پرسی: کەی چوویتە ریزی ماسۆنیزمەوە؟ برادەرەکە پرسیارەکەی بەلاوە سەیربوو، چونکی ماسۆنی نەبوو بیریشی نەکردبووەوە بچێتە ریزی ماسۆنیزمەوە رۆژێك لەرۆژان، دواجار بۆی دەرکەوت کاتێ چووەتە ژووری فەرمانبەرەکەوە بەرێکەوت

ئامازەیەکی ماسۆنی بەکارهێناوەو بەبێ هیچ مەبەستێك، بۆیە فەرمانبەرەکە هەستی کرد لەماسۆنی بێ.

لەبرادەرەکەم پرسی ئەو ئامازەیە چی بوو، وتی نایزانێ و نازانێت چۆن بەکاری هێنا، بەڵام هەروا لەخۆڕایی هات، شتێکی واش لەمن روویدا چەندساڵێك لەمەوبەر لەئاهەنگێکدا، کابرایەك هاتە لام و تەوقەی لەگەڵ کردم، پاشان پەنجە کەڵەی خستە ناو لەپمەوەو دەیجوڵاندەوە، بەشێوەیەك سەرنجی راکێشام ئەوکاتە واتایم نەزانی، پاشان وام بۆ دەرکەوت لەوانەیە ئامازەیەکی ماسۆنیزم بێت.

جارێکی تر کابرایەك تەوقەی لەگەڵ کردم و، پەنجە کەڵەی راستمی گرت و ناولەپی خستە دەوری و، پەنجە کەڵەی دەخستە ژوورەوەو دەریدەهێنا بەشێو کەلچووك و کلدان، لەوانەیە ئەمەیش جۆرێك بێت لەئامازەی ماسۆنیزم نهێنی دیکەی هەیە، سەرەڕای ئەو ئامازە نهێنیانەی تایبەتن بەخۆیان، لەخوێنەری ناشارمەوە کەهەوڵمدا ئەو نهێنیانە بزانم، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، هەموو ئەوەی دەستم کەوت ئەوانەیە نەیارەکان لەبارەیەوە دەیلێن، ئەنجامێکە و بڕوا پێنەکراوە، سەروشتی نەیاریش ئەوەیە لەگواستنەوەی زانیاریەکان و دروستی دەکەن زیادەڕۆیی دەکات، گۆڤاری (هێزە سەربازیەکان)ی قاهیرە لەژمارەی یەکی حوزەیرانی ١٩٦٤ ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ فەقیهی ناسراو شێخ محەمەد ئەبو زەهرە کردبووی، ئەم پیاوە ماسۆنی بوو، پاشان لەساڵی ١٩٥١ وازی لێهێنا.

گۆڤارەکە چەند پرسیارێکی رووبەڕووی کردبووەوەو گرنگترین وەڵامەکانی بۆ گۆڤارەکە وتبووی: (لەدەروازەی مەحفەلەکە چاوم بەئێسکە پەیکەری بنیادەمێك کەوت و، پێیان وتم ئەوە هی یەکێك لەئەندامەکانە،



لەدوای مەرگی بەخشیویەتی تا لەمەحفەلەکە وەکو دەلالەتێك بۆ دڵسۆزی بۆ ماسۆنیزم تەنانەت دوای مردنیشی دابنرێ، هەروەها هەستم کرد هەندێ مەسەلەیە هەیە هەموو ئەندامەکان نایزانن، بەڵکو تەنها هەندێکیان، هەستم کرد لەژێر چاودێریم بەرادەیەك ناتوانم بچمە ژوورەکانی مەحفەلەکەوە، بگرە نشتەجێبوونم لەتەنها ژوورێکدا دیاریکراو بوو، هەر لەیەکەم رۆژەوە گومان دایگرتم و سەرنجی ئەوەم دەدا لەڕووی بیروباوەڕەوە یان لەکەسانەوە کەتەوژمی شاراوە هەیە).

وام هەست دەکرد کەسەرۆکەکانی مەحفەلەکە نەیانهێشتووە هەموو نهێنیەکان پێ بزانێ، چونکی ئەندامێکی تازە دەستپێکردو بوو، واهەست دەکرێ کەئەندام هەرچەنێ لەپلەکانی ماسۆنیزم بەرزبێتەوە زیاتر ئاگاداری نهێنییەکانی دەبێت، ئەمەشمان لەلای تایەفەی شیعەی ئیسماعیل بەدی کردووە، هەر کەبەنهێنی بانگەشەیان بۆ دژایەتی کردنی خەلافەتی عەباسی دەکرد، ئەم بانگەشەیەش حەوت پلەی هەبوو، هەرچەنێ ئەندام لەپلەکەی خۆی بەرزبێتەوە نهێنیەکانی فەلسەفەی بانگەشەکەی بۆ ئاشکرادەبوو، کە لەمەوبەر نەیناسیوە، ئەگەر ئەندام بگاتە دواپلە هەموو نهێنیەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت[١٤]، دووریش نییە ماسۆنیزم ئەم رێکخستنەی لەکۆنەوە لەئیسماعیلەوە وەرگرتبێ لەڕێگەی ئەو سوارانەی لەجەنگی خاچپەرستان دەگەڕانەوە، لێرەدا لەکاتی چوونە ریزی ماسۆنیزمەوە شێوەیەکی سوێند خواردن هەیە، ئەم شێوەیەش بەپێی رێبازە پەیڕەوکراوەکان دەگۆڕدرێت، لێرەدا نموونەیەکی لێدەهێنینەوە:

(من فلانم سوێند دەخۆم بەخوای میهرەبان و ئەندازیاری گەردونی مەزن لەحەزرەتی ئەم مەحفەلە بەرێزەو لەبەردەم ئامادەبووان، بەڵێن دەدەم کەنهێنیەکانی ماسۆنیزم کەبۆمی دەدرکێنێ بپارێزم و بیشارمەوە، نابێ

هیچی لێ بدرکێنم، هەروەها سوێندیش دەخۆم کەئەم نهێنیانە نە دەیاننووسمەوەو نە چاپیان دەکەم و نە ئاماژەیان پێدەدەم و، بەهەموو هێزێکم رێ لەوکەسەش دەگرم ئەمە بکات، بۆئەوەی نهێنیەکانمان بۆ جگە رۆڵەکانی خێڵەکەمان ئاشکرا نەبێت، سوێند دەخۆم بەشەرەف، بەبێ درێغی سوێندەکەم بپارێزم براکانم و ئەندامانی مەحفەلەکەم خۆش بوێ و یاریدەو یارمەتیان بدەم لەپێویستیەکانیان و بەردەوامی لەدانیشتنەکانی مەحفەلەکە ئامادەبم، بەپێی توانام و ئیتاعەی یاسای مەحفەلی گەورە بپارێزم، ئەگەر سوێندەکەی خۆم بەجێنەهێنا شیاوی سەربڕین و زمان بڕینم و، لاشەکەم فرێدرێتە بەر باڵندەکانی ئاسمان و نەهەنگەکانی دەریا، رازیم تەرمەکەم لەمەحفەلێکی ماسۆنی هەڵبواسرێت تابیمە پەند بۆ ئەوانەی دوای من دێنە ریزەوە، پاشان تەرمەکەم بسووتێنرێت و خۆڵە مێشەکەی بەهەوادا بڵاوبکرێتەوە)[١٥].

لێرەدا پرسیارێك رووبەڕوومان دەبێتەوە: بۆچی ئەم هەموو وریاییە توونده لە ماسۆنیزمەوە بۆ شاردنەوەی نهێنیەکانی؟ (شاهین مەکاریوس) بۆئەمە وەڵام دەداتەوە: (ئەمە هۆی زۆری هەیە، گرنگتریان کە ماسۆنیزم لەرۆژانی ستەم و چەوساندنەوە دامەزرا، ئەندامەکانی لەئەهلی فەسادو ئیستیبداد دەترسان، ئەگەر نیازەکانی خۆیان دەربڕن بۆ یەکگرتن بۆ پێشخستنی زۆرلێکراوان و، یارمەتیدانی ئەدیبان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازاد لەنێو خەڵکیدا، بۆیە کاروباری خۆیان نهێنی کردووە، ئێمەش لەوانەوە ئەم ئامانجە شەریفی و رێنماییە بەرزەمان لەوانەوە بۆ ماوەتەوە، دەبێ شوێن پێ هەڵگریان بین و، ئەو نهێنیانە بشارینەوە کەئەوان شاردبوویانەوە، شاردنەوەی کاروبارەکانی ماسۆنیزم لەبووندا، شتێکی نوێ نییە، ناودارترین حەکیمان و فەیلەسووفەکان لەدێرزەمانەوە لەسەری



رۆیشتوون، چونکی راستیەکانیان زانیوە، لەسنگی خۆیاندا شاردویانەتەوەو نایدرکێنن تەنها بۆ شیاوی لەرێبازی ئێستای ماسۆنیزم دا نەبێت، ترسان لەحەقیقەت و لەچەوساندنەوەی نەزانەکان تاخراپەکاری بپارێزن، ئەگەر کەوتە دەمی لافلێدەرەوەکانەوە..)[١٦]، ئەوەی شایانی وتنە نەیارانی ماسۆنیزم تاوانباری دەکەن بەوەی کەئەندامی خۆی تیرۆر جەکات، ئەگەرنهێنیەکانی بدرکێنێ و، لەم بارەیەوە چیرۆکی سەیر دەگێڕنەوە، بەڵام ماسۆنیەکان خۆیان لەم تۆمەتە بێبەری دەکەن و، بەدەستکردی نەیارەکانی لەقەڵەمی دەدەن.

بەهەرحاڵ لەساڵی ١٨٢٦ رووداوێك لەولایەتە یەکگرتووەکان روویدا، لەم بارەیەوە واتای خۆی هەبوو، پوختەکەی، پیاوێك ناوی (ولیەم یۆرگان) بوو، ئاگاداری نهێنیەکانی ماسۆنیزم بوو، لەگەڵ رۆژنامەوانێك رێکەوت ئەو نهێنیانە ئاشکرا کات، ماسۆنیەکان زۆر هەوڵیاندا بێدەنگی کەن بێ سوودبوو[١٧]، دوای ماوەیەك پۆلیس بەتاوانی دزی دەستگیری کرد، شەوێك لەبەندیخانە مایەوە، پاشان گوێزرایەوە بۆ قەڵای نیاگاراو، لەوێ چەند رۆژێك بەندکرا، پاشان شوێنەواری نەماو هیچ لەبارەیەوە نەزانرا[١٨]، ئەم رووداوەش بووە بیانویەك بەدەستی نەیارەکانی ماسۆنیزمەوە لەولایەتە یەکگرتووەکان و، هێرشێکی ناڕەوایان کردە سەری و، هێرشیان کردە سەر هەندێ لەهۆڵەکانی و، زۆر لەمەحفەلەکانیان داخست و، لەمەدا بۆماوەی دەساڵ بەردەوام بوون[١٩]، مێژوونووسە ماسۆنیەکان کاتێ باسی ئەو رووداوە دەکەن، دەیانەوێ ماسۆنیزم لەتاوانی کوشتنی ئەو کابرایە بێبەری کەن، بەڵام ناتوانن شتێکی بۆ ئاشکراکردنی ئاڵۆزیەکەی بهێننەوە، راستی قەناعەت وایە کە ماسۆنیزم بەشێوەیەك لەشێوەکان لەو رووداوەدا دەستێکی هەبووە.

# ماسۆنیزم و بەریتانیا:

پەیوەندی نێوان ماسۆنیزم و بەریتانیا بەهێزترە، لەوەی لەنێوانی ئەم و دەوڵەتێکی دیکەدا هەبێ، لەمەوبەر بینیمان کەچۆن ماسۆنیزم لەبەریتانیا دروستبوو، لەوێوە بەوڵاتانی دیکەدا بڵاوبوەوە، لەراستیدا ماسۆنیزم تووشی هیچ قەدەغەکردن یان چەوساندنەوەیەك نەبوو، وەکو لەزۆر وڵاتانی دیکە تووشی هات، پەرلەمانی بەریتانیا هەر کەساڵی ١٧٩٨ بڕیارێکی دەرکرد بۆ قەدغەکردنی کۆمەڵە نهێنییەکان، کۆمەڵەی ماسۆنیزمی لێ جیاکردەوە[٢٠].

پێنج لەشاکانی بەریتانیا چوونە ریزی ماسۆنیزمەوە کەئەمانەن:

جۆرجی چوارم، ولیەمی چوارەم، ئەدواردی حەوتەم، ئەدواردی هەشتەم، جۆرجی شەشەم، هەروەها مێردی شاژنی ئێستاش چووە ریزی ماسۆنیزمەوە.

دەتوانین بڵێین بەریتانیا سوودی بەخشیە ماسۆنیزم وەکو چۆن سوودیشی لێ وەرگرت، بەریتانیەکان بۆ هەرکوێ رۆشتبان چ وەکو بازرگان و چ وەکو داگیرکەر، یان رزگارکەر ماسۆنیزمیان بڵاودەکردەوە، لەهەمانکاتدا توانیان لەرێگەی ماسۆنیزمەوە زۆر برادەرو لایەنگیر بۆ خۆیان پەیابکەن لەو وڵاتانەی بۆ دەچوون، لەساڵی ١٨٨٥ ژەنراڵ (ولسلی) کەفەرماندەی بەریتانیا بوو میسری داگیرکردو، لەساڵی ١٨٨٢ شۆڕشی عوڕابی لەناوبرد، لەمەحفەلێکی ماسۆنی لەلیڤرپول وتەی داو وتی: (لەزۆربەی شاران گەڕاوم و بەزۆر وڵاتاندا سووڕاومەتەوەو، تووشی سەختی و ناخۆشی بووم، لەشەڕدا زۆر زەحمەتم دیوە تاڵی زەمانەم چەشت و



خۆشیشم بەرکەوت، سوپاس بۆخودا پلەکانی شانازی و سەرۆکایەتیم بەرکەوت، ئەوە ئەمڕۆ لەبەردەمتان قسەیەك دەکەم، گومانی تیانیە، هەموو سەختیەکم ئاسان کردو، گاڵتەم بەناخۆشیەکان دەهات، لەهەموو وڵاتان کەبۆی چووم و، برایانی ماسۆنیزم دەبینی و بەخێرهاتنیان دەکردم، هەرچیم بویستایە یارمەتیان دەدام، گومانم لەوەنیە کەبۆیە سەرکەوتوو بووم، چونکی مامۆستا بووم لە ماسۆنیزم دا)[٢١].

ماسۆنیەکان بەتایبەتی شانازی بەشا ئەدواردی حەوتەمەوە دەکەن، زۆر ریزی لێدەگرن، چونکی ماسۆنیزمی زۆرخۆش دەویست و، هەموو تەقەلایەکی خستەگەڕ لەپێناوی پێشخستنی و بڵاوبوونەوە لەسەرجەم ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، لەکاتی ئەودا خۆری لێ ئاوا نەدەبوو، ئەم کابرایە ساڵی ١٨٧٠ چووە ریزی ماسۆنیزمەوە، ئەوکاتە جێگری شانشینی دایکی شاژن ڤکتۆریا بوو، دوای چوار ساڵ لەریزی ماسۆنیزم دا بەمامۆستای مەزنی ماسۆنیزم هەڵبژێردرا، ئاهەنگی دامەزراندنی لەهۆڵی (ئەلبەرت)ی بەناوبانگ بوو لەلەندەن، ئاهەنگەکە زۆر گەورە بوو، چونکی ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر لەماسۆنیەکان تیا کۆببوونەوە، کە لەمێژوودا لەوێنەی نەبووە[٢٢]، لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٨٧ ئاهەنگی پەنجا ساڵەی دانیشتنی شاژن ڤەکتۆریا لەسەر تەخت سازدرا، ماسۆنیەکان بەهەلیان زانی نوێنەری خۆیان نارد بۆ لەندەن، ژمارەیان لەحەوت هەزار ماسۆنی زیاتربوو، نوێنەری هەزارو حەوسەد مەحفەل بوون لەهەموو جیهاندا.

بۆخۆیان لەشاری لەندەن ئاهەنگێکی تایبەتیان لەهۆڵێکی گەورە سازدا، بەجلوبەرگی ماسۆنیزمەوە ئامادەی بوون و، بەپێی پلەکانیان دادەنیشتن، جێگری پادشانشین هەڵساو وتەیەکی خوێندەوەو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆئەو ئاهەنگەو، وتی: (مایەی شانازیمە کەمن نەوەی شاهانێکم هەر

لەدێرزەمانەوە یارمەتی ماسۆنیزمیان داوەو، ئاگاداری بوون کەبیروباوەڕەکانی راستگۆیەوە کردووەکانی گەرچی لەهەندێ خەڵك شاراوەیە هەمووی بۆ خێری مرۆڤایەتیە).

هەر کە لەوتارەکەی بووەوە، سکرتێری ئاهەنگەکە کۆلونێل کلارك هەڵساو وتەیەکی لەجیاتی مەحفەلی ماسۆنیزم خوێندەوە، پوختەکەی ئەوەبوو کەماسۆنیەکان لەهەموو ئەو وڵاتانەی سەر بەبەریتانیان دڵسۆزی خۆیان دەردەبڕن بۆ حکومەت و خۆشەویستیان بۆ خودی شاژن و لەئەندازیاری گەردوونی مەزن داوادەکەن تەمەن درێژبێ و حوکمڕانیەکەیشی، پاشان لۆرد (کارنافون) داوای کرد ئەو وتەیە قبووڵ بکرێت و ئاماژەی بەوەکرد کەخانەوادەی شانشینی ئینگلیزی یارمەتی ماسۆنیزم بدات و وتی: (ئەم کۆمەڵەیە حەڤدە سازادە لەخانەوادەی شا سەرۆکی بوون لەکاتی جیاجیادا خاوەن شکۆ شازادە ڤکتۆریا کچی ماسۆنیەکەو زۆربەی ئەندامانی خانەوادە شەریفەکەی ئەندامی ماسۆنیزمن).

لۆرد (لاتومیش) هەڵساو، پشتگیری راس لۆرد کارنافونی کرد وتە قبووڵ بکرێت، لێرەدا هەموو لەسەر قبووڵ کردنی وتەکە کۆك بوون، مۆسیقای سلاوی شاهانە لێدرا، پاشان هەموو وەستان و، سێجار چەپڵەیان بۆ شاژن لێداو جارێکی تر مۆسیقا لێدرایەوە، لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٨٩٧ ئاهەنگێکی دیکە بەبۆنەی جەژنی شەستساڵەی شاژن ڤکتۆریا سازکرا، هەشت هەزار ماسۆنی ئامادەی بوون و، نوسراوێکی پیرۆزباییان پێشکەش بەشاژن کرد.

سکرتێری ئاهەنگەکە (دۆق کنوت) کوڕی دووەمی شاژن بوو، هەر کەئامادەبووان لەمۆرکردنی نووسراوەکە بوونەوە، دۆق قەڵەمە زیویەکەی وەرگرت کەپێی ئیمزایان کردبوو هەڵیگرت و وتی: (ئەمە مەزنترین قەڵەمە



کەنووسینێکی ماسۆنی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا پێ نوسرابێت، وەکو شوێنەوارێکی نەمری ئەم کۆبوونەوەیە دەیپارێزم)، پاشان نامەو بروسکە لەماسۆنیەکانەوە بۆ پیرۆزبایی کردنی شاژن لەهەموو ناوچە جیاجیاکانی زەویەوە هات[٢٣].

لەساڵی ١٩٠١ شاژن ڤکتۆریا مردو لەدوای جێگری شانشینە چووە سەرتەخت، شای نوێ ناچاربوو لەپلەی (مامۆستای مەزنی) ماسۆنیزم دەست لەکاربکێشێتەوە، لەجیاتی ئەو براکەی (دۆق کنوت)ی هەڵبژێردرا، بەڵام ئەو خۆی بووە (پارێزەری) ماسۆنیزم، دۆق کنوت لەسەرۆکایەتی ماسۆنیزم سی و هەشت ساڵ بەردەوام بوو، سەردەمی ئەو مەزنترین سەردەمی ماسۆنیزم بوو، چونکی تێدا گەشەی کردو، سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا، هەر کەئەم دۆقە ناچاربوو بەهۆی تەندروستییەوە لەساڵی ١٩٣٩ لەسەرۆکایەتی دەست لەکاربکێشێتەوە، دۆق (کنت) بۆ جێگاکەی هەڵبژێردرا، سەرۆکایەتی ماسۆنیزم تائێستاش شازادەکانی خانەوادەی شانشینی بەریتانیا یەك لەدوایەك دەیگرنە دەست[٢٤].

## تەقسەکانی ماسۆنیزم:

ماسۆنیزم تەقسی سەیری هەیە، وریای ئەوەن لەگەڵ دامەزراندنی هەر مەحفەلێك لەمەحفەلەکان ئەنجامی بدەن، یان لەکاتی وەرگرتنی ئەندامێکی تازە، یان بەرزکردنەوەی یان مردنیدا، ئەم قسانەش بەپێی رێبازە پەیڕەوکراوەکان دەگۆڕدرێت، بەڵام لەبنەڕەتدا یەکن و، تەقسەکانی بەشێوەیەکی نواندن دەکرێن ئەندامەکان بەنواندنی ئەو دەورانە بەپێی پلەو پایەیان هەڵدەسن، ئەمەیش نموونەیەکە بۆ خوێنەر لەیەکێك

لەسەرچاوەکانی ماسۆنیزمەوە دەهێنمەوە[٢٥]، کەتایبەتە بەبەرزکردنەوەی یەکێك لەئەندامەکانی بۆ پلەی هەژدەم، بەپێی ڕێبازی پەیڕەوکراو لەئەنجومەنی بالاّی میسری سالّی ١٩٢٦، لەمەحفەلەکە سێ ژوور ئامادەدەکرێت، یەکێکیان ڕەش و دووەمیان سوورو سێیەم ئامادەیە لەگەلّ ڕاخستنی مافور لەزەوی و دانانی پەردەو هێما تێیدا بەگوێرەی دەستووری ڕێبازەکەو، سەرۆك هەلّدەسی بەدەورەکان و، ناوزەد دەکرێت بە (کلي الحکمة)، هەروەها هەردوو پارێزگاری یەکەم و دووەم و شازادەکان و شارەزاو، پاسەوانی قەلاّکەو، سوارەی ڕەوانبێژی و، روفائیل و، سەرەڕای داواکاری بەرزبوونەوە، لەگەلّ کردنەوەی ئاهەنگەکە سەرۆك ناوی داواکار رادەگەیەنێ و شازادەکان بۆ ژوورە ڕەشەکە دەکێشنەوە، لەوشوێنەی جلوبەرگی ڕەش و فەقیانەی ڕەش لەبەردەکەن، دوای ئەوە دەنگی دەرگا دەبیسترێ، دەمەتەقێیەك لەم جۆرەی خوارەوە ڕوودەدات:

پارێزگاری دووەم: ئەی برای (کلي الحکمة) ئاگادارکردنەوەی ترسناك.

سەرۆك: ئەی پارێزگاری یەکەم و دووەم تەماشاکەن کێ هاتووە بێزارمان کات؟

پارێزگاری دووەم: (دەڕوا بۆلای دەرگاکەو لەشارەزاکە دەپرسێ، کێ لەدەرگا دەدا) ئەم ئینزارە لەکێوەیە؟

شارەزا: ئەمە سوارچاکی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوایە داوایەکی داوەتێ و، خرایە بەردەم برای هەموو دانایەکم (کلي الحکمة) ئەو ئێستا داوای هاتنە ژوورەوە دەکات تاوەلاّمی چنگ کەوێت.

پارێزگاری دووەم: چاوەڕێیە تاهەموو دانایەکم ئاگاداردەکەمەوە (دەڕوا بۆ لای سەرۆك) سوارچاکی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوای موستەحەق داوایەکی پێشکەشکردووە، بۆتۆ ئەی رای هەموو دانایەکم، لەڕێگەی شارەزاوە،



ئێستا ئەو داوای هاتنە ژوورەوە دەکات تا وەلاّمی چنگ کەوێت.

سەرۆك: بەبرای شارەزا بلّێ بابیهێنێتەوە بۆ ئێرە.

شارەزا: (لەگەلّ داواکار دێنە ژوورەوەو لەلای ڕۆژهەلاّتەوە دەوەستن) ئەی برای هەموو دانایەکم، (فلان) برات پێشکەشدەکەم.

سەرۆك: تۆ کێیت و ئەو کێیە؟

داواکار: بەشەریفی لەدایکبووم لەخێلّی جوداهەم.

سەرۆك: پلەکەت چیە؟

داواکار: سوارچاکی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا.

سەرۆك: وشەکەم بدرێ (وشەکەی وەردەگرێ و لەتەمەنی داواکار دەپرسێ، پاشان لەسەر قسەکەی دەڕوا) مەقامی داوایەکەت قبوولّکراو، بەلاّم لەگەلّ ئیعجابمان بوو هەولّ و ئازایەتیت و بڕوامان بەسەر ڕاستیت و جوانی ڕەوشتت، بەداخەوە تۆ لەکاتێکدا هاتی بەکەدەرو خەمی قوولّ چواردەورە دراوین، بۆیە نیشانەی ترس لەسەروچاوماندا دەبینی، چونکی زەوی هاتە لەرزین و، تاشە بەردەکان قەلّەشان و پەردەی میحراب دڕاو بوو بەدوو لەتەوە (دەنگی زەنگ دێت و پەردە لادەدرێت کە لەبەردەم سەربڕینگەکەیە بەم لاو بەولادا)، تاریکی دادێت، سەربڕینگەکانمان وێران بوون و، لەبەردی هەشت گۆشەوە خوێن و ئاو چۆڕا، ئەستێرەی گەش گیراو، شوانمان لێدراو، وشە نەما (بێدەنگی و مۆسیقایەکی هێواش) لەگەلّ ئەوەشدا چاکت کرد لەم وەختە ترسناکەدا هاتی، چونکی تۆ سەلماندت کەسوارێکی ئازاو چەلەنگی و ئێمە بڕوامان پێت هەیە، کە لەهەولّەکانمان بۆ قەرەبووکردنی زیانمان یارمەتیان دەدەیت و گەڕانەوەی وشەمان، تەنها لەم حالّەتەدا دەتوانین ئەو بەرزبوونەوەیەت بدەینێ کە بەدلّسۆزیەوە ئارەزووی دەکەیت.

داواکار: بەئەمانەتەوە بەڵێن دەدەم کە بەکارەکانتان یارمەتیتان بدەم و ملکەچی هەرشتێکم کەفەرمانم پێبکەن.

سەرۆك: کەواتە سواری شیاو من ئاماژەت پێدەکەم، کەسی و سیٚ رۆژ سەفەربکەیت، یازدە رۆژ بەرەو باکوور، یازدە رۆژ بەرەو باشوورو، یازدە رۆ بەرەو رۆژئاوا، لەرۆژهەڵاتەوە بەهەرچی زانیاریەکەوە بۆم دەگەڕێیتەوە کە لەسەفەرەکەت دەستت دەکەوێت، سەرنجت بۆ جۆرێکی تایبەت لەجوانی سەردەمی نویٚ باڵامان رادەکێشم و، تابتوانی بەراستی رێزی بگریت، لێگەڕیٚ با داوا لەخودا بکەین یارمەتیمان پیٚ ببەخشێت و، کۆتایەکی چاك (نوێژ دەخوێنیٚ، پاشان لەقسەکردن بەردەوام دەبێت) برای شارەزا دەتبات بۆ ستوونی حیکمەت لەباکوور، پاشان بۆ ستوونی جوانی لەباشوور، پاشان بۆ ستوونی هێز لەرۆژئاوا، بڕۆ بەئاسوودەیی (موسیقایەکی ترسناك لێدەدرێت کەچی داواکارەکە بۆ سەفەرەکەی دوای شارەزاکە دەکەوێت، هەموو جارێك بەبەردەم دەرگای میحرابدا رەتی دەکات، دەچەمێتەوەو، هەر کەدەگاتە ستوونەکان لەخولی سێیەم و پێنجەم و حەوتەمدا پیتەکانی ئەلف و ریٚ و میم کەلەویٚ یەك لەدوای یەك دانراون وەردەگرێت، پاشان لەلای رۆژئاوا دەوەستیٚ).

شارەزا: ئەی برای هەموو دانایەکم سوارەی رۆژهەڵات و رۆژئاوات پێشکەشدەکەم، کەسەفەری ئەو سی و سیٚ رۆژەی بەسەریدا سەپێنرابوو تەواوی کرد.

سەرۆك: لەسەفەرەکەت چیت دەستکەوت؟

شارەزا: لەژوورەوە گەڕاین و بەدەوری ستوونەکان لەباکوورو باشوورو رۆژئاوادا بەدوای وشە ونبووەکەدا، بەڵام هیچمان چنگ نەکەوت جگە ئەو پیتانە نەبێت کەجێی شەرەفە پێشکەشتی بکەین.



سەرۆك: (پیتەکان وەردەگریٚ) پیرۆزباییت لێدەکەم بۆئەو سەرکەوتنانەی لەگەشتەکاندا بەدەستهێناوە، ئەمانە یەکەم پیتەکانی ناوی چاکەکانەو، داوا دەکەین بۆ یارمەتیان بۆ دۆزینەوەی وشە ونبووەکە سەرکەوتووبیت، بەڵام بەرلەوەی ڕوونکردنەوەیەکت بدەمیٚ دەبیٚ سوێندێکی ترسناك بخۆیت کەنهێنی و هێماکانی ئەم پلەیەو کارەکانی پایەی نهێنیمان بەتەواوی دەپارێزی، ئایا تۆ بۆ ئەم سوێندخواردنە مەزنە ئامادەیت، (داواکارەکە بەوشەی بەڵیٚ وەڵامی دەداتەوە) کەواتە وەرە پێشەوەو، لەبەردەم میحرابەکە کڕنوش بەرەو، دەستی راست بخەسەر کتێبی پیرۆزو، دەستی چەپیشت دەخەیتە سەر دەستی راستت و، ناوی خۆت بەتەواوی بڵیٚ و، چی دەڵێم لەدوامەوە بیڵێرەوە (سوێندەکە دەخوێنێتەوە) تکام وایە ئەم سوێند خواردنە بەماچ کردنی کتێبی پیرۆز حەوت جاران تەواوکەیت (داواکارەکە وادەکات) ئەی سوارە هەستە (داواکارەکە هەڵدەستیٚ و دەگەڕێتەوە بۆ رۆژئاوا) پیٚم وایە دەبیٚ فێرت کەم ئەو حەوت بازنەیی کە بەدوریاندا سەفەرت کرد، بریتین لەو حەوت زەمەنەی خوڵقاندنی جیهان کەخالقی سوبحانەو تەعالە لەشەش رۆژ دروستیکردووەو، پاشان لەسەر عەرش دانیشتووە، لەمەوبەر بەگەڕانەوە بەختەوەرەکەت لەگەشتەکانتدا پیرۆزباییم لێت کرد، لەسەر وجدانت پیتە سەرەتاکان بوو، بەتایبەتی سیٚ مەبدەئی یەکەمین بۆ سیستمەکان واتا پلەکەمان ئەویش ئەلف و ریٚ و میم کە بەیارمەتی ئەو– لەمەدا گومانی نییە ئینشەڵا– بەتەواو سەرکەوتوو دەبیٚ بۆ گەیشتن بەکۆتایی بەمەبەستی هەموو توێژینەوەکانمان ئەو وشەیە کەقووتار بوونی هەتا هەتاییمانی پێوەی بەندە، چونکی ئیمان کەرەستەی ئەو شتانەیە ئاواتەخوازیانین، ئەویش بڕوابوون بەوشتانەی نابینرێن، چونکە داواکردن شەرمەزاری ناکات، خۆشەویستی زۆر هەڵدەگریٚ و،

بەبەزەییەو بەخیلی ناکات و، بەخۆیدا نانازێ و، بۆخۆی هیچ داواناکات و، بەئاسانی تووڕە نابێت و، بیر لەخراپە ناکاتەوەو، گوناهی پێ خۆش نییە، بەڵام هەقی پێ خۆشەو تەحەمولی هەموو شتێك دەکات و، بڕوای بەهەموو شتێك هەیەو، داوای هەموو شتێك دەکات، خۆشەویستی هەرگیز ناکەوێت، دەبا نوێژ بکەین (سوارەی ڕەوانبێژی نوێژ دەڵێتەوە) داواکار دەتوانێ ئێستا بڕوات و، ئامادەبێت بەتێڕامان لەوەی کتێبی پیرۆز پێی وتووەو، لەسەر ئیمان و تکا کردن ڕاهێنان بکات، لێرەدا داواکار دەچێتە دەرەوە، پاشان جارێکی دیکە دێتە ژوورەوە، تادەوری ڕێبوارێك دەبینێ کە بەدوای وشە ونبووەکەوە بگەڕێت، بەم جۆرە بەشی یەکەمی تەقسەکان کۆتایی دێت، بەڵام بەشی دووەم بەکەژاوەیەك دەستپێدەکات، پێکهاتووە لەهەموو ئەندامان، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و بەپێی پلەکانیان و کەژاوەکە لەژوورەوە ڕەشەکە کەچی موسیقا ئاوازی ترسناك لێدەدات و هەموو دەچەمێنەوە هەر کە بەمیحرابەکەدا ڕەت بن، پاشان دەچنە ژوورە سوورەکەوە، جگە شارەزاو داواکار نەبێت، چونکی پاسەوانی قەڵاکە لێناگەڕێت بچنە ژوورەوەو، داوایان لێدەکات وشەکە بڵێن و ئەم دەمەتەقێیەی خوارەوە ڕوودەدات:

شارەزا: ناتوانین، هەردووکمان ڕێبوارین و بەدوای وشە ونبووەکەدا دەگەڕێین و، ئاواتە خوازین بەهەوڵ و تەقەلا لەسەر ئیمان و داواکاریی و خۆشەویستی و یارمەتی خوداوەندی زیندوو ڕاست و ڕەوان بیدۆزینەوە..

پاسەوانی قەڵاکە: دیمەنی جل و بەرگەکانتان لەگەڵ ملکەچی ئەوانە یەکناگرێتەوە کەئارەزوو دەکەن وشە ونبووەکە بگەڕێننەوەو، بگەڕێنەوەو جلوبەرگی ملکەچی لەبەربکەن تابتوانم روفائێل بۆ ئامادەکردنتان بنێرم.

داواکارو شارەزاکە دەگەڕێنەوە بۆ ژووری ئامادەکاری، لەوشوێنەی



شاشێکی ڕەش دەدرێتە سەر داواکارەکەوەو هەموو خشڵ و جلوبەرگی ماسۆنیزمی لەبەر دادەماڵرێ و، لەهەمانکاتدا دەنگی تەقەتەق دێت و، ڕووناکیەکە کز دەبێ و ئێسك و کەللەسەرو هەندێ خوێ لەسەر زەوییەکە دادەنرێت و، مۆسیقایەکی هێواش لێدەدرێت و شارەزاکە دەکشێتەوە، داواکارەکە بەتەنیا جێدەهێڵێ و، دوای تۆزێك ڕۆفائیل دێتە لای.

ڕۆفائیل: من هاتووم لەژێر باڵی تاریکیدا بتبەم لەدۆڵی مەرگەوە بۆ تەلاری بەهەشت، دەبێ سەرەتا مەترسی و سەختی و ناخۆشی ببینی، بەڵام توندبەو دەستگیری ئەو چاکانە بە کەدەستت دەکەون، ئەگەر بێ ئومێد بووی ئیمان یارمەتیت دەدات و پاڕانەوە ڕێگەت بۆ خۆشدەکات، لەڕێگا هانت دەدات و، لەگەڵ هەر تاقیکردنەوەیەکدا خۆشەویستی ڕاستیت دەداتێ، دوای ئەوەی لەتاریکیدا سەفەر دەکەیت تا، بگەیتە خانووی بەهەشت، لێم نزیك بەرەوەو دوامکەوە، (مۆسیقاکە ئاوازێکی خەمناك لێدەدات، پاشان بەرەبەرە ئاوازەکە دەگۆڕێت بۆ دەورێك هەندێ دڵخۆشی تیابێ، کەچی روفائیل داواکارەکە دەبات بۆ ژوورە سوورەکەو لەلای ڕۆژئاواوە دایدەنێ و قسە لەگەڵ سەرۆك دەکات)، ئەی برای تەواو دانام من لەگەڵ ئەم سوارە چەلەنگە هاتووم کەلەنێو مەترسی و سەختی و دۆڵی سێبەری مەرگ سەفەر دەکات و بەدوای وشە ونبووەکەوە دەگەڕێت، گەرچی خۆی تەیار کردووە بۆ پابەندبوونی بەسێ خاسیەتی ڕەسەن، ئەویش ئیمان و داواو خۆشەویستییە، ئەو ئێستا دەپاڕێتەوە تا لەسەر کارە چاکەکانی خەڵات بکرێت.

سەرۆك: ئەی برا ڕۆفائیل ئێمە گومانمان لەوە نییە، کەئەم سوارە چەلەنگەی و یارمەتی بەهێزی ئێوە گرتویەتەوە شایانی هەموو ئیمتیازێکەو ئێستا داوای لێدەکەم بەو پەیژەیەدا سەرکەوێت کە لەتاریکیەوە بەرەو

سەروەری و کەماڵی دەبات.

بەهەرحاڵ لێم گەڕێ بابەکەم پرسیارت لێبکەم، چۆن بۆ ئێرە هاتووی؟

رۆفائیل: لەنێو تاریکی و سەختی و مەترسییەوە.

سەرۆک: چی هاندەرت بوو؟

رۆفائیل: هێزی ئیمان و داواو خۆشەویستی.

سەرۆک: ئاواتەخوازی چیت دەستت کەوێت؟

رۆفائیل: وشە ونبووەکە.

سەرۆک: چاکت کردو ئامادەباشی بەبۆ سەرکەوتنە سەر پەیژەی نهێنی، کە بۆ پلەی کەمال و سەرکەوتن دەتبات، دەتوانی پێشکەویت و لەسەر هەر پلەیەک دەوەستی و وەڵامی پرسیارەکانم دەدەیتەوە، هەروەکو رێپیشاندەرەکەت کەرێنماییەکانی خۆیت پێشکەش دەکات، خوای زیندوو راست و رەوان یارمەتیت دەدات (دەمەتەقێکە لەشێوەی پرسیارو وەڵام بەردەوام دەبێ لەگەڵ سەرکەوتنی هەر پلەیەک لەپلەکانی پەیژەکە تاداواکارەکە دەگاتە پلەی حەوتەم) ئەی سواری چەلەنگ لەدۆزینەوەی وشە ونبووەکە بەیارمەتی ئیمان و داواو خۆشەویستی سەرکەوتووبووی، (شاشە رەشەکە لەسەری دادەکەنێ) بەئیمان گوڵی شارۆنت دۆزیەوەو، توانات هەبوو هەست بەوکەسە بکەیت کەبەجێت ناهێڵێ و، بەداوا بەرەکەتی ئاسمانت چنگ کەوت، کە لەحاڵەتی بێ ئومێدی و مەترسیدا دڵت دەداتەوەو، لەکاتی تەنگانە فێرت دەکاو چۆن پابەندی سەبر دەبیت، تا خودا سەرفرازی و خۆشەویستیت بۆ دەهێنێ، بەهەموو چاکەیەک بەرخوردار بوویت، ئێستاش پیتە یەکەمەکانی چوار وشەی دوایی گەشتەکەت بگرەو لەگەڵ یەکدا دایاننێ و ناوێک دەبینی ئەوەش وشەکەیە، ئێستاش ئەی سواری موستەحەق، لەبەرئەوەی وشەکەت دۆزیەوە،



لەسوارەی رەوانبێژی داوادەکەم لەشوێنی تایبەتی خۆیان داینێ.

لێرەدا سوارەی رەوانبێژی پیتەکان لەسەر بەردێکی هەشت گۆشە لەسەر سەر برینگەکە دادەنێت و هەموو لەسەر ئەژنۆیان بەچۆکادێن و بەپەنجە ئاماژە بۆ پیتەکان دەکەن، پاشان هەڵدەسن و نیشانەیەکی نهێنی دەدەن، کەکەس نایزانێ تەنها ماسۆنیەکان نەبێت ئەویش (العب...)ە، داواکارەکە لەرۆژهەڵات نزیک دەبێتەوەو کرنۆش دەبات و، سەرۆک شمشێرەکە دەخاتە سەرشانی راستی و، پلەی (سێقەتۆرەو داڵی) دەداتێ و، شازادەی شازادەکانیش خاچێکی پەمەیی دەداتێ، پاشان گوڵێکی دەداتێ، کەهێمای گوڵی شارونە، پاشان نیشانەکانی ئەم پلەیەی دەداتێ و یەکەمیان نیشانەی (العب...)ە، دوای دەمەتەقێ و تەقسی دیکە ئاهەنگەکە کۆتایی دێت لەوێ سواری رەوانبێژی وشەی (...) دەڵێ و سەرۆک فەرمان دەدات (بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان ئەی شازادەکان).

هاندەرەکانی چوونە ریزەوە:

هەر کەبڵاوبوونەوەی ماسۆنیزم لەجیهان بەزۆری دەبینین دەپرسین: هۆی چییە وا لەخەڵکی دەکات بەم زۆریە بچنە ریزیەوە؟ شاهین مەکاریوس دەڵێ: ئەو هاندەرانەی کەپاڵیان دەنا بەخەڵکەوە بچنە ریزی ماسۆنیزمەوە جیاوازن و، گرنگتریان سیانە ئەمانەن: (١) حەزکردن بەزانینی نهێنیەکانی ماسۆنیزم، (٢) ئارەزووی وەرگرتنی ئەو یارمەتیەی کەماسۆنیزم دەیدات بەوکەسەی دەچێتە ریزیەوە، (٣) پەسەندکردنی بەماسۆنیزم و بیروباوەڕەکانی، بەرای شاهین بەمەبەستی زانینی نهێنییەکانی ماسۆنیزم و کۆمەک لێوەرگرتنەوە دەچنە ریزی ماسۆنیزم کەمن، بەڵام ئەوانەی بۆ خۆشەویستی و حەزکردن بەبیروباوەڕەکانی زۆرن، ئەوانە ئاوها وەسف دەکات: ئەوانە مەزنترین تیمن سوپاس بۆ خودا بۆ ماسۆن، لەسایەی خواوە

ئەوانە زۆربەی هەرە زۆری ماسۆنیستەکانن، ئەوانە کۆڵەگەیەکی گەورەن بۆ بنیادنانە قەشەنگەکە کەباوباپیرە مەزنەکانمان لەدێرزەمانەوە بۆیان دامەزراندوین)[٢٦].

کاتێ لەم قسەیە دەکۆڵینەوە لەسەر رۆشنایی ئەوەی دەیزانین لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتییەوە بەلامانەوە زەحمەتە پێی رازی بین، لەراستیدا زۆربەی ئەوانەی دەچنە ریزی ماسۆنیزمەوە ئەوانەن بەتەمان بەشێوەیەك لەشێوەکان یارمەتی یان سوودی لێوەرگرن.

بەڵام ئیعجاب بەماسۆنیزم و بەبیروباوەڕەکانی بەپلەی دووەم دێت، ئەمە تەنها لەبارەی چوونە ریزی ماسۆنیزمەوە ناڵێم، بگرە لەسەر هەرکارێك زۆرجار مرۆڤ بیکات راستە، سروشتی مرۆڤ وایە بەشێوەیەکی گشتی بەدوای بەرژەوەندی ماددی و واتایی خۆیاندا رادەکەن، پاشان خۆیان وادەردەخەن گوایە لەبەر خۆشەویستی بیروباوەڕە بەرزەکەیان و بەها باڵاکانیان ئەوەیان کردووە، نکووڵی لەهەندێ کەس ناکەم کەئاشقی بیروباوەڕی باڵان و لەپێناویدا قوربانی بەبەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن، بەڵام ئەوانە زۆر کەمن، بەڵام زۆربەی خەڵکی وەکو من و تۆ وان ئەوەی دەیڵێن بەکردەوە نایکەن.

شاهین مەکاریوس خۆی دەرباری ئەو هۆیە قسە دەکات کەوای لێکرد بچێتە ریزی ماسۆنیزمەوەو دەڵێ: (کاتێ تەمەنم هەژدە ساڵ بوو نیشتەجێی بەیروت بووم لەسوریاو لەچاپخانەیەکی ئەمریکایی کرێکار بووم، سەرۆکی ئیشەکەم خواجە سموئیل هلکی ئەمریکی بوو ماسۆنی بوو، رقی لێم بوو، چونکی پەروەردەم وەکو پەروەردەی ئەو نەبوو، بەخۆمم وت: لەوانەیە ئەگەر بچمە ریزی ماسۆنیزمەوە سوودی لێ وەردەگرم و دەتوانم رازی بکەم، لەڕێگەی دکتۆر (گەربیلی) داوایەکم پێشکەش کرد، ماوەی نیو



ساڵ چاوەڕێم کردو، دەمپرسی و کەس وەڵامی نەدامەوە، دوای بەسەرچوونی ساڵێك بەسەر داواکەمدا، بەرەتکردنەوە وەڵامیان دامەوە، زۆر پێی تێکچووم لەهۆکەیم پێچایەوە زانیم تەمەن بچووکیم هۆی سەرەکی بوو بۆ رەتکردنەوەی داواکەم).

سووربووم لەسەرئەوەی داواکەم تازە بکەمەوەو، دووبارە پێشکەشی بکەم، دوای بەسەرچوونی دوومانگ بەسەر پێشکەشکردنی داواکە، خواجە ئیبراهیم گبریال ئاگاداری کردمەوە کەخۆم ئامادەبکەم بۆ چوونە ریزەوە، چواردە لیرەی فەرەنسیم دا وەکو باجی دانان و، بەرزکردنەوە بۆ پلەی دووەم و سێیەم و خەرجی داوەتێکی سووکیش..)[٢٧].

دەتوانم بڵێم ئەگەر ماسۆنیزم هەندێ سوودی بەئەندامەکانی نەگەیاندایە، تەنها خەڵکێکی کەم دەچوونە ریزیەوە، لەوانەیە دوای لەدایکبوونی بەماوەیەکی کورت بمردبایە.

ماسۆنیزم هەر لەسەرەتای مەسەلەکەیەوە-تائێستاش هەروایە-دەرباری ئەوەیە بەتەنگ ئەوەوەیە کەکەسانی دەسەڵاتداریان و ساماندariyan پایەی بەرزی نێو کۆمەڵ لەمەحفەلەکانیدا وەربگرێت، ئەمەیش بەشێوەیەکی ئاسایی خەڵکێکی زۆر هاندەدات بچنە ریزەکانیەوە، مرۆڤ عادەتەن خولیای ئەوەی هەیە بچێتە ریزی کۆمەڵی چینێکی بەرزتر لەچینەکەی خۆی، بەرای من ئەمەیش کلیلی جادوەکەیە کەماسۆنیزم پێیەتی، وای لەخەڵکی کردووە دابارێنە سەری، خەڵکی بچووك لەماسۆنیزمدا بواری نزیکبوونەوە لەگەورە پیاوان و بەدەستهێنانی دۆستایەتیان تیایدا دەدۆزنەوە، بەڵام گەورەکان خۆیان لەماسۆنیزمدا بوارێك دەدۆزنەوە بۆ زۆرکردنی لایەنگرو بانگێشتچی لەنێو جەماوەردا، بەم شێوەیە سوودی ئاڵوگۆڕ لەنێوان خەڵکی بچووك و گەورەکان لەرێگای ماسۆنیزمەوە دێتە کایەوە، ماسۆنیەکان بەخۆیان

دەڵـێن: (عەشـیرەت) مەبەسـتیان لەوەیـە کـەوەك ئەنـدامی عەشـیرەت لەدڵسۆزییان بۆ یەکتری و، هاوکارییان لەگەڵ یەکدا لەخۆشی و ناخۆشیدا، هەریەکێکیان ئەوی دیکە بەبرای خۆی دادەنـێ و، بانگی دەکا (ئەی برا) ئەگەر یەکێکیان چوو بۆلای برایەکی خۆی لەماسۆنیزمداو، ئاماژەی نهێنی پێیدا دەبێ ئەو برایە هەڵسێ و بەوپەڕی توانایەوە یارمەتی بدات، لەکتێبی (دەستووری گشتی ماسـۆنی بـۆ ڕێبـازی ئۆرشـەلیمی)دا هـاتووە ئەمـە دەقەکەیەتی (دەبێ هەموو ماسۆنیەك ئاگادارِبێ و ئەوکەسە تاقیبکاتەوە کە خۆی پێدەناسێنێ و، تاراستی برایەتیەکەی بۆ دەرکەوت ڕێزی بگرێ و یارمەتی بدات ئەگەر پێویستی بەکار بوو یارمەتی بدات بۆ چنگ کەوتنی و، ڕێـی پێـشانبداو کەسـانی دیکـە راسـپێرێ تـا لەشـوێنێکی شـیاو دایبەمەزرێنن و، لەسەریەتی ئەوپەڕی تەقەلا بدات بۆ یارمەتی دانی، ئەگەر خـاوەن کـار بـوو دەبـێ براکـەی فـەرزترە لەکەسـانی دیکـە لەهـەژاران و دەستکورتەکان)[٢٨].

شاهین مەکاریۆس باسی ئەوە دەکات: کاتێ لەمیسر بوو هاوولاتیەك هات بۆلای و ئاماژەیەکی ماسۆنیزمی نیشانداو پەنای بۆبرد، چونکی حوکم درابوو بەدەرکردن لەوەزیفەو شەش مانگ بەندکردن و، ئەو بێ گوناهەو زۆرلێکراوە، شـاهین نامەیـەکی ماسـۆنی بـۆ سـەرۆکی فەرمانبەرەکـە دەنووسی و داوای لێدەکات کەچاوی پێبکەوێت و، دواس سووربوون لەسەر سەرۆك ڕێگایدا بەچاوپێکەوتن بەفەرمانبەرەکەو لێی خۆش بوو پێی وت: (ڕەوشـتی خـۆت و سـومعەتی خـۆت چـاك کـەو مـن دەتگەڕێنمـەوە بـۆ وەزیفەیـەکی لـەوەی خـۆت باشتر)، شـاهین لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: (ماسۆنیزم ئاوها بوو، نێوانێك بوو بۆ قوتارکردنی ئەو کابرایە لەبەندیخانەو پاراستنی کەرامەتی و کەرامەتی خێزانەکەی، خوا شایەتە نەمهێشت قرشێك زیانی



لێبکەوێت و هیچم لێوەرنەگرت و، پیاوەکەش بەچاوی روون و دڵنیایەوە گەڕایەوە بۆلای کەسوکارەکەی)، پاشام شاهیم لەسەر قسەکەی دەڕواو دەڵێ: (بەڵام ئەو پیاوەی کەهەوڵمدا ئەم خزمەتەی بکەم هەر کەدوای ماوەیەکی زۆر گەڕامەوە چاوم پێکەوت و لەبەر ئەم ئیشە سوپاسی نەکردم، ئەم کارەی بەلامەوە سەیربوو، دواجار زانیم کە (فلان) لەمەحفەلی خۆرە لەمیسرو، سەر بەئەنجومەنی باڵای فەرەنسایە، ئەم مەحفەلە لەئێستا لەلای گەورە مەحفەلی نیشتمانی میسری ناسراو نییە)[٢٩].

## لەغوربەت و جەنگدا:

گرنگترین ئەو سوودەی ماسۆنی چنگی دەکەوێت هەر کەچووە ریزی ماسۆنیزمەوە یارمەتیدانی براکانیەتی لەسەفەرو غوربەتدا مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەهەموو زەوی بڵاوبوونەتەوەو، کەسێکی ماسۆنی کاتێ پێویستی پێیان هەبوو دەتوانێ داوای یارمەتیان لێبکات بۆ هەرکوێیەك بڕوات، ئەگەر بۆ شارێك و کەس نەناسێ دەچێ بۆ شوێنە گشتییەکان کە خەڵکی بۆیان دەچن، وەکو سەیرانگاو سەماخانەو سینەماکان و شانۆکان و پەرستگاکان و، ئاماژەی ماسۆنیزمی نیشاندا، هەر کەماسۆنیەك چاوی لەئاماژەکەی بوو بەپەلە دەچێت بۆلای و لەپێویستییەکەی دەپرسێت، بەپێی توانا هەوڵی یارمەتی دەدا، شاهین مەکاریۆس لەکتێبەکەی (ئادابی ماسۆنیزم) دەڵێ: (شاراوە نییە کەئەم کۆمەڵە شەریفە لەسەر رووی سەرزەوی لەهەمووی زیاتر بەربڵاوە، بۆیە برا غەریبەکان هەڵە دەکەن کەهەر خۆیان لەبراکانی دیکەیان دەشارنەوە، چونکی یارمەتیان لەدەست دەدەن، ڕێگەی ناسین لەنێوان برایەك و برایەك لەنێوان ماسۆنەکان ناسراوە، هەر

کەیەکەمجار رووناکیەکەیان بەردەکەوێت، لەکۆمەڵێ لەو یارمەتیانەی ماسۆنیزم بەرۆڵە غەریبەکانی لەشوێنە دوورەکان پێشکەشی دەکات، راسپاردنی ئەوکەسانەی دەیناسن لەئەندامەکانی لەولایانە، بۆیە دەبێ هەموو ماسۆنیەکی راستەقینە شەرەف ماسۆنیزم بپارێزێ و، بەڵێنەکانی بپارێزێ چاوی بەبراکانی بکەوێ، وەکو چاوپێکەوتنی برادەرێکی راستگۆو برایەکی ئەمین و شتی هەڵماڵراویان داناپۆشێ، ئەگەر ئاگاداری ئسوولێ بن لەناساندو، پلانی ئەدەب و چاکەیان گرتەبەر، لەلامان نیشانەی ماسۆنیزم نابێ بدرێت، جگە لەرێزێکی لایەق و لەکاتی پێویستدا نەبێ، ماسۆنی ئازاد نابێ بێ دەنگ بێ لەچوون بەهانای براکانیەوە، ئەگەر شەرەف نەفسی تیابوو، بەڵام لێبوراو دەبیت ئەگەر ئەو ئاماژانەی نەزانی کەدەیدەنێ..)[٣٠].

شاهیم مەکاریۆس لەکتێبی (چاکەکانی ماسۆنیزم)دا نموونەی زۆر دەهێنێتەوە لەسەر یارمەتی ماسۆنیەکان بۆ یەکتری لەغوربەتدا، هەندێ لەونموونانە دەهێنینەوە، بەکورتی بۆئەوەی خوێنەر وێنەیەکی روونی لەلابێ لەسەر سروشتی ماسۆنیزم و ئەو سوودەی ئەندامەکانی لێی دەبینن:

١-کابرایەکی ماسۆنی خەڵکی شام بۆ پاریس سەفەری کرد بۆ بازرگانی لەبۆرسە گرەوی کردو مایە پووچ بوو، خەم و پەارە دایگرت، تاوایلێهات خۆی فرێداتە رووباری سینەوە، پاشان مەحفەلێکی ماسۆنی دۆزیەوەو چووە لایان بۆئەوەی فریای کەون، ئەندامەکانی پێشوازیان کردو هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆ یارمەتیدانی و، لەئیشێکی بازرگانی دایانمەزراندو بەمووچەی مانگانە بەسێ سەد فرەنك..

٢-ماسۆنیەکی دیکە لەخەڵکی شام ناوی خواجە (نیکۆلا مەنسی) بوو بۆ پاریس بۆ گەشتوگوزارو کڕینی هەندێ شت و مەك سەفەری کرد، رۆژێکیان لەشەقامەکان ونبوو، فەرەنسی نازانی و، پەنای بردەبەر ئاماژەی ماسۆنیزم



و چووە کۆگاکانەوەو ئاماژەی پێکرد، ماسۆنیەکی فەرەنسی پێی ناسیەوەو خێرا یارمەتیداو بردی بۆ شەقامی مەغریبیەکان و، لەوێ ماسۆنیەکانی دیکە ناسیانەوەو گەڕانیانەوە بۆ ئوتێلەکەو جار لەدوای جار سەریان لێی دەداو، لەبەرژەوەندیەکانی یارمەتیاندا، بۆ لەمەحفەلەکەیان بانگیان کردو زۆر رێزیان لێگرت.

٣-یەکێك لەسەرۆکە پێشووەکانی کۆماری مەکسیك ناوی (دیان) بوو سەرەتا ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕ بوو، لەوڵاتەکەی خۆی رایکردو پەنای بردە بەر شاری نیوئۆرلیانز، لەوێ سەری دنیای لێهاتەوە یەك، ماسۆنی بوو، نیشانەیەکی ماسۆنی کرد بەسنگی خۆیەوەو لەشەقامەکانی شارەکە دەستی بەگەڕان کرد، ئەمەیش لەمانگی تەمووزی ساڵی ١٨٧٦ بوو، ماسۆنیەك ژمێریار بوو لەپاپۆڕ ناسیەوەو یارمەتیدا بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، دواجار ئەفسەری هەڵاتوو بوو بەسەرۆك کۆمارو، گەڕا بەدوای فریاد رەسەکەیەوەو بەکونسڵی گشتی دایمەزراند لەپاریس.

٤-کابرایەکی ئەمریکی ناوی (جۆرج کاروسەر) بوو لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٨٦٤ سواری شەمەنەفەر بوو، کۆمەڵە چەتەیەکی دز بەسەرۆکایەتی دزی بەناویانگ (بێڵ ئەندەرسون) پەلاماری شەمەنەفەرەکەیاندا، دزەکان شەمەنەفەرکەیان وەستان و نەفەرەکانیان داگرتە خوارەوە، پاشان دەستیان گرت بەسەر هەرچییەکیان پێبوو دەیانکوشتن، هەر کەسەرە هاتە سەر جۆرج کاروسەر پەنای بردە بەر ئاماژەیەکی ماسۆنی، سەرۆکی چەتەکان خێرا چوو بۆلای و رزگاری کردو، ئەوانەشی لەدوای ئەوبوو ژمارەیان سیازدە کەس بوون رزگاری کردن.

٥-یەکێك لەماسۆنیە ئەمریکیەکان لەشوێکی بارانی رەهێڵەو تاریکی ئەنگووستەچاو سەفەری کرد، دز رێگەی پێگرت و تفەنگی ئاڕاستەکردو

پێی وت: (یان ماڵت یان روحت)، کابرا دەستی کرد بەپاڕانەوە لەدزەکە بێ سوودبوو، دزەکەی لێی نزیك بووەوەو لەملی گرت، هەر کەکابرابێ ئومێدبوو وشەیەکی فریا رەسی ماسۆنیزمی وت و، هەر کەدزەکە گوێی لەوشەکە بوو تفەنگەکەی فڕێداو باوەشی کرد بەکابراوەو پێی وت: (هەی برا لەگوناهم خۆشبە).

٦-یەکێك لەموبەشیرە ئەمریکیەکان ناوی (لۆرنزو داو)بوو وەکو گەشتیارێك لەتورکیا دەگەڕا، هەر کەگەیشتە ئەزمیر تایەکی توندی لێهات و لەجێگا کەوت ماوەیەکی درێژ تاهیچ پارەی پێ نەما، هەر کەنەخۆشیەکەی چاکبوەوە کەوتە گەڕان بەشەقامەکانداو دەستی بەنیشاندانی ئاماژەی ماسۆنیزم کرد، بەڵکو ماسۆنیەك بدۆزێتەوەو یارمەتی بدات و رزگاری کات، لاوێك لێ نزیك بوەوە بەشان و شکۆ بوو بەخێرهاتنی کردو بردی بۆماڵەکەی خۆی و، میوانداری کردو تیماری کرد تانەخۆشیەکەی چاك بوەوە، هەروەها ئەو کرێی ئوتێلەی لەسەری مابوو دای و ئەوەندەش پارەی دای تابگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی[٣١]، شاهین چیرۆکی تر لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە کاتی جەنگەکان، لێرەدا دوو نموونەیان دەهێنینەوە لەبەر گرنگیان، یەکەمیان لەمەدرید روویدا لەساڵی ١٨٠٥ لەکاتی داگیرکردنی ئەسپانیا لەلایەن فەرەنساوەو، پوختەکەی ئەمەیە، ئەفسەرێکی فەرەنسی ناوی (جیرار) بوو لەتیپەکەی خۆی مۆڵەتی وەرگرت کەسەربازگەکەی لەدەرەوەی مەدرید بوو، بۆ گەڕان چوو بووە شارەکە، وارێکەوت لەشارەکە شۆڕش دژ بەفەرەنسیەکان بەرپابوو، شۆڕشگێڕەکان دەورەی ئەفسەرەکەیاندا ویستیان بیکوژن، بەڵام ئاماژەیەکی ماسۆنی پیشاندا، ئەفسەرێکی بەریتانی خێرا بۆلای رایکردو لەئەستەبیلێکی نزیك شاردیەوەو بۆ بووژانەوەی هەندێ وێسکی پێیدا، پاشان جلوبەرگی



ئیسپانی بۆ هێناو لەبەری کردو لەشەقامەکان کەوتە تەکی تاگەیاندیە نزیکی سەربازەگە فەرەنسیەکە، لەگەڵ خواحافیزی کردنی پێی وت: (ئەی برام من ئەسەرێکی ئینگلیزم و ناوم هنری سیتنەو هێشتا لەنێوان ئێمەو فەرەنسا جەنگ بەردەوامە، ئەگەر توانیت یارمەتی رۆڵەکانی وڵاتەکەم بدەیت درێغی مەکە، ناوی (هنری سیتنی) برات بهێنە)، چیرۆکەکەی دیکە لەسەرکردەیەکی سەربازی بەلژیکی لەجەنگی واترلۆ لەساڵی ١٨١٥ روویدا، سەرکردەکە برایەکی خۆی لەماسۆنیزمدا لەریزی دوژمن بینی، خەریك بوو دەکوژراو خێرا پەلاماریداو بەنێو سەربازەکانی دوژمندا رەت بوو، دیلی کردو هێنای بۆ ریزەکانی خۆیان، تاجەنگ تەواوبوو، پاشان بەکەرامەت و سەربەرزیەوە بەرەڵای کرد، شاهین لەسەر ئەمە توانجی هەیە دەڵێ: (بەڵام ئەو مەترسیەی کەتووشی هەمان فەرماندە بوو یەکەم مەترسی کوشتن لەلای سەربازەکانی دوژمنەوە، دووەم مەترسی تومەتی خیانەت، بەڵام خۆشەویستی برایانە کە لەدڵی هەموو ماسۆنیەك رەگی داکوتاوە ترس لەمێشکی دەسڕێتەوەو، ئازایەتی و کەڵەمێری تیا پەروەردە دەکات)[٣٢].

لەکتێبێکی ئینگلیزی دوو چیرۆکم لەم جۆرە خوێندەوە کە لەوڵاتانی عەرەب روویداوە، یەکێکیان لەفەلەستین و ئەوی دیکە لەتەرابولسی خۆرئاوا، چیرۆکی یەکەم کاتی جەنگی جیهانی یەکەم روویداوە، کاتێك فڕۆکەیەکی بەریتانی دەکەوێتە خوارەوەو، فڕۆوانەکەی رزگاری دەبێت، فڕۆکەوانەکە ئاماژەی ماسۆنی پیشان دەدا، ئەفسەرێکی تورکی خێرا دەڕواو رزگاری دەکات، بەڵام چیرۆکی دووەم لەساڵی ١٧٩٥ روویداوە، کاتێ پاپۆڕێکی تەرابولسی لەدەریای سپی ناوەڕاست پاپۆڕێکی ئەمریکی دیل دەکات، تەرابولسیەکان دەستیان کرد بەبەکارهێنانی دەریاوانی پاپۆڕە دیل کراوەکەو دەیاوانەکانی دیکە وەکو کۆیلە، بەڵام کەبتانی پاپۆڕەکە

ئاماژەیەکی ماسۆنیزم دەردەبڕێ، ئەفسەرێکی تەرابولسی خێرا فریای دەکەوێ کە لەفەرەنسا چووبووە ریزی ماسۆنیزمەوە هەموو ئامڕازێکی ئیسراحەتی بۆ رەخسان و پاشان هەوڵیدا تا ئازادی بکات[٣٣].

لەنێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا:

لەراستیدا ماسۆنیزم یەکێك بوو لەو فاکتەرانەی کەیارمەتی نزیکبوونەوەی رۆژهەڵاتییەکان و رۆژئاوایەکانیدا، بەتایبەتی لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا، کە بەچاوێکی گومانەوە تەماشای خەڵکی بیانیان دەکرد، محەمەد سەعید مەراغی-کەماسۆنیەکی میسریە-ئاماژەی بەم بابەتە داوە لەکتێبێکدا کەساڵی ١٩١٠ دەرچووە، ئەمەیش دەقەکەیەتی: (نکووڵی لەوە ناکەین لەوەتەی ماسۆنیزم لەرۆژهەڵات پەیابووە تیژیەکەی هێورکردوەتەوەو توندی نەماو دەمارگیریەکەی لەناوبرد، بەمەش خزمەتی مەدەنیەتی رۆژئاواس کردو هۆیەکانی تێکەڵبوونی نەتەوەکانی ئاسان کردووە لەگەڵ رۆژهەڵاتیەکان و سوودوەرگرتن لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ئالتوونی، ئەمەیش تەنها مەزڵەکەی بۆ ماسۆنیزم دەگەڕێتەوەو، ژیانی ئازادی شین کرد لەو وڵاتانەی کە لەدێرزەمانەوە تیای کەم بووەو، نەمانی برایەتی لەو وڵات و مەملەکەتانەی بەدەر لەرەگەزو مەزهەب و ئایین و تۆوی یەکسانی تۆوکرد لەوخاکەی چاند).

یەکسانی نەدەناسی و جیاوازی لەنێوان کەسەکاندا لەهەموو ستێکدا رەگی داکوتابوو، بەهێز دەکرا بەخواو لاواز لاواز دەکراو دەکرایە کۆیلەو دەیخستە ژێر رکێفیەوە، دەوڵەمەند هەژاری کۆیلە دەکردو، لەئیش و کارەکانی خۆی بەکاری دەهێناو، ژیانی ئاژەڵیانە دەیژیان، واتا لەتوخمی ئاژەڵ و مەڕو ماڵات.

بۆیە رۆژهەڵات جێگای مەترسی رۆژئاوا بوو، تێکەڵ بوون لەگەڵیدا



هەموو رۆژئاوایەکی ترقاندووەو هەموو شارستانیەك لەئەنجامەکانی کۆچ کردن لێی ترساوە، بەڵام ماسۆنیزم هات و ئەو هەموو مەترسیانەی نەهێشت و، هۆیەکانی لەناوبردو، خراپەکاریەکانی لابردو خۆشی کۆمەڵایەتی هێناو، رۆڵەکانی مرۆڤایەتی کۆکردەوەو خۆشەویستی لەنێوان رەگەزو توخمەکاندا بڵاوکردەوەو دروشمی دڵنیایی و برایەتی لەنێوان بنیادەمی بەرێزدا بووژانەوە).

پاشان محەمەد سەعید مراغی دەڵێ: موبەشیرە ئەورووپیەکان هاتن بۆ رۆژهەڵات و، بەملیۆنەها ئالتوون و زیویان تیا خەرج کرد، هەروەها ئستۆڵ و سوپاکانیان ئاڕاستەی کردو، بەهرەکانیان بەکارهێناو، هیچ سوودێکیان لێ نەبینی، پاشان ئەنجام ماسۆنیزم هات و، سەرکەوتوو بوو لەوەی کەموبەشیرەکان شکستیان لێهێنا، چونکی ماسۆنیزم توانی توندوتیژی دەمارگیرەکان خۆش بکات و گڕی رق و کینەی نەتەوەیی دامرکانەوە، بەمەش خزمەتی مرۆڤایەتی کرد لەپێناوی خزمەت..(٣٤)، سەرچاوەکانی ماسۆنیزم زۆر چیرۆکی تیایە لەم بابەتە، واتە بابەتی نزیك بوونەوەی نێوان رۆژئاواییەکان و رۆژهەڵاتییەکان.

لێرەدا چیرۆکێك دەهێنینەوە کەشاهین مەکاریۆس باسی کردووە، چونکی چیرۆکەکە بەڕوونی بابەتەکەمان بۆ وێنا دەکات، شاهین دەڵێ: لەساڵی ١٨٨٩ لەگەڵ کۆمەڵێ لەبرا ماسۆنیەکان سواری پاپۆڕ بوو، لەبەیرووتەوە دەچوون بۆ ئەسکەندەریە، لەنێوان سەرنشینەکانی پاپۆڕەکە کابرایەکی بەریتانی کەتەی بەهەیبەتی بەدیکرد، ئاماژەیەکی ماسۆنیزمی بۆ نواند، کابرا هەر کەئاماژەکەی بینی هەستایە سەرپێ و بەزمانی ئینگلیزی وتی: (برازەر) واتا برا، پاشان شاهین لەبەردەم ئامادەبووان باوەشی پیاکرد، شاهین بەبرا ماسۆنیەکانی ناساند، بەمەش کابرا زۆر کەیف خۆش بوو

وتی: (ئێمە ئێستا مەحفەلێکی برایانەین لەناوەڕاستی دەریا)، پاشان خزمەکاری پاپۆڕەکان بانگ و باشترین خواردنەوەی بۆ هێنان بۆ هەموو براکان و بەنۆشی ئەوان و پەیوەندی برایەتی ئەو برایەتیەی دڵیانی بەیەکەوە بەستووە خواردیەوە، پێی وتن ئەو دەوڵەمەندو سێ جار بەدەوری زەویدا گشتی کردووەو بۆ هەر کوێیەك ڕۆیشتبێ برا ماسۆنیەکانی دیوە، بەڵێنیدا بەو کۆمەڵەیە کەسەردانی مەحفەلەکانیان بکات لەمیسر هەر کەگەیشتە ئەوێ، سەردانیشی کردن..[٣٥]، ئەم چیرۆکە ئەوەمان بۆ وێنا دەکات کەچۆن ماسۆنیەکان هەست بەبرایەکی دەکەن، سەرەڕای جیاوازی ئاییني یان نەتەوەیی نێوانیان، ئەم مەسەلەیە لەوانەیە هەندێ کەس بەدڵیان بێت و، هەندێ کەسی دیکە بەدڵیان نەبێ، لەوگۆشەیەی کەلێوەی تەماشای دەکەین، ئەوەی دامێنگیری ئایینەکەی یان نەتەوەکەی بێت، ماسۆنیزمی بۆ قوت نادرێت، چونکی لەدیدی ئەودا ئەو پەیوەندییە دەرووخسێنێ کە بەرۆڵەکانی ئاینەکەی یان نەتەوەکەی دەیبەستێتەوە، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی کەماسۆنیزم جۆرێکە لەوڵاتێك ئەو وەلایە رەت دەکاتەوە کەمرۆڤ هەستی پێدەکات، ئەمەیش گرنگترین هۆ بوو وایکرد ماسۆنیزم زۆربەی خەڵکی رقیان لێبێتەوە.

## گیروگرفتەکانی ماسۆنیزم:

هەموو دامەزراوەیەکی مرۆڤایەتی هەرچۆنێك بێت دەبێ تووشی هەندێ گێرمەو کێشە بێت، دەبێ لەنێوان ئەندامەکانی خەڵکانێك هەبن تووشی خراپەی بکەن یان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن، ماسۆنیزم لەمەدا بدعە نییە بگرە زۆر گیروگرفتی تیا دروستبووە، ماسۆنیەکان خۆیان



رەخنەی دەکەن، سەرەڕای نەیارەکانی، شاراوە نییە کەگیروگرفتەکانی ماسۆنیزم دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژی، لەکاتی لێکۆڵینەوەم لەماسۆنیزم لەوڵاتانی عەرەب دیتم تووشی هەمان ئەو گیروگرفتانە بووە کەدەزگا عەرەبیەکانی دیکە تووشی بوون، ئەنجامی بەها کۆمەلایەتیە باوەکان لەم وڵاتانەجا، وەکو بەهای واسیتەو خزمایەتی و بەرتیل و بەهەل زانینی دەسەڵات و کێبڕکێ لەسەر سەرۆکایەتی.

یەکەم گیروگرفت ئەوەی تایبەتە بەوەرگرتنی ئەندامی نوێ لەمەحفەلی ماسۆنی، لەرۆژئاوا عادەت وایە کەئەندامی نوێ لەمەحفەلەکانی خۆی وەرناگرێت، تەنها دوای لێکۆڵینەوەو وردبینی نەبێ، چونکی ماسۆنیزم نایەوێ لەنێو ئەندامەکانیدا کەسێك هەبێ ببێتە بار بەسەریەوە، یان تووشی ریسوایی بکات، بەڵام لەوڵاتانی عەرەبی هەندێ لەمەحفەلەکان بۆ وەرگرتنی ئەندام تارادەیەك هەندێ ئاسانکاریان کردووە زۆربەی وەرگیراوەکان کەسانی نەشیاون، لەدای و نەریتی ماسۆنیزم ئەوەیە بۆ وەرگرتنی یەکێك لەمەحفەلەکانی دەبێ دوو ئەندامی پێشینی مەحفەلەکە دەسنیشانی بکەن، لێرەدا شاهین مەکاریۆس گازندە لەوەدەکات کەهەندێ لەئەندامان لەکاتی دەستنیشانکردنی داواکاری ئەندامیەت گوێ نادەن و دەڵێ: (دیارە زۆربەی مەسەلەکە لەسەر دووبرا راوەستاوە داواکارێك دەستنیشان بکەن، ئەگەر شایەستەکەیان باش بوو وەردەگیرێ ئەگینا رەت دەکرێتەوە، زۆرجار وارێکدەکەوێت داواکاری هاتنە ریزەوە لەئەندامانی مەحفەلەکە ئەندامێك دەناسێ، ئەم ئەندامەش هەوڵ دەدا برادەرەکەی بهێنێتە ریزەوەو کەسێکی دیکە قەتاعەت پێ دەهێنێ بەچاکی خاسیەتەکانی و برای دووەمیش مۆری خۆی دەخاتە سەر شایەتیەکە، کەچی هیچ لەبارەی داواکارەکەوە نازانێ تەنها ئەوە نەبێ لەبرادەری یەکەمیەوە بیستوویەتی، زۆرجاریش ئەم عادەتە

زیانبەخشێکی گەورەیە هۆی ئەوەبوو زۆرکەس بێنە ریزەوە کەشیاوی ماسۆنیزم نین، جگە دەرکردن نەبێ و، ئەو مەسەلەیەشە کەبرایان لیێ ئاگادار دەکەینەوە تکامان وایە بەتەواوی بکۆڵنەوە لەهەر بیانیەك بەرلەوەی یارمەتی بدەن، بێتە ریزی ئازادەکانەوە)، شاهین مەکاریوس لەهەندێ لەماسۆنیەکان بێزارە، ئەوانەی دەیانەوێ ئەندامانی مەحفەلەکان زۆرکەن، بەدەر لەخاسیەت و رەوشتیان لەمەدا دەڵێ: (زۆرجار برایان هەڵەی لەم جۆرەیان کردووە لەبەر ئیرەیی کردن و مەیلیان بۆ بەربلاوکردنی سنووری ماسۆنیزم، زۆرکردنی ژمارەی ئەندامەکانی، یان ئارەزوویان بۆ سوودی ناسیاوو برادەرەکانی و تابیانخاتە ریزی عەشیرەتی ماسۆنیزمەوە، یارمەتیاندا بۆ وەرگرتنی هەندێ لەوانەی بێ کەڵك بوون، یان بوونە بار بەسەر ماسۆنیزمدا، لەبەرئەوە ئێمە داوا لەبرایان دەکەین ئاگادارو وریابن و بەپشووبن و وردبن لەلێکۆڵینەوە لەخاسیەتی ئەوانەی داوای هاتنە ریزەوە دەکەن، لەسەر دەستی ئەوان تاژمارەی ئەوکەسانە زۆر نەبن، کەشیاوی شەرەڤی ئەوەیان نییە لەهاوشانی ئەمانە لەهەندێ ولاتدا بەدەیان و بەسەدانن، بائەو برایانە بزانن کەماسۆنیزم پێویستی بەزۆرکردنی ژمارەی کەسەکانی نییە...)[٣٦].

ماسۆنیزم لەولاتی رۆژئاوا وەکو زامن کردنێك وایە دژ بەپێویستی و، ماسۆنی لەسەریەتی کەداوای یارمەتی لەبراکانی نەکات، تەنها لەحاڵەتی زۆر پێویست نەبێ، ئەگەر هاتوو جار لەدوای جار داوای یارمەتی لێیان کرد رقیان لێی دەبێتەوەو، لەوانەشە دەریکەن لەمەحفەلەکە بەوپێیەی کەشیاو نییە ببێتە ماسۆنی، لەبلاوکراوەیەکدا هاتووە کە لە (رۆژهەلاتی بالای فەرەنسی) لە ٢ی حوزەیرانی ١٩١٠دا دەرچووە ئەمەیش دەقەکەیەتی: (ئەنجومەنی گشتی مەحفەلەکە ماسۆنیەکان وریادەکاتەوە لەوەرگرتنی



داواکارە نوێیەکان کەئامانجیان رەواجی بازرگانییە، یان سوودێکی تایبەتی ئەوانەی دەچنە ریزی ماسۆنیزمەوە هەیە)(٣٧)، بەلام لەولاتانی عەرەبی زۆرن ئەوانەی دەچنە ریزی ماسۆنیزمەوە، ئەوانەی دەیانەوێ لەوریگایەوە هەندێ دەستکەوتی بازرگانی، یان کۆنتەرات، یان فەرمانێکیان دەستکەوێ.

نوسەری فەلەستینی (عجاج نهويض) چیرۆکی پیاوێك دەگێڕێتەوە خەڵکی قودس بوو، لەسەردەمی داگیرکردنی بەریتانیا چاپخانەیەکی هەبوو، چووە ریزی ماسۆنیزمەوە، پاشان کەوتە گاوندە کردن لێی و وتی: (برا چی بکەم؟ وتیان ببە بەماسۆنی سەرکەوتوو دەبی، بووم بەماسۆنی سالانێکەو ماسۆنیزم، بەلام تائێستا هیچ تەندەرێکی چاپەمەنیم وەرنەگرتووە، لەتەندەرەکانی حکومەت، ئەگەر جوولەکەیەك لەنێوانمان بێت، جوولەکەکە هەمووان رادەماڵێ، کوڕی دووەمیشم بووە ماسۆنی، بەلام هەر لەئیشەکەی جاران ماینەوە)(٣٨)، لێرەدا نەخۆشیەکی دیکە هەیە کەتووشی ماسۆنیزمی عەرەبی بووە، ئەو نەخۆشیەش لەهەندێ ئەو ئەندامانە بەدەر دەکەوێت کەدەگەنە پلەی بەرز، دەیانبینی لەخۆبایی بوون و براکانی خۆیان لەبیرچووەتەوە، شاهین دەڵێ: (هەندێ لەئەندامەکان ئیجتیهاد دەکەن، تادەگەنە خاڵێکی دیاریکراو، ئەگەر پێی بگەن هیمەتیان خاو دەبێتەوەو، هەست دەکەن ماسۆنیزمیان بەسە، یان ماسۆنیزم پێیان تەژی بوو، ئەمەیش خەسڵەتی خاوەنانی حەزم و عەزم نەبوو، هیچ کاروبارێکی مەزنیش لەماسۆنیزمدا بەم جۆرە ئەندامانە ئەنجام نەدراوە)، هەروەها شاهین دەڵێ: (بەداخەوە هەندێ لەبرایان دەبینین هەر کەگەیشتنە لووتکەی پلەیەك ئەوەیان لەبیر دەچێتەوە کەبرا بچووکەکانیان تووشی ماندووبوون و فیڵ و فەرەج بوون، گوێی خۆیان دەگرن لەڕووی بانگەوازەکانیان و چاویان لێ دەپۆشن وەك بڵێی نایاناسن، بەڵکو لێیان دەتەکێنەوە وەکو چۆن زۆردارێك

بتەکێتەوە، تاوایان لێ دێت نکوولّی لەماسۆنیزم بکەن، برایەك دەناسین لەلایەن سەرۆکەکەیەوە زوڵمی لێکرابوو، سەرۆکەکەی ماسۆنی بوو، بەڵام مافی برایەتی رانەدەگرت، وەکو چۆن سەرۆکێك مامەڵە لەگەڵ ژێردەستەکەی خۆی بلکات، ئاوها مامەڵەی لەتەك دەکرد، تابێزاربوو، پشووی نەما، ئەوەبوو لەلای سەرۆکی مەحفەلەکە سکاڵای لێی کرد، سەرۆك بانگی کردو ئەندامان قسەیان لەگەڵ کرد لەبارەی براکەیان و براکەی، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی بەتووندی مامەڵەی لەگەڵچ بکات، پاشان وارێکەوت ئەو برایە بەرز بووەوە بۆ فەرمانێك بەرزتر لەفەرمانەکەی ئەو، سەیری سەرۆککەی کرد حاڵی زۆر شڕ بوو، چونکی لەپلەکەی لابرابوو، دڵی پێی سووتاو ئەوەی لەبیرچووەوە کەچی لەدەستی دیوەو، هەستی ماسۆنیزم بزواندی یارمەتی بدات، ئەوەبوو یارمەتیەکی ئەوتۆیدا بێ وێنەبوو، بووە دڵسۆزترین برادەرەکانی)[٣٩]، پێم وایە ئەندامانی گەورەی ماسۆنیزمی عەرەبی لەخۆبایی بوون و گوێ بەیارمەتی دانی بچووکەکان نادەن، لەبەرئەوەی بچووکەکان لەداواکردنی یاوەتی زۆر بەلەسە بوون، کەواتە مەسەلەکە تێکەڵ بوونەو، ئەم حەدیسەیان بەسەردا دەسەپێ کەدەڵێ: (چۆن بوون رووتان تێدەکەن) (شاهین مەکاریوس) چیرۆکێك دەگێڕێتەوە دەلالەتی خۆی هەیە کەدەڵێ: کاتێ سکرتێری مەحفەلی لبنان بوو، ساڵی ١٨٨١ نامەیەکی بۆ هات لەیەکێك لەبرا ماسۆنیەکانیەوە لەشارۆچکەی (حاصبیا)، گازندەی ناحەزی قایمقامی دەکرد سەبارەتی، شاهین بەپەلە چوو بۆ یارمەتیدانی سواری گالیسکەیەکی ئەسپ بوو بۆ دیمەشق، کاتی سواربوونی گالیسکەکە ئاماژەی ماسۆنیزمی دەردەبڕی یەشکو یەکێك بدۆزێتەوە لەسەرنشینەکانی گالیسکەکە یارمەتی بدات بۆ گەیشتن بەدیمەشق، کەس بەدەنگی ئاماژەکەیەوە نەهات کەچی یەکێك لەسەرنشینەکان ماسۆنی بوو، بەڵام



گوێی نەدا بەئاماژەکەی، هەر کەگالیسکەکە گەیشتە دیمەشق کۆمەڵێ لەماسۆنیەکان لەپێشوازی شاهین بوون، چونکی برایەك لەبەیروت ئاگاداری کردبوونەوە، شاهین ماوەی پازدە رۆژ لەدیمەشق مایەوە برایان میوانداریان کردو، رێزیان لێی گرت و، بەیارمەتی ئەوان توانی یارمەتی ئەو برایە بدات کە لەحاصبیا هانای بۆ هێنابوو، وارێکەوت رۆژێکیان لەگەڵ دووبرای چوون بۆ گەرماو، لەوێ ئەو ماسۆنیەی بینی کە لەگالیسکەکە ئاماژەکەی پشتگوێ خست و، ئەم سڵاوێکی ماسۆنی پێشکەش کرد دووبراکە گلەییان لێی کرد لەوەی کردوویەتی و پێی وت (شوورەییە برایەکی مامۆستای ماسۆنی خۆی پێت دەناسێ تۆ لێی دوور دەکەویتەوە، ئەمە کردەوەی بەرێزان نییە، هەر کەزانیت ئێمە رێزمان لەبرا ئەزیزەکەمان گرتووە بەرووتی هاتووی خۆتی پێ بناسێنی، وریابە جارێکی دیکە ئیشی واناشرین نەکەیت)[٤٠].

ئەوەی جێگای سەرنجە کاتێ شاهین باسی ئەم چیرۆکە دەکات و ئاماژە بەوەدەکات کەئەو کابرایە تازە ژنی گواستبووەوەو لەگالیسکەکە ژنەکەی لەگەڵ بوو، دیاربوو کابرا دەچوو بۆ دیمەشق بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی لەوێ، بۆیە گوێی نەدا بەو ئاماژە ماسۆنیەی کەئاراستەی کرابوو، چونکی نەیدەویست کەس لەومانگە بەلەزەتە سەرقاڵی کات، دەبوایە شاهین بارودۆخی کابرای لەبەرچاو بگرتایەو، داوای یارمەتی لێ نەکردبایە، کەواتە ئەوەندەی لۆمەی شاهین دەکرێت ئەوەندە لۆمەی کابرا ناکرێت.

ماسۆنیزمی عەرەبی گیروگرفتی دیکەی هەیە نەیارەکانی باسیان کردووە، لەبەر سوکایەتی کردن و هێرش کردنە سەری، ئەوەی کەباوە (لویس شێخۆ) ئاماژەی پێداوە دەڵێ یەکێك لەماسۆنیەکان نامەیەکی بۆنارد

لەدەست دوو سەرۆکی مەحفەلەکەی دەکات گازندە، هەریەك لەو دووانە بازرگانی دەکەن بەفرۆشتنی پلەی هەژدەم هەرکەسێ داوای بکات لەبری شەش لیرە، ئەوان دەیدەنێ دوای ئەوەی بەرۆژێ پلەی سێیەم وەردەگرێت، کەچی بەرزبوونەوە لەنێوان دووپلەی پێویستی بەبەسەرچوونی سی و دوو مانگ هەیە، بەپێی دەستوورەکانی ماسۆنیزم، باوە شێخو باسی نامەیەکی دیکە دەکات کە لەماسۆنیەکی دیکەوە بۆ یهاتووە گازندە لەدەستی سەرۆکەکانی مەحفەلەکە دەکات، کەچۆن ئەو ئەندامانی دیکەی بچووك دەچەوسێننەوە، ئەمەیش هەندێکە لەو نامەیەدا هاتووە: (بەرێز من ماسۆنیم فێڵم لێکرا، وەکو چۆن فێڵ جگە لەمن لەکەسی دیکەش کراوە، خۆم بینی زۆر ماندووبووم، بەڵام ناتوانم خۆم دەرخەم لەترسی تۆڵە سەندنەوە، ئەم چەند دێڕە دەنووسم و دڵم دەلەرزێ، ئەوەی دەتوانم بیڵێم کەخێری کۆمەڵەی ماسۆن بۆ گەورە پیاوان و چەند کەسێکە، بەڵام ئێمە وەکو ئامێر واین بەدەستیانەوە تا بەمەبەستەکانی خۆیان بگەن، یان وەکو سەرباز لەژێر دەستی شایەکی زۆرداردا، ئەو واتانەو پێشکەوتووانە لەماسۆنیزم ئەگەر بیانەوێ شتێکیان دەستدەکەوێ چنگیان دەکەوێ بەیارمەتی هەندێکیان و لەپارەی سەندوق پارە سەرف دەکەن، بۆ یەکتری دادەپۆشن و لەسەر پشتی کەری وەکو ئێمە دەوڵەمەند بوون، دەبینی مەحفەلی (صنین) مایە پووچ دەرچوو، پارەی سەندوقیان خواردو کرێی جێگاکەیش، بەم جۆرە سەرۆکەکانی دیکە پارەی کۆمەڵە خەرج دەکەن و، لەگەڵ منداڵەکانیان پێی رادەبوێرن و، ئێمەیش هیچ نازانین جگە (برای بەرێز) نەبێ و زمان حاڵیانیش دەڵێ: (خوا کەری زۆرکردووە تالەسەر پشتیان وەزیفەمان دەستکەوێت)...[٤١].



## ماسۆنیزم لەمیسر:

دەڵێن لەسەرەتای پەیابوونی ماسۆنسیزم لەمیسردا، ئەمەیش کاتی داگیرکردنی بوو لەلایەن فەرەنساوە لەکۆتایی سەدەس هەژدەم، ژەنراڵ (کلیبەر) مەحفەلێکی ماسۆنی دامەزراندو ناوی نا (مەحفەلی ئیزیس)و هەندێ لەمیسریەکان چوونە ریزیەوە، بەڵام دوای کوژرانی کلیبەر لە ١٤ی حوزەیرانی ١٨٠٠ داخرا، لەساڵی ١٨٣٠ هەندێ لەئیتاڵیەکانی نیشتەجێی ئەسکەندەریە مەحفەلێکیان سەر بەمەحفەلی گەورەی ئەسکۆتڵەندی دامەزراند، پاشان چەند مەحفەلی یەك لەدوای یەك دامەزران، بەڵام زۆربەی ئەندامەکانی خەڵکی بیانی بوون، مەسەلەکە ئاوها مایەوە تائیسماعیل پاشا لەساڵی ١٨٦٣ هاتە سەر تەختی میسر، لەسەردەمی ئەودا ماسۆنیزم گەشەی کردو، زۆربەی زانایانی میسرو پیاوماقووڵانی چوونە ریزیەوە.

جورجی زیدان دەڵێ: (لەسەردەمی ئەودا چەند مەحفەلێکی ماسۆنی نیشتمانی دامەزراو، لەژێر پارێزگاری ئەودا کۆمەڵەی ماسۆنیزم لەمیسر پتەوبوو، بیروباوەڕەکانی بڵاوبوەوە، تاکوڕەکەی خوالێخۆشبوو خدیوی پێشوو-مەبەست تۆفیق پاشایە-و کۆمەڵێك لەشازادەکانی وڵات و پیاوە ناودارەکانی چوونە ریزیەوە)(٤٢).

لە (٨)ی ئایاری ١٨٧٦ مەحفەلی گەورەی نیشتمانی دامەزرا، لەسەر رێبازی ئوسکۆتڵەندی کۆنی قبووڵ کراو، گەورە مەحفەلەکانی جیهان دانیان پێداناو دەسەڵاتی ئەوەی پێدرا کەپلەی باڵا بەئەندامەکانی بدات، هەروەها دەسەڵاتی دامەزراندنی مەحفەلی ئاسایی پێدرا کەسەر بەخۆی بێت، برا (ژۆلا) هەڵبژێردرا بەسەرۆکی مەزنی مەحفەلەکە، لەساڵی ١٨٨٧

مەحفەلی گەورەی میسر بڕیاریدا بەهەڵبژاردنی خدێوی تۆفیق پاشا بەمامۆستای مەزنی مەحفەلەکە، شاندێك لەمەحفەلەکە چوو بۆ کۆشك بەخدێویان ڕاگەیاند کە بەسەرۆکی خۆیان هەڵیانبژاردووە، پێیان وت: ئەگەر پشتگیریان نەکات ماسۆنیزمی نیشتمان بەرەو نەمان دەچێت.

یەکێکیان شیعرێکی لەمەدحی خدێوی خوێندەوە، تێدا ئاماژەیدا بەو سێ مەبدەئەی کەماسۆنیزم بانگەشەی بۆدەکات، ئزادی و برایەتی و یەکسانی، ئەمەیش بەیتەکانی یەکەمیەتی:

الحر يدرك بالتوفيق ما طلبا — وامساواة كل يبلغ الاربا
وبالاخاء رخاء العيش مقترن — تربو رباة ازا عهد الاخاء ربا
وما المساواة الا العدل وهو علي — مصر بتوفيق مدت روحة طنبا[٤٣]

خدێوی داواکەیانی قبوول کردو، ڕازی بوو ببێتە مامۆستای مەزنی ئەوان، بەڵام داوای لێبوردنی کرد کەئامادەی کۆبوونەوەکانیان بێت، لەبەر سەرقاڵی ئیش و کارو، بەڕێوەبەری حەقانی فەوزی پاشای ڕاسپارد لەسەرۆکایەتی جێگری ئەوبێت: لەساڵی ١٨٩٠ خدێوی داوای کرد لەسەرۆکایەتی نەمێنێ، کەسانی دی لەرۆڵەکانی میللەت بچنە جێی، وەکو هاندانێك بۆئەوان، لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٨٩١ ئەندامانی مەحفەلی گەورە کۆبوونەوەو (ئیدریس بەگ راغب)یان هەڵبژارد وەکو سەرۆکی مەزنی خۆیان، پاشان خدێویان کردە سەرۆکی شەرەف بۆ هەتا هەتایە، هەر کەئەوەیان بەخدێوی ڕاگەیاند زۆری پێ خۆش بوو، سەد جونەی بەخشیە مەحفەلە گەورەکە بۆ چالاك کردنی ئیشە خێرەکانی، گەورە مەحفەلەکانی جیهان پیرۆزبایی خۆیان بۆ مەحفەلی میسر بۆ ئەو ڕووداوە نارد، ئیدریس بەگ راغب لەباوکیەوە سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ مابوەوەو موتەلمیس و دڵسۆز بوو بۆ ماسۆنیزم، زۆر لەسامانەکەی خەرجی ماسۆنیزم کرد،



ماسۆنیزم لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا زۆر گەشەی کردو، مەحفەلەکانی زۆربوو، تاژمارەیان گەیشتە پەنجاوچوار مەحفەل، شاهین مەکاریۆس دەڵێ: (دڵان کۆبوونەوە لەسەر خۆشەویستی ئەوو بەرزکردنەوەی پایەی و ناوبانگی ئاسۆکانی گرتەوە، لەهەموو لایەکەوە شاعیرەکان مەدحیان دەکرد، ئەگەر چاپ بکرێن چەندین بەرگی کتێب پڕدەکەنەوە..)[٤٤].

سەرۆکایەتی ئیدریس بەگ سی ساڵ بەردەوام بوو، دیارە سەرکەوتنی لەپێشخستنی ماسۆنیزمدا بووە هۆی پەیابوونی دژو یاخی بووان لەنێوان ئەندامەکان، ئەویش یەکێکە لەو گیروگرفتانەی کەماسۆنیزم لەوڵاتانی عەرەبدا تووشی ببوو، محەمەد سەعید مەراغی لەکتێبەکەیدا کەساڵی ١٩١٠ دەرچووە، دەڵێ ئەمەیش دەقەکەیەتی:

(یاساکانی ماسۆنیزم بڕیاری داوە نابێ دوو مەحفەلی مەزن یان دوو ڕۆژهەڵاتی مەزن هەبێت لەیەك مەملەکەتدا تەنها بەمەرجانێك کەهەرگیز نە لەمیسرو نە لەرۆژهەڵاتدا هەیە، بۆماوەی سی و شتێك ساڵ هیچ مەحفەلێکی گەورە یان ڕۆژهەڵاتێکی مەزنی ڕێك و پێك نەبوو جگە مەحفەلی گەورەی میسر کەبرای هەموو ڕێزدار مامۆستی مەزن (ئیدریس راغب بەگ) سەرۆکایەتی دەکرد، مەحفەلێکی شەرعیە هیچێکی دیکە نایەتە ئاراوە جگە بەروخسەتی ئەو نەبێ، ئەو خاوەنی دەسەڵاتی شەرعی بوو لەمیسر هیچ مەحفەلێکی میسری نیشتمانی ڕۆژهەڵاتی دانەمەزرا جگە ئەو نەبێ، بەڵێ هەندێ کەس لێی ڕاپەڕین، بۆ مەبەستێك لەدڵی خۆیاندا بوو، ئاشنای وەهم بوون کە لەدڵیان گەورە دەبوو، خۆیان ئاشکرا کرد هەر کەمەحفەلێکی مەزنتریان دامەزراندو، ناویان نا (مەحفەلی گەورەی ئۆرشەلیمی) ماوەی سێ ساڵەبوو، ڕازی نەبوون دەسەڵاتی شەرعی لە (مەحفەلی گەورە نیشتمانی میسر) وەربگرن، چونکی ڕێگای گوێنەدانیان گرتبوو بەر

لەمافەکانی عەشیرەت و، ژمارەی خەڵکانی دواچین و خەڵکی هەرچی و پەرچیان زۆر کردبوو، هەستیان کرد بەمە هەندێ مەحفەلی گەورەی لە (رۆژهەلات) پێ دەخەڵەتێنن و دانیان پێدا دەنێن و، زۆرجار هەوڵیان دابوو مەحفەلەکانی ئەمریکا بخەڵەتێنن، هەروەها مەحفەلەکانی دیکەش، بەلام هیچ رێگایەکیان بۆئەمە نەدۆزیەوە.

مەحفەلی گەورەی نیشتمانی میسر زۆر داوای لێکردن بێنە سەر رێگاو، ئامۆژگاری کردن واز لەوەسوەسە بێنن و، مێشکی خەڵکی رەشۆکی نەشەڵەژێنن، گەرانەوەیان بۆ هەق پێ گەورەکردن، کەئەویش چاکەیەکی مەزنە، دەبێ خەڵکی لەوە وریابکەینەوە پێیان هەڵنەخەڵەتێن و، پشت بەوەهمەکانیان نەبەستن، بەسە ئیتر باخەڵکی هەموو راستیەکی لاف و گەزافی ئەو لەخۆباییانە بزانن، ئەوانەی خۆیان خەڵەتان و فریویان پێی خوارد)[٤٥]، رۆژنامەی (المقطم)ی قاهیری لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩١٠ بلاوی کردەوەو وتی: (ئیدریس راغب مامۆستای مەزنی مەحفەلەکانی میسر نارەزایی دەربڕی بەرامبەر بەدەوڵەتی میر عەزیز حەسەن بۆ دامەزراندنی مەحفەلێکی ماسۆنی)، لەناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩١١دا، رۆژنامەی (الاهرام) بلاوی کردەوەو ئاماژە دەکات بۆ بوونی ناکۆکیەکانی توونددلەسەر بۆدەجەی مەحفەلی گەورەی میسر، لەنێوان رازگرەکانی و سەرۆکەکانی هەندێ مەحفەلەکانی سەر بەئەو، دیارە ناکۆکیەکان دیوارەکانی مەحفەلەکەی رەت کرد بۆ دەرەوە[٤٦]، لەساڵی ١٩٢٢ ناکۆکیەکە لەنێوان ئەندامانی مەحفەلی گەورەترو توونددتر بوو، هۆیەکەیشی بابەتی سەرۆکایەتی بوو، زۆربەی ئەندامەکان حەزیان لێبوو جێنشین شازادە محەمەد عەلی ببێتە مامۆستای مەزن لەجیاتی ئیدریس بەگ، ئیدریس بەگیش بەوە رازی نەبوو، هەندێ لەئەندامانیش شوێنی کەوتن، هەر



کەمەحفەلەکە لە ٢٨ی ئەیلوول دانیشتنی خۆی کرد، دووبەرەکی بەروونی کەوتە نێوان ئەندامەکانەوە لەسەر ئەم بابەتە، ئیدریس بەگ لەدانیشتنەکە کشایەوە خۆی و جێگرەکەی لەگەڵ حەڤدە ئەندام، دەڵێن لەگەڵ کشانەوەی مۆرە گەورەکەو هەندێ تۆماری گرنگی لەگەڵ خۆیدا بردووە، لێرەدا ئەوانەی مابوونەوە لەئەندامەکان بڕیاریاندا بەهەڵبژاردنی مامۆستای مەزن بۆ پڕکردنەوەی جێگاکەی ئیدریس بەگ، هەڵبژاردن کراو میر محەمەد عەلی ١٨٢ دەنگی وەرگرت، کەچی ئیدریس بەگ سێ دەنگی هێنا و سێ وەرەقەی سپیش هەبوو.

ئیدریس بەگ بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن رازی نەبوو، بەبەتاڵی لەقەڵەمدا، لەدادگا داوای تۆمارکردو، بڕیاری دادگایش لەبەرژەوەندی ئەو نەبوو، زۆربەی مەحفەلە گەورەکان لەولاتانی جیهان بەشەرعیەتی ئەوەی کرا دانیان نا[٤٧].

هەڵبژاردنی میر محەمەد عەلی بۆ سەرۆکایەتی ماسۆنیزمی میسر لەدیدی خەڵکەوە، پایەی کۆمەلایەتی زیاتر کرد: میر سەرەڕای شانازی بەخۆیەوەو بەخانەوادەکەیەوە بەرامبەر ماسۆنیەکان بەچینە جیاجیاکانیەوە متەوازیع بوو لەگەڵیان، یەکێك لەماسۆنیەکانی میسر لەم بارەیەوە دەڵێ: (جێنشین شازادە محەمەد عەلی لەگەڵمان دادەنیشت ئێمەی تاکەکانی چینی هەژارو لەگەڵمان نانی دەخواردو هانی دەداین داوێن گیری ئاداب و فەرمانەکانی عەشیرەت بین، گەیشتن بەکۆشکەکەی محەمەد عەلی جگە بۆئێمە مەحاڵ بوو)(٤٨).

ماسۆنیزم لەمیسر گۆڤارێکی هەبوو هەواڵەکانی بلاودەکردەوەو مەدحی کرد، ئەویش گۆڤاری (اللطائف) بوو خاوەنەکەی شاهین مەکاریۆس بوو، سەرەتای دەرچوونی ئەم گۆڤارە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٦، بۆماوەی

بیست و پێنج لەدەرچوون بەردەوام بوو، تاساڵی ١٩١٠ وەستا دوای مردنی خاوەنەکەی.

لەساڵی ١٩١٥ ئەسکەندەر کوڕەکەی شاهین مەکاریۆس گۆڤاری (اللگائف المصوره) کەچەند دە ساڵێك لەدەرچوون بەردەوام بوو، وەکو ئەوەی پێشوو پڕبوو لەهەواڵەکانی ماسۆنیزم و ستایشکردنی، لەساڵی ١٩٤٢ گۆڤارێکی سێیەمی ماسۆنیزم دەرچوو کەخاوەنەکەی حسێن شەفیق میسری بوو بەناونیشانی (الایام)، نێردراوی لەعیراق عەبدول مەهدی فایەق بوو.

دانەیەکی لەژمارەی ١ی شوباتی ١٩٤٤ لەلامە، ئەم هەواڵە دەهێنمەوە وەکو نموونەیەك لەچالاکی ماسۆنیزم لەمیسر ئەوکاتە: (برای سەرجەم بەرێز سکرتێری مەزن محەمەد بەگ رەفعەت بەیانی رۆژی هەینی ٢٨ی یەنایەری ساڵی ١٩٤٤ قاهیرەی بەجێهێشت، بەسواری فڕۆکەیەك بەرەو ئەسکەندەریە رۆی بۆ ئامادەبوونی ئاهەنگی چەسپاندنی مەحفەلی پاراسینۆن، لەفڕۆکەخانە زۆر لەبرایانهی ئەسکەندەریەی بەرێز لەپێشوازی بەرێزی بوون، ئەوانەی رێز لەجوامێریەکانی و قوربانیەکانی لەپێناوی ماسۆنیزمدا دەگرن.

لەئێوارە دوای ئاهەنگی چەسپاندن، ئاهەنگێکی شەوچەرە سازکرا بۆ بەرێزی برای سەرجەم رێزدار سکرتێری مەزن، وتار خوێنرایەوە سەبارەت ئەو خزمەتانەی بەرێزی پێشکەش مرۆڤایەتی کردووە، پاشان بەیانی رۆژی شەممە بەرێزی بەسەلامەتی خودا لەسەر پشتی فڕۆکەیەك گەڕایەوە، لەلایەن جەماوەرێکی پشتیوان و پەنایەك بۆ مرۆڤایەتی).

دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین ماسۆنیزم لەمیسر جیابوو بەگوێرەی پایەوپلەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەب، پایەیەکی بەرێزی هەبوو لەدیدی خەڵکیدا، زۆر لەشازادەو پاشاو پیاوانی ئایینی چوونە



ریزیەوە، سەعد زەغلول یەکێك بوو لەوانەی چووبوونە ریزیەوە، هەروەها تا دوا ژیانی مایەوە، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر سەرکردایەتی میللی، ماسۆنیزم لەمیسر ئەو پایە بەرێزەی تاساڵی ١٩٦٤ هەبوو، حکومەتی میسری فەرمانیدا بەداخستنی هەموو مەحفەلەکانی ماسۆنیزم، وەکو لەکۆتایی ئەم پاشکۆیە دێینە سەری.

## ماسۆنیزم لەشام:

مەبەست لەشام ئەو ناوچەیە کەئێستا سوریاو لبنان و فەلەستین و ئوردون دەگرێتەوە، ئەم ناوچەیە بەجۆراوجۆری تایەفە ئایینیەکانی ناسراوەو ناکۆکیەکانی و داگیرکردنی لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتە بیانیەکانەوە، یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لەوڵاتی شام لەبەیروت ساڵی ١٨٦٢ دامەزراو ناوی (مەحفەلی فەلەستین) بوو، سەر بەمەحفەلی گەورەی ئەسکۆتلەندی بوو، دامەزرێنەرەکەی کونسڵی گشتی بەریتانیا لەشام مستەر (ئەلدرج) بوو، هەندێ لەپیاوماقووڵان چوونە ریزیەوە، سەرەڕای ئەوەی باجی چوونە ریزیەوە نزیکەی سی لیرەی عوسمانی بوو، لەوقسە سەیرانەی کەلێی دەگێڕنەوە حاجی حسێن بیهەم هەر کەوەرگیرا داوایان لێی کرد بەگوێرەی عادەت بەقورئان سوێند بخوات، کەخیانەت لەکۆمەڵەکە نەکات و نهێنییەکانی نەدرکێنێ، ئەویش داوای لێبووردنی کرد، چونکی دەستنوێژی نەبوو، رێگەیان پێیدا لەژوورەکەی دووەم دەستنوێژ بگرێ، پاشان لەبەردەم بەرێزانی ماسۆنیزم سوێندی ئەمانەتی خوارد(٤٩)، هەر کەمستەر (ئەلدرج) ساڵی ١٨٦٨ گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، مەحفەلی فەلەستین ئەو دەورەی نەما، بەڵام بۆ ساڵی دواتر مەحفەلێکی دیکە دامەزرا،

بەناوی (مەحفەلی لبنان)، سەر بەرۆژهەڵاتی باڵای فەرەنسا بوو، زۆربەی ئەندامانی مەحفەلی فەلەستین چوونە ریزیەوە، هەروەها کەسانی دیکە جگە لەوان چوونە ریزیەوە، زۆربەی ئەندامانی ئەم مەحفەلە رۆم و پرۆتستان و موسڵمان و جوولەکە بوون، زۆر کەم لەمارۆنیەکان و ئەرمەنەکان چوونە ریزیەوە، باجی چوونە ریزەوە دوانزە لیرەی عوسمانی بوو، ماسۆنیزمی شام هەر کەمیر عەبدول قادر جەزائیری ساڵی ١٨٦٤، چووە ریزیەوە پایەدار بوو، چوونە ریزیەوە، ئەودەمەی بەئەسکەندەریەدا تێپەڕ دەبوو، لەرێگای گەڕانەوەی لەحەج و چووە ریزی مەحفەلی ئەهرامەوە.

کاتێ گەڕایەوە بۆ سووریا مەحفەلێکی سەر بەمەحفەلی گەورەی ئیتاڵیا دامەزراند بەناوی (مەحفەلی سوریا)، ماسۆنیزمی دوای ئەوە لەوڵاتی شام بەرەبەرە بڵاوبوەوە، لەساڵی ١٨٩١ شاهین مەکاریۆس توانی روخسەت لەمەحفەلی گەورەی میسری بۆ دامەزراندنی مەحفەلێك سەر بەئەو لەبەیروت وەرگرێت، بەناوی (مەحفەلی فینیقیە)، هەر کەمەحفەلەکە دامەزرا شاهین مەکاریۆس ئەرجووزەیەکی درێژی نووسی لێرەدا چەند بەیتێکی بڵاودەکەینەوە:

باسمك يا مهندس الاكوان ... ويا مفيض الجود الانسان
ارشدتنا الى طريق الحق ... طريق ارباب الحجى والصدق
اعنى بهزا عصبة الماسون ... من عرفت بسرها المصون
قد نظمت بسلكها الملوكا ... واحسنت بسيرها السلوكا
في كل صقع بل بكل ناد ... ابناؤها كثير التعداد
تلقاهم على اختلاف المذهب ... كأنهم من نفس أم وأب
فكلهم لبعضهم اخوان ... لا بينهم غل ولا اضغان
مازم جهلا هزه الطريقة ... الا قبيح الخلق والخليقة



وطغمة رامت لها الاضرار ... فأكتسبت بفعلها الصغارا
تريد تقويض حروح فضلنا ... مع ان صنعه البنا من شغلنا
ومن يكن أسى بناه التقوى ... عليه ايدى الاعتدا لا تقوى
فأتحدوا يا أخوتى اتحادا ... يفت من جميع العدا الاعضادا
وبسطوا الاكف بالدعاء ... الى مفيض الجود والعطاء
بأن يقى سلطاننا العثماني ... من غير الايام و الازمان
مليكنا عبدالحميد الغازى ... منقزنا من ربقه الاعواز
لازال ماضيي الحد فى اعدائه ... والنصر معقودا على لوائه.[٥١]

ئەم ئەرجوزەیە بۆ مەحفەلەکە سوودی نەبوو لەوانەیە بۆی زیانبەخش بووبێ.

لەکۆتایی ١٨٩٢ فەرمان لەسوڵتان عەبدول حەمیدەوە دەرچوو بەداخستنی مەحفەلەکە، بۆیە ئەندامەکانی ناچاربوون لەئەشکەوتەکان لەدەرەوەی بەیروت لەترسی سیخوڕەکان کۆببنەوە، ئەندامەکانی نامەیان نووسی بۆ مەحفەلی گەورەی میرو لێی دەپرسن: چی بکەن؟ مەحفەلی گەورە وەڵامی دانەوە فەرمانیان پێدەکات کەکۆبوونەوەکانیان راگرن و، ملکەچی فەرمانی حکومەت بن، تا ئەم پەلە هەورە بەسەر دەچێ و، سوڵتان عەبدول حەمید قەناعەت بەدڵسۆزی ماسۆنیەکان دەهێنێ، بۆ تەختی پاشایەتی ئەو[٥٢].

ئەوەی جێگای سەرنجە سوڵتان عەبدول حەمید مەحفەلەکانی دیکەی لەوڵاتی شام دانەخست، بگرە بەتەنها (مەحفەلی فینیقیە)ی داخست، دیاربوو لەم مەحفەلە دەترسا بەتایبەتی لەبەر پەیوەندی بەمەحفەلی گەورەی میسرەوە، وەك بڵێی دەترسا دەسەلاتی بەریتانی بێتە ژوورەوە لەرێگای وڵاتی شامەوە.

بەهەرحاڵ بڵاوبوونەوەی مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەوڵاتی شام بووە هۆی پەیابوونی ململانێیەکی توند لەنێوان لایەنگرەکانی و دوژمنەکانیدا، توندترین دوژمنەکانی پیاوانی ئایین بوون، لەتایەفە جیاجیاکان لەسەرویانەوە یەسووعیەکان، ئەمانە دەستیان کرد بەناوزڕاندنی ماسۆنیزم و، تومەتی جۆر بەجۆریان پێوە دەلکاند، یەکەم کتێب دژ بەماسۆنیزم لەشام دەرچوو، لەنووسینی پیاوێکی ئایینی شیعە بوو، ناوی حیجی عیزەدین محەمەد کوڕی عەلی شامی عاملی بوو، دەرچوونی کتێبەکە لەساڵی ١٨٧٢ بوو، بەناونیشانی (ئاشکراکردنی گومان لەحاڵی فەرمەسۆن) نووسەرەکەی بەڵگەی ئەقڵی و نەقڵی هێنابوەوە، بەرای ئەو رووبەڕووبوونەوەی ئاقڵە بۆچوونە ریزی ماسۆنیزمەوە، بۆنموونە دەڵێ: (ئەم ماڵە رێگە لەهیچ کەسێ ناگرێ، لەخەڵکی و میللەتێ لەشانەکەی، زۆربەی خەڵکی لەهندستان ئاگر پەستن و بەدەرن لەهەرسێ میللەتەکە، ئەگەر راست بێ، ئەم ماڵە خوانەناس و یەکتاپەرستێك و بەدەرن لەهەرسێ میللەتەکە، ئەگەر راست بێ، ئەم ماڵە خوانەناس و پەکتاپەرستێك نایەتە ریزیەوە، ئیدی ئەی موسڵمان چۆن دەچیتە ریزیەوە هیچت بۆ دەرنەخات جگە برایەتی نەبێ، ئەمەیش لەمەزهەبی تۆ نابێت خوای باری تەعالا بەزمانی پێغەمبەرەکەیەوە دەڵێ: هیچ دۆستایەتیەك نییە لەنێوان تۆو ئەوانەی دوژمنایەتیت کردوون)[٥٣]، پاشان بەیەك لەدوای یەك کتێب لەزەمی ماسۆنیزم دەردەچوو، گرنگترین لەوکتێبانە ناوی (السر المصون فی شیعه الفرمسۆن) واتا-نهێنی پارێزراو لەلای خێڵی فەرمەسۆن-لەبەیروت ساڵی ١٩١١ دەرچووە، لەنووسینی باوە لویس شێخۆی یەسوغی بوو-کتێبێکی زۆر توندە لەناشرین کردنی ماسۆنیزم، تومەتبارکردنیدا، جورجی زێدان-ماسۆنیەکی بەرچەڵەك لبنانیە-لەکتێبی (مێژووی گشتی ماسۆنیزم)دا دەڵێ: (توندترین



بەرهەڵستکارانی ماسۆنیزم لەسوریا کۆمەڵی جوزیت بوو، بۆئەم مەبەستەو هی تریش رۆژنامەیەکی ئایینیان لەبەیروت دامەزراندو ناویان نا رۆژنامەی (البشیر) بابەتەکەی بەرهەڵستی کردنی هەموو مەزەب و ئاینێك بوو، جگە مەزهەبی کاسۆلێك نەبێ، تووش کردنی هەموو کۆمەڵێك جگە کۆمەڵی جزیت نەبێت ئاواتەخواز بوو کۆسپی لەوجۆرە بێتە رێگای ماسۆنیزم، هیمەت هەرەس پێدەهێنێ و لەپێناویدا رقی لەکاروبار دەبێتەوە، بەڵام خەڵکی رەشۆکی مەپرسە کەچی لەمێشکیان شین بووە لەرق و کینە بەرامبەر بەکۆمەڵی ماسۆن تاناویان بووەتە هاوواتای نزمترین خەسڵەتی کینە لەلایان، ئەگەر ویستیان هۆشە لەوەسف کردنی کافرێك یان دووفاقێك بکەن، لەم قسەیە شیاوتر نادۆزنەوە: فەرمەسۆن، کافر، دووفاقی دزو لەم جۆرە بابەتە..)[٥٤].

شاهین کەکاریۆس لەکتێبەکەی (چاکەکانی ماسۆنیزم)دا باسی ئەم جۆرە دەکات و دەڵێ: (ئەوەی لەسوریا باو بوو لەسەر ماسۆنیزم، گوایە کۆمەڵەیەکی کوفرەو دان بەبوونی خودای باری تەعالا نانێت و، گەورەترین فاکتەرە بۆ نەهێشتنی ئایین، هەرکەسێ چووبێتە ریزیەوە هەرچەنێ پیاوی چاك بووبێت بووەتە بادکارو ناتوانێ لێی بێتە دەرەوە، هەرکەسێ نهێنیەکانی درکاندبێ و یەکسەر ناسرایێ وێنەیەکی دەهێنن و خاوەنەکەی بەزەبری چەقۆ دەکوژن، دەگێڕنەوە فلان بەم شێوەیە مردو، ئەویتر گرەوەو، هەموو جۆرە خراپەیەك، گوێم لەخواجە (فارس توێنی) بوو کە لەچاپخانەی ئەمریکیەکان بوو جارێکیان لەبەر خراپی مامەڵەکردن گازندەی دەکردو دەیووت: (ئەگەر ئاگرپەرست یان ماسۆنی بوومایە بەم جۆرە مامەڵەیان لەگەڵم ناکرد)و گوێم لێ بوو کەسێك ناشیریترین جنێوی بە نەیارەکەی دەدال توورە نەبوو تا پێی نەوت: کوڕی فەرمەسۆنی و هەڵساو یەخەی گرت

و بانگی کرد: خەڵکی شایەت بن جنێوم پێ دەداو پێم دەڵێ کوڕی فەرمەسۆنی، تۆخۆت فەرمەسۆرنیت و هەموو کەسوکارت فەرمەسۆنین..)(٥٥) دیارە ئەم حاڵەتە گۆڕا بەدژەکەی دوای کۆدەتای عوسمانی ساڵی ١٩٠٨ ماسۆنیەکان بەشانازییەوە سەریان بەرزکردەوەو وایان پیشان دەدا گوایە ئەوان کۆدەتاکەیان ئەنجام داوەو، دەوڵەت کەوتووەتە دەستیشان، ئیدی خەڵکێکی زۆر بۆیان کەوتنە ریایی کردن، هەروەکو باوە لەم جۆرە بارو زرووفەدا (عەجاج نویهض) دەڵێ کەئەو سەردەمەی دیبوو: (دۆخ لەمەملەکەتی عوسمانی خێرا گۆڕا لەو رۆژەوەی لەساڵی ١٩١٨ دەستووری عوسمانی ئاشکراکرا، ماسۆنیزم بەسەرجەم مەملەکەتدا بەشێوەیەکی بەربڵاو بڵاوبوەوەو دەرگا لەسەر پشت کرایەوە، عەرەبی موسڵمان بووایە یان مەسیحی ئەگەر چووبایەتە ریزی ماسۆنیزمەوە وەکو تاووس خۆی فش دەکردەوەو خۆی بادەدا، ئەمە ئەگەر لەخەڵکی رەشۆکی بووایە، یان ئەگەر لەخەڵکی تایبەت بووایە دەهات و دەچوو خەڵکی واحاڵی دەکرد کلیلی توانای جادوەکانی سەریدەخەن، هەر کەهەڵبژاردنی لەهەموو ناخۆشیەك دەدەن و لەکارەکانی سەریدەخەن، هەر کەهەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی عوسمانی دەبوو ماسۆنیزم فاکتەری شاراوەی یەکەم بوو..)[٥٦].

ئەم بووژانەوەیە کەتووشی ماسۆنیزم هات لەسەردەمی دەستووردا، رادەی دوژمنایەتی لەنێوان ماسۆنیزم و پیاوانی ئاییینی زیادکرد، بەم شێوەیە خەڵکی لەشارو گوندەکانی بنان بوون بەدوو بەش، بەشێك لەگەڵ ماسۆنیزمدا بوو بەشێکی دیکە لەگەڵ قەشەکاندا (نعوم لبکی) لەرۆژنامەی (المهاجر) لە ٣ی حوزەیرانی ١٩١٠ دەنووسێ و داخی خۆی بۆ ئەم بەکژاچوونەی هەردوو تیمەکە دەردەبڕێ و ئەو ئەنجامە خراپەی کەلێی



دەکەوێتەوە، بەرای ئەو دەڵێ: (هەرچەنێ شەوکەتی ماسۆنیزم لەلبنان بەهێزبێ دەسەڵاتی ئەکلیرکی لاواز دەبێ، کەی هەیسبەت ئەکلیرۆس رووخا یەکێتیی مارۆنیەکان بەرەبەرە هەڵدەوەشێتەوە، چونکی سەرۆکەکانیان واسیتەی گرێدانیانن و، دەبێ دەستێك بەهێز جڵەوی ئەم یەکێتییە بگرێت لاوازی ئەو دەستەی جڵەوەکەی گرتووە ئەو یەکبوونەی لەنێوان مارۆنیەکان و فەرەنسادا هەیە هەڵدەوەشێتەوە، چونکی ئەکلیرۆسی مارۆنی پەیوەندی نێوانیانەو، بەمەش دەسەڵاتی فەرەنسیەکان لەسوریا کەم دەبێتەوە، ئەمەیش پیلانی ئەو کەسانەیە ویستیان تەڵە بۆ دەسەڵاتی فەرەنسی بنێنەوە.

تۆ لەمەدا دەبینی ئەمە لاپەڕەیەکی بچووکە لەلاپەڕە گەورەکان، ماسۆنیزمی ئێستا ئەوەنییە کەدەمانویست لەلبنان بڵاوبێتەوە، بۆیە پەشیمان بووینەوە لەوەی یارمەتی ئەم ماسۆنیزمەمانداو بەخەڵکی رادەگەیەنین کەئێمە بڕوامان پێی نەما)[٥٧].

لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا ماوەیەکی سستی بەسەر ماسۆنیزمی شامدا رەت بوو، لەوماوەیە چالاکی گەیشتە ئەوپەڕی کزی، بەڵام دوای کۆتایی جەنگ سەرلەنوێ چالاکی گەڕایەوە، لەوانەیە چالاکی زیاتر بووبێ، بەهاندانی ئینگلیزەکان و فەرەنسیەکان، عەجاج نویهض دەربارەی ئەو رۆژانە دەڵێ: (ماسۆنیزم بووە کالایەك هەموو ئارەزوومەندێك بەهەرزانترین نرخ بیکڕێت تاگەیشتە لادێکان و چاوی خەڵکی چینی رەشۆکی گەشانەوە)(٥٨).

لەساڵی ١٩٣٩ گەورە ماسۆنیەکانی شام کۆبوونەوە؟، مەحفەلێکی گەورەتریان دامەزراند، تاهەموو مەحفەلەکانی شام یەکبخات، عەتا ئەیوبیان بەمامۆستای مەزنتری مەحفەلەکە هەڵبژارد، مەحفەلە گەورەکانی جیهان

دانیان نا بەم مەحفەلە، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت لەبەر هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان لەکار وەستا، لەساڵی ١٩٥٠ کۆنگرەیەکی ماسۆنی بەسترا، نوێنەرانی وڵاتانی عەرەب ئامادەی بوون و بڕیاریاندا بەزیندووکردنەوە مەحفەبلی گەورەتر سەرلەنوێ..[٥٩].

## ماسۆنیزم لەعیراق:

زانیاریەکی تەواومان نییە دەربارەی چالاکی ماسۆنیزم لەعیراق لەسەردەمی عوسمانیدا، هەموو ئەوەی دەیزانین لەم بارەیەوە کەشێخ خەزعەل میری خورەم شار ماسۆنیەکی چالاك بوو، لەماسۆنیزمەوە چەندین مەدالیای پاداشتی خزمەتەکانی بۆی وەرگرتووە[٦٠]، دووریش نییە یارمەتی دامەزراندنی مەحفەلەکانی ماسۆنیزنی دابێت لەعیراق و، هەندێ لەپیاو ماقووڵانی عیراق و ئەدیبەکانی، ئەوانەی پەیوەندیان پێوەوەی هەبووە، خستوونیەتیە ریزیەوە، لەبیرمان نەچێ شێخ خەزعەل پەیوەندی ۆری هەبووە لەعیراق بەتایبەتی لەبەسراو فوراتی ناوەڕاستدا.ماسۆنیزم دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی گەشەیکرد، بەهاندانی هەندێ بەرپرسی بەریتانی، لەسەرچاوەیەکی ماسۆنی ئینگلیزی ئەم نووسینەم دۆزیەوە: (برا. ج. ڤی. کۆلز ئاگاداری کردینەوە کەماسۆنیزم دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان لەعیراق گەشەی کرد تادامەزراندنی ئیسرائیل، دوای ئەوە بەشێوەیەکی کاتی پەکی کەوت، پاشان سەرلەنوێ بووژایەوە تادروستبوونی کۆماری عیراق[٦١]، راستی هەست لەلای من وایە کە بەسرا بەشی گەورەی هەبوو لەماسۆنیزم بەر لەشارەکانی عیراق، دەتوانرێ هۆی ئەمەیش بگەڕێنرێتەوە بۆئەوەی بەندەر بوو، هەر لەدێرزەمانەوە پەیوەندی



بەبیانیەوە هەبووە، سەرەڕای ئەوەی کەوتبووە ژێر کاریگەری شێخ خەزعەلەوە، هەندێ لەرۆژنامەکانی عیراق لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ هەواڵێکیان بڵاوکردەوە ئەمەیە: مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەبەسرا ئاهەنگیان گێڕا بەبۆنەی دانانی بەردی بناغەی خانووی مەحفەلی ماسۆنی کەدەکەوێتە سەر رێگای رووبار، مەفەلەکە مستەر (مۆر) کردیەوە روونی کردەوە کەمەفەلەکانی ماسۆنیزم لەبەسرا ساڵی ١٨٣٩ دامەزران کەئێستا ژمارەی ئەندامەکانی دەگاتە حەوسەد ئەندام(٦٢)، لەساڵی ١٩٢٦ لەبەسرا رووداوێك لەم بارەیەوە روویدا دەلالەتی خۆی هەبوو، ئەوەیش پوختەکەیەتی: کابرایەکی کاسۆلیکی لەتایفەی کلدانی ماسۆنی بوو ئەندامی مەحفەلی (صدق الوفاء)ی سەر بەمەحفەلی گەورەی میسری بوو، هەر کەئەم کابرایە مرد قەشەکان رێیان نەدا رێ وز رەسمی ئاینی بۆ بکرێت، نەیانهێشت لەکڵێسەی کاسۆلیکی بەخاك بسپێردرێت، گەرچی بەپارەی تایبەتی خۆی بەشداری لەدروستکردنی ئەو کڵێسەیە کردبوو، ماسۆنیەکان لەبەسراو بەغدا هەریەکیان نایەوە لەسەر ئەم کێشەیەو، لەرۆژنامەکانی خۆیان لەسەریان نووسی و هێرشیان کردە سەر قەشە کاسۆلیکەکان، لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٦ عەبدول رەحمان ئەفەندی هاشمی لەرۆژنامەی (الاخاء) نووسینێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (بژی بیروباوەڕی ئازادو بژی ماسۆن لەرۆژهەڵاتی زەوی و رۆژئاوای) قەشەکانیان ریسوا دەکردو، بەتووندی رەخنەیان دەکردن، لە ٢٣ی هەمان مانگ رۆژنامەی (العراق)ی بەغدایی نووسینێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (تۆڵە سەندنەوە لەمردو) تێدا دەڵێ: (رێگەنەدانی سەرۆك مەتران بەسازدانی رێ و رەسمی ئاسایی دڵ نایەشێنێ، بەڵکو ئەو بیانووەی کەرێگە نەدانەکەی لەسەر بنیات ناوە گوایە مردووەکە ماسۆنیە)، پاشان رۆژنامەکە مەدحی

خوالێخۆشبوو دەکات، کەکابرایەکی ناسراو بەنوێژو تەقواو بەجێهێنانی فەرزە ئایینیەکان کەکڵێسەی کاسۆلیکی فەرزی کردووەو، ئەو بەقەدەر ئەوەی دڵسۆز بوو بۆ ئایینەکەی، سووریش بوو لەسەر جێبەجێکردنی بیروباوەڕەکانی ماسۆنیزم، لەرۆژی دواتر واتا لە ٢٤ کانوونی یەکەمی ١٩٢٦ رۆژنامەی (الاوقاف العراقیە) نووسینێکی بڵاوکردەوە بەزمانی ئینگلیزی لەسەر هەمان بابەت بەناونیشانی (رێگات رەحمەت و خۆشەویستیە)و دوای چوار رۆژ هەمان رۆژنامە نووسینێکی بەزمانی عەرەبی بڵاوکردەوە بەئیمزای (ماسۆنی) هەڕەشەی لەقەشەکان کردو دەڵێ: (ئایا دەزانن بەم ئیشەتان وادەکەن ئەندامانی کۆمەڵەی ماسۆنیزم ناچاربن بەدوای ئەو راستیانەدا بگەڕێن کە لەئنجیلە شەریفەکاندا هاتووە لەگەڵ دوائیشەکان و بەراوردی دەکەن)[٦٣].

ماسۆنیزمی عیراق لەسییەکان و دواییش بەقۆناغێکی زۆر نهێنیدا رەت بوو، کەسێکی ماسۆنی، ماسۆنیەتی خۆی لەبەردەم خەڵکی ئاشکرا نەدەکردو لەوانەش بوو نکوولی لێبکات، دیارە هۆی ئەمەیش تەشەنەکردنی ریکلامی نازیزم و پاشان ریکلامی کۆمۆنیزم لەعیراق بوو ئەو سەردەمە، ئەوەی زانراوە کەنازیزم و کۆمرنیزم کۆك بوون لەسەر رقبوون لەماسۆنیزم و دژایەتی کردنی، نازیزم ماسۆنیزم بەدەستکردی بەریتانیاو فەرەنسا لەقەڵەم دەدات، کەچی کۆمۆنیزم بەرێکخراوێکی بورژوای لەقەڵەم دەدات، زەحمەت بوو زانیاری باوەڕپێکراو لەسەر مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەعیراق دەستبکەوێ و هەروەها ژمارەیب ئەندامەکانی، هەندێ جار لیستی ناوی ماسۆنیەکان لەعیراق بڵاودەبووەوە لەنێو خەڵکاو، من لیستێکم لەلایە، بەڵام بڕوام پێی نییە.

واهەست دەکرێ ئەو لیستانە کرا بەرێگایەك بۆ تووشکردنی



نەیارەکانیان، ناوی نەیارەکانیان دەخەنە ئەو لیستانەوەو بڵاوی دەکەنەوە، لێرەشدا ئەو بەستەزمانانە سوێندی قورسیان دەخوارد کەماسۆنی نین، کەچی خەڵکی بڕوایان پێناکردن، رۆژنامەی (العرب)ی بەغدایی لە ٢٩ی ئابی ١٩٦٤ هەواڵی بڵاوکردەوە دەڵێ: لەسەرچاوەی تایبەتەوە زانیویەتی کەژمارەی مەحفەلەکان لەم کاتەدا گەیشتووەتە هەژدە مەحفەل، سیان یان چواری لەبەسرایە، نازینین تا چ رادەیەك پشت بەم هەواڵە ببەستین، لەم نزیانە سەردانی ئەو خانووەم کرد کەبارەگای ماسۆنیزم بوو لەبەغدا لەرابردوو، دەکەوێتە کەرادەی شەرقیەوە، تێدا سەرنجی ئەوەمدا کە سێ مەحفەلی لەبەغدا هەبووە: ١- مەحفەلی بەغدا ژمارە ٤٠٢٢، ٢- مەحفەلی عیراق ژمارە ٤٤٧١، ٣- مەحفەلی دارل سەلام ژمارە ٥٢٧٧، ئاماژەیەك هەیە بۆ شتی چوارەم ناوی (فصل بغداد)ە، نازانم مەبەست لێی چییە، لەسەر دیوارەکانی هۆڵی بارەگاکە ناوی سەرۆکەکانی مەحفەلەکانم بەرچاوەوت هەر لەساڵی ١٩١٩ تاساڵی ١٩٥٧و زۆربەیان بەریتانین و کەمیان عیراقین، لەهۆڵی بارەگاکە پارچەیەکی مەرمەڕ سەرنجی راکێشام لەژێر دوو ستوونی انراو لەنزیك دەرگای نهێنی هۆڵەکەدا دانرابوو، بەئینگلیزی لەسەری نووسرابوو: (ئەمە بەردی بناغەی هۆڵی بەغدای ماسۆنیزمە لەلایەنی خاوەن فەخامەت مەندوی سیر هندی دوبسەوە دانراوە، برای بەرێز کۆلۆنێل جۆن چاپلوارد لە ٢٥ی تەمموزی ١٩٢٥ یارمەتی داوە).

لەلایەکی دیکەی ستوونەکەوە پارچەی دووەمم بەرچاو کەوت لەسەری نوسرابوو: (ئەم بەردە دووبارە لەلایەن برای زۆر بەرێزەوە سێر جۆن چاپلوارد پشکێنەری مەزن لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٤٠ دانرایەوە)، لەساڵی ١٩٥٨ هەر کەشۆڕشی ١٤ی تەمموز بەرپابوو حکومەتی عیراق خێرا هەموو مەحفەلەکانی لەولات داخست، بەمەش یەکەم حکومەتی عەرەبی بوو

ئەمە دەکات، باسی ماسۆنیزم لەدادگای باڵای سەربازی تایبەت هاتووە، لەکاتی دادگایی کردنی دکتۆر محەمەد فازڵ جەمالی و عەبدول جەبار فەهمی، لێرەدا هەندێ لەو پەیچینە دەهێنینەوە کە لەنێوان جەمالی و سەرۆکی دادگا لەبارەی ماسۆنیزمەوە بۆئەوەی خوێنەر ئاگاداربێ لەرادەی جیاوازی باری سەرنجی لەنێوان لایەنگرانی ماسۆنیزم و نەیارەکانی).

سەرۆک: بۆمان شیکەرەوە کەماسۆنیزم کۆمەڵەیەکی مرۆڤایەتی و خێرمەندە هەرچۆنی ناودەنێی؟

تاوانبار: گەورەم نازانم.

سەرۆک: (قسەی پێ دەبڕێ) ئایا کۆمەڵەیەکی ژاپۆنی جوولەکەی ئیستعماری نەبوو؟

تاوانبار: نەخێر، ببوورە.

سەرۆک: ئەی چییە؟ لەژێر تاجی بەریتانی.

تاوانبار: ماسۆنیزم وەکو من تێگەیشتووم کۆمەڵەیەکی نهێنی خاوەن هێمایە ئامانجەکانی پەیوەندی مرۆڤایەتی و خزمەتی کۆمەڵایەتییە بێ ئەوەی دەست لەئایینی مرۆڤ یان بیروباوەڕی سیاسی بدات، ئەمڕۆ لەوڵات، بۆنموونە دەبینن میسر مەحفەلی مەزنیان هەیەو مەحفەلەکانی میسریان هەیە.

سەرۆک: نیشانەکەی سێ گۆشە راست و چەپەکانە، ئایا زایۆنیزم نییە؟

تاوانبار: هێمای جیاجیای لەئایینە جیاجیاکان تیایە.

سەرۆک: هێمای جوولەکە؟

تاوانبار: ببوورە.

سەرۆک: زایۆنیزم، ئیستعماری؟

تاوانبار: نەخێر، ئەمڕۆ بۆنموونە ئەگەر بچن بۆ هەر وڵاتێک، بۆ تورکیا،



لەوێ ئیستعمار نییە، مەفروزە کەکۆمەڵەیەکی ئیستعماری نیە، کۆمەڵەیەکە ئامانجەکانی کۆبوونەوەی کۆمەڵێکە کەکۆدەبنەوەو نێوانیان برایەتی و هاوکاری کۆمەڵایەتییە.

سەرۆک: ئایا راستە تۆ کابرایەکی نیشتمانپەروەری دڵسۆزو چاک و بەشەرەف بچیتە ریزی کۆمەڵەیەکەوە کەنیشتمانپەروەر نیە ئەگەر عیراقی بێ یان لەوڵاتانی دیکە بێت.

تاوانبار: گەورەم رێگەم بدەن، ماسۆنیزم نیشتمانپەروەری دادەمەزرێنێ لەهەر وڵاتێک بێ ئەمڕۆ عەرەبەکان دەتوانن مەحفەل بۆ خۆیان پێکبهێنن، رۆڵەی هیچ وڵاتێکی دیکە وەرناگرێت.

سەرۆک: ئایا گەلی عیراق پێویستی پێی هەیە؟

تاوانبار: گەورەم ئەمە بابەتێکی کەسایەتییە، ئەمڕۆش فلانە گۆڤار دەخوێنمەوە، یان فلانە رۆژنامە، زەروورەت نیە میللەتی عیراق پێویستی بەوڵانە گۆڤار هەبێت.

سەرۆک: ئایا گۆڤاری (البدائع دەخوێنێتەوە؟ ئایا دەبێ گەنجێکی رووناکبیر گۆڤاری (البدائع) بخوێنێتەوە؟ ئایا دەبێ کتێبێک بخوێنرێتەوە؟ کتێبی وەکو خوێنەر وایە، کتێب باشترین هاودەمە، لێرەدا داواکاری گشتی هەڵساو نامەیەکی خوێندەوە کەتۆزێک لەمەوبەر بۆی هاتبوو، خاوەن نامەکە گوایە ماسۆنی بووەو ئەمڕۆ وازی لێهێناوەو دەیەوێ نهێنییەکانی ئاشکراکات، پاشان دەستی کرد بەوەسفی ماسۆنیزم وتی: لەپێناوی خزمەتی تاجی بەریتانی ئیش دەکات و، مەرجەکانی وەرگرتن لێی ئازادبوون و کوفرکردن بەئایین و شەرەف و نەتەوەیەو ئەندام سوێند دەخوا بەو چەکەی هەڵیدەبژێرێ و، پابەندە بەو فەرمانەی بەسەریدا دەسەپێ جێبەجێی بکات تا قوربانی دان بەئایین و نامووس و نەتەوەکەی، حکومەتی

بەریتانیا لەسەرجەم جیهان یارمەتی ماسۆنیزم دەدا بەپارەو دەسەڵات و تەڵەکەبازی و ئەندامەکان بەرزدەکاتەوە بۆ پلەکانی ئەو دەوڵەتانەی تیا دەژین تا لەرێگەی ئەوانەوە چیان دەوێ بیکەن، زۆرجار بیستوومانە کەفەرمانڕەوا دەستی لەکارکێشاوەتەوە لەبەرئەوەی دەسەپاچە بووە بۆ رزگارکردنی برا ماسۆنیەکەی لەتاوان، خاوەن نامەکە ئاماژەی بەوەکردووە کەناتوانێ ناوی راستی خۆی بدرکێنێ، چونکی دەترسێ ماسۆنیەکان تیرۆری بکەن).

تاوانبار: گەورەم ئەمەو راستی ئاسمان و رێسمانن، نوسەری ئەم نامەیە هەرگیز هیچ لەبارەی ماسۆنیزمەوە نازانێ و ماسۆنیزم پەیوەندی پێوەنییە سەرۆك (قسەکەی پێدەبڕێ)، هێشتا بەئومێدی لەلایەن ماسۆنیزمەوە رزگاربگرێیت، ئەمە گەلی یراقەو دادگاکەی هیچ دەسەڵاتێك كاری تێناکات، دادگاکە شازادەو، گەلی عیراق ئازادە (چەپڵە لەئامادەبووانەوە) ئێمە لەهیچ هێزێك لەجیهان ناترسین لەپێناوی خزمەتی نیشتمان و گەلەکەمان، خوێنمان هەرزانە لەپێناوی شەرەفمان، شەرەی نیشتمانی و مرۆڤایەتیمان (چەپڵە لەئامادەبووانەوە).

تاوانبار: گەورەم ماسۆنیزم لەبارەیەوە کتێبی زۆرو دانراوی زۆر هەیە، یەکەم ماسۆنیزم پەیوەندی بەبەریتانیەکانیەوە نیە، بەتایبەتی هەر وڵاتێك و ماسۆنیزمی خۆی هەیە، خاڵێکی دیکە هیچ کەسێ ناچێتە ریزی ماسۆنیزمەوە خاوەن شەرەف و داب و نەریت نەبێ، هەروەها ئەو سوێندەی ناوی هات لەراستیدا، ناوەڕۆکی راستی نیە، ئەرکی سەرشانمە ئەوە تەنها بۆ تۆمارکردن بڵێم، ئەوەی گەورەم لەونامەیەدا هاتووە لەبنەڕەتەوە بەتاڵە..)[٦٤].



## کۆتایی:

لەمانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٤ حکومەتی میسر فەرمانێکی دەرکرد بەداخستنی سەرجەم مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەمیسر، لە ١ی ئاسای گۆڤاری (القوات المسلمه) لەقاهیرە دەرچوو ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی تیابوو لەبارەی ماسۆنیزم بەی ناونیشانانە (سەرکەوتنێکی رۆژنامەوانی، هێندە چەکدارەکان دەچێتە ژووری رەشی مەحفەلی ماسۆنیزمەوە، پەیکەرە مەزنەکان، تابووتی مردوان، یەکەم وێنە لەجیهان بڵاودەکرێتەوە لەسەر تیرۆری ماسۆنیزم).

لە ٣ی حوزەیرانی گۆڤاری (أخر ساعه)ی قاهیری ریپۆرتاژێکی دیکەی بڵاوکردەوە لەسەر ماسۆنیزم هۆیەکانی روون کردە کەوای لەحکومەتی میسری کرد ەحفەلەکانی داخات و وتی ئەمەیش دەقەکەیەتی: (کاتی کۆمەڵەکانی ماسۆنیزم لەکۆماری عەرەبی یەکگرتوو داوایان کرد رێکخراوەکانیان لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی تۆماربکرێن، بەرپرسەکان داوایان لێکردن یاساکانی کۆمەڵەکان کۆمەڵایەتی تۆماربکرێن، بەرپرسەکان داوایان لێکردن یاساکانب کۆمەڵەکان لەسەر خۆیان پراکتیزە بکەن، ئەم یاسایەش دەبێ هەموو کۆمەڵەکان ناو کۆمار ملکەچی سەرپەرشتی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بن و بەپرسەکان لەوەزارەت ماڤ پشکنینی ئیشەکانی کۆمەڵەکەی هەیە، بۆئەوەی دڵنیابێ کەسەرپێچی یاسای نەکردووە، کۆمەڵەکانی ماسۆنیزم ئەمەیان رەت کردەوە، چونکی پێچەوانەی ئەو نهێنییە تەواوەیە کەتیا دەژی، بۆیە حکومەت بڕیاریدا بەهەڵوەشانەوەی کۆمەڵەکانی ماسۆنیزم لەمیسر).

گۆڤاری (أخر ساعه) توانجی هەبوو لەسەر ئەمەو دەڵێ: (ئەمە تاقە هۆ نەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکانی ماسۆنیزم، بگرە ئاسایشی دەوڵەت و ئارامی پێویستی بەهەڵوەشاندنەوەی ئەم کۆمەڵانە هەبوو، زایۆنیزم بڕیاریدا هەموو مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەسەۆجەم جیهان بقۆزێتەوە بۆ چالاکییەکانی خۆی لەبەر مسۆگەری نهێنی لەنێو ئەم مەحفەلانەدا).

بەسە بۆئەوەی بزانی لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی زایۆنیزمی جیهانی کە لە (ژنێف) بەسترا بەر لەهەشت ساڵ بڕیارێکی نهێنی وەرگیرا دەبێ سەرجەم ڕێکخراوەکانی زایۆنیزم لەهەموو جیهانداو ئەو دەوڵەتانەی دژی ئیسرائیل بەتایبەتی، دزە بکەن بۆنێو کۆمەڵەکانی ماسۆنیزم و چالاکی خۆیان بکەن و لەگەڵیاندا تێکەڵ ببن و بەهەڵزانینی ئەو نهێنییە سەپێنراوە لەسەر تەقسەکانی ماسۆنیزم بۆ بەرژەوەندی ئامانجەکانی زایۆنیزمی جیهانی)، بۆئەوەی ماسۆنیەکان هەموویان نەبنە جێگای تاوانبارکردن ئەنوەر ئەحمەد بەڕێوەبەری ناوچەی قاهیرە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی رایگەیاند: ئەو پیاوە بوو فەرمانیدا بەهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە ماسۆنیەکان وتی: (زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵانە هاووڵاتی چاك و بەشەرەفن، بەڵام مەترسی کۆمەڵەکانیان نازانن لەسەر دەوڵەت، کەواتە ئەو نهێنییە تەواوەی کەکۆمەڵەکانی ماسۆنیزم بەسەر چالاکییەکانی خۆیاندا دەیسەپێنن هەلێکی لەبارە بۆ دزەکردنی خەڵکانی دژ بەدەوڵەت، هەروەکو دیتمان زایۆنیزم هەلەکەی لێ ڕەت نەبوو بڕیاریدا بیقۆزێتەوە).

بەهەرحاڵ بڕیاری حکومەتی میسری بۆ داخستنی مەحفەلەکانی ماسۆنیزم دەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەبوو لەناو رای گشتی میسرو وڵاتانی عەرەبی تری، زۆر لەماسۆنیەکان لێی دەرچوون یان بێ بەری بوونی خۆیان



لێی راگەیاند گرنگترین کاریگەری بڕیارەکەی میسر لەئوردن سەریهەڵدا، ماسۆنیەکان لەوێ لەرۆژنامەکان بەیانێکیان بڵاوکردەوە، بەیانێکی درێژە تەنها ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگی دەدەین، بەیانەکە دان بەوەدا دەنێ کەزایۆنیزم ماسۆنیزمی جیهانی قۆستوەتەوە، قۆستنەوەیەکی زۆر تاوانبارانە بەناشیرینترین شێوە کەمرۆڤایەتی ناسیویەتی، بەڵام بەیانەکە دێتەوە سەری و دەڵێ نابێ عەرەبەکان لەماسۆنیزم دەرچن و لێگەڕێن زایۆنیزم ئازادبێ و بەکەیفی خۆی چی دەوێ بیکات، ئەرکی ئایینی و نەتەوەییان ئەوەیە ئەم مەیدانە چۆڵ نەکەن لەدەنگی زوڵاڵی عەرەب تازایۆنیزم بەتاقی تەنیا پروپاگەندەی سەرلێشێواو بکات بەهەموو شێوازێکی فریودان و دەسەڵات، بۆیە ماسۆنیە ئوردونیەکان بڕیاریاندا ڕێکخراوێکی ماسۆنیزمی تایبەت بەخۆیان دامەزرێنن بەناوی (بزووتنەوەی ماسۆنیزمی عەرەبی) ئامانجی هاوکاریکردنە لەگەڵ مەحفەلە ماسۆنیە هاوسۆزەکان لەگەڵیان لەهەموو ناوچە جیاجیاکانی جیهان، لەپێناوی دڵراگرتنی عەرەبەکانی فەڵەستین و ئاگادارکردنەوەی جیهان لەمەرگەساتی پەناهەندەکان، ئەم بەیانە لەلایەن قوتبی مەزنەوە عەبدول مەجید مورتەزاو، سکرتێری مەزن دکتۆر سلێمان بوستانیەوە مۆرکرابوو، دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەیانە موفتی گشتی لەئوردون فەتوایەکی درێژی دەرکرد بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ریفراندۆمەی بۆی هاتبوو لەسەر حوکمی شەرعی لەبارەی ماسۆنیزمەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەمە یەکەم فەتوای ئایینیە لەئیسلامەوە دەرچووبێ سەبارەت بەماسۆنیزم، چونکە لەوەوپێش هیچ فەتوایەك بەراشکاوی دەرنەچوو بوو لەسەر ئەم بابەتە، بەشێك لەوفەتوایە دەهێنینەوە: (ئەوەی زاڵە بەسەر هەستدا کەماسۆنیزم بیدعەیەکی

جوولەکەیە، بەڵگە بۆ ئەوەیش کەئەم کۆمەڵەیە بیدعەی جوولەکەیە ئامـاژەی جوولەکەکانـەی تیایـە وەکـو ئەسـتێرەی سـلێمان و جوولەکـەکان پێـی هەڵدەسـن و سەرپەرشتی دەکـەن و رەواجـی دەدەنـێ، ئـەوەی گومـان لـەم ماسـۆنیزمەوە پـەیا دەکـا ئـەوەی بیروباوەڕەکـانی زۆر نهێنییـەو مـەزەب و چوونە ژوورەو هاتنە دەرەوەیان شاراوەیە، تا بانگەشەچیەکانی دەرنەکەون تـەنها وەکـو چەشـەیەك بـۆ تەڵـەی راوچـی، کەبانگەشـەیەکی مرۆڤایەتیـەو ئـەوەی ئەچـێتە ریزیـەوە سـوودو خێرێکـی زۆری بەردەکـەوێت، ئەگـەر فەرمانبەر نەبێ دەکرێ بەفەرمانبەر، ئەگەر فەرمانبەر بوو بەرزدەکرێتـەوە بۆ بەرزترین پلەو گەورەترین پایە هتد...).

دەبینین بۆمان نییە لەهیچ شتێ فتوا بدەین کەنایزانین و راستیەکەی نازانین، ئـەوەی فـەتوای پـێ دەدەیـن لەسـەر ئـەم کۆمەڵەیـە ئـەو دەبڕینـەوە کەبرایـەتی ماسـۆنیزم دەخاتـە پێش برایـەتی ئـایین و برایـەتی نەتـەوەیی، ئەمـەیش لەراسـتی و مەبەسـتەکانی پێشخـستنی ماسـۆنیزم لەسـەر ئـایین، ئەمـەیش لەتێڕامانـدا کـوفرە، بیروبـاوەڕی ئـەم ماسـۆنیزمەی کەبرایـەتی ماسۆنیزم دەخاتـە پێشەوە، لایـەنگری برایـەتی جوولەکـە مسۆگەر دەکات، لایـەنگرتنیش پشتگری کردنـە، دەبـێ هەرکەسـێ لەلایـەنگران لەپلـەو پایـەی باوك بـێ بۆ کوڕ، لایـەنگریش لـەلای عـەرەب دەخرێتـە پێش خزمایەتیـەوە، خودا نـەهی کـردووە لـەوەی جوولەکـە سـەردار بـێ کەئـەوان دوژمـنن، ئەگـەر یەکێك فەتوای لێمان بوێ ئایا دەبێ ببێتـە ماسۆنی فەتوای ئێمـەش ئەوەیـە نـابێ، چـونکی بیروبـاوەڕی ماسۆنیزم نادیـارە، نـابێ رێگـە بـدەین بەچـوونە ریزیەوە هەرشتێ گومانی لەسەربێ و حەقیقەتی نـازانین، هـەروەکو حـەدیس دەڵـێ کەبنەماڵەی ئیسلامە: (دع مايريبك الى مالا يريبك) بگرە ئەمە ئەوەیـە ئـەقڵ بڕیـاری لەسـەردەدات، چونکی ئەگـەر کەسێك لێـی پرسـیت دەربـارەی



رێگایەك تۆ نایزانی ئایا بیگرێتە بەر، نابێ تۆ ئامـاژەی پێ بدەی ئەو رێگایە بگرێتە بەر، چونکی ئەمە شتێکە لەفریودان، ئەمەیش فـەتوای ئێمـە حـوکمی پێ دەدەین)[٦٥].

ئەوەی لـەئوردون روویـدا کـە لەوەوبـەر لەمیـسر روویـدا کاریگـەری هـەبوو لەسـەر سـوریاو لبنـان، لـە ٩ی ئـاب ١٩٦٥ حکومـەتی سـوریا فـەرمانێکی دەرکـرد بەداخـستنی هـەموو مەحفەلـەکانی ماسـۆنیزم و یانـەکانی روتـاری لەوڵاتەکەی.

هـەموو کەسـێکی ئاگـادارکردەوە ئەگـەر چـالاکیان تیابکـات دەدرێتـە دادگای تایبـەتی سـەربازی بەتوومـەتی چوونە ریـزی کۆمەڵـە نهێنییەکانـەوە کەشـێوەی نێودەوڵـەتی هـەبێ، بـەڵام لـەلبنان کاریگەرییەکـەی جیـاواز بـوو بـەگوێرەی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی کـەلبنانی پێناسـراوە بـەدەر لـەوڵاتانی دیکـەی عـەرەبی، ئـەوەی زانـراوە لـەلبنان هەنـدێ لەگـەورە سیاسەتمەدارو دەوڵەمەندەکان ماسۆنین، وابڕیاربوو لەبەیروت لەدوادەیـەی مـانگی ئـابی ١٩٦٥ کۆنگرەیـەکی جیهـانی ماسـۆنی ببەسـترێت کەنزیکـەی دووهەزار ماسۆنی کەنوێنەری هەموو مەحفەلە گەورەکانی جیهان بوون تیا ئامـادە دەبـوون، بـەڵام حکومـەتی لبنـان لەدواسـاتەکاندا بڕیـاری دەرکـرد بەهەڵوەشاندنەوەی بەستنی کرنگرەکە، ئەدیب فەرزەلی جێگری ئەنجومـەنی نوێنەران کەقوتبێکی ماسۆنیزمە رایگەیاندو وتی: (خۆی داوای لەحکومەتی لبنـانی کـردووە بەهەڵوەشـاندنەوەی بەسـتنی کۆنگرەکـە لەترسـی ئـەوەی هەندێ ماسۆنی زایۆنیزم لەورێگەیەوە دزەبکەن بۆ لبنان[٦٦].

مەحفـەلی گـەورەی لبنـانی ناچـاربوو بەرامبـەر بـەم بڕیـارە داوابکـات لەژمارەیـەك لەقوتبـەکانی ماسـۆنیزم سـەردانی بـەیرووت بکـەن، ئەمانـە لەناوەڕاسـتی ئـاب گەیـشتنە بـەیروت، ئـەدیب فـەرزەلی پێشوازی کـردن و

لەگەڵیان چوو بۆ سەراو سەردانی سەرەك وەزیران ڕەشید کەرامیان کرد، دیاربوو فشاری ڕای گشتی پاڵی نا بەحکومەتی لبنانی بۆ داخستنی مەحفەلە ماسۆنیەکان وەکو ئەوەی حکومەتی سوریاو حکومەتی میسر لەوەوپێش کردبوویان، بەڵام داخستنەکە جدی نەبوو، چونکی مەحفەلەکانی ماسۆنیزم لەلبنان کۆبوونەوەکانی خۆی دەبەست، بێ ئەوەی حکومەت دەستی تێوەردات، لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢ ئاژانسی فەرەنسی هەواڵێکی بلاوکردەوە کەدەڵێ سائب سەلام سەرەك وەزیرانی لبنان بڕیارێکی دەرکرد بەهەڵوەشانەوەی ئەو هەموو ڕێ و شوێنانەی قەدەغەکردن کەوەزارەتەکانی پێشوو دژ بەماسۆنیزم گرتبوویانە بەر، ئەمەیش دەقی بڕیارەکەیە: (ئەنجومەنی بەرێزی لبنانیەکان لەپلەی سی و سێ و لیژنەی بالای ماسۆنیزم بۆ پلەکانی بالا لەلبنان، ڕێگەیان پێدراوە هەر لەئێستاوە بۆ دەستبەکاربوون بەچالاکی خۆیان بەپێی ماددەی شەشەم لەیاسای ڕێکخراوەکاندا)[٦٧].

٣٨-جريدة البلد البغدادية في عددها الصادر في ١٩ نيسان ١٩٦٧.

٣٩-شاهين مكاريوس (المصدر السابق) ص- ٦٨-٦٩، ٧٧ .

٤٠-شاهين مكاريوس (فضائل الماسونية)-ص ٣٤-٣٦.

٤١-لويس شيخو (المصدر السابق)-ص٣١٠.

٤٢-جرجي زيدان (تراجمة مشاهيد الشرق في القرن التاسع عشر)-بيروت ج اص ٧٤.

٤٣-شاهين مكاريوس (الاداب الماسونية)ص ١٩٨؟

٤٤-شاهين مكاريوس (الحقائق الاصلية) -ص ي.ر.

٤٥- محمد سيعد المراعني (المصدر السابق)- ص ٣٨-٣٩.



٤٦-لويس شيخو (المصدر السابق)-ص ٣٠٥-٣٠٦.

٤٧- المحفل الاكبر الوطني المصري(تقرير الاعمال لعام ١٩٢٧)القاهرة ١٩٢٧ ص ١٠٠-١٠٢.

٤٨-ابوصادق (الماسونية بلا قناع)بغداد ١٩٦٧-ص ١٤٩.

٤٩-شاهين مكاريوس (فضائل الماسونية)ص ١٢٨-١٢٩.

٥٠ جرجي زيدان (تأريخ الماسونية العام)-القاهرة ١٨٨٩-ص ١٩٦.

٥١-شاهين مكاريوس (الاداب الماسونية)ص- ٢٠٧-٢٠٩.

٥٢- شاهين مكاريوس(فاضل الماسونية)ص ٦٢-٦٣.

٥٣- لويس شيخو(المصدر السابق)ص ١٩٧-١٩٨.

٥٤- جرجي زيدان (المصدر السابق)ص ١٢٠.

٥٥-شاهين مكاريوس(المصدر السابق)-ص ١٢٠.

٥٦- جريدة البلد البغدادية في عددها الصادر في ١٩ نيسان ١٩٦٧.

٥٧-لويس شيخو(المصدر السابق)-ص ٣١٦-٣١٧.

٥٨- جريدة البلد البغدادية في عددها الصادر في ١٩ نيسان ١٩٦٧

٥٩- عبدالحليم الياس الخوري (الماسونية دلك العالم المجهول- بيروت ١٩٥٤-ص- ٥٨-٥٩.

٦٠- مصطفي عبدالقادر بخار (التاريخ السياسي بامارة عربستان العربية القاهيرة ١٩٧١-ص- ١٠٨.

٦١- Pick and knigh cop cit p-214

٦٢- جريدة البلد البغدادية في عددها الصار في ١٢ كانون الاول ١٩٦٥.

٦٣- ابوصادق (المصدر السابق) ص- ١٩٢-٢٢٢.

٦٤- وزارة الدفاع المحاكمات ممكة العسكرية العليا الخاصة) بغداد ١٩٥٩- ج ٣ص ١١٩١-١١٩٤.

٦٥- مجلة الشريقة (اسرار حركة الماسونية)عمان ١٩٦٤-ص ٣٣، ٤٠-٥٤.

٦٦- ابوصادق (المصدر السابق ص ١٧٤.

٦٧- جريدة الثورة بغدادية في عددها الصادرفي ٢٠ كانوون الثاني ١٩٧٢.

## سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١-ئەلغربیە: لەلەهجەی عیراقی واتای ئاقاری باکورە، مەبەست بەرەو قەفقاسیایە لەراستیدا (گوڵمەژی ئەلغەربیە) دووجار روویدا.

یەکەمیان لەسەرەتای سەردەمی حەمیدی وەکو باسمان کرد، دوومیان لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان.

٢-سليَمان صائغ الموصلي (تاريخ الموصل) القاهيرة ١٩٢٣-ج١ ص ٣١٤-٣١٥.

٣-ڤيير دي فوصيل (الحياة في العراق منذ قرن)- ترجمة الكرم فاصل- بغداد ١٩٦٨-ص ٨٣-٨٤.

٤- وليس بدج (رحلات الي العراق)- ترجمة فؤاد جميل-بغداد ١٩٦٦ ج ١ ص ٢٨٧.

٥-المصدر السابق ج ١ص ٢٨٧.

٦-سليَمان صائغ الموصلي (المصدر السابق)- ج١- ص ٣١٥.

٧-وليس بدج (المصدر السابق)ج ١ ص ٢٨٦-١٨٧.

٨-ڤيردي فوصل (المصدر السابق)- ص ٨٤-٤٥.

٩-عباس العزاوي (تاريخ العراق احتلالين)بغداد ١٩٥٦٨ ج٨ ص ٥٠٤٩.

١٠-حامد البازي (ابصرة في القرة المطلحة)بغداد ١٩٦٩-ص-١٥٥.



١١-النظرنص العريضة فؤ هديدة (الجوئب)في عدده الصادر في ١٥ دي العقدة ١٢٩٧ ه .

١٢-عباس العزاوي (المصدر السابق) ج ٨ ص ٥٢-٥٨.

١٣علي الشرقي (دكري السعدون)بغداد ١٩٢٩ ص ٤٨-٤٩.

١٤-عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٨- ٧٣.

١٥-ديم افواد رحلة مدام ديولافوا، ترجمة علي لبصريس بغداد ١٩٥٨ ص ٧٥-٧٦.

١٦- عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ج٢ ص٨،٢-٩٧.

١٧-مصطفي نورلدين الواعظ (اروض الازهر) الموصل ١٩٤٨-ص ٣٧٦.

١٨-المصدر السابق – ص ٤٠٩.

١٩-عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٨ص ٩٤-٩٦.

٢٠ ريجاردكوك (بغداد مدينة لسلام) ترجمة فواد جميل ومصطفي جواد بغداد ١٩٦٧ – ج ص ١٧٣ز

٢١-عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٨-ص٩٥.

٢٢-المصدر السابق ج ٨ ص ١٩٤,٢٣-

٢٣- نظزنص اخطبة في جديدة الزواء في عددها الصادر في الجمادي الاخرة ١٣٠٧ ه.

٢٤-محمد بهجت الاثري (اعلام الواث) القاهرة ١٣٤٥ ه- ص ١٠٤.

٢٥- السغا بزرط الطهراني (طبقات اعلام الشيعة) النجف ١٩٦٨-ج١ ق ١ص ١٤٣٨-١٤٤٠.

٢٦-عباس العزاوي (المصدر السابق)-ج٨-ص ١٠٨- ١٠٩.

٢٧- ڤيردي فوصيل (المصدر السابق) ص ٤٦-٤٧.

٢٨- يوسف كركوش الحلي (تاريخ الحلة)الخجف ١٩٦٥-ج١ ص ١٥٤.

٢٩-احمدسوسة (وادي الغدات بغداد ١٩٤٥-ج ٢ص ٢٨٨.

٣٠-مصطفي نور الدين الواعظ (المصدر السابق)ص ٢٠٠.

٣١-وليس بدج (المصدر السابق)ج١ ص ١٥٤-١٥٦.

٣٢- ثييردي فوصيل (المصدر السابق) ص ٨٧.

٣٣- صديق الدملوجي (اليزيدية) الموصل ١٩٤٩- ص٥٠٦-٥٠٧.

٣٤- سليمان الصائغ الموصلي (المصدر السابق)ج ١ ص٣١٥.

٣٥-ثيردي فوصل (المصدر السابق)٨٧-٨٨.

٣٦- سلمان صائغ الموصلي (المصدر السابق) ١٤٠-١٠٦.

٣٧-خيري العمري (حكايات سياسية) القاهيرة ١٩٦٩-ص ٩٧-٩٨.

٣٨- ثييردي فوصيل (المصدر السابق) ص ٥٩-٦٠.

٣٩-عةبدالرزاق الحسيني (الايزيديون في حاضرهم و مافيهم) صيدا (١٩٥١-
في ٧٢-٧٤).

٤٠ صديق الدملوجي (المصدر السابق)-ص ٥٠٦.

٤١-وليس بدج (المصدر السابق) بغداد ١٩٦٨ج ٢ ص ١٠٨-١١٤.

٤٢- صديق الدملوجي (المصدر السابق)ص ٥٠٧.

٤٣-سليماني صائغ الموصلي(المصدر السابق)ج ١ ص ٢١٨-٢١٩.

٤٤-عباس العزاوي (المصدر السابق) ج- ٨ص ١٢٠.

٤٥- صديق الدملوجي (المصدر السابق) -ص ٥٠٧.

٤٦-المصدر السابق ص ٥٠٩.

٤٧- عبدلرزاق اعسيني (المصدر السابق)ص ٩٨.

٤٨- سليمان صائغ الموصلي (المصدر السابق)- ج ١ ص ٣٢٠.

٤٩-عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٨ ص١١٥-١١٧.



٥٠-ثييردي فوصل (المصدر السابق)- ص ٩٠.

٥١- ثيردي فوصل (المصدر السابق) ص ١٥٥-١٥٦.

٥٢- stphwn hemaly longigg(lraq lyooto 1950) oyford
1950-p.5

٥٣-ثيري فوصل (المصدر السابق)-١٥٦.

٥٤-عباس العزاوي (المصدر السابق) ج ٨ص ١٢٦.

٥٥- عبدالرزاق الهلال (تاريخ التقيلم في العراق) بغداد ١٩٥٩ص ١٦٨-١٦٩.

٥٦-هاشم الوتري ومعمر خالد الشابندر (تاريخ الطب في العراق)بغداد
١٩٣٩-ص ٥٥.

٥٧-عبدالكريم الملاف (بغداد القديمة) بغداد ١٩٦٠-ص ١٤٧-١٥٠.

٥٨-عباس العزاوي (المصدر السابق) ج ٨ص ١٤٦-١٤٧.

٥٩- سليمان فيضي (عمرة النضال) بغداد ١٩٥٢-ص ٥١.

٦٠-خيري العمري (شخصيات عراقية)بغداد ١٩٥٥-ص ٢٤.

٦١-فيليب ويلارد ايرلند (العراق) ترجمة جعفر اغياط بيروت ١٩٤٩.

٦٢-مهدي البصير (تاريخ القضية العراقية) بغداد ١٩٢٣-ص ٣٨-٤٠.

٦٣-سليمان فيضي (المصدر السابق) ص ٥١-٥٢.

٦٤- المصدر السابق -ص ٣٩.

٦٥-عبداللة فيلبي (تاريخ بغدا-) ترجمة عمرالديداوي -ص ٢٨٩ .

٦٦-المصدر السابق ص ٢٨٨.

٦٧-سليمان فيضي (المصدر السابق)ص ٣٩.

٦٨-عباسالعزاوي (المصدر السابق)ج ٨ ص ١٤٨.

٦٩-مجيد الموسوي (الحاج عطية ابوكلل) بغداد ص ٥٠.

٧٠-مصطفي الانورالدين الوغط (المصدر السابق) هي ٤٠٤.

٧١-عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٨ ص ١٤٨.

٧٢- مجيدي الموسوي (المصدر السابق)ص ٥٠.

٧٣-فوأد همزة اقلب جزيرة العرب الرياض ١٩٦٨-ص ٣٧٤.

٧٤- محمد بهجت الاثري (المصدر السابق)ص ٩٨-١٠١.

٧٥- محمد بهجة الاثري (محمود شكري الالوسي) القاهرة ١٩٥٨- ص٨٧-٨٨.

٧٦-٧٦ عباس العزاوي (المصدر السابق)- ج ٨ ص ١٥٠.

٧٧-محمد بهجة الاثري (المصدر السابق)ص ٨٩.

٧٨-سليمان فيضي (المصدر السابق)ص ٥٦.

٧٩-يوسف عزالدين (في الادب العربي الحديث) بغداد ١٩٦٧-ص ٦٢.

٨٠- روفائيل بطي (الادب العصري الواق العربي)القاهيرة ١٩٢٣ج ١ص ٨.

٨١-محمد بهجة الاثري (اعلام العراق القاهيرة ١٣٤٥)ه٥ص ١٠٠.

٨٢-احمد سوسة (فيضانات بغداد)بغداد ١٩٦٥-ج ٢ ص ٤٠٥

٨٣-عبد العزيز القصاب (من ذكرياتى)بيروت ١٩٦٢-ص ٤٣.



## پەراوێزەکان و سەرچاوەکانی جەڵدی سێیەم، بەشی سێیەم:

١-محسن الامي (اعيان الشيعة)دمشق ١٩٤٠-ج٥ ص ٥٢١.

٢ -المصدر السابق ج ١٧ ص ٤٥٩، ٩٠ ١٨ص ٩٦/ ج ٢٧، ص ١٥٥.

٣- edaar rownec alitevowq his tory of persta –campridge 195s. volllq p371-372

٤-ف. و فرنو (يقظة العالم للاسلامي) ترجمة بهيج سظبان- بيروت ج٢ ص ٢٠٥.

٥-جعفر محبوبة (ماضي النجف و حاضرها-نجف ١٩٥٥-ج ٢- ص ١٢١-١٣٢).

٦-محسن الامين (المصدر السابق – بيروت ١٩٥٩-ج ٤٤ص ٦.

٧- حجفر مجنونة (المصدر السابق)ج ٢ ص ١٣٩.

٨- اغا بزرط اطهرين (طبقات اعلام الشيعة) النجق ١٩٦٢-ق ٣ج ١ ص١٢٠٥.

٩-جعفر محبوبة (المصدر السابق)ج ٢-ص ١٣٤.

١٠-المصدر السابق ج٢ ص٤٩.

١١-محسن الامين (المصدر السابق)ج ٤٤ص٦.

١٢- ذبيح اللة المحلاتي (تاريخ سامراء) النجف ١٣٦٨ه- ج ٢ص٥٠.

١٣-محسن الامين (المصدر السابق)دمشق ١٩٤٦-ج ٢٣-ص ٢٦٩-٢٧٠.

١٤-اغا بزرط اطهراني (المجدد الشيرازي) النجف -ص ٣٩.

١٥- اغا بزرط اطهراني (طبقات اعلام الشيعة)النجف ١٩٥٤-ج ١.

١٦- محسن الامين (المصدر السابق)ج ٢٣ ص ٢٧١.

١٧- ذبيح اللة المحلاتي (المصدر السابق)-ج ٣ ص ٥٣.
١٨-النظر في تفصيل ذلك الكتاب المؤلف (دراسة في طبيعة المجتمع الواقي بغداد ١٩٦٥) المضل التاسع.
١٩-يونس السامرائي (تاريخ علماء سامراء) بغداد ١٩٦٦-ص ٢١.
٢٠-اغا بزرط الطهراني (المجدد الشيرازي)ص ١٢٠.
٢١- يونس السامرائي (المصدر السابق)ص ٢٤.
٢٢- edward bvo/wh cthe pevsianro volation camdridge 1915 p-93.
٢٣-ذبيح اللة المحلاتي (المصدر السابق)- ج ٢ ص ٦٥- ٦٨.
٢٤-المصدر السابق ج٢ص ٧٤ز
٢٥-ف. و، مزنو (المصدر السابق)ص ٢٠٢.
٢٦- محسن الامين (المصدر السابق)ج ٢٣ ص ٢٧٥- ٢٧٦.
٢٧- ذبيح اللة المحلاتي (المصدر السابق)ج ٢ ص ١٦٥ز
٢٨- edward browve cop. Cit- p. 54.
٢٩- percy sqkes ca histovt of pevsid london 1958 vol. P 373.
٣٠-عبدالرحيم محمد علي (اني بزرك الطهراني النجف ١٩٧٠- ص٤٢-٤٣،
٣١- بونس السامرائي (_تاريخ مدينة سامراء)بغداد ١٩٧١- ج٢ ص١٧٧-١٧٨.
٣٢-اغا بزرك الطهراني (من دكرياتي)بيروت ١٩٦٢ ص ٥١.
٣٤- محسن الامين (المصدر السابق) ج ٢٣ص ٢٧٦-٢٧٧.



## پەراوێزو سەرچاوەکانی جەڵدی سێیەم، بەشی چوارەم

١- لەتورکیا پێی دەڵێن (مەشروتیە)و لەئێرانیش پێی دەڵێن (مەشروتە).
٢- Percy sykes (a history of pavsia –london- vol2-p. 395.
٣- Peter avery (modern lran) london 1957 p.82
٤- dward bvown (perss and poetry of modern lran combridge 1914-p, 154.
٥- Peter avery (op. Clt-) p. 84
٦- Pevcy sykes copctt. Vol2. P. 398
٧- Petev avery (op ctt p. 83-84--------
٨- Percy sykes (op ctlt vol2 p. 374--------
٩- Rlenavd frye (Iran) london p- 67
١١-ف، و فرنو (يقظة العالم الاسلامي ترمجة بهيع عثمان بيروت ج ٢ ص ١٣
١٢-amin banani (the modevniza tion ofran stanford- . 900
١٣- edward bvowne (The peraian RevoLution) Cambridge 1915 p. 35, 57.
١٤- علي اني كاني (سعراء الغربي )النجف ١٩٥٦ ج ص ٨٥
١٥- edward browan (op,elt,p.114-12)

١٦- .amin banant (op. Clt )p17-18
١٧- ف .و فرنو (المصدر السابق)ج ٢ ص ١٥.
١٨- Peteravery (op.clt) p. 128
١٩- جۆرج لنشوفسكي (الشرق الاوسط في لبسوؤن العاطية)ترجمة جعفر الخياط بغداد ١٩٦٤ ج ١ ص ٥٨.
٢٠- Percy syrescop chp. Qo8
٢١- نطر المقالات المسلة الي نشرتها مجلة الوفان الصيداوية في ي م ١٩٢٣ بقلم السيد احمد كسروي التبريزي.
٢٢- محمد علي كمال الدين (التطور الفكري في العراق)بغداد ١٩٦٠ص ٢٣-٢٤.
٢٣- محسن الامين (اعيان الشيقة)دمشق ١٩٣٨ج ٧ مكرد ص ١٦١ .
٢٤- محمدعلي كمال الدين (المصدر السابق)ص ٢٦-٢٧.
٢٥- عبدالله الفياض (الثورة العرقية الكبري) بغداد ١٩٦٢ص ٩٩- ١٠٠.
٢٦- J-m- balfouvcfeat happe nnlnqs in persia london 1922-p 99.
٢٧- Ibla p-32-77
٢٨- Lbld p-85-
٢٩- مجلة العلم الخجفية العرد السابع السفة الثانية.
٣٠- محمد مهدي المسوي (احسن الوديقة)النجف ١٩٦٨ ص١٥٣، ١٥٤، ٢٥٠،٢٥١.



## پەراوێزو سەرچاوەکانی جەڵدی سێیەم بەشی پێنجەم

١- عبدالله بن حسين (مدكراتي) القدس ١٩٤٥-ص ٢٦-
٢- ارنست رامزور (تركية القكاة) ترجمة صاللح احمد العلي بيروت ١٩٦٠ص ١٢٣-١٢٤ز
٣-هة س ارمسترونط (مصطفي كمال) القاهرة ص٢٩.
٤-ألما ولكف (عبدواحميد اللة في الارض ترجمة راسم راشد القاهرة ١٩٥٠ص ١٨٧-١٨٨.
٥-سليمان اليستاني (الرولة العثمانية قبل الدستور وبعدة)القاهرة ١٩٨٠ص ٩٩.
٦-مصطفي نورالدين الوعظ (الروض الازهر) الموصل ١٩٤٨-ص ٢٢٧.
٧-نتقولا زيادة في مقدمة كتاي ارنست رامزور (المصدر السابق)ص١٤.
٨-انيس القدس (العومل الععالة غي الاوب العرابي احديث) القاهرة ١٩٣٩ز ص ٤٣.
٩- William yale (the neav ea8t)ann arber py66
١٠-توفيق علي برو (الوب وانترك في العهد ادستور العثماني)القاهيرة ١٩٦٠-ص ٧٦.
١١-J. s. evevsley cthe tuvkish empive london 1917-p. 348
١٢- زين نورالدين زين (فشوء القومية العربية)بيروت ١٩٦٨-ص٢١٨.
١٣- نرنيشت رامزاو (المصدر السابق)ص ١٢٧ز
١٤-الماولكف (المصدر السابق)ص ١٨٨
١٥-المصدر السابقص ١٨٨.
١٦-نيس امقدسي (المصدر السابق)ص ٤٥.
١٧-الماوكن (المصدر السابق)ص ١٩٤ز

١٨–جورج نطونيوي (يفظي الوب)ترجمة ناصر الدين الاسروو احسان عباس بيروت ١٩٦٢–ش١٧٥ز

fe. Ain and schevill cthe histovyofth balkan peuinsula –١٩ newyovk p. 452

٢٠–زين نورالدين (المصدر السابق)ص ٢٠٦و٢٠٧.

٢١–نيش المقدسي (المصدر السابق)ص ٤٧.

٢٢–الماوكن (المصدر السابق)ص ١٩٢–١٩٤.

٢٣–شكيب لرسلات (سيرة زانية)بيروت ١٩٦٩،ص ٧١.

٢٤–الماوكن (المصدر السابق)ص ١٩٣.

٢٥–ساطع الحصري (البلاد العربية والدولة العاي نية)بيروت ١٩٦٠ص ١١٠–١١٢.

٢٦–شكيب ارسلان (المصدر السابق)ص ٧٢.

٢٧–المصدر السابق ص ٧٢–٧٤.

٢٨–الماوكن (المصدر السابق)ص ١٩٥زو

willam yat lop.clt p, 170–٢٩

٣٠–الماوتكن (المصدر السابق)ص ١٩٥.

٣١–يوسف عزالدين (شعراء العراق في القرن العرين بغداد ١٩٦٩ ص٧٢.

٣٢–الما ولكن (المصدر السابق)ص ٢٠٠.

٣٣–المصدر السابق ص ٢٠١ز

٣٤–ارنست رامزور (المصدر السابق)ص ٢٠٠–٢٠١.

٣٥–الماولكن (المصدر السابق)ص ٢٠١–٢٠٢.

٣٦–المصدر السابق ص ٢٠٩ز

G.j. s. evevsley cop.clt p- 351–٣٧

٣٨–الماولكن (المصدر السابق)ص ٢٠٨.



G. j. s eversley cop. Clt p 352–٣٩

٤٠–عباس العزاوي (تاريخ العراق بين احتلالين)بغداد ١٩٥٦ج ٨ص ١٨٦.

٤١–ساطع الحصري (المصدر السابق)ص ١١٥.

٤٢–تحسين العسكري (التورة العرابية الكبري)بغداد ١٩٢٦–ج ١ص١٥–١٨.

٤٣–هز س ارمسترونط (المصدر السابق)ص ٤٣–٤٤.

William yde cop, ch p- 178 –٤٤

٤٥–تونيف علي برو (المصدر السابق)ص ٢٢٠.

٤٦–سليماني موسي (احركة العرابية)بيروت ١٩٧٠ص ٢٩.

cavl bcocke lmanh chistovy of isiamic pooles newy –٤٧ oyk p-385.

William yaie cop. Clt –٤٨

٤٩– يوسف البستاني تاريخ حرب البقان القاهرة ص ٩١–٩٢.

٥٠– المصدر السابقص ١٠٩ز

٥١– المصدر السابقص ٢٢١.

٥٢– شكيب ارسلات (المصدر السابق)ص ٩٠–٩٢.

٥٣– ه . س. ارمسترونط (المصدر السابق)ص ٤٥–٤٦.

٥٤– يوسف اليستاني (المصدر السابق)ص ١٠٧.

٥٥– المصدر السابق ص ١٨٧–١٩٥.

٥٦– المصدر السابق ص ٢٠٦.

٥٧– شكيب ارسلان (المصدر السابق)ص ٨.

٥٨– يوسف الستاني (المصدر السابق)ص ٢١١.

٥٩– احمدعزت الاعظي(القضية العربية)بغداد ١٩٢١، ج ٢ ص ٨٠ز

٦٠– يوسف البستاني (المصدر السابق)ص ١٢١.

٦١– المصدر السابق ٢٣٩.

٦٢- ە. س. ارمسونط (المصدر السابق)ص ٤٩ز
٦٣- خالد محسن لسماعيل (فلم ورين)بغداد ١٩٧٠ص ٤٨.
٦٤- هـزي مورغنتـو (مزكـرات سـفير مريكـا في الاسـتانة) ترجمـة فـواعد صروف- القاهرة١٩٢٣ -ص ١٢ز
٦٥- .G. j.s . eversley cop . clt p- 374
٦٦- علـي فـواعد كيـف غراونـا مـصر قرجـي مجيـب الارمنـازي بـيروت ١٩٦٢ص ٢٦-٢٨.

## پەراوێزو سەرچاوەکانی جەڵدی سێ بەشی شەشەم

١-توفيق السويدي (مزكراتيبيروت) ١٩٦٩، ص ١٦-١٦.
٢- عبدالكريم العلاف (بغداد القديمة)بغداد ١٩٦٠، ص ١٤٥.
٣-رفائيل بطن (الصحافة في العراق)القاهرة ١٩٥٥-ص ٢١.
٤-توفيق علي برو الوب واترك القاهرة -١٩٦٠-ص ٧٢.
٥- يوسف عزالدين (الشعر العراقي الحديث)بغداد ١٩٦٠ص ٣٧-٣٨ز
٦-علـي ظريـف الا عطمـي (مختـصر تـأريخ بغـداد يغـداد ١٩٦٢ص ٢٤٩-٢٥٠.
٧-المصدر السابق ص ٢٥٠-٢٥١.
٨-مـصطفي نورالـدين الـوعظ (الروضـي الازهـر)المـصل ١٩٤٨- ص٢٢٩-٢٣٢.
٩-المصدر السابق ص ٣٧٩.
١٠- عبـاس العـزاوي اتـاريخ العـراق بـين (حكلالـين)بغـداد ١٩٥٦-٢ج ٨ص ١٦٦-١٦٧.



١١-مصطفي نورالدين الواعظ (المصدر السابق)ص ٢٨٠.
١٢-يوسفعزالدين (شعراء الوق في القران العشرين بغداد ١٩٦٩ ص ٧١.
١٣ توفيق الويدي (المصدر السابق)ص ١٩.
١٤-مصطفي نورالدين الواعظ (المصدر السابق)ص ٣٨٩.
١٥-رفائيل بطي (المصدر السابق ص ٢٣.
١٦-خيري امين العمري (شخصيات عراقية بغداد ١٩٥٥ج ١ص ٤.
١٧-عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٨ ص ١٧٥.
١٨-خالد محسن اسماعيل (مكم وزير)بغداد ١٩٧٠-ص ٣٩.
١٩-مصطفي نورالدين الوعظ (المصدر السابق)٤٠٢.
٢٠-خالد محسن اسماعيل (المصدر السابق)ص ٣٥.
٢١-عباس العزاوعد (المصدر السابق)ج ٨، ص ١٩٥.
٢٢-علي جودت (دكريات)بيروت ١٩٦٧، ص ٢٩ز
٢٣-خاليد محسن اسماعيل (المصدر السابق)ص ٣٤.
٢٤-مصطفي نورالدين الوعظ (المصدر السابق)ص ٤٠٠-٤٠١.
٢٥-عباس العزاوي (المصدر السابق)٨٤٠ص ١٩٣.
٢٦- ste phen hei msley longrigg(Iraq 1900 to 1950 oxfovd 1950-p-51
٢٧- مصطفي نورالدين الوعظ (المصدر السابق)ص ٤٠٠.
٢٨- عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٨ص ١٩٩-٢٠٠.
٢٩-خاليد محسن اسماعيل (المصدر السابق)ص ٢٧، ٧٣.
٣٠-عبد العزيزو العصاب (من دكرياتي)بيروت ١٩٦٢ ص ٨٢-٨٤.
٣١-عبدوالحميد ارشوي (الزهاوي)بيروت ١٩٦٦-ص ١١٣-١١١٤.
٣٢-مصطفي نورالدين الواعظ (المصدر السابق)ص ٣١٠-٣١١.
٣٣-عبدولرزاق الهلالي (الزهاوي بين الثورة والسكوت)بيروت ص ٤٣.

٣٤-بۆم رەخسا چاوم بەساره زەنگینه بکەوویت لەساڵی ١٩٤٥و ئەو دەمە پیریـژنێکی قەڵـەوبوون هێـشتت هەنـدێ جووانیەکـەی ئـەو سـەردەمەی پێوەهابوو، ئەوجا بەحۆمم وت نازم پاشا خوا یارمەتی دڵت بدات!.

٣٥-خوێنـەر سـەرجەم چیرۆکەکەك لەکتێبەکـەی خـەیر عومـەری (حكايـات سياسيه)القاهيره ١٩٦٩ بەشی یەکەم دەدۆزرێتەوه.

٣٦-خيربي الهمري (حكايات سياييية)ص ٣٥.

٣٧- علي ظريق الاعطمي (المصدر السابق)ص ٢٥١-٢٥٢.

٣٨-خيري العمري (المصدر السابق)ص ٣٨-٣٩.

(*)رام هتكا لماتصون فتاة　　كسبت في العفاف اشيهارا

بنت قوم لم بونس لعرض منهم　　بقبيح هم من سراة النصاري

ايها المصلح الكبير أهدا　　مايسمية بعضهم اعماراً

بامهين العراق هل كنت تدري　　ان فيك كواعبا ابكارا

٣٩-مصطفي نورالدين الواعظ (المصدر السابق)ص ٣٩١، ٣٩٨.

عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٨ ص ٢٢٥.

٤١-المصدر السابقج ٨ ص ٢١٦-٢١٨.

٤٢- علي ال بازركان (القائع الحقيقية) بغداد ١٩٥٤-ص ٣٢-.

٤٣-عباس اعزاوي (المصدر السابق)ج ٨ص ٢١٩.

٤٤-علي ال بازركان (المصدر السابق)ص ٣٢- ٣٣.

٤٥-مصطفي ورالدين الواعظ (المصدر السابق)ص ٢٩٤-٢٩٧.

٤٦- اويس ماسنيون (لهجة بغداد الوينة)ترجمة لكرم فاضل - بغداد - ١٩٦٢-ص ٨.

٤٧-ابراهيم الوئلي (الشعر الوقي وحرب طربلس)بغداد ١٩٦٤- ص ١١.

٤٨-مصطفي نورالدين الوعظ (المصدر السابق)ص ٢٦١.



٤٩-المصدر السابق- ص ٣٩٨.

٥٠-خالد محسن اسماعيل (المصدر السابق)ص ٤١.

٥١- سليمان فيضي (في عمزة النضال)بغداد ١٩٥٢-١٠٢-١٠٤.

٥٢-مصطفي نورالدين الوعظ (المصدر السابق)ص ٥٦٢ز

٥٣-خاليد محسن اسماعيل (المصدر السابق)ص ٤٢.

٥٤-انور الجندري (عبدالعزيز جاويش)القاهرة- ص ١١٢-١١٤.

٥٥-خالد محسن اسماعيل (المصدر السابق)ص ٤٤-٤٥.

٥٦-المصدر السابق-ص ٤٦.

٥٧-احمد سوسة (وادي الفرات)بغداد ١٩٤٥،ج ٢ ص ٢٩١ .

٥٨-stephen hdmsley longrigk lop. Octt p66.

٥٩-احمد سوسة (المصدر السابق)-ج ٢ ص ٣٩٨-٣٩٩.

٦٠علي ال بازركان (المصدر السابق)ص ٣٤-٣٥.

٦١- فريق مزهر ال فرعون (الحائق الناصعة)بغداد ١٩٥٢- ج١ ص ٣٤-٣٥.

٦٢- علي ال بازركان (المصدر السابق)و،

## پەراوێزو سەرچاوەکانی جەڵدی سێیەم بەشی حەوتەم

١-ساطع اجصري انشوء انفترة القومية)-بيروت ١٩٥٦-ص ١٧٧-١٨٤.

٢-جورج الطونيوس يقظة الوب، ترجمة الدين الاسةواحسان عباس بيروت ١٩٦٢-ص ١٤٩-١٥٠.

٣-زين نورالدين (نشوء القومية الوبية)بيروت ١٩٦٨-ص ٦٠-٦١.

٤-المصدر السابق ص ٦٤.

٥-جورجح الطونيةس المصدر السابق ص ١٤٩-١٥٣.

٦-صديق الدملوجي (مدحث باشا)بغداد١٩٥٢ص١٥٦-١٥٧.

٧-زين نورالدين (المصدر السابق)بغدادص ٦١.

٨-phillip hi tti chistory of syr la- london 1952-p-977.

٩-willia yalec the near eart ahnarbor p-198.

١٠-احمد عزت عظمي (القضية العربية)بغداد ١٩٣٢-ج ٤ص ١٠٧

١١-زين نورالدين (المصدر السابق)ص ١٩٥.

١٢-جورج النطونيوس (المصدر السابق)ص ١٣٩-١٤٠.

١٣-احمد عزت الاعظمي (المصدر السابق)بغداد ١٩٣١-ج ٢ص ٩٨-١٠١.

١٤-احمد قدري (مدكراتي عن الثورت العربية الكبري)دمشق ١٩٥٦.

١٥-المصدر السابق-ص ٦-٧.

١٦-توفيق علي برو (الوب والترك)القاهرة ١٩٦٠-ص ٩٥-٩٦ز

١٧-المصدر السابق ٩٦-٩٧.

١٨-محمد الطفي جمعة (حياة اشرق)القاهرة-ص ٢٢٥.

١٩-توفيق علي برو (المصدر السابق) ص ٢٨٥-٢٨٦ز

٢٠- احمد عزت الاعظمي (المصدر السابق)بغداد ١٩٣١-ج ١ ص ١٠٥-١٠٦.

٢١- محمد الطفي جمعة (المصدر السابق)ج ٤ ص ٩٣.

٢٣- سليمان فيضي (غمرة النضال)بغداد ١٩٥٢-ص ٩٤.

٢٤-المصدر السابقص ٩٧-٩٨.

٢٥-ساطع الحصري (المصدر السابق)ص ١٩٩.

٢٦-زين نورالدين زين (المصدر السابق)ص ٩٨.

٢٧- المصدر السابق ص ٩٩-٢١١.

٢٨-احمدعزت الاعظمي (المصدر السابق)ج ٣ ص٥٢.

٢٩-جوج نطونيوس (المصدر السابق)ص ١٩٠.



٣٠-فيليب ويلارد ليرلنة الواق ترجمة جعفر خياط بيروت ١٩٤٩-ص ١٧٨.

٣١-سليمان فيضي (المصدر السابق)ص ١٠٨-١١٥.

٣٢-فيليب ويلارد أيرلنة (المصدر السابق)ص ١٧٩.

٣٣-خيري امين العمري (شخصيات عراقية) بغداد ١٩٥٥-١٩٠ص ٣٠-٣١.

٣٤-فيليب ويلارد ايرلنة (المصدر السابق)ص ١٧٩.

٣٥-تحسين العسكري (الثورة العربية الكبري)بغداد ١٩٢٦-ج ١ص ٣٢.

٣٦-سليمان فيضي (المصدر السابق)ص ١١٨.

٣٧-فيليب ويلارد ليرلنة (المصدر السابق)ص ٧٩-١٨٠.

٣٨-سليمان فيضي (المصدر السابق)ص ٨٣- ١١٦.

٣٩-المصدر السابق ص ١٢١-١٢٢ز

٤٠-محمد الطفي جمعة (المصدر السابق)٢٢٩-٢٩٦-٣٤٣ز

٤١- توفيق السويدي (مزكراتي٩بيروت ١٩٦٩-ص ٢٥-٣٠.

٤٢-تنظر نص القصيد في ديوان الرصافي – الطبقة الساسة ص ٤٠٢-٤٠٥.

٤٣-توفيق علي برو (المصدر السابق)ص ٥٠٧-٥٠٨.

٤٤-شكيب ارسلان (سيرة داتية)بيروت ١٩٦٩-١٠٨-١٠٩.

٤٥- اللجنة العليا خرب اللامركزيت بمصر (الموتمر الوني الاول)القاهرة ١٩١٣-ص ١٦-١٦-ز

٤٦-توفيق السويدي (المصدر السابق)ص ٢٦-٢٧.

٤٧-جوج النطونيو (المصدر السابق)ص ١٩٢.

٤٨-احد عضاْء الجمعيات العرابية (ثورة الوب)القاهرة ١٩١٦-ص ٨٢-٨٣.

٤٩-احمد عزت الاعظمي (المصدر السابق)ج ٣ ص ٨٦-٨٨.

٥٠-احمد الجمعيات الوبية(المصدر السابق)ص ٩٢-٩٩.

٥١- المصدر السابقص ١٠٣.

٥٢-سليمان فيضي (المصدر السابق)ص ١٣١-١٣٣.

٥٣-احمد عزت الاعظمي (المصدر السابق)ج ٤- ص ١٢-١٤.

٥٤-قسين العسكري (المصدر السابق)ج ١ ص ٣٦- ٣٧.

٥٥-احمد عزت الاعظمي (المصدر السابق)ج ٤ ص ١٨- ٣٠.

٥٦-قسيت العسكري (ص ٣٩.

٥٧-جمال باشا (مزكرات جمال باشا)ترجمة علي احمد شكري يغداد ١٩٦٣-ص ٧٣-٧٦.

٥٨-توفيق علي برو (المصدر السابق )ص ٥٦٣.

٥٩-سليماني فيظي (المصدر السابق)ص ١٥٠-١٥١.

٦٠- جورج الطونيوي (المصدر السابق)ص ١٩٨.

٦١-سليمان فيضي (المصدر السابق)ص ١٥١.

٦٢-جورج انطونيوس (المصدر السابق)ص ١٩٨-١٩٩.

٦٣-احمد عزت الاعظمي (المصدر السابق)صج ٤ص ١٠٥-١١٩.

## پەراوێزو سەرچاوەکانی جەڵدی سێیەم بەشی هەشتەم

١- ستيفن همسلي لونكريك (اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث) ترجمة جعفر خياط بغدا ١٩٦٢-٢٧٩.

٢- بعقوب سكركيسس (مباحث عراقية)بغداد ١٩٥٥-٢٤٠ ص ٢٩٤-٢٩٥.

٣- ahiri clhtvoductlon of technology- bagdad 1969-p- 100

٤-ديولافوا (رحلة مدام ديولافوا)ترجمة علي البصري بغداد ١٩٥٨-ص ٣١.

٥- Longrigg cIraq 1900 to 1950) oxfov1956-p-25-26

٦- ديولافواء (المصدر السابق)ص ٢٧-٢٨.



٧- المصدر السابقص ٢٨-٣٠.

٨- Sovah seav iqht cthe brttish ih the midde east london -1969-p- 127

٩- ستيفن همسلي لونكريك (المصدر السابق)ص ٢٠١

١٠- عبدوالعزيز القصاب (من دكرياتي) بيروت ١٩٦٢-ص ٨٥.

١١- حامد البازي (البصرة في الفترة المطلمة)بغداد ١٩٦٩-ص ٩٦.

١٢- مدحث باشا (مدكرا مدحث باشا ترجمة يوسف كمال حكاتة القاهرة ص ١٦٨-

١٣- ديولافوا (المصدر السابق)ص ٩٠-١٠٠.

١٤- عباس المراوي (تاريخ الواق بية الحتلالين بغد ١٩٥٦-ج ٨ص ١٥٥.

١٥- (المصدر السابق)ج٨ ص ١٧٩.

١٦- Longrigg cop. Lt p-69

١٧-ستيفن هملسي لونكريك (المصدر السابق)٣٢٤.

١٨-سليمان لبستاني (عبرة و طكري )القاهرة ١٩٠٨-ص ٤٩.

١٩-غبدواكريم العلاف (بغداد القديمة)بغداد ١٩٦٠-ص ١٥٦.

٢٠-عباس العزاوي (المصدر السابق)بغداد ١٩٥٥- ٧٤٠ص ٢٢٢ ٢٢٣ز

٢١-المصدر السابق ٧٩٠ص ٢٦٠.

٢٢-منير بكر التكريني (الزوارء بغداد ١٩٦٩-ص٧.

٢٣-عباس العزاوي (المصدر السابق)ج ٧ ص ٢٦٠.

٢٤-عبدواللة الفياش (الثورة العراقية الكبري)بغداد ١٩٦٣-ص ٣٦.

٢٥-عبدواكريم العلاف (المصدر السابق)-٧٧.

٢٦-حامد البازي (المصدر السابق)ص ١٤٢.

٢٧-محمد سلمان حسن (التطور الاقتصادي في العراث- بيروتج ١ ص ٢٨٦.

٢٨- Longrigg lop, clt p- 64-

٢٩-عبدواكريم العرلاف (المصدر السابق)ص ٧٥.
٣٠-يعقوب سركيس (المصدر السابق)ج ٢ ص ٢٦٩-٢٧٠.
٣١- خليل صابت (تاريخ الطباعة في الشرق العزبي)القاهرة ١٩٦٦-ص ٢٩٧-١٩٨.
٣٢- روفائيل بطي (العحافة في الوامة)القاهرة ١٩٥٥.
٣٣-خيلي صابات (المصدر السابق)ص ٣٠١-٣٠٥.
٣٤-عبدوالرزاق احسني (العحافة العراقية) في ريع قرن) بغداد ١٩٦٩-ص ٣.
٣٥-عبدوارزاق الحسني تاريخ العحافة الواقية بغداد ١٩٥٧-ص ٢٥.
٣٦-رافئيل  بطمة (المصدر السابق)ص ٢٢-٢٣.
٣٧-فنير بكر التكريتي (العصفة العراقية)بغداد ١٩٦٩ص ٥٧.
٣٨-هاشم العرتري ومعمر الشابندر (تاريخ الطب في العراق)بغداد ١٩٣٩ص ٥٤.
٣٩-عباس العزاوي (المصدر السابق)ح٢ ص٤٥.
٤٠-هاشم الوتري ومعمر الشابندر (المصدر السابق)ص ٥٥.
٤١-المصدر السابق ص ٥٦.
٤٢-عبدوالكريم العلاف (المصدر السابق)ص ٥٨.
٤٣-المصدر السابقص ١٢١-١٢٢.
٤٤-خالد محسن ئسماعيل (قلمة وزير)بغداد ١٩٧٠- ص ٧٥.
٤٥-عبدالكريم العلاف (قيات بغداد)بغداد ١٩٦٩-ص ١٩٦.
٤٦-عبدللة الفياض (المصدر السابق)ص ٣٦-٣٧.
٤٧-عمر الطب (المسرصية العربية في الواق)الجنف ١٩٧١-ج ٢ ص ٦-٢٥٧٢٧-٢٥٨.
٤٨-المصدر السابقص ٦-٧-٢٦.



٤٩-عبدوالكريم العلاف (بغداد العديمة)ص ٦٢.
٥٠-كامل الجادرجي (من اوراق كامل الجادرجي بيروت)١٩٧١-ص٢٤- ٢٥.
٥١-جلال الخنفي (المفنون البغداديون) غداد ١٩٦٤-ص ٣٨-٣٩.
٥٢- المصدر السابق ص ٤٠.
٥٣- سليمان صائغ الموصلي (تاريخ الموصل القاهرة ٩٢٣ج ١ص ٣٢٣.
٥٤- فيليب ويلارد ايرلنة (العراق)- ترجمة جعفر خياط بيروت ١٩٤٩-ص ٨٨.
٥٥-ساطع الحصري (البلاد العربية الرولة العتمانية) بيروت١٩٦٠-ص ٧٣.
٥٦-عباس العزاوي (المصدر السابق)ح ٨ ص٦٥.
٥٧-سليمان فيضي (غمرة الضال)بغداد ١٩٥٢-ص ١٤-١٥.
٥٨-ساطع الحصري  (المصدر السابق)ص ٨٦.
٥٩-كامل الجادر جي (المصدر السابق)ص ٨٦.
٦٠-يوسف كركوش الحلي (تاريخ الحلة)النجف ١٩٦٥-ج ١ص ١٦٠-١٦١.
٦١-علي الة بازركان (الوكائع الحقيقية)بغداد ١٩٥٤-ص ٤٥- ٥٠.
٦٢-عبداللة العنماض (المصدر السابق)ص ٨٨ز
٦٣-يوسف كركش الحلي (المصدر السابق)ج١ ص ١٦٠ز

## پەراوێزو سەرچاوەکانی جەلدەی سێیەم پاشکۆی یەك

١-مسن الاحية (جمال اديةي الافغاني)ص٧.
٢-عبدالقادر المغربي (جمال اديمة الافغاني)القاهرة ١٩٤٨- ص٨٠-٨١.
٣- محةرشيد رضا (تاريخ الاستاد الامام)القاهرة ١٩٣١- ج ١ ص ٩٠ز
٤-الطف اللة خان (جمال الدين الاسد ابادي) ترجمة صادق نشات و عبدالمفعمة حسين القاهرة ١٩٥٧-ص٢١١-٢٦.

٥- Albert houvanl carabic thouqht oxfovd 1962 p. 108.

٦- جمال الادين الافغاني ومحمد عبدة (العروة الوثقي)بيروت ١٩٧٠- ص ٢٢٦٢-٢٧٦.

٧- مصطفي عبدوارزاق (محمد عبدة)القاهرةص ٧٠.

٨- جرحي زيدات (تراجيم مشاهية الشرق )بيروت ج ٢ص ص ٢٠.

٩- محمد رشيد رض (المصدر السابق)ح ١ ص ١٠١.

١٠- الطف للةفان (المصدر السابق)ص ح ١ ص١٠١.

١١- الطف اللةخان (المصدر السابق)ص ٤٩-٥٤ز

١٢- قيدري قلعجي (جمال لدين الافغاني)بيروت ١٩٥٢-ص ٢٤.

١٣- محمد رشيد رض (المصدر السابق)ص ٤٣.

١٤- اطف اللة خان (المصدر السابق)ص ٥٤.

١٥- اغا بزرك الطهداني (طباقت اعلام الشيقة )النجف ١٩٥٦- ق ٢ ج ١ ص٦٩٦.

١٦- محمد المخزومي (خاطرات جماالدين الافغاني الحسيني)بيروت ١٩٦٥ص ٨-٩.

١٧- عبدوالقادر المغربي المصدر السابق)ص ٣٠ -٣١.

١٨- عبدارحمان ارافعي (الجمال الدين الفغاني)القاهرةص ١٥-١٧.

١٩- تائيَستا ئەم چاپخانەيە لەشوێن كۆنەكەی خۆی ماوە ئێستا پێی دەوترێت (يونيڤرسال٩ونوسەری ئەم چەند دێرە لەسەردەمێكی نزيكدا سەردانی كردووەز

٢٠- محمود ابرية (جمال الدين الافغاني)القاهرة ١٩٥٨-ص ٣٨.

٢١- مجلة العزابي الكويتية في عددها الصادر في كانوني الاول ١٩٧١.



٢٢- لەتاران زۆر لەپەراوو ناكەكانی ئەفغانی دۆزرايەوەتەوە، لەباڵێكی تايبەت لەكتێبجانەی پەرالەمانی ئەڵمانی پارێزراوە. لەساڵی ١٩٦٣ زانكۆی تاران كتێبێكی بلاٌوكردەوە پوڵين كردنی ئەو پەراو وێنيە زانگۆ گۆفميانەی تيای كتێبێكی زۆر گرنگە وخوێنەر دەتوانیٚ زۆر بەڵگەيان بدۆزێتەوە كەپێشتگيری ئەوە دەكات كەئەفغانييە.

٢٣- الصغر مهدوي وايرج افشار (مجموعة اسنادو عدادرك)طهدان ١٣٤٢فا لوصة ١٦- القوير ٤١،٤٠.

٢٤- سامي عزيز (الصمافة المصرية)القاهرة ١٩٦٨ ص٢٦.

٢٥- عبدوالرحمنا الرافعي (المصدر السابق)ص ٣٩.

٢٦- محمد المخزومي (المصدر السابق)ص ١٨-١٩.

٢٧- جرجي زيدان (المصدر السابق)ج ٢ ص ٢٦.

٢٨- محمود قاسم (جمال الدين الافغاني)القاهرة ص ٤٤-٤٥.

٢٩- بيبير كوبيتس (ارسماعيل المفتري علية) ترجمة فواد صروف القاهرةص ٢٥٧.

٣٠- احمد مين (زعماء الاصلاح القاهرة ١٩٤٩ص ٧٤.

٣١- المصدر السابقص ٧٦.

٣٢- محمد المخزومي (المصدر السابق)ص ٢١.

٣٣- محمد رشيد رضا (المصدر السابق)ص ٤٨.

٣٤- محمد المخزومي (المصدر السابق)ص ٢٤.

٣٥- محمود بورية (المصدر السابق)ص ١١٩.

٣٦- عبدالرحمان ارافعي (المصدر السابق)ص ٤٦-٤٧.

٣٧- سامي عزيز (المصدر السابق)ص ٣١٦.

٣٨- احمد امي (المصدر السابق)ص ١٢٥.

٣٩- جرجي زيدان (المصدر السابق)ص ١٣١.

٤٠- جمال الدين الافغاني (الرو علي ادهريين)ترجمة محمد عبدن القاهرة ١٩٤٧- ص١٢٢.

٤١- المصدر السابق ص ٦٧.

٤٢- مجلة الاداعة والكفرا يون القاهرية في عقدوها الصادر في ٨ ايار ١٩٧١.

٤٣- Edward browne cthe per slaan revo lution 1910-p. 401

٤٤- قدري قامجي (المصدر السابق)ص ٦٥.

٤٥- عبدالمنعم شميس (سفيراللة)القاهرة ١٩٦٩-ص ٦٥ز

٤٦- الطف اللةخان (المصدر السابق)ص ٣٠ز

٤٧- البرت حوراني (الفكر العوبي في عصر الهفتة)ترجمة كريم عوقول بيروت ص ١٤٣ز

٤٨- محمود سلام مدكور (مال الدين الافغاني القاهرة ١٩٣٧-ص ١٥٠-١٥١ز

٤٩- محمود قاسم (المصدر السابق)ص ٦٥-٦٦.

٥٠- Edwad bvowaecop. C14p. 968

٥١- Albevt hourant cop. 111

٥٢- Edwad bvowaecop. C14 p 403

٥٣- Albevt hourant op, c14 p, 111

٥٤- Edwad bvowaecop. C14 p. 405.

٥٥- Lbld- p74 88 , 331

٥٦- مصطفي عبدووالرزاق (جمال الدين ارفغاني) في مقدمة كتاب (العروة الوقني بيروت ١٩٧٠-ص ٢٥ز

٥٧- الطف اللة خان (المصدر السابق)ص ٨٠-٨٢.



٥٨- المصدر السابق ص ٨٢- ٨٤ز

٥٩- المصدر السابق ص ١٥١-١٥٦ز

٦٠- المصدر السابق ص ٨٥ -٨٦ز

٦١- محمدالجخزومي (المصدر السابق)ص ٣١-٣٢.

٦٢- اطف للة خان (المصدر السابق)ص ٨٩-٩٠ز

٦٣- المصدر السابقص ٩٢-٩٣ز

٦٤- صغر مهدوي دايرج افشار (ر)ص ١٥.

٦٥- عبدالمحسن العقاب (طكري الافغاني في الوق) بغداد ١٩٤٥-ص ٨٥.

٦٦- حسين علي محفوظ (عراقيات الكاظمي)بغدا ١٩٦٠-ص ٧٦.

٦٧- عبدوالقادر المفربي (المصدر السابق)ص ٨٥-٨٦.

٦٨- صادق نشأت و عبدوالنعيم حسين (المصدر السابق)ص ٩٣.

٦٩- تەماشايى دەقى نامەكە بكە لەكتێبى (تاريخ  شيخ محمد عبده)اللية رسيد رضا چاپكردنى لەقاهيره ساڵى ١٩٣١-ج ال ٦٢،٥٦ز

٧٠- محسن الامين (المصدر السابق)ص ٢٥.

٧١- ف. و فرونو (بقظة العالم الاسلامي)ترجمة بهيج شعيان - بيروت ج ٢ ص ٢٠٢.

٧٢- محسني الامين (المصدر السابق)ص ٣٢.

٧٣- عبدواقادر المغربي (المصدر السابق)ص ٨٧.

٧٤- Percysykes ca histsory of persia – londan 1958-vo12 p 398 –399.

٧٥- محمد رشيد رضا (المصدر السابق)ج ١ص ٦٣-٦٨.

٧٦- عبدالقادر المغربي (المصدر السابق)ص ٤٧.

٧٧- احمد امين (المصدر السابق) ص ٩٨-٩٩.

٧٨- محمد المخزومي (المصدر السابق)ص ٣٢.

٧٩- قدوري قلعجي (المصدر السابق)٨٧.

٨٠- عبدوالمنعم شميس (المصدر السابق)ص ٤١.

٨١- عبدالرحمن الرافعي (المصدر السابق)ص ١٣٧.

٨٢- احمد امين (المصدر السابق)

٨٣- محمد المخزومي(المصدر السابق)ص ٣٤-٣٦.

٨٤- عبدالقادر المغربي (المصدر السابق)ص ١٠٢-١٠٣.

٨٥- Bdwavd bvowrecop. Ch

٨٦- عبدالقادر المغربي (المصدر السابق)ص ٨٢

٨٧- Edwad bvowaecop .ch p. 415

٨٩- الماوتلن (عبدواحميد طل اللة علي الارض) ترجمة رامم رشدي القادر القاهرة ١٩٥٠-ص ١٨٥ز

٩٠- Edwad bvowaecop cit .p, 107

٩١- صادق فشات و عبدالمنعم حسين (المصدر السابق)ص ١٠٤

٩٢- Edwad bvowaecop cit .p, 816

٩٣- lbld. P. 83-92

٩٤- محمود ابوريد (المصدر السابق)ص ١٠٠.

٩٥- صادق نشات وعبدالمنعم حسيَن (المصدر السابق) ص ١١٧-١١٨ز

٩٦- Edwad bvowaecop citp 404

٩٧- محمد رشيد رضا (المصدر السابق ج١ ص ٩١-٩٢٠٠ز

٩٨- جرجي زيدان (المصدر السابق)ج ٢ ص ٨٢.

٩٩- عبدالقادر المغزبي (المصدر السابق)ص ٤٨.

١٠٠- محمود قاسم (االمصدر بق)ص٦ ٤.

١٠١- محمد المحزوني (المصدر السابق)ص ٤١.



١٠٢- Edwad bvowaecop Cit p, 401

١٠٣- محمود قاسم (المصدر السابق)ص ٩٠.

١٠٤- عبد القادر (المصدر السابق)ص ٣٨-٤٠.

١٠٥- محمد رشيد رضا (المصدر السابق)ص ج ١ ص ٥٢.

١٠٦- عبدالقادر المغزبي(المصدر السابق) ص٦٤.

١٠٧- اصغر مهدوي ايرج افشار (المصدر السابق)- تصوير ٢٤٢.

١٠٨- محمد المخزوبي (المصدر السابق) ص١١١.

١٠٩- جمال الدين ارفغاني (تتمة البيات في تاريخ الافغان)القاهرة ١٩٠١- ص ١٥٠-١٦٦.

١١٠- Edwad bvowaecop Cit p, 76-77

١١١- محمد المخزومي (المصدر السابق)١١٣-١١٤.

١١٢- خدري قلعجي (المصدر السابق) ص ٢٥.

١١٣- محمد المخزومي (المصدر السابق)ص ٦٢-٦٣.

١١٤- محمد رشيد رضا (المصدر السابق) ج ١ص ٨٤.

١١٥- علي الوردي (نطق ابن خلدون في ضوء مضارتة و شخصية)القاهرة ١٩٦٢-ص ٢١٥.

١١٦- محمد تامخزومي ((المصدر السابق)ص ١٠٠-١٠٤.

١١٧- صادق نشات وعبدالمنصم حسين (المصدر السابق) ص ٥٥.

١١٨- عبدالقادر المغزني (المصدر السابق)ص ٥٤-٥٥.

١١٩- مجلة العلم النجفية في عددها الصادر في شيط ١٩١١.

١٢٠- محمد رشيد رضا (المصدر السابق)- ج ١ص ٨١٩.

١٢١- عبدالقادر المغزوني (المصدر السابق)ص ٥٦.

١٢٢- ضغر مهدوي وابرج فشار (المصدر السابق)تصوير ٩٠، ٩١-٩٢.

١٢٣- محمد رشيد رضا (المصدر السابق) ص ج ١ص ٨١٨
١٢٤- caywar among the pevssians cacn bvidge 1927p Edwad bvowaecop
١٢٥- قدري قلعجي (محمد عبدة)رييروت ١٩٤٨-ض ٦٢-٦٥.
١٢٦- مصطفي غيدالرزاق (محد عبدة)القاهرة ١٩٤٦- ص١٧.
١٢٧- محمد رشيد رضا (المصدر السابق)- ج ١٢ ص ٦٥ -٦٦
١٢٨- شاهين مكاريوس (فضائل الماسونية) القاهرة ١٨٩٩-ص ١٢٤.
١٢٩- قدري قلعجي (المصدر السابق) ص ٥٢.
١٣٠- (المصدر السابق)ص ٥٧-٥٨.
١٣١- احمد امين (محمد عبدة)القاهرة ١٩٦٠-ص ٦٠.
١٣٢- قدري قلعجي (المصدر السابق)ص ٧٠-٧١.
١٣٣- مجلة المنار القاهريةو المجلة الثامن ص ٤٠٢.
١٣٤- جرجي ويدان ابناء النهفتة العربية القاهرة ص ٨٤.
١٣٥- مصطفي عبدالرزاق (المصدر السابق)ص ٧٢-٧٣.
١٣٦- قدري قلعجي (المصدر السابق) ص ١٢٠-١٢١.
١٣٧- احمد امين (المصدر السابق)ص ٨١.
١٣٨- (المصدر السابق)ص ٦٤-٦٧.
١٣٩- (المصدر السابق)ص ٧٩-٨٠.
١٤٠- عباس محمود العقاد (محمةد عبدة القاهرة ١٩٦٣-ص ٣٣٤،
١٤١- قدري قاعجي (المصدر السابق)ص ١١٦.

## سەرچاوەکانی جەڵدەی سێیەم پاشکۆی دوو

١- pick aud knighc pocket hestovy of freeimasonry lonodon 1963-p16-17



٢- hanklua cmasovry ln the ency clopein fo socicd scienea1967
٣- knoopand tonesl lntvedution tofveemasonry mancnestcv 1937p- 36
٤- hawkins cop cit
٥- hawkins con cise cyclopedia of fveemusonry london 1922-p-10,11,225
٦- محمد عبداللة عنان تاريخ الجمعيات اسرية القاهرة ١٩٥٤-ص ٩٦.
٧- شاهين مكاريوس(الاداي الماسونية)القاهرة ١٨٩٥- ص٥٤-٥٥.
٨- شاهين مكاريوس (الحائق الاصلية القاهرة ١٨٩٧-ص ١٧
٩- لويس شيخو (اسر المصبوت في الشيعة العزمسون)بغداد ١٩٦٦ص ١٧٠-١٧١.
١٠- Gosnell cmanonvy intnencu clopedia lnternationl 1964.
١١- Ronceu cek c social contvol new york 1947-p 300
١٢- Pick and knignt cop. Cit- p 290-222
١٣- Poucek cop. Cit 8-302
١٤- علي الوردي (منطق ابن خلدون في ضوء حضارته و شخصيته)القاهرة ١٩٦٢-ص ٢٠٤-٢٠٦.
١٥- لويس شيخو (المصدر السابق)ص ٦٧-٦٨.
١٦- شاهين مكاريوس (الاداب الماسونية)ص ٣٩.
١٧- pick aad knightcop. Cit- p 235
١٨- Herkinscop. Cit p. 159
١٩- pick and knight cop. Cit- p. 326

٢٠- roucekcop. Citp- 301

٢١- شاهين مكاريوس (المصدر السابق)ص ٦١.

٢٢- pick and knighq cop. Citp. 130

٢٣- شاهين مكاريوس (فضائل الماسونية)القاهرة ١٨٩٩-ص ٢٠٣-٢٠٥.

٢٤- pick and knighq cop. Citp. 130 – 135

٢٥- عبدالمجيد يونس (ادرجة التاضة عش درجة انوسان الحكماء)القاهرة ١٩٢٦-ص ٢١-٤٨.

٢٦- شاهين مكاريوس (الاداي الماسونية ص٨٠-٤٨.)

٢٧- شاهين مكاريوس (فضائل الماسونية)ص ١١٧-١١٨.

٢٨- شاهين مكاريوس (الدستور الماسوني العام)القاهرة ١٩٠٧-ص ١٠.

٢٩- شاهين مكاريوس (فضائل الماسونية)ص ١٨٧-١٨٨.

٣٠- شاهين مكاريوس (الاداب الماسونية)ص ٥٨-٥٩.

٣١- شاهين مكاريوس (فضائل الماسونية)ص ١٩٢٥، ٥٣،٢٠، ٦٥.

٣٢- المصدر السابق ص -١٣-١٤-٦٨.

٣٣- pick and knighq cop. Citp. 202-203

٣٤- محمد سعيد المراقي (ماهي الماسونية وما هو الماسوني) القاهرة ١٩١٠ص ٢٧- ٢٨

٣٨-جريدة البلد الغدادية فى عددها الصادر في ١٩نيسان ١٩٦٧

٣٩-شاهين مكاريوس (المصدر السابق) -ص ٦٨-٦٩-٧٧

٤٠-شاهين مكاريوس (فظائل الماسونية) -ص ٣٤-٣٦

٤١-لويس شيخو (المصدر السابق) -ص ٣١٠

٤٢-جرجي زيدان (تراجمة مشاهير الشرق في القرن التاسع عشر) -بيروت ج ١ ص٧٤



٤٣-شاهين مكاريوس (الاداب الماسونية) ص١٩٨

٤٤-شاهين مكاريوس (الحقائق الاصلية) -ص ، ي، ر.

٤٥-محمد سعيد المراغي (المصدر السابق) -ص ٣٨- ٣٩

٤٦-لويس شيخو (المصدر السابق) -ص ٣٠٥- ٣٠٦

٤٧-المعفل الاكبر الوطني المصري (تقرير الاعمال العام ١٩٢٧) القاهيرة ١٩٢٧

٤٨-ابوصادق (الماسونية بلاقناع) -بغداد ١٩٦٧- ص١٤٩

٤٩-شاهين مكاريوس (فظائل الماسونية) -ص ١٢٨- ١٢٩

٥٠-جرجي زيدان (تأريخ الماسونية العام) -القاهيرة ١٨٨٩-ص ١٩٦

٥١-شاهين مكاريوس (الاداب الماسونية) -ص ٢٠٧- ٢٠٩

٥٢-شاهين مكاريوس (فاظل الماسونية) -ص ٦٢- ٦٣

٥٣-لويس شيخو (المصدر السابق) -ص ١٢٠

٥٤-جرجي زيدان (المصدر السابق) -ص ١٩٦- ١٩٨

٥٥-شاهين مكاريوس (المصدر السابق) -ص ١٢٠

٥٦-جريدة البلد البغدادية في عددها الصادر في ١٩نيسان ١٩٦٧

٥٧-لويس شيخو (المصدر السابق) -ص ٣١٦- ٣١٧

٥٨-جريدة البلد البغدادية في عددها الصادر في ١٩نيسان ١٩٦٧

٥٩-عبدالحليم الياس الخوري (الماسونية ذلك العام المجهول) - بيروت ١٩٥٤-ص ٥٨- ٥٩.

٦٠-مصطفي عبدالقادر النجار (التأريخ السياسي لامارة عربستان الوبية) القاهيرة ١٩٧١ -ص ١٠٨

٦١- (pick Anel knighl cop cit) p-219

٦٢-جريدة البلد (البغدادية في عددها الصادر في كانون الاول ١٩٦٥)

-٦٣ابوصادق (المصدر السابق) -ص ١٩٢- ٢٢٢
-٦٤وزارة الدفاع (محاكمات المحكمة العسكرية العيا الخاصة) -بغداد ١٩٥٩-ج ٣ ص١١٩١- ١١٩٤
-٦٥مجلة الشرقية (اسرار الحركة الماسونية) عمان ١٩٦٤-ص ٣٣، ٤٠- ٤٥
-٦٦ابوصادق (المصدر السابق) -ص ١٧٤
-٦٧جريدة الثورة البغداد في عددها الصادر في كانون الثاني ١٩٧٢
-٦٨ شاهين مكاريوس (المصدر السابق)ص ٦٠.
-٦٩ شاهين مكاريوس (الاداب الماسونية)ص ٧٥-٧٦-٨٥.
-٧٠ فورستية(هدة هي الماسونية)ترجمة بهيبع شعبان بيروت ١٩٥٥.

## پيرست


| بەش | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| سوڵتان عەبدول حەمید. | ١٩ |
| ڕووداوەکانی عیراق لەسەردەمی حەمید. | ٥٣ |
| میرزا محەمەد حەسەن شیرازی وسیستمی ئیجتیهادی شیعە. | ١٠٧ |
| مەشروتەی ئێترا وکاریگەری لەسەر عیراق. | ١٤٣ |
| مەشروتەی تورکیا وڕووداوەکانی سەردەمی دەستوور. | ١٧٥ |
| ڕووداوەکانی عیراق لەسەردەمی دەستوور. | ٢١٧ |
| بزووتنەوەی هۆشی عەرەبی وکاریگەری لەعیراق. | ٢٦٥ |
| سەرەتاکانی شارستانیەتی نوێ لەعیراق. | ٣٠٣ |
| -پاشکۆی یەك جەمالەدین ئەفغانی | ٣٤٥ |
| -پاشکۆی دوو ماسۆنیزم چییە؟ | ٤٢٥ |